

مەسەلەی توتنەکە

# گێمێکی تری هەمان دەوران

ستران عەبدوڵڵا

2

ستران عەبدوڵڵا

گێمێکی تری هەمان دەوران

قەبوڵمە کە سیاسیی دەبێ واقیعبینی، واقیعگۆڕبێ. بەڵام تەسلیم نەبوون بە فاکتەکانی واقیع جیاوازە لە گوێپێنەدانیان. لەبەرئەوە لەهەموو بارێکدا گوێگرتن لەو حەقیقەتە تاڵانەی دۆست و هاوکارانی سیاسیی دەیخەنە روو بەکەڵک وپەسەندترە لەو ئاوەژووە شیرینانەی گرووپی ئەشهەدو مابیلا دەرخواردی سیاسیی دەدەن.

شایانی باسە، لەدیرۆکی ئەزموونی سیاسیی دونیادا گەلێك سیاسیی سەرکەوتوو نەبوون چونکە ئاسوودەیی شاردنەوەی حەقیقەتەکانیان پێ خۆشتر بوو، چونکە تەنها گوێیان لەو (راستیانە) گرت کە خۆیان ئارەزوویان لێ بوو.

مەسەلەی توتنەکە

2

# گـێـمـێکـی تــــری
# هـەمـان دەوران

ستران عەبدوڵڵا

2011

- ناوی کتێب: **مەسەلەی توتنەکە**
- ناوی نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
- چاپی یەکەم: **کوردستان**
- دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**
- تیراژ: **(500) دانە**
- چاپخانە: **چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی**

ئەگەرچی کەسبی عیلمیشم هەموو کرد
لە لوتفت چاوەڕێی فەتحولقەریبم

★★★

ئەوی دەیڵێم ئەگەر ئیغراقە (هیجری)
هیلاکی دۆستی مەینەت قرمزی بم

**مستەفا بەگی کوردیی ساحێبقران**

# پێشەکی

بەشی دووەمــی کتێبـــی (مەســەلەی توتنەکــە) ئەمەیــە کــە لەبەردەســتی ئێوەدایە، ئــەم نووســین و وتارانــەش روومــاڵی مــاوەی نێــوان (1993-2010) دەکەن، بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو ئەوانەی ئەو ماوەیەن، بــەڵکو ئەمانــە ئــەو نووسینانەن توانیومە کۆیان بکەمــەوە لەچوارچــێوەی چــەند بەشــێکی ماقوڵــدا رێکیان بخەم، زۆر وتار هەبوون بۆم نەدۆزرانەوە، زۆر وتــار هــەن کەدۆزیمنــەوە تازە ئیتر فریای ئــەم بەشــە نەکــەوتن، هەندێکیــشیان لەبــەردۆخی نــاوخۆ بــۆ چاپکردنەوە نەشیاون، دەزانم رۆژێک دێ ئەوانــەش چــاپ دەبــن و بــۆ مێــژوو دەکەونە بەر نەشتەری رەخنەی مێژووەوەو بەحوکمی کۆتایی مێژووش رازیم.

لەم کتێبەشدا دیسان کێشەم هاتنەپێش، تائێستاش ئەرشیفێکی رێکوپێکی نووســراوەکانی خــۆمم نییــە، رەنگــە ئەمــە ســەیر بێــت بــۆ عــومری کــورت و هاوچەرخی نووسینی من، بۆ ئەو دەرفەتەش کە لەبەردەستدا هەیــە کەهــەموو ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانە ئەرشیفکراون و پــارێزراون، بەتایبــەتیش کوردســتانی نوێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەندێکیانم هەرچنگ نەکەوت.

هێندەم نووسیوە، جا با کرچ و کــالیش بــن کــوڕ و کــچی خــۆم ناناســمەوە، یادەوەریم تائەم دوو ساڵەش تیژبوو، لێ ئێستا خەریکە لەگــەڵ ســکرتاریەت و نووسینەگەکەم لەسەر ساڵ و مانگی فلان وتــار یــان فیــسار نووســراو، بەشــەڕ دێم.

ئەم کزی یادەوەرییەو کوژانەوەی وردبینیم دەبێ هاندەری زیــاتر چــاپکردن بن تا بــەجارێ لەدەســت دەرنەچــووم، لەبــەر هەنــدێ بــەم کتێبــەم پێموایــە بەشێکی تری نووسینەکانم لەسوتان و لەفەوتان، دەرباز کرد.

هەویری ئەم (مەسەلەی توتنەکە) ئاو زۆر دەکێشێ، لێ هەتا لەژیانـدا مـاوم بەنارێکوپێکیش بێت ئەم پاشماوانە چـاپ دەکـەم بـۆ ئـەوەی کەسـی غـەریب بەدەست ئەرشیفەکەمەوە گیرنەخوات و منداڵەکانیشم لەبەر هۆکـاری مـۆراڵی ئەوەی کەئەز باوکیانم، ئەرکیان قورس نەبێت.

لەبەرئەوە دەبێ لەهەموو قسوورێکم ببورن.

**ستران عەبدوڵڵا**

**سلێمانی** -2011-2-14

# بەشی پێنجەم

## گۆشەی "مەسەلەی توتنەکە"
## ئەڵقەکانی خولی یەکەم:

**(نێوان ئابی** 2004 **بۆ کانوونی دووەمی** 2005)

# له كوێ ساغی بكەینەوە

دواجار بڕیارمدا ئەم زنجیرە ستوونە ناوبنێم (مەسەلەی توتنەكە). بۆ ئەمەش دەبێ چیرۆكی توتنەكە بگێڕمەوە.

له كەركوك له سەردەمی پێش راپەڕیندا گوێم لێ بوو ئەگەر كۆمەڵێك كەس بەنهێنی لەسەر سیاسەتو كوردایەتی قسەیان بكردبایەو یەكێكی تر بهاتبایە نێویان دەیگوت: دیسان مەسەلەی توتنەكەیە. ئیتر ئەمە وەك دەستەواژەیەكی لێ هاتبوو بۆ دەمكوتان له سیاسەتو باسوخواسەكانی.. شتێك بوو له بابەت ئەوەی عەزیز نەسین له چیرۆكێكی گاڵتەجارییدا ناوی لێ نابوو (ئاووهەوا چۆنە؟) ئەوە دەبووە مانشێتی قسەكردن لەسەر رەوشی وڵاتو سەرئێشەكانی سیاسەت، بەڵام (مەسەلەی توتنەكە) له دیرۆكی سیاسی شاری سلێمانیدا روونتر گوزارشت له سیاسەتی كوردیو بزوتنەوەی كوردایەتی دەكاو باشتر رەگی سیاسی ئەو دەستەواژەیەمان بۆ روونده‌كاتەوە.

یەكێ لەو هەرەشانەی هەمیشە دەكرانە لەمپەر لەبەردەم ویستی ئازادیخوازنەی كورد بۆ پێكهێنانی قەوارەیەكی نەتەوەیی، ئەوەبوو ئایا ئەم قەوارەیە لەباری ئابووریو جیۆپۆلتیكەوە دەتوانێ بڕبكا؟ ئایا كوێ دەبێتە بەندەری ئاڵوگۆڕی بازرگانیو پەیوەندی كوردستانی گەمارۆدراو بەدەرەوە؟ ئەم هەڕەشەیە له بەراییەكانی هەوڵی لكاندنی كوردستان بە عیراقەوە نیشانی كورد دەدرا، تاوەكو زات نەكاو لەو چوارچێوە سیاسییە بەرتەنگەی بۆی دانراوە، واوەتر بڕوات.

وەختێك له 1930/8/10، واتا حەفتاو چوار ساڵ بەر له ئێستا، وەفدێكی باڵای وەزارەتی عیراق هاتنە سلێمانی هەمان مەسەلەیان هێنایە گۆڕێ كە ئەگەر كورد حكومەتی خۆی هەبێ ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی توتنەكە، چۆن چارەسەر دەكەن؟ واتا كورد لە كوێ بەرهەمی توتنی خۆی ساغ دەكاتەوە ئەگەر له بەغداو له ڕێی عیراقەوە نەبێ؟ سەیری ئەم گفتوگۆیەی نێوان سەرۆوەزیری ئەوكاتی عیراقو رەمزی ئەفەندی، یەك له تێكۆشەرانی كورد لەوسەردەمەدا، بكەن:

رەمزی ئەفەندی: یەك دەفعە عەرزمان كردن كوردو عەرەب قابیل نییە پێكەوە بژین، ئێمە ئارییینو ئەوان سامیین.

رەئیس وزەرا: ئەی توتنەكەتان بۆ كوێ ئەبەن؟

رەمزی ئەفەندی: ئەیبەین بۆ ئەوروپا، غەیری ئەمەش مەجبورن توتنی ئێمە بکڕن چونکە لەمە هەرزانترتان دەست ناکەوێ‌و لە ئێمەش زیاتر لە بازرگانیدا لەم توتنە ئیستیفادە ئەکەن.

رەئیس وزەرا: نا، نایبەن بۆ ئەوروپا هەمووی لە عیراق سەرف ئەکرێ، کوردەکان ئەلحمەدولیللا بازرگانی زۆر وریایان تیایەو زۆر چاک تەقدیری ئەکەن کە کوردستان بێ عیراق ناژی. (نەوشیروان مستەفا ئەمین / کوردستانی عیراق.. سەردەمی قەڵەم‌و موراجەعات).

وەبیرم دێتەوە کە باسی توتنەکە جارێکی دیکەش هاتەوە سەرڕێم. سەرەتای ساڵی 2001 کە تازە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستم بەخزمەتکردبوو، بەدواداچوونی هەواڵی کۆبوونەوەیەکی فراوانی حکومەتم دەکرد وەختێک لەهاوەڵەکەی تەنیشتم پرسی بەرێ کۆبوونەوەکە لەسەرچییە واوەزیری دارایی‌و پیشەسازی‌و چەندین دامودەزگای لێیە؟ گوتی: لەسەر ئەوەیە ئایا جوتیاران توتنەکە بە ئێران، یان بە عیراق، بفرۆشن؟

گوتم: بۆ چی تا ئێستا مەسەلەی توتنەکە هەرماوە؟

دەبینرێ بەرهەمی توتن وەک خێروبێری دیکەی کورد، لەوانەش نەوت، لە جێی دەسکەلای خێر دەبێتە مۆتەکەو دەخرێتە گەردەنی ویستەکانی ئەم گەلەی کە ئێستاش هەروا لە هەوڵی ئەوەدایە فۆرمەلەیەکی بە حورمەت‌و گەردەن کەشانە بۆ پێوەندی کودستان لەگەڵ عیراق دابڕێژێت.

بەم شێوەیە ئەزیش هەوڵدەدەم هەر جارەی بابەتی رۆژێک لەسەر توتنەکەی کورد: رەوشی سیاسی کوردستان‌و پەیوەندی بەدەسەڵات‌و بزوتنەوەی سیاسی عیراقەوە، بنووسم‌و ئەزیش قسەیەک لەسەر رێوشوێنی ساغکردنەوەی توتنەکە بکەم.

ژ: 3447 – 2004/8/16

# پاداشتی خراپەکاری

قسەی سیاسییەکی ئەمریکام لەیادە کاتێک نوخبەی سیاسی و ڕووناکبیری عەرەب ویستیان 11ی سێپتەمبەر وانیشان بدەن کە تووڕەیی عەرەبە لەئاستی چارەسەرنەکردنی مەسەلەی فەلەستین و ئەو زوڵموزۆرەی گوایە ڕۆژئاوا لەعەرەبی دەکات.

ئامـاژەی ئەم لێکـدانەوەیە ڕاست و ڕەوان وایدەگەیانـد کە دەبـێ ئەمریکـا نەک هەر (هەڵە)ی سێپتەمبەر قبـوڵ بکـات، بەڵکـو بەخۆشـیدا بچێـتەوە و گـوایە زوڵمـوزۆری سـەر عەرەبەکانیش هەڵبگرێ. لێرە قافی قسەی سیاسییەکەی ئەمریکا جوان هات وەختێک گوتی (نەخێر، نابێ تاوان و هەڵە پاداشت بکرێ).

وانەبوایە عاقیبەت فەرمانبەرانی دوو تاوەرەکەی نیویۆرک و هەموو قوربانییەکی دەست تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەنجام خەتابار دەردەچوون!

ئەمریکا بۆ ئەوەی پاداشتی (هەڵە) و (تاوان) نەداتەوە خۆی بۆ جەنگێکی درێژخایەن لەدژی تۆڕەکانی تیرۆر و ئیستبداد تەیارکرد.

لە ئەفغانستان تاڵبیانی خست و قاعیدەی کەرت و پەرتی تۆرابۆرا کرد، لە عێراقیش سەرۆکایەتی (هاوپەیمانێتی ئارەزوومەندانی)ی کرد بۆ لەناوبردنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن. ڕژێمێک کە تاسەر ئێسقان تاوان و هەڵەی دەکرد و هەموو جارێکیش هەلومەرجەکە وادەکەوتەوە کە وەک بڵێی ئەو لەسەر هەڵەکانی پاداشت دەکرێ. هەڵبەتە دیارترین پاداشت لای سەدام مانەوەی بوو لەدەسەڵات تا هەتا بتوانێ تاوان و هەڵەبکات. سەدام بەدەردی هەڵە و تاوانەکانی خۆی چوو. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆیە ئەم هەموو قوربانییەیان دا کە چیتر لەعێراقیشدا سیاسەتی ستەم و زۆرداری بەعس ستایش نەکرێ و دیکتاتۆریش بۆ هەمیشە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچێ.

بەداخەوە لە گەلێک جومگەی پەرەسەندنی ڕەوشی عیراقدا ئەمە نەهاتەدی، بەڵکو لە زۆر دیاردە و دەرکەوتی سیاسی وڵاتی دوای فەرمانڕەوایی بەعسدا دەڵێی ئەوە هەڵە و تاوانی تاوانکارانی فرە ڕەنگ و بۆنە کە پاداشت دەکرێن و دەست لە پشتیشیان دەدرێ. جا هۆکاری ئەمە هەرشتێک بێت لە سیاسەتدا عیبرەت لە ئاکام و دەرئەنجامەکاندایە.

ڕەنگە پتر لەپاکانەیەکی سیاسی و سەربازی هەبێ بۆ ئیحیتوانەکردنی ئەو تیرۆریستانەی فەللوجەیان کردووە بە بنکەی سیاسی بۆ تیرۆرکارییەک کە ئەجیندای پاراستنی ستەم و دیکتاتۆری هەیە، بەڵام ئاکامی پاشەکشێ لەوێ تەنها وانەیەکمان پێ دەڵێ ئەویش ئەوەیە

دەشێ تیرۆر ئامرازێک بێت بۆ دەستخستنی دەسکەوتی سیاسی تەنانەت لە زلهێزی جیهان و هاوپەیمانەکانی لە بەغداش. وا میلیشیاتی مەهدی دونیای باشووری کردووە بە دۆزەخ، کەچی ئێستاش هێزە سەرەکییەکانی عێراق سەرکۆنەی ئەمریکا دەکەن کە دەخوازێ ئیحتیوای ئەو مەترسییە بکات. حکومەتی عێراقیش پەیتا پەیتا دەستپێشخەری سیاسی بەرامبەر موقتەدا سەدر دەنوێنێ و داوای لێدەکات لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداربێت. لە کەرکوک سیاسەتی چەوتی تەعریب و پاکتاوی ڕەگەزی بێ چارەسەر ماوەتەوە و عەرەبە هاوردەکان بەدنەی ئەم و ئەو بەسەد هەیئەی چارەسەری ململانێی موڵکداریێتی ناچنەوە زێدی خۆیان. بەواتایەکی تر لەپرسی کەرکوکیشدا پاداشتی هەڵە و تاوانی تەعریب و پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێت، پاداشتی ئەوانە دەکرێت کە بەفیتی ڕژێمی شۆفێنی بوونە داردەستی داگیرکردنی ماڵوموڵکی خەڵکی ڕەسەنی شاری کەرکوک. نموونەی تەعریب لەکەرکوک و نموونەی دەست لەپشتدان و پاڕانەوە لە سوپای مەهدی تا دوای ئەم هەمو ئاژاوەیە کەرەم کاو ببێتە بەشێک لەپرۆسەی سیاسی (لەباشووری عیراق)و نموونەی دۆشدامان لەئاستی تاوانبارانی فەللوجە (لەناوەڕاستی عیراق) سێ نموونەی زەقی سێ هەرێمەکەی عیراقن کە پرەنسیپی پاداشتکردنی هەڵە و تاوانباری تێیدا پیادەکرا، نەک سزادان. بەو حاڵەشەوە پێمان سەیردەبێ ئەگەر سبەینێ عیراقییە قوربانییەکانیش دەستیان دایە هەڵە و چەوتی لەکاتێکدا وا دەبینین جوڵانەوەی سیاسی عیراق زمانحاڵەکەی شتێکی لەبابەت ئەو پەندە میللییەی عیراقییەکانە کە دەڵێ: ˚عوافی اللی یجیب نقش˚.

ژ: 3449 - 2004/8/18

# با بەغدا هاوردەکان بباتەوە

هەندێجار وا پێویست دەکات مێزی یاریکردنی سیاسیی قڵپ بکرێتەوە.

بەتایبەتی کە دەبینی ئەوی بەرامبەرت پابەندی مەرجەکانی گەمەکە نابێ دەیەوێ کاتی یاریکردنەکە بەسەر بەرێ و هیچ ئیلتیزامێکی دۆڕان و بردنەوە لەسەر خۆی جێبەجێنەکات، سیاسیی لەسەر پرسی تەعریب و ڕاگوێزان پێویستی بەوەیە ئەگەر مێزەکەش قڵپ نەکەینەوە، چونکە پەرۆشی ئەوەین وازییەکە بەردەوام بێ و مەسەلەکەش چارەسەر ببێ، ئەوا هیچ نەبێ مەرجەکانی یارییەکە بگۆڕین و ئەوی بەرامبەر بهێنێتە سەر ئەو ئیلتزامەی هەموو ململانێیەکی شایستە دەیخوازێ.

ئەز تێناگەم بۆچی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە (مرۆڤ دۆستانەی) میدیای تەنگبینی عەرەبی کە لە پرسی دەرکردنی کورد و ڕاگوێزانی لەسەر خاکی باووباپیرانی بێدەنگ بوون، هەنووکە دەیانەوێ ئۆباڵی چارەسەرکردنی ڕەوشی عەرەبی هاوردە و تەعریب بخەنە سەر گەلی کورد؟ هەندێک لە نێوەندە سیاسیی و ئیعلامییەکانی ناو عیراق و دەرەوەی عیراق هەقایەتەکە وا دەهۆننەوە کەیەکێک غەریب و نەناس بێت وادەزانێ پێشتریش هەروا مرۆڤ دۆست و پەرۆشی چارەنووسی دەرکراو و ئاوارە کوردەکان بوون. سیناریۆی نوێیان وایە: قەیناکە کورد ڕاگوێزراو و تووشی پاکتاوی ڕەگەزی هاتووە، بەڵام ئەوەی چوو چوو، چارەسەرەکەی ئەوە نییە کوردیش پرۆسەیەکی پێچەوانە بکا و گوایە عەرەبی ڕاهاتوو لەسەر کەرکوک (دەربکاتەوە).

دیقەت بدەن چ زمانێکی نوێیان بۆ وەکوخۆی هێشتنەوەی پرسی تەعریب، پییە: کورد دەرکراوە، بەڵام ناپەسەندە عەرەبیس دەربکرێت!

باشە! ئەی ئەو ناحەزانەی کورد بۆچی هیچ ئەرکێک ناخەنە سەر حکومەتی کاتی عیراق؟ مەگەر بڕیارنییە بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق و بەپێی ئەجیندایەک پرسی ڕاگوێزراو و تەعریبچییەکان چارەسەر ببێ و ڕەوشی کەرکوک و دەوروبەری ئاسایی بکرێتەوە؟ خودی ئەو حکومەتە بە گوێرەی بڕگەکانی ئەویاسایە پێکهاتووە دەیسا بۆچی خۆی لە بڕگەکانی دیکە غافڵ کردووە و ئاوێک بەم ئاگرەی کەرکوکدا ناکات؟

پێموایە دەبێ ئێمە دانیشتنی سەر مێزی گەمە کە بگۆڕین و ئەوە قبوڵ نەکەین کە هەموو ئەرکەکە بخەنە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەگەر ئەرکی ئەخلاقی دەسەڵاتی

کوردی ئەوەبێ لەجێی خاوەخاوی حکومەتی عیراق هاوکاری گەڕانەوەی ئاوارەکان بکەین، ئەوا هیچ پێویست ناکات خۆمان سەغڵەت بکەین و (گوناهی) گوایە (دەربەدەری) عەرەبی هاوردەش لە ئەستۆ بگرین.

ڕاستە گەردەنی (کوردی) لە کێوی بێستوون مەحکەمترە، بەڵام پێویستە بەغداش تەکانیک بداتە بەرخۆی و بەربرسیاریتی چارەنووسازی خۆی لەم قۆناغە جێبەجێبکات. دروستە حکومەتی بەغدا نوێنەرایەتی بەرفراوانترین بەرەی ئیتلافی هێز و گروپە عیراقییەکان دەکات بەرەو حکومەتێکی دیموکراسی دوور لە سەرکوت و چەوساندنەوە و پاکتاوی ڕەگەزی، بەڵام لەباری یاسایی و ئیلتزامی سیاسییەوە، ئەو میراتگری هەموو میراتی پێشووی دەوڵەتی عیراقە، بە چاک و خراپییەوە.

ژ: 3453 – 2004/8/23

# ئینگلیز و جاف

گەلێک جار لەباسی ڕەوشی کوردستان و دیرۆکی ئەو زوڵمەی لەکورد کراوە، واتا لەباسی مەسەلەی توتنەکەدا، ئێمەی کورد گەلێک سەرکۆنەی خۆمان دەکەین. سەرزەنشتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سیاسیی خۆمان لەڕەخنە لەخود (نقد الذات) دەگەیەنینە فەلاقەکردنی خود. لەنێوان ڕەخنەی جددی و لەنێوان سەرکۆنەکردن و خود فەلاقەییدا، تاڵە دەزوویەک و ئینجا ترووسکاییەک لەهیوا هەیە. بینینی ئەو تاڵە دەزووە چاوێکی تیژی گەرەکە کە سەرەنجام ترووسکاییەکەش دەبینینەوە.

ئەز لێرەدا بەچاوی کزەوە، نموونەیەکی ئەو تروسکاییە دەهێنمەوە کە ڕەنگە لەنێو ڕووداوە زۆر و زەوەندەکانی مێژووی نوێی کورددا بزربووبێت، بەڵام یەک لەو بەڵگە جوانانەیە کە کوردیش بیری تیژبووە و ویستوویەتی هێندەی پێی دەکرێت شت بکات و شتان بەدەستبهێنێت. تەنانەت لەناو ئیدارەی دەوڵەتی عێراقیی پادشاییشدا بێت کە دەگوترێت لەو سەردەمەدا هەندێک پەراوێز بۆ فەرمانبەری کورد هەبووە پێشنیاز بکات و هەڵوێست بنوێنێت، نموونەکە لەسەر حامد بەگی جافە کە لەو سەردەمەدا قائیمقامی چەمچەماڵ بووە.

حکومەتی بەغدا پرۆژەی ئاودێریی حەویجەی تەواو کردبوو، ئەو پرۆژەیەی یاسین هاشمی-ی سەرۆک وەزیرانی عیراق لەساڵی (1935) دا بیری لێکردبۆوە، تا وردە وردە عەرەبی بۆ بهێنێت بەناوی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی وڵاتەوە. حکومەت ڕایگەیاند کە دەخوازێت بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە هۆزە کۆچەرییەکان نیشتەجێبکات. حکومەت بە ڕەسمی وای گوت، بەڵام وەک بڕیارەکانی سەردەمی تەعریبی بەعس کە لەسەر کاغەز هەموو کەسێکی دەگرتەوە و لە جێبەجێکردنیشیدا تەنها مەبەست لێی عەرەبی هاوردە بوو، لەبنەوە بڕیاریندابوو هۆزی کۆچەریی عەرەب بهێنن.

دەوڵەتداری کورد و بەتایبەتیش حامد بەگی جاف داوایانکرد بەشێک لەهۆزی جاف، کە لەزستاندا لەکفری و کەلار دەبوون، لەبەشێکی دەشتی حەویجە نیشتەجێبکرێن. دەیسا ئەوانەش هۆزن و ئەوانەش عیراقی بوون، چ‌ش لەوەی کەرکوک و حەویجەکەی لەو سەردەمەدا زۆر بەزەقی خۆیان وەک بەشێک لەکوردستان دەنواند، بەڵام لەبەرئەوەی نیازەکە تەعریب بوو و ئەم تەعریبەش وەک دوا ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس وۆچ لەمساڵدا زۆر بەجوانی دەسنیشانی کردووە، لە سییەکانەوە دەستپێکردووە، بۆیە حکومەتی عیراق نەک

بەگـوێی قایمقـامەکەی خـۆی نەکـرد، بەڵکـو (گواسـتییەوە بـۆ قەزایەکـی دیـکەی دوور لەکەرکـوک، بـۆیە ناچـاربوو کە ئیـستیقالە لە وەزیـفەکەی بکـات و بگەڕێـتەوە بـۆ زێـدی لەدایکبوونی خۆی لە هەڵەبجە.. ˚گێڕانەوەی د. نوری تاڵەبانی لە کتێبی، کەرکوک رحلة في ذاكرة التأريخ˚)

بەنــدە نــازانم حامیــد بەگ دوای گەڕانەوەی بــۆ هەڵەبــجەی چیــی لێهــات؟ ئایــا بەوەزیفەیەکی دیکە قایل بوو..؟ ئایا هەر ژیا، ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە بۆ نەوەکانی پاش خۆی..؟ ئایا چەند لەنەوەکانی لەکارەساتی هەڵەبجەدا تێداچوون..؟

بەڵام لێم ڕوونە لەو سەردەمەی ئینگلیز پشتی عێراقی پادشایی گرت، تا ئەم سەردەمەی ئینگلیز پشتی کورد و عێراقی نـوێیش دەگرێـت، کوردی ژێـر و زیـرەک هـەبوون کە وەک عیراقی و ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە دەیـانزانی کەرکـوک چەنـد گـرنگە و نیـشتەجێبوونیش مانـایی چییە..؟ ئینگلیـز و عەرەبی عیـراق لەجـافی کـورد زیرەکتـر نەبـوون، بەڵام بەداخەوە لەوان قودرەتمەندتر بوون. باقیی چیرۆکەکە خۆتان دەیزانن.

ژ: 3455 - 2004/8/25

# تووتن مەسەلەسی..!

لە جادەی سەرەکیی ڕێی بەغدا لە شاری کەرکوک ڕیزە دوکانێکی بەقاڵیی، نانەواخانە و سۆپەر مارکێتی لێیە کە لە چاو دوکان و شوێنە گشتییەکانی تر تا درەنگی شەویش کراوە و قەرەباڵغترن. ئەم هەفتەیە ئەو ڕیزە دوکانە شانۆی گۆڕانکارییەکی بچووک، بەڵام مەغزاداربوون، لەنێو هەرچەند دووکانێکدا کە پێدەچێت خاوەنەکانیان کورد، یان مەسیحی و عەرەب بن، تاکو تەرا دوکان هەن تابلۆی شینیان هەڵواسیوە و لە سەری بە تورکمانی، یان ڕاستر بڵێم بە تورکیی لاتینی خۆیان تاریف داوە: مهەمەد بەبەسی بەکالی لەجێی بقالیە أبو محمد، ناوی یەکێکیانم لە بیرە. بەیەکرەنگیی تابلۆکان و بە لاتینی نووسرانی ناونیشانەکە دیارە کە ئەمە پرۆسەیەکی ڕێکخراوی سیاسییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەز ئەو دیاردەیەم پێخۆشبوو کەوا دەبینم لە کەرکوکی ئازادکراودا سەرەڕایەکلایی نەبوونەوەی چارەنووسی ئەو شارە هەستیارە، هەر نەتەوە و گەیشتووەتە قۆناغێک لە هۆشیاری سیاسیی کە ئاماژەی شارستانیی بۆ خۆ نواندن و خۆناساندن ڕەچاوبکات.

ئەگەرچی ڕەوشە تەندروستەکە ئەوەیە کە دوکانداری کورد هەروەها دوکانداری تورکمان و ئاشووریش لە جیاتی ئەوەی بە زمانی عەرەبی و ئینجا زمانی نەتەوەییان خۆیان بناسیبا، هەر لە سەرەتای ئەم ڕەوتە تازەیەوە تابلۆی سەر دوکان و سەر دڵ و دەروونیشیان بە هەر سێ زمانی ڕەسەنی شارەکە بنەخشایە تا ئیدی بۆ لێکتێگەیشتن پێویستمان بە توخمی تەعریب نەبووایە. بەو حاڵەشەوە، ئەو تابلۆیانە بە تایتڵی گۆڕانێکی ئیجابی لە ڕەوتی کاری تورکمانەکان و بەو پێیەش سیاسەتی تورکمانی دەزانم. با بیرۆکەکە ڕوونبکەمەوە:

لە ڕەوتی بێداربوونەوەی نەتەوەکاندا ئەوە پێشکەوتنێکی گەلێک جەوهەرییە کە نەتەوەیەکی دیاریکراو باز بەسەر قۆناغی گاگۆڵکی بە گژدا چوونی نەتەوەکانی تردا بدات و بگاتە قۆناغی فۆرمەڵەکردن بە خودی خۆیەوە.

قۆناغێک کە دەکرێت ناوی بنێین: خۆ ناسینەوە لەنێو ئەوانی تر و تێگەیشتن لەوەی ئەوانیتر (دۆزەخ) نین و مەسەلەی کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی خود (نەتەوە) پەیوەندیی بە پەکخستنی مافەکانی ئەوانی ترەوە (نەتەوەکانی تر) نییە. وادەبینین دوای پتر لە ساڵ و نیوێک لە ئازادیی کەرکوک، تورکمانەکان خەریکن لەنێو هەلومەرجی واقیعی کەرکوکدا، نەک لەنێو دونیای خەیاڵدا، بەدوای ئاماژەی خۆناساندن و پیادەکردنی مافە شارستانییەکانی خۆیانەوەن.

له جياتيى ئەوەى بەدنەى ئەم هێزى سياسيى توندڕەو، يان بە قينى هاوپەيمانێتى لەگەڵ تەعريبكارانى بەعسدا، دياردەى سڕينەوەى تابلۆ و ناونيشانە كورديیەكان ببينين، هەر وەكو پێشتر بينيمان، ئيتر تابلۆى ڕەنگا و ڕەنگ و بە توركمانى نووسراو دەبينين كە خاوەنەكەى بڕياريداوە سەرەتاترين خاڵى مافى هاووڵاتيبوون، سەرەتاترين ويستى كولتوورى خۆى پيادەبكات كە مافى بەكارهێنانى زمانى زگماكييە لە مامەڵە و سەوداى ژياندا.

سياسەتى چەوتى بەرە توندڕەوەكان نزيكەى ساڵ و نيوێكى لە تەمەنى سياسيى برا توركمانەكان بە زائيعدا..

ئێستاش نەچووە بچێت ئەو زەمەنەى لە پێشمانە درێژتر و درەوشاوەترە بۆ هەموو لايەك. توركمانەكان بۆ سەرخستنى ويستە سياسييەكانيان،يان مەسەلەى تووتنەكەيان، پێويستييان بەو هەنگاوانە هەيە كە ڕێگاى ئازاريان لە بەردەمدا كورتدەكاتەوە. لە جياتى ئەوەى هەندێكيان، با كەميش بن، دژى تابلۆى كورديى و دژى بەكارهێنانى زمانى كورديى بن لە كەركوك گوايا زمانى قورئان نييە.. با بەهەموو لايەكمان خەريكى جياكردنەوەى زمان و كولتوور و تابلۆى نەخشينى توركمانى بن، لە دونياى فرە ڕەنگى و فرە كولتووريى كەركوكدا. نەتەوە نەتەوەى نەخواردووە و مافى هەمووشمان وا لە گۆڕگى نەهەنگى تەعريبدا..

ژ: 3459 – 2004/8/30

# ڕاپۆرتی کونسلخانە

پێوەرێکی چاکی دیکەش هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی پێشکەوتنی مەسەلەی کورد لەنێو تۆڕی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.. بەتایبەتی لەسەروەختێکدا کە مەسەلەی کورد بۆتەوە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی، یان هیچ نەبێ بەهۆی ڕەوشی عیراقەوە دونیا بە دەبابە و دیپلۆماتەوە وا لەسەر خاکی عیراق و کوردستانن، گەورەترین سەفارەتی ئەمریکا لەجیهاندا وا لەناوچەی سەوز جێگربووە و هەردوو هاوپەیمانی سەرەکی پرۆسەی ڕزگاری عێراقیش کونسلخانەی هاوبەشیان هەیە لە کەرکوک. ئەم پێوەرە دەشێ ناوی بنێین (ڕاپۆرتی کونسلخانە) و مەبەست لێی ئەندازەی کاریگەریی بیروڕای فەرمانبەرانی ناوچەیی دەوڵەتە گەورە و بڕیار بەدەستەکانە لەسەر ئەو سیاسەتەی بەرزترین هەرەمی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە گەورانە لەئاستی کورد و کێشەکانیدا پەیڕەوی لێ دەکەن؟

لاپەڕەکانی مێژووی کورد و گەلانی هاوشێوەی چارەنووسی کورد پڕن لەو دێڕ و دەستەواژانەی باس لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی کونسلخانەکان یان نوێنەرەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەکەن. باس لەوە دەکەن چۆن ئەوانە توانیویانە بیروڕای دەوڵەتەکانیان لەسەر ڕەوشی کوردستان بە ئاراستەیەکی چاک یان خراپدا ببەن، هەڵبەتە چاک و خراپێک کە لەڕوانگەی کوردەوە بێت. لێکدانەوەکان پێمان دەڵێن کە مێجەر نوئیل کوردی خۆشدەویست، بەڵام مێجەر سۆن پیاوێکی خراپ بوو. ڕێڕەوی باسەکانی سەرەتای لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە دەیگێڕنەوە کە چەرچڵی وەزیری موستەعمەرات بەلای قەوارەی کوردستانی جنوبیدا دایدەشکاند، بەڵام نامەکانی مەندوبی سامی بەریتانیا و مسز بێڵ و هەروەها دواجار سیاسەتەکانیشیان بیروڕای بەریتانییەکانیان لەسەر چارەنووسی کوردستان بە ئاراستەیەکی جیاوازدا برد.

باوەڕم بەوەیە کە سیاسەت، تەنانەت سیاسەتی زلهێزەکانی کۆن و نوێش، چەندە پەیوەستی ستراتیژێکی لەسەرەوە مەحکەم دارێژراوە هێندەش پەراوێزێکی چاکی بۆ ئیجتهاد و بگرە میزاجی لێپرسراو و نوێنەرە و فەرمانبەرە ناوچەییەکان جێهێشتووە، چونکە ئەوان گوایە لەسەر زەمینی ئەو واقیعەن کە سیاسەت و ستراتیژەکانی تێدا تاقیدەکرێتەوە، شارەزای بوون و دەزانن تەقدیرێکی ڕەوشەکە بکەن. دواجار ئەوانیش هەر دڵسۆزی ئەو ستراتیژەی وڵاتی خۆیانن ئەگەر چی لە وردەکاریشدا جیاوازی هەبێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە تۆ تا چەند دەتوانی بزووتنەوەی ڕزگارخوازی گەلی خۆت تا ئەو ئەندازەیە

پێشبخەیت کە هەم ڕاپۆرتی کونسل و نمایندەکان و هەم بڕیاری هەرەمی دەسەڵاتی زلهێزەکانیش نەتوانن پشتگوێی بخەن؟

بە واتایەکی تر لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان وا لێبکەین کە بۆچی کورد هێندە قودرەتمەند نەبوو کە ڕاپۆرتی چەوتی کونسولخانەیەک، دەیلێمەوە چەوت لەڕووی بەرژەوەندییەکانی کوردەوە، چارەنووسی نەتەوەیی بەلارێدا نەبات. هەڵبەت لێکدانەوەشمان بۆ ڕووداوەکانی ئەمڕۆ دەبێ وابێت کە ئەدائی سیاسیمان وا پێشبخەین کاریگەری لەسەر سەرنجی شەخسی دابنێت لە دەمێکدا کە هەروەکو هەڤاڵ مام جەلال دەسنیشانی کردووە (فاکتەری دەرەکی ڕۆڵێکی گەورە لە مەسەلەی کورددا دەگیرێت)، چونکە مەسەلەکەمان بۆتە نێودەوڵەتی و خۆشمان هەروامان ویستووە.

بەندە ئەو ئاماژە مێژووییەم بۆیە باسکرد، چونکە لە گەرمەی هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕەوشی بوونی هاوپەیمانان لە عیراق و لە کوردستان و لە کەرکوکیشدا، دیسانەوە گوێمان لەوتەزای (کاریگەری نوێنەرە ناوچەییەکانی هاوپەیمانان) بووە، گوترا مەیڤل خراپە، نەخێر باشە و ئینجا گوترا ئیماسکای نوێنەری بریمەر لە کەرکوک و پۆل هارفی بەرپرسی ئیداری (CPA) لەو شارە ئیشەکەیان لە کورد تێکدا.. دەسا دوور لەخراپی و چاکی ئەوان، ئایا مەسەلەی کورد بە بەریەوە ماوە بیخەینەوە ژێر نەشتەری ڕاپۆرتی فەرمانبەرە چاوشینەکان؟

ئەدی خۆمان و خوا و خەڵکی خۆشمان نابێ ڕۆڵمان هەبێ؟

ژ:3461 - 2004/9/1

# کامیان بۆ تورکمان؟

تاڵەدەزوویەکی باریک هەیە لەنێوان فەنتازیای نەتەوەیی و خواستی نەتەوەیی. بزوتنەوە نەتەوەییەکان بەئەزمـوونی نێـو جەرگەی واقیـع لەگەڵ کەڵەکەبـوونی ئەو پەنـد و ئامۆژگارییانەی خوێندنگای ژیان و زەمەن دابینی دەکەن، دەتوانن ئەو تاڵە دەزووە ببینن و گونجانێـک لەنێـوان خواسـتە نەتەوەییەکـان و واقیعـی سـەرزەمینی پێکـدادانی ویـست و بەرژەوەندییەکان دروست بکەن.

ئەگەر هەرکەسـە و بەدوای فەنتازیـای نەتەوەییـی کەوت، بـێ ڕەچـاوکردنی واقیعـی بەرجەستە، ئەوا سەرەنجام تووشی تراویلکەی توندڕەوی نەتەوەیی دەبێت، کە خێری بۆ نەتەوە گەورە و پێشکەوتووەکانی دونیا نەداوەتەوە چ جـای ئەوەی خێـری بـۆ ئەوانـی تـر هەبێت، لەم گۆشە نیگاوە دەمەوێت لەسەر رەوتی سیاسەتی توندڕەویی تورکمان بدوێم کە هەندێک هێزی سیاسیی تورکمان کاری لەسەر دەکەن.

بە داخەوە چونکە تورکمانەکان لە عیراقدا، بەهۆی ڕەوشی سیاسیی ناجۆری وڵات و دابین نەبـوونی کەشی گەمەیەکی سیاسـیی تەندروسـتەوە، نەیـانتوانیوە بزوتنەوەیەکی سیاسی پایەدار دروستبکەن کە لەڕەوتی درێژەکێشانی خۆیدا ئەزمـوونی جیاجیایان بـۆ کەڵەکە بکـات، بـۆیە تێبینـی دەکرێـت دروشـم و ئامانجەکانیـان، سیاسـەت و ڕەفتاریـان لەنێو واقیعی سیاسی نوێی کوردستان و عیراقدا لەسەرەتادایە. بێگومـان ئەوە بەس نییە کە هەڵسووڕاوانی ساسیی چی بۆ خۆیان بەڕاست دەزانن و پێیان وایە بەشی بێ ئەمـلا و لای ئەوانە بیکەنە دروشم و گوتاری سیاسی زەق. جا دوور لە ڕاستی و ڕەوانـی، یـان پـێچەوانەی دروشـمە نەتەوەییەکـانی هێـزە تورکمـانییە توندڕەوەکان و لەدەرەوەی موزایەدە بەسەر هاوڵاتیانی تورکمان و خەڵکی کەرکوک بەگشتی، دەبێـت تورکمـانییە توندڕەوەکان پێش هـەموو شتێک ڕەوشی هاوسەنگیی هێز و جەمسەرگیری بزوتنەوەی سیاسـی وڵات لێکبـدەنەوە، بـزانن لەنێـو کایەکەشـدا خەڵکی دیکەش هەن و ئەوانیش داخوازی و ویستی ڕەوایان هەیە.

لەڕاسـتیدا واقـیعەکە ئەوەیە کە مەنەلـۆج بـۆ هـونەر و ژانرەکـانی دەسـتدەدەن، بەڵام مەنەلۆجی سیاسی کە هەرخۆت بەشت بزانیت و دروشمەکانی خـۆت بە قورئانی مـونەزەل بزانیـت، دواجـار تووشـی شـۆکت دەکـات... لەجێـی ئەوە ڕەوشـی وڵات بـۆ هێـزە بچـوک و گەورەکانیش پێویستی بەدیالۆگ و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشە.

لەمەشدا خراپ نییە ئەو هێزە توندڕەوانە کەڵک لە ئەزمونی گەلان و بەتایبەتیش لە ئەزمـوونی گەلـی کـوردی هاونیـشتمانییان وەربگـرن، کە ئەمەی خـوارەوە یەکـێکە لەو ئەزمونانە:

لەشەستەکاندا شەپۆلی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەهێزبووو، بزوتنەوەی ناسری بووبـووە جێی ئومێدی هەموو عەرەبەکان، لەهەمان کاتیشدا بزوتنەوەی کوردایەتیش لەجوگرافیای خۆیدا وردە وردە پێدەگەیشت و سەنگی پەیدا دەکرد.

ساڵی 1963 کە سوریا و عیراق و میسر بیرۆکەی پراکتیزەکردنی یەکێتی عەرەبییان لەو سێ وڵاتە دارشت، کورد ئەگەر چی دەیزانی ئەم بیرۆکەیە سەرناگرێت، بەڵام لە دژی ئەو شەپۆلە ناسیۆلیستییە نەوەستایەوە. هەرئەو ساڵە بەڕێز مام جەلال بەنوێنەرایەتیی شۆڕشی کوردستان ئەو بیـرۆکەیەی خـستە ڕوو کە ئەگەر قەرارە ئەو سـێ وڵاتە لەیەک دەوڵەتـدا، یەک بگرن و لەناوخۆیـشدا سێ هەرێمی میسری و سوری و عیراقی بن، ئەوا کوردستان دژی ناوەستێتەوە و بگرە دەیەوێت هەرێمی چوارەمی ئەو یەکێتییە بێت. بێگومان پرۆژەی یەکگرتنەوەی عەرەب لەوڕۆژەوە تائێستا بەدی نەهاتووە، بەڵام کورد هەرلەوساتەدا پرۆژە نەتەوەییەکەی خـۆی لەگەڵ شـەپۆلی گشتی سیاسـەتی عەرەبی تووشی پێکدادان نەکرد و هەمیش لەباری مێژووییەوە کەس ناتوانێت لۆمەی بکات و تۆمەتی ناڕەوای بخاتە پاڵ. ئەوە عەرەبەکان خۆیان بوون شکستیان خوارد.

جا بۆ هێزە تورکمانەکانیش وا باش و سەربەرزانە ترە کە ڕێککەوتنی جەنتیلمانی لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتیدا بکەن، کە بەشی شایستە و ڕەوای خۆیان لەکەرکوک و لەهەموو کایەی سیاسیی کوردستان وەربگرن و لەئاست عیراقیشدا کورد بکەنە پاڵپشتی خۆیان بۆ هەرداخوازییەکی نوێ.

بەمەش دەسکەوتنێک بۆ تورکمانەکان مسۆگەر دەکەن و سبەی ناکەونە بەر ڕەخنەی کەمەرشکێنی هاوڵاتیانی خۆیان و ناشکەونە بەر گلەیی کورد کە ئەمڕۆ دەیانەوێت بەپێی گەشەکردنی بزوتنەوە نەتەوەییەکەیان شتێک بەشتێک بکەن.

ژ: 3465 - 2004/9/6

# هەڵڵاکەی خانەقین

هەڵڵاکەی خانەقین شکستێکی تربوو بۆ بیری شۆڤێنێتی تەعریب لەقوڵی گەرمەسێرەوە.. هێشتا کورد شەڕی سیاسیی دیکەشی ماوە لەدژی تەعریبچییەکان بیکات، بەتایبەتی ئێستا (تەعریب) لەمیانی سیاسەتی دەوڵەتێکی شۆڤێنی و تۆتالیتارەوە بووەتە خوویەکی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی و بووەتە کولتوورێکی سیاسیی باو لای ئەوانەی بەعس تەعریبی بەوانکرد و بۆ ئەوان کردی. بەندە دەبێت لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەران بکەم کە پێشتر بەنووسین نووسیومە: "سیاسەتی تەعریب هەر دەوڵەتی لەپشتە و نەبووەتە کولتوورێکی باوی نێو خەڵکی عەرەب، بەڵام نموونەکەی خانەقین و هەروەها چەند ئاماژە و دیاردەیەک کە لە کەرکوک بینیومە، بۆی دەرخستووم کە تووشی شاشی هاتووم.

ساڵ و و نیوێک دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، دوای ڕەوانەکردنەوەی عەرەبی تەعریب لە خانەقین کەچی وا دەبینین پارێزگاری بەعقووبە تازە بەتازە شەفاعەتیان بۆ دەکات و دەڵێت: "بیانگێڕنەوە..!!".

بێگومان ئەم ڕەفتارانەی عەبدوڵڵا جبوری درێژەی زنجیرەیەک ڕەفتاری ناشیرینییەتی لەدژی خەڵکی خانەقین، بەڵام لەوەش واوەتر پێداگریی لەسەر گێڕانەوەی عەرەبی تەعریب بۆ خانەقین دوو ئاماژە دووپاتدەکاتەوە:

یەکەم: پارێزگاری بەعقوبە وەک هەر شۆڤێنییەکی تر قورسایی کاری خۆی دەخاتە سەر ویستە شۆڤینییەکانی، جا لەجیاتیی ئەمنیەت بۆ بەعقوبە دابین بکات، ئاوەدانی و گەشەکردن بۆ خەڵکەکەی بهێنێت و لەو چوارچێوەیەدا یارمەتیی عەرەبی تەعریبی خانەقین بدات تا لەشوێنی تر نیشتەجێبن و ژیان و گوزەرانیان بگرێتە ئەستۆ، هاتووە تەنگژەی ئیداریی خۆی بەسەر خانەقیندا ساغبکاتەوە، عەرەبی بەعقوبە و عیراق لەدژی کورد هانبدات و بەکێشەی خانەقینەوە سەرقاڵیان بکات، تا کەس نەپرسێت چیت بۆ بەعقوبە و چیت بۆ تەعریبە گەڕاوەکان کردووە..؟ ئەمەش هەمان سیاسەتی بەعسییە شۆڤێنییەکانە: (تصدیر الازمە).

دووەم: عەرەبی تەعریبیش، پاش ساڵێک زیاتر لەنەمانیان لەخانەقین، لەجێی ئەوەی خۆیان بۆ ژیانێکی نوێ سازبدەن، هەر بە خەیاڵی زەوتکردنەوەی خاکی کوردیی خانەقینن.. عەرەبی تەعریب کە بەعس لەڕووی ئابووری و سیاسی و ئەمنی و سەربازییەوە هاوکارییکردوون، ئێستا بێ ئەو هاوکارییە نارەوایە ناتوانن بژین و چاویان لەگۆڕانی بالانسی

سیاسییه تا سەرلەنوێ لەبواری لووشدانی مافی کورددا تێهەڵبچنەوە. دیقەت بدەن، چونکە ئەوانە بەحەرام و نارەوایی هێناویانە، تازە ناتوانن دەستبەرداری خووی تەعریب بن و بەدوای چانسێکی دیکەی ژیاندا بگەڕێن.. ئێمە دوای نەمانی سیاسەتی ڕەسمیی تەعریب لەمەودوا ڕووبەڕووی کولتووری تەعریب دەبینەوە کە کولتوورێکە بەناخی شۆڤێنیی تەعریبچییەکاندا چووەتە خوارێ و بەم زووانە ئامادەنین لە عیراقی نوێدا دەستبەرداری (دەستکەوتە) ناشەرعییەکانی سەردەمی پێشوویان بن.

ژ: 3471 - 2004/9/13

# چاوبەچاوکەوتەوە

کوردەواری چاکی گوتووە کە دەڵێت: "چاوبەچاو دەکەوێتەوە" وەک ئاماژەیەک بەوەی کە مرۆڤەکان بۆ هەرکوێ بچن لەزوڵم و زۆرداری، لەیەکتری، لەناکۆکی و ئاژاوەی نێوانیان، دواجار هەرچاویان بەچاوی یەکتری دەکەوێتەوە، تا زوڵملێکراو بە زاڵم بڵێت: "ئەرێ کە دونیا پێچی مێژەرێکە ئەم زوڵم و زۆرەت بۆ کرد..؟ بەڵام گرفتی ئەو ئیدیۆمە کوردییە ئەوەیە بە کوردییە و غەیرە کورد لێی تێناگەن..! هەر بۆیەش تەعریبچییەکان بێ پەروا زوڵمی خۆیان لەکوردی کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و مەخموور و شەنگال کرد، سڵیان لەوە نەکردەوە کە چاویان بەچاوی ژێردەستە و ئاوارە و پەراگەندە کوردەکان بکەوێتەوە، چییان پێدەڵێن و بەچی پاکانە دەکەن..؟ هەڵبەت شیکردنەوە و لێکدانەوە زۆرن بۆ ڕەوشی کەرکوک و گرفتەکانی، لێکۆڵەرەوە دڵرەقەکانی بیانی و خۆماڵییەکان باس لەململانێی نەتەوەکان دەکەن، باس لەوە دەکەن لەوێ کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە، بەڵام واوەتر لەو هەموو لێکدانەوە و پێشبینییانەی تەکەلوف لەبێلایەنیدا دەکەن و ڕەوشی کەرکوک لەڕەوشی ئەو ماڵ و گوندە داگیرکراوانەی نێو هەقایەتە درامییەکانی ڕۆمان و داستانە ڕیالیستییەکانی جاران دەچێت: کۆمەڵێک کەس غەدر لە کوڕە کەچەڵە هەتیوەکە دەکەن و سەروماڵی بەجێماوی باوباپیرانی لێ داگیردەکەن، لەنێو خۆیاندا هەریەکە و بە ئەندازەی بەشداریی لەغەدر و زوڵمەکەدا بەش بەشی دەکەن و ئاسەواری تاوانەکە دەشارنەوە، بەڵام گرفتەکە ئەمەیە ئێستا کوڕ و کچی هەتیووە کەچەڵەکە گەڕاونەتەوە و لەسەر وەسێتی باوکیان داوای ماڵ و ڕەز و زەویی داگیرکراو دەکەنەوە. جەردەی زۆرداران زەمەن پیریکردوون و یادەوەرییان کزبووە تا وەبیریان بێتەوە ئەوەی لەخێرەکەی دەخۆن، بابە و باب بۆیان نەماوەتەوە، بەڵکو ئەو هەقی کەچەڵی دەرکراوە کە ئێستا کوڕوکچەکانی هاتوونەتەوە تا داوای حەقی خۆیان و قەرەبووی ماوەی بێحورمەتی و بێبەشی بکەنەوە. حەقی ئەسڵیی و حەقی سەربار بووەتە کاریتە و بەری چاوی ئەو تەنگنەزەرانەی گرتووە کە پێیان وابوو ئەرز خڕنییە و چاوبەچاو ناکەوێتەوە. ئەمە ئەسڵی حیکایەتی کەرکوکە. زوڵملێکراو لەنێو خێوەتێکدا مست بەمستدا دەکێشێت و چاوەڕێی ڕۆژی حەقە تا غەدری درێژەکێشراو کۆتایی پێبێت. ئەو لەخێوەتەکەدا لێی دانیشتووە و خۆی و ماڵ و منداڵی لەو گەرما و سەرمایەدا ئازار دەچێژن، کەچی زاڵمی تەعریب ئارامی لەبەربڕاوە و هەر ڕۆژەی پاکانەیەک بۆ تەعدا و غەدرە پێشمارەکانی دەهێنێتەوە. دەیەوێت زوڵملێکراوی ئاوارە

بەهەر چەشنێک بێت لەماڵی کەرکوک دووربخاتەوە. ئاخیر ئەو ئاوارانە تەنها هاوبەشی شارێکی فرەڕەگەز نین، بەڵکو شاهیدی تاوانێکیشن کە ئەمڕۆ دەویسترێت بەناوی یەکێتیی عێراق و مافی ئازادانەی نیشتەجێبوونەوە خۆڵی بەسەردا بکرێت و بەکۆنکرێت بشاردرێتەوە.

چ دەشارنەوە..؟ بەڕێزینە،ئەوە زامەکانی سەرپشتم و ئەوەش ڕەنگی زەردم کە من خاوەنی ئەو ماڵەم و ئەمانە لێیان داگیرکردووم.

تەعریبکارەکان دەزانن خاوەنی ئەسڵیی ماڵەکە کە دێتەوە بەو شێوە ڕێکخستنەی ماڵەکە ڕازی نابێت و تەنها بە داواکردنی حەقی خۆی ئەوان مایەپووچ دەکات و لەکایەکە دەریان دەهێنێ بۆیە بەهەموو شێوەیەک دژی گەڕانەوەی ئاوارەن. لەمپەر دەخەنە بەردەم هاتنەوەیان تاپێیان بکرێت بچووکترین پرۆسەی گەڕانەوە پەکدەخەن. حەزناکەن خزمەتگوزارییان پێبگات و ڕقیان لە کوردە کە داوای پرۆژەیەکی شارەوانی بکات، ڕقیان لێیەتی کەداوای خوێندنی کوردیی بکات، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئەمانە کوردن، بەڵکو لەبەرئەوەی دەزانن ئەوانە جگە لەوەی خاوەنی ئەسڵیی ماڵەکەن، شاهیدی تاوانی تەعریبیشن.

زۆر ئەستەمە تاوانکاری تەعریب بتوانێت وەک عەرەبی ڕەسەنی شارەکە، وەک تورکمان و ئاشووری ئەوە قبووڵ بکات، ئێستا کوڕە کەچەڵە زوڵملێکراوەکە بێتە سەرخوانی خۆی. ئەستەمە ئەوە قبووڵ بکات، چونکە دەزانێت کاتی هەڵدانەوەی حیساب و کیتاب هاتووە. دەزانێت ئەمڕۆ کوردی کەرکوک سەرقاڵی بژێویی و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە، بەڵام سبەی، کە هاتەوە سەرخۆی، لاپەڕە کۆنەکان هەڵدەداتەوە.. هەر لەبەرئەوەیە زەحمەتە (هاوردە و گەڕاوە) پێکەوە هەڵبکەن.. زەحمەتە ئاوارەی گەڕاوە و هاوردەی دەهەزاری بتوانن تاسەر بێ ناوبژیوانێک درێژە بەژیانی هاوبەشێتی بدەن، مەگەر هێزێکی لەخۆیان گەورەتر ڕێکیان بخات، هێزێک وەک سەدام کە بەزەبر و زەنگ زوڵملێکراو سەرکوت بکاتەوە، یان هێزێکی مۆراڵیی کە ماف بۆ زوڵملێکراو بگیرێتەوە و زاڵم ناچار بکات داوای لێبوردن بکات لەو هەموو زوڵمەی کردوویەتی، هێزێک هاوردە بباتەوە شوێنی خۆی، یان ڕجا و تکا لەزوڵملێکراو بکات لێی خۆشبێت بەمەرجی گەڕانەوەی مافەکان. تازە کار لەکارترازاوە و پێناچێت دوو لایەنی ململانێکە دڵیان لەگەڵ یەک ئاشت ببێتەوە. خاوەنی ماف دەبینێت ئەوەی مافی زەوتکردووە ئامادەنییە بیداتەوە و لەگەڵ زوڵم و دەستکەوتەکانی زوڵمدا ڕاهاتووە و کەیفی لێدێت. ئەمیش ئەمڕۆ زیاتر لەهەر کاتێکی تر لەسەرپێیە بۆ وەرگرتنەوەی ماڵی دزراوی.

لەم نێوەندەدا ناوبژیوان کام هێز دەبێت..؟ هێزەکەی جارانی سەدام کە نەیتوانی شاهیدی خاوەن ماڵ بەجارێک لەناوببات یان هێزی مۆراڵی عیراقی نوێ کە بە تەعریبکاران دەڵێت ئێوە چیتر لێرە مەمێنن با تەنانەت نووری چاومان بن و لەچاوڕەشە مستەفیدەکانیش بن.

ژ: 3473 – 2004/9/15

# هەڵمەتی خاچپەرستانە..!

هەندێکجار وا هەستدەکەم ئێمەی کورد خۆمان لێبووە بە سۆپەرمان، بۆیە وا بێباکانە لەبەردەم ئەو هێرشە ناڕەوایەی لە دەرەوە و لە ناوچەکە دەکرێتە سەرمان هەڵسوکەوت دەکەین، وا دەزانین هەر ئەوە کە کێشەی کورد ڕەوایە و ئێمە لەسەر خاکی خۆمانین و پەلاماری کەسمان نەداوە، بەسە بۆ پاراستنی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئایندەی میللەتی کورد. قایلم بەمە کەڕەوایی بزووتنەوەکە و خاوەنداریێتی گەلی کورد لەسەر کوردستان وزەیەکی باشی ڕۆحی و ئەخلاقیمان پێدەدات و دەتوانین لە هەندێک دووڕیانی مەترسیداردا بیکەینە وزەیەکی مادەیی بەرجەستەیش، بەڵام لە ڕاستیدا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەی ئەو میللەتانە کەم نین کە کێشەکەیان ڕەوا و لە جێی خۆیدابوو، سەرەڕای ئەمەش ناویان لە ڕەوتی مێژوودا کوێربووەوە.

مەسەلە بەدیهییەکە ئەمەیە (چەک و تفاقی جەنگیی) خۆمان لە هەموو بوارەکاندا پتەوتر بکەین و هەرچی زووتره قودرەتمەندیی فراوانتر پەیدا بکەین کە لێرەدا دەشێت بڵێین: چەک و تفاقی جەنگیی ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ هەڵمەتی دژایەتیی کورد و ناوزڕاندنی کورددا ئەوەیە لە شوێنی خۆی و لە ئانوساتی خۆیدا بەرپەرچی ئەو هەڵمەتە ناڕەوایە بدەینەوە.

هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە بەگوێرەی (تیۆری پیلانگێڕان)، پێمان وابێت دونیا شەو و ڕۆژ و خەو و خۆراکی بووەتە بیرکردنەوە لە پیلانگێڕان لە کورد و ئەمە قەدەری کوردە کە دونیا گەلەکۆمەکێی لێ بکات..! نەخێر هەرگیز مەبەستم ئەو ئەندێشەیە نییە کە گەلێک جار لە دابونەریتی سیاسیی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بە نەتەوەی کوردیشەوە، هەموو کەموکووڕییەک بە پیلان و نا جوامێری دوژمنەکانیان دەسپێرن، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی بەرجەستەیە کە ئەمڕۆ کورد بووەتە ئامانجێکی شایستەی ئەنگاوتن، هیچ نەبێت بۆ ئەم دەوروبەرە ناجۆرەی کە هێشتا نەیتوانیوە پرۆسەی گۆڕانکاریی لە عیراق و ئەو گۆڕانە هەژێنەرە چاوەڕوانکراوەی لە دەرووني ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش قوڵپدەدات، قبوڵ بکات.

مەسەلەکەش ئاسانە: نهێنیی ئەو هێرشە ناڕەوایەی سەر کورد دەرک پێبکەین: کورد دوای زەمەنێکی دوور و درێژی سەرکوتکردن و پەراوێزخستن لە قومقومەکە هاتووەتە دەرەوە و جارێکی تر ئیحتیوا ناکرێتەوە، نە زەبروزەنگ کە زەمەنی بەسەرچووە و نە بە فرتوفێڵ هێشتا هەروا ئەجینداکەی لە کایەدایە.

دەوروبەر و نەیارەکانی کورد پێش خۆمان دەرکیان بە دەرکەوتنی (فاکتەری کوردی) لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە کردووە، بۆیە پێش بێداربوونەوەی تەواوەتیی کورد هاواریان لێهەستاوە و لەم دەوروبەرە بە حیساب ئیسلامییەدا (جەنگێکی خاچپەرستانە)یان لە دژی کورد ڕاگەیاندووە.

خۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەرەباڵغییەکی زۆری تێدابوو لە بەگژداچوونی فاکتەر و بەرژەوەندییە جیاوازەکان، نەتەوە و گروپە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە بە حاڵ یەکتریان قبوولکردووە، جا ئیتر چۆن فاکتەری کوردیی قبووڵدەکەن؟ با تەنانەت کورد خۆی وەک فاکتەری خێر و ئاشتی و ئاوەدانیش مەترەح بکات، ڕوون و ئاشکرایە کە هەڵمەت لە دژی کورد پەیوەندی نە بەفایلی کوردی – ئیسرائیلی و نە تەنانەت پەیوەندییشی بە هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکاوە هەیە، چونکە خودی ناوچەکە پێش ئێمە سەودا و مامەڵەی جۆراوجۆریان بووە لەگەڵ ئەو لایەنانەی لە کوردیان حەرامکردووە، بەڵکو ئەم هەڵمەتە ناڕەوایە پەیوندیی بەوەوەیە: لە هەندێک نیشانەدا با کزیش بێت وا دەردەکەوێت کوردی موفلیسی نێو قافڵەی سیاسەتی ئەم دەڤەرە قازانجێک لە گۆڕانەکان بکات کە قازانجی لە هاوکێشەکانی لە سەدەی بیستدا دروستکراون، نەکرد. کوردەکان وەک پرۆلیتاریاکانی مارکس هیچیان نییە لە دەستی بدەن، جگە لە کۆت و زنجیرەکانیان، بۆیە ئەم گەلەکۆمەکێیەیان لێدەکرێت تا بەر بەو شەبەحە بگرن کە ئەمڕۆ لە ئاسمانی ناوچەکەدا دیارە، بەڵام کورد دەبێت ئەو قودرەتمەندییە لە خۆی نیشانبدات کە ئەو تەنها شەبەحێک نییە، بەڵکو زیاتر لەمە حەقیقەتێکی ڕەسەنی ناوچەکەیە و ئێستا دەرفەتی درەوشانەوەی بۆ لوواوە.. هەڵوێستی ڕاست ئەوەیە کورد لە ئاستی سیاسەت و لە ئاستی بەرپەرچدانەوەی میدیاییدا ئەو ڕاستییە بۆ میللەتانی ناوچەکە ڕوونبکاتەوە کە مەسەلەکە مەسەلەی ئیسرائیل و زایۆنیزم و کوردە عەمیلەکانی ئەمریکا نییە، بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەی توتنەکەیە.

ژ: 3483 – 2004/9/27

# کەرکوک لەتکریت*

ئێمە دانمان بەخۆداگرتووە و دەمانەوێت کێشەی کەرکوک بەشێنەیی و بەگوێرەی ئسوولّی یاسای بەڕێوەبردنی دەولّەت تەواوبێت، سەبری شۆڕشگێڕیمان هێشتا نەهاتۆتە کۆلّ و دەمانەوێت لەڕێی گفتوگۆ و پێ سەلماندنەوە دووز لەتکریت وەربگرینەوە و بیخەینەوە سەر کەرکوک، کەچی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین خۆی لێبووە بە ساحێبی کەرکوک و جارێک بە (تەکرید)ی شارەکە و جارێکی تر بە سازدانی کۆنگرەی پیلانگێڕان لە کورد، دەورانی تەعریب و تەرحیل بەسەردەکاتەوە. ئێمە هێشتا خوێن لەبرینمان دەچۆڕێت لەو تاعوونەی لە تکریتەوە بە کوردستان و بە عێراقیشدا بلّاوبووەوە و سەدامی کردە بەلّایەکی زەبەلاح، بەو حالّەشەوە دەمانەوێت باوەڕ بەخۆمان بهێنین کە تکریتی نوێ وەک عیراقی نوێ وایە، حەقی بەسەر تکریتەکەی جارانەوە نییە، کەچی تکریت دێت میوانداریی کۆنگرەی (کەرکوک بۆ هەموو عیراقییەکان) دەکات. ئەی مەگەر کوردیش عیراقی نین وا لەو کۆنگرەیەدا دەنگ و ڕەنگێکیان نییە..؟! یان دیارە لە تکریتی نوێی عیراقی نوێیشدا کورد هەر بەشی چارەڕەشیی جارانە: مودەتێک ئاوارەدەبێت و ماوەیەکیش دەربەدەر؟

بەلّام کێن ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ڕیتمی (الرياضة للجميع والعلم للجميع) کەرکوک بکەنە هی جەمیع، تەنها خاوەنە ئەسلّییەکانی نەبێت..؟ ئەوانە عەرەبی تەعریب و ئەو توندڕەوانەن کە چاویان بەرایی نایەت کورد و تورکمانی ڕەسەن بگەڕێتەوە شارەکە، بۆیە ئامادەن لەگەلّ پالّەوانەکانی دوێنێی تەعریب و دیموکراتخوازەکانی ئەمڕۆی کۆنگرەی گومانلێکراوەکانیش کلک گرێبدەن. کۆنگرەیەک لە تکریت لەسەر مەسەلەیەک دەکرێت کەچی خاوەنی مەسەلەکە لەوێ نییە، هەروەکو لەمارکسی دەگێڕنەوە: وەختێک لەسەر دامەزراندنی ئینتەرناسۆنالیستیی یەکەم وتی: 'هەموو لەوێ بوون، تەنها خاوەن کێشەکە نەبێت: نوێنەری پرۆلیتاریا..!' ئەم مەسەلەیە بێ تووتن نییە و دەبێت کورد ئحمێکی بۆ بکات..!

بەگوێرەی یاسای دەولّەت بێت دەبێت تا هەلّبژاردنی کانوونی دووەمی (2005) ڕەوشی کەرکوک ئاساییبکرێتەوە و عەرەبی هاوردە بچنەوە و کوردی ڕاگوێزراویش بێتەوە. وادەبینین نە حکومەتی عیراق دەتوانێت ئەو ئیلتیزاماتەی خۆی جێبەجێ بکات و نە ئامرازەکانی تەعریبیش دەستبەرداری سیاسەتە کۆنەکانیان دەبن. ئەم دیاردەگەلانە ئەگەر

بەردەوام بن تەعریبکاران لەئامێری دەستی سیاسەتی تەعریبەوە دەبنە کەسانێک کە (مع سبق الاصرار والترصد) خۆشییان پێدێت شەریکە بەشی تاوان بن و ئیستیفادەشی لێبکەن.

ئەمڕۆ سەرەڕمی تەعریب، سەدام، لەزیندانە کەچی پاشماوەکانی جەنگی شۆڤێنیی بەعس بە دار و کوتەک دوای نەمانی عەلی کیمیاوییە حەیاتەکەیان، شەڕ بۆ ڕابوردووی زوڵم و زۆری خۆیان دەکەن. بەم حاڵەوە ئێمە لەبەردەم ڕەهەندێکی نوێی بەعەرەبکردنین، کە ئەویش ڕەهەندی داکۆکیکردنی ئامێرەکانی تەعریبە لەخۆیان و گوێزانەوەی ناسنامەیانە لەئامێرەوە بۆ کۆنترۆڵ. بۆ کۆنترۆڵێک دەیەوێت جوغزی دەستکەوتە ناڕەواکانیان بپارێزن. ئەمەش تەقڵەیەکی تازەیە لە خەتخەتێنی یارییەکە.

بۆیە زهنیەتێکی تازەی دەوێت بۆ لێتێگەیشتنی و سیاسەتێکی زیندووتریشی دەوێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین قۆناغی نوێی بەرەنگاریی تەعریب گەلێک ئاڵۆزترە لەقۆناغی پێشوو، چونکە دیاردەی وەک ئەو کۆنگرەیەی تکریتی تێدەکەوێت. لەئایندەی نزیکدا ئێمە ڕووبەڕووی زیاتر لە موفاجەئەیەکی عەرەبەکان دەبینەوە. ئەوان دەوڵەتداربوون و دەزانن چۆن هەنگاوی سیاسی بنێن. ڕاستە کوردیش بەگوێرەی خۆی تەکنیکی سیاسیی پێشخستووە و لەوەش زیاتر کێشەکەشی ڕەوایە، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەبێت ئاگاداری تەونی پیلانگێران بین و پێش هەموو شتێکیش لۆژیک و بەهانەی سیاسیمان بەهێزبێت، هی ئەوەبێت سەربەرزانە بۆ دۆست و دوژمنی باس بکەین.. بۆ نموونە: لەچوارچێوەی ڕێی هەڵبژاردنی عیراقی فیدراڵیدا ئێمە دەتوانین بڵێین: ئەی مەگەر کورد و کوردستانەکەشی بەشێک نین لە عیراق وا کەرکوکی لێ جیادەکەنەوە و دەیبەنە تکریت..؟ دەتوانین بڵێین ئەگەر نەیارانی فیدراڵیی کوردستان باسی فیدراڵیی پارێزگاکان و دەسەڵاتی پارێزگاکان دەکەن، پارێزگای تکریت بەکام هەقی ئیدارییەوە دەست لەکاروباری پارێزگای کەرکوک وەردەدات..؟ تەنها مەگەر حەقی ئەوە نەبێ ئێستاش پێیانوایە ئەوێ ناوەندی حوکمڕانیی وڵاتە، یان بە خەیاڵی ئەوەی گوایا لەمەودوا بەغدای فیدراڵی ئەرکە ناسیۆنالیستەکانی پێ جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ناوچەکانی تەماسی وەک دیالا و تکریت بەم ئەرکە ڕادەبن، چونکە لەبنچینەدا ئەوان هەندێک کوردستانی بچووکیان لایە، دووز و خانەقین و.. پێیان وایە بە دەستتێوەردان لە کەرکوک دەتوانن بیپارێزن.

ژ: 3485 – 2004/9/29

# کورد دڵی بەکێ داوە..؟

میسال ئەلئالووسی میسالی پیاوی نەتەوە خواپێداوەکانە، ئەوان بۆیان هەیە بچنە ئیسرائیل و لە ڕۆژنامەکانی ویێدەرێ قسەبکەن و بەشداریی کۆنفرانسەکانی تەلئەبیب بکەن و لەوێ لە شاشەی کەناڵی موجاهیدی ئەلعەرەبییەوە دەربکەون.. هەڵبەت ئەلعەرەبییە و ئەلجەزیرە و کەناڵەکانی تریش نووسینگەیان لە تەلئەبیب هەیە. لەوێ ڕۆژنامەیەکی فەلەستینیش بەناوی ئەلمەنارەوە دەردەچێت، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلییەوە پەخشدەکرێت، بۆیە پێدەچێت (زانیاری زۆری) لەسەر ئەوانە هەبێت کە هامشۆی ئیسرائیل دەکەن. ئەلمەنار وەک فەلەستینی و عەرەبەکانی تر بەخۆیان ڕەوادەبینن لە تەلئەبیب بن، بەڵام بە کوردی ڕەوا نابینن بێ درۆ و دەلەسەی ئەوان پشوویەکی ئیسراحەت بدات، بۆیە ڕۆژێک دەڵێن تاڵەبانی لە ئیسرائیلە و ڕۆژێک دەڵێن مۆساد بارەگای لە هەولێر و سلێمانی داناوە.. ئەلمەنار و ئەلعەرەبییە و هەموو دەفژەنەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی، میسال ئەلووسی و دەیان نموونەی تریان لەبەردەستدایە کەچی هەر بە کوردەوە نووسان و سوێند و قورئانیان لەسەر ئەو ئیسرائیلییانەیە کە (لە کەرکوکەوە مەشق بە پێشمەرگە کوردەکانی باکووری عیراق دەکەن..!).

ئەم قسانە تەنها هی ڕۆژنامەی لاچەپ و کۆڵانەکان نین، ئەم قسانە لەدەمی گەورە لێکۆڵیار و شیکارە سیاسییەکانی عەرەبەوە دێنەدەر. پانێڵی چەند ڕۆژی ڕابوردووی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە لەسەر دە ئەڵقەکەی محەمەد حەسەنێن هەیکەل کە تێیدا هەیکەل خۆی و فەهمی هوێدیش قسەیانکرد، دیسانەوە گەڕایەوە سەر قەوانە سوواوەکەی پەیوەندیی کورد و ئیسرائیل. بەندە وامزانی ئەو گەورە شیکارانە بەدەر لە ڕوانین و بۆچوونە پێشوەختەکانیان لە شیکردنەوەدا پشت بەفاکت و ئامار و ژمارەی پشتڕاستکراو دەبەستن، وەک ئەوەی لە دونیای پێشکەوتوودا باوە، بەڵام ئەوانیش لەبوختان زیاتر هیچیان نەگوت..

تا ئەو ئەندازەیەی مرۆڤ دەکارێ بێژێت کەسێکی وەکو فەهمی هوێدی کە چەند وتارێکی لە دۆستایەتیی گەلەکەمان نووسیوە بۆچی وا دەچێتە ڕیزی بوختانکار..؟ هەندێکجار لەحاڵی وادا دەگەمە ئەو ئاکامەی بڵێم تەنانەت ئەو بیرمەندانەی لە ڕاست و چەپی نەتەوەی سەردەست، کە تاکو تەرا سۆزێک بەرامبەر بە کورد دەنوێنن، هێندەی مەبەستیانە بەو سۆزنواندنانە ئیختیاراتە سیاسییەکانی کورد لە قاڵبی خۆیان بدەن و پشتیوانییەکی

مەرجداری لێبکەن، هێندە مەبەستیان نییە لەباری مۆراڵی و ڕەهەندی ئەخلاقیی دۆزی کوردەوە ئەمە بکەن.

پێموایە ڕێگادان بەوەی هەڵسوڕاوانی نەتەوە خواپێداوە سەردەستەکان ئازادبن لە پەیوەندیکردن، یان پەیوەندی نەکردن بە ئیسرائیلەوە، بەشێکە لەو ڕوانینە لووتبەرزانەی دوێنێ و ئەمڕۆ و ڕەنگە تا ئاییندەیەکی تریش لەناوچەکەدا بەرامبەر نەتەوە ژێردەستەکان پەیڕەوکراوە و دەکرێت. مەسەلەکە تەنها ئەوەنییە داخۆ کورد کەڵک لە پەیوەندیکردن بە تەلئەبیبەوە وەردەگرێت یان ئەو پەیوەندییە (هەبووە و نەبووە) لە دژی عەرەب و نەتەوە سەردەستەکانی تر بەکاردێنێت. واوەتر لەوە؛ دەبێت عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاگاداری ئەوەبن کە سیاسەتی عەرەبی چ لەئاستی ناوخۆیی عیراق و چ لەئاستی دونیای عەرەبدا هێندە دڵی کوردی ئێشاندووە کە هەموو کەسێک تێبینی دەکات لە دەرەوەی خیتابی ڕەسمیی بزوتنەوەی سیاسیی کورد هیچ هاوڵاتییەکی ئاسایی کوردستان هەست بە سۆزداری و ئیلتیزامی ئەخلاقی بەرامبەر بە چووکترین گیروگرفتی عەرەبی ناکات، بە گیروگرفتی گەورەی فەلەستینیشەوە،یان ڕەنگە عەرەب ئاگاداری ئەوەبن کە کورد دڵی لێیان ئێشاوە و ئەو سۆزەی سەردەمی جەمیلە بوحێرد و تێکۆشانی جەزائیری و میسری و فەلەستینییەکانی لەدڵدا نەماوە، بۆیە ئێستا ئەوان وەک عاشقێکی دڵپیس دەپرسن، لەجێی ئێمە، داخۆ کورد دڵی بەکێ داوە؟ دەبێت بە ئیسرائیلی نەدابێت...؟

ژ: 3477 – 2004/9/20

# هەرێمی باشوور

هەرێمی باشوور بەرێوەیە و کەسیش ناتوانێت بەخیانەتکار و پارچەپارچەکاری عیراق تاوانباریان بکات، ئیتر ئەو زەمەنە تێپەڕی کە کەسێک داوای ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی خۆی بکات لە چوارچێوەی گشتێکی گەورەتردا بە ئاژاوەگێڕ و تەجزیئە تەڵەب لە قەڵەمبدرێ.. وەک چۆن لەئاستی کەسی و کۆمەڵایەتیدا ئەو مرۆڤەی بەخەسڵەت و ئەدگارە تایبەتییەکانی خۆیەوە دەناسرێتەوە و دەخوازێت فەردانییەتی خۆی جێبەجێبکات، چیتر ناشێت بە کەسی گۆشەگیر، یان دوورەپەرێز و لووتبەرز لە قەڵەمبدرێت، ئاوەهاش ئەو گروپ و کۆمەڵانەی مەبەستیانە لەناو بۆتقەیەکی یەک ڕەنگیدا نەتوێنەوە دەتوانن خاوەنی هەرێمی ڕەنگڕێژی خۆیان بن و لە گوڵدانی یەک وڵاتدا بەرەنگ و بۆی گوڵێتیی خۆیانەوە بنازن.

خەڵکی باشوور حەقی خۆیانە و شایستەی ئەوەشن حکومەتی فیدراڵیی پێکەوەبنێن و وەک هەرێمی کوردستان لە دەستکەوتەکانی حوکمی خۆبەخۆیی بەهرەمەندبن. دەزانم کورد و شیعە ئەمڕۆ دوای زەمەنی پێکەوە تێکۆشانی سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری لەسەر گرەوی ئایندە ناکۆکییان هەیە و لێک دوودڵن، بەڵام سەرقاڵبوون بە کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بەسرە لەسەر فیدراڵییەتێک بۆ باشوور گەواهیدەرێکی چاکە لەسەرئەوەی ئەگەر هەردوولا خەریکی پرۆژە ڕاست و ڕەواکانی خۆیان بن لە جوگرافیای نفووزی چڕوپڕیاندا ئەوا دینگەیەکی پتەوتر دادەمەزرێنن و لە پێگەیەکی بەهێزەوە دەکارن، ئەوی لە بەغدا وەک ناوەندی دەسەڵاتی عیراق چنگیان دەکەوێت بەتەوافوق و دوور لە گیانی پاوانخوازیی لەنێوان خۆیان و شەریکە عیراقییەکانی تردا برابەشی بکەن.

هەرێمی باشوور ئاماژەیەکی دیکەشمان دەداتێ، ئەویش ئەوەیە شیعە و کورد هەروا دەتوانن سوود نە تەنها لە چیرۆکی تێکۆشانی یەکتری، بەڵکو دەتوانن سوود لە مۆدیلی سیاسیی یەکتریش وەربگرن. ئەمجارە شیعە چاو لە فیدراڵیی کوردستان دەکا و بە دووریش نازانرێت لە جومگەیەکی دیکەی پەرەسەندنی سیاسیی عیراقدا کورد لە ئەزموونەکەی شیعە کەڵک وەربگرێت. بۆ نموونە با چاوەڕێ بین شێوەی داخوازیی شیعە بۆ دابەشکردنەوەی داهات و سامانی وڵات کە لەناوچەکانی پەراوێزەوە هەڵدەقوڵێت و تائێستا هەر ناوەند کەڵکی لێوەرگرتووە، چۆن دەبێت و بەکوێ دەگات و لە کوێدا کورد دەتوانێت هاونیاز و هاوسەنگەری پرۆژەیەکی وابێت..؟

پێکهاتنی هەرێمی باکووریارمەتیی سوننەش دەدات، کە لەجیاتیی کردنی سێگۆشەی سوننە بە جەهەنەمی عیراق، ئەوانیش بیر لە فۆرمێکی فیدڕاڵی بکەنەوە، بەمجۆرە دەرفەتێکی زێڕین دەکەوێتە بەردەست عیراق بۆ گەشەکردنێکی سێلایەنە، بەڵام پێکەوەیی، بەتایبەت ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێت سوننە ئەزموونێکی چاکی ئیدارەدانی دەوڵەتیان هەیە کە هی (80) ساڵەی حوکمکردنی عیراقە. دەکارن لەئاستێکی هەرێمیدا ئەو ئەزموونە زۆر بۆ گەشەکردنی ناوچەکەیان بخەنەکار و ئەوی لێی زیاد مایەوە بەشی خۆیان لە حکومەتی ئیتیحادیی بەغدای پێ پڕبکەنەوە. ئایا موسڵ وەک بەسرە دەستپێشخەری دەکات؟

کوردستان یەکسانە بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی حوکمڕانی، هەرێمی باشووریش مۆدیلی کەڵک وەرگرتن لە سامانی ناوچەیی پراکتیزەبکات و ناوەڕاستیش وزەی کەڵەکەبووی ئەزموونی دەوڵەتیی سوننە بە ئاڕاستەیەکی خێردا ببات، عیراق لێی باشتر نابێت و دونیاش ئیسراحەت دەکات.

ژ: 3479 – 2004/9/22

# قسەی سوفەهاکان..!

پێم باشە وا لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا ناچاربین داکۆکی لەزمانی کوردیی بکەین، لەکوێی دونیادا ئەم تەڵەکە بازییە ماوە کە خەڵکانێک بێت تەنزیر بۆ پێویستیی نەمانی زمانی میللەتێک بکەن مەگەر لەم ڕۆژهەڵاتە عاجباتییەی خۆمان نەبێت. زمانی کوردی قۆناغی هەرەشەی تێپەڕاندووە و ئێستا بەهۆی سەتەلایت و ئینتەرنێت و هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەرەوە بەدونیادا بڵاودەبێتەوە کەچی تازە لەسەردەمی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورەدا هەر نەیارە و بەبیانوویەکەوە دەیەوێت زمانی کوردیی لەقاوبدات. نووسەرێکی قۆشمەچیی وەک خالید قشتینی گاڵتە و سوعبەتی تێکەڵکردووە و پێیوایە زمانی کوردی مەحکومە بە تەسکبوونەوە و هەمان ئەو بیانووانەی ڕووناکبیرانی نەتەوەی داگیرکەر دەهێنێتەوە. (جەنجەویدێک)ی ڕۆشنبیری وەک (سەلیم مەتەر) دەپرسێت: ئەگەر کوردەکان جیابوونەوە خواز نین بۆ تابلۆی سەر دووکانەکانیان بە کوردییە و بە عەرەبی ناینووسن..؟ بەڵام هەرگیز لەخۆی ناپرسێت ئەی ئەگەر عیراق عیراقی هەمووانە و تەنها عیراقی شۆڤێنیستەکان نییە بۆچی لێناگەڕێت زمانی کوردی تاکە زمانی ڕسمیی عیراقییەکان بێت..؟

پێم شەرمە، بەڵام ناعیلاجییە، کە دەبێت وەڵامی ئەم هەموو تەڵەکەبازییە بدەمەوە. بێگومان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەزمانەکەمانیان گوتووە زمانێکی کشتوکاڵی و سەردەمی دەرەبەگایەتییە و بۆ قۆناغی دەوڵەتی مۆدێرن ناگونجێت.

ئینجا گوتوویانە زمانی ئیستعمار و بێگانەیە، دواتر بەبیانووی ئەوەی پرۆلیتاریای جیهان دەبێت یەک زمانی هەبێت پییان وتووین: کرمانجینە بە زمانی مۆدێرن قسە بکەن. ئێستاش بەو بیانووەی زەمەنی عەولەمە زمان و جوگرافییەکان تێدەپڕێنێت دیسانەوە گاڵتە بەزمانە شێواوە (بادینی، سۆرانی، هەورامی)یەکەمان دەکەن..!بێئاگا لەوەی زەمەنی عەولەمە چەند زەمەنێکی جیهانگیرە هێندەش زەمەنی وردەکارییەکانی ژیان و تیشکخستنە سەر کولتوور و فەرهەنگە لۆکاڵییەکانە، کە کاتی خۆی دوژمنەکانی کورد بەناوی دەوڵەتی مۆدێرنی سەرتاپاگیرەوە کە تێیدا (دەوڵەت یەکسانە بە یەک نەتەوە) ویستیان لەناوییبەن. ماشەڵڵا نەیارانی بێداربوونەوەی کورد هەموو مەرجەکانی عەولەمەیان لەخۆیاندا جێبەجێکردووە هەر مەسەلەی زمانە لۆکاڵییەکەی ئێمە ڕێگەرە..!!

بەڵام خۆ دیارە ئەم تەڵەکەبازییە ڕووناکبیرییە بۆچی دەکرێت..؟ ئەمە بۆ ڕێگاگرتن نییە لەزمانێک لەو سەدان و هەزاران زمانەی خوا بە عەبدەکانی خۆی بەخشیووە، بەڵکو مەسەلە بڕینی زمانی کوردە، کە ئێستا بەزمانی شیرینی کوردیی داوای مافەکانی خۆی دەکات و (عند الایجاب)یش دەتوانێت بەزمانی شیرینی نەتەوەکانی تریش داوای ئەو مافانە بکات. ئەوانەی دژی زمانی کوردین، خۆ مامۆستای زمان و پەرۆشی ستانداردێکی جیهانی قسەکردن و پەیوەندیی ئینسانی نین، بەڵکو ئەوانە مافیای قووتدانی خەڵکی ترن و دەیانەوێ ڕەهەندێکی زانستی و هەندێک جاریش ئایینی بەو ماف زەوتکردنە بدەن.

هەر بۆیەش کۆمەڵێک توندڕەو لە کەرکوک پەیدابوون بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو بڕگەیەی یاسای دەوڵەتی عیراق، کە زمانی کوردی بە ڕەسمی دەناسێنێت، سەدویەک بیانوو دەدۆزنەوە، نووسراو دەنێرن بۆ ڕاست و چەپی خۆیان کە بەزمانی کوردی قسە نەکەن و نەنووسن، بەڵکو لەوێ زمانی قورئان بەکارببرێت. ئەوانە خۆیان لەژێر باڵی زمانی قورئانی پیرۆزدا شاردۆەتەوە تا دژی زمانێکی دیکەی خودایی بن کە زمانی ملیۆنان عەبدی ئەو خودایەیە کە ئەوان چەمکی عەبای دینەکەیان گرتووە. زمانی قورئان لەکوێ و ئەوە لەکوێ کە خۆتان پیتی لاتینیان هێناوەتە نێو فەرهەنگ و زمانی تورکمانییەوە. لەوەشدا تورکمان ئازادن و پیرۆزباییان بێت، بەڵام ئێوە بۆ دژی زمانی کوردین کە هیچ نەبێت لە کەرکوک و لە کوردستانی عێراق بەپێی ئەلفابێتای قورئان دەنووسرێت..؟

هی خۆتان ڕێنووس دەگۆڕن، قەیناکات، بەڵام لەکوردی قەدەغەدەکەن وەک بیانووی مەلا شۆڤێنیستە توندڕەوەکانی بڵندگۆکانی موسڵ کە زمانی کوردی بە هەڕەشە دەزانن بۆ سەر زمانی قورئان، ئێوەش دەخوازن زمانی کوردی لە کەرکوکی کوردستاندا قەدەغەبکەن.. ئەی بۆ زمانی پاکستانی و فارسی و تورکی و ئۆزبەکی و هەموو زمانەکانی دیکەی نەتەوە موسڵمانەکان هەڕەشەنین؟

جارێکی تر بەداخەوە کە مرۆڤ ناچاربێت لە مەسەلەی تووتنەکە لە هەزارەیەکی نوێدا باسی ڕەوایی زمانی نەتەوەیەک بکات لەشارێکی وەک کەرکوکدا کە دیارە ئەمجارەیان مەسەلە مەسەلەی نەوتەکەشی هاتۆتە سەر.

هەر هێندە ماوە بەزمانی قورئانەوە لەسەر ئەو تەڵەکەبازانە دەڵێین: (رَبنا لاتؤخذنا بما فعل السفهاء منا).

ژ: 3489 – 2004/10/4

# پێکەوەژیان

گەلێکجار لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان گروپ و نەتەوەکانی کەرکوکدا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە، داخۆ باشترین فۆرمی پێکەوەژیانی ئاشتییانە چۆن بێت..؟ بە چ شێوازێک ئێمە دەگەینە ئەو قۆناغە شارستانییەی بتوانین لەسەر زەمینەی واقیع دان بەبوونی یەکتردا بنێین و ماف و ویستەکانی یەکتری بسەلمێنین..؟ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا گەرانێکی ئاوریشمینی نابێت، هەرچەندە خۆی دەستەواژەی پێکەوەژیان دەبێت کەشێکی هێمن و دڵنیایی بخولقێنێت، بەڵام واقیعی حاڵ ئەوەیە کە نەک تەنها لە پرسی کەرکوک و ململانێکاندا، بەڵکو لە هەموو کایەیەکی ململانێدا ویست و داخوازییەکان چەند خۆیان لێ لابدەن لە جومگەیەکدا بەریەک دەکەون. ئەمە هەر پێشبینیکردنی ئەو بەریەککەوتنەشە وادەکات لایەنەکانی ململانێی کەرکوک پێشوەخت نارەحەت بن و پێش دەستپێکردنی گێمێکی ململانێ لەخۆڕا ڕوو لەیەکتری گرژبکەن.

لەکاتێکدا ڕەنگە زەمەن کەفیل بێت بە زۆر کێشە کە ئەمڕۆ وادێتە بەرچاو چارەسەرکردنی زەحمەت و دژوارە، لە ڕاستیدا با ناخۆشییە ئینسانییەکانی کەرکوک و پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان وەک نەخۆشییەکی کوشندە وابن، کە لە ئاسۆی ئەمڕۆدا چارەسەری نییە، بەڵام هەنووکە نەخۆشیی دژواری سەرەتان پایە لەدوای پایە قەڵا مەحکەمەکانی خۆی تەسلیمی زانست و پێشکەوتنی پزیشکایەتی دەکات، ئاوا ڕۆژێک دادێت نەخۆشییە کوشندەکانی کەرکوک چارەسەردەبن.

ئێمە پەیامەمان لە پێکەوەژیاندا دەبێت بە پلەی یەکەم پەیامێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مرۆیی بێت، پێش ئەوەی پەیامێکی سیاسی بێت، هەرچەندە خۆی ئەو سیاسەتە وایکرد ئێمە پێویستمان بەڕێگاچارەی (پێکەوەژیان) هەبێت بەو مانایەی سیاسەتێکی پێشووی ڕژێمێکی پێشوو ژیانی ئاسایی نێوان نەتەوەکانی شێواند و ئێمە ئێستا پێویستمان بە ئەنگێزەی (پێکەوەژیانە) تابێتە ئامرازی چاککردنی ئەوی سیاسەتی بەعس شەمزاندوویەتی، بەڵام لە بنچینەدا (پێکەوەژیان) بۆ ئەوەیە دەستپێداهێنانی کۆمەڵایەتی و بەتەنگەوەهاتنی مرۆڤدۆستانە ببێتەوە فەرهەنگی زاڵ لە ژیانی نەتەوەکانی کەرکوکدا، واتا لەجێی ئەوەی سیاسەت ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک کرمێ بکات دەستپێشخەریی کۆمەڵایەتیی ڕەنگ و ڕووی سیاسەتیش داپۆشێت و ببێتە فاکتەرێکی خێر لە نەرمکردنی دەست و پەنجەی زبری سیاسەتیشدا, لە ڕواڵەتدا ئەمە وەک داخوازییەکی تەبشیری دێتە بەرچاو، بەڵام

واقیعی قووڵی ژیان پێمان دەڵێت؛ ئەسڵ لە ژیانی مرۆڤەکان ئاشتی و پێکەوەژیانە، نەک شەڕ و بارگرژی. داخەکەم تۆماری مێژوو هەر شەڕ و گرژییەکانی بۆ تۆمارکردووین نەک کولتـووریکی دەوڵەمەنـد لەپـێکەوە هەڵکـردن. ئەمەش ڕەنـگە بەهـۆی ئەوەوە بێـت مێژوونووسـانیش چـون ڕۆژنامەنووسـان هەر ڕووداوە نـاخۆش و ورووژێنەرەکـان بەشـایانی لەسەر نووسین دەزانن...!

لـەگـەڵ ئەمەشـدا دەگەڕێیـنەوە بـۆ چوارگۆشـەی یەکەم، کە پێکەوەژیـان وەک فیعلێکـی ئیرادەیـی مرۆڤەکـان مانـای کۆتاییهـاتنی سروشـتی ململانێـی و نـاکۆکیی بەرژەوەنـدییەکان ناگەیەنێـت، وەک جـارێکی تـریش دەگەڕێـمەوە سـەری، بەڵکـو مانـای ئاراسـتەکردنێکی عـاقڵانەی ئەوانە دەگەیەنێـت، چـونکە بێگومـان (پێکەوەژیـان) لەنێـو دوولایەن، یـان چەنـد لایەنێکی جیاوازدا دەبێت، نەک لایەنە چوونیەکەکان. تێگەیشتن لەم هاوکێشەیەیارمەتیمان دەدات لەدانانی توانای چەمکی (پێکەوەژیان) لە قەبارە و قورسایی خۆیدا.

ژ: 3495 – 2004/10/11

# ئاستەکانی پێکەوەژیان

کە قسە دێتە سەر ڕەهەندەکانی پێکەوەژیان، دەشێت لەسێ ئاڕاستەدا خوردی بکەینەوە. بەتایبەتی لەنموونەی پێکەوەژیانی نەتەوەکان لەشاری کەرکوکدا:

ئاڕاستەی یەکەم: گرنگە تێبگەین پێکەوەژیان جگە لەوەی لەنێوان دوو، یان پتر لەدوولایەندا، دەبێت، لایەنەکانیش خۆیان خەسڵەت و ڕوانینیان بۆ ئەو گۆڕەپانەی فیعلی پێکەوەژیانی تێدا ڕایی دەکرێت جیاواز و وێک نەچووە، واتا ئێمە لەنێوان لایەنێک یان لایەنە لێکچووەکاندا پێویستمان بەپێکەوەژیان نییە، بەڵکو پێویستمان بە درێژەپێدانی ژیانی بێ گیروگرفت. لەکاتێکدا بۆ لایەنە ناکۆکەکان پێکەوەیی تاکە ئامرازی ئیحتیواکردنی ئەو ناکۆکییانەیە.

ئاڕاستەی دووەم: پێکەوەژیان فیعلێکی ئینسانیی لەپشتەوەیە، بەو مانایەی ڕەوتی پەیوەندیی نێوان ناکۆکەکان شێواوە و بەڕێی ئاسایی پێویستدا ناڕوات، بۆیە دەبێت ئینسانەکان لەهەموو لایەنەکانەوە خۆیان دەخالەت بکەن و بەر بە پەرەسەندنی داوەشینی شێرازەی ژیانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی کۆمەڵەکەیان بگرن. بە دیوێکی تردا (پێکەوەژیان) مادام فیعلێکی ئینسانییە، دەبێت لەسنوورداری سەنگی کارتێکردنی تێبگەین. فیعلێکی ئینسانیی، بەڵام تێکدەر وەکو فیعلی شێوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان فەرهەنگە جیاوازەکان (وەکو ئەوەی بەعس لە تەعریبدا کردی) ڕاستەوخۆ کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوتی ئاسایی پەیوەندییەکان بەجێهێشتووە، چونکە فیعلێکی تێکەدارنەیە، بەڵام فیعلی ئینسانیی چاککردنەوەی پەیوەندیی لایەنە ناکۆکەکان دڕەنگتر و سنووردارتر دەردەکەوێت، چونکە فیعلێکی بنیاتنەرانەیە، لەبەرئەوە گرنگە کەس بەزوویی چاوەڕێی ئاکامی فیعلی پێکەوژیان نەکات، دەنا زوو کۆڵدەدات.

ئاڕاستەی سێیەم: پێکەوەژیان مانای پاراستنی شێوازی باوی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نییە لەجوگرافیا و ئاستێکی دیاریکراوی دابەشبوونی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتیدا. واتا پێکەوەژیان بەو مانایە نییە پەیوەندیی کۆیلەیەتیی نێوان نەتەوەکان یان پێکهاتە ئەتنیکی و کۆمەڵایەتییەکان وەکو خۆیان بمێننەوە، بەڵکو دەبێت یاسا، سیستمی سیاسیی گۆڕاو و خودی لایەنە ناکۆکەکان ئاست و شێوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بگۆڕن. پێکەوەژیان چەترێکی جادووگەرانە نییە کە ستەم و زوڵمی پێشوو، ئیمتیازە کۆمەڵایەتییە ناڕەواکانی توێژێک یان گرووپێکی ئەتنیکی کە لەسەر حسابی توێژ و گرووپێکی تر بەدەستی

هێناوە وەکو خۆیان بمێننەوە و پەرەیان پێبدرێت، بەڵکو پێش هەموو شتێک پێکەوەژیان بۆ دابینکردنی چەترێکی کۆمەڵایەتییە کە بە نەرمونیانیی زوڵم و ستەمی لایەنە ناکۆکەکان لەیەکتری کۆتایی پێ بێنێت. ماف بگێڕێتەوە بۆ خاوەن ماف بەتایبەتی لەئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا گرتنەبەری ڕێی پێکەوەژیان لە کەرکوکدا مانای ئەوە نییە زوڵمی تەعریبکردن، زوڵمی داگیرکردنی ماڵوموڵک و ڕەز و باخی خەڵکی بمێنێتەوە، مانای ئەوە نییە ناعەدالەتیی لەدابەشکردنی پلەوپایە ئیداری و کۆمەڵایەتییەکان، هەلی کارکردن و دابینکردنی ژیان لەهەندێک قەدەغە بکرێت، وەکو جاران، بۆ هەندێکیش دەرگا بخرێتە سەر گازەرەی پشت، بەڵکو دەبێت ڕێوشوێنی نەهێشتنی جیاوازکاریی ناڕەوا بگیرێتە بەر تا ڕێگا لەبەردەم دەرکەوتنی جیاوازکاریی ڕەوا لەدۆخی پێکەوەژیاندا تەختبکرێت. ئەمەش مانای وایە (پێکەوەژیان) دەبێتە ئامرازی ڕێگاگرتن لە تۆڵەسەندنەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شەخسی بۆ کێشەکان. بەداخەوە کاتی خۆی ئیدارەی مەدەنیی کەرکوک بەتایبەتی لەسەردەمی ئیماسکای و پۆل هارفیدا تەرجەمەیەکی خراپی (پێکەوەژیان) یان لە کەرکوک پیادەکرد کە بۆ زوڵملێکراوان مانای مانەوەی زوڵم و ستەمی دەگەیاند و بۆ زاڵمەکانیش عەبایەک بوو ستەمی خۆیانی تێدا بشارنەوە. دەنا لە بنچینەدا (پێکەوەژیان) لەو هەلومەرجەدا ئیمکانی دەبێت کەدابڕان لەنێوان دوو مۆدێلی کۆمەڵایەتیی جیاوازی دوو سەردەمی جیاوازدا بکرێت.

ژ: 3497 – 2004/10/13

# زەنگی کڵێسا

پێـشبینیی ئەوەم دەکـرد ڕادەی بێزاریـی خەڵکـی کوردسـتان لەو تەقیـنەوانەی لەدژی کڵێساگەلێکی بـرا مەسیحییەکان ئەنجامـدرا زۆرتربێـت لەوەی دەرمـان بـڕی، بەڵکو دەتوانم بڵـێم ئەو هەڵوێـستە شـەرمنانەی لێـرە و لەوێ لەنێـو وتـاری ڕۆژنامەنووسێکەوە،یان ڕاپـۆرتە هەواڵی ڕۆژنامەیەکەوە سەرەتاتکێیان کرد، هێند کز و لاوازبوون دەکرێـت بە حـوکمی نەبوو دابنـرێن. ئەوانەی لەوێ تێـداچوون بەشـەربوون بەشـەر و ئەو کەنیـسە جوانـانەی بەر ڕقـی زەرقـاویی بێـدین و بێبـاوەڕ کەوتـن. شـوێنی پیـرۆزی ناوهێنـانی خـوا و ناردنی درووود بـوو بـۆ پێغەمبەرەکانی. شوێنی پاڕانەوە بوون لەخودا تا بەشەرەکانی خۆی لەسەر زەوی بپارێزێـت و لە بڵندیی ئاسمانیشدا سـەروەر و سـەرداری عەبـدەکانی خـۆی بمێنێـتەوە، چەنـد کڵێسایەک پریـشکیان بەرکەوت کە عیـراق بەو هەمـوو قەومـان و ئـاژاوەیەی لە تۆمـاری مێژوویـدا هەیەتی توانیی لە بەڵا و وێرانەیی بیانپارێزێت، کەچی چیکڵدانی عیراقی نوێ هێندە تەنگ بـوو نەیتـوانی تەحەمولیـان بکـات. دەزانـم ئەوانەی ئەو چەپەڵییەیـان نوانـد، تیرۆریـستەکان بـــوون، نەک دیموکراتخوازەکـــان، نەک کـــوردی دامـــاوی گیرۆدەبـــوو بەدەســـت هەردوو جۆرەکـانی تیـرۆرەوە: تیـرۆری ڕێکخـراوی دەوڵەت لەسـەردەمی بەعـس و حـوکمی دەیـان ساڵەی شـۆڤێنییەکاندا، تیـرۆری بیچم دیـاری تیرۆریستەکانی ئەم سـەردەمە کە ئەجێنـدای هێزگەلـی دەرەکـی جێبەجێـدەکەن. ئـەوانە لە بیـارە و تەوێـڵە و هەڵەبـجە درنـدەییانمان تاقیکردەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە و هەر لەبەرئەوەی ئێمە قوربانیی دەستی تیـرۆرین و داد و بێدادمانە لەدەست زوڵم و زۆرداریی، دەبوایە زووتر لەئازاری بـرا مەسـیحییەکان تێبگەین و چالاکانە بەهانای هاواریانەوە بچووباین. زنجیرە میتینگێکی جەماوەری و بزاوتی ڕۆشنبیریی و سیاسـیمان پێویـست بـوو تـا بـرا مەسـیحییەکان لە کوردسـتان هەسـت بـکەن هاوسـۆز و خاوەنیان هەیە لە کوردستان و لە عیراقیشدا. بۆچی ئێمە داوادەکەین دەرودراوسێی چـاک و خـراپ هەسـت بە مەینەتییەکانمـان بـکەن و لەسـەرمان بێنە وەڵام و ئەگەر وانەکەن، وەکو وایـان نەکـردووە، گلەییـان لێـبکەین؟ ئەدی خۆمـان بـۆ گـوێی خۆمـان کـردووەتە کەڕەی شـەربەت و قـسەیەکی خێـر بـۆ مەسـیحییەکان نـاکەین..؟ مەگەر ئەوان هاونیـشتمانییانی کوردستان نین لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر و ئەمرۆش لە کەرکوکی ڕزگارکراودا.

مەگەر ئەوانـیش وەک ئـێمە لەم کوردسـتانەدا شـەریکی مەینەتییەکانمـان نەبـوون..؟ لەپێش ڕووخانی سەدام، لە کوردستانی ڕزگار، بەپێچەوانەی خەڵکی ترەوە لەگەڵمان نەهاتنە

هەڵبژاردنی پەرلەمانی 1992 و فراکسیۆنی خۆیان پێک نەهێنا. مەگەر ئەوە کلدۆئاشوورییە مەسیحییەکان نین کە بەشداریی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستانیان کرد و دەیان ئەندامیشیان لەنێو حزبە گەورە و بچووکەکانی کوردستانیش هەیە. شەهیدیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و لە پەرلەمانی کوردستانیش هەیە. لەناو پێکهاتەی ئیدارەی کەرکوک ئەوەندەی بۆیان کرابێت پاڵپشتی کوردبوون و لەدانانی پارێزگار و ئیداراتەکاندا لەگەڵمان بوون..؟ تێناگەم ئێمە بۆ لە کەرکوک ئەو بۆنەیەمان نەقۆستەوە تاپەرۆشیی راستەقینەی خۆمان بەرامبەریان نیشانبدەین و بەکردەوە بیسەلمێنین لە شارێکی کوردستانیی فرە رەگەزدا کورد تەنها هاوشاری نییە، بەڵکو هاوخەم و شەریک شعوریشە، لەسەر زوڵمی مەسیحییەکان و هاونیشتمانیانی تر دێتە دەنگ و هەڵویست وەردەگرێت.

ئەمرۆ لەدونیای رۆژهەڵاتدا زوڵمکردن لەوانەی موسڵمان نین بووەتە بابەتێکی جێی باسی دونیای پێشکەوتوو، بەسەراحەت رۆژئاوا کە لێرە و لەوێ لەسەر کورد و زوڵملێکراوانی دارفۆر دێتە قسە، چاوەڕێی ئەوە لە ئێمەش دەکەن لەسەر مەسیحییەکان و هاودینەکانی ئەوان هەڵبدەنێ، وا دەبینی لە بەغدا و لەناوچەکانی تری عیراق کەنیسەکان دەتەقێننەوە و ئەمنییەتی برا مەسیحییەکانیان پێ دابین نابێت، کەچی هێشتا عیراقییەکان خۆیان کردووەتە ساحێب لە مەسیحییەکان و نمایشی خەم و خەفەت دەکەن لەکاتێکدا ئەو فەزا ئیرهابییەی لەوێ هەیە لە کوردستان و لەناویشیاندا تاڕادەیەکی باش لە کەرکوکیشدا هەیە. بەو حاڵەشەوە ئێمە ناچین وەبەرهێنانێکی سیاسیی، ئاکاری و ویژدانی لەو ناخۆشییەی مەسیحییەکان بکەین.

بەداخەوە وەک چۆن بەپێی پێویست نەمانتوانی وەبەرهێنانی سیاسی بکەین لە تراژیدیاکانی خۆماندا، ئاوەهاش نەمانتوانی هەمان شت بۆ برا مەسیحییەکان بکەین. دونیا بچووک بۆتەوە. دەبێت ئاگامان لە خەمی خەڵکی بێت تا دونیا ئاگای لە خەمی ئێمە بێت.

ژ: 3503 – 2004/10/20

# سیناریۆکانی هەڵبژاردن

لەسەروبەندی هەڵبژاردن لەعیراقدا هەرکەس و هێزێک خەریکی خۆیەتی. هەرلایە و دەیەوێت ستراتیژی خۆی و ئەو کۆمەڵەخەڵکەی پێیوایە نوێنەرایەتییان دەکات سەربخات و لەعیراقی نوێدا دەست بەجڵەوێکی کارەکانەوە بگرێت. ئەوی تێبینی دەکرێت لە کوردستان و لەعیراقیشدا، ـ هەندێک لە هێزە سیاسییەکان پێشوەخت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان دەستپێکردووە. ئەگەر چی لەبواری هاوپەیمانێتی و ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی لیستی هەڵبژاردندا پتر لە سیناریۆیەک هەیە، بەڵام بەڕەوتی کارەکان و مەیلی جیاجیای هێزە سیاسییەکانی عیراق هەست دەکەین وا خەریکە جۆرێک لە بژار و سەنگەر بەندیی دروستدەبێت.

هێزە سیاسییەکانی عیراق لەدووڕیانی دروستکردنەوەی قەوارەی سیاسیی عیراقدا ئەوەندەی بۆ بەرژەوەندییە گرووپییەکانیان تێدەکۆشن و دەیانەوێت، مەزهەب یان دەستە و گرووپی خۆیان سەربخەن، ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا نین کە دۆخی عیراق پێویستی بە ڕازیکردنی یەکتری و پێ سەلماندن هەیە. ڕاستە خیتابی زاڵ و ئاشکرای حزبە عیراقییەکان باسی بەرژەوەندییە باڵاکانی عیراق و خەڵکەکەی دەکات. بەڵام حوکمێکی قورس نادەین ئەگەر بڵێین: مەبەستیان لە عیراق ئەو (عیراقەیە) کە خۆیان دەیزانن، نەک ئەوەی هەموو لایەک لەسەری کۆکن، وەک نیشتمانی کۆکەرەوەی خواست و بەرژەوەندییە جیاجیاکانی گرووپە پێکهێنەرەکانی. دوور نەڕۆین لایەک کە دەزانێت تاجی حوکمی کەمینەی لەدەست دەرچووە، یان دژی هەڵبژاردنە، یانیش داوادەکات دیاردەی پشکی تایەفی ڕەگەزیی نەمێنێت، لەمەشدا مەبەست ئەوەیە کاغەزەکان هەروا تێکەڵ بن، بەڵکو تایفەکەی وی لەوێوە دزە بکات بەوەی لەگەڵی نەکەن کە هەشتا ساڵە ئەوان بەعیراقییەکانی تری دەکەن.

لەولاشەوە زۆرینەی مەزهەبی عیراق بەدڵ و بەگیان دەخوازن هەڵبژاردن هەربکرێت و ئەگەر پێویستیشیکرد لەجێی سەرژمێری نەک بیتاقەی بایعی، بەڵکو ئیجازەی سایقیش بەکاربێت لەناونووسکردندا. ئەمانە پەلەیانە هەڵبژاردنێکی ڕاگوزەی بکرێت کە حاکمییەتیان بۆ مسۆگەر بکات و ئیتر عیراقی داهاتوو بەوڕەنگە ڕەنگڕێژ بکەن کە خۆیان ئارەزووی لێدەکەن.

بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان خولیای تەیاری شیعییە لە عیراقدا.

ئەمەش ئەو ناوەنــد و لایەنــانەش دەگــرێتەوە کە تارووخــانی پەیــکەرەکەی ســەدام لەگۆڕەپـانی فیردۆسـدا هاوپەیمـانی کـورد و هێـزە دیموکراتخوازەکـانیش بـوون، بـۆیە دوا لێـدوانیان بەو ئاراسـتەیەیە کە نـاچنە هـیچ هاوپەمـانییەکەوە ئەگەر پتـر لە پەنجایـان بـۆ مسۆگەر نەکات.

بەم پێیە کوردیش دەبێ زوو بکەوێتە خۆیی و زۆر لە ئاستی یادەوەرییە هاوبەشـەکانی تێکۆشــانی پــێش ڕووخــانی ســەدام نەوەســتێت، نەخــشە سیاســییەکەی عیــراق و بەرژەوەندییەکان گۆڕاون. گرنگە کورد بزانێت لەگەڵ کێ دەچێتە هاوپەیمانییەوە؟ ئەوانەی لەگەڵیـان دەچێـتە لیـستی هەڵبـژاردنەوە ئامـانج و بەرنامەیـان چیـیە و ئایـا لەکوێـدا مەیلـی پاوانخوازییـان هەیە..؟ ئەگەر لەگەڵ کـوردن تاچەنـد هێـزی سـەپاندنی بەرنـامەی هاوبەشـی عیراقـی دیمـوکراتی و فیـدراڵیا ن هەیە..؟ ئەمە بەتـایبەتی بـۆ هەڵبـژاردنەکەی (عیـراق) لەکەرکوک و خانەقین و بەشە کوردستانەکەی دەرەوەی هەرێمش بایەخی خۆیانیـان هەیە، چونکە وەک دیارە ئێستا هێزە مەزهەبییەکانی شیعە، چاوشارکێ لەگەڵ شیعەی تەعریـب و شیعە تورکمانەکان دەکەن. دووریش نییە سبەی نـاکۆکییە مەزهەبییەکان لەگەڵ تورکمـانی سوننە بخەنە لاوە و بەهەموویان کوردی داماو لاتەریک بکەن.

ئەگەر ئەم گەلەکـۆمەکێیەی لەدژی کەرکـوک دەکرێـت لەهەڵبژاردنـی شـارەوانییەکانی کەرکوک سەرنەگرێ، ئەوا ڕەنگە بتوانن لەئاستی عیراقدا سەری بخەن، چونکە وەک چـۆن کوردی هەرێم قوڵایی هێزن بۆ عەرەبی تەعریب لەکەرکوک، باتەنانەت بوونیشیان لەوشارە ناشەرعی بێت لەباری نیشتمانی و ئایینیشەوە.

ژ: 3509 – 2004/10/25

# مەسەلەی سڵقاوەکە

پێشتر کوردی تر ئیفادەی داوە کە داگیرکەرانی کوردستان کەرکوکیان لەبەر نەوتەکەی دەویێت،یـان هەروەکـو لە (ئەدمـۆنز)ی دەگێـڕنەوە ’ڕۆژێـک دێـت ئەم کوردسـتانەی بە عیـراقەوە لکێنـراوە بە سەربەسـتی بڕیاری چارەنووسـی خـۆی دەدات، بـۆیە دەوڵەتـی عیـراق هەوڵـی ئەوە دەدات زۆرتـرین پانتـایی لە خـاکی کوردسـتان تەعریـب بکـات و بیکـات بە حەڵاڵی عەرەب پێش ئەوەی کورد لەم دەوڵەتە سەرکوتکەرەی عیراق هەڵبێت.

هەڵـبەت خـاکی بە پیتـی کوردسـتان لە کەرکـوک و نـاوچە نەوتییەکـانی تـرەوە دەسـپێدەکات،یان بەلانـی کەمەوە تـا ئێـستا وابـووە و ڕەنـگە لەمەودوا زۆر شـوێنی تـریش (نەوتاوی) ببن و بەو پێیەش ئاگری شەڕی کورد لەگەڵ شۆڤێنییەکان خۆشتربکەن.

تا ئێستا پاوانخوازی دەسەلاَت هەر چاوی لە کەرکوک و ناوچە نەوتییەکانی تر بووە، بۆیە ئەو هەموو شەڕ و گێژاوەیان لەسەر کەرکوک بەرپا کردووە.

تەعریبکارانی کەرکـوک، چـونکە خۆیـان چاویـان لە نەوتـی کەرکـوکە و بـۆ تەمـاع نەک گوایا لەبەر خۆشەویستی (عیراقون موسەغەرەکەی) خۆیان دەستبەرداری نابن.

وادەزانـن کـوردیش هەر چـاوی لە نەوتەکەی کەرکـوکە بـۆیە دەیەوێـت بیخـاتە سـەر کوردسـتان. سـتراتیژزانە ژیرمەنـد و بـێ وێنەکانیـان ئەویـشی دەخەنە سـەر گـوایە کـورد نەوتەکەی کەرکـوکی بـۆ گەرمکردنـی ئـاگری دەوڵەتە کـوردییەکەی خـۆی دەوێـت. وەک بڵێیت هەموو دەوڵەتە سەربەخۆکانی دونیا لەسەر دەریاچەیەک نەوت دانیشتوون..!

بێ ئاگا لەوەی کورد لە زەمانی دیکتاتۆری سەدامدا دوانزە ساڵ لەناو سەرما و سۆڵەی زستانی گەمارۆدانی ئابووریی بەعسدا سەربەخۆ ژیاو ئامادە نەبوو لەبەر نەبوونی نەوت و کەمیـی سـووتەمەنی ملـی بـۆ دیکتـاتۆری ناوەنـد کەچ بکـات. بـێ ئاگـا لەوەی کە ئەگەر مەسـەلەی کەرکـوک چارەسـەر نەکرێـت ئەوا ئەنگێزەیەکی بەهێـزی پەرەسـەندنی گیـانی سـەربەخۆیی لەنێـو کـورددا پەیـدا دەبێـت، کـورد دڵـی کرمـێ دەبێـت لە عیراقـی نـوێش و تێدەگات کە ئەمیش وەک عیراقی کۆن نیازی خراپە، بۆیە بەدەم و دەست کەرکوکی لای خۆی هێشتۆتەوە.

لە ڕاسـتیدا عەرەبەکـان لە چـاوی خۆیـانەوە سـەیری تێڕوانینـی کـورد دەکەن لەسـەر کەرکـوک، خۆیـان کەرکوکیـان بـۆ تەمـاعەکەی ویـستووە، وادەزانـن کـوردیش هەروایە. ئەم بیروڕایە ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێکی تر پووچەڵەیی خۆی سەلماندووە، چونکە وەک گوترا

کوردستان، نەک تەنها کەرکوکەکەی هەموو سەر ئەرز و بن ئەرزەکەی خاکی خێر و بەرەکەتە، جگە لەوەش سروشتی مرۆڤەکان وایە ئەگەر تامی سامان و دەستکەوتێکیان نەکردبێت زۆر خۆیانی پێوە مەژخوولْ ناکەن، چونکە لە بنچینەدا تەسەوری ئەوە ناکەن قەبارەی ئەو دەستکەوتە چۆنە تا ئەندازەی مەحرومییەتی خۆیانی پێ بپێون..؟ جا بۆیە ڕەنگە بە هەڵەدا نەچووبم کە کورد پێی خۆشە نەوتەکەی کەرکوک دوابڕاوبێت ویەک چۆڕی تێدا نەمێنێت، چونکە خێری لەو نەوتە نەبینیوە و سەروەت و سامانی خۆی بۆتە باعیسی چەوسانەوە و داگیرکردنی بەشێک لە وڵاتەکەی. دەی سا، یاخوا، یەک قەترە نەوت نەدەما ئەوجا بێگانان تەماعیان لە کەرکوک نەدەکرد و بووکی خۆمانیان دەناردەوە ماڵە باوان. ئەگەر نەوتی کەرکوک نەما کەس شەڕی لەسەر ناکات، چونکە تەنها سەروەت و سامانی (سڵقاوەکە) دەمێنێتەوە و مەسەلەی توتنەکە دەبێتە مەسەلەی سڵقاوەکە.

ئەو دەم کەرکوکییەکان لە باوەشی گەرمی دایکی نیشتماندا (بەو سڵقاوە ترشاوە، کوڵێ مەمنوون و ڕازین)..!

ژ: 3507 – 2004/10/25

# بادیموکراتەکان دەربچن

دەزانم لەم هەلومەرجەی عیراق و کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر کوردستان، کوردی ئەمریکایی کە مافی دەنگدانی هەیە و کوردی دۆستی ئەمریکاش کە مافی دوعای خێری هەیە، دەنگیان دەخەنە پاڵ لایەنگرانی حزبی کۆماری و بەدڵ و بەگیان دەخوازن سەرۆک بوش دەربچێتەوە.

ئەو کوردە کەمەی لەئەمریکا هەن و مافی دەنگدانیان هەیە هەروادەکەن و ئەوەشی لەو وڵاتە دەژی و هێشتا نەبۆتە خاوەن ناسنامەی ئـەمریکایی لەهەفتەی هــەڵبژاردندا، خۆی بەخەمی بوشەوە مژول دەکات.

کورد لە کوردستانی عیراقیش لەگەڵ مارێنزەکانی مافی دەنگدانیان هەیە و دەگوترێت هاوسۆزی کۆمارییەکانن، ئەوانیش هەرچاو لەرێی دەرچوونەوەی بووشن.

هەموو لایەکیش هەقی خۆمانە:

سەرۆک بوش گەورەترین دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەدونیادا بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت، لەناوبرد، سەدامی ڕوخاند و لەگەڵیشیدا کوردستان، عیراق، ناوچەکە و جیهان لەهەڕەشە و مەترسییەکانی فاشیزمی نوێ ئیسراحەتیان کرد…

کورد بەقەدەر حەجێک دوعای خێریان بۆ بوش کرد. ساڵ و نیوێکە کەرکوک رزگارکراوە، کەچی ئێستاش دروشمەکانی رۆژانی سەرەتای رزگاری ئەوشارە تەعریبکراوە کە بریتی بوون لە (سوپاس بۆ ئەمریکا و بوش)، (سانکیو میستر بوش) و دەیان ئاماژەی بەرزکردنەوەی وێنەی هەرماون و دەست دەدەن ببنە باس و خواس بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و وەک بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەوەی بوش بەکار ببرێت..

بوش و سوپاکەی نەبوایە، نەک ئێمە لەبەعس رزگارمان نەدەبوو، بەڵکو تۆومان لە کەرکوک دەبڕایەوە و تاریق عەزیز وتەنی مەگەر وەک ئەندەلوس هەر فرمێسکی بۆ بڕێژین… ئەگەر بوش و سوپاکەی نەبوایە عەرەبی عیراقی نوێش دەیانخواردین و ئەو فیدراڵییە ناجێگیرەی هەشمانە دەکەوتە بەر ڕەشەبای فیدراڵیزمی قەزا و ناحییەکانەوە..

لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت هەڵوێستەیەک بکەین لەم هەڵبژاردنەدا. با گریمان (5) ملیۆن کوردی عیراقی و هەموو کوردی هەموو شوێنێک مافی دەنگدانمان هەیە کەماقوولە هەموومان، هەموو هێلکەکان بخەینەیەک سندووقی دەنگدان، بپوورن یەک سەبەتەوە..؟

یانی ئێمە بۆچی کەشێکی وا سیاسی بخولقێنین کە پێمان وابێت بیٚ دەرچوونەوەی بوش هەموو شتەکانمان لەدەست دەدەین..؟ پێموایە شتێکی لەبابەت ئەوەمان تووش بوو کاتێک ئیدارەی کلنتۆن بەهەردوو خولی حوکمڕانییەوە بووە دۆستێکی نزیکی کورد و وامانزانی ئیتر ئەگەر ئەلگۆر دەرنەچیٚ دۆخەکە خراپ دەبێت، کەچی سەرۆک بوش هات و ئەم هەموو دەستکەوتانەی بۆ بەدەستهێناین. کیٚ دەڵێت ئەگەر پاڵێوراوی دیموکراتەکان جۆن کیری دەربچێت ئەویش کۆمەڵێک سیاسەت ناگرێتە بەر کە دەستکەوتی تر بۆ کورد کەڵەکە بکات..؟

ئێمە بۆچی پێشکەوتنی شێنەیی پرسی کورد لەمبارەیەوە لەبەرچاو ناگرین کە، ئەگەرچی شێنەییش بێت، بەڵام هەیە و کاریگەری خۆی هەیە...؟

بۆچی پێمانوایە سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانێکی ڕادیکاڵیی ئەوتۆ بەخۆیەوە دەبینێت، کە کیری پێچەوانەی ئەوە بکات کە بوش کردوویەتی..؟

بەندە پێم وانیە لە خووتوخۆڕایی پاڵێوراوی دیموکراتەکان لەخۆمان زیز بکەین و لەدژی بچینە سەنگەرەوە. کابرا هیچی بەرامبەر نەکردووین، بۆچی دەنگ لە دژی بدەین و دواجار بیبیستێتەوە کە ئێمە لێی چووین بەقیندا..؟

بۆیە لەم گۆشەیەوە بڕیارمدا دەنگ بە کیری بدەم نەک لەداخی سەرۆک بوش، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەگەر دیموکراتەکان دەرچوون شتێکی تێدا بهێڵنەوە، جا ئەی پێنج ملیۆن کوردەکەی عیراق و خوێنەری بەڕێز جەنابیشت ئەگەر بوش دەرچووەوە چاوتان لەبەندە بێت تا بەشێنەیی بایدەمەوە بەلای کۆمارییەکان، بەڵێنیشتان دەدەمیٚ ئەگەر دیموکراتەکان دەرچوون ئەوا لای (سەرۆک) کیری شەفاعەت بۆ هەمووتان دەکەم و کوردە فەقیرەکە لەهەردوو جەژنەکە بەهرەمەند بێت..

ژ: 3513 – 2004/11/1

# ئەو پارەیەشمان فت..!

هەتـا ئەم سـاتەوەختەی ئەم گۆشـەیەی تێـدا دەنووسـم سـەروەت و سـامانی کـورد بەهەدەردەچێـت و لەخـاوەنە ئەسـڵییەکەی، کەخەڵکـی کوردسـتانە، دەشـاردرێتەوە. کەچـی بەوحاڵەشەوە نەوەستاون و وەک دەردەکەوێت پارەی کاش و سامانی دیکەشمان لێدەخۆن. سـەرۆک غـازی عەجیـل ئەلیـاوەر بەم دوایـیە بەوەفـدێکی کـوردیی کەرکـوکی گوتـووە کەسەردانیان کردووە:

پێش تەواوبوونی کارەکانی (CPA) (180) ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارەکان تەرخـانکراوە، کەچـی پـارەکە دیارنەمـاوە.. (CPA) دەڵێـت لەوەزارەتـی دارایـیە و دارایـیش دەڵێت لای من نییە..!

بایەکشەممەش بچێـتە سـەر شـەممە و ئەو پارەیەشـمان بچێـتە تۆمـاری مـاڵ و مـوڵکی بەهەدەردراوی کوردستانەوە. دەوڵەتی گەورە و زەبەللاحی عیراق بەپارەی نەوتی کەرکوک لەسـەردەمی پادشـاییدا بـووە دەوڵەتێکـی مـۆدێرن، خـوا پـێم نەگرێـت نەسـریەی سـوپای بەریتانیا، بەمووچەی سەربازە هیندییەکانیشەوە، کە لەعیراق و ناوچەکە وزەی تیشکدانەوەی خـۆری ئەو ئیمبراتۆرییەتەیـان دابـین دەکـرد کە خـۆری لـێ ئـاوا نابێـت، ئەویـش بەشـە سەنگینەکەی لەنەوتی خۆمان دابین دەکرا. سوپای عـروبە لـە هەردوو دەورەی حـوکمڕانی بەعس کە شەڕی کوردستان، شەڕی سەرکوتکردنی خەڵکی عیراق، شـەڕی ئێـران و کـوێتی کرد، بێ خەم لەتێچووی سەرچڵییەکانی سەدام ملی بەشار و وڵاتـانەوە دەنـا، چـونکە پـشتی پێوە نەدەیەشا ویەدەگی نەوتی کەرکوکی لەبەردەست بوو.

ڕۆژنامە و گۆڤارە ڕووڕەشەکانی تاراوگە وەکو قودسی عەرەبی و وەتەن عەرەبی و نـازانم چیتـری عەرەبـی، شـەوە سـوور و پەمەییەکـانی ڕۆژنـامەوان و ڕوونـاکبیرە قەڵەم و ویـژدان فرۆشەکانی دونیای عەرەب، کۆبۆنەکانی نەوت و بەرتیل خواردنەکانی حزبی شیوعی ڕوسیا و چەنـد کاربەدەسـتێکی ڕوسـیا و ڕۆژئـاوا و گریـسی هەڵـسووڕانی جیهـازە بیرۆکراسـییە ژەنگهەڵگرتووەکەی کوفی ئەنان و بینۆن سیڤان، هەرلە داهاتی نەوتەکەی کەرکوک دابین دەکـرا. لەسـەر عەرەبـانە شـەق و شـڕەکەی دەیـان مـام زۆرابـی گەڕەکە کوردییەکـانی کەرکوک، کەنەوتیان دەفرۆشت، لە تەنیشت (لان شکرتم لازیدنکـــم)ەوە دەنوسرا (نەوتی خۆمان بۆ خۆمان). خودایە شوکر بۆ بەشت نەوتی خۆمان نە بۆ مام زۆراب و نەبۆ خۆشمان بوو..!

عیراق و کەرکوکی کوردستان ڕزگاریبوو. ئیبراهیم بە حر ئەلعلوم هات و غازی تاڵەبانی شەهید کرا و بۆرییەکانی نەوتی کەرکوک کەوتنەوە گەڕ، کەچی کەرکوک هەرگەرما و دووکەڵی بیرە نەوتەکانی بەنسیب بووە. هەندێک چەکداری عەشایەری عەرەب گوایە بۆرییەکان دەپارێزن لەپارەی نەوتی کەرکوک مووچەی پاسەوان وەردەگرن، هەندێکی تر لە پارەی بلۆککراوی پێشتری نەوتی کەرکوک پارە لەپاشماوەکانی ڕژێم وەردەگرن بۆ تەقاندنەوەی بۆرییەکان. نەوتەکە بەڕێی خۆیدا دەگاتە بازاڕی جیهانی، هەرپارەی کوردستانە بەهەدەر دەدرێت، نەوتەکە ناگا وبۆرییەکە دەتەقێتەوە هەرپارەی کوردستانە بەهەدەر دەچێت.. دەزانم شەڕی ڕزگارکردنی عیراق بۆ نەوتەکەی نەبوو، بەڵام دەترسم مەرەکەبی هەڵبژاردنی دیموکراسیی عیراقیش لەنەوتی خۆمان بێت.

سەرەنجام عیراقی پاشایی لەنەوتی خۆ بێبەشی کردین، عیراقی پێشوو بەنەوتی خۆ ئەنفال و کیمیابارانی کردین، عیراقی نوێیش لەزمانی سەرۆکەکەیەوە پێمان دەڵێت پارەیەکتان هەبوو سەری تێداچوو..

ژ: 3515 – 2004/11/3

## گێمی دووەم

شوان ئەحمەدی نووسەر و هاوڕێم تەلەفۆنی بۆ کردم تا پێم بڵێ: پاڵێوراوەکەی تۆ، جۆن کیری، دەرنەچوو. سەرۆک بووش جارێکی تر متمانەی خەڵکی ئەمریکای بەدەستهێنایەوە. ڕاستی کرد، هەفتەی ڕابردوو گوتم بەندە دەنگ بەکیری دەدەم تا کوردێک هەبێ لای دیموکراتەکان شەفاعەتمان بۆ بکات، لەکاتێکدا لەهەمـوو کوردستان و لای کوردەکانی هەندەرانیش بەدڵ دەنگ بۆ بووش درابوو، ڕەنگە لە کەرکوک تۆزێک ڕەوشەکە جیاواز بوو بێت کورد لەگەڵ بوش و عەرەبی تەعریب لەگەڵ جۆن کیری بوو. ئەمەش نەک بەو مانایەی کیری هانی تەعریب دەدات، بەڵکو چونکە تەعریبکارانیش هەمان ئاواتی عەمرو موسایان هەبوو: دەرکردنی بووش و دەرچوواندنی کیری. لەبەختی من بۆیەکەمینجار بەختی کورد هێنای و ئەوە دەرچوو کە کورد حەزدەکات دەربچێ. ئایا ئەوە نیشانەیە کە ئیتر ئەم میللەتە داماوەش ئاواتە داخوازراوەکانی دێنەدی و هەرچی بوێ ئەو دەردەچێت؟ بۆ وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارە دەبێ چاوەڕێی خولی دووەمی سەرۆکایەتی بووش بین داخۆ بەرنامەکەی چییە..؟ فایلی عیراق چۆن ڕێکدەخاتەوە و لەنێو ئەو فایلەشدا چەند لاپەڕەیەکی کوردی داماو چی لێدەکات؟

یەکەمین هەنگاو کەنەخشەی سیاسەتی تازەی بووشمان بۆ دەردەخات هەڵوێستی ئەوە لە ئاستی هەڵبژاردنەکانی عیراقدا. ئایا بە هەمان گوڕ و تینی پێش هەڵبژاردنەوەی ئەمجارەی لە گەڵ هەڵبژاردنی عیراق مامەڵەدەکات و دەخوازێت بەزوویی لەوادەی خۆیدا بکرێت؟یان ئەو زەوقەی جارانی نامێنێ و بۆ تین و تاوی عیراقییەکان جێیدێڵێ؟یاخود ئەو واوەتر لە مەسەلەکە دەڕوانێ و ستراتیژی دامەزراندنی عیراقێکی نوێ دەگرێتە بەر بەوجۆرەی بۆ هەتا هەتایە ڕەگی ستەمکاری و دکتاتۆری تێدا نەهێڵێ کە کورد لەو ستراتیژەدا قازانجی دوور مەودا دەکات و دووقاتی ئەوەی چنگ دەکەوێ کە دەشێ لەپرۆسەیەکی دیموکراسی ئاسایی وەک هەڵبژاردنی شێوە عیراقییانە چنگی بکەوێت؟ دەگوترێت سەرۆک بووش لەگێمی دووەمی یارییەکەدا دەستی واڵاتر دەبێت و بێمنەتانە سیاسەت دەکات.

بەڵام هاوەڵێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکاش چاکی پرسیبوو ئایا هەرئەم دەست واڵابوونە خۆی نابێتە باعیسی ئەوەی بووش پشت بکاتە کوردەکان و حیساب بۆ ڕازیکردنی زۆرینەی عەرەب و کەشوهەوای ئیقلیمی دژ بەکورد بکات؟ لەڕاستیدا ئەمە سیاسەتە،

وەک تۆپی پێ خرە و کەس زامنی گێمی دووەمی ناکات مەگەر هێڵێکی بەرەنگاری تۆکمە بووبێت. ئەگەر نەشتوانێت بەر بەبوومەلەرزەکان بگرێت ئەوا هیچ نەبێت گۆڵبەرینەکانی ژێر تەلاری ئەم بزوتنەوەیە بتوانێت دوای دوو و سێ تەکان خۆی بگرێتەوە، هەروا بەپێوە بێت، ئەمەش کرۆکی باسەکەیە.

دەبێت بەلانی کەمەوە کورد لەساسەتی عیراقیبانەی ئەمریکادا بایی ئەوەندە کاریگەری دابنێت کە بێ ئەو هیچ چارەسەرییەک، هیچ هەنگاوێک، جێی خۆی نەگرێت. هەڵبەت بەگشتی خۆشە کە سەرۆک بووشیش ئەم دەست والایە بەقازانجی چارەسەرێکی بنەڕەتییانەی فایلی عیراق بخاتە کار، چونکە لەماوەی دوای یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا هەندێک سیاسەت پەیڕەو کران کە مەبەست لێی بەنجکردنی ڕەوشەکە بوو تا داستانەکەی (11/1)ی دەبڕێتەوە، دەنا ئەگەر نەشتەرگەری بۆ عیراق بکرێت سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، ئەوا دواجارخەڵک هەمووی دەحەسێنەوە و عیراقیش دەبێتە وڵاتێکی دیموکراتی، فیدراڵی، بێتەعریب و تەرحیل، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا ئەگەر بووشیش بۆی نەبێت خۆی کاندید بکات ئەوا دەنگ بدرێتە هەرکۆماریخوازێکی تر، چوار ساڵ ماوەیەکی باشە بۆ تەواوکردنی شەڕی تیرۆر و گۆڕین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەوێدا چوار مانگی بەسە بۆ مەسەلەی عیراق.

ژ: 3519 – 2004/11/8

# دینی تەعریب..!

نەفسێکی (دینی) لەنێو تەعریبکارانی کەرکوکدا پەیدابووە کەمرۆ زیرەکییەکی زۆری پێناوێت تا تێبگات مەبەستیان لێی حەلالکردنی مانەوەیانە لە کەرکوک، لەم ڕووەوە ئایینی ئیسلام بۆتە ئامرازێک نەک تەنها بەدەست تیرۆریستان و توندڕەوەکانی گرووپە ئیسلامییەکانەوە، بەڵکو بۆتە ئامرازێکیش بەدەست تەعریبکارانەوە تا داگیرکردنی ماڵوموڵکی خەڵکی پێ حەلال بکەن.

ئایینی ئیسلامیش وەک ماڵوموڵکی کوردی لێقەوماوی کەرکوک لەلایەن ئەوانەوە داگیرکراوە و پێویستیی بە ڕەهاکردن هەیە. لەگەڵیان قسە دەکەیت خاکی خەڵکی تر جێبهێڵن، دەڵێن: "ئێمە هەموو موسوڵمانین و برای دینی یەکترین. بەوەشەوە ناوەستن کورد قەرزار باردەکەن گوایە وەکو ئەوان جیهاد لەدژی ئەمریکا ناکەن..!

خاوەن تاکسییەکی کەرکوک بۆی گێڕامەوە کە نەفەرێکی تەعریب پێی وتووم: "کورد بۆ دەستی لەگەڵ ئەمریکا تێکەڵکردووە..؟ هەقە کوردەکان کەموسڵمانن هاوسەنگەری عەرەب بن لەدژی داگیرکەری کافر..". کوردی کاسبکار پێی وتووە: برا ئێمە بەشی خۆمان جیهادمان کرد. ئەنفالکراین و قڕکراین، برا موسڵمانەکانمان لەکوێ بوون..؟ ئەمجارەش وەک جاران دواتان کەوین خوا دەنگرێت..!

بێگومان سووڕی تاکسییەکی ناوشار هەر ئەوەندە دەرفەتی گفتوگۆ دەدات، دەنا دەبووایە بەو (موجاهیدە)و ئاغاکانی بوترێت: ئەگەر قسە لەسەر (داگیرکردنە)، ئەوا مەعلومە کوردەکان کێ داگیری کردوون و کێ ڕزگاریکردووە..؟ بەو حاڵەشەوە ئەوەندەی عەرەب لەڕزگاریی عێراق کەڵکیان وەرگرتووە کورد هێشتا چاوەڕێی نۆرەی خۆیەتی..!

ئەم (نەفسە دینییە) لەزۆر شوێنی کەرکوکدا هەیە. (هەموومان موسوڵمانین) دروشمی سەرتاپای تەعریبچییەکانی کەرکوکە تا خۆیاتی پێ بپەڕێننەوە. کوردەکان کافرن، چونکە هاوپەیمانی ئەمریکان.. کەواتە دەبێت سەربڕدرێن نەک زەویوزاری داگیرکراویان بدرێتەوە..! ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە. ئەوانەی دوێنێ لەسایەی حزبێکی قەومیی توندڕەوی بەناو عەلمانی و بەناو سۆشیالیستیی وەکو بەعسدا دەستیان بۆ ڕزقی حەرام برد و بەقسەی سەدام هاتنە کەرکوک و بەقسەی ئەو ئەفسەر و سەربازەکانیان نارد تا مزگەوت و قورئانی گوندە کوردییەکان بسووتێنن، ئەمڕۆ لەژێر پەردەی ئایین وفەرموودەی جیهاددا دەیانەوێت حەرامەکەیان حەلال بکەن..! کورد دەبێت زۆر وریای ئەم یارییە تازەیە بێت و بە مەنتیقی

سیاسەت و دین، شەرعی خوا و شەرعی خەڵکی سەرزەویی بەرەنگاریان ببێتەوە. دەبێت دیندارەکانی تەعریب چاک بزانن نوێژیان لەو شوێنە حەرامە کە داگیریان کردووە. ئەو ڕزق و زەویوزارەیان لێ حەرامە کە لەبرای موسڵمانی خۆیان دزیویانە. ئەمە شەرعی ئیسلام بۆ خافڵاندن و بەرەنگاریی ڕاستیی درەوشاوەی کوردستانێتیی کەرکوک، هیچ نییە جگە لەتاوانێکی سەربازی تاوانەکانی تەعریب، ئەوانەی تەعریبی کوردیان کرد دەستیان لەکاری خوا وەرداوە کە بەشێکی لەعەبدی خۆی بەم شێوەیە دروستکردووە کە کوردبێت، بەشێک لەسەر زەمینی خۆی، لەوانەش کەرکوک، بەو بەندانەی خۆی بەخشیوە کە بەڕێکەوت کورد و تورکمان و ئاشوورین. ئەوی ئەم وەزعەی شێواندووەو دەشێوێت وەزعی شێواوی بەعس بپارێزێت، ئەوا سەنگەری بەعسە نەک موجاهیدی دژی ئەمریکا، دواجار زانای بەناوبانگی عیراقی (د. عەلی وەردی) چاکی گوتووە: هەموو ئیدعادەکەن کە لەگەڵ خودان، بەڵام خوا خۆی لەگەڵ کێیە..؟

بەوە نییە کە تەعریبکاران ئایاتی قورئانییان بۆ جیهاد لەدژی کورد پێیە، بەڵکو بەوەیە کە کێ زوڵمی لەکێ کردووە و ئێستاش زوڵم لەئیسلام دەکات بەوەی کاری دونیایی بەقسەی دینی پاساودەداتەوە..!

ژ: 3521 – 2004/11/10

# مووی تەعریب..!

دواجار هێزە عێراقییەکانی کە تائێستا تاڵەدەزووی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ کورد نەپساندووە بەوە ڕازیبوون هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دوابخرێت بۆ کاتێکی تر. کاتێک کە کەمێک دادپەروەریی بۆ خاوەنانی ڕەسەنی شارەکە دابین بکات تابتوانن خاوەنداریێتیی لەئایندەی شارەکەی خۆیان بکەن، ئەوانیش بەئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک لەڕێی جێبەجێکردنی برگەی (58)ەوە بەدیموکراسی، دەنگ بۆ پێکهاتنی ئیدارەی پارێزگا و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کەرکوک بدەن.

هەڵبەتە ئێمە لەجەرگەی پرۆسەیەکی نوێی سیاسیداین لە عیراقدا، پرۆسەیەک ڕێدەدات بە کورد کە لەهەر وێستگەیەکی ڕەوشی سیاسیی ولاتدا کارتەکانی گوشار و سیاسەتی کوردستانییانەی خۆی پیادەبکات: دوێنێ لەسەروبەندی پێکهاتنی حکومەتی ئینتیقالدا، ئەمڕۆ لەسەروبەندی هەڵبژاردن و سبەینێیش لە شەڕی جێگیرکردنی دەستووریی عیراقدا. هەموو ئەم وێستەگانەش دەرفەتی چاکن بۆ کورد تاسیاسەت بکەن و لە کەینوبەینی لایەنە پێک ناکۆکەکانی ڕەوشی عیراقدا ویستە ڕەواکانی کورد بخەنەڕوو. بەم مانایە گوشارهێنان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ناوخۆیی پارێزگای کەرکوک دوابخرێت گوشارێکە لەجێی خۆی و دەبێت کورد تادەست بە جێبەجێکردنی برگەی (58) دەکرێت، پێی لەسەر دابگرێت.

لەبەرامبەردا هێزە عیراقییەکان چۆنە وا بەم داخوازییەی کورد ڕازیبوون..؟ ئایا بۆ دڵڕازیکردنی کوردە تا هەڵبژاردنەکەی عیراق بکرێت و:

- لەلایەک ئەو هەڵبژاردنە قاڵبێکی سەرتاسەریی بەخۆوە بگرێت و

- لەلایەکی تر لەڕێککەوتنی لیست و لیستکاریی هەڵبژاردندا هێزە کوردستانییەکان لەگەڵیان ڕێکبکەون تا لەڕێی ئەم هێزانەوە بەشێکی دەنگدەری کورد دەنگیان بۆ بدات..؟

ڕەنگە بەشێکی ئەم ڕازیبوونە لەبەر ئەوەبێت. بەتایبەتی ئەگەر لەباری هەڵومەرجی گەرمی هەڵبژاردنەوە بێت، بەڵام ئەوە تاکە هۆکار نییە، وایدەبینم هێزە عیراقییەکان کە کەم و زۆر ڕەنگدەرەوەی خواست و واقیعی کۆمەڵگای عەرەبی عیراقن، بەشیعە و سوننەوە، بۆیە بەدواخستنی پرسی کەرکوک ڕازین، چونکە ئەوانیش پێویستییان بە هەلومەرجێکی باشترە تا ئیرادەی سیاسیی خۆیان لەململانێی کەرکوکدا بخەنەگەڕ. کورد لەوە دەترسێت کە عەرەب بەو ڕێژە زۆرە نارەوایەی لە کەرکوکدا هەیەتی ڕێگربن لەدەرچوونی لیستی کوردستان لە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکدا. هەروایشە، لەم دۆخی تەعریبەدا کورد

دەیدۆڕێنێت، کەوابێت دەبێت تەعریب دڵنیابن کە کورد بیدۆڕێنێت عەرەب دەیباتەوە..!
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەرزاییبوونیان کە هەڵبژاردن دوابخرێت دەستبەرداری ئەو بردنەوە ناڕەوایەی ئەمڕۆ بوون. بۆچی..؟

پێموایە، لەبەرئەوەی ئەوان یەکلاییکردنەوەی کەرکوک تەنها لەو پرۆسە دیموکراسییەی هەڵبژاردندا قەتیس ناکەن، ئەوان دەخوازن دوای سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی عیراق و کردنی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عیراق ئینجا بگەڕێنەوە سەر کەرکوک و لە ڕەوشێکی باشتردا ئیرادەی سیاسیی عەرەبی عیراق بخەنەوە کار.

ئەوان دەیانەوێت لەشەڕی ئیرادەکاندا لە کەرکوک هەلومەرجێکی باشتر بۆ خۆیان دابینبکەن. هەلومەرجێک تێیدا بتوانرێت هەرچی دەکرێت پاشەکشێ بە ئیرادەی کورد بکرێت، ئەگەر نا خۆ شەرع ناوێ و ئەم هێزە عیراقییانە دەیانتوانیی ڕۆڵێکی سەنگین لەجێبەجێکردنی بڕگەی (58)دا بگێڕن. خۆ بەشێکی بەرچاوی چارەی کێشەکە لای حکومەتی عیراقە نەک حکومەتی یەمەن..! ئەوانیش نوێنەریان هەیە لەحکومەتی عیراق و زۆربەی پۆستە گرنگەکانیان لەلایە. کۆمەڵگای عەرەبی کەرکوک: بە ڕەسەن و تەعریبکارییەوە، دوای نەمانی بەعس هەرچۆنێک بێت بۆتە پاوانی ئەم حزبە عیراقییانە، هەڵبەتە کەمیان نەبێت کە ئێستاش وادەزانن بەعس ماوە. بۆیە هێزە عیراقییەکان دەیانتوانی لە عیراقی دیموکراسیدا هانی جەماوەری خۆیان بدەن تا بچنەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون و ئەو بڕگەیە جێبەجێبکرێت کە لەسەر گەڕانەوەی دە هەزارییەکانە و پێشوازیی سیاسی و ئیداریی لە گەڕانەوەی ڕاگوێزراوە کوردە هاوپەیمانەکانیان بکەن.

هەڵبەت لێرەدا ناخوازم دڵی حزبە کوردییەکان لەهێزە عیراقییەکان کرمێ بکەم، بەڵام ئەگەر ئەو هێزانە ناخوازن وەک کەرەستەی یەدەک بۆ ململانێی ئایندەی کەرکوک لەگەڵ هاوردە عەرەبەکان مامەڵە بکەن، بۆچی وا لەئاستی گێڕانەوەیاندا خەم ساردن..؟ ئەگەر ئەم ماستە موویەکی تەعریبی تێدا نەبێت ئەدی چییە..؟

ژ: 3529 – 2004/11/24

# جەللادی تەعریب

مرۆڤ بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی لەوەدا خەرجدەکات کە بۆخۆی بسەلمێنێت ئەو مرۆڤێکی چاکە خوازە. ئەم دەستەواژەیەی سەلیم بەرەکاتم لە شوێنێکی دیکەش وەکار خستووە. ئێستا بۆ ئەم باسە لەسەر باسە تەواونەبووەکەی تەعریبی کەرکویش کارم پێیەتی. پان عەرەبیزم لە عیراق و لە وڵاتانی عەرەبیدا حەزی لێیە خاکی کوردستان و خاکی میللەت و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەش، دارفۆرییەکان، باشورییەکانی سودان و خوا پێم نەگرێت خاکی ئەمازیغیەکانیش، داگیربکات، بەڵام بێ ئەوەی ناوی (داگیرکەری) لێبنرێت. ئەوان وا ڕاهاتوون داگیرکەر پرچی زەرد و چاوی شین بێت..! لە واقیعدا ئەگەر زۆری لێکۆڵیتەوە ئەو نەخشە سەوزە بیست و دوو هەرێم لە خۆ گرتووەی سەر قوتووی قرتاسییەی خوێندکارانی سەرەتایی کە بەعس بەسەر خوێندنگەکانی کەرکوکدا دەیسەپاند تا نەخشەی (نیشتمانی عەرەب)یان بخاتە مێشکەوە، وەک سەرابێکی گەورە دەیێتە بەر چاو.

نیشتمانێک لە وەهم کە ناوی وەتەن عەرەبیی لێنراوە و بەلانی کەمەوە دوو بەش لە خاکی کوردستانی (بە ئەمانەت) لای خۆی هەڵگرتووە، کەچی بەشێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی پان عەرەبیزم بۆ ئەوە تەرخانکراوە تا بیسەلمێنێت عەرەب ئەمانەتی کەسی لەلانییە و بگرە قەرزی لای داگیرکەرانی بیانییە و دەبێت ئەوان قەرزی عەرەب بدەنەوە.

لەم سۆنگەیەشەوە کە بەعس وەک سەردەستەی پان عەرەبیزمەکانی هەموو نەتەوە و ئەتنیکەکانی سەر قوتووەکە بە میوانی نیشتمانی عەرەب دەزانێت کە شتی واش لە قوتووی هیچ عەتارێکدا بوونی نییە..!

کەوابێت پان عەرەبیزمەکان بەشێکی زۆری تەمەنی بزووتنەوەکەیان، وەک پاڵەوانەکەی سلیم بەرەکات، لەوەدا خەرج دەکەن کە بیسەلمێنن ئەوان مرۆی چاکن.

پیاو هەق بڵێت ئەمە تەنها خەوی ئەوان نییە: مرۆڤ بە تەبیعەت حەزی لەوەیە خۆی بە قووربانی بزانێت تا جەللاد. قوربانیی دەستی قەدەر، دەستی دوژمنێک کە ئەگەر لەسەر ئەرزی واقیعیش نەبێت لە خەیاڵدانی مرۆڤدا پشکۆی هەمیشە گەشاوەبێت.

تۆزێک یەخەی سەدام ڕاپسکێنیت و قسەی پێ بدرکێنیت پێت دەڵێت: زوڵملێکراوم. دەرکەوتنی مرۆڤ وەکو قوربانییەک با خۆشی جەللاد بێت ئاسوودەیی بەدڵ دەبەخشێت و دەرفەت دەداتە بەنی بەشەر، تا دوای ڕۆژێکی پڕ جەنجاڵی بەد ڕەفتاری و زوڵملێکردن، بپەرژێتە سەر خەوێکی قووڵی بێ ڕاچڵەکاندن.

لەبەرئەوە لە خەیاڵی خۆمدا تەفسیرێکم بۆ ئەوە دۆزیوەتەوە کە بۆچی عەرەبەکانی تەعریب، یان عەرەبیزم لە عیراق و لەنێو ڕەوتێکی بەرفراوانی بزووتنەوەی عەرەبیدا حەزناکەن کورد ئەوەندە باسی تەعریبی کەرکوک و مستەوتەناتەکانی هاوشێوەی ئەوەی فەلەستین بکات و فەلەستینی چۆن هەمان ڕەفتاری (زایۆنیزمەکان) دووبارە دەکاتەوە..؟

بەندە تا ڕاددەیەک ئەمە بە تەفسیرێکی گونجاو دەزانم بۆ ئەو هەڵمەتە چەواشەکارییەی میدیای عەرەبی لەسەر تراژیدیای کورد، کە لە کەرکوک بەڕێوەی دەبات. بۆ ئەمەش ئەگەر خوێنەر دیقەتی دابێت بەشی زۆری ئەو ڕۆژنامەوان و هەڵسوڕاوانەی مەسەلەی کەرکوک لە دژی کورد دەوروژێنن لە بنەچەدا فەلەستینین.

هەر لە عەبدولباری عەتوانەوە تا سامی حەداد. ئەوان گەلێکیان پێ ناخۆشە جگە لە خۆیان هیچ قوربانییەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر دەربهێنێت و بڵێت لێم قەوماوە، دەربەدەر کراوم و لەجێی من خەڵکی دی مستەوتەناتیان چێکردووە.

ئەمەش لە ڕەفتاری سیاسیدا ئاسایی دێتە بەرچاو: قوربانی ئەگەر زۆر تەماهی لەگەڵ جەللادەکەیدا بکات، جەللادەکەی کە جگە لەوەی بۆتە سەبەبکاری ئازار و مەینەتییەکانی، بۆی دەشبێتە مۆدێلێکی باڵا کە شایستەی چاولێکردن بێت..!

ژ: 3533 – 2004/11/29

# کۆدی شەڕی فەللوجە

هەمــوو بزاوتێکــی بڕیارلێــدراو کــۆدێکی دیــاریکراوی هەیە،یــان ئەوی بە زاراوەی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی پێـی دەڵـێن: (کەلـیمەی سـر). واتـا ئەو وشـە نهێنیـیەی سـیحری دەسـتپێکردنی شـەڕەکەی پێـدەکرێتەوە. ڕەنـگە هێـزە فـرە ڕەگەزەکـان و گـاردی نیـشتمانیی عیـراق وشــەی نهێنیــی خۆیــان بــۆ ئەو شــەڕەی فەلــووجە دانابێــت کە بە ئاشــکرا نــاوی ئۆپراسیۆنی (فەجر)یان لێنا و دیاریشە وردەکاریی نهێنیی شەوی شەڕەکە جیاوازە لە فەجری تیـشکدانەوەی سـەرکەوتنی بەسـەر تیرۆریـستاندا، بەڵام ئەوی بـۆ ڕۆژنامەنووسـانی چـاودێر گرنگـە ئەوەیە پـێش دەسـتپێکردنی شـەڕەکە پێـشبینیی ڕوودانـی بکەن و ئاماژەکـانی پـێش گەردەلوولەکە بدۆزنەوە. لێدوانی هەر کام لەلایەنەکانی ململانێی فەلـووجە و شـیکردنەوەیان بەشـێکی ئەو ئامـاژانە ئاشـکرا دەکەن. لەم بـارەیەوە زۆری نەدەویـست تـا بزانرێـت ئیتـر مەسـەلەکە گەیـشتووەتە ترۆپکـی تەقیـنەوە. یەک لەو ئامـاژانەی نەزری تەقیـنەوەکە بـوون لێدوانی محەمەد بەشار ئەلفەیزی وتەبێژی ڕەسمی (هەیئەی عولەمای موسلیمین)ی سوننە بوو کە ڕۆژی (10/31) بۆ ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت دای.

ناوبراو پێش شەڕی ئەم دواییەی فەلـووجە دانی پێدانا کە (بەڵێ چەکداری عەرەب لە شارەکاندان، بەڵام پێبەندبوونی خەڵکی فەللوجە بە ڕاسپاردەکانی ئایینی ئیسلام و سروشتی عەشایەرییان ڕێیان پێنادات تەسلیمیان بکەن.

بەنـدە کە ئەم لێـدوانەم گـوێ لێبـوو گـوتم: کەوابێـت تیرۆریـستانی فەللـوجە و ئەوانەی وەک ئەم کـابرایە داکۆکییـان لێـدەکەن (نـانی شـوانیان خـواردووە) و زەمەنـی لێـدانیان لە ئانوسـاتدایە، چـونکە هەر پـاش دوو قسەی لەم بـابەتەی مەلا عـومەری تاڵیبـان و وتەبێـژی حکـومەتی تاڵیبــان لە ئەفغانــستان، ئەمریکــا شــەڕی دژە تیــرۆری لەو وڵاتەوە بەرپــاکرد. سەرکردایەتی تاڵیبان کە دوای (11)ی سێپتەمبەر داوایان لێکرا ئوسامە بن لادن و گرووپی عەرەباکانی قاعیدەیان تەسلیم بکەن و لەم پێناوەدا وەفد هاتوون و ناوبژیوان چوون، بیانووی دابونەریتی ئەفغانی و ڕێساکانی ئایینی ئیسلامییان هێنـایەوە گـوایە ئیـسلام ڕێـیان پێنـادات ئەوانە تەسلیم بکەنەوە کە هانایان بۆ هێناون و لە وڵاتی ئەوان پەناهەندەن.

تاڵیبان ڕۆشت و تەکلیفی خۆیان ڕۆشن نەکردەوە داخـۆ پەناهـەنـدەی لێقەومـاو کە گـوایە هانای بۆ ئەمارەتی ئەفغانستان هێناوە بـۆی هەیە فـڕۆکە لە ئەمریکا بتەقێنێتەوە و تـاوەری وڵاتی خەڵکی تر بهێنێتە خوارەوە..؟ ئەمارەتی فەللوجە ڕووخـا و نەمـانزانی داخـۆ دابونەریتی

تیرۆریستان بە گوێرەی کام ئیسلام دەچنە ماڵی خەڵکی، بێ ئەوەی ئیزن لە خاوەنەکەی بخوازن و بگرە خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکەش تیرۆر بکەن..؟

کۆدی شەڕی فەللوجە لەو لێدوانەوە ئاشکرابوو کە بیانووی شەریعەت و دابونەریت دەکاتە بەردەبازی پەڕینەوەی تیرۆر لە عیراقدا، لە کاتێکدا خەڵکی ژیر و هۆشیار، مرۆی سەر ڕاست و خواناسی دواجار دەستبەرداری ئەو نەریتە خراپانە دەبێت کە زەرەر و زیانی لێدەدات، ئەگەر وایدابنێین ئەو، نەریتی فەللوجە بووە کە بێگومان وانییە و ئەمە تەنها مەنتیقی تیرۆریستانە دەنا هەقمانە بپرسین شەریعەت و دابونەریتی عەشایەری لە کوێ بوون وەختێک کورد لە کەرکوکەوە دەرکرا و عەرەب لە جێیان دانیشت..؟ دابونەریتی عەشایەری بۆ غیرەت نەیگرت تا داکۆکی لەو کوردانە بکات لە سەحرای عیراقدا نێژران..؟

دابونەریتی عەشایەریی تیرۆریستان لە کوێ بوو وەختێک کورد کوشتن لە فەللوجە و لە سێگۆشەی ناجێگیری عیراق بۆتە نەریتێکی ڕۆژانە..؟

ژ: 3527 – 2004/11/22

# مەسەلەی کوردە و لە کورد قەوماوە

بێگومان هیچ مەسەلەیەکی سیاسی لە هیچ شوێن و زەمانێک لە دۆخی دەوروبەری خۆی و ئەو هەلــومەرجەی کــاری لێــدەکات بەدەرنیـــیە. بـــزوتنەوە سیاســـییەکان وەک هەر دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی مەحکومن بە زەمەن و زەمینی خۆیان، بەڵام بێگومان بزوتنەوە سیاسییە ڕەسەنەکان، چونکە هۆکاری دەرکەوتنیان هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتیی جیددین، بۆیە ئەوی لێیان چاوەڕێدەکرێت ئەوەیە کە کەسێتی و قەوارەی سیاسیی پتەو و جێگیـری خۆیـان هەبێـت. خۆیـان لەخۆیانـدا شـت بـن، کـاراکتەرێکی سـەرەکیی جـووڵە و هەڵـسوڕانی دۆخـی سیاسـیی زەمەنـی خۆیـان بـن. ئەمەنـدەی دەوروبەر کاریـان تێـدەکات ئەوانیش کاریگەری لەسەر دەوروبەری خۆیان بەجێبهێڵن.

بـزوتنەوەی کـوردایەتی یەک لەو بـزوتنەوە ڕەسـەنانەیە کە خـاوەنی کەسـێتی و قەوارەی سیاسـیی خـۆیەتی، چـونکە لە بنچیـنەدا مەسـەلەی کـورد و کوردسـتان، بەو شـوێنەی لەنێـو هاوکێشەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیەتی، مەسەلەیەکی گەورە و هەستیارە و مەگەر هەر بە بزوتنەوەیەکـی سیاسـیی ڕەسـەن و کەسـێتیدار ئیـدارە بـدرێت. بـزوتنەوەی کـوردایەتی بزوتنەوەیەکی مێژووکردە، گوزارشت لەو ناکۆکییە دژوارەی نێو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری دەکات، کە کۆمەڵێکی داگیرکراوە، گەلەکەی خاوەنداریتیی بەسـەر کوردستانەکەی خۆیـدا نیـیە و لەم نـاکۆکییەوە بـزوتنەوە هەیە بـۆ ڕاسـتکردنەوەی بـارێکی لەنـگ بـۆ چارەسـەری نـاکۆکییەکی جەوهەری. بزوتنەوەیەکـی وا مێژووکـرد فـاکتەری دیـکەی وەک ئایـدیۆلۆژیا، ڕەوتـی سیاسـیی بـاو و هێزگەلـی ئیقلیمـی و نێـودەوڵەتیی هەمیـشە گـۆڕاو کـاری تێـدەکەن. هەنـدێکجار گەشـەکردنی پەکـدەخەن و هەنـدێکجاری تـریش دەبـنە باعیـسی پێـشکەوتنی، بەڵام هەرگیز نـاتوانن وەک فـاکتەرێکی سـەرەکی و دوا بڕیـاردەر لەڕێـی خـۆی لایبـدەن، کە ڕێـــی گەیـــشتنە بە ئامانجەکـــانی ڕزگـــاریی نەتەوەیـــی و نیـــشتمانی جـــا بەهەر قەوارە و ناونیشانێکەوە بێت.

بەڵام من بۆ ئەم بەدیهیاتانەی نێو ئەدەبیاتی کوردایەتیم، کە سەرەتای جێگیـرن، هێنـایە نێو ستوونێکی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانەیـیەوە؟ ستوونێک کە دەبێت قسە لەسـەر شـتی سیاسـی ڕۆژانە و هەمیشە گۆڕاوبکات تا ڕەوابوونی خـۆی بسەلمێنێت..؟ لە ڕاسـتیدا مـرۆڤ ناچـارە سەرەتا نەگۆڕەکان بەبیر ئەوانە بهێنێتەوە کە مەسەلەی کورد وەک بـارانی بەهـار دەناسـێنن کە زۆر ناخایەنێت و دەبـڕێتەوە. وەک دیـاردەیەکی کـاتی و تێـپەڕ لێـی دەڕوانـن کە لـەگەڵ

نیشتنەوەی دۆخی سیاسیی ناوچەکە و عیراقدا ئەویش کەفوکوڵی دادەمرکێت و دەنیشێتەوە. بۆ ئەمەش شرۆڤەکاریی ڕووکەشانە و حازربەدەستییان هەیە. گوایا دوو فرتوفێڵکردن لە کورد و هەندێک چاوسوورکردنەوە بەسن تا ئەم بزوتنەوە مێژووکردە دەستبەرداری ئامانج و ڕەوتە ڕەواکەی خۆی بێت، بەڵام ئایا بە ڕاست بزوتنەوەی کوردایەتی شتێکی ڕاگوزەرە وەک ئەو هەموو لێشاوی لێکۆڵینەوە و نووسینە سەرپێیانەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلکترۆنییەکانی شۆڤێنیستەکان باسی دەکەن..؟یان هەر خودی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستا و سەد ساڵی ڕابوردوو بەسن بۆ سەلماندنی کاراکتەری کوردایەتی لەنێو نێوەندێکی سیاسیی هەمیشە گۆڕاودا..؟ سەدەی ڕابوردوو هاتنی دەیان لەشکری داگیرکاری و چەندین شەپۆلی قودرەتمەندی سیاسی و ئابووری و کولتووریی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی بەخۆوە بینی، شەڕی ئایدیۆلۆژیاکان و نموونە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی و شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری ئایدیۆلۆژیی تاسەر ئێسقان جیاوازیی بەخۆوە بینی کە هەریەکەیان جیهانی بۆ لای خۆی ڕاپێچدەکرد و هەریەکەی میللەتان و بزوتنەوە و دەوڵەتەکانی بەخۆوە گرێدەدا.

لەسەدەی ڕابوردوودا کوردستان دابەشکرایەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد سەرکوتکران، کورد کوژرا و ئەنفالکرا و کیمیابارانکرا و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی هەمەجۆری لە دژکرا. کەچی سەرەڕاش بزوتنەوەکەی هەروا سەر دەردەکا و لەهەموو دەرکەوتنێکدا سەرەتاتکێی گەیشتنێتی بە ئامانجە ڕەواکانی. ئایا ئەمە لە خۆڕا و بەرێکەوتە..؟یان گەواهیی ئەوەیە ئەم بزوتنەوەیە لەسەر زەمینی واقیع هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردن و گەیشتنە دوائامانجی خۆی هەیە. لەماوەی سەد ساڵی سەدەی بیستدا ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی بۆ نەفیکردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە خرایەگەڕ و گوترا کورد (ئوممە) نییە..! گوترا کورد پیاوی ئینگلیز و پیاوی ڕوسی، پیاوی زایۆنیزم و پیاوی کۆمۆنیزمە، گوترا پیاوی ئێران و پیاوی تورانە، سەلیل و دەلیلی خیانەتە و ئێستاش دەگوترێت پیاوی ئەمریکا و فرە ڕەگەزەکانە، کافری شایستەی کوشتن و ئاژاوەگێڕی نێو ڕەوشی کەرکوک و عیراقی تازەیە. دوژمن هیچ نەما پێمان نەڵێت و هەندێک دۆستەکانیشمان ئەگەر ڕوانگە و ئایدیۆلۆژیا و شێوازی کاری سیاسیی ئەوان پەیڕەو نەکەین بە لادەر و سەرلێشێواومان دەزانن، بەڵام کەس نایەوێت ئەو سەرەتایە تێبگات کە لەسەرەتای ئەم وتارەدا باسمانکرد و وا بەزمانی شیرینی عەرەبیش دەینووسمەوە:

براکانم (المسألة الكردية مسألة قائمة بذاتها). واتا بەزمانی بازاڕ پەیوەندی بەنرخی شمەک و بەهای دۆلار و تومەن و پارەی چاپی سویسری و چاپی فۆتۆکۆپی، دواخستن و دوانەخستنی هەڵبژاردنەوە، نییە.

ژ: 3535 – 2004/12/1

# هەڵەبجە و فەللوجە

شوكر بۆ خوا خوێنەری بەڕێز، دواجار عەرەبە شۆڤێنییەكان و سەلەفییە توندڕەوەكانیش، كە پشتی سەدام حسێنیان دەگرت، كەوتنە باسكردنی هەڵەبجە، كەوتنە قسەكردن لەسەرئەوەی هەزاران كورد لەشاری گەورەی هەڵەبجە هەبوون، ئەم كوردانە هیچ تاوانێكیان نەبوو، خەڵكی مەدەنی و بێ چەك بوون، هەروا كەوتنە باسكردنی ئەوەی پیاوێكی زاڵمیش هەبوو ناوی سەدام بوو، كە لەخوتوخۆڕایی ئەو خەڵكانەی دایە بەر چەكی كیمیایی و لەناوی بردن. ئەم قسانە هی من نین خوێنەری بەڕێز. ئەم قسانە هی هیچ كوردێكی تر نین كە ئاگای لە مەرگەساتی هەڵەبجەیە، بەڵكو ئەم قسانە هی كەسێكی سەلەفی، هی كەسێكی دیكەی عەرەبی وڵاتێكی عەرەبییە، هەروا هی عالمێكی سەلەفی سوننەی ئەندامی هەیئەی عولەمای موسلیمینە كە جاران لەهەموو شتێك بێدەنگ بوو، ئێستاش لە زەمەنی تازەدا دانی پێدا دەنێ و دەڵێ لە هەڵەبجە شتەگەلێك قەوماون.

ئەوەتا لەیەك هەفتەدا عالمە سەلەفییەكەی سێگۆشەی مردن لە تەلەفزیۆنی جەزیرەوە دەڵێ هەق نییە براكوردەكان هاوپەیمانی ئەمریكا بن كە فەللوجەی تەخت كرد، چونكە سەدامیش كاتی خۆی هەڵەبجەی بەبیانووی بوونی هەڵگەڕاوەكانەوە تەخت كرد.

ئینجا پەرلەمانتاری ئیسلامی كوێت وەلید تەبە تەبائیش لەلایەن خۆیەوە گوتی فەللوجە بۆتە هەڵەبجەی دووەم. ئەوەشی خستە سەر كە ئەو كوشتارەی ئەمریكا لە فەللوجە كردی هاوشێوەی ئەو كوشتارە بوو كە سەدام لە هەڵەبجە كردی.

برا عەرەبە شۆڤێنییەكان بەوەشەوە نەوەستان خاتوو سافیناز كازم، نووسەرێكی سەلەفی میسری و خاوەن ناوێكی ئەرستۆكراتییانەی دێرینە، ئەویش لە شەرق ئەوسەتی ڕۆژی (2004/11/23) نووسی كە ئەمریكا كاری سەدامی تەواو كرد كە هەڵەبجە و جینۆساید و گۆڕی بەكۆمەڵی لەعیراقدا دروستكرد.

بەمشێوەیە باسی هەڵەبجە هاتەوە ناوان و دەركەوت ئێمەی كورد زوڵمان لێكراوە و بەخۆمان نەزانیووە.

دەزانم كە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان هەڵەبجە و فەللوجەدا نییە، مەگەر ئەوەنەبێ كە خەڵكی هەڵەبجەش وەك خەڵكی فەللوجەی ئێستا ماوەیەك شارەكەیان ببووە مۆڵگەی تیرۆریستان و زەرقاویش لەودەورووبەرە خۆی حەشاردابوو، تا دەرفەتی دەسكەوێت و لەگەڵ نەمانی سەدامدا ڕاستەوخۆ لە تیرۆر و تۆقاندندا شوێنی بگرێتەوە. دەزانم هیچ

پەیوەنـدییەک لەنێـوان هەڵەبـجە و فەللـوجەدا نیـیە، مەگەر پەیوەنـدی نێـوان قوربـانی و جەللاددا نەبێ.

فەللوجە وەک تکریـت و بەغـدای سـەردەمی سـەدام ناوەنـدی پێگەیانـدنی ئەو ئەفسەرە دڵڕەشانە بوو کە هەڵەبجەیان کوشت و ئەنفالیان خوڵقانـد. دەزانـم ئەوانەی ئەمـڕۆ هەڵەبـجە بە فەللوجە بەراورد دەکەن کاتی خـۆی مەلای ئەشـهەدوبیللا بـوون بـۆ کارەکانی سـەدام و کوردیـان تەکفیـر دەکـرد کە پیـاوی ئێـرانە وەک چـۆن ئەمـڕۆ تەکفیـری دەکەن کە پیـاوی ئەمریکـایە! دەزانـم ئەوانەی دەڵـێن بەڵـێ هەڵەبـجە لەکـورد قەومـاوە و سـەدام کوشـتوونی هەرئەوانە بوون کە لەکۆنگرەی ئیسلامی و جـامیعەی عەرەبی و سـەحافەی عەرەبی قـوڕ و قەپیـان لێکـرد، بەڵام هەرباشــە کەنـاوی هەڵەبـجە و بەسـەرهاتەکەی کەوتە سـەر زاری ئەوانەی تـا دوێنـێ حاشایان لێـدەکرد. بەڵـێ ئەو بەراووردەیـان لە دڵێکـی پـاک و نییەتێکی بـێگەردەوە نیـیە، بەڵام ئیتـر کـورد سـەردەمی تەنهـایی هەڵەبـجەی بەجێهێـشت و گەیـشتە سەردەمێک خەڵک بۆ باسکردنی ڕەوشی سیاسی خۆیان پەنا بۆ چیرۆکی مەرگەساتی کورد دێنن.

ژ: 3539 – 2004/12/6

# کوردستان (بەشێکە) لە کەرکوک..!

ئەگەر هەر کەناڵێکی عیراقی ببینین یان هەر ڕۆژنامەیەکی عیراقی بخوێنیتەوە لەباسی هەموو شارەکانی عیراقدا، هەروا بەناوی ئاسایی خۆیانەوە ناوی دەهێنن. پارێزگای دیالە، بەسرە، شاری ناسریە، بەغدا و سلێمانی و هەولێر و....هتد، بەڵام کە باس دێتە سەر کەرکوک، عیراقێکی دەخەنەپاڵ و دەیکەنە (شاری کەرکوکی عیراقی)..!

ڕاستە بەگوێرەی نەخشەی سیاسیی عیراق، بەگوێرەی، سەرگوزەشتەی پتر لە هەشتا ساڵی لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە، کەرکوک ئیتر بەهەرحاڵ بۆتە بەشێک لە عیراق. ڕاستە عیراقی هاوچەرخ، وەک ئەو قەوارەیەی بۆ مەلیک فەیسەڵ دروستکرا، لەهەر سێ ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و موسڵ پێکهاتووە، بە کوردستان و کەرکوکیشەوە، بەڵام زۆر تەئکیدکردنەوەی سیاسەتی عیراقییە عەرەبەکان و میدیا عەرەبییەکانیان لەسەر کەرکوکی عیراق، لەبەر مەسەلەی توتنەکەیە: لەبەر ئەوەیان نییە کە بڵێن کەرکوک شارێکی عیراقییە، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێن: کەرکوک شارێکی کوردستان نییە.

دەمی هەریەکێکیان دەکەیتەوە دەڵێت؛ پێویستە کەرکوک وەک بەشێک لە عیراق بمێنێتەوە وەک بڵێیت کورد شارەکانی دیکەی کوردستانی هەر ئێستا جیاکردووەتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزراندووە، کە مافێکی دواخراوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی و هەموو شەرع ویاسایەک پاڵپشتی دەکات، ئەگەر بەقەناعەتی ئێوە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بەشێکن لە عیراق و ئەگەر پێتان وایە کوردستان بەشێکی دانەبڕاوی خاکی عیراقە، بۆ لەپرسی کەرکوکدا وەک بێگانە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن..؟ ئایا لەترسی ئەوەی کوردستان خراپ لەگەڵ کەرکوکدا، بە خەڵکەکەی و سامانەکەیەوە مامەڵەبکات، خراپترین ئیدارەی کوردستان بۆ خەڵکی کەرکوک گەلێک باشتردەبێت لە (باشترین ماوەی ژیانی ئاسایی کەرکوکییەکان). کورد نەوتی کەرکوک بە تەنەکەی ژەنگاوی بفرۆشێت باشتر لە سەدام ئیدارەی سامانەکەی دەکات. ئەو هەمووی لە جەنگە بێهودەکان، لە کۆبۆنەکانی نەوتدا خەرجکرد و دواجار عیراقی لەسەر دەریایەک نەوت دانیشتوو سەرما و سۆڵەی سیاسەتەکانی سەدام لەڕ و لاواز و قەرزارباریشی کرد.

ئەگەر هێزە عیراقییەکان، ناوەندە ڕۆژنامەوانی و سیاسییە جیاوازەکانی عیراقی تازە بەڕاستییانە کوردستان بە بەشێک لە عیراق دەزانن ئەوا وا لەئیجرائی گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستانیان دەڕوانی کە ئیجرائێکی ئیداریی ڕووتە و هیچی تر...یان بەلانی کەمەوە

ئەگەر بۆ کورد کەرکوک مەغزایەکی نەتەوەیی و سیاسیی هەبێت، ئەوا بۆ ئەوان هەر لەچوارچێوەی ئیجرائێکی ئیداریدا دەمایەوە.

دەیسا لە مێژووی ئیداریی عیراقدا چەندجار دەستکاریی سنووری پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی کراوە...؟ واز لەسەردەمی سەدام بهێنن کە بۆ مەبەستی سیاسی ناوچەکانی عیراقی دادەبڕی و دەیخستە سەر ناوچەکانی تر.. بەتایبەتیش لە کوردستان، بگرە سەدام پاقڵاوەکەی خوارەوەی نەخشەی عیراقی کردە دیاریی دراوسێ، ئایا لەسەردەمی پێش سەدام و بەعسدا چەندجار دەستکاریی سنووری پارێزگاکان کرا و هیچ هەڵڵایەکی سیاسیی نەنایەوە..؟ خۆی لە مێژوو و لە ئەمڕۆشدا سنووری دەوڵەتەکان پیرۆز و جێگیری هەتاهەتایی نین، ئەدی بۆ لە عیراق سنووری پارێزگاکان بوونەتە دەقی قورئان و دەستکاریکردنی کوفرە و زەندەقەیە..؟

عیراقییەکان لە هەستی شاراوەی خۆیاندا پاش پتر لە هەشتا ساڵ لەلکاندنی کوردستان بە عیراقەوە، هێشتا وەک جەستەیەکی نامۆ سەیری کوردستان دەکەن، بۆیە کەرکوکەکەیان لای خۆیان هێشتووەتەوە وەک بارمتەیەک.

چی بکەین؟ ئەوان پێیانوایە کەرکوک بەشێک نییە لە کوردستان، کە بەقەول و سوێندی خۆیان بەشێکە لە عیراق..؟ چار چییە..؟ کورد هەمیشە بەخشندەتر بووە، بۆچ دەستپێشخەرییەکی تر نەکەین و بڵێین ئێمە وەک ئێوە نین، وا کوردستانمان خستەسەر کەرکوک و بەمجۆرە کوردستان دەبێت بە بەشێک لە کەرکوک و کێشەکە چارەدەبێت.

ژ: 3551 – 2004/12/20

# كوا مەسەلەی كورد..؟

باسێكی جێی سەرنجە كە بەرنامەی هیچ كام لەهێزە عیراقییەكان، ئەوانەی بەشداریی هەڵبژاردنی كانوونی دووەم دەكەن، بڕگەیەكی تێدا نییە كە تێڕوانینی ئەوان نیشانبدات لەسەر مەسەلەی كورد، مەگەر حزبی شیوعیی عیراق نەبێت، حزبێك كە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، سەرەڕای هەر كەموكوڕی و تێبینییەكمان لەسەری، بەڵام ڕاشكاوانە و بەجێگیری قسەی خۆی لەسەر مەسەلەی كورد هەبووە. دەزانم ڕەنگە وەڵامی حازربەدەست ئەوەبێت ئەی ئەوە نییە ئەو هێزانە پابەندی ویستی فیدراڵین، كە بەپلەی یەكەم كورد و كوردستانەكەی دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا باسكردنی عیراقێكی فیدراڵی، جا ئەو فیدراڵیزمە هەر چۆنێك بێت، بەرتەسك بێتەوە لە كەمترین سەڵاحیاتی ئیداریدا، یان بەرفراوان و بەدڵی خەڵكی كوردستان بێت، هەرگیز ئەوە جێی ئەوە ناگرێتەوە كە ڕوانینێكی پرەنسیپی لەسەر مەسەلەی كورد هەبێت.

باس نەكردنی پرسی كورد وەك پرسێكی هەستیاری نێو سیاسەتی عیراقی كە كاریگەریی لەسەر بونیادی دەوڵەتی عیراق هەیە و پتر لە هەشتا ساڵە قوڵپدەدات، قسووربیەكی سیاسیی گەورە و كورتبینییەكی پاسا و نەدراوی ئەو هێزە سیاسییانە دەردەخات.

لەیەكەم تێڕوانیندا ئەم كورتهێنانە كاریگەریی سیاسەتی نزیكەی چل ساڵی حاشاكردنی ڕژێمی بەعس لە مەسەلەی كورد لەناو كایەی سیاسیی ئەمڕۆی عیراق و لەسەر مەنزوومەی بیركردنەوەی ئەو هێزانەش ئاشكرادەكات كە بەحساب ئۆپۆزسیۆنی بەعس و مەنزوومەی بیركردنەوەی ڕژێمی ڕووخاوبوون، ئەگینا لە مێژووی دەوڵەتی عیراقدا پێش كۆنترۆڵكردنی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە، بەشی هەرە زۆری هێزە عیراقییەكان بە دیموكرات و چەپ و تەنانەت هێزە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەكانیشەوە قسەی خۆیان لەسەر مەسەلەی كورد هەبوو. لە دیدی خۆیانەوە چارەسەریان پێشنیازدەكرد و كەم و زۆر لەسەری دەهاتنە جواب، جا ئیتر بەدڵی كورد بوو‌بێت،یان لەدژی. كەچی چل ساڵەی فەرامۆشكردنی دابونەریتی سیاسی لە عیراقدا وایكردووە هێزە عیراقییەكانی كە ئەمڕۆ دەخوازن جێگرەوەیەكی تەواو جیاوازبن لە ڕژێمی بەعس، ڕووكەشانە لەگەڵ ئەو باسە هەستیارەی سیاسەتی عیراقیدا مامەڵە بكەن.

دروسته کە مەسەلە هەنووکەییەکانی ڕۆژ لەبابەت ئەمنییەت، هێنانەسەر هێڵی پرۆسەی سیاسیی عیراق، دەربازکردنی ئابووریی عیراق لە داهێزران، ئەولەوییەتی جێی شایستەن کە هەمـوو ڕەوەنـد و هێزێکـی سیاسـیی تێکۆشـانی بـۆ بکـات، بەڵام دواجـار خـۆدزینەوە لە پێشکەشکردنی تێزی جەوهەری و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی هەر بە مانای درێژەکێشانی قەیرانی عیراق دێت و سەرئەنجام لە بازنەیەکی بۆشدا ئەو قەیرانە پەرەدەسێنێت و دۆخی سیاسیی وڵات دەگەرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە بنبەستەی ئەم هەموو گێژاوەی لێکەوتەوە.

خۆ مژوڵکردنی هێزە عیراقییەکان بە مەسەلەکانی ڕۆژ و پەرۆشیان بۆ ئەو پرسانەی ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانن و بەیانی چارەسەردەبن، ڕەنگە نیشانەی دڵسۆزی و هەروا نیشانەی تەوازوعی بێت کە ئەو هێزانە بەردی زل هەڵناگرن و تەنانەت باوەڕیان بە دابینکردنی ئەو پێویستییە سەرەتاییانەیە. بەو حاڵەتەشەوە خۆلادان لە مەسەلەی کورد کێماسییە و گەواهیی بزاوتێکی ڕووکەشانەیە.

گەواهیی دەربەست نەبوونی نوخبەی سیاسی عیراقە لە ئایندەی وڵات و ئایندەی پرۆسەی دیموکراسی لە قۆناغی نوێدا.

پێویستە ئەوە بزانرێت کە تەنانەت سبەینێ ئەگەر لە دەستوور شکڵ و شێوەی فیدراڵیزمیش چەسپا و پایەکانی ئەو فیدراڵیزمە و مەوداکەشی تۆکمە و فراوانیش بێت، هێشتا لەپاڵ دەستووری ڕێنوێنی گەل و وڵاتەوە دەبێت نوخبەی سیاسیی عیراق و هێزەکانی پێوەریان بۆ خوێندنەوەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد هەبێت، چونکە جووڵەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و بڕگەکانی دەستووریش فراوانترە و لە بنچینەدا دەستوور بۆ ڕامکردنی ئەو جووڵەیە دادەمەزرێت، نەک بۆ بەیەکجاری لەناوبردنی.

دەکرێت هێزە عیراقییەکان ئەو کەموکوڕییە چارەسەربکەن، دەنا کۆمێدیای هەڵەکان لەسایەی عیراقدا هەروا درێژە دەکێشێت، چونکە بێ چارەسەری مانەوەی مەسەلەی کورد، جگە لەوەی ئەزێت بە کورد دەگەێنێت، عیراقییەکانیشی هەراسانکردووە.

لە ڕاستیدا تا ئەم ساتەوەختە چیرۆکی مەسەلەی کورد چەند چیرۆکی تراژیدیا ناخۆشەکانی کوردە، هێندەش چیرۆکی شکستی نوخبەی سیاسیی عیراقە لە پەیبردنی بەرەهەندەکانی مەسەلەی کورد.

چ خەوش و چ کورتبینییەکە ئەوەی ڕوویداوەو ڕوودەدات..!

ژ: 3553 – 2004/12/22

# ساڵێک له ماڵئاواییدا

ساڵێکی دیکه له عومری کوردستان و له عومری هەر تاکێکی وڵاتەکەمان تێپەڕی، بە حیسابی ژمارە بیکەین (14) ساڵ لە ئەزموونی دیموکراسی کوردستان، نزیکەی دوو ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری و دووساڵ لە ڕزگارکردنی کەرکوک و بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە لە هەرێم دابڕاوبوون، تێپەڕین و بەهەموو لێکدانەوەکان دەورانێکی نوێ دەستپێدەکەین.

ساڵی ڕابردوو لە هەندێ بۆنەدا بۆنەی جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی ڕووخانی سەدام بوون و لە هەندێک بواری دیکەشدا، لە کەمتەرخەمی یان لە دژواری هەلومەرجەکە، ساڵی پاشەکشە بوون.

با ڕاگوزەر بەسەر دەستکەوتەکاندا بڕۆین کە دەشێ بڵێین زۆربەی بنەما سەرەکییەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق و ئەو پێگە سەنگینەی کورد لەناو سیاسەتی عیراق و سیاسەتی نێودەوڵەتی پەیوەند بە عیراقدا بەدەسیتهێناوە بەرچاوترین ئەو دەستکەوتانە بوون، بێینە سەر کەموکوڕییەکان و کەمتەرخەمییەکان، یان ئەو ڕۆژانەی بە هەدەرچوون لە عومری ڕابردوومان.

قسە زۆر گوتراوە لەسەر ئەوەی دەکرا لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا بەدەست بهێنرێت، بەڵام قسەی بەندە لەسەر ئەوەیە زۆر بواری سەلمێنراوی ئەویاسایە هەبوون ئێمە باشمان ئیدارە نەدا وەک هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک کە لەم مەسەلەیەدا زیاتر کارمان لەسەر گێڕانەوەی ئاوارەکان کرد. ئەوەشیان بە هاوکاری و کۆمەکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی. لە بەرامبەردا گێڕانەوەی هاوردەکانمان دواخست بۆ خۆشباوەڕیمان بە نیەتی عیراقییەکانی تر کە گوایە ئەوانیش وەک ئێمە پەرۆشی جێبەجێکردنی بڕگەی (58)ن، لە بنچینەشدا گەڕانەوەی ئاوارە و گێڕانەوەی هاووردە دوو ئەرکن کە دەبێ لەسەر ئەرک و بەتوانایی ماددی و مەعنەویی دەوڵەتی عیراق ڕایی بکرێن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو پشێوییەی ئەمڕۆ لە وردەکاریی هەڵبژاردنی کەرکوکدا دروست بووە نیشانەی ئەوەیە لە گفتوگۆکانی تایبەت بە ڕێوشوێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عیراق و لە پارێزگاکاندا زۆر ورد نەبووین.

لەلایەکی دیکەوە فایلی ئەمنیەت دوو سەرەیە بۆ کورد، کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی پێشکەش کردووە لە پاراستنی ئەمنیەت و لە دابینکردنی هێمنی و

هەلـومەرجی گەشـکردنی کایەکـانی ژیـان، بەڵام قودرەتمەنـدی بـۆ پاراسـتنی ئەمنیەتـی هاوڵاتیـانی کـورد لە شـوێنە تـازە ڕزگارکراوەکانی وەکو کەرکـوک و لە شـوێنەکانی دیـکەی عیـراق: موسـڵ و سێگۆشـەی مەرگ لە عـوزێم و نـاوچە سـونییەکانی تـر، تەفعیلکردنێکـی بەرچـاوی دەوێـت، هەنـدێک جـار هـاتنە جـواب و خـۆ بە خاوەنـداریکردنی ئەو هەڕەشـانەی ڕووبەڕووی هـاووڵاتی کـورد دەبێـتەوە لە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، واتـا لە ناوچەکـانی تری عیراق، دەبێتە فاکتەرێکی سەنگینی بەرپەرچدانەوە.

مـن بەپـێچەوانەی ئەوانەی بە سـەلبی دەڕوانـنە بەشـداری کـورد لە کایەکـانی دەسـەڵاتی عیراقـدا پێمـوایە ئەو بەشـدارییە وا دەکـات کـاریگەریی کـورد لەنـاو سیاسـەتی عیراقـدا، بـۆ قـازانجی کێـشەکەی، زیـاتر بێـت، بەڵام ئەم بەشـدارییە دەبـێ قۆنـاغی بەرەڤـانی تێپەڕێنـێ و بچێتە قۆناغی هێرشبردنەوە، واتا تەنها کار بۆ بەرپەرچدانەوەی سەلبی ئەو شتانە نەبێت کە دژی کـوردن، بەڵکـو دەستپێـشخەریش هەبێـت لە چارەسـەرکردنی کێـشەکانی کـورددا، لەم میـانەدا سـەرکەوتن لە هەڵوەشـانەوەی بڕیـاری (42)ی تەعریـب و گێـڕانەوەی ناسـنامە بـۆ کـوردی فەیلـی و گێـڕانەوەی تۆمـاری مەدەنـی ڕاگـوێزراوان بـۆ شـاری ئەسـڵی خۆیـان لە گەواهییە چاکەکانی بەشداری چالاکی گروپی کوردییە لە سەرۆکایەتی حکومەتی عیراقـدا، بەڵام تەوزیـف نەکردنـی ئەوانـە لەلایەن میـدیای کوردسـتان و ئیـدارەی کەرکـوک و ئەو ناوچـانەی بڕیـارەکە دەیـانگرێتەوە، کەموکـورییەکی دیـکەیە، چـی مـاوە لە باسـی ئەمـساڵدا بیگێڕینەوە؟ هەڵبەت زۆر، بەڵام با بەشی گۆشەی داهاتووی لێ هەڵبگیرین.

ژ: 3557 – 2004/12/27

# ساڵی 2005

ئەم گۆشەیە دوازنجیرەی (مەسەلەی تووتنەکە)یە لە ساڵی (2004) دا، بۆیە بە دەرفەتی دەزانم وەک تەواوکاری ئەوی پێشوو کە لەسەر ساڵی (2004) و کەموکوڕییەکانی ئەو ساڵە بوون، هەروا بۆنەکە بکەمە قسەکردن لەسەر ئەو ئەرکانەی بە ساڵی داهاتوو، (2005)، سپێردراون.

وای دەبینم ئەرکەکانی ساڵی دادێ دوو جۆربن: جۆرێک لەو ئەرکانەی ساڵی (2004) پێمان جێبەجێ نەکرا، یان بەپێی پێویست و لە وادەی خۆیدا جێبەجێمان نەکرد، جۆرێکی دیکەش لەو ئەرکانەی کە بەپێی حیساب و کیتاب کەوتوونەتە ساڵی نوێوە.

هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان، کوردستان و عێراق بەشێکی گرنگی ئیستحقاقاتی نوێن کە بەیاسا و ڕێسا کەوتوونەتە (2005) وە. هەڵبەت لەو نێوانەشدا ئەرکی دیکەش دروستدەبن کە پەیوەندییان بە ڕەوتی بەرێوەچوونی سیاسەت لە عێراق و کوردستانەوە هەیە. هەرچی لەسەر ئەوی ڕابورد بڵێین بۆ کەڵکی مێژوو و ئەزموونی کەڵەکە کراو دەست دەدەن، بەڵام ئەوی لە ڕێیە کەس لێمان خۆش نابێ، ئەگەر باش ڕایی نەکەین.

دروستە کە سبەینێمان هەر لەسەر گیای دوێنێ و ئەمڕۆمان دەڕوێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمڕۆ لە سیاسەتی هەموو وڵاتێکدا پەینی کیمیاوی و چارەسەری وزەبەخش ڕۆڵێکی چاک دەگێڕن لە پێشخستنی بزووتنەوە سیاسییەکاندا. لەم بارەیەوە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان پێویستی بە پەینی کیمیاوی پتەوکردن هەیە: لە ناوخۆدا بە قووڵکردنەوەی دیموکراسی و ئەندازەی بەشداری زیاتری خەڵک لە ئەرکەکانی سەرشانی کوردایەتی و لە دەرەوەشدا پێداگری لەسەر بنچینە سەرەکییەکانی مافی کورد پێکدێنن و قودرەتمەندی زیاتر بە فاکتەری کوردی دەبەخشن لەناو گۆڕەپانی عیراقدا. ڕەنگە ئەمانە بە قسە خۆشبن و ڕەچەتەی ئامادەکراوبن، بەڵام لە بنچینەدا خەڵک و خوای ئەم دنیاش هەر وایان کردووە و هەروا هەلومەرجی سەرکەوتنی بزووتنەوە سیاسییەکانیان دابینکردووە: ئامرازەکانی بۆ ئامانجە سیاسییەکان دیاریکراون دەبێ زوو زوو دەمەزەرد بکرێنەوە.

لە سەرێکی دیکەشەوە گەورەترین شەڕ کە لەم ساڵدا دەبێ کورد تفاقی جەنگی بۆ ئامادەبکات، شەڕی دەستوورە.

ئەمساڵ گرنگترین ساڵە لە ژیانی نەتەوەی کورد لە مێژوودا، یان بەلانی کەمەوە لەوەتەی کوردستان لە شەڕی چاڵدێرانەوە دابەشکراوە و تراژیدیای سیاسیی کورد

دەستپێکردووە، بۆیە ئەوی دەخوازرێ لە کورد کە ئەم ساڵە گرنگە بە گرنگی خۆیەوە ببینێ. شەڕی دەستوور ئیتر بەیەکجاری یان کوردی کوردستانی عیراق دێنێتەوە ناو دێرەکانی مێژووەوە، یانیش بۆ دەورانێکی تری مێژوو، کە ئەندێشەی بەندە ناتوانێ مەوداکەی پێشبینی بکات، هەروا فرێدراوو بێزراوی دەروەی ژیانی شەرەفمەندانە دەبین. ئەوانەی ئەم ئەرکانەی شەڕی دەستووریان پێدەسپێرێ ئەرکێکی ئاسایی رایی ناکەن، ئەگەرچی خۆشیان هەروا مرۆڤی لە گۆشت و خوێن دروستکراوبن، بەڵام دەبێ حەوت پەراسوویان لە ئوممەتی محەمەد زیاتر بێت تا بە سەربەرزی لەم تاقیکردنەوەیە دەربچن.

نامەوێ لە بەردەم ئەو تێڕوانینەی ڕاگوزار سەیری ئەرکەکانی ساڵی دادێ دەکات، تێڕوانینێکی دژوار و تۆقێنەر نیشانبدەم، چونکە دواجار ئەوانەی شاندەدەنە بەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دژوارەی وا بەڕێوەن وەک چۆن دەبێ هەڵگری خەم و خولیای مێژووی ئازاری کورد و خەم و خولیای ئەمڕۆشمان بن، بە هەمان ئەندازەش دەبێ هەڵگری توانا و وزەی کەڵەکەکراوی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بن لە دیرۆکی دوور و درێژی خۆیدا، بە هەموو ئەزموونی سیاسیی حزب و کەسایەتییەکانیەوە.

هەڵبەت بۆ ساڵی نوێ دەستوور تاقە شەڕ نییە، بەڵکو گەورەترین و جەوهەریترینیانە، ئەگینا وەکتری چارەسەری سیاسیی، وردە هەوڵ و ماندووبوون لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەتیش لە بواری مەسەلەی چارەنووسازی کەرکوکدا، هێز و قودرەتی سیاسیی تۆڕی پەیوەندی و هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کوردیش دەتوانن پێشکەوتنمان بۆ دابینبکەن و بگرە ئەوانیش، بە دەوری خۆیان، سەنگی کورد لەناو شەڕی دەستووردا بەهێز بکەن.

ڕەنگە پاڵنانی ئەو ئەرکە گرنگانە لە شەڕی دەستووردا چاوەڕێمانن ڕۆڵیان هەبێ لە وردە وردە خۆ بەدەستەوەدانی ئەو ئەرک و فەرمانانەی، لەبەر هەرهۆیەک بێت، نەمانتوانی لە ساڵی (2004) دا جێبەجێیان بکەین. ڕەنگە.

ژ: 3559 – 2004/12/29

# دووئیراده

دووئیراده لەناو پێکهاتەی عیراقی نوێدا لە ململانێیەکی تونددان یەکێکیان ئەوەندەی پێی دەکرێ دەخوازێت بنەما ڕزیوەکانی کە عیراقی لەسەر بیناکرابوو هەروا وەکو خۆی بهێڵێتەوە و لێینەگەڕێ لەوە زیاتر درزی تێبکەوێت.

ئیرادەیەکی تر کە کوڕی شەرعی گۆڕانکارییەکانە و هیممەتی بچوک و گەورە بۆ چەسپاندنی دینگە پتەوەکانی عیراقێکی جیاواز لەوی جاران دەکات. ئەمە نەک سروشتی عیراق، بەڵکو سروشتی هەموو دیاردە و دەرکەوتێکی ژیانیشە کەئەمڕۆ لەڕەوشی وڵاتی ئێمەدا بەرۆشنی خۆی بەرجەستە کردووە. بێ تێگەیشتن لەم دوانەیەی لەهەموو وێستگەیەکی قۆناغی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتەکەدا هاوڕێ و دوژمنی یەکدیشن، مەحاڵە لە دیاردەی (عیراق) بگەین.

گەلێک جار ڕووداو و بزاوتی سیاسی جەوهەری و لابەلاش دەقەومێن کە دڵخۆشمان دەکەن و قسەی خەڵکە گەشبینەکە زاڵ دەکەن، وەختێک دەبینن عیراقی تازە گوێ لەداخوازی و ڕاز و نیازەکانی خەڵکی کوردستان دەگرێ. زۆر جار دڵمان خۆش و گیانمان ئاسوودە دەبێ کە هەواڵێک یان هەنگاوێکی ئیجابی دەبینین ئاماژەی پێشکەوتنی مەسەلەی کورد و تێگەیشتنی حکومەتی عیراق و عیراقییەکانی تێدایە لە داخوازییە نەتەوەییەکانمان، لەپرسی دیموکراتیزەکردنی وڵات و لەگێڕانەوەی ماف بۆ مافخوازان. لەوحاڵەدا دەیسەلمێنین کە هەربەڕاستی دۆخەکە گۆڕاوە و عیراقی سەرکوتکردن و ماف زەوتکردن لەگەڵ سەدام و دار و دەستەکەیدا زیندانی کران و کاریان تەواو بووە.

لەبەرامبەریشدا بچوکترین بێدادی و بڕیاری نابەجێ. کەمترین قسە کە ئاماژەی وەک خۆی هێشتنەوەی دۆخی داوەشاوی عیراق و جەهەنەمی حوکمی دیکتاتۆری تێدابێت ڕاستەوخۆ ڕۆژە ناخۆشەکانی ئەو حوکمڕانە گۆڕبەگۆڕەمان دێتەوەیاد کە ئازادیخوازان ڕەنجی فەرهادیان بۆ لابردنی داو دواجار ئەمریکا و هاوپەیمانان جێبەجێیان کرد.

لەراستیشدا خەڵک هەقی خۆیەتی لەوئاماژە سلبیانە نیگەران و دڵتەنگ بێت.

خەڵک، ئێمەش لە خەڵکین، هەقی خۆیانە دڵەڕاوکێ بیانگرێت کە پرۆسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەی وڵات بەپەلە و ڕادیکاڵانە ناچنە پێشەوە وەک ئەوەی لەپرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمەکەدا بینیمان. عیراقییەکان و بەتایبەتیش لەناویاندا کورد، بایی ئەوەندە ئازاریان چەشت کە ئیتر بەرگەی بچووکترین ڕووشاندن نەگرن. بایی ئەوەندە

سەبری ئەیوبیان هەبوو کە ئیتر سەبری ئینقیلابیشیان نەمێنێ. داخوازی بۆ گۆڕانی سەراو ژێر هی سەبری لەمێژینە و ئارەزووی گۆڕانی یەکجارەکییە. هی باجی تاسەرئێسقانی سیاسەتەکانی ڕژێم و ترس و نیگەرانی گەرانەوەی بەعسیزمە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە.

دوو ئیرادە لەململانێدایە و بێگومان سەرەنجامیش ئەو ئیرادەیە سەردەکەوێت کە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕان و سروشتی ڕوو لەپێشکەوتنی کۆمەڵگەی عیراقدا دەگونجێت.

بەڵام ترس وەک سەبری شۆڕشگێڕی نییە کە هونەری چاوەڕوانی بزانێ. بەتایبەتی ئەگەر ململانێی ئەو دوو ئیرادەیە لەسنووری تەسکی بازنەی سیاسیدا نەمێنێتەوە و دەرکەوت و کارەکانی لەنێو خەڵک و ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ بداتەوە.

ئەوە تەنها لە کتێب و سەرپەڕی ڕۆژنامەکاندا دەبینرێن کە ئیرادە دژ بەیەکەکان بەزوویی و بەکەمترین ئازارەوە ململانێکانیان یەکلایی دەکەنەوە. دەنا لەنێو واقیعی گەرمی سیاسەتدا دوو قۆناغی لێک جیاواز بەسانایی لێک دانابڕێن و چوون گۆشت و خوێن تێکەڵی یەکترین تا دواجار خوێنی نوێ بەبەر لەشدا دەکرێتەوە و کۆنە گیانەڵای خۆی تەواو دەکا و تازەش دەدرەوشێتەوە.

ئەمە بەتایبەتیتر لەکورد قەوماوە. گرنگە ئێمە چاک بزانین ئەوەی چەندین دەیەیە وەک نەریتێکی سیاسی، وەک بڕیار و تەشریعی دەوڵەتیی فەزایەکی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەدژی کورد بەرهەمهێناوە، هەروا بەسانایی دەستەمۆی ویستی دیموکراسی و خواستی چوونیەکی، لەماف و ئەرکەکاندا، نابێت.

دەوڵەتی عیراق خۆی لە بنچینەدا لەسەر ئێسقان و هێسک و خوێنی کورد باڵای کردووە. نەرمکردنی ئەو جەستە زبرە تەحەمولێکی چاک و تەگبیرێکی وردی دەوێت.

تەگبیرێک کە ئێستا دەبێ کورد لەناو گەمەکانی سیاسەتدا تێیدا قاڵبووبێتەوە.

ژ: 3564 – 2005/1/5

# ڕیسواییەکانی جەزیرە

کەناڵی جەزیرە، وەک دوکانداری گوندی هەر خۆی لە گۆڕەپاکەدابوو هەر شمەکێکی بە خەڵک بفرۆشتبا. چونکە ڕکابەری نەبوو، لێپرسینەوە لە بەها و تێچووی شمەکەکە نەبوو، دوکانداری گوندیش گەزۆت دەویست ئەو هەر کونجیی پێ دەفرۆشتیت. کێکت دەویست ئەو هەر کۆنترین جۆرەکانی پسکیتی عیراقیی لا چنگ دەکەوێت: ئەوی پێیان دەگوت (شەمائیل)..!

بەڵام گوندیش هەر تا زەمەنێک لاتەریک دەبێت. دەستی ئاوەدانیی و جادە قیرتاوکردنی قاچی خەڵکی دوورترین گوندیش بۆ چوونە شاردەکاتەوە. دوکاندار ڕکابەری بۆ پەیدا دەبێت و جەزیرەش چەند کەناڵێکی دیکە کە نەک هەر ململانێی دەکەن، بەڵکو کاسێتی ڕیسواییەکانیشی بڵاودەکەنەوە، وەک ئەوەی کەناڵی حورە لەم چەند ڕۆژەی ڕابوردوودا کردی. ئەو ڕیسواییەی جەزیرە گێت بوو بە هەموو پێوەرەکان، بەپێوەرەکانی سیاسەت و پێوەرەکانی پیشەی هەست ناسکیی میدیایی کە ڕیزبەندێک بنەمای ئەخلاقیی نووسراو و جێنتیلمانیی هەیە و دەمێکە جەزیرە بە کەیفی خۆی جێگۆڕکێ بەو ڕیزبەندییە دەکا و بەپێی ڕاسپاردەکانی ئوستاز عودەی، (ئەلغالی ئیبن ئەلغالی) هەروەکو حەمیدە نەعنەع لە کاسێتەکەدا دەیڵێت، دەستکارییان دەکات.

جەزیرە ئەمە دووەمجارە لەلایەن کەناڵێکی ڕکابەرەوە نوقرچی لێ دەدرێت. جارێکیان کە (CNN) لە گەرمەی جەنگی ئەفغانستاندا دیدارێکی تەیسیر عەلونیی لەگەڵ ئوسامە بن لادندا بڵاوکردەوە، بەندە بۆم ڕوون نەبووەوە کێ دیداری لەگەڵ کێ سازداوە..؟ دیدارەکە بۆ جەزیرە کرابوو، بەڵام عەللوونی و جەزیرە لەبەر هەر هۆیەک بێت بڵاویان نەکردەوە، جاری دووەم ئەم کاسێتە شەرمهێنەرە بوو کە لەنێو شتە بەجێماوەکانی عودەیدا دۆزراوەتەوە.

هەفتەیەک بوو حورە پڕوپاگەندەی بۆ ئەو کاسێتە دەکرد، واتا هەفتەیەک بوو جەزیرە سەغڵەت ببوو، بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا. تا شەوێک پێش پەخشی کاسێتەکە شانۆگەرییەکی نوێ یان ڕاستتر فەسڵێکی نوێمان لە شانۆ بەردەوامەکەی جەزیرە بینی. خانم خەدیجە بن قەنە بەحیجابی خەلیجییەوە، بەحوزنی ژێر پەچەوە، هاتە سەر شاشە و ڕایگەیاند کە کەناڵە مرۆڤدۆستەکەیان هەڵمەتێکی دەستپێکردووە بۆیارمەتیدانی لێقەوماوانی زەمین لەرزە دونیا هەژێنەرەکەی تسونامی. کەناڵی نێوبراو وەک نەبای دیبێت نەباران خۆی

لەهەموو تاوانەکانی دنەدانی تیرۆریستان و وەرگرتنی ڕاسپاردە لە (ئوستاد عودەی) نەبانکرد و دایە پاڵ خێرخوازانی کۆمەکبەخش بە قوربانیانی (تسونامی).

وەک هەمیشە کە شتێک دەقەومێت خەدیجە بە دەموچاوی جوان و دەنگی نەرمونیانەوە دێتە کۆڕی شەفاعەتەوە.

ئەمەیەکەمجار نییە جەزیرە بۆ شاردنەوەی سیاسەتە دزێوەکانی پەنادەباتە بەر ڕوخساری جوانان. چوار ساڵ پێش ئێستا ئەمەم نووسی و وا ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە. چەند پەشمە دامەزراوەیەکی ئیسلامی، تراژیدیا ئینسانییەکان بکاتە بەردەبازی پەرینەوە لە ڕیسوایی و شکستی ئیعلامی..؟ پێش جەزیرە تۆماس فریدمانی ڕۆژنامەوان لەجێی خۆی و بۆ ئامانجێکی ڕۆژنامەوانی لەجێی دەستەواژەی گرکان و بومەلەرزە لەپاش گۆڕانکارییە سیاسییە هەژێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتدا گوتی: "چەندین گرکان، چەندین تسونامی هەژێنەر لەبواری سیاسیدا چاوەڕێمان دەکات"، بەڵام ئەوەی جەزیرە هەم لەجێی خۆی نەبوو، هەمیش بەکاربردنی تراژیدیا کە بوو بۆ مەبەستێکی نارەوا، بەڵام ئەو نارەواییەش دەبڕێتەوە و جەزیرە هەر دەبێت وەڵامی ڕیسواییەکە بداتەوە.

دەگوترێت لەدێر زەماندا کابرایەک تەعدای لە کەسێکی تر کرد، پاسەوانیان نارده سەر تەعداکار تا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن، پاسەوان دیتی کابرا لەسەر بەرماڵی نوێژکردنە، گوتی: با نوێژەکەی تەواو بکات، بەڵام کابرا دەیزانی کە کەتنی کردووە، هەروا خۆی لە نوێژەکە دوادەخست، کە پاسەوان پێی زانی، گوتی: فڵانی، نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕەکعەتە و هەر تەواودەبێت، لەبەرئەوە خۆت غافڵ مەکە. هەر دەبێت وەڵام بدەیتەوە. دەبێت دوای نوێژەکان جەزیرە وەڵامی خۆی هەبێت و درەنگ یان زوو، ڕاستییەکان دەربکەون.

ژ: 3565 – 2005/1/15

# بۆم نییە دەنگ بدەم!

تەمەنی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوچەرخ، ئەگەر لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی 1880-ەوە بیژمێرین، نزیکەی 124 ساڵە، لەو سەدەو چارەکە سەدەیە بەندە سیانزە ساڵی بەردەکەوێت. ئەگەر رۆژانی پشوو و نەخۆشی لێ دەربکەین، راستە سیانزە ساڵی دوای راپەڕینەو بەخەباتی جادەی پان ناوی دەرکردووە، بەڵام ئیتر (لایکلف الله نفسا الا وسعها).

بەو حاڵەشەوە بۆم نییە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگ بۆ پاڵێوراوی یان پاڵێوراوەکانی خۆم بدەم، چونکە هێشتا چارەنووسی کەرکوک و شارە رزگارکراوەکانی تری وەک خانەقین و مەخمورو شەنگال و ...هتد یەکلایی نەکراونەتەوە. جا بۆ هەر باسی خۆم بکەم؟ پەرلەمانتارەکانی کوردستان: مەلا بەختیار، مام رۆستەم، گەلاوێژ جەباری، فەوزیە عزالدین رەشید، بەهمەن حسێن و هەموو کەرکوکی و خانەقینەکانی فراکسیۆنی کەسک و زەرد، ئەمجارە نەک بۆیان نییە خۆیان بپاڵێونەوە، بەڵکو بەگوێرەی قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆشیان نییە دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن!

خوشک و براو کەسوکاری شەهیدان: ئازاد هەورامی و مامە ریشە، بۆیان نییە لە بەری ئەو ئازادییە بخۆن کە بە خوێن و ئارەقی شەهیدەکانیان ئاودراوە. ئاوارەی گەڕاوەو کوردستانیانی ژێر سایەی ئازارەکانی تەعریب و راگواستن کە بە دڵو بەگیان چاوەڕێی بۆنی مەرکەبی دەنگدان و پەنجەمۆری هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بوون، دەبێ دەورانێکی تریش بەو حەسرەتەوە رۆژەکانیان بەرێ بکەن.

ئەوان و ئێمەو هەموو ئەوانەی قەدەری خۆیانیان بە ئەزموونی دیموکراسی کوردستانەوە گرێداوە لەسایەی عیراقی هیواو ئاشتیدا هەردەبێ (یالیلی) بڵێن.

باشە سبەی ئەگەر پەرلەمان هەنگاوێکی چاکی نا، یان خوانەخواستە پەرلەمانێکی تەمبەڵ و ناکارا بوو، ستایشی چی یان گلەیی چی لێ بکەم کە پەرلەمانتارەکانی بتوانن پێم بڵێن منەتی چیمان بەسەردا دەکەیت؟ خۆ دەنگی تۆ نەیبردوینەتە پەرلەمانەوە؟

ئایا هەقی رەخنەو گلەییم لەو حکومەتە کوردستانییە دەبێت کە لەو پەرلەمانەوە هەڵدەقوڵێ وەختێک من نەمتوانیبێت نوێنەری خۆم رەوانەی تەلاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکەم؟

ئەم پرسیارانە جیددین و بە تەنهاش هی بەندە نین، بەڵکو مقۆمقۆی نێو لا کۆڵانە هەژارەکانی کەرکوک و جادە پڕ لە تاسەو کەندو کۆسپەکانی ئیسکان و ئیمام قاسم و شۆریجەو رەحیماوان.

ئەمە وردەکاری ئەو دێڕە دڵڕەقەیە کە دەڵێ ناوچە رزگارەکان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکەن.

یانی چی ئەو هەموو رەنجی فەرهادییە بۆ ئازادی کوردستان و عیراقن کەچی لەبەرخاتری کۆمەڵێک توندڕەو دەستەیەک عەرەبی تەعریب کە شارەکەیان داگیرکردووە ئەو هەموو خەڵکە لە دەنگدان بێبەش بکرێن؟ بە ڕیشی کێ رەوایە خەڵکی رەسەنی کەرکوک ئامادەن خۆیان بە فیدای کوردستان بکەن، بەڵام لەبەردڵی بەردینی ئەوانەی بە کوردستانێتی کەرکوک رازی نین لەو شەرەفە مەحروم بین و تەنها وەک خەڵکی تکریت و فەللوجە دەنگ بە پەرلەمانی عیراق و بەلەدیەی شارەکەیان بدەن؟

منیش دەزانم سیاسەت فەنی مومکیناتەو عەقڵیەتی (یان هەموو شتێک یان هیچ) باوی نەماوە، بەڵام بەڕاستی ئەوەم پێ قووت نادرێ کە لە سەردەمی ئازادیدا خەڵک مافی ئەوەی نەبێ بە ئازادی پاڵێوراوێک بۆ ئەو پەرلەمانەی خۆی دەیخوازێ دەستنیشان بکات.

سەرکردایەتی سیاسی و بزووتنەوەی کوردایەتی سیانزە ساڵە دەرسی دیموکراسیمان دەدەن کەچی لەناکاو وتیان لەودیو بان مەقانەوە خەڵکی بۆیان نییە دەنگبدەن. فێرکەران فێرمەکەن و کە فێرتان کردن لەبیریان مەکەن.

# ئامۆزای دایکی محەمەد

باسوخواسی کۆبۆنەکانی نەوت، نەوت بەرامبەر هەڵوێست، کە دەشێت ناوی (سەدام گێت)ی لێبنێین، باسوخواسێکی وروژێنەرو جێی سەرنجە، هەر رۆژنامەیەکی عیراقی کە فرۆشیی رووی لەکزی کرد یان خوێنەرانی لێی تەکینەوە دەتوانێت یەک لەو هەزاران بەڵگەنامانەی لەدوای بەعس بەجێماون و چیرۆکی گەندەڵیی دەسەڵات و داهێزرانی ئەخلاقی رووناکبیران و رۆژنامەوانانی عەرەب و عەجەمی دونیا دەگێڕنەوە، دەربهێنێت و بڵاویان بکاتەوە. بەڵگەنامەی کۆبۆنەکان چیرۆکی سەرنجڕاکێشیان تێدایە، لەوانەش چیرۆکی ئەو برە پارمەتییەی رۆژنامەوان و نووسەری دیاری سوریاو عەرەب (حەمیدە نەعنەع) وەریدەگرت.

دەگوترێت نەعنەع لە خۆمانەو بەرەچەڵەک کوردەو ئامۆزای دایکی محەمەدە. بۆ ئەوانەی دایکی محەمەدیش ناناسن، دەبێت بڵێین ئەوە (رەغدە) خانمە هونەرمەندی سوریایەو سەدام بۆ نازکێشان دایکی محەمەدی پێدەگوت..!

بۆیە باسکردنی ئامۆزای دایکی محەمەد ناچێتە خانەی زەمی نەتەوەکانی ترەوەو سەرەنجام ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی.

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک کە رۆژنامەیەکی بەغدادی بڵاویکردۆتەوە، حەمیدە خان بری ملیۆنێک بەرمیل نەوتی زیاتری لەو بەشە وەرگرتووە کە بۆی تەرخانکراوە. بەهای یەک ملیۆنیش بەنرخی ئەو رۆژە دەیکردە (2) ملیۆن دۆلار. ئەگەر بەشی زیادەکە بایی (2) ملیۆن دۆلار بێت داخۆ برە ئەسڵییەکە چەند بێت وا حکومەتی عیراق بە کەمی زانیوەو دووی دیکەشی خستۆتە سەر..؟

حەمیدە نەعنەع کاتی خۆی لە چوارچێوەی ئەو چەندان  کتێبەی نووسیویەتی کتێبێکی چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاریق عەزیز بڵاوکردەوە بەنێوی (رجل وقچیە)، لەکاتێکدا بەگوێرەی بەڵگەنامەکە ئەوە تەها جەزراوی بووە کە ئەمری داوە یەک ملیۆن بەرمیلەکەی بۆ زیاد بکەن. ئایا بەشە ئەسڵییەکە تاریق داویەتی لە بری کتێبەکە یان تەها یاسین رەمەزان زیادەکەی داوە لەبری ئەوەی نەعنەع کتێبێکیش لەسەر ئەو دەربکات، بەلانی کەمەوە تەها جەزراویش (کورد) بوو و (قەزییەکەی) ئەو لەهی تاریق عەزیز قوڵتربوو، جەزراوی بەرپرسی فایلی تەعریبکردنی کەرکوک بوو، کە بێگومان بەشێکی دیارییەکەی حەمیدە، جا بەشە ئەسڵییەکە یان زیادەکە بێت، لە نەوتی کەرکوک هەڵپچڕاوە...!

(حسب العائدیه) دەبێت جەزراوی، کوردی تەعریبکراو، لەسەر تەعریبی کەرکوک بێتە جواب و قسە بکات، کەچی عەزیز لە (رجل وقچیە)دا کۆششەکانی جەزراوی دەکاتە موڵکی خۆی و دەڵێت: (ثم إن كركوك ليست مدينة كردية) واتا: (بێ لەوەش کەرکوک شارێکی کوردی نییە).

بەهەرحاڵ حەمیدە نەعنەع دواجار سەرجەم بەشە نەوتەکەی خۆی فرۆشتووە، هەروەک بە ئیمزای خۆی لەبەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت.

جا ئەم حەمیدە نەوتفرۆشە هەروا دڵفۆشیش بووە، لە ڕۆمانێکی خۆیدا کە ناوەکەیم لەیاد نییە باس لەپەیوەندیی دڵداریی ژنێکی چەپڕەو و شۆڕشگێڕ دەکات لەگەڵ چەپڕەوێکی ئەورووپاییدا.

ڕەخنەگرەکان لەچەندین بۆنەی ئەدەبیدا گوتوویانە ئەوە دەقاودەق تەجرەبەی نەعنەعە لەگەڵ ڕێژیە دۆبرێی تیۆریسینی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەمریکای لاتین کە کتێبی (شۆڕش لەدوو تویێی شۆڕشدا)ی نووسی. ئەگەرچی منیش کاتی خۆی ڕێژیە دۆبرێ-م خۆشدەویست، بەڵام عاقیبەت کەس نەک ملیۆن بەرمیل، بەڵکو تەنەکەیەک نەوتی شارەکەی خۆشمی پێ نەبەخشیم، دیارە پەیوەندیی نەعنەع لەگەڵ دۆبرێ گەیشتە قۆناغی (فی المشمش)، بۆیە خانم لە لووتکەی شۆڕشگێڕییەوە خزایە نێو گۆمی لیخنی بەعسەوە.

لەگفتوگۆی نێو کتێبی (حوارات مع مفكري الغرب)ەوە بۆ (رجل وقضية)ی تاریق عەزیز..

بەکورتییەکەی ئەویش نەوتاوی بوو. ئادەی ئەو شقارتەیەم بدەنێ..!

# بەشی شەشەم

## باردۆخەکە بەمشێوەیە بوو

# لە پەراوێزی سەردانەکەی مستەر وێڵشدا ئاوەدانکردنەوەی (ڕێگای هات)ی کوردایەتی

لەماوەی رابردوودا مستەر دیڤید وێڵش جێگری یاردەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەسەر راسپاردەی مادلین ئۆلبرایت سەرۆکایەتی سەردانی وەفدێکی حکومەتی وڵاتەکەی کرد بۆ کوردستان و لەگەڵ رێبەرانی هەردوو حزبی گەورەی هەرێمی کوردستانی عیراقدا کۆبۆوە. مستەر وێلش دوای چەند رۆژێک لەمانەوە چۆوە ئەمریکاو لەداوی خۆی تێبینی واشنتۆنی لەبارەی پێویستی ئاشتبوونەوەی کورد، لەپێناو ئەوەی کێشەکەیان برەو پەیدادەکاتەوە، لێرەدا بەجێهێشت.

ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی هاتنی ئەمجارەی نوێنەرانی ئەمریکا دوای دوو رۆژ لەرۆیشتنەوەیان کاریکی ئەستەمە بەتایبەتی ئەو شتانەی واشنتۆن و دووهێزە کوردییەکە قسەیان لەسەر کردووە ئەگەر دیدی هاوبەشیشیان دەرهەق وەرگیرابێ هێشتا پیادەکردن و دەرکەوتنی ئاکامەکانیان کاتێکی زۆرترو سەرنجدانێکی شێنەیی دەوێ. سەرەڕای ئەوەش پێشینەی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ کوردەکانی دوای راپەڕین و ئەو لێدوانانەی وێڵش لەسەردانەکەی سلێمانیدا داویەتی یارمەتیدەر دەبن بۆ خوێندنەوەیەکی هیچ نەبێت بەدواداچوونی رەوشەکە لەرەهەندی گرێدراو بەپەیوەندی یەکێتی و کورد لەلایەک و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەکی ترەوە.

لەوپێناوەشدا بەرنامەی کارو کۆبوونەوەکانی نوێنەرەکەی ئەمریکا لەدوولایەنی جیاو کەچی پێکەوە گرێدراویش، باس دەکەین.

1. لایەنی پرسی ئەمریکاو عیراق و شوێنی کورد لەهاوکێشە عیراقییەکە.

2. لایەنی تایبەت بەپرۆسەی ئاشتی نێوان یەکێتی و پارتی و وردەکارییەکانی رەوشی هەنوکەیی کوردستانی عیراق. لەمیانی ئەم دابەشکردنەشدا هەوڵ دەدەین بەتێگەیشتن لەهەلومەرجەکە نەتەنها ئەوەی لەدوو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی عەرابە ئەمریکییەکەدا وروژێنرا، مەسەلەکان هەڵبسەنگێنین.

**یەکەم: واشنتۆن و بەغداو.. کوردیش لەنێوانیاندا**

پرسی ئەمریکاو کێشەکانی وی لەگەڵ عیراقدا ئێستا پشکی هەرەسەنگینی لەبایەخپێدانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەی ئێمە داگیرکردووە. بەتایبەت لەهەلومەرجێکدا کەعیراق تادێ پەرە بەگرژییەکان بەئاراستەی درزخستنی هاوپەیمانێتی رۆژئاوایی دەداو بەلێکدانەوەکانی خۆی لابردنی ئابلۆقەی ئابووری و گەڕانەوە ریزی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هێندەیان پێناچێ دێتەدی.

لەبەرئەوە لەنێوان هەر ئەڵقەیەکدا کەعیراق و ئەمریکا لەروقعەی ململانێی نێوان خۆیاندا دەیکەن، هەردوولا دەچنە قۆناغێکی دی لەئیدارەدانی گرژییەکە. وەک دەشزانین لەدوایین نەقلە، کە رێککەوتنی عەنان-عەزیزی لێکەوتەوە، هەردوولا خۆیانیان بەسەرکەوتوو زانی و کەسیان بردنەوەی ئەوی تریان نەسەلماند. لەسەرینی ئەوەی کەئەو نەقلەیە وەک گەمەیەکی بەتەعادول کۆتایی پێهات و هاتە بەرچاوی چاودێران و بایەخپێدەرانی رەوشەکە، دەبینین ئەمریکا جارێکی دی پابەند نەبوونی عیراقی بەهاوکاری کردن لەگەڵ تیمەکانی پشکنین و کۆمیتەی تایبەت بەداماڵینی عیراق لەچەکە کۆکژەکانی راگەیاندووە. لەهەمبەر ئەوەشدا عیراقیش شێوەی ئاخاوتنی خۆی توندو بێ منەتتر کرد. چاوەڕێش دەکرێ دەمارەکانی گرژی نێوان بەغدا-واشنتۆن پتر لەروخسارياندا دەربکەوێت و لەوکاتەی لەمانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا پێداچوونەوە بەسزاکانی سەپێنراو بەسەر عیراقدا دەکرێ و بەغداش هەوڵدەدا لەئامانجی لابردنی ئابلۆقەی لەسەرێتی، شکست نەخوات.

لێرەشدا وێلش ئومێدی وایە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی وڵاتەکەی لەگەڵ عیراقدا، کوردەکان میانەیان لەگەڵ بەغدا نەبێت نەتەنها بۆئەوەی پریشکێکی ئاگرەکەیان بەرنەکەوێ، بەڵکو هەروا لەبەرئەوەش کەیەک لەخاڵەکانی لیستی تێبینییەکانی ئەمریکا لەسەر عیراق رەش نەبێتەوەو تراژیدیای کوردان یەک لەبەڵگەکانی دەست ئەمریکا بن ئەو دەمەی دەخوازێ کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەدژی بەغدا سازبداو پێیان بڵێ هێشتا (عیراق) هەر عیراقەکەی سەردەمی پەلاماردانی کوێت و پێشێلکاری عورفە نێودەوڵەتییەکانە. نوێنەری ئەمریکا بەئاشکرا ئەگەری نزیک کەوتنەوەی کوردە ئاشتەوەبووەکانی لەگەڵ بەغدا پێ ناخۆش بوو کاتێک لەکۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا لەو بارەیەوە گوتی: من ئەزموونی کەمم لەگەڵ سەرکردایەتی ئێستای عیراقدا هەیە، بەڵام هێندەی ئێوە نا. بۆیە دەبێت پرسیار لەخۆتان بکەن کەدانووستاندن چی لێ دەست دەکەوێت؟ بەبۆچوونی هەژارانەی بەندە ئەمەش یەک لەئامانجە سەرەکییەکانی هاتنی ئەوبوو بۆ کوردستان لەپاڵ نیشاندانی بایەخدانی ئەمریکا بەرەوشی کورد و ئاشتی نێوماڵی کوردیی. لەباری تایبەت بەسیاسەتی نەیارانەی واشنتۆن بەرامبەر بەعیراق و چڕبوونەوەی ئەو سیاسەتە نەیارییە لەهەلومەرجی ئێستادا، هیچ دوودڵییەک لەرەوشەکەدا نابینرێ و هیچ چاودێرێکی بیانیی گومانی لەوەنییە

کەئەمریکـا ئەگەر بـیەوێ لەگەڵ عیـراق ئاشـت ببێـتەوە پێویـستی بەتێپەڕینـی زەمەن و قەنـاعەت پێکردنـی خـۆی و هاوپەیمانەکـانی نیـیە. لەم پێناوەشـدا ئەگەر بـیەوێ عیـراق (بـدوێنێ) دەتـوانێ دەست بەبیـانووی گۆڕانکـاری لەهەڵوێـستی عیـراقەوە بگـرێ کەهەرگیـز تائێستا ئەمەی نەکردووە. لەراستیدا ئەمریکا کەگەیشتە ئەو قەناعەتەی لەئێراندا گۆڕانگاری هەیە شەخسی کلنتۆن و ئۆلبرایتی وەزیـری دەرەوەی گوێیـان بەوەنەدا کەداخـۆ یـاری نێـوان ئەمریکـاو ئێـران لەمۆنـدیالی فەرەنـسادا بەفیعلـی ئەو بۆنە سیاسییەیە کەبـانگەوازی ئاسایی کـردنەوەی پەیوەنـدی واشـنتۆن-تـارانی تێـدا بەرزبـکەنەوە یـاخود نەخێـر؟ بگـرە گوێـشیان بەوەش نەدا کەوەڵامی ئێران چۆن دەبێت؟ بەئاشکراش وائێستا یاردەدەری مارتن ئەندیکی خاوەنی بیرۆکەی ئیحتیوای دووسەرەی عیراق و ئێران لەکوردستـاندا ئاماژە بەوەدەدا ئێـران لەکـایەی ئیحتیـوادا نەمـاوە. لەوانەشـە پـشکێک لەوزەی دوژمنـایەتی کەلەو ئیحتیـوایەدا بـۆ ئێـران تەرخـان کرابـوو وەک گوشـارێکی سـەربار بخـرێتە سـەر عیراقێـک کەتائێـستا لیـستی لەسـەر ئامـادە دەکرێـت، حیـساباتی هەڵواسـراوی دیـکەی بـۆ دەهێنـرێتە سـەر مێـزی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییدا.

تەئکیدکردنەوەی ئێمە لەسەر واقیعی ئێستای پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عیـراق بـۆئەوەیە شـوێنی کـورد لەرەهەنـدی عیراقییـانەی مەسـەلەکاندا بـدۆزینەوە، چـونکە هەروەکـو گوتمـان رەوشی کورد یەکێکە لەو خاڵانەی لەلیستی حیساباتی هەڵواسراوی ئەمریکادایە بەرامبـەر بەعیـراق. لەبەرئەوە دەبینـین واپتـر لەسـاڵێک زیـاترە، دروسـت لەو کـاتەوەی کوردەکـان ململانێـــی خۆیانیـــان لەگەڵ بەغـــدا کەم کـــردەوەو سیاســـەتی موتـــارەکەیەکی بەئاگـــاو جەنتڵمـانییەکی دروستیان لەگەڵ عیراقدا گرتەبەر، ئالەوکاتەدا واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی تازە بەگەرمـی تێهەڵدەچنەوە. لەو نێوانەشـدا رەوشـی کـورد دێتەوە نێـوان و گرفتەکانی وی لەعیراقدا دەبنە سەرباسی ئەو گلەییانەی لەعیراق دەکرێت. هەڵبەتە کـورد لەگۆڕەپـانەکەدا بۆخـۆی یـاری دەکـات و دەکارێـت لەو هاوکێـشەیەدا شـوێن بگرێـت. لـێ ئەم خواسـتە رووبەڕووی گرفتێک دەبێتەوە پەیوەندی بەلایەنەکانی دیکەی ئەو هاوکێشەوە هەیە کەکورد لەگەڵیاندا گەمان دەکات.

گــرفتەکەش ئەوەیە ئەو وڵاتــانەی مــامەڵە لەگەڵ کــورد دەکەن مەیلــی پــاوانکردنی پەیوەنـــدییە دەرەکییەکـــانی کوردیـــان هەی بـــۆلای خۆیـــان و حەزنـــاکەن کـــورد پتـــر لەئەلتەرنـاتیفێکی لەبەردەمـدا بێـت ئەوکـاتەی پەیوەنـدی بەدەرەوەی خـۆی دەبەسـتێت. بەهەرحـاڵ مەسـەلە هەروا دەکەوێـتەوە بـزوتنەوەی کوردایەتی بتـوانێ لەکۆشـشی خـۆی بـۆ دەستگرتن بەهەموو ئەلتەرناتیفەکانەوە بەردەوام بێت و رەنجی زیـاتری بـۆ بکێـشێ، ئەمەش مانـای وایە لەبـنەوە نـاکۆکییەکی تـر هەیە لەنێـوان خواسـتی بـزوتنەوەکە بۆپیـادەکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆو مەیلی ئەوانی بەرامبەر بۆکۆنترڵکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانمـان. بەمجۆرە لەکاتێکدا وێڵش لـوتفی نوانـدو سنووری جـوگرافی بەزانـد تـابێتە میـوانی تاڵەبـانی،

ئالەوکاتەدا ئێمەش لوتفان نواندووە کاتێک نوێنەرێکی ئەمریکا دێتەکنمان و عیراقی پێ بێ تاقەت دەکەین کە عیراقییەکان دەخوازن پەیوەندییە دەرەکییەکانی کورد کۆنترۆڵ بکەن.

لەنێو ئەو هەلومەرجە ناخۆشەدا کوردایەتی دەبێت گەمەی خۆی بەو ئاراستەیە ببات کەدەسکەوتێکی زیاتری تێدا بێت. راستە دوای دژوارییەکانی وەزعەکەو شەڕەکانی ئابی 1996 و تشرینی یەکەمی 1997 کورد وای لێهات بەگومانەوە لەتوانای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بڕوانێ، بەڵام لەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانییدا، لەئاستی ئەو دەسکەوتانەی بەڕێگاوەن بۆ کورد، ئەگەر پەیوەندییەکانی پتەوبکات لەگەڵ ئەمریکاو مام جەلال گوتەنی (بەعەقڵێکی کراوەوە لەگەڵیان بدوێین). لەراستیدا ئەوەی لەئاستی کوردایەتی و کوردەوارییدا لەم سەفەرەی دوایی وێڵشدا دەرکەوت شایستەی هەڵسەنگاندنێکی ورد و هێورانەیە. ئەمەش ئەو شتەیە کەئێمە والەخوارەوە لەبڕگەی لایەنی دووەمی مانای سەردانەکەی وێڵشدا باسی دەکەین.

**دووەم: رێگای ئاشتی کوردستان و رێگای هاتی کوردایەتی**

هەر لەدرێژەی قسەکانی لەسەر شوێنی کورد لەهاوکێشەی عیراق-ئەمریکادا کردمان، تێبینییەکی تایبەت بەخوێندنەوەی ئاماژە ئەمریکییەکان دەدەین. لەکاتێکدا لێرە روانینێکی میللی هەیە دەربارەی ئەوەی هەڵوێستی ئەوروپا بەرامبەر بەکورد لەهەڵوێستی ئەمریکا باشترە، نوێنەرەکەی ئەمریکا پێی وایە دەبێ کورد ئاشتبوونەوە بکات بۆئەوەی ئەمریکا ئیحراج نەبێت و ئەوروپا و جیهانیش پشتگیری لەکورد بکەن، هەروەک لەو لێدوانانەی لەسلێمانی دابووی. زیاتر لەوەش نوێنەرەکە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بەئاشکرا رایگەیاند ئەگەر بەتەنها خۆشی بێت واشنتۆن بەردەوام دەبێت لەسەر پاراستنی کوردان. ئەم روانینەی ئەمریکا لەوەوە هاتووە کەتائێستاش ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەوە خۆیانن، نەک ئەوروپا، کە کورد دەپارێزن. بەفیعلیش لەسەر زەمینی واقیع و لەڕووی تێچوونی سەربازییەوە واشنتۆن لەسەر خەرجکردنی تێچووی مانەوەی هێزەکانی ئەنجەرلیک بەردەوامە. ئەگەر لێرەدا بشێ بەراوردێک لەنێوان هەڵوێستی ئەمریکاو ئی ئەوروپا بەرامبەر بەکورد بکەین، هێندە دەڵێین ئەمریکا ئێستا لەچوارچێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی عیراقدا بەفیعلی لەنێو مەسەلە کوردییەکەو دەرکەوتە راستەوخۆکانیدایە لەکاتێکدا ئەوروپا بەشێوەیەکی (کوردستانیی) تەماشای مەسەلەی کورد دەکاو وایدەبینێ کورد دەبێ لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەی بەسەریدا دابەشکراوە مافە دیموکراتییەکانی خۆیان وەربگرن. لەو کوردانەش بەتایبەتی کوردی تورکیاو کوردی عیراقن، هەڵبەتە بەراوەردەکە بۆ تێگەیشتنە ئەگینا هەردوو هەڵوێستی پشتگیری (ئەهمیەتا خۆ هەیە). ئەوەی ئەمریکا بۆ دۆخی هەنووکەیی کوردستانی عیراق و ئەوەی ئەوروپاش بۆ دوورایی نەتەوەیی کێشەی کورد و ئایندەی ئەو کێشەیە لەعیراقدا. لەبەرئەوە گەلێک پێویستە کورد بەچاوێکی رێزەوە

لەهەوڵە ئەمریکـی و ئەوروپییەکـانیش بڕوانـێ کەبۆئاشـتی دێنەپێـشەوەو ئەو هەوڵانەش بەتەواوکاری یەکتری دابنێ، نەک بەجیاو هەریەکەیان دوور لەوی تر پەرەپێبدا.

ئەگەر بشێ ناوێکی تر لەروانینی لەمەوپێشی ئەمریکا بەرامبەر بەکوردی عیراق بنێین، ئەوا دەشێ بڵێین لەچاویلکەی ململانێ لەگەڵ عیراقەوە تەماشای کورد دەکرا. هەروەک چـۆن لەمەسـەلەی ئاشـتی کوردسـتاندا لەچـاویلکەی تورکیـاوە تەماشـای دەکـرا. بەڵام لەم سەفەرەی وێڵشدا تێبینی ئەوە دەکرا کەئەگەرچی ململانێی بەغدا – واشنتۆن توندەو لەم پێناوەشـدا ئیـدارەی کلنتـۆن حەز بەبـێ لایەنـی کـورد دەکـات، بەڵام روانـگە بـۆ گرفتـی کوردەکانی عیـراق بەجۆرێکی تـر بـوو. هەروا تورکەکان رۆڵیان لەوردەکاری سەردانەکەی نوێنەری ئەمریکا نەبوو. ئەمەش (گۆڕانێکی) دڵخۆشکەرە باکەم و سستیش بێت.

ئەگەر وایدابنێین چاویلکەی تورکی، کەئەمریکا لەجامی وییەوە تەماشای کوردی عیراقی دەکرد، ئێستا لەچاویلکەی (پزیشکییەوە) بەچاویلکەیەکی سووک و شەفاف گۆڕدراوەتەوە ئەوا (هەنگاوێک) لەبواری تێگەیشتنی واشنتۆن لەگرفتی نێوان هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستانی عیراق هاتووینەتەپێش. هەڵبەتە زۆر گرنگە کە گرەوی ئەو دۆستانەی گرەویان لەسـەر کـردووین سـەربکەوێ، ئاشـتی لەکوردسـتاندا بچەسـپێ. ئاشـتی پێویـستە بـۆئەوەی پـشتگیری و یارمەتییەکـانی پێـشکەشمان دەکـرێن بەردەوام و زیـاتربن. ئەو ئاشـتیەش ئەگەرچـی گرەوتینێکـی دەرەکی پێویـستە، بەتـایبەتی لەلایەن دۆسـتە بڕیـار بەدەسـتەکانەوە، بەڵام پـێش هەمـوو شـتێک ئاشـتی خۆمـاڵی عەقـڵ و ئیرادەیەکـی خۆمـاڵی دەوێ نەبەمانـا ئەخلاقیـیەکەی ئیـرادە (وێـرای گرنگـی لایەنە ئەخلاقیـیەکە) بەڵکـو بەو مانـایەی هەردوولا دەرک بەوە بکەن دەسکەوتەکانیان لەکاتی ئاشتیدا زۆرتر دەبێت بەپێچەوانەی کاتی شەڕ.

لەبەرئەوە پێم وایە مەسەلەی پێشتر سەرنەکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و ناوبژیوانی ئەمریکا تێیدا، تەنها بۆئەوە ناگەڕێتەوە کەواشنتۆن لەچاویلکەی تورکەوە سەیری کوردستانی عیـراق دەکات، بەڵکو بەپلەی یەکەم لەبەرئەوەی لەناوخۆدا رێگری ئاشتی هەن. ئەگەر مەسـەلەکە چـاویلکەی تـورک بێـت ئـێ خـۆ سوشیالـست ئینترناسیونال وەک ئەمریکـا نـین و مامۆسـتا عەزیز محەمەدیش هەوڵێکی کوردستانیی ئیدارەداوە، ئەی بۆچی ئاشتی جێگیر نابێت؟!

هەڵبەتە ئەمە پاکانە نییە بۆ چاویلکەکەی ئەمریکـا، بەڵام پێمـوایە سـەرەتای مەسـەلەکان لەخۆمـانەوە دەسـت پێـدەکا. واشـنتۆن وابەڵێنـی هاوکـاریکردنی کـوردی لەبڕیـاری 986 و لەجێبەجێکردنـی بڕیـاری 688 لەلایەن عیـراقەوە داوەو دەشـڵێ ئێـوە ئاشـتبنەوە بـۆئەوەی بتوانین باشتر ناوچەکەتان بپارێزین.

بـۆ کـوردیش دەبـێ کۆشـش لەهەمـوو ئاسـتەکاندا بکرێـت لەپێنـاو پەرەدان بەو پەیوەنـدییانەی لەگەڵ واشـنتۆندا بەسـتراوە. دەشـبێ هەوڵێکـی سـەربار لەگەڵ وێڵـش و هاوکـارانی بـدرێت تـالەوە تێبگەن کەبـۆئەوەی کـورد شـوێنی خـۆی لەهاوکێشەی عیـراق و ناوچەکەدا بگرێت، بۆئەوەی بزووتنەوەی کورد باشـتر بپەرژێتە سـەر تەمـاس کـردن لەگەڵ

سیاسەتی (عیراقییانەی) ئەمریکا، پێویستە واشنتۆن تەئکید لەسەر ئاشتی بکاتەوەو چاکتر لەوردەکارییەکانی رەوشی کوردستانی عیراق بڕوانێ.

لێرەدا مەسەلەکان هەریەکەو ئەوی تر تەواو دەکەن، ئەگەر واشنتۆن رۆڵێکی بەرچاوتر لەئاشتی و ئارامی کوردستان ببینێ، ئەوا ئەو کوردستانە ئاشتی و ئارامە دەتوانێ چاکتر هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەتەکانی ویدا بنوێنێ. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر کورد نیشتمانەکەی ئارام و پڕ ئاشتی بکات، ئەوا هاوسۆزی دەرەوە لەگەڵی زیاترو زیاتر دەبێت و هەماهەنگی لەگەڵ دەرەوە لەپێناوی دەسکەوتی باشتر، لەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، گەشەسەندنێکی چۆنایەتی بەخۆوە دەبینێ.

لەحاڵەتێکی واشدا لەنێو چەندین ئەلتەرناتیڤدا کورد چاکترینیان هەڵدەبژێرێ و لەنێو دونیای موحتەریفانی سیاسەتدا ئەویش گەمەی خۆی دەکاو بەدوای دەسکەوتی خۆیدا دەگەڕێ. ئەمەشیان بۆ ئایندە جارێکی تر ئاوەدانکردنەوەی رێگای هاتی کوردایەتی و کوێرکردنەوەی رێگای نەهاتی لێ دەکەوێتەوە.

# قسەیەک لەسەر خەیاری سێیەم![*]

جارێکی دیکەش خەیاری ئاشتی وەک دەرویەک بۆ تێپەڕاندنی تەنگەژەی شەڕی ناوخۆ سەری هەڵدایەوە یەوپەیامە مێژووییەی هەڤاڵ مام جەلال ئاڕاستەی سەرۆکی پارتی کرد. حزبەکان هاتنە نێوانەوە لێدوان و شیکردنەوە سیاسییەکان لەچاوەڕوانی راگەیاندنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هەردوولا (یەکێتی و پارتی) ئەگەرەکانی بەدی هاتنی ئاشتی و مرداربوونەوەیان تاوتوێ دەکرد. هەبوو بەوپەڕی گەشبینییەوە و هەشبوو بەوریاییەوە لەدۆخەکەی دەڕزانی. رەوتی جمەتێکەوتنی دۆخە سیاسییەکە هەرچۆنێک بێت نابێ ئەو پەندو دەرسەمان لەبیربباتەوە کەهەوڵە بەئاکام گەیشتووەکانی پێشووی ئاشتی فێری کردین، پەندەکەش ئەوەیە کەسەرەتای حیواری ئاشتی بەگرتنەبەری پێڕەوێکی رەخنەگرانە دەست پێ دەکات.

پێڕەوێکی رەخنەگرانەی ئەوتۆ کە بێ موهاتەرات و شەڕی راگەیاندن چەوتییەکانی رابردوو سەرزەنشت بکاو هەنگاو هەڵهێنان بۆ ئاشتی و ئیدارەدانی ململانێکە بخاتە ژێر چاودێری رەخنەی سیاسییەوە بۆئەوەی لەزەمەنی قسەکردن لەسەر ئاشتیدا رەخنەی سیاسی ببێتە نەریتێکی دیموکراتی و سانسۆرێکی نیشتمانی و لەوە دەرچێت کەمانای پیلانگێڕی بۆتێکدانی (رەوتی ئاشتی) بگەیەنێت و سەرەتای هەڵمەتێکی راگەیاندن بێت بۆ هەڵایسانەوەی شەڕ (بادانەوە سەر شیکردنەوەی بابەتی و عیلمی لەلێدوان و گرفتەکان و ناکۆکی و کێشەکان و زاڵکردنی رەخنەی داهێنەرو هۆشیار کردنەوەی برایانەو دەرخستنی راستی رووداوەکان-نامەکەی مام جەلال 1997/12/31).

**رێبەرێک تەنازول بۆ میللەتەکەی خۆی دەکا!**

رەنگە قسەی ئەو هاوڵاتییەی لەریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسیدا گوتبووی (مام جەلال تەنازول بۆ میللەتەکەی دەکا) جوانترین گوزارشت بێت لەهەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی ئاشتیخواز سەبارەت بەدەست پێشخەرییە مێژووییەکەی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) ئەو گوتەیە شەهادەیەکی میللییە بۆ رێبەرێک کەحزبەکەی لەمیانی جەولە درێژەکانی شەڕی ناوخۆدا لەپاڵ هەڵوێستی نیشتمانیی و داکۆکی کردنی سەرسەختانە لەدەسکەوتە نەتەوەییەکان. هەمیشە دەستپێشخەری بۆ ئاشتی نواندووەو جگە لەپەسەندکردنی پرۆژە جیاجیاکانی لەدەرەوەو ناوەوە هاتبوون خۆشی پرۆژەی وای خستۆتە روو لەڕووی هەلومەرج

و بانگەشـەی پرۆژەکانەوە نمـوونەیی و مێژوویـی بـوون. دەسـت پێـشخەری ڕێـبەری بزاڤـی کوردایەتی درێژەی هەمان ئەو هەوڵە ئاشتیخوازانەی پێشوو بـوو کەبەبانگەوازی سـەرەتای شەڕی ناوخۆ لە (1994/6/4)دا دەستی پێکرد و لەسەر ئەو بنچینەیە یەکێتـی یەک لایەنە هەموو هێزەکانی خـۆی لەشـەڕگەکاندا کێـشایەوە، درێـژەی دەستپێـشخەرییە چۆنایەتییەکانی بەرەی ئاشـتیخوازان بـوو کەلەجـورئەترین هەڵوێـست و لەکـاتی بەبـن بەسـت گەیـشتنی ئاشتیدا ڕۆژی 1996/5/24 وەفدێکی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک-ی ڕەوانەی مەسـیف کـرد بۆ خۆشکردنی زەمینەی ئاشتی. ئەم دەست پێشخەرییەش وەک ئەوانـی دی بـۆ کوردایەتی و کـوردەوارییە. هێنـدەی بانگەشـەیەکی ڕەسـمی، هەنـووکەیی و پەیوەنـدارە بەهەلـومەرجی ئەمڕۆوە چەند هێندەش دوورابیەکی مێژوویی هەیەو لەشێوەی بانگەوازو هـاوار نـامەیەکی نەتەوەییدا قسەیەک بۆ مێژوو دەڵێ، داخوازییەک بۆ ئاشتبوونەوە نیشان دەدا تا کـورد لەدوا دووسـاڵی سـەدەی بیـستدا مەحجـوبی لای نەوەکـانی داهـاتووی نەبێـت (بەرچـاوکردنی دەسکەوتە سەرەکییەکانی کورد و کوردستان.. ی.ن.ک لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزان و لەساڵی نوێدا، هەردوو دەستی برایەتی و پێکهاتنەوەیان بۆ درێژ دەکات.

هیـوادارین بەچـاوی مەسـئولیەتی نیـشتمانیی و مێـژوویەوە بـڕواننە نامەکـان). لەگەڵ دوورایی ئەخلاقی و مێژوویی بانگەوازەکەدا کەتەئکید کردنەوەی پرەنسیپێکی شۆڕشگێڕییە (باوەش کردن بەمیللەتەکەی خۆت، باشترە لەتەنازول بۆ دوژمن و داگیرکەران) ، هەنـدێک پێشنیارو ئالیەتی ئیشکردن پێشکەش کراون کەسەرکردایەتی پارتی سەرپشکە لەهەڵبژاردن و تاوتوێ کردنیان. لێ لەشێوەی گشتیدا بانگەوازەکە بۆخـۆی ڕاگەیانـدنی مەبادیئەو نیەتـی هەمیشەیی و بەردەوامی یەکێتی لەئاشتی و ئاشتبوونەوە دەردەخـا چـونکە خاڵەکانی هیچیـان بۆ یەکێتی نین بەڵکو بۆکورد و ئەزموونی کوردسـتانن ئەمـانە لەڕووی مەبـدەئی و قەنـاعەتی یەکێتـی و ئاشتیخوازانەوە دروستن. بەڵام ئایـا لەدەرەوەی ئـێمەو لەهەلـومەرجە سیاسـییەکە خۆیدا زەمینەی ئاشتی لەبارە؟!

پێویـستە پـێش هەمـوو شـتێک فـۆرمەڵەی پرسـیارەکانی پەیوەنـد بەمەسـەلەی ئاشـتی و ڕەوشی سیاسی لەکوردستان بکەیـنەوە. ئەمە بۆخـۆی لەئەسلدا گرفتێکی زەمانەوانییە، بەڵام گوزارشـت لەتێگەیـشتنێکی هەڵەی سیاسی دەکا. بـۆ نمـوونە دەگـوترێ (چـی بکەیـن لەپێنـاو ئاشـتبوونەوەی گـشتیدا) لەکاتێکـدا خـۆی گـرێ کـوێرەکە لەوەوە دەکـرێتەوە کەئـێمە بڵێـین (بۆچی تائێستا ئاشتی بەدی نەهاتووە؟).

کەوامان گوت ناچار دەبین توخم و هاوکێشەکانی شەڕی نـاوخۆی کوردسـتان لەبەریەک هەڵوەشـێنینەوە بـۆئەوەی سـەرلەنوێ ڕیزبەنـدیان بکەیـنەوەو هەرتـوخمەی لەشـوێنی خـۆی دابنین.

شەڕەکە لەنێوان دوولایەنـی نەیـاردا هەڵایـساوە کەلەغیـابی هەڵوێستێکی نـاوخۆیی میللـی، ڕووناکبیری و سیاسیدا وادرێژەی کێشا بەرەو ئاڵۆزی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی وڵاتـانی

ئیقلیمی پەرەی سەند، هەموو جەولەکانی شەر، ماوەکانی سڕبوون، نەشەڕو نەئاشتی و هودنە، بەپرۆژەو دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی بەدی نەهات و هەمیشە بیانووەکانی شەڕ باکەمیش بن، سەردەکەوتن. هەڵهێنانی ئەم مەتەڵەش ئاسانە، چونکە لایەنێک دەتوانێ شەڕ هەڵبگیرسێنێت. بەڵام ئاشتی ئیرادەی دوو تەرەفی ناکۆکی دەوێت. ئەوەی دەوێت کەدوولایەنی ناکۆک لەهەرشوێنێک و لەهەر وڵاتێک هێڵەسوورەکانی ململانێ و شتە حرام و موقەدەسەکان بزانن و پێوەی پابەندبن تاوەکو هەروەختێک ئەو دوولایەنە بێ یەکلایی بوونەوەی کێشەکان ماندووبوون و تووشی فەلاکەت هاتن ئەوا پێش لەدەست دەرچوونی رەوش و پێش هەرەشە لێکەوتنی هێڵە سوورەکە باوەش بەیەکتریدا بکەن و قەناعەتی ئاشتییان لادروست بێت. شەڕ پرسی خەڵکی پێ ناوێت و تەنها توانا ماددیی و سەربازییەکان و خۆسازدانێکی پێش وەختی گەرەکە. لێ ئاشتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە لەسەر ئەوە نەوەستاوە هەنگاو بۆ هەڵهێنانی گاف ناگاف بێت، یان بەپەلە، بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە تەرەفە ناکۆکەکان قەناعەتیان پێ هەبێت.

### ئاشتی لەقازانجی کێ دایە؟!

بەڵام چۆن قەناعەت بەوەدەکرێت کەئاشتی پێویستە بۆ دوولایەنی ناکۆک؟ (ئاشتی) ئەوکاتە دەبێتە قەناعەت کەهیچ لەدوولایەنەکە ئەلتەرناتیفێکی دیکەی غەیری ئاشتیان نەبێت یان ئەلتەرناتیفەکانی دیکە ئەو قازانج و کەڵکەیان نەبێت کە (ئاشتی) هەیەتی و دابینی دەکا.

لەڕاستیدا پێکدادانی بەرژەوەندی و روانینەکان و چارەسەر نەکردنیان، دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕە تفەنگ، بەڵام درێژەکێشانی ئەو شەڕە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەلەترۆپکی ئاڵۆزی و دەستێوەردانی لابەلادا تەرەفدارانی شەر لەخۆیان بپرسن ئەگەر داخوازی (ئاشتی) هاتە پێش دەسکەوتەکانمان لەئاشتیدا چی دەبێت؟ ئایا دەگاتە ئاستی ئەو دەسکەوتانەی لەدوو بەرەکی و ناکۆکی یان وەک خۆی هێشتنەوەی وەزعی ڕاهین بەدەست دێن؟

ئەمانەش پرسیارە گەلێکی جەرگبڕن بەڵام هێندە واقیعێکی تاڵن کەحەزی شاعیرانەی ئەو ئاشتییەی لەسەرووی زەمان و زەمینەوەیە، پەی پێ نابات. لێرەشەوە ناکۆکی لەلێکدانەوەی ئەگەرەکانی ئاشتی دێتەبوون. مەسەلە بەوە کۆتایی نایەت ئێمەی ئاشتیخوازو بەتەنگەوەهاتووی چارەنووسی بەهاجوانەکانی کوردایەتی و ئەزموونی نیشتمانی، لەمەنەلۆجێکی خۆبەخۆدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ئاشتی بکرێت ئێدی یەکسەر (ئاشتی) کیوماڵی خەونەکانمان بێت.

خۆ ئەگەر وابووایە یەکێتیی نیشتمانی و هێزە هاوپەیمانەکانی بەردەوام لەگەڵ ئاشتی بوون و سەرەقەڵەمی نامەکەی تاڵەبانیش وەک پەیامێکی مێژوویی هەمیشە لەچەکمەجەی نووسینگەکەی وی بووە لەقەڵاچوالان.

ئەگەر وابــوایە خــۆ لەمێــژە یەکێتــی و هاوپەیمانەکــانی و هەمــوو ئەوانەی نــوزەی نیشتمانپەروەرییان تێدایە گرەو لەسەر ئاشتی دەکەن وەک باعیسی بنچینەیی پێشڤەچوون و گەشەسەندنی خۆیان.

بەڵام ئایا هەمووان گەشەسەندن و بگرە تەنانەت مانەوەی خۆشیان لەئاشتیدا مسۆگەر دەکەن تـابەپیرییەوە بچـن؟ ئەزموونەکـان دەڵـێن شـەڕی تفەنـگ دەقەومـێ نەتەنها لەبەر ئەوەی شــەڕی حیـوار گەیــشتۆتە بنبەســت، بەڵکـو جـاری واش هەیە لەبەرئەوەی لەنێـو کۆمەڵگەدا تـوخمە گەلێـک هەن شێوان و گـرژی ئامانجەکانیـان سـەردەخاو لەگۆڕەپانەکەدا رایان دەگرێ.

لەبەرئەوە باشێوازی پرسیارەکە بگـۆڕین و بڵێـین (ئایا لایەنەکەی تـر پێـی باشـە ئاشـتی زامنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و نەیارەکەی و لەسەرو هەردووکیشیانەوە زامنی تەندروستی کوردایەتی بێت؟) ئەوکاتە خواستی ئاشتی لەمەنەلۆجێکی ناوخۆییەوە دەبێتە هەلومەرجێکی رەخساو بۆ دایەلۆگ لەسەر ئاشتی.

ئەوکاتە هەلومەرجی ئاشتی واخۆی دەسەپێنێ کەخوێنی رژاوی نێوان هەردوولاو یادگاری و بیرەوەرییە تاڵەکانیش نابنە رێگری پێکهاتنەوە

**رێگای سێیەم.. لەئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆددا!**

لەگەڵ ئیلتیــزام و پابەنــدبوون بەخەیــاری ئاشــتییەوە وای دەبیــنم کەلێکـدانەوەی وردو درشتی رەوشەکە باناخۆشیش بێت باشترە لە (گەشبینی)یەکی (خەیاڵی). خـۆزگە (ئاشتی) لەئاسۆدا بوایەو بریا هەوڵەکانی مامۆستا عەزیز محەمەد شین دەبوون. بەڵام (خۆزگەو بریـا) ناتوانن رێگاکان تەخت بکەن و دەرویەک بۆ نـزاو پاڕانەوەکان والا بکەن. ئەوەی دەتوانێت ئەوەبکات نیاز گۆڕانی هەمان ئەو توخمـانەیە کەشـەڕیان هێنایە نێوانەوە. نیـاز گـۆڕان نەک بەمانا تەبشیرییەکەی، بەڵکو بەمانای ئاماژەپێکراوی سـەرەوە: بەرژەوەنـدییەکانی لەئاشتیدا بەرجەستەببن.

لــێ ئاخــاوتن لەســەر میــنە زۆرو زەوەنــدەکانی رێگــای ئاشــتی و قــسەکردن لەســەر تەگەرەکانی سەرکەوتنی دروست نییە والێکبدرێـتەوە کەمادامەکی گومان لەهاتنە دەستی ئاشتی دەکەیـن ئیـدی پێویـست بێـت شـەڕ لەنێواندا بقەومێ. لەقۆناغێکدا شـەڕ ئەرکێکی نیشتمانیی و هیممەتێکی نەتەوەیی بوو، لەقۆناغێکی شیاوی خۆشیدا لەوانەیە ئاشتی بتوانێت کـوردایەتی سـەرفراز بکـات. هەڵـبەتە مەبەسـتمان لەوئاشـتییەیە کەبەرژەوەنـدییە باڵاکـانی نەتەوە بپارێزێ (وەک لەنامەکەی مام جەلال-دا هاتووە).

بـۆیە ئەگەر لەحاڵێکـدا خۆزگەکانی ئاشـتی و تێکۆشـان لەپێنـاوی ئاشـتیدا بەری نەگـرت دەکرێ لەنێوان خەیاری دوانەی، یان شـەڕ یـان ئاشـتیدا، (رێگای سێیەم) بگیـرێتە بەر. ئەو رێگایەو ئەو خەیارەی دەکارین ناوی لێ بنێین (ئاشتبوونەوە لەگەڵ خـود)دا: رێکخستنەوەی

ماڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەمەش دروست لەگەڵ ئامانجی ئەو خۆرێکخستنەوەدا جــووتە کەکۆبوونەوەکـانی کـۆمیتەی ســەرکردایەتی لەمــاوەی 1998/1/9دا رایگەیانــدو دەخوازرێ بەجیددی ئیشی بۆ بکرێ. هەر لەرێکخستنەوەی ئۆرگان و ناوەنـدە حزبییەکانەوە بـۆ چـالاکتر کردنـی دامودەزگاکـانی حکـومەتی شـەرعی. چـونکە خۆڕێکخـستنەوە بەدوو ئاڕاستەدا دەسکەوتی دەبێ. ئاڕاستەیەک ئێمە دەتوانین بەتۆکمەییەوە بچینە مەیدانی حیوارو ئیـدارەدانی ململانێـی ئاشـتی، نەشـەڕ نەئاشـتیو.. لەگەڵ لایەنەکەی تـردا. و ئاڕاسـتەکەی دیـکەش چـاکترکردنەوەی دامودەزگاکـان رێگـا بـۆ چـاکترکردنی خزمەتگـوزاری میللـی و ئـاوەدانکردنەوەی نـاوچە ئازادکراوەکـانی ژێردەسـەڵاتی شـەرعی خـۆش دەکـا. بەو جـۆرەی ئـاوەدانی، بوژانـدنەوەو ئـاواکردنەوە نمـوونەیەکی بەرجەسـتەبووی ریفـۆرم و چاکسازی بێـت لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەوزدا.

دیـارە ئاشـتبوونەوە لەگەڵ خـوددا مانـای دیتـنەوەی دەروازەی تێپەڕانـدنی ئەو تەنگەژەیە دێت کەدەستێوەردان و پەنابردنەبەر داگیرکەران خووڵقاندویەتی.کاتێکیش دەست تێوەردانی بێگانە لەنێودا نەمێنێ (ئاشتی) دەسـت و بردتـر رام دەبێ و بەپیرەوەچـوونی پەسەرەسـەندنە ئیجابییەکـانی پرسـی کـوردی لەئاسـتی دەرەوەشـدا (کێـشەی پەنـابرە کوردەکـان لەئەوروپـا سەوداو دەنگدانەوەی هەڵمەتی تەعریبی کەرکوک و گەرمیان لەئەمریکا) زامنتر دەبێت.

ئایا داخوازییەکی وا مانای شەڕانگێزی و رەتکردنەوەی ئاشتی دەگەیەنێت؟!

*سەرەتای ساڵی 1998 لەکوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە

# ساڵی رابردوو ناوبنێین چی؟*

لەکۆتایی هەموو ساڵێک و بۆ سەرەتای هەموو ساڵێکی تازە حەزێکی لەرادەبەدەری پێداچوونەوەو لیست و ئامار ئامادەکردن لای رۆژنامەو گۆڤارەکان و ئەو دوای کەناڵ و ناوەندەکانی راگەیاندن لەسەرجەم جیهان دێتەبوون، ئەو حەزە حەزی هەڵسەنگاندن و رادەربڕین و راپرسینە لەسەر ئەو رووداوانەی لەساڵی رابردوو قەومان، ئەو کەسانەی ناویان دەرکردووەو ئەستێرەیان درەوشاوەتەوە. هەروا ئەوانەش بەمردن و یان بەدۆڕاندن ئەستێرەی بەختیان ئاوابووەو چوونە تۆماری لەبیرچوون و لەبیرکردنەوە. ئەو حەزی پێداچوونەوەیە هیچ شتێک هاوشانی نییەو شان لەشانی نادات مەگەر توانای فەرامۆشکردنی عیبرەت و ماناکانی ئەو رووداوانە نەبێت لەکاتی رووداندا. داخۆ ئەگەر بەهەمان نەریت بەرووداوەکانی ساڵی روو لەتەواو بووی 1998دا بچینەوە دەبێ چۆن هەڵیسەنگێنین و ئامارەکانی لەم بوارەدا پێشکەشی دەکەین دەبێ چ بێت؟ هەر لەئاستی کوردستاندا لەکێهان وێستگەدا هەڵوەستەی چۆنایەتیمان کردووە؟ لەهەموو ئەمانەش گرنگتر لەکوێی هەموو ئەو رووداوانەی قەومان و ئەوانەی هاتنە پێش چ دەسکەوتێکمان کەڵەکە کردو تەرازووی ئەوەی لەسەرمانەو ئەوەی لەدەستمانە بەکام لادا دایانشکاندووە؟

**لایەنی چۆنایەتی ئەم ساڵ و پەیامەکانی بۆ ساڵی داهاتوو**

چ قەوماو چۆن ئەوانە بوونەتە دەسکەوتی بێ ئەرک و ماندووبوونی ساڵی تازەی هاتووە سەرسفرەی حازری؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە دەبێ دووخاڵ دەستنیشان بکەین:

**یەکەمیان:** بۆچی (12/31) و (1/1)ی نێوان دوو ساڵ وێستگەی پێداچوونەوە بێت لەواری سیاسەت و مامەڵەی نێودەوڵەتیدا؟ چ رەوشێکی یەکلاکەرەوە پەیوەندی نێوان دووماوەی زەمەنی لێک دانەبڕاو دیاری دەکات ئەگەر مەسەلەکە تەنها بۆ پۆلێن کردن نەبێت؟ چونکە راستە کەهەموو وڵاتان لەکۆتایی هەموو ساڵێکدا جەردی حیساباتی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوە پتر لەواری ژمارەو ئامار دەردەکەوێ و تەنها بۆ رێکخستن و پۆلێن کردنە نەک بەو مانایە بێت کەلەساتە وەختی نێوان رۆژی دوایی ساڵێک یەکەمین رۆژیە ساڵی تازەدا جیاوازی بەرین هەبێ و ئەو ساتە وەختە پێکەوەیان گرێ بدات و بەیەکتریان بسپێرێ.

**دووەمیان:** خەسڵەتی تایبەتی ساڵی 1998 بەو رووداوانەی تێیدا قەومان و ئاکامە چاک و خراپەکانی لەئاستی کوردستانییدا کەبەساڵی داهاتوو دەسپێردرێ، ئەوەیە 1999 ساڵی ئامادەباشی و خۆسازدانە لەپێناوی چوونە نێو سەدەیەکی نوێ و هەروا هەزارەیەکی دیکەی تازەوە. واتا بایەخی دەسکەوتە کەڵەکە بووەکانی ساڵی 1998 و هەروا کاریگەری ئەو پاشەکشەی دەشێ قەومابن لەماوەی راگوزەری ساڵی 1999 —ەوە سەرچاوە دەگرێ و هەر لێرەشەوە دەتوانین ساڵی رابردووی 1998 لەتەمەنی کوردایەتی هەڵبسەنگێنین و هاوسەنگی و لاسەنگی تەرازووی ئەوەی لەسەرێتی و ئەوەی لەدەستێتی بۆ دیاری بکەین. گەلێک جاریش گوتراوە کە کۆتایی ساڵی 1999 لەژیانی مرۆڤایەتی نەتەنها دەستپێکردنی ساڵێکی تازەیە، بەڵکو وەرچەرخانی سەدەیەک و ئینجا وەرچەرخانی هەزارەیەکی تازەیە. سەدەی تازەی بیست و یەک و گەیشتن بەهەزارەیەکی تر، هێندە زەمەنێکی وەرچەرخێنەرن کەهەموو پرۆژە ستراتیژی و گەورەکانی گەلێک لەبوارەکانی ژیان بەسەدەی نوێ و هەزارەی نوێ سپێردراون بەو ئیعتبارەی نەک تەنها هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تر دەگەیەنێ بەڵکو ئەگەر بڵێین کردنەوەی تۆمارو دەفتەرێکی تازەیە ئەوا زیاتر لەهەقیقەتی سەدەو هەزارەی بەرێوەیە نزیک دەبینەوە. هەربۆیە دەبێ بەچاوی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەو لەئاستی بزوتنەوەی کوردایەتی هەڵبسەنگێنین و پەیامی رووداو و تۆمارەکانی بزوتنەوەکە لەساڵی ئاوابووی 98-دا بدەینە دەست کانوونی دووەمی 99وە.

لەواری ناوخۆیی کوردستاندا پرۆسەی ئاشتی و هەنگاوەکانی بۆ ئاشتی نراون پانتاییەکی زۆری گۆڕەپانی رووداوەکانی ساڵی روو لەتەواوبووی 98 داگیرکردووە، کەئەو پرۆسەیەش لەنامە مێژووییەکەی مام جەلال بۆ سەرۆکی پارتییەوە دەست پێدەکات، کەلە 1997/12/31 نووسراو بەدواداچوون و خستنە مەیدانی پراکتیکی پەیامەکە بەساڵی 1998 سپێردرا. لەپەیامی نامەکەوە بۆ ئەو سەفەری دەستپێشخەرییەی بریاربوو مام جەلال لەدووماهی کانوونی یەکەمی ئەمساڵدا بۆ لای پارتی ئەنجامی بدات و شەرەفەکە بەرکانوونی دووەمی ساڵی تازە کەوت، لەوێوە بۆ هەنووکە رێڕەوێک لەوردەکاری هەنگاوەکانی ئاشتی هەیە کەبەشێکیان وێستگەی چۆنایەتین و بەشێکی دیکەشیان خاوییەکی نەخوازراوی تێدا بەدی دەکرا، بەڵام هەرچۆنێک بێت رێککەوتنێکی وەک ئەمەی واشنتۆن-ی لێکەوتەوە کەجێبەجێکردنی دەبێتە مایەی ئەوەی کوردایەتی لەکوردستانی عیراق لەجەردو هەڵسەنگاندنی سەدەی بیستدا بۆ چوونە نێو سەدەی بیست و یەکەوە باری قەرزەکانی ئەوەندە قورس نەبێت.

پەیامی مام جەلال بۆ ئاشتی لەو نامەیەدا کەبۆسەرۆکی پارتی نارد لەرەوشێکی وادا بوو کەدوای شەڕەکانی تشرینی یەکەمی 1997 و دەستوەردانە ئیقلیمییەکان وا مەزەندە دەکرا هیچ دەرەتانێک بۆ تێپەڕاندنی رەوشی چەقبەستووی کوردستان لەکایەکەدا نەمابێت. نەکۆشە ناوخۆییەکان دەرفەتی هاتنە پێشەوەیان هەبوو کەمتمانەی هەدوولا بەدەست

بێـنن و نە نـاوبژیوانییە نێودەوڵەتییەکـانی جـاران تـاقەتی تێهەڵچوونەوەیـان لەخۆیانـدا شـک دەبرد. ئالەو رەوشـەدا بـوو کەمـام راسـتەوخۆ ئەجێنـدەی دەستپێشخەرییەکی بـۆ ئەمـلاولای بەسـاڵی نـوێی 1998 سـپارد بـۆئەوەی ئومێـدێک بەئاینـدە هەربمێنـێ. لەم چوارچێـوەیەو بەرەچاوکردنی ئەو رەوشە، پێویستە پەیامی نامەکە هەڵبسەنگێنین. لەبەر ئەو سەنگەی ئەو دەستپێـشخەرییەش بـوو کە ئـاڵوگۆڕی نـامەو سـەردان و نـاوبژیوانی نێـوان هاتنەکـایەوە. دیاریشە لەحاڵێکی وادا کاردانەوەکان لەبەرامبەر پەیـامێکی سەنگیندا هەردەبێ کاردانەوەو تەجاوبی بەئیعتباربن، بۆیە لەنیوەی دووەمی دوای دەکارکردنی پەیامی ئاشتی و کەوتنە ڕێی کۆبوونەوەکـانی لیـژنەی بـالا، دیڤـد وێڵش-ی نـوێنەری تـایبەتی ئەمریکا لەسـەردانێکی پـڕ لەمەغزادا، بۆ هەولێرو ئینجا سلێمانی، قورسایی ئیدارەی وڵاتەکەی واهێنایە نێوپرۆسەیەکەوە کەجیـاواز بێـت لەمەودای ناوبژیوانییەکـانی پێـشووی خۆیـان و تـاڕادەیەکیش جیـاواز بێـت لەکۆششەکانی ئەو دۆستە ئەوروپییانەی ویستیان دڵسۆزانە بێنە سەرهێڵی پەیوەندی کردن. رەهەنـدی ئەو قورسـاییەی وێڵش ویـستی نیـشانی بـدات لەوەدا دەرکەوت کەلەپاڵ ئەوەی هـاتبوو لەدیـدی هەردوولا هەنگاوەکانی دوای دەسپێکردنی حیـواری ئاشـتی تێبگـات، هەروا هەولێــشی دا بەســەردانی نــاوچەی دەرەوەی هێڵــی پارێزگــاری کــوردان و مــانەوەی لەمیوانخـانەکەی تاڵەبانییـدا، (سلێمانی لـە دەرەوەی هێڵـی ناوچـەی ئـارامن) سـووربوونی واشـنتۆن لەسـەر بایەخـدان بەچارەنووسـی کـورد دووپـات بکـاتەوەو ئامـاژەی ئەوەش بـدات کەئەو بایەخدانە سنوور و هێڵەکانی لەسەر زەوی دیاریکراون، ناناسێ و دانی پێدانانێ. زیاتر لەوەش نـوێنەری ئەمریکـا لەلێـدوانێکی چـاوەڕواننەکراوی کـۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسـی لەدەرەوەی هێڵــی نــاوچەی تەنــاهی دا ئیــدانەی سیاســەتەکانی تەعریــب، راگواســتن و پاکتـاوکردنی عرقـی کـرد کە ئەو سیاسـەتەش یەک لەڕووداوە هەرە هەڵایـساوەکانی سـاڵی 1998 بوو، کە نەتەنها لەماوەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو بە درێژایی ساڵەکە درێـژەی کێشاو رووی دزێـوی سـاڵ و ڕووداوی ناپەسـەندی ژیـانی کـوردەواری و ڕێـڕەوی کـوردایەتی بـوو. دواجـار میـوانی کوردسـتان بەنـاوی حکومەتەکەیەوە بانگهێـشتی سـەرکردەی هەردوو حزبـی کـرد بـۆئەوەی لەوێ دیـدارو کۆبـوونەوەی هـاوبەش ئەنجـام بـدەن و دەرفەتـی چـاک بـدەنە یەکتـری و بـدەنە ئەمریکـاش لەپێنـاو سەرخـستنی ئاشـتییدا. بەڵام ئەوەی لەدیـدارەکانی واشـــنتۆن کەوتەوە لەتەفــاهوم و دیـــداری دۆســـتانەی نێـــوان هەردوولا، گەورەتـــر و بەبەرەکەتتربـوو. لەوێ بەچـاودێری خـانمی وەزیـری دەرەوەو بەتەواوی هەیـبەت و شـکۆی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ڕێککەوتنی واشنتۆن مۆرکرا کە دیکۆمنتێکی مێژوویی و نێودەوڵەتییە لەسەر کورد و مافەکانی لەئیدارەدانی حکومەت و هەڵبژاردنی پەرلەمان و کەڵک وەرگـرتن لەدەسکەوت و داهاتە میللییەکانی خۆی. هاوشانی ئەو ڕێککەوتنەش بەڵێنی پاراستنی کوردو پەڕیـنەوەی پاراسـتنەکە بـۆ ناوچەکـانی خـوار هێڵـی 36 و بـۆ ڕەتکـردنەوەی راگواسـتن و

تەعریب دراوە. لەراستیشدا ئەو وردەکاری و دەسکەوتانەی لەواشنتۆن کەوتنەوەو لەنووسین و دەرفەتی تردا ئاماژەمان پێداوە هی ئەوەبوون کەلەدیدێکی هەمەلایەنی نەتەوەییەوە سەیری برگەکان و جێبەجێ کردنیان بکرێت. هەر لەسەرەتاشەوە هەردوولا هاوشان لەگەڵ گەشتێکی پتر لەدوو مانگی دوای مۆرکردنی رێککەوتنەکە بۆ وەدەست هێنانی پشتگیری و تەئیدی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆی ، بەردەوام تەئکیدیان لەسەر پابەندبوون بەرێککەوتنەکە و تێکرای پرۆسەی ئاشتیکردەوە.

### میراتی ساڵی 98 بۆ ساڵی 1999

لەحاڵێکدا ئێمە لەسەر ئەوە رێک بکەوین (رێککەوتنامەی واشنتۆن) گرنگترین رووداوی کوردستانی ساڵی رابردوو بێت و لەسەر ئەویش کۆکبین کە رێککەوتنەکە خاڵێکی وەرچەرخێنەرە لەرێڕەوی کوردایەتیدا، ئەوا دەبێ مامەڵەکردن لەگەڵ رێککەوتنەکەدا وابێت کەوەرچەرخێنەرییەکەی رەچاو بکات لەرووی ئەوەی هەموو تواناو وزەو ئامادەسازییەکانی بۆ بخرێتە گەڕ. هەڵبەتە ئەمانەش پێویستیان بەکاری وردو هەنگاوی تۆکمەو پشووی شۆڕشگێڕانەیە بۆئەوەی ئاکامەکانی بەدەست دێن پتەوو دامەزراوبن. بەڵام کاری ورد مانای تەزکیە کردنی سستییەکان و پشتێنلێکردنەوەی ناگەیەنێت. چونکە لەپاڵ ئەو فاکتەرانەی لەجوغزی رێککەوتنەکەن، دژە رێککەوتنەکەش لەکایەکەدان و ئەوەی گرەوەکە یەکلاییدەکاتەوە لەنیوان ئەم دوو حاڵەتە، جگە لەسووربوون و ئامادەگی هەردوولا بۆ ئاشتی، فاکتەری زەمەن و دەستوبردکردن، نەخشێکی کەم ناگێڕن. تەماشا دەکەین لەپاڵ دەسکەوتەکانی هەڵبژاردن و حکومەت و پەرلەمان و گێڕانەوەی داهات کە لەرێککەوتنەکەدا ناویان هاتووە، دژە رێککەوتنەکەی کوردیش لەهەوڵی پەکخستنی خواستی کوردن.

لەپاڵ بەڵێنی پاراستنی کوردان لەچەندین لاوە بیانوو بۆ پەلاماردانی کورد دەهێنرێتەوە. لەپاڵ ئەوەی لەرێککەوتنەکە بەشاهیدی ئەمریکا ئیدانەی راگواستن و تەعریب دەکرێت، لەبەرامبەر ئەوەدا پرۆسەکانی تەعریب هەروا درێژە دەکێشن و بەغدا دەخوازێ بەتەعریب و راگواستنی زیاتر گرەو لەخواستەکانی رەتکردنەوەی ئەو سیاسەتە بباتەوە. هەرلەسەرینی ئەوەی کەپشووی شۆڕشگێڕانە ناوەکەی بەخۆوەیەتی و پشووی شۆڕشگێڕە نەک پشتێن لێکردنەوە، لەسەرینی ئەوەی کە رێککەوتنەکە لەپێشبڕکێدایە لەگەڵ زەمەن، هەڤاڵ مام جەلال ویستی خاتیمەی ساڵ بەپەیامێکی تری ئاشتی وەکو نامەکەی 1997/12/31 دوایی بینێ. ئەگەرچی پرۆگرامی سەردانەکەی بۆ مەسیف دەکەوێتە سەرەتای 1999 بەڵام دەستپێشخەرییەکە دیسانەوە هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆئەوەی گرنگترین رووداوی ئەم ساڵی کوردان پارسەنگی لاسەنگی تەرازووی هەڵسەنگاندنی رووداوەکانمان بۆ بداتەوە. واچاوەڕوانین.

**دەسکەوتەکانی غیرەتی سەدەی بیستەم**

لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا فایق بێکەس بۆ رابوونی کوردان نووسیبووی (سەدەی بیستەمە کوردە غیرەتێ)... لەسەر رێرەوی ئەو هەموو سەدە کە شاهیدی غیرەت و هیممەتی کوردان بووین. کەسەرەرای کێماسییەکان بەڵام ئەجرومافی هیممەتمان بۆ پارێزرا.. وا لەکۆتایی سەدەو لەدەروازەی سەدەیەکی تردا کورد خەریکە بەرهەمی غیرەتی خۆی دەخوات. دوایین تەکانی ماوە، ئەگەر باشی سەرنەخەین لەوانەیە بەڵێنەکانی پێمان دراون پاشەگەزبوونەوەی، ئەگەر نەڵێم هەڵگەڕانەوەی، بەدواوە بێت. حەیفیشە دەستپێشخەرییەکانی دەکرێن و هەندێکی بەساڵی داهاتوو سپێردراون ، هەروا بێ قۆستنەوە گوزەربکەن و لەجیاتی دەسکەوتی زیاتر ئەوەی لە 98 بەدەست هاتووە پوچەڵ ببێتەوە. لەدەروازەی سەدەیەکی نوێ و هەزارەی سێیەمدا غیرەت و هیمەتی کوردان دیسانەوە کەوتەوە بەر دووڕیانی هاتو نەهاتی کوردایەتی. سەرەنجامیش لەکۆتایی هەر ساڵێک و هەر سەدەیەک و هەر هەزارەیەکی نوێدا، حەزی رۆژنامەنووسان لەهەڵسەنگاندنی رەوشەکە پەتایەکی لەچارەسەرکردن نەهاتووە. با هەڵسەنگاندنی مێژوونووسی پشوو درێژیش لەولاوە بوەستێ.

*کۆتایی ساڵی 1998و سەرەتای ساڵی 1999 لە کوردستانی نوێدا بڵابۆتەوە

# پەیامی پاوڵ بۆ کوردە هاوپەیمانەکانی شەڕی دژە تیرۆر*

(1)

هەنـــدێک جـــار چـــاودێری زمـــانی دیبلۆماســـیی دەوڵەتە گەورەکـــان دەکەم تـــاوەک ڕۆژنامەوانێـک بـزانم دەسـتەواژەو دەربڕینەکـانی ئەوان بەکاریـان دێـنن چـین و چـۆنن؟ سـەرنجم وایە کەزمـانی دیبلۆماسـیی ئەمریکـا پتـر لەهیـی هەر وڵاتێکـی تـری ڕۆژئـاوا دەستەواژەو دەربڕینە گەلێکی جوانی تێدایە کەشایستەی ئەوەن دیبلۆماتی کورد بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوون و لەخۆبردوییەوە کەڵکیان لێوەربگرێ و لەپەرەپێدانی زمانی ئاراستەکراوی دبلۆماسی کوردیدا دەکاریان بخات. هەروەک ڕۆژنامەوانی کوردیش لەسەریێتی لەئاستی ئەو زمانە گەشەکردووە خوێندنەوەی هەبێت و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی دەبڕین و زمـانی ڕۆژنـامەوانی سیاسـیی لەکوردسـتان کەڵکیـان لێوەربگرێـت. هـیچ نەبـێ لەواری بەراوردکاری نێوان زمانی دبلۆماسیی لای حکومەتە ڕێزدارەکانی کەپێدەچێ هێزی سەرەکی (هێزیـان) لەڕێزداریـانەوە بێـت تـائەوەی لەجبەخـانەی چەک و ئـابووری پـتەوەوە بێـت، بەبەراورد لەگەڵ ئەوی کەلای حکـومەتە بەدو ناپەســەندەکانی کە دەرکەوت بچوکییـان پەیوەندی بەهێزو توانای سەربازی و ئابوورییەوە، نییە، چونکە ئەویان لەڕێی سیاسەتێکی بنیـاتنەرانەوە چارەســەر دەبـن، بەڵکـو پەیوەنـدی بەڕێزنەگرتنـی خۆیـان بـۆ خۆیـان و ڕێزنەگرتنیان لە میللەتەکانی کەگوایە ئەوان لەحوکمڕانیدا نوێنەرایەتیان دەکەن، هەیە. لەم ڕووەوە بەروارد لەنێوان قسەکانی شێخی دیبلۆماسیی عیراقی (تاریق عەزیز) و قسەکانی نـوێنەری دیبلۆماسـیی ئەمریکـا، کـۆلن پـاول، بـکەن. هـی یەکەمیـان، ئەوی تـاریق عەزیـز، زمانێکی تانەلێدەر و ناپەسەند و لە دیبلۆمات نەشیاوەیە کە قسەی فەرهەنگی داگیرکەرانی کوردسـتانە، ئەوانەی کـورد بەکێـوی و دڕنـدە و هـیچ لەبـارا نەبـوولەقەڵەم دەدەن. هـی دووەمیـشیان، ئەوی لەنـامەکەی کـۆڵن پـاول وەزیـری دەرەوەدا هـاتووە، زمـانێکی ڕێـزداری دەوڵەتێکی ڕێزدارە کەحورمەت و پرەستیج بـۆئیرادەی میللەتان دادەنێ و لەدووری دووری ئەمریکا لەعیـراقەوە کـورد، وەک نـوێنەری ئەمـڕۆی عیـراقییە ئازادیخوازەکان، بەشایستەو لێوەشـاوەی وەدەسـتهێنانی ئـازادی و ئاسـوودەیی دەزانـێ.بـۆیە دەبینـی تـاریق عەزیـز و حکومەتەکەی هیچ شتێکی ئیلهامبەخشیان پێ نییە کەخەڵک چاویان لێ بکات و دواجار گەلی کوردستان و تێکڕای خەڵکی عیراق پایەنـدی ئەو شایەتییە گەورەو ڕێـزدارە دەبـن کەوەزیری دەرەوەی گەورەترین وڵاتی دونیا لەسەر وان داویێتی. لەمەشدا فەرهەنگی تاریق

عەزیــز فەرهەنگێکــی بەتــاڵ و دواکەوتــووەو هیچــی لەبــاردا نیــیە کەلێــی بکــۆڵیتەوەو لەدەوڵەمەندکردنی زمانی دیپلۆماسیی کوردی و تەکنیکی سیاسییدا لێی بەهرەمەند بێت. ژبەرهەندێ لێرەدا قسەکانی پاول هەڵدەسەنگێنین.

(2)

نـامەکەی کـۆلن پـاوڵ (بـۆ کۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی هاوبەشـی پەرلەمـانی کـورد) خـۆی لەخۆیــدا دەقێکــی جــوانی گوزارشــتکردنی سیاســییە کەدواجــار قــوولی پەیوەنــدییە رووڵەگەشەکردووەکانی نێوان کورد و ئەمریکا و یەکلابـوونەوەی خەیـاری واشـنتۆن لەپرسـی عیراقدا نیشاندەدات.

لای واشـنتۆن هەمیـشە کـورد بەشـێکی فـایلی عیـراق بـووە، لێ رووداوەکـانی دوای 11-سـێپتەمبەر و پەرەســەندنەکانی لەواری ململانێــی نێــوان ئەمریکــا و عێراقــدا هــاتنەپێش کەدواجار ئەو پەرەسەندنانە وایان کرد ئەجندای ئەمریکا تێکەڵییەک بێت لەنێـوان شـەڕی دژی تیرۆر و شەڕی دژی هەڕەشەو زۆرداری دەسەڵاتە شەڕانگێزەکانی هاوشێوەی عێـراقن، ئەمانە زەمینەیان خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی زیاتری لاپەڕەی کورد لەناو فایلی عیراقدا. راستە پێشتر ئەمریکا لەرێی ناوبژیوانییەکانی پرۆسەی ئاشتی و تادەگاتە رێککەوتننامەی واشـنتۆن و چـاودێریکردنی جێبەجێکـردنییەوە هەمیــشە لەنـاو تایبەتمەنـدییەکانی پرسـی کـورد دا لەهامشۆدا بوو. بەڵام سەرەنجام کارکردن لەناو ئەوتایبەتمەندییە بۆ هێورکردنەوەی رەوشی نێومـاڵی کـورد بـوو تـا ئەو زەمەنەی دەزانـرێ رەوشـی عیـراق بەچ دەگـات و لەوێـوە ئیتـر ئایندەی فایلی کورد بە ئایندەی فایلە گەورەکەی رەوشی دوای عیراق، بسپێردرێت..

پەرەسەندنەکانی دوای 11-سیپتەمبەر هەم سیاسەتی ئەمریکاو روانینەکانی لەسەر دونیـا گۆڕی و هەم وەک دەرەنجامێکی ئەو گۆڕانەش ریزبەنـدییەکی دۆسـتایەتی و هاوپەیمـانێتی نـوێی هێنایەکـایەوە. لەنێـو ئەو پەرەســەندنانەدا کەداوای گــۆڕانی جەوهەری لەرۆژهەڵاتــی ناوەڕاسـت دەکـات کـورد سـەرەڕای پـێگەی متەوازیعـانەی ، لەبـاری هێـزەوە، لـێ لەبـاری مــۆرالییەوە کەوتە بەشــی هاوپەیمــانێتی دژە تیــرۆرەوە. لەم هەڵبــژاردنەدا جــگە لەپرســی سیاسـەتی رۆژ مەسـەلەکانی بیروبـاوەڕ و رێبـازی فیکـری و سیاسـیش رۆڵـی خۆیـان هەبـووە. بـۆیە دواجـار بەشـداری کـورد لەوریزبەنـدییە تـازەیەو پـلەی هاوپەیمانێتــی لەگەڵ وڵاتـی ئەمریکاشـدا هەورازتـر هەڵکشا. وتارەکەی سـەرۆک بـۆش لەکۆبـوونەوەی کۆمەڵەی گـشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سـەرەتای بەرەسمی راگەیانـدنی ئەو هاوپەیمـانێتییە تازەیەی کـورد و ئەمریکا بوو. دیدارەکانی وەفدی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا لەناو گەرمەی ململانێ لەگەڵ حکومەتی بەغداو سەنگی کورد لەناو ئەو دیدارانەدا رەنگدەرەوەی ئەو تایبەتمەنـدییە بوون کە پـاول لەنامەکەیـدا تەئکیـدی لـێ کـردۆتەوە (ئێـمە واهەسـت دەکەیـن ئێـوە پـێکەوە

پابەنـدن بەوەدیهێنـانی ئاسـایش و ئاسـوودەیی و ئـازادی بـۆ گـشت عیراقییەکـان چ لەو نیشتمانەی کەنوێنەرایەتی دەکەن یاخود لەسەرتاپای عیراقدا).

وایـدەبینم دەستنیـشانکردنی تایبەتمەنـدیتی کـورد (لەو نیـشتمانەی نـوێنەرایەتی دەکەن) گـۆڕانێکی چۆنـایەتی و جێـی دڵخۆشـییە. چـونکە رەچـاوی تایبەتمەنـدییەکانی پرسـی کـورد دەکـات. لـێ تایبەتمەنـدییەکی وانـا کەلەپـاڵ هەرێمـی بـوونی کـوردەوە مـافە گـشتییەکەمان لەعیراقدا بخوات. بەڵکو تایبتەمەندییەک کەخەسڵەتی ئیجابی کورد، خەسڵەتی (پایەنـدبوون بەوەدیهێنـانی ئاسـایش و ئاسـوودەیی و ئـازادی بـۆ گـشت عیراقییەکـان) دەکـاتە تـوخمێکی کاریگەر و پرەستیجی سیاسیی کورد لەسەرتاپای عیراقدا بەرزدەکاتەوە.

ئەم دەستەواژەیە جارێکی تر و لەدوو شوێنی تری نامەکەی پاولدا روونتر مەبەسـەتەکان دەپێکێ:

-رێگـای بەردەمتـان رێگـایەکی سـەختە کەچاوتـان برِیـوەتە پاشـەرۆژێکی باشـتر بـۆ (ناوچەکەتان) و بۆ (عیراق).

-لەپەروەردگار دواکارین نموونەکەی ئێوە بڵاوبکاتەوەو پەرەبستێنێ.

ئەو دوو برِگەیە رێزلێنانێکی دیبلۆماسیی گەورەیە لەرۆڵی تائێستای کورد لەنـاو هاوکێشە سیاسـییەکانی فـایلی عیـراق و نـاوچەکەو لەورۆڵەی چـاوەرِێ دەکرێـت لەئاینـدەی ئەو هاوکێشانەدا بیگێرِێت. ئەوەتا ئەو لەسـەرێکەوە ستایـشی ئەو هەنگاوانە دەکات کەکورد بـۆ رێکخـستنەوەی نێومـاڵی خـۆی هەڵیهێنـاوە (فیـداکاریتان پێـشکەش کـردووەو رێگاچارەتـان دۆزیـوەتەوەو مەینەتییەکانی رابردووتـان برِیـوە) و بـۆ برِینـی رێگـا سـەختەکەی بەردەمـان کەماومـانە ببـرِین هانمـان دەدات. لەسـەرێکی تریـشەوە داخـوازی ئەوەی هەیە نمـوونەکەی کـورد، لەحـوکمرِانی و لەنـوێنەرایەتی کـردن و لەیەکگـرتن لەپێنـاوی ئاشـتی و ئـازادی و دیموکراسییدا، نموونەیەکی ئەلگۆ بێت، چـونکە نمـوونەیەکی سـەرکەوتووە، بۆیە داوادەکات پەرەبستێنێ بۆ هەموو عیراق.

بەندە سەرەنجێکی هەیە لەسەر ئەوبرِگانەی لەنامەکەی پـاولەوە رامـان گواست. ئەوانە و نـامەکە بەتێکرِایـی نیـشانی دەدەن کەوەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکـاو بەئیمـزای خـودی وەزیـر هەم لەوردەکاری رەوشە سیاسییەکەی کوردستان، لەسروشتی ململانێ سیاسییەکەی نێوان هەردوولا ئاگـادارن و هەمـیش تێگەیـشتنیان بـۆی هەیە. جـائەگەر بەشـی یەکەمـی ئاگاداربوونیان لەوردەکارییەکان ئاسایی بێت سەبارەت بەوەی:

1. ئەوان بەتێکرِایی ئاگاداری رەوشی عیراقن بەبەشە کوردستانەکەشییەوە.

2. ئەوان سەرپەرشـتکارو یارمەتیـدەری پرۆسـەی ئاشـتی واشـنتۆنن و چـاودێری و ناوبژیوانی جێبەجێکردنیان کردووە.

ئەوا لەتێگەیشتنیان بۆ دژوارییەکانی سەر رێگای ئاشتبوونەوەش لایەنێکی ئیجابی تێبینی دەکرێ:

پاول و حکومەتی وڵاتەکەی لەو هەنگاوە گرنگە، لەو لەخۆبردووەی بۆ پرۆسەی ئاشتی و چوونەپێشی پرۆسەی یەکگرتنەوە نراون تێدەگەن و دەزانن چ زەحمەتییەک بۆ پێگەیشتنەوە کێشراوە؟ باشە ئەگەر رۆڵی ئێستاو ئایندەی کورد گرنگ نەبێت بۆ پەیامی ئەمریکا نیشاندانی تێگەیشتن و قەدرزانین دەبێت لەهەوڵی یەکگرتنەوەیەکی خۆماڵی کەدەبێ هەوڵی کورد خۆی و بۆ کورد خۆی بێت؟ سەبەبی ئەمە ئەوەیە کەئەزموونی سیاسیی ئەمریکا لەبواری یەکخستنەوەی لایەنە پێک ناکۆکەکان لەچەندین شوێنی دونیا نیشانی دەدات کەئاشتبوونەوە لەپێناو (وەدیهێنانی حکومەتی نوێنەرایەتی کارێکی ئاسان نییە)، ئەوە رەوشی دژواری نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان کەرەوشی نایابی ئۆسلۆی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد و ئەوەش نموونەی (لێوەشاوەیی) کوردە (عیراقییەکان) کەدوای چوار ساڵ لەهەنگاوی بەکاوەخۆ بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنی واشنتۆن، کەلەژێر چاودێری خانم ئۆلبرایت وەزیری پێشووی ئەمریکا بەرپاکرا، وەختێک زانیان ئایندە تەماحی زیاتری بۆ کوردو بۆ عیراق و بۆ کۆمەڵگەیەکی ئارام و ئاسوودەی نێودەوڵەتی تێدایە بەپەلە قوربانییان داو چارەسەریان دۆزییەوە. بێگومان لەناو رەوشی قوربانیدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەریدا ئێمە نیشانماندا کەئەوی هاوکارو یارمەتیدەرمان بێت، وەک ئەوەی ئەمریکا لەپرۆسەی ئاشتیدا کردی، ئەوا هاوکاری و یارمەتییەکەی بەخۆڕایی ناچێت و درەنگ، یان زووبێت، سیاسەتی بنیاتنەرانەی رێزگرتن لەکۆششی دۆستان دەگرینەبەر.

(3)

دواشت لەپەیامەکەدا کەجێی شانازی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانە ئەوەیە کەپاول شانازی بەهاوبەشێتی کورد دەکات لەدووپرسی گرنگدا:

1. پرسێکی نێودەوڵەتی گرنگ بۆ ئەمریکا کەرەهەندێکی نێو خۆیشی هەیە ئەویش هاوبەشێتییە لەشەڕی دژ بەتیرۆرو زۆرداریدا (ئێوە لەشەریکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان لەشەڕی دژ بە زۆرداری و تیرۆریزمدا).

2. پرسێکی ناوخۆیی گرنگ بۆ کورد و عێراقییەکان کەڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە. ئەویش هاوبەشێتییە لەتێڕوانین بۆ ئایندەی عیراق (عیراقێکی دیموکرات، فرەحزبی و عیراقێکی یەکگرتوو کەیەکپارچەیی خاکەکەی پارێزراوبێ و خاوەن حکومەتێک بێت رێز لەحوکمی یاساو مافەکانی گشت عیراقییەکان بگرێت).

لەڕاستیدا لەئاستی ئەم شانازی هاوبەشێتییەدا مرۆڤ مەگەر لەلێکدانەوەی رەوشی سیاسیی ئەمڕۆی دونیاو هاوکێشەکانی هێزو ڕێڕەوی کردەوەی دەوڵەت و ناوەند و هێزە سیاسییەکانی دونیاوە بتوانێ بایەخی ئەوشایەدییە هەڵبسەنگێنێت.

کەم جار رێک دەکەوێت دەوڵەتی زلهێز کەنفوز لەناوچەیەک پەیدا دەکات بەرنامەو روانینەکانی بۆ ئاڕاستەکردنی رووداوەکان ئەوەها لەگەڵ هێزو ناوەندە ناوخۆییەکان یەک

بگـرێتەوە. ئەمە هەلێکـی ئەڵماسـییە کەکـورد بـۆیەکەمین جـار لەمێـژوودا بـۆی بلـوێ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزێک، یان بابڵێین روانینی زلهێزێک بۆ گۆڕانگاری لەگەڵ روانینـی کوردا، جـووت ببێـتەوە. بـۆ هاوبەشـێتی شـەڕی دژی تیـرۆریش هێنـدە دەڵـێن وڵاتە ئیقلیمیـیە گەورەکـانی وەکـو سـعودیە و میـسر کۆشـشی دونیایـان کـرد تائەمریکا، کە دۆستی لەمێژینەی ئەوانە، بەهاوپەیمانی شـەڕی دژە تیرۆریان لەقەڵەم بـدات کەچی ئەمریکا ئەو شەرەفەی نەدانێ و ئێستاش واشـنتۆن زۆر بەکەم بایەخەوە ئەو رۆڵەی ئەو دەوڵەتـانە بینیویـانە لەشـەڕی دژە تیـرۆردا هەڵدەسـەنگێنێ و بگـرە رەخنەشـیان لـێ دەگرێـت کەوەکـو پێویـست نەهـاتوون بەپیـری هەڵـمەتە جیهـانییەکەی ئەوەوە. لەکاتێکـدا هاوبەشـێتی کـورد لەشـەڕی دژە تیـرۆردا گەواهـی و شـایەدییەکی گەورەیە لەسـەر سـەنگی لەمێـژینەو و سـەنگی ئاینـدەیی کـورد لەوەرگۆڕانەکانی ئێستای دونیـادا. لەم پێنـاوەدا رەنگە تەئکید کـردنەوەی پـاول بەوەی کە کـورد و عیراقییەکـان لێوەشـاوەو شایـستەن بـۆ ئەو رۆڵە خۆی لەخۆیدا باشترین وەڵام بێت بۆ تاریق عەزیز و قسە ناشایستەکانی.

*سەرەتای ساڵی 2003 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە

# ((حقوق)) و ((حدود))ی کورد
# له مورافەعەیەکی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمردا*

سەلماندنی مافی هەر گەلێك و داننان بەمافی یەکتری لەسەربەخۆیی تەواوی راستەقینەدا. هەریەکەیان لە چوارچێوەی سنووری تەبیعی خۆیدا، و سەلماندنی سەروەری و دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەموو کاروباری تایبەتی و گشتی خۆیاندا.

کوردو عەرەب - برایم ئەحمەد 1937

یەکەمین جار و دواجار مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمرم لە نیویۆرک، لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، ناسی. هەرچەندە بۆمن ئەوە دەرفەتێکی کەم بوو کە مامۆستا لەنزیکەوە بناسم و سەرەنجام شانازی یەکترناسینی ئەوم پێببرێ، بەڵام پیاوی گەورەی وەکو ئەو پێش دیتنی راستەوخۆش مێژوویەک لەسەروەری و دیرۆکێکی دوورو درێژی خەبات و بەرهەمی پربەرەکەت لە پێشەوەیەتی و خۆیمان پێ دەناسێنێ. وەک دەڵێن ((تسبقە اخبارە الینا)). بۆیە مایەوە سەربەندە کەخۆمی پێ بناسێنم. خۆم پێناساندو لەسوچێکی ئوتێل شیراتۆنی نیویۆرکدا ، وەختێک ئۆپۆزسیۆنکاران خەریکی باسوخواسی ئەلتەرناتیڤی دیموکراتی بون بۆ عێراق، کەوتینە سەر رەوشی روناکبیریی کوردیی و کەمکەمەش باسوخواسەکان دەهاتنەوە سەر سیاسەت. لەبیرمە مامۆستا بەکوردییەکی هێندە جوان و رەوان قسەی دەکرد کەبەتەواوی دانی بەپیت و وشەکاندا دەناو لەگەڵ ئەوەشدا هەستت نەدەکرد تەکەللوف و وشەسازی لەئاخاوتنیدا هەبێت. زمانەکەی هەر زمانە پاراوەکەی ((ژانی گەل))و بابەتەکانی گەلاوێژ بوو. لێم پرسی مامۆستا ئێستا خەریکی چیت و لەگەڵیدا بەئیجازەی خۆی، دەستم بەدوگمەی تەسجیلەکەدا نا، دواجار پێم گوت دەتوانم ئەمە وەکو لێدوانێک بکەمە دیاری بۆ (ئەدەب و هونەر)ی کوردستانی نوێ؟ گوتی بۆنا؟

ئەوەبوو پوختەیەکی لێدوانەکەیم بەم شێوەیە بۆ کوردستانی نوێ فاکس کردو لە ژمارەی (1998)ی رۆژی 1999/11/11ی

((ئەدەب و هونەر))دا بەم شێوەیە بڵاوبۆە

*********

نیویۆرک –پەیامنێری تایبەت

لەرارەوی کۆبونەوەکاندا تێبینیم کرد. بەنیازبوو لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی کۆنگرەدا بچێتە هۆڵی کۆبوونەوەی لیژنەی دیاریکردنی ئایندەی عێراقەوە کەیەکێک بوو لەو چەند لیژنەیەی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن داینابوو. پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە پێم گوت:

*مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لێدوانێک لە پەراوێزی سیاسەتدا؟

گوتی: بەشی سێیەمی (درک و گوڵ) لە سوید چاپ کراوە. هەروەها رۆمانی دیکەشم هەن. بەڵام دەمەوێ دوای خۆم لە چاپ بدرێن.

*دەکرێ بپرسین ناوەکانیان چین؟

-هێشتا لەسەر ناوێکی دیاریکراو نەگیرساومەتەوە.

*مامۆستا دەزانی لەنەوەیتازەش، سەرەرای ئەو هەموو تەوژمە ئەدەبیانەی هاتن و چوون، بەرهەمەکانت خوێنەری زۆریان هەیە؟ ئێستاش ((ژانی گەل)) و ((کوێرەوەری)) تام و چێژی خۆیانیان هەیە.

*بەڵێ میللەتەکەمان خوێندەوارو هۆشیارە، بەگشتی حەزیان لە خوێندنەوەیە.دوای ئەوە مامۆستا چووە ژوورەوە، لەوێ وەک سیاسەتمەدارێکی دێرین دا کۆکی لەپرسی کوردو فیدرالی کرد).

**********

لێدوانەکەی تەواوبوو. ئینجا هاتە سەرباسی دۆخی سیاسیی لە کوردستان و ئومێدی وابوو سەرکردەکانی کورد ئاشتی بکەن. لەرێگادا بەرەو هۆڵی کۆبوونەوەکان تێبینیەکی جوانی دا: میللەتەکەمان هەمووی هۆشیارەو پێویستە سەرکردایەتی کورد لەرێی جێگیرکردنی ئاشتییەوە بیسەلمێنێ کە دەتوانێ فریای هۆشیاری میلەتەکە بکەوێت. دوژمنەکانی کورد درندەن مەگەر بەیەکگرتویی تۆزێک دەرەقەتیان بێین!

وەختێک لیژنەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن پێک هات. مامۆستا برایم ئەحمەد چووە لیژنەی ((ئایندەی سیاسیی عیراق))ەوە. لەوێ لە هەڤاڵنی یەکێتی و وەفدی کوردی کاک مەلا بەختیار و خاتوو کافیە سلێمانیشی لێ بوو.ئارەزووم لێ بوو گوێبیستی موداخەلەیەکی مامۆستا بم. هەر بەفیعلیش د.سەلاح ئەلشێخەلی کەبریاردەری دانیشتنەکەو ئامادەکاری کارنامەی لیژنەی ئایندەی سیاسیی و خۆشی رەشنووسی کارنامەکەی نوسیبوو،دوای خوێندنەوەی کارنامەکە یەکەمین موداخەلەی دایە مامۆستای نەمر.

ئێمە هەموو هەستمان بەوە کردبوو کە کارنامەکە کەلێنی بەرچاوی تێدایە لەباری مەسەلەی کوردەوە. بەڵام مامۆستا لەموداخەلەکەی خۆیدا بەکورتی و بەچڕی کەلێنی نێو کارنامەکەو کەلێنی لەمێژینەی خیتابی سیاسیی عێراقی دەست نیشانکرد. پوختەی قسەکانیم لەبیرە کە بەنەبرەیەکی هێمن و عەرەبییەکی رەوان، رەوان وەک کوردییەکەی ((ژانی گەل)) و ئەوەی لە لێدوانە کوردییەکەیدا لەخۆیم گوێ لێ بوو، گووتی : کورد بۆ ئەوەی لە هەر

پرۆسەیەکی گۆڕانی دیموکراتی لەگەڵتاندا بێ پێویستی بەدوو دڵنیاییە ((حقوق و حدود)). حقوقی مەعلومە کە ئەمڕۆ داوای فیدراڵی دەکاو حدودیش بریتییە لەهەموو خاکی کوردستانی عێراق.

ئەمە تەواوی قسەکانی نەبوون، بەڵام شێوەی ئاخاوتنی و دانانی بەوشەکاندا هەربەراستی لەموراففەعەیەکی یاسایی دەچوو وەک ئەوەی لە دادگاو بواری دادوەریدا لە مامۆستای دەگێڕنەوە.

بۆخۆم گەلێک بەدەستەواژەی جوانی (حقوق) و (حدود) سەرسام بووم کەلە دوو وشەی لێک نزیک و هاوریتمدا هەموو پرسی کوردایەتی لەعێراق چڕکردەوە. مامۆستا الشیخلی کە ئامادەکاری رەشنوسەکە بوو بۆ گەرمکردنی گفتوگۆکە بەئەدەبەوە پرسیاریکرد کەوابێ بەشداری کورد لەپرۆسەی گۆڕانکاری لە عێراقدا بەشدارییەکی مەرجدارە. مامۆستا برایم روونکردنەوەی زیاتریدا لەسەر ئەوەی بۆچی کورد پێ لەسەر تایبەتمەندێتی مافەکانی خۆی لەهەر وێستگەیەکی کاری سەرتاسەری و لەهەر هەنگاوێکی سیاسیی لە عێراقدا دادەگرێ. لەو موداخەلە بەدواوە پێداگری لەسەر شێوەی فیدراڵی وەک فۆرمەڵەیەک بۆ ((حقوق))ی کورد و هەوڵی لێبراو تری بەشدارانی کورد بۆ ئەوەی لەخیتابی ئایندەی سیاسیی کۆنگرەدا ئیدانەی پاکتاوکردنی رەگەزی بکرێ کەدەبێتە مایەی شێواندنی (حدود)ی کوردستانی عێراق، وابوو کە بەتەواوی بچمی کارنامەکەی گۆڕی هەروەک دواتر بەدەسکارییەکانەوە بڵاوکرایەوە. بێگومان لەبەرنامەی کۆنگرەدا جگە لە فۆرمەڵەی فیدراڵی هەروا دانبەوە دانراوە کە (حدود)ی ئەو (حقوق)ە فیدرالییە بەپێی راستییە مێژوویی و جوگرافییەکانی کوردستانی عێراق پێک دێنن، دادەنرێن.

هەڵبەت بێ لە مامۆستا برایم، وەفدی کوردی، هی هەموو حزبەکان، لەگەڵ دیموکراتخوازانی عەرەبدا هاوهەڵوێست بوون لەوەی کورد چی دەخوازێ و چۆنی بەدەست بێنێ؟ بەڵام دیتنەوەی پەیوەندیی دیالکتیکی لە نێوان ((حقوق)) و ((حدود))ی کورددا، لە نێوان بەشداری کورد لەپرسە عێراقییەکان و، داخوازییە نەتەوەییە تایبەتمەندەکانیدا شتێک بوو کە مامۆستا لەوێ دەستەواژەی بۆ دۆزینەوە و زۆر لەوە پێشتریش، لەوسەردەمە کە لەساڵی 1937 دا نامیلکەی ((کوردو عەرەب))ی نووسی و بڵاوکردەوە، قسەو باسی لێکردووەو هەوڵی رۆشنکردنەوەی رێگاکەی داوە و لەوپێناوەشدا تووشی دەردەسەری هاتووە. ئەوەش بۆخۆی مایەی سەربەرزی و سەروەرییە بۆ کەڵە پیاوێکی وەکو مامۆستا برایم کەلەزەمەنێکی زووترەوە ئەدەبیاتی سیاسیی بزوتنەوەی کوردایەتی بەبەشدارییە بەنرخەکانی دەوڵەمەند بکاو چەند نەوەیەک لەروناکبیران و سیاسەتمەدارانی پێ پەروەردەبن. کەچی لەکۆتایی سەدەی بیست و لەکۆنگرەیەکی فراوانی وەک ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا، ئەوبەشدارییە بەنرخەی خۆی دەوڵەمەندتر بکاو لە موراففەعەیەکی کورت خایەندا ناونیشانیان بۆ دابنێ.

ئەز هەر ئەو جـارە مامۆسـتام دیـت، بەڵام شـعورم وایە کە دوو دەسـتەواژە جـوانەکەی ((حقوق)) و ((حدود)) هەموو تەجرەبەی سیاسیی خـۆی و کـوردایەتی نـوێی چرکـردبێتەوە و خۆشبەختانە لەزمانی خۆیەوە بیستم!.

*ساڵی 2001 لە کوردستان نوێ بڵاوبۆتەوە

# بەڕاست، هەڵوێستمان لەڕووداوەکانی فەلەستین چییەو چۆنە؟

(1)

لێرەو لەوێ لەرۆژنامەو راگەیاندنەکانی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان گوێمان لەو گلەییە دەبێت داخۆ بۆچی راگەیاندنی کوردستان لەئاستی رەوشی نالەباری فەلەستینییەکان لەناو گێژەنی ململانێی عەرەب و ئیسرائیلدا (بێدەنگ و بێ هەڵوێستە)؟ یاخود لەشرۆڤەکردن و لێکدانەوەکانی بۆ ئەو رەوشە دەیکەن (لایەنگیری) فەلەستینییەکان ناکەن؟ بەندە ئەو شتانە دەخەمە نێوان دووکەوانەوە چونکە تەحەفوزم لەبارەیانەوە هەیەو لەدرێژەی ئەو وتارەشدا هەوڵدەدەم رای خۆمیان لەبارەوە بڵێم.

پێشەکی دەمەوێ ئاماژە بەوەبدەم کەوەختێک دەڵێم لێرەولەوێ لەراگەیاندنی هێزە ئیسلامییەکاندا ئەوگلەییەمان گوێ لێدەبێت، مەبەستم لە ناونەهێنان بەکەمگرتن و فەرامۆشکردنی ئەوبەڕێزانە نییە کەگلەییەکەیان کردووە، بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەوەیە بێ چوونە ناو گێژاوی مشتومڕی شەخسییەوە لەبارەی خودی گلەییەکە بدوێم و شرۆڤەی هۆکارە بنەڕەتییەکانی بکەم.

دەخوازم خوێنەر سەرنجی ئەوەبدات کەوەختێک دەڵێین راگەیاندنی هێزە ئیسلامییەکان ئەم (گلەییە) لەراگەیاندنی کوردستان دەکەن دیارە ئەوان خۆیان هاویشتۆتە دەرەوەی گلەییەکەو بەم پێیەش ئەوە راگەیاندنی هێزە غەیرە ئیسلامییەکانە کەلەباری پرسی فەلەستینییەکانەوە کەمتەرخەمییان نواندووە.

بەڵام ئایا بەڕاست راگەیاندنی هێزە کوردستانیەکان، بەواتایەکی تر هێزە عەلمانی و دیموکراتخوازەکان، کەمتەرخەمبوون؟

( 2 )

**هەڵوێست یان شرۆڤەکردن؟**

پێویستە لەدەسپێکدا جیاوازی نێوان دوو دەستەواژە دەستنیشان بکەین. مەبەست لەهەڵوێست لایەنگیری و راگەیاندنی ئەو هەڵوێستەیە لەمیدیاو رۆژنامەکاندا. مەبەست لەشرۆڤەکردن وردکردنەوەی رووداو و دەرکەوتەکانە وەک هەرباسو رووداوێک کەخۆی بەسەر میدیاکاندا دەسەپێنێ. وەبیرهێنانەوەی ئەم سەرەتاو پرەنسیپەی بواری ماس میدیا گرنگە، چونکە بەداخەوە گەلێک جار تێکەڵییەک لەنێوان هەڵوێست نیشاندان لەرووداوەکان

و شـرۆڤەکاری ئەو رووداوانەی روودەدەن. شـایەدی دەدەم کەئەم کێماسـییە خەسـڵەتێکی تـایبەتی راگەیانـدنی هێـزە ئیـسلامییەکان نیـیە، بەڵکـو دیـاردەیەکی زەق و دیـاری نێـو بزوتنەوەی رۆژنامەنووسیمانە بەعەلمانی وئیسلامییەوە. رەنگە هـۆی ئەمەش سـەبارەت بەوە بـێ کەتائێـستا بەشـی زۆری خیتـابی رۆژنامەنووسـیمان ئـامرازی گەیانـدنی هەڵوێـست و لایەنگیرییەکانە تائەوەی ئامرازی شرۆڤەکاری و یارمەتیدانی بیستەرو بینەرو خوێنەر بێت لە تێگەیشتن لەو رووداوانەی دێنە پێش. ئەمەش وایکـردووە کەگەلێـک جار شرۆڤەکردنی رووداوەکـان لەلایەن رۆژنـامەنووس و نووسـەر یـان دەسـتەیەک رۆژنامەنووسـەوە لای خوێنەران، بەتایبەتی ئەوانەی لایەنگری رەوتێکی سیاسیی دەکەن، بەشرۆڤەکردن لەقەڵەم نەدرێت بەڵکو بەهەڵوێست لەقەڵەم بدرێت.

سـەیرە ئەگەر رۆژنامەنووسـێک شـرۆڤەی رەوتـاری سـەرکردایەتی ئێـستای PKK ـی جاران و کادەک-ی ئێستا بکات و بڵێ ئەم رەوتارو هەڵسوکەوتانە بزوتنەوەی سیاسیی لەکوردستانی تورکیا لاواز دەکات. لێت راست دەبنەوەو ئەمە بەهەڵوێست یان بەئارەزووی شکستخواردنی PKKت بۆ لەقەڵەم دەدەن.

بەهەمـان شـێوە کەشـرۆڤەی کردەوەکـانی تونـدوتیژی نێـوان فەلەسـتینی و ئیـسرائیلی دەکەیـت و دەڵێـی ئەمە هیچـی لـێ شـین نابێـت جـگە لەئـازارو مەینەتـی زیـاتر بـۆ فەلەستینییەکان و پتەوبوونی پایەی ئیسرائیل لەناو ململانێی عەرەب- ئیسرائیلدا ئەمەشت بەدوژمنایەتی کردنی کێشەی رەوای فەلەستین و لایەنگیری لەجولەکە بۆ حیساب دەکەن!

(3)

**مۆدێلە سیاسییەکان و هەڵوێستەکانیان**

دەمەوێ لێرەدا بێـژم ئەم وتـارەی بەنـدە تێکەڵیـیەکە لەنێـوان هەڵوێـست و شـرۆڤەکاری نەک لەبەرئەوەی دەخوازم هەمـان گەمەی نـاو رەوشـی رۆژنامەنووسیمان دووبارە بکەمەوە بەڵکـو بـۆئەوەی روونیبکەیـنەوە کەبـۆچی هەڵوێـستی مـاس میـدیای کـوردی و هەڵوێـستی جـادەی کـوردی تەواو جیـاوازە یـان پـێچەوانەی ئەوەیە کە میـدیای هێـزە ئیـسلامییەکانی کوردستان دەیخوازن. ئەوی وادەکات ئەم تێکەڵییە بەتایبەتی لەم پرسـەدا زەق بێتەوە ئەو مەسـەلەیەیە کەنـاوی ململانێـی مـۆدێلە فیکـری و سیاسییەکانی لـێ دەنـێم. بەواتـایەکی تـر بۆئەوەی شرۆڤەی هەڵوێستی هێزە عەلمانییە دیموکراتخوازەکانی کوردستان و هەڵوێستی هێزە ئیسلامییەکان بکەین لەپرسی فەلەستین و بزانین سەرچاوەی ئەم هەڵوێستانە چین و بـۆچی لێـک جیـاوازن؟ دەبـێ بگەرێـنەوە بـۆئەو مـۆدێلەی هەرلایەک لەدوولایەنەکەی کوردستان، لێرەدا مەبەست لای هێزە ئیسلامییەکان و لای هێزە عەلمانییەکان، باوەڕیان پێیەتـی و تەرویجـی بـۆ دەکەن. مەسـەلە لێـرەدا تەنهـا پرسـی بەڕاسـتی رەواو هەقـانی

فەلەستینییەکان نییە، بەڵکو مەسەلە ئەو مۆدێلە فیکری و سیاسییەیە کەهەرلایەنەو بانگەشەی بۆدەکات. لێرەدا جەخت دەکەینەوە سەر هەڵوێستی هێزە عەلمانییەکان کە لەنموونەی کوردستاندا مەبەست لێیان باڵەکانی ناو بزوتنەوەی کوردایەتییە.

(4)

**ڕێڕەوی هەڵوێستی کوردایەتی لەمەسەلەی فەلەستین**

با باگراوەندەکان بەبیربێنینەوە:

*بزوتنەوەی کوردایەتی بەلایەنە دیموکراتخوازو چەپەکانیەوە، بەو ئاڕاستە فیکرییە جیاجیایانەی هاتوونەتە ناوییەوەو گەشەیان کردووەو، کاریگەرییان لەسەرکوردایەتی و ئەدەبیاتەکەی بەجێهێشتووە، تێکڕایان لایەنگیری کێشەی ڕەوای فەلەستینییەکان بوون و لەم بارەیەوە بەهەڵوێست و بەکردار چەند دەیەیەک پێش هێزە ئیسلامییەکانی درەنگ دروست بوون قسەو کرداری خۆیان لەسەر فەلەستین گوتووە. ئەوە کە دەگوترێ کورد هاوسۆزو پشتیوانی مەسەلەی فەلەستین بووە هەمیشە مەبەست لێی ئەوەبووە کەبزوتنەوەی کوردایەتی هاوسۆزی مەسەلەی فەلەستین بووە. واتا ئەگەر قسەیەکی کوردی لەسەر فەلەستین هەبێت ئەوە هەر قسەی هێزەکانی کوردایەتی بووە نەک هێزی تر.

* ئەم هەڵوێستە ئەگەرچی بەهەڵوێستێکی هاوشێوەو دۆستانەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بەرامبەر بەمەسەلەی کورد و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد پارسەنگ نەدراوەتەوە. بگرە هەندێک جار لەژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی ناسیونالیستی عەرەبی و ماشێنی میدیای عێراقیدا یان لەژێر کاریگەری هەستوسۆزێکی کوێرانەی ناسیۆنالستە فەلەستینییەکان یان بەهۆی کەینوبەینی سەودا سیاسییەکانەوە هەڵوێستی نەرێتیان لەمەسەلەی ڕەوای کورد هەبووە. ئەم ڕەوتە سەلبییە بەرامبەر بەکورد بەداخەوە لای هێزە ئیسلامییە ئوسوڵییەکانی فەلەستین توندتریشە کەهیچ پاکانەیەکیان بۆ ئەمە نییە لەکاتێکدا ئەوان دەبێژن لەژێر کاریگەری ئیسلامدان نەک ناسیونالیزمی فەلەستینی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵوێستە سەلبیانە هەرگیز لەڕێڕەوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەرچاوی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیان لێڵ نەکردووە و وەک هەمیشە، لەوەشدا چاکیان کردووە، دەرکیان بەڕەوایی مەسەلەی فەلەستینو پێویستی ڕەچاوکردنی مافی چارەی خۆنووسینی فەلەستینییەکان کردووە.

* هەڵوێستی ئیجابی لەپرسی ڕەوای میللەتێک خۆی لەهەڵوێستی ئیجابی بەرامبەر هێزە سیاسییەکانی ئەو بزوتنەوەیە دەبینێتەوە. پۆلێنکردنی هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی فەلەستین هەرگیز بەومانایە نەهاتووە بزوتنەوەی کوردایەتی، کەهێشتا نەپەرژاوەتە

سەرخۆی، بەبیانووی دۆزینەوەی هێزێک بۆئەوەی پشتیوانی بکات دەست لەکاروباری بزوتنەوە نیشتمانییەکانی تر وەربدات.

لەبەر هەندێ بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی دەست نیشانکردنی ئەو هێزەی دەبوایە پشتیوانی بکات ئاسان بوو:

* بزوتنەوەی نیشتمانیی کەبزوتنەوەیەکی خاوەن ناوەرۆکێکی دیموکراتییە لەلایەن هێزێکی نیشتمانیی و دیموکراتخوازەوە رایی دەکرێت.

* فەلەستینییەکان خۆیان کێیان پێ خۆشە بائەوانە رابەریان بن و ناشێ کورد لەمەلیک مەلیکتر بێت.

لە پتر لەهەلومەرجێکدا کەسەرکردایەتی عەرەفات و بزوتنەوەکەی کە ئەو رابەرایەتی دەکات سەلماندیان کەدەتوانن رێبەرایەتی بەرەی فراوانی تێکۆشانی فەلەستینییەکان بکەن. بەداخەوە کە نەعەرەفات و نەبزوتنەوەکەی ئەوەندەی لەدەسەلاتی عێراقەوە نزیک بوون نیو ئەوەندە قسەیەکی خێریان بۆ کورد نەکردووە. بەلام خۆدەبێ دانیشی پێدابنێین کە عەرەفات و راف بەفیعلی رێبەرایەتی مێژوویی فەلەستینییەکانن. فەلەستینییەکانیش کەئەویان بۆرێبەرایەتی هەلبژاردووە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی بزوتنەوەکەی خۆیان هەلیانبژاردووە نەک لەسەر ئارەزووی بەندەو خوێنەران و هەموو کوردێکی کەپێی خۆشە پرسی کورد سەرکەوێ.

عەرەفات لەباری مێژوویی و دوایرێکەوتنی غەزا – ئەریحاش لەباری یاسایی و لەرێی پرۆسەیەکی دیموکراتییەوە بووە رابەری فەلەستینییەکان. ئەم رێبەرایەتییە لەگەل ئیسرائیل سات‌وسەودای کردووە، رێککەوتنی مۆرکردووەو دانی بەبوونی گەلی ئیسرائیل و دەولەتی ئیسرائیلدا ناوە.

دوای رێکەوتنی غەزە-ئەریحا، کەعەرەفات لەگەل رابینـدا ئیمـزای کـرد، فەلەستینییەکان شەرعیەتی دیموکراسیاندا بەعەرەفات و دەسەلاتەکەی. ئەوان ئێستاشی لەگەلدا بێت دەسەلاتەکەی عەرەفات بەدەسەلاتی نیشتمانیی خۆیان دەزانن. بەواتایەکی تر ئەو دەسەلاتەی لەگەل ئیسرائیل رێکەوت و سات‌وسەودای لەگەل تەلئەبیبدا هەبوولەهەلبژاردن و لە واقیعیشدا دەنگە فەلەستینییەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. واتا خەلکی فەلەستینیش ئەگەر چی تینون بەخوێنی کاسەسەری حکومەتی ئیسرائیل، بەلام بەرێککەوتن لەگەلی رازی بوون. دانیان بەبوونی ئیسرائیلدا نا. ئەگەر ئەمە رەوشی فەلەستین و رێبەرایەتییەکەی بێت دەبێ کورد و بزوتنەوەکەی چی لەوە زیاتر بلێین کەدوعای خێر بۆ فەلەستینییەکان بکەن و دوور لەلووت ژەنین، کەبێگومان ئەوەشمان پێ ناکرێت، بلێین ئەی فەلەستینییەکان ئەمە رێـرەوی پەسەندکراوی خۆتانەو ئێمەش رێزی لێ دەگرین، چونکە خۆمان کوشتەی دەستی هەلومەرجی داگیرکاری و دەستێوەردانین؟

(5)

**هەڵوێستی ئیسلامییەکانی کوردستان**

ئەوی پێشتر باسمانکرد هەڵوێستی کوردایەتی بوو کەدەشکاتە هەڵوێستی هێزە عەلمانی و دیموکراتخوازەکانی کوردستان. هەرچی هەڵوێستی ئیسلامییەکانی کوردستانە(بێگومان ئەمانەش چەند تەوژم و لایەن و ڕێبازێکن) ئەوا دەتوانین بێژین لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامیی سیاسیی لەکوردستان دا جگە لەهەڵوێستی هێزەکانی کوردایەتی، تەرزە هەڵوێستێکی دیکەش پەیدابوو کەمانایەکی دینی و پیرۆزی بەخشیوەتە پرسی ناسیونالیستی فەلەستین ئەم هەڵوێستە هی هەندێک لەتەوژمەکانی نێو ئیسلامی سیاسیی لەکوردستانەو لەهەڵوێستی ئیسلامیی سیاسیی نێوخۆی فەلەستینەوە نزیکترە تاهەڵوێستی تائێستا ناسراوی بزوتنەوەی کوردایەتی. ئەم هەڵوێستە تازەیە دەچێتە نێو وردەکاری پرسی فەلەستینییەکانەوەو بەوەوە ناوەستێ کەپشتیوانییەکی گشتی، چ بەقسەو چ بەکردەوەی، مەسەلەی فەلەستین بکات. بەڵکو لەناو بزوتنەوەی سیاسیی ئەو وڵاتەشدا تەوژمێکی نزیک لەخۆی، مۆدێلێکی هاوشێوەی خۆی هەڵدەبژێرێ و ئەوانیتر ئاڤەرۆز دەکات.

ئەم هەڵوێستە تازەیە لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستاندا ئیکتفا بەوەناکات کەمانایەکی دینی ببەخشێتە ململانێی فەلەستین – ئیسرائیل، ئیکتفا بەوەناکات داوای گێڕانەوەی قودس بکات وەک پایتەختێکی ئەبەدی (فەلەستینێکی ئیسلامیی) بەڵکو لەناو هێزەکانی سەرگۆڕەپانی فەلەستینیشدا بژارێکی ئایدۆلۆژی دەکات.

بێگومان ئەوەتەی تەوژمی ئیسلامیی سیاسیی لەناو فەلەستین پەیدابووە مشتومڕێکی جیددی لەسەر ڕێگە چارەی ئیسلامیی سیاسیی بۆپرسی نیشتمانیی فەلەستین دروست بووە. ئەگەرچی پرسی فەلەستین سەبارەت بەوەی ململانێی میللەتێکی موسڵمانە لەدژی میللەتێکی ئاین جیاواز کەئەویش جوولەکەیە هەرگیز لەرەهەندی ئایینی بێبەری نەبووە، بەڵام لەناو بزوتنەوەی سیاسیی فەلەستینی خۆشی هێشتا ئەو مشتومڕە یەکالانەبۆتەوە کە ئایا ڕەنگرێژکردنی پرسی فەلەستین وەک پرسێکی نیشتمانیی و دیموکراتخواز بەمۆرکێکی ئاینی لەسەرشێوازی ئیسلامیی ئوسوڵی تاچەندە دەبێتە مایەی راکێشانی پشتیوانی حکومەتو میللەتانی وڵاتانی ئیسلامیی کەئەمانە خۆشیان گیروگرفتیان هەیە لەگەڵ ئیسلامیی سیاسیی ناوخۆیاندا؟هەروەک ئەگەر پشتیوانییە (ئیسلامییە) کە بەدەست بێت تاچەند دەتوانێ قەرەبووی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە بکاتەوە کەهێزە دیموکراتخوازو مرۆپەروەرەکانی دونیا لەپرسی فەلەستینی دەکەن وەک پرسێکی ڕەوای میللەتێکی ژێر دەستەو داگیرکراو ؟ هەروەها تاچەند حکومەتی ئیسرائیل ئەم مۆرکە ئوسوڵیە لەناو

بـزوتنەوەی فەلەسـتیندا بەقـازانجی خـۆی دەقـۆزێتەوەو وڵاتەکەی خـۆی وەک دورگەیەکـی دیموکراسی نیشاندەدات کەهەڕەشەی فەلەستینییە ئوسوڵییەکانی لەسەرە؟

بەهەر حاڵ دەچینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە و ئەم چەند خاڵە دەوروژێنین:

- ئایـا ڕەوایە گەلـی کوردسـتان و ڕاگەیانـدنی هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان بچـنە نـاو وردەکـاری بـزوتنەوەی سیاسـیی فەلەسـتینەوە، نەک بـۆ شـرۆڤەکردنی بەڵکـو بـۆلایەنگیری لایەنێک لەدژی ئەویتر؟

-ئایا داخـوازی و گلەیـی لەهێـزە سیاسـییە عەلمانییەکان بەوەی گوایە پشتیوانی لەدۆزی فەلەستین ناکەن مەبەستی لێی پشتیوانیکردنە لەپرسەکە یان لەڕەوتێکی سیاسیی دیاریکراو و ئەو چـالاکی و ڕێوشـوێنانەی ئەو ڕەوتە دەیگـرێتەبەر؟ دەمەوێ لەئاسـتی ئەم لایەنەشـدا هەڵوێستەیەک بکەم.

(6)

**ئاڵۆزیی ڕەوشی فەلەستین**

هەمــوو لایەک دەزانــن کەرەوشــی فەلەســتین لەنــاودۆخی توندوتیژیــدا چەنــد ئــاڵۆزو تێکچڕژاوە. فەلەستینییەکان کەلەگەڵ ئیسرائیل میانەیان پەیداکرد، جارێکیتر تێهەڵچوونەوەو ئەو ڕووداوانە قەومان کەهەمومـان لەشاشـەکانی تەلەفزیـۆنەوە دیتمـان و ئێستا لێـرەولەوێ ڕاگەیانـدنی هەنـدێ تەوژمـی ئیـسلامیی داوا لە ڕاگەیانـدنی هێـزە عەلمانیەکـان و لەگەڵـی کوردیش دەکەن کەهەڵوێستی لەبارەوە دەرببڕن و پشتیوانی بێچەندوچۆنی کاراکتەرەکانی بکەن.

لەم هەلـومەرجەدا کـاراکتەرە سـەرەکییەکانی نـاو ڕەوشـی ئـاڵۆزی فەلەسـتین ئەمـانەن: دەسەڵاتی فەلەستینی، هێزە ئیسلامیی و چەپەکان و ناسیونالیستەکان، حکومەتی ئیسرائیل.

لەناو ئەم دۆخەدا میللەتی فەلەستین خۆی سەری لێتێکچووە نازانێت ئایا:

-دەسـت لەدەسـکەوتی دەسـەڵاتەکەی، کەخـۆی خەبـاتی بـۆ کـردووە و دەنگـی بـۆ داوە، هەڵبگرێ لەپێناو ئەو بەڵێنە دڵفێنکەرەوانەی کەهێـزە ئیـسلامیی و چەپ و ناسیونالیـستەکان پێی دەدەن؟

-لەگەڵ ئیـسرائیل، کەگـوایە ئاشـتی لەگەڵ دەکـات، بیگەیەنێـتە مریـشکە ڕەشـە یـان شـەعرەی مەعـاویە بهێڵێـتەوە و بەشـی ئاشـتی و دانوسـتانی پێکهێنـانی دەوڵەتـی فەلەسـتینی تیابهێڵێتەوە؟

ئایا ڕەوای هەقە ئێمە ڕاگەیاندنی کوردی و بەو پێیەش جادەی کوردی بەوردەکاری ئەم ئاڵۆزییەوە مژوڵ بکەین یان بەکێشە ڕەواکەی خۆمانەوە خەریک بین و بڵێین تـا مـاڵی خـۆم هەبێ مزگەوتی فەلەستینییەکانم لەچی؟

دەخوازم بەمێشک و دڵێکی کراوە لەم پرسە بڕوانین:

هەتا ئێستا لەنێوەندە سیاسییەکانی فەلەستین و لەجادەی فەلەستیندا، لەنێوەندە سیاسییەکانی عەرەب و لەجادەی عەرەبیدا ئەومشتومڕە یەکالا نەبۆتەوە کەداخۆ خۆتەقاندنەوەکانی لەناوجەرگەی ئیسرائیلدا دەکرێت خۆکوژییە لەقەهری نەبوونی چارەسەر یان شەهادەتە لەپێناو کێشەیەکی ڕەوادا؟ عەرەفات خۆی کەزۆرترین گوشاری ئەم دواییەی ئیسرائیلییەکانی لەسەربوو، هەروا دەسەڵاتی فەلەستینی و ژمارەیەک لەنوخبەی سیاسیی فەلەستین لەوانەش خانم حەنان عەشراوی یان لەدژی ئەو خۆتەقاندنەوانە قسەیان کرد یاخود داوای بەخۆداچوونەوەیەکی زاتیان کردووە بۆئەو ڕێوشوێنانەی لەرووبەڕوبوونەوەی ئیسرائیلدا دەگیرێنەبەر تەنانەت لەنێو زانایانی ئاینی و وڵاتانی ئیسلامیی بەهی رەسمی و سەربەخۆیانەوە، بەهی سوننەو شیعەیانەوە هێشتا ئیجتهاد لەسەر ئەوپرسانە دەکرێ و مەرجەعێکی دینی بڕیاری یەکلایکەرەوەی لەسەرنەداوە، ئایا لەم ڕەوشەدا ڕەوای هەقە راگەیاندنی کوردی و جادەی سیاسیی کوردی و دواجاریش هێزە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان بکەنە کەوا سووری بەرلەشکرو مشتومڕێک یەکلابکەنەوە کە هێشتا لای خاوەنەکانی یەکلایی نەبۆتەوە؟

بەندە ناخوازم لەباری ئیجتهادەوە لەسەر ئەوخۆتەقاندنەوانە بنووسم (خۆکوژی یان شەهادەت) بەڵکو لەبارەی جەدوای سیاسیی و دەسکەوتەکانی دەپرسم.

شرۆڤەو ڕوانینی بەندە وایە کە ئەم کردەوانە نەبوونە مایەی پێشکەوتنی پرسی فەلەستین بەڵکو بوونە مایەی دواکەوتنی. دەرسێک کەدەبێ ئێمە وەکو کوردو وەکو بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان کەڵکی لێوەربگرین ئەوەیە کەمەرج نییە هەموو جارێک دروستکردنی تەنگەژەیەک بۆ دوژمنەکانمان پرسی نیشتمانیمان پێش بخات. گەیاندنی ململانێی سیاسیی بەلێواری تەقینەوەو ئاڵۆزی هەمیشە بەزیانی لایەنە لاوازەکە کۆتایی دێت. ڕاستە پرسی رزگاری نیشتمانیی هێزی هەقی لەگەڵە، هێزی مێژوو و مەنتیقی ئاڕاستەی ڕووداوەکانی لەگەڵە، بەڵام ئەمە بەومانایە نییە کەسەرکردایەتی سیاسیی بزوتنەوە نیشتمانییەکان ئەم هێزە بەڕاست و بەچەپدا بەفیڕۆبدەن و تەڕایەتی تێدا نەهێڵن. ئەمە ((هەڵوێست))نییە کەدەیڵێم ئەمە ((شرۆڤەکردنە)) ئەگەرچی هەموو شرۆڤەکردنێک هەڵوێستی لێدەبێتەوەو تاشرۆڤەکردنەکانیشی وردو ڕاست و دروست بن هەڵوێستەکانیش مەنتیقی دەبن. شرۆڤەکە قسەی کورد دەسەلمێنێ کەدوو گندۆرەی گەورە بەیەک دەست، ئەوەشی دەخەینە سەر کەیەک دەستی بچووک، هەڵناگیرێ. هەڵگرتنی گندۆرەی دەوڵەت و گندۆرەی شۆڕش حیکمەت و ژیری دەوێت.

تەماشا خوێنەری بەڕێز ئەمریکا بەئەمریکایی خۆی کەمەرحەبایەکی ئیسلامیی سیاسیی ئەفغانستانی کرد تووشی چ ئاڵۆزییەک هات. ئایا سەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتمانی فەلەستینییەکان لەئەمریکا هێزدارترو تواناداترە وا دەیەوێ دەسەڵاتی دەوڵەتو ناوچەی

رزگـارکراوی هەبـێ و لەهەمـان کاتـدا دنەی کردەوەکـانی تونـدوتیژی بـدات بـێ ئەوەی ڕەچاوی هەلومەرجی مەوزوعی توانا و دەسەڵاتەکانی خۆی بکات؟

لەشوناسـی مـۆرالی و مەبـدەئی و سیاسـیی ئەو خۆتەقانـدنەوانە گەڕێـین، بەڵام بابپرسـین جەدوای سیاسـییان چیـیە؟ ئایـا کـردەوەی تونـدوتیژی بـۆ دەرپەڕانـدنی ئیـسرائیلە یـان بـۆ ناچـارکردنێتی تـاوەکو بەگـوێرەی دڵـی ئەوان دانوسـتاندنەکان بگەیەنـرێتە ئاکـام؟ ئەمە ئەوپرسیارانەیە کە راگەیاندنی کوردی پێش لایەنگیری یان دژایەتی کردن دەبێ شرۆڤەیان بکات.

(7)

**مۆدێلێکی نامۆ بەکوردایەتی؟**

لەسەر مۆدێلی سیاسیی پەسەندکراوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش پێویستە بەچەند پرسیارێکی تر هەڵوەستە بکرێت.

دەمەوێ بڵـێم هێزەکـانی کـوردایەتی خۆیـان لەمێـژووی تێکۆشـانیاندا هەرگیـز ئەوجـۆرە ڕێوشوێنانەیان نەگرتۆتەبەر کەفەلەستینییەکان لەناو بزوتنەوەی نیشتمانی خۆیاندا رەچاویان کـردووەو ئێـستا تۆختریـان کـردۆتەوە. هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان، بەتـایبەتی هـی کوردسـتانی عێـراق، پاسـی بەنەفەر پڕکـراو، بینـای قەرەبـاڵەغی پـڕ لەخەڵکـی مەدەنیـان نەتەقاندۆتەوە ئایا دەکرێ مرۆڤ چەپڵە بۆ مۆدێلێک لێ بدات کەخۆی لەرێڕەوی تێکۆشان رەچـاوی نەکـردووە؟ ئەگەر ئەو جـۆرە ڕێوشـوێنانەی رووبەڕوبـوونەوە کە فەلەسـتینییەکان لەدژی ئیسرائیل پەیـڕەوی دەکەن جێی ستایشی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوایە خـۆ دەنا خۆیان لەدژی دوژمنێکی هارتر لەئیسرائیل پەیڕەویان لێ دەکرد.

وایدەبینم ئەو ڕێوشوێنانە چـاک یـان خـراپ نـامۆن بەبـزوتنەوەی سوننەتی ئێمە. مەگەر بەم دوایـیە کەهەنـدێک دەسـتەی نـاوتەوژمی ئیـسلامیی سیاسـیی کوردسـتان باوەڕیـان بەم جۆرە ڕێوشوێنانە هێناوە. بەداخەوەش کەئەم دەستەیە مۆدێلی خۆتەقانـدنەوەی بەشـێوەیەکی حەرفـی لەفەلەسـتینەوە نەقـڵ کـردووە لەگەڵ یەک گـۆڕانی بچـووک بەڵام جەوهەری کەئەویـش ئەوەیە فەلەسـتینییەکان لەدژی دوژمنێکـی دەرەکـی و ئەوی دەسـتەکەی لای خۆشمان لەدژی کوردو کوردستان جێ بەجێی دەکەن.

دواجـــار دەبـــێ بڵێـــین هەڵوێـــستی مەبـــدەئی ئەوەیە کە پـــشتیوانی پرســـی ڕەوای فەلەستینییەکان بکەیـن بەوجـۆرەی فەلەستینییەکان خۆیـان لەسـەری ڕێـک دەکەون، نەک بەوجـۆرەی پرسـی ڕەوای خۆمـان لەیـادبکەین و تەرەفگیـری لەرەوشـی نـاوخۆی پرسـی میللەتێکیتر بکەین.

# ڕەنگە سیناریۆکە بەمجۆرە بێت
# ئەرکەکانی کوردایەتی لەداهاتووی سیاسی عیراقدا

(1)

پێدەچێت لەنێو ڕووداوو دەرکەتە بەپەلەکانی عیراقدا، زووزوو پێویستمان بەوەبێت سەرلەنوێ ڕەوشی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان هەڵبسەنگێنین، پێ بەپێی ئەو دەرکەوت و ڕووداوانەی لەوڵاتەکەدا دێنەپێش، پێشکەوتن یان راوەستان، ڕەنگە لەهەندێک وێستگەشدا پاشەکشەکانی، ئەو بزووتنەوەیە، دەستنیشان بکەین، پێگەی خۆمان بەگوێرەی ئەو دەرکەوتانە بەپەلە بناسینەوەو لەسەر بنچینەی ئەوەش سیاسەتی ڕۆژانەی ئەوتۆ دابڕێژین کەبەنەرمی و شێنەیی هەم لەگەڵ پەرەسەندنە یەک لەدوای یەکەکان مامەڵە بکات و هەمیش لەڕێی ستراتیژی بزووتنەوەکەدا ئەو سیاسەتانە سەرەنجام دەستکەوت و ئاکامی باش کەڵەکە بکەن.

ڕەنگە ئەم ریتمە نوێیە لەسیاسەتی عیراقی و ناوچەییدا کەمجار ڕوویدابێت، کەمجار ڕوویداوە لەمێژووی چەقبەستووی دەوڵەتی عیراقدا ئاوەها ڕووداوەکان بەپەلە بگۆڕین و وێستگەو قۆناغی یەک لەدووی یەکیان تێدابووبێت، هەر لەبەرئەوەشە لەکاتێکدا جاران ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کوردایەتی لەهێڵە سەرەکییەکان و هەندێک جاریش لەهێڵە لاوەکییەکانی کەنیشانەی دیاریکردنی پێگەی ئەون لەناو سیاسەتی دەوروبەردا تاڕادەیەک جێگیرو نەگۆڕبن، بەڵام ئەمڕۆ بەئەندازەی پەلەیی ڕووداوو گۆڕینەکان پێویستمان بەپێوانەکردنی هەنگاوەکانی پێشوومان و ناسینەوەی سات بەساتی پێگەی بزووتنەوەکەمان هەیە، ئەوەی لێرەدا هەوڵدەدرێت کەمێک ڕۆشنایی بخرێتە سەر ڕەوشی کاری داهاتوویی بزووتنەوەی کوردایەتییە لەنێوان هەردوو قۆناغی کارکردن بەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کەحکومەی ئێستای عیراق لەسەر بنچینەی ویی دروستبووەو قۆناغی دوای دانانی دەستووری بنچینەیی وڵات و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی سیاسی جێگیر لەعیراقدا، کەچەمکی جێگیرو هێمنی لەچەمکی دیموکراسی و گۆڕانکاری بەردەوام لێک جیانەکاتەوە.

(2)

ئەو قۆناغەی رابورد بەهەمموو پێشکەوتن و ئازارەکانییەوە هەندێک مەودای نوێی کارکردنی خستە بەردەم بزووتنەوەی سیاسی کوردستانەوە کەناکرێت لەخۆڕێکخستنەوەی

تـازەدا نادیـدە بگیـرێن، ئەم قۆنـاغە کە لەپێکهـاتنی حکـومەتی نـوێی عیـراقەوە، کۆتـایی حـوزەیرانی ئەمـساڵ، دەسـتپێدەکات و تائەنجامـدانی هەڵبژاردنـی داهـاتوو دوای ئەوەش دارشتنی دەستووری دائیمی عیراق درێژە دەکێشێت، هەم پرۆسـەیەکی عەمەلی و هەمیش سکێچێکی گەمەی سیاسی، دیموکراسی و یاسایی عیراقی داهاتوومان نیشاندەدا. بۆئەوەی باشتر فاکتەرەکان بناسینەوەو بیروڕا لەسەر رەوتی سیاسی رووداوەکان رۆشنتربێت لێرەدا قۆناغی حکومەتی ئینتیقالی (راگوزەر) تـا دەسـتووری دائیم هەر بەنـاوی خـۆیەوە دەنـێن: (قۆناغی راگوزەر)، قۆناغی دوای پێکهاتنی دەستووری دائیم و جێگیربوونی گەمەی سیاسی و دەرکەوتنی بچمی یاسایی و دیکوکراسی ئەو گەمە سیاسییەش ناو دەنێین (قۆنـاغی جێگیـر). چ (قۆنـاغی راگـوزەر)و چ (قۆنـاغی جێگیـر) هەردووکیـان بەئاراسـتەو تـاودانەوەی جیـا بەشـداریدەکەن لەدیـاریکردنی سـیمای سیاسـەتی عیـراق و بەهەمـان شـێوەش سیاسـەتی کـوردایەتی لەئاینـدەدا. لەم قۆناغەشـدا ئامانجەکـانی کـوردایەتی لەتـایتلە سـەرەکییەکاندا هەروەکو خۆیـانن ئەگەرچی لەوردەکاریدا هەم، لەئامرازی کارکردن و هەم لەشێوەی ئەو ئامانجانە پێشکەوتن بەدیدەکرێت.

ئامانجەکـانی کـوردایەتی هەر ئەوەن کەکـورد بەئاشـکرایی رایگەیانـدووە. عیراقێکـی دیموکرات و فیدراڵ، هەرێمی کوردستان تەواوی جوگرافیای ناسراوی کوردستان بگرێتەوە، عیراقـی دیمـوکرات دەرفەتـی چـوونەیەک و یەکسانی و هاوبەشـێتی تەواو لەنێـوان گەلـی کوردستان و گەلی عەرەبی عیراق بڕەخسێنێت. بەڵام لەڕاستیدا لەمیانی کارکردن بۆ ئەم ئامانجە راشکاوانەی کوردایەتی هەرگیز رێگایەکی ئاوریشمین، رێگایەکی پادشایانە لەئارادا نییە کەکوردان دوای ئەم هەموو ئازارو مەینەتییانە بەسەریدا گوزەر بکەن و بگەنە جێی مەبەست، ئەگەرچی ئەلتەرناتیفی رێی ئاوریشمیش مەرج نییە هەر رێی دڕک و داڵ بێت، لەو نێوەنـدەدا رێگایەکی تـر هەیە گوزارشـت لەوە دەکات کەبزووتنەوەکەمـان لەسـەرێکەوە بـایی ئەوەنـدە پێـشکەوتووە تامەترسی لەسـەر نەبێ و لەسـەرێکی دیکەشـەوە بـایی ئەوەنـدە هەنگاومـان مـاوە کەهەڵبینێـنین تـادوا ئامـانج، ئەم رێگـای تـرە نەئاوریـشم، نەدڕکە، بەڵکـو رێگایەکە ئارەق و ماندووبوونی دەوێت، رێگایەک کەئاسۆی بەردەوامی روونە، بەڵام دەبێت بشزانین کەئەوە سەرەتای یارییە سیاسییە قورسەکەی عیراقە.

(3)

یەک لەخەسڵەتە هەرە دیارەکانی قۆنـاغی راگـوزەر، کە لەقۆنـاغی جێگیریـشدا درێـژەی دەبێ و هەندێک لەهێڵە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی پێکدێنێت، بەتایبەتی لەباری حزبییەوە، ئەمەیە کەهەندێک جۆری هەژموون و کۆنترۆڵی سیاسی جێی خۆی بۆ جـۆرێکی تـر لەهەژمـوون و کـۆنترۆڵی سیاسـی بەجێـدێڵێت، هەروەک لەهەنـدێک جـومگەو بـواردا

دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەتی حزبەکانی، کەم دەبێتەوەو لەجومگە و بواری تردا زیاد دەبێت و دەشێ قەرەبوویەکی شایان بێت بۆ کورتهێنان لەبواری یەکەمدا، ئەگەر نمـوونە بخـوازین دەشـێ لەنـاو کوردسـتاندا دامەزراوە نەتەوەییەکـانی وەکـو حکـومەت و پەرلەمان هەژموون و کۆنترۆڵێکی راستەوخۆیان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت زیاتر لەحزبەکان، واتە دەسەڵاتی دەوڵەتی، هەڵبەت دەبێ دەسەڵاتی کوردستانیی بێت، کۆنترۆڵکاری سەرەکی کۆمەڵ دەبێت، لەهەندێک جومگ و بواریشدا دەشێ دەسەڵاتی حزب بەو ئەندازە زۆرەی لەهەرێمی کوردستان، هەرێمی پێش رووخانی سەدام لە (4/9)، نەمێنێت و لەجێی ئەوە دەسەڵاتی حزب بۆ شوێنەکانی تر، دەرەوەی هەرێم، فراوان بێت و شۆڕببێتەوە.

واتە ناوەنـدو دامەزراوەکـانی حـزب لەشارەکاندا دەسـەڵاتی رەهـای جارانیـان نامێنێـت و ئەوی دەیانبێت لەچوارچێوەی یاساگەلێکی نوێدا رێکدەخرێتەوە، بەڵام هەژمـوونی چۆنایەتی حـزب دەگاتە جوگرافیـای تـرو قەرەبـووی ئەو پێگانە دەکاتەوە کە لەشـوێنە بنەڕەتییەکان کەمبـوونەتەوە. نـاوچە رزگارکراوەکـانی کوردسـتان و بگـرە لەهەر شـوێنێکی دیکەی عیـراق کەچـڕی دانیـشتووانی کـوردی لێـیە یـان خەڵـکەکەی لەگەڵ کـورددا هاوسـۆزن، شـوێنی پاڵێوراون بۆ فراوانبوونی هەژموونی ماددی مەعنەوی و سیاسی حزبی کوردی.

ئەم خەسڵەتە دیارەی نێو هەناوی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەگەرچی لەسەرەتادا جۆرێک لەشـڵەژانی دروسـتکردو دروسـتیدەکات، بەڵام دواتـر چـونکە لەبـاری دیموکراسـی، بەوەی هەژمـــوونی راســتەوخۆ نــاهێڵێ و لەبــاری نیــشتمانی، بەوەی نــاوچەی دەستپێڕاگەیــشتنی حزبەکـانی کـوردایەتی فراوانتـر دەکـات، قـازانجی زۆرتـر دەبێـت بـۆ بـزووتنەوەکە، بـۆیە ئاکامەکـانی جێـی خۆشـحاڵی دەبـن. ئێـستاش جێـی خـۆیەتی ئەو ئـامرازانە خـوردبکەینەوە کەبەدەسـتی بـزووتنەوە سیاسـییەکەی کوردسـتانەوەن و لەقۆنـاغی راگـوزەرو جێگیریـشدا دەسکەلای کوردایەتین لەڕێی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا.

(4)

**یەکەم: دامەزراوەکانی خودی بزووتنەوەی کوردایەتی:**

واتە حزبەکانی کوردستان، دەزگا جیاجیاکان، هێزی پێشمەرگەو تەشکیلاتە جیاجیاکانی، ناوەندەکانی میدیای حزبەکان و هی ئەوانەش لەدەوری ئامانجەکانی کوردیەتی دەخولێنەوە، سـەنتەرو دەزگاکـانی لێکـۆڵینەوەو تـوێژینەوەو...هتـد، هەمـوو ئەوانەی بەجۆرێـک لەجۆرەکان ئەرکێکی سیاسی، یان رێکخستن، یان هوشیارکردنەوە، یان پێشمەرگانە دەگێـڕن بەشێکی جەوهەری بـزووتنەوەی سیاسـی کوردسـتان پێکـدێنن، ئەم دامودەزگایـانە سـەرکردایەتی و هەڵسوڕاوو کادیری خۆیانیان هەیە، چ سەربەخۆ لەڕێی دامەزراوەکانی ئەم بزووتنەوەیەو چ لەڕێـی دامودەزگـای دەوڵەتەوە، یـان لەنێـو رێکخـراوو کـۆڕی جەمـاوەرییەوە تێکۆشـان

درێژەپێدەدەن، بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی بزووتنەوەی رەسەنەو دەتوانێت لەرێی نوێبوونەوەوە، پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی زیاترو کۆرو کۆنگرەو کۆنفرانسی حزبەکانەوە، هەم خۆی بۆ قۆناغی نوێ، دەمەزەرد بکاتەوەو هەمیش کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکان ئامادە بکات.

ئەم بزووتنەوەیە کەهەمیشە بۆ کوردی بێ قەوارەو دەوڵەت رۆڵی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی گێراوە لەهەردوو قۆناغی نوێدا (راگوزەرو جێگیر) دەستکراوەتر سیاسەت دەکات، بەهۆی نیشتنەوەی باری سیاسی دەوڵەتی عیراق و پێکهاتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، چ هەرێمی و چ ئیتیحادی، باری سەرشانی سووکتر دەبێت، دەتوانێ خۆی بۆ ئەرکە سیاسییەکان تەرخانبکات، لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراقدا خەڵک سازبدات، بچێتە هاوپەیمانێتی سیاسی هەمە چەشنەوە لەگەڵ هێزە عیراقییەکان، چ بۆ هەڵبژاردنە هەمەجۆرو بەردەوامەکان و چ بۆ ئیدارەدانی کەینوبەینی سیاسی لەعیراقی تازەدا، (دەبێ ئاگاداری مەیلی هێزە عیراقییەکانیش بین بۆ رەگداکوتان لەکوردستان بەناوی جیاجیاوە کەئەم باسە لەدەرفەتێکی تردا دێمەوە سەری). چاودێرێکی مۆرالی بێت بەسەر ئەدائی دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستانی و حکومەتی ئیتیحادییەوە، ئەگەرچی ئیتر چاوەڕێ دەکرێت دەزگا نەتەوەییەکانی وەک (پەرلەمان و حکومەت) ببنە ناوەندی تازە بۆ پێگەیاندنی کادیرو هەڵسوڕاوی کوردستانی، بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکانی وەک فابریقەی سەرەکی پێگەیاندنی کادیری سیاسی و تێکۆشەری رێکخراوەیی دەمێننەوەو لەبەرامبەر بزووتنەوەی سیاسی عیراق و بۆ پاراستنی پێکهاتەی کوردستانی ئەو بزووتنەوەیە وەک مەرجەعێکی پرسپێکراوی لێدێت لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا. بۆ پاراستنی ئەو رۆڵە هەستیارەش خودی بزووتنەوەکە لەهەردوو قۆناغدا ئەم ئەرکانەشی کەوتووەتە سەرشان:

أ-جگە لەنوێبوونەوەی رێکخراوەیی و گۆڕینی پێکهاتەی کارکردنی حزبەکان، بەرەیەکی کوردستانی هەڵسوڕاوو کاریگەرمان گەرەکە کەتەنها بەرەیەکی شکڵی نەبێت، بەڵکو لەسەر بنچینەی یەکێتی و فرەیی (لوحدە والتنوع) بتوانێت هەم دەرفەتی ئیبداع و دەستپێشخەری بۆ هەر لایەک بپارێزێت و هەمیش لەهێڵە سەرەکییەکاندا هەمووان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێکبخات.

ب-وۆرک شۆپێک بۆ پێگەیاندن و ئاڵوگۆڕی تواناکان لەگەڵ داموزدەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵ پێکبێنێت کەتواناو شارەزایی لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ بکەن، وەک پرۆسەیەکی تەواو کاری یەکتری لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکاندا، دەربکەون.

ج-چونکە لەهەموو زەمان و زەمینێکدا کوردایەتی هێزی ئامادەو گورزەوشێنی سیاسی و مەعنەوی و پێشمەرگەیی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانە، ئەوا دەبێت لەهەردوو قۆناغی راگوزەرو جیگیریشدا ئەم بزووتنەوەیە بایی ئەوەندە مرونەتی تێدابێت کەهەم لەگەڵ

ڕەوشی نوێدا هەڵبکاو هەمیش بتوانێت خۆی و لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵانی خەڵک، بۆ هەموو ئەگەرێکی سیاسی سازبداتەوە.

(5)

**دووەم: دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

(پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری)، بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دانپیانراوی هەرێمی فیدراله لەقۆناغی ئینتیقالیداو ئەم حکومەتەش هەرسێ ڕەهەندی دەسەڵات دەگرێتەوە: دەسەڵاتی تەشریعی، دەسەڵاتی تەنفیزی و دەسەڵاتی دادوەری، باوەڕناکەم ئەم پێکهاتەیە لەدەستووری دائیمدا ڕەتبکرێتەوەو جێگیر نەبێت، بەڵام بێگومان سنووری جوگرافی ئەو هەرێمەو سنووری دەسەڵاتەکانی و ڕادەی سەربەخۆبوونی لەناوەند، چ لەقۆناغی ڕاگوزەرو چ لەدەستووری دائیمدا، جێی مشتومەڕو ڕەدو بەدەلە، جا لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتە کوردستانییە بەهەرسێ ڕەهەندییەوە لەهەردوو قۆناغدا دەمێنێت و باس و خواسی دەسەڵاتەکەشی یەکلایی نەبۆتەوە، ئەوا بەدیوێکی تریشدا خۆشی دەبێتە ئامرازێک بۆ کارکردن بۆ کوردایەتی، لەبەرئەوەشە کوردو ململانێکارانی کورد ململانێ لەسەر دەسەڵاتی جوگرافی و سیاسی حکومەتی کوردستان دەکەن، بەم شێوەیە کارکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ حکومەتێکی کوردستانی دەسەڵاتدار (نیاز)ێکی گەورەب بەدیدەهێنێت و لەهەمانکاتیشدا (ئامراز)ێکی گەورەی بەدیهاتنی ئامانجەکانی تری کوردایەتیشە، دیارە لێرە پێویست ناکات بایەخی دەزگای پەرلەمان یان دەزگای حکومەت و دەزگای دادوەری بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان دووپات بکەینەوە، چونکە ئەم دەزگایانە:

1-لەسەرێکەوە دەزگای سەروەریی نەتەوەیین.

2-لەسەرێکی تریشەوە ناوەندی بەڕێوەچوونی گەمەی سیاسین لەهەر وڵاتێکداو ئەگەریش بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبسوڕێن ئەوا هەر خۆشیان ناوەندی گەمەی دیموکراسی دەبن.

3-ئەم دەزگایانە بەشێوە هەوێنییەکەی لەکوردستانی گەمارۆدراودا، سەرەڕای دژوارییەکانی شەڕی ناوخۆ، خێروبێری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییان دایەوە بێگومان لەعیراقێکی فیدراڵدا کەدانپیانانی عیراقی و نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنێت خێروبێری گەلێک زیاتر دەداتەوەو بەئازارو گرفتێکی کەمترەوە، بەشێنەیی و ڕێکوپێک، گەشەسەندن لەکوردستان کەڵەکە دەکات.

(6)

**سێیەم: بەشداری کورد لەدەسەڵاتی حکومەتی ئیتحادی و سیاسەتی عیراقیدا.**

بەئەنـدازەی چـوونە پێـشەوەی دەسـتکەوتەکانی کـورد لەحکـومەتی خۆمـاڵی خـۆی و دڵنیابوونی بزووتنەوەی کوردایەتی لەوەی کەعیراقی نوێ ویستە نەتەوەییەکانی دابینـدەکات، بەئەندازەی ئەوە نوێنەرانی کوردو وەزیرەکانی لەحکومەتی بەغدا دەتوانن دەستکراوەتربن لەخۆنوانـدن و نـوێنەرانیەتیکردنێکی سـەربەرزانەی کـورد لەو حکـومەتە، کەبەگـوێرەی پرەنسیپیەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، حکومەتێکی ئیتحادی دەبێت، نەک مەرکەزی.

جاران نوێنەرانی کورد لەحکومەتدا تەنها نوێنەری خۆیان بوون، یان لەڕێی گەشەکردنی وەزیفی و مەسلەکی، وەک لەسەردەمی پادشیایدا، یان لەڕێی لایەنگیـرری و خزمەتکردنی رژێم، وەک لەسەردەمی بەعسدا، پۆستیان وەردەگرت، کەم جار هەبوو کەوەک نوێنەری هێـزە سیاسـیییەکانی کـوردایەتی بەشـدارییانکردووەو لەگەڵ دەسـتهەڵگرتنی بـزوتنەوەکە ئەوانـیش دەسـتبەرداربوون بێـئەوەی دەرفەتـی خزمەتیـان هەبـێ، ئەمـڕۆ نـوێنەرانی کـورد لەبەغدا بەدڵنیاییەوە دەتوانن:

1-نمـوونەی باشی توانای کورد لەدەوڵەتداریتی بـۆ عیراقییەکان نیشانبدەن، کەقۆنـاغی تەشریفاتی تێپەڕێنێ و بچێتە قۆناغی دانانی کاریگەری لەسەر ئاراستەو کرداری دەوڵەتی عیراق.

2-دوای نیشتنەوەی ئەو گرژی و گرمۆڵە سیاسییەی ئەمڕۆی عیراق، کەبەهۆی قوڵپدانی سیاسـی دوای رووخـانی سـەدام دروسـتبووە، دۆخـی بەڕێـوەبردنی دەوڵەت و پۆسـت و پۆسـتکاری وا ئاسـایی دەبێـتەوە کەتـاڕادەیەکی بـاش لەسـەر بنچیـنەی کەفـائەت دەبێـت. کوردیش لەم بوارەدا دەکرێت شوێنی خۆی بکاتەوە.

3-نـوێنەرایەتی کـورد لەحکـومەتی ئیتحادیـدا دەتوانێـت بەشـێوازی جۆراوجـۆر خزمەتـی کوردسـتان بکـات، لەبـواری دارایـی و ئـابووری و پێویـستییەکانی ئیـدارەی کوردسـتان و قەرەبـووکردنەوەی بەشـێکی مەزڵـومەیەتی کـورد لەو بـوارەدا. هەروەک ئەو نـوێنەرایەتییە دەتوانێـت هاوبەشـی بکـات لەدارشـتنی میکـانیزمێکی گونجـاو لەپەیوەنـدی نێـوان حکـومەتی بەغداو حکومەتی هەرێم بەو جۆرەی کەڵکی هەردوولای تێدابێت.

4-دەسەڵاتی بەغدا هەر حکومەتەکەی نییە، پەرلەمان و نێوەندی سیاسی هەمەجۆریـشی هەیە کەئەوانـیش بەشـێکن لەدەسـەڵاتی سیاسی عیـراق، نوێنەرایەتی کورد دەبێ لەوێشدا جێبگرێت. پەرلەمـانی عیراقی دەبێ فراکسیۆنێکی چالاکی کوردستان بەخـۆوە ببینـێ، خـۆ ئەگەر لەدەستووری دائیمدا عیراق وەک دوو هەرێمی فیدراڵ یان چەند هەرێمێـک داڕێـژرا دەکرێت جگە لەپەرلەمانی عیراق ئەنجومەنی پیرانیش هەبێـت کەنوێنەرایەتی هەرێمەکانی

ڕێژەیان تێیدا وەکو یەک وابێت، یاسا چارەنووسسازەکانی عیراق بچنە ئەو ئەنجومەنەوە تائەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی کورددا یەکی نەگرتەوە پرۆتستۆ بکرێت، یان رای پەرلەمانی کوردستانی لەسەر وەربگیرێت هەروەها ئەم رەوشە دەکرێت بۆ زیادکردنی پشکی کورد لەبەغدا بەکاربهێنرێت.

5-نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا دەتوانێت تایەکلایکردنەوەی چارەنووسی ناوچە تازە رزگارکراوەکانی کوردستان، وەک کەرکوک، بەشێوازی جۆراوجۆر خزمەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بکات.

(7)

## چوارەم: کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

ناوەندەکانی گوشارو رەوتی رووناکبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات، ئێستا لەڕەوتی دوانزە ساڵەی خەباتی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا ئەو ساغبۆتەوە کەهێزە سیاسییەکانی کوردایەتی بەتەنیا ناتوانن خەباتی خەڵکی کوردستان سەربخەن و لەو ڕێرەوەدا کۆڕو کۆمەڵە کوردستانییەکان، جڤاتی کۆمەڵایەتی و دەستەبژێری رووناکبیران، دەستەبژێری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵسوڕاوانی پیشەیی و یاسایی و ..هتد رۆڵیان لەبزووتنەوەی دیموکراتیزەکردنی کوردەواری و بزووتنەوەی دیموکراسی عیراق زیاتر دەبێت. کۆششی فەردی و داهێنانە تاکە کەسییەکان لەجومگەی جیاجیای ئەو پێشکەوتنەدا چانسیان باش دەبێت. ئەم بزووتنەوە کوردستانییە لەگەڵ بزووتنەوەی پیشەیی و دیموکراتیی عیراق هەریەکەو لەبواری هاوشێوەی خۆیدا دەکەوێتە سەوداو مامەڵەو لەسەر خاڵە هاوبەشەکان هاوپەیمانێتی دەکەن و لەسەر تایبەتمەندێتی کوردستانی تێکۆشانی کۆڕو کۆمەڵەکانی کوردستان لەگەڵ ئەواندا توشی هەڵشاخان و گرفت دەبن.

هەندێک چارەسەر دەبێت بەلێکگەیشتن و هەندێکی بەسەرکەوتنی ئیرادەی لایەکیان و هەندێکیشیان زەمەن و پێشکەوتنی پرۆسەکە کەفیلی دۆزینەوەی چارسەرن بۆیان، بەڵام ئەم بزووتنەوە کوردستانییە ناتوانێ گۆڕەپانی فراوانتر بۆ هەڵسورانی کوردایەتی دابین بکات ئەگەر:

1-بزوتنەوەی کوردایەتی بەهاوکاری ماددی و مەعنەوەی پشتیوانی لێنەکات و لەبەرامبەر بزوتنەوە هاوشێوەکانی لەئاستی عیراقدا سەری بەرز نەکاتەوەو ئەو هەست و روانینەی لانەخوڵقێنێ کەلەپشتیوانی بزوتنەوەیەکی سایسی رەسەن بەهرەمەندە.

2-ئەم بزووتنەوە کوردەوارییە لەئاستی ناوخۆی کوردستانیشدا زیاترو زیاتر بەرهەڵدا نەکرێ. زەمینەی نوێبوونەوەو دەستپێشخەری دوور لەسایەی هەژموونی گەشەکردنی پێنەدرێت.

ئەوە بنەمـایەکی سـەلمێنراوە کەهـیچ بـزوتنەوەیەک، هـی هەر تـوێژو گروپێـک بێـت، ناتوانێـت لەئاسـتی دەرەوەی خـۆی سـەرکەوتوو، سـەربەرزبێت ئەگەر لەئاسـتی نـاوخۆدا لەبڕیاردان و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی کارکردن، لەهەڵسوکەوت و بزاوتندا سەروەرو سەربەخۆ نەبێـت. هەڵـبەتە ئەم مەسـەلەیەش وەک تەواوی مەسـەلە سیاسییەکەشـمان، لەهەردوو قۆنـاغی ڕاگـوزەرو جێگیریـدا، جێـی خـۆی نـاگرێ، ئەگەر لەمـڕۆو داهـاتووی کوردسـتاندا دەستنەکەین بەجێبەجێکردنی ئیستحقاقاتە دیموکراتییەکانی بـۆ نوێبـونەوەو گەشەکردن، بۆ یەکگرتنـی نیـشتمانی و نەتەوەیـی، بـۆ پێـشکەوتنی ئـابووری و فەرهەنگـی و کـۆمەڵایەتی لەکوردەواریدا، پێویستن.

جێبەجێکردنـــی ئەو ئیـــستحقاقاتانە ڕەهەنـــدی دیـــکەی دیموکراســـی، پێـــشکەوتن و ئـازادیخوازی بەبـزووتنەوەی کـوردایەتی دەبەخـشێت کەخـۆی لەبنچیـنەدا بزووتنەوەیەکـی دیموکراتخوازە.

ئەوانەی گوتران مەزەندەیەکی گشتی بوون لەسەر سیناریۆی ئایندەی سیاسی کوردستان و هاوپەیوەنـدی لەگەڵ ڕەوشـی سیاسـی عیراقـدا. دەشـێ لە زۆر بـواری دیـکە لەسـەر وردەکارییەکانی قسە بکەن.

8ی ئاداری 2004

# بۆ بەئەمریکا کەوتنە تەقە؟*

با نەختێک پێچەوانەی ڕەوتە باوەکەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەوانی کوردستانیی قسە بکەین، ڕەوتێک کەبەدرەنگەوە، وەختێک بریمەر جانتای پێچایەوەو ڕۆیی کەوتنە تەقەکردن لە ئەمریکا و سیاسەتەکانی لە عیراق لەبەرامبەر کوردستاندا ڕەوتێک کە بەدرەنگەوە، وەختێک پۆل هارڤی کارەکانی خۆی لەکەرکوک تەواوکرد، لێی کەوتنە هەڵڵاو هاوار، دەزانم ڕەوتی سیاسەتی ئەمریکا لەعیراق، مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی کوردستان و پشکی کورد لەحکومەتی عیراقدا پتر لەهەڵوەستەیەک هەڵدەگرێت، شایستەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتنە، بۆ کورد ئەوەی ڕوویدا کەم نەبوو، هاوپەیمانێک کەپێمانوایە هەموو شتێکمان بۆ کردو لەیەک سەنگەردا پێکەوە خوێنمان بۆ ئازادی عیراق ڕشت، کەچی لەهێکرا کێکی دەستکەوتەکان دابەشکراو کوردیش کەمترین بەشی بەرکەوت، ئێمە هێشتا لەقۆناغی شۆکدا دەژین کەئەمەی ڕوویدا بۆچی ڕوویدا؟ هەڵبەتە لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی پشت ئەم ئاکامەی سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بەکوردان کاتێکی زیاترو زەمەنێکی درێژتری دەوێت، کاتێک کە لەبەشی کەموکوڕییەکانی کورد، لەکەمتەرخەمییەکانی ئەمریکاو لەخۆپێشخستنی ناوەندە سیاسییەکانی عیراق بۆ جێگرتنەوەی کورد لەنێو دڵی سیاسەتی عیراقیيانەی ئەمریکا، دەکوڵرێتەوە، هەروا بۆ زەمەنێکی درێژتر کەنهێنییەکانی پشت پەردەو وردەکاری دیاریکردنی شێوەی حکومەتی ئێستای عیراق ئاشکرا دەکرێن، بائەو وردەکارییانە بۆ زەمەنی خۆی بەجێبێڵین کەهەموو ڕەهەندە جیاجیاکانی ئاشکرا دەکرێن و ڕەنگە هەر ئەو وەختەش هەڵسەنگاندنی ڕەوتەکە بابەتی بێت و جێی خۆی بگرێت. ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە ڕاوەستان لەئاستی زمانی ڕەخنەو سەرزەنشتکردنمانە بۆ ئەمریکا، بەتایبەت لەناو ڕاراوەکانی میدیای کوردی و سەرپەڕی ڕۆژنامەکانمان، زمانێک کەگرفت لەزبری و توندییەکەی نییە، چونکە ئەمریکا وڵاتێکی دیموکراتییەو بەڕەخنەو سەرزەنشتکردن کەیف خۆش دەبێت، بەڵکو گرفتەکەی لەوەدایە کەگەلێک جار دەیگەیەنێتە (مریشکە ڕەشە)، زمانێک وەک بڵێی لەگەڵ گەڕانەوەی بریمەر بۆ ئەمریکا ئیتر فایلی پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا پێچرابێتەوەو کۆتایی پێ هاتبێت.

لەکاتێکدا ئیدی لەمەودوا، زیاتر لەجاران و زیاتر لەساڵی ڕابردوو کەحوکمڕانیکردنی ڕاستەوخۆی ئەمریکامان لەعیراق بینی، چاوەڕێ دەکرێت پەیوەندی ئەمریکا بەحکومەت و سیاسەتی عیراقی بەهەموو ئاڕاستەکانییەوە بچێتە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکترو جێگیرترەوە،

لەکاری هەنوکەیی و داخوازی تەکتیکی رۆژانە دەربچێت و رەهەندێکی دوور مەودا لەخۆبگرێت، کەچی لەم سەروبەندەدا واهەست دەکەین مەسەلەکە لای کورد، یان هیچ نەبێت لای رەوتە رۆژنامەنووسییەکەی کوردستان، پێچەوانە کەوتبێتەوە، لەوەختی جێگیرکردنی سیاسەتەکان و پێدانی شێوەیەکی سیستماتێک پێیان ئێمە خۆمان سوور کردۆتەوەو حاڵەتی تەڵاقی یەکجارەکیمان راگەیاندووە، لەم ئاراستەیەدا دەشێ دوو تێبینی وەبیربهێنرێتەوە:

**یەکەم:** بەڕوانینی موتەوازیعانەی بەندە هەڵەیەکی کوشندەیە کەئێمە رەخنە گرتنمان لەئەمریکا بەبەرگێکی سۆزدارەکی و کەفوکوڵ بپێچنەوە، چونکە عەرەبەکان و بەتایبەتیش فەلەستینییەکان زۆر وایانکردو کەڵکی نەبوو، هەروەها وایدەبینم رەخنەکانمان هەرچۆنێک بێت نابێ بمانخاتە یەک سەنگەری متمانەپێنەکراو لەگەڵ رەوشێکی ناپەسەندی دەوروبەر کەرقێکی کوێرانەی لەئەمریکا هەیە، نابێت رەخنەی کوردی لەئەمریکا بمانکاتە هاوسەنگەرێکی متمانە پێنەکراو لەگەڵ ئەوانەی ئێمە لەتاو زوڵمی وان هانامان بۆ ئەمریکا برد، نابێت رۆژنامەوانی کورد لەیەک سەنگەری رەخنەییدا بێت لەگەڵ هاوشێوەکانی عەبدولباری عەتوان و هێزە کۆنەپارێزو تاریک پەرستەکان کەرقیان لەئەمریکایە نەک خوانەخواستە لەبەرئەوەی زوڵمی لەوان، یان لەکورد کردووە، بەڵکو رقیان لێیەتی، چونکە ئەمریکا هەندێک جار جورئەت دەداتە بەرخۆی و داوای ریفۆرم و دیموکراسییان لێدەکات، بەم مانایە رەخنەی کورد لەئەمریکا دەبێت رەخنەیەک نەبێت لەسەرئەوەی، بۆ نموونە، هاتووەتە ناوچەکەو دەیەوێت گۆڕانێکی جەوهەری بکات، بەڵکو رەخنەی کورد دەبێت وابێت کەئەمریکا بەپێی پێویست نەهاتووەو نایەت، بەپێی پێویست جورئەت ناداتە بەرخۆی کە لەپرسێکی وەک ئەوەی عیراقدا راشکاوانە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بچەسپێنێت، راشکاوانە تەعریب و سیاسەتی دژە کورد لەکەرکوک نەهێڵێت و یارمەتی سیاسەتی کوردی بدات لەجێگیرکردنی راستەقینانەی چەمکی شەراکەت و هاونیشتمانێتی چوونییەک لەعیراقدا، رەخنەی کوردی دەبێت تەواو جیاوازبێت لەو ئاراستە رەخنەییانەی ئەمڕۆ لەعیراقدا دژی ئەمریکان، چونکە کەم و زۆر لەگەڵ کورددا هاوسۆزبووە، چونکە لەناوچەکەشدا لەسەر مافی سەرکوتکراوانی ژێردەستی ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی هەڵدەداتێ و هەوڵەدەدات گونجانێک لەنێوان ئەو پرەنسیپانەی دڵی ئێمەی پێ ئاودەدات و ئەو بەرژەوەندییانەی لای سەردەستەکانی ناوچەکە هەن، دروست بکات.

**دووەم:** سەبارەت بەو لایەنەی پەیوەندی بەپێگەینی هەلومەرجی دروستبوونی هاوپەیمانێی ستراتیژییەوە هەیە، دەبێت ئێمە وەکو کورد چەند پرسیارێک لەخۆمان بکەین ئایا هاوپەیمانێتی تەنها ساتەوەختی پێکەوەسازانی بەرژەوەندییەکی لۆجستییە، وەک ئەوەی لەپرۆسەی سەربازییەکەی ئازادکردنیی عیراقدا بینیمان کەپێشمەرگە ئازادیخوازەکانی

کوردستان و مارێنزە ئازادیهێنەرەکانی ئەمریکا پێکەوە شەڕیانکرد؟ یان هاوپەیمانێتی فرە رەهەنـدو دوور مەوداتـر؟ واتە لەچەنـد لایەنێکـدا یەکـدەگرینەوەو لەچەنـد بوارێکیـشدا زەمەنێکی دوورودرێژ پێکەوە دەبین؟ ئایا خوێندنەوەی ئەمەریکا بۆ تواناکانی ئێمە، هەمان خوێنـدنەوەی خۆمـانە بـۆ خۆمـان کە هەنـدێک جـار تواناو قودرەتمەنـدییەکی زۆر دەدەینـە خۆمان و لەمەیدانیشدا زۆر ماوە تاقیبکرێنەوە؟

هەر بەم پێوانەیە دەشێ بپرسین ئایا ئێمە دەخوازین لەسەر ڕێگادا مامەڵەو سات و سەودایەکی بەپەلەو بۆ کاتێکی دیاریکراو لەگەڵ ئەمریکادا بکەین، یان دەخوازین میانەمان خۆش بکەین بۆ مامەڵەو سەودایەکی دوورتر کەساتەوەختی ئێستا تێدەپەڕێنێ و (بەرزەفڕ) و دوور دەڕوانێ.

بەداخەوە لەهەندێک جومگەی رەوتی گلەییەکانی کورددا هەست بەڕوانینی کۆتاییهاتنی مەسـەلەکان دەکرێـت، لەکاتێکـدا ئەوەی کەدێـت سـەرەتای یـارییە سیاسـییە گەورەکەیە لەعیـراق و نـاوچەکە، ئەوەی کەدێـت گەڕانەوەی سوپاسـی ئەمریکـایە بـۆ نێـو بـنکە سـەربازییەکانی خـۆی و دەرکەوتنـی سیاسـەتێکی بەشـێنەیی، بەڵام سـتراتیژیتری واشـنتۆنە لەعیراق، سیاسەتێک کەوادەکات سەفارەت و کونسڵخانەکانی ئەم وڵاتە لەڕێبوارانی سیاسی جمەیان بێت.

جا لەم ڕێگایەدا چاوەڕێ دەکرێت سیاسەتی کوردی و میدیاکانیشمان لەجێی دۆشدامان و خۆخـواردنەوە خۆیـان بـۆ ئەم قۆنـاغە تـازەیە ئامـادەبکەن کەسیاسـەتێکی شـێنەیی خـاوەن کـاریگەری دوو مەودا دەخوازێـت، بەڕەوای نـازانم کە لەیەکەم تـاقیکردنەوەی راسـتەوخۆو جەوهەرییەوە لەگەڵ ئەمریکا تووشی نائومێدی بین.

میسری سادات و دوای ئەویش میسری موبارەک زەمەنێکی زۆریـان ویـست تـا توانیـان متمانەی ئەمریکا بەدەستبهێنن وەک نیمچە هاوپەیمانێک لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حساب بۆ قـاهیرە بکرێـت، هەڵەیەکـی گەورەیە ئەگەر میـسر چـاوەڕێی وابـێ بەزوویـی و بەم هەلومەرجەوە شان لەشانی ئیسرائیل بدات کە لەڕۆژی پێکهاتنییەوە، لەچەندین دەرکەوت و بۆنەدا، وەک هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکا ماوەتەوە، رەنگە بۆ کوردی داماوی ژێردەستی سیاسەتە ناپەسەندەکانی ناوچەکەش کە بەدرەنگەوە خۆمان بەئەمریکا ناساند هەر وابێت، زۆری مـاوە کەجێـی متمـانەی تەواوبـین و بهێنـین کە لەتەرازووی واشـنتۆندا لەعەرەب و سەردەسـتەکانی دیـکەی نـاوچەکە ببەیـنەوە، لێـرەدا دەبێـت وشـەی (متمـانە) لەمانـا ئەخلاقیـیەکەی خـۆی دووری بخەیـنەوەو بلێـین ئەمریکـا متمـانەی بە (دۆسـتایەتی) و (دڵسۆزی) ئێمە کردووە، بەڵام ئەگەر پێشمان نەڵێن دەبێت خۆمان بیزانین کەزۆری ماوە متمانە بەقودرەتمەندی سیاسیمان بکەن.

لێـرەوەیە دەشـێ داوابکەیـن لەپـاڵ رەخنەکانمـان لەئەمریکـا رەخـنە لەخۆشـمان بگـرین، سیاســەتی خۆمــان چیتــر هەڵبــسەنگێنین داخــۆ ئــێمە دۆســتایەتییەکی مەحکەممــان

دەستپێکردووەو لەچ زەمەنێکی دووردا چاوەڕێی ئاکامەکەی دەکەین؟ داخۆ هاوپەیمانییەکی ستراتیژی دەکەینە قوربانی زیزبوونێکی کاتیی؟ یان بەفیعلی لەمڕۆ بەدواوە تەکبیر لەسیاسەتێک دەکەین کەنەوەکانی داهاتوومان لەبەرەکەی بخۆن و سیاسەتی کوردایەتی بەو ئاڕاستەیە بگەیەنن کەنەک ئاواتە نەتەوەییەکان بێننەدی، بەڵکو لەپێشکەوتن و سەرخستنی ستراتیژەکانی، کەخێرو خۆشی و پێشکەوتن و دیموکراتیزەکردنیان بۆ رۆژهەڵات دەوێت، یاریزانێکی چالاک بین.

*لەژمارە (3409) لە رۆژی 2004/7/4، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

# هەڵمەتێکی دروشمبازی
# کەلاسایی ناسیونالیستی شکستخواردووی عەرەب دەکاتەوە

(1)

لەدوای راپەڕینەوە بزوتنەوەی کوردایەتی چووە قۆناغێکی تازە لەبەرپرسیارێتی سیاسیی کە دەشێ ناوی بنێین: بەرپرسیارێتی راستەوخۆ بەرامبەر خەڵکی کوردستان، چونکە ئەم بزوتنەوەیە لەو قۆناغە بەدواوە ناوچەی ئیدارەدانو پێشخستنی ژیانی خەڵکی بەشێکی کوردستانی کەوتەئەستۆ. قۆناغی دیپلۆماسی پارتیزانی تێپەڕاند. واتا ئەو دیپلۆماسیەی بەئەندازەی ئاستی گەشەکردنی پێشمەرگایەتی ئیدارەی سیاسیی ئەو شوێنەی دەکرد. ئەگەرچی لەباری مۆرالییەوە خۆی بەخاوەنی هەموو خەڵکی دەزانی، بەڵام راستەوخۆ بەرپرسیان نەبوو، بگرە بزوتنەوەکە لەدۆخی هێرشبردندا بوو، چوون مەفرەزەیەکی گەڕۆک ئەمڕۆ لەجومگەیەکی سیاسی دوژمنی دەداو سبەی لە شوێنێکی ترەوە هێرشی سیاسی دەبرد. لەقۆناغی دوای راپەڕیندا کاری بزوتنەوەکە کەوتە قۆناغی پاراستنی جوگرافیای ئازادکراو. جوگرافیایەک کەبەرپرس بوو لە دابینکردنی ئارامیو هێمنیو بگرە لەپێشخستنی ژیانو گوزەرانیان. بۆیە ئیتر لەنێو هەلومەرجی سیاسیی کوردستانو ناوچەکەدا بزوتنەوەکە میکانیزمو توانای هێرشبردنی بەدوو ئاراستەدا برد: ئاراستەیەک بۆ ناوەوە هێرشی بەرەو پێشکەوتنو ئاوەدانیو بیناکردنی ئەزموونەکە برد. ئاراستەیەکیش بەرەو دەرەوە: کەهێرشێکی دیپلۆماسی هێمن، بەڵام جێگیری بەرپاکرد، تا لەدەوروبەرو کۆمەڵی نێودەوڵەتی بگەیەنێت ئەزموونی کوردستان دەکرێ فاکتەرێکی ئیجابی ئارامیو هێمنی سیاسی بێت ئەگەر دەرفەتی پێشکەوتنی بدرێتێ. ئێمە پتر لە دوانزدە ساڵە لەبەرووبوومی ئەو سیاسەتەی کوردایەتی دەخۆین، کە پێبەپێی جێی خۆکردنەوەشی لەناو تۆری سیاسیی ناوچەکە، توانی زەمینەی کەڵەکەکردنی دەسکەوتی زیاتر لەقۆناغی سێیەمیشدا، قۆناغی دوای روخانی سەدامو فراوانبوونی هەژموونی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆشوێنی تر، بڕەخسێنێت.

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی قۆناغی نێوان دوای راپەڕین بۆ قۆناغی پێش روخانی سەدام ئەوەیە کە ئاکامە ئیجابییەکان درەنگ دەردەکەون، بەڵام کاریگەریان قووڵو بەشێنەیین. ئەو فاکتەرو بەربەستانەی دژی کوردن ناوروژێنن، چونکە ئەم سیاسەتەی

کوردایەتی هێندەی مەبەستێتی کاریگەری بەجێبێڵێ‌و دەسکەوت بۆ کوردایەتی مسۆگەر بکات، هێندە مەبەستی نییە دروشمی زەق‌و مانشێتی جێی سەرنجی رۆژنامەو میدیاکان فرێداتە نێوگۆڕەپانێکی سیاسیی تینووی هەر نمایشێکی نەتەوەیی، چونکە زەمەنێکی زۆرو ناڕەوا لەو کەڵکەڵە نەتەوەییە مەحروم کراوە.

(2)

ئەوی لەم قۆناغی دووەمە بەجێماوە (قۆناغی 1991 تا 2003 کە ساڵی روخانی دیکتاتۆرە) تەنها هەرێمێکی گەشەکردووی ژێرسایەی حوکمڕانی کوردان نییە، بەڵکو ئەزموونێکی سیاسیشە کە هەموو ئاراستەو لایەنەکانی تێدا تاقیکراوەتەوە. رەنجی فەرهادی بواری سیاسیی‌و دیپلۆماسی تێدا دەرکەوتووە کە کێوی نەگۆڕە سیاسییەکانی دەوروبەری هەڵکۆڵیوە، هەروەک چۆن هەقایەتی زۆری لەبابەت فیلەکەی خاوەن شکۆی بینیووە کە وەختێک فیلەکە دەرکەوتووە ئیتر نمایشکارانی ریپێوانی بەردەم ماڵی پاشا بڕستیان لێبڕاوەو نوتقیان نەفەرمووە. ئەم قۆناغە هەستیارە بەئێمە دەڵێ کە تاڵە دەزوویەکی نەبینراو هەیە لەنێوان نیازە نەتەوەییەکان‌و ئەو نیازە (سیاسیانەی) شەڕ لەسەر گۆڕەپانێکی بچووکی دەسکەوتی تەسک دەکەن کە دەسکەوتی دنیایی‌و بەسەرچوون، بەڵام گەڕان‌و چوون بەدوای ئەم تاڵە دەزووە، لەقۆناغی سێیەمدا، هەموو شتێک ئاشکرادەکات.

ئەم گەڕان‌و بەدواداچوونە پێمان دەڵێن دوو ئاراستە هەبوون گاڵتەیان بەو ئیرادە ناوخۆییە لەناوەوەو بەو ئیرادە دیپلۆماسییە لە دەرەوە دەهات: ئاراستەیەک گاڵتەی بەئیرادەی بیناکردنەوەو ئاوەدانی خەڵکی کوردستان دەهات‌و دروشمی نەتەوەیی گەورە گەورەی بەرزدەکردەوە. ئاراستەیەک گومانی لەهەمان ئیرادە هەبوو، و بەناوی واقیعگەراییەوە دەیوویست چارەنووسی کورد بەبەغداوە گرێبدات. هەردوو ئاراستەش بەبیانووی جیاجیاوە دژی هەر هەوڵێکی دیپلۆماسی هەرێمی‌و نێودەوڵەتی بوون.

ئێمە دوانزە ساڵە گوێمان لەو قسەو موزایەدانە دەبێت کە دیپلۆماسیی ناوچەیی کورد بە خۆتەسلیمکردن لەقەڵەم دەدەن‌و هەوڵی ئەو دیپلۆماسیەتەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهەوڵی نەزۆک‌و ئاسن کوتان دەشوبهێنن. کەچی ئاکامی ئەو دوانزە ساڵە بەپراکتیکی نیشانیدەدا کام بزوتنەوە سەرکەوت؟ بزوتنەوەی قۆناغی یەکەمی دروشمبازی کە لەدروشمی گەورەوە بەرەو قەیران‌و بەربەست چوو و ئامادەی هیچ (کشف الحساب)و لێپێچینەوەیەکیش نییەو بگرە دەمی لەجاران گەرمترە.

بزوتنەوەی قۆناغی دووەمی دروشمبازیش لەگرێی گرفتە نەتەوەییەکانیدا تازە بە تازە، وەختێک مەترسییە گەورەکان لەسەر کورد نەما، ئاگری دروشمبازی گەرم دەکات.

(3)

سەیر ئەوەیە هەردوو ئاراستە هیچ کاتێک وا هەماهەنگ نەبوون بەئەندازەی ئەمجارە کەرێککەوت بوو لەگەڵ سەفەری بەڕێز مام جەلال بۆ تورکیا. سەفەرێک کە بەردی بناغەی قۆناغی سێیەمی دیپلۆماسی بزوتنەوەی کوردایەتی دارِشت بەکەڵک وەرگرتن لەئەزموونی پێشوو، لەو دەسکەوتانەی دوانزە ساڵە کەڵەکە بوون. ئێمە لەدوانزە ساڵی رابردووو وەک ئاکامی بزوتنەوەی دیپلۆماسی قۆناغی دووەم پێشکەوتنمان کەڵەکەکرد نەک پاشەکشەیی. توانیمان تۆڕێکی پەیوەندی دیفاکتۆ بۆ ئەزموونی کوردستان دروست بکەین کە هەرگیز دروست نییە لەبەر روانینی تەسکو بەرژەوەندی فراوانکردنی کایەی سیاسی لەناوخۆدا رۆڵی پێشرەوی مام جەلال و یەکێتی لەم بوارەدا فەرامۆش بکەین چ جای ئەوەی بەمەبەستەوە هەڵمەتێکی چەواشەی لەدژ بەرپابکرێت.

هەڵبەتە ئەمە یەکەمجار نییە لەنێو ئەم بزاوتە دیپلۆماسیەی قۆناغی ئەزموونی کوردستان بەمەبەستی غەیری رەخنەی سیاسیی رەوا، بەڵکو بەمەبەستی چەواشەکاریو حاشاکردن لەکۆششی دیپلۆماسیو سیاسیی بەرچاوی مام جەلال، هەڵمەتی چەواشەکاریی لەدژی دەکرێت، بەڵام ئەمە دووجارە هەڵمەتەکە وا بێ ویژدانانەیە کە ئەنجامدەرانی وەک هەر دزێکی شڵەژاو شوێن پەنجەو شوێن پێی خۆیان لەشوێنی رووداوەکە بەجێدێڵن، بەجۆرێک لێوردبوونەوەیەکی زۆری ناوێت تا لەقوژبنێکدا ناسنامەی بەجێماو بدۆزیتەوە.

شتی لەم بابەتەمان بینی وەختێک مام جەلال بەسەربەرزیو سەرکەوتووانە مانگێکی حوکمرانی لە ئەنجومەنی حوکم برد بەڕێوە. لەوکاتەدا هەڵمەتێکی سەلبی خاچپەرستانە دەستی پێکرد کە لە پەناوپەسێوی سایتەکانی ئینتەرنێت، لەپەنا ناوی خوازراو و بەناوی (ناسیۆنالیستی) قەبە، ئەمما بۆ بەرژەوەندی لایەنبازی دنەی هەموو بیرێکی چەواشەکارانە درا. کەچی ئەم هەڵمەتە (سەلبیە) بۆ مەسەلەی کەرکوکو فیدرالیو مافەکانی کورد بەرێنەخرا وەختێک مام جەلال بەتەنها بەرماڵی حەقیقەتی کوردستانی بوونی کەرکوکی لەبەردەم ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی راخست.

(4)

لەم گەشتەی تورکیادا مام جەلال بەردی بناغەی قۆناغی سێیەمی بزوتنەوەی دیپلۆماسی دەستپێکرد. ئەم قۆناغە لەسەر ئەو دەسکەوتانەی لە قۆناغی دووەمدا کەڵەکە کراوە، بیناکراوە. بەڵام ئامانجەکەی لەپاراستنی جوگرافیای تائێستا دانپیانراوی هەرێمی کوردستان واوەتردەچێت. ئەم بزاوتە نوێیە بۆ مەسەلەی کەرکوکو ناوچە رزگارکراوەکانی تری کوردستانە. بۆ ئەمەیە بە شێنەیی و لەپاڵ چەندین سیناریۆی تردا سیناریۆی تر بۆ

چارەسەری پرسی کەرکوک بدۆزیتەوە. مەسەلەکە بیرکردنەوەیەکی فانتازی ناویت تارەهەندەکانی ببینین:

- بۆکورد؛ ئەمریکا هاوپەیمانێکی ستراتیژییەو ئەوەندی لەدەستی هاتووە بۆ رزگاری عیراقو کەرکوک کردوویەتی. دەشێ کورد گلەیی زۆر بێت لەسەر کاری CPA لە کەرکوک، بەڵام ئیتر قۆناغی پێشووی کەرکوکی تەعریبکراو بەسەرچوو، بەلانی کەمەوە قۆناغێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە کە کارو کردەوەی لە سیاسەتی کوردی دەوێت.

- هەم ئەمریکای هاوپەیمان هانماندەداو هەم مەنتیقی سیاسەتیش دەڵێ کە ئێمە لەقۆناغی نوێدا دەبێ ئەولەویاتەکانمان لەگەڵ ئەم دەروبەرە ئیقلیمییە رێکبخەینەوە، چونکە ئەمە جوگرافیای ناوچەکەی ئێمەیە، ناتوانین وڵاتەکەمان بگوازینەوە، ناشتوانین بینای بکەینەوە ئەگەر ئەزموونی هێمنیو ئاسایشی دوانزە ساڵی رابردوو درێژە پێنەدەینو لەم قۆناغەشدا مامەڵەو ئاڵوگۆرێکی سیاسیی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش تاقی نەکەینەوە.

- تورکیا لەم نێوەندەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ. بەتایبەتی لە مەسەلەی کەرکوکدا. کورد لەسەریێتی سیاسەتێکی هاوسەنگی لەم بوارەدا هەبێ. سیاسەتێک کە نە بگاتە هاوکاری سەربازی لەقۆناغێکداو نە بشگاتە هەڵڵاکردن لەسەرهاتنی وەفدێکی بەدواداچوونی راستییەکان کە بەگشتی خیتابێکی سیاسیی میانرەویان پێبوو لەسەر ئایندەی پەیوەندی کوردو تورکمان لەکەرکوکو کوردیش بە تەجاوبکردن لەگەڵیدا هیچ زەرەرێک ناکات.

- بەشێکی گرفتی کەرکوک لە تورکیایە، چونکە بەشێکی تورکمان کەموزۆر ئەم پرسەیان گەیاندۆتە ئەوێندەرێ. ئەگەر کورد مەبەستێتی کەرکوکو ناوچەکانی تری دەسکەوێتەوە دەبێ تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی سیاسیی بۆ بخاتەکار. بەشێکی ئەم تۆڕە لەگەڵ هێزو گروپە تورکمانەکانی ناو کەرکوکە، ئەوانەی بەدڵی کوردن دەبێ پەیوەندیان لەگەڵ پتەوتر بکرێتو ئەوانەشی بەدڵی ئێمە نین دەبێ دەریچەیەکی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بدۆزینەوە. بەشێکی تری ئەم تۆڕە چنراوی دەرەوەیە، ئێستا کە تورکیا جۆرێک لەگۆڕانی سیاسیی لەناوخۆی وڵاتو لەئاستی مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەدەستەوەیە دەکرێ ئەم گۆڕانە تێڕوانینی کلاسیکی ئەنقەرە لەسەر کەرکوکیش بگرێتەوە. هەڵبەت هێشتا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نەناوە، بەڵام هاتنی وەفدێکیان بۆ کەرکوکو هەوڵیان بۆ تێگەیشتن لەتێزی کورد لەسەر کەرکوکو پرسی گەڕانەوەی ئاوارەکان، سەرەتایەکی بچوکەو دەشێ کاری لەسەر بکرێت.

- لەسیاسەتدا مرۆڤ هەموو جارێک سیاسەت لەگەڵ ئەوانە ناکات کەخۆی ئارەزوویان لێدەکات، بەڵکو سیاسەتمەدارو، بەتایبەتیش سیاسەتمەداری بزوتنەوەیەکی خاوەن بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەچارەنووسی خەڵک، مەحکومە بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەوکایە سیاسیانەی ناکۆکی قووڵی لەگەڵیان هەیەو لەسەر (شمەکە) سیاسییەکان شەڕی سیاسی

لەگەڵ یەکتـری دەکەن. دەبـێ مـرۆڤ پـێ لە جەرگـی خـۆی بنـێو بچـێ لەگەڵ ئەوانە قسەبکات کە مودەعین لە کێشەکەیدا با تەنانەت ئەوانی بە دڵ نەبێت.

بـزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی سیاسییە نەک بزوتنەوەیەکی چەتەیـیو رێگریـی. ئەم بزوتنەوەیە چۆن لەساتەوەختی رزگاریی کەرکوکدا پێشمەرگەکانی گیان لەسەردەستانە هـاتنە پـێشو دوودڵ نەبـوون لە رزگـاریی شـارەکە، ئاوەهـاش لەقۆنـاغی کەڵەکەکردنـی دەسکەوتی سیاسییدا پێشمەرگە دیپلۆماتەکـانی پـشوودرێژانە دەکەونە ئـاڵوگۆڕی سیاسـیی لەگەڵ ناکۆکانی کە تێڕوانینی تریان لەسەر رەوشەکە هەیە.

(5)

هەڵـبەتە مـرۆڤ دەکـارێ لەهەمـوو ئەم هەنگـاوە سیاسـیانە، لەم هەمـوو بـزاوتە دیپلۆماسیانە بێ منەت بێت. دەکارێت وەکو ئۆردونییەکان شمەکی (ناسیونالیـستی) بەعەرەبی عیراق بفرۆشێتو موزایەدەیان بەسەرەوە بکات. بێگومـانیش دەتـوانین دەیـان نمـوونە لەو لێکچـوونەی نێـوان خیتـابی ناسیونالیـستی عەرەبو خیتـابی دروشـمبازی موزایەدەکاران بـدۆزینەوە، بەڵام نموونەمـان بـۆ چییە مـادام ئـێمە هەموومـان چیرۆکی ناسیونالیـستی سـاختەو دروشـمبازی عەرەبمـان خوێنـدووەو هەمووشـمان ئاکامەکەیمـان بینی کە ئێستا موزایەدەی نەتەوەیی وڵاتانی عەرەبی بەچ حاڵێک گەیاندووە؟ حاڵێک کە هەرگیـز بـۆ بـزوتنەوەی کـوردایەتی نـاخوازین. لەبەرئەوە سـەیرنییە کە هەڵمەتـی دروشـــمبازی دژ بە دیپلۆماســـیەتی واقیعبینـــانەو واقیـــع گـــۆڕانەی مـــام جەلالو دەستپێـشخەرییەکانی ئەم دوایـیەی هاوکـاتە لەگەڵ هەڵمەتـی ناسیونالیـستی سـاختەی عەرەب کە گوایە ئیسرائیلییەکان تەراتێنیانە لە کوردستان. ئاخر موزایەدەچی هەمیشە گیـانی پـڕە لەکەمــوکـــوڕیو بەدروشـمی بـــەبریقوبـاق هەوڵـی قەرەبـووکردنەوەی دەدات.

(6)

جا لەم سەروبەندەدا:

پرسـیار ئەوەیە ئەوانەی (12) ساڵە لەبەری ئەو کۆشـشە دیپلۆماسـییە دەخـۆنو لەهەر بزاوتێکـی ئەو کۆشـشە پاشـقوڵی سیاسـیی دەگـرن، ئایـا هەرگیـز پێـداچوونەوە بەتۆمـاری پاشقوڵەکانیان دەکەن، یان خۆیان لەو تۆمارە دەدزنەوەو پێیانوایە یادەوەری خەڵکی دیکەش وەک هی خۆیان کزە؟

پرسـیار ئەوەیە، دوای دوانـزە سـاڵ لە سیاسـەتکردن لە کوردسـتاندا، ئایـا کـاتی ئەوە نەهاتووە هێرشبەرانی چەواشە لەوە تێبگەن کە زەمەنی نوقرچی نەتەوەیی بەسەرچوو، رەوتی

ڕووداوە سیاسییەکان هەموو لایەکیان لەبێژەنگ داوەو ناسنامەی هەموولایەک، بۆ هەموو لایەک، ئاشکرایە؟

ئایا پتر لە دوانزە ساڵی بزوتنەوەی دیموکراتیمانو ساڵو نیوێک لەپرۆسەی ڕزگاری عیراق بایی ئەوەندە ئەتەکێتی دیموکراسی فێر نەکردووین کە دیموکراتخوازو ڕەخنەگری ڕەسەن ئەو کەسەیە کە زیاتر ڕەخنەو سەرزەنشتی کایەی خۆی بکات، نەک بەپێچەوانەوە پیاهەڵدان بۆخۆیو کردنی چوکڵی چاوی خەڵکیتر بەکاریتە؟

دەشێ بپرسین ئەم یارییە سواوە، کە هیچ دەسکەوتێکی تەنانەت تەسکیشی بەدواوە نییە، کەی تەواو دەبێت؟ کەی ئەوانەی پەنای بۆدەبەن دەگەنە ئەو قەناعەتەی ئیشکردن بۆ پرسە سیاسییەکانی کورد ئەوەندەی کەڵەکەکردنی دەسکەوتی شێنەییو لەسەریەکە بۆ کوردو لەسەر حیسابی نەیارەکانی کورد ئەوەندە هەڵپەی دەسکەوتی تەسکی سیاسیی نییە لەسەر حیسابی بەشێک لەکورد؟

ئازیزم بەخودای ئەورۆ کەس ئەو شمەکە کۆنو ڕزیوانەمان لێناکڕێت. خەڵک ئەو شمەکە ڕێکوپێکو بەکەڵکانەی دەوێت کە پێ لەسەر کەڵەکەکردنی کۆششە سیاسییەکانی کورد دادەگرێت. کە پێش ڕەخنەگرتنی ئەوانیتر ڕەخنەی خۆی بکاتو هەڵەکانی خۆی ببینێت.خەڵک ئەو شمەکە دەکڕێت کە جگە لە بەرگو چێوەکەی ناوەڕۆکەکەشی بەجەوهەر بێت. دواجار خەڵک دەزانێ فڕێدانی دروشمی نەتەوەیی بێ کردار بۆئەوەیە خۆ لە ئەجیندای گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئابووری، خۆ لە پێویستی دیموکراتیزەکردنی زیاتری وڵات بدزێتەوە، بەڵام ئایا هەڵمەتی چەواشە دەتوانێت ئیستحقاقاتە سیاسییەکانی هەر لایەک لەم قۆناغە تازەیەی بزوتنەوەی کوردایەتی لەقاوبداتو بتوانین خۆمانی لێبدزینەوە؟

*لەژمارە (3421)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە (2004/7/16)دا بڵاوبۆتەوە.

# قۆناغی گۆڕانکاری و حزبی گۆڕانکار

(1)

ئەگەر ئـێمە لەسـەر ئەوە کـۆک بـین کە بـارودۆخی سیاسـیو کـۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک کەرەستەی کارکردنی هێزە سیاسییەکانو لە هەمان کاتیشدا ئامانجی ئەو هێزانەن. ئەوا دەبێت دانی پێدا بنێین کە گۆڕان لەو بارودۆخانە دەبێ گۆڕان لە شێوازی کارو عەقڵیەتی هەڵسوڕانی هێزە سیاسییەکان لەدوای خۆی بەدیبهێنێت.

کوردەواری کە ئامرازو هەروەها ئامانجی هێزە سیاسییەکانە، لەدوای رووخانی رژێمی دیکتـاتۆری بەعـسەوە لەگـۆڕانێکی بەردەوامـدایە، چـاوەڕوانی مەنتیقـی ئەوەیە هێـزە سیاسیەکانیش گۆڕان لەخۆیاندا بکەن تا بتوانن دەرەقەتی ئەرکە گۆڕاوەکانی قۆناغی تازە بێن.

ئەگەرچـی پرۆسـەی گـۆڕان پرۆسـەیەکی هەمەلایەنەیەو دەبـێ هەمـوو هێـزو گـروپە کاریگەرەکـانی کـوردەواری بگـرێتەوە، بەڵام تەرکیـزی ئـێمە لەسـەر یەکێتـی نیـشتمانی کوردستان، هێـزی پێشڕەوی گۆڕانە لەوەرچەرخانە مێژووییەکاندا. ئەو هیواو مێژووییەکی دوورو درێـژی تێکۆشانە کە بەخـوێنی دەیـان هەزار شـەهید نەخـشێنراوە و پێمـان دەڵـێ: گۆڕانو نوێکاری هەر لەخۆی دەوەشێتەوە.

حزبێک لە هەلومەرجی دامەزراندنیدا نەک هەر پەیامی درێژەپێدانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەرزبکاتەوە، بەڵکو هێندە ورە بەرزبێت کە پەیامی نەتەوەیی ئاوێتە بکات لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو دیموکراتییەکانی هەناوی کۆمەڵی کوردەواریو لە هەموو تەنگژەو ناخۆشییەکدا، لەناو خەباتی سەختی پێشمەرگایەتی شۆڕشدا، دەستبەرداریان نەبێت. حزبێک لەنزیکترین دەرفەتی حوکمڕانی خۆماڵی، لەدوای راپەڕینی 1991، وەفاداریی خـۆی بـۆ ئامـانجی گـۆڕانو پێـشکەوتنی ئەو بـوارانە بەکـردەوە بـسەلمێنێو کوردسـتانێکی ئاوەدانو گەشەکردوو بێنێتە کایەوە، هەر ئەوە قەدەرێتی کە پێش هەر کەسو لایەنێکی تر ئیـستیعابی گۆڕانەکـانی دواتـرو لەمەودواش بکـاو بەکراوەیـیو دەسـت پێـشخەری تـازەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

مەرجەکـانی ئیـستیعابکردنی ئەو گۆڕانـانە زۆرن، بەڵام گرنگتـرین مەرجیـان ئەوەیە مێژووی شانازییەکان هاندەری پێشکەوتنی زیاتربن، نەک هاندەری پاڵدانەوەو گوێنەدان بە قۆناغی تازەو ئەو گۆڕانە سیاسی کۆمەڵایەتیو ئابووریانەی لە منداڵدانی خۆیدا هەڵیگرتووە.

مێـژووی شانازییەکانی یەکێتی لەخزمەتکردنی خەڵکی کوردستانو بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجەکانیانـدا لەهەمانکاتـدا مێـژووی باوەشـکردن بە نوێخـوازیو گۆڕانکـاریو تێگەیـشتنە لەوەی واقیعــی بەرجەسـتەی ژیـان میکـانیزمی هەڵـسوڕانو گەشـەکردنی خـۆی هەیەو کارتێکردنی ئێمە لەسەر ئەو واقیعە بەو ئەندازەیە دەبێت کە لەگەڵ ئەو واقیعەدا مامەڵە بکەینو ئاماژەو گرێکانی بکەینەوە.

گەیشتن بە قۆناغی دوای رژێمی دیکتاتۆری هەم ئامانجی خەباتی یەکێتی بوو و هەمیش ساتەوەختی یەکلاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغ بوو.

ئێمە ئاواتمـان ئەم رۆژە بـوو کە میللەتەکەمان لەهەڕەشـەی دیکتاتۆری رزگاری بێتو ئەزموونی گەشەکردنی خۆی بباتە ئاستێکی بالاترەوە. لەهەمانکاتدا قۆناغی نوێ ئیستحقاقاتی خـۆی هەیە کە بـریتییە لە بەدامەزراوکردنـی ژیـانی سیاسـیی کوردسـتان لە چوارچێـوەی عیراقی فیدراڵدا.

خەباتی پێشمەرگەو خوێنی شـەهیدەکانمان ئەم رۆژەیان هێناوەتە کایەوە، خۆمان بـۆی تێکۆشاوینو دەبێ خۆشمان رێز لە ئیستحقاقاتەکانی بگرین، نەک سڵی لێ بکەینەوە وەک لە چەند دەرکەوتێکی سیاسی ناو یەکێتیو ناو سیاسەتی کوردستانیو عیراقیدا هەستی پێ دەکرێت.

(2)

**یەکێتی وژیانی دەستووری**

وەکو گوتمان قۆناغی تازە لە ژیانی سیاسیی کوردستانو عیراق، قۆناغی بەدامەزراوکردنی حوکمڕانیو سیاسەتە. دەستوری عیراق رێو شوێنە گشتییەکانی ئەم قۆناغەی دیاریکردووە. سـەرکردایەتی سیاسی کوردستانو لەناویـشیاندا سـەرکردایەتی یەکێتـی کۆشـشێکی زۆری وتوێژو دانوستاندنی بەکارهێنا تا ئەو مافانە بۆ گەلی کوردستان جێگیر ببێت کە لەدەستوردا هاتوون.

ئەو مافـانە جـگە لە قەوارەی فیـدراڵی بەهەمـوو دەسـەڵاتەکانی حکـومەتو ئەنجـومەنی نیـشتمانیو دەسـەڵاتی قەزائـی، کۆمەڵێـک مـافی گـشتی لەبـواری ئـازادییە سیاسـییەکانو کۆمەڵێک دامو دەزگـای تـر لەخـۆ دەگـرن کە بـۆ هەمـوو عیـراقن، بەڵام بـۆ کوردسـتانیش دەست دەدەنو دەتوانن یارمەتیدەری دامەزراندنی حکومەتێکی بەرپرسیار، خزمەتگوزارو شـەفاف بـن. لەوانەش دەزگـای کۆمـسیۆنی نەزاهەت کە لەبوارەکـانی گەنـدەڵیو خـراپ بەکارهێنانی دارایی گشتیو دەسەڵاتی حکومڕانی لێپێچینەوە دەکات.

یەکێتی نیـشتمانی 30 ساڵە خەبات بـۆ دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی رزگـارو کـۆمەڵێکی دیموکراتو ئاوەدانو مەدەنی، بۆ حوکمڕانییەکی کوردستانی چوون یەک دەکات کە لەسـەر

بنچینەی هاوولاتی بوونو هەلی یەکسانو دەولەتی یاسا بینا کرابێت، 3 ساڵیشە لەدوای رزگاری عیراق لەدیکتاتۆری بۆ ئەوە تێدەکۆشین ئەم ویستو داخوازیانەی هەڵقولاوی بەرنامەو سیاسەتی یەکێتیو بزوتنەوەی کوردایەتین لەچوارچێوەی گرێبەستی یاساییو سیاسی عیراقی تازە، واتا لە دەستووردا، جێگیر بکەین.

ئێستا ئەو ویستو داخوازییانە هاتوونەتەدیو لە (10/15)دا کوردستانیانو خەڵکی عیراقیش دەنگ بۆ ئەو دەستورە دەدەن کە نەک هەڵبژاردنی داهاتووی ولات، بەڵکو تەواوی پرۆسەی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی داهاتووی عیراقو کوردستانی لەسەر دادەمەزرێت.

حزبی رەسەنو نوێخوازی وەکو یەکێتی دەبێ پێش هەر کەسێکی تر خۆی بۆ ئەو ژیانە دەستوورییە ئامادە بکات کەخۆی بەشداریکی چالاکی دروست کردنێتی. خۆی بۆ ئەو مۆدێلە حوکمڕانییە ئامادەبکات کە لایەنە گەشەکانی ئەزموونی کوردستان دەپارێزیو دەرفەتی چارەسەرکردنی کەلێنو درزەکانیش دەدات.

دەستور تەنها بەڵگەنامەی سەلماندنی ئەو مافە نەتەوەییانە نییە کە لەم قۆناغەدا بەدەستمان هێناوە، بەڵکو بەئەندازەی ئەوەش بەڵگەنامەی ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسیو ئابووری کوردستانیشە، بەم پێیە رێی راستو دروستی چارەسەری کەموکورییەکانمانو پەرەپێدانو بیناکردنی ئەو دامەزراوانەیە کە دەستوور بەکوردستانی رەوا بینیووە.

هەر بۆ نموونە رێی چارەسەری دیاردەکانی گەندەڵیو بیروکراسی لەناو دەزگاکانی دەولەتدا ئەوە نییە مەکتەبی سیاسی، یان سەرکردایەتی یەکێتی، بە گشتی چاودێری دامەزراوەکانی حکومەت بگەیەنێتە ئاستی دەستوەردان، یان لێپێچینەوە، یان گۆڕانکاریو محاسەبەی دەزگاکان.

حوکمڕانی راستو دروست ئەوەیە پەرلەمان، کە دەبێ پەرلەمان بێت لەبەردەم حکومەتێکی یەکگرتوودا، لێپێچینەوە لەئەداتی حکومەت بکات، کۆمسیۆنێکی کوردستانیی نەزاهەت یان هاوشێوەکەی (دیوانی چاودێری دارایی راستەقینەو کاراو یەکگرتوو و بێلایەن) چاودێری گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دارایی گشتی بکاتو دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ لەفایلی گەندەڵیو کەموکورتییەکان بپێچێتەوە. هەروەها دیوانێک نەبێت بۆ بەسیاسیکردنی دۆسێکان یان تەنها لێپرسینەوە لە ئەدائی دارایی بکات و ئەدائی ئیداری فەرامۆش بکات رێی راست ئەوەیە یەکێتی موحاسەبەی حزبیانەی کادیرو ئەندامانی خۆی بکات ئەگەر لە حکومەتدا کەمتەرخەم بوون، یان کەوتنەداوی گەندەڵییەوەو لەجێی ئەوان لەبەشی خۆی لە حکومەتی هەرێم کادیری لێوەشاوەی تر دابنێتو پشتیوانی لە رەوتی دادگاو لەدیوانی چاودێری یەکگرتوو و دامەزراوەکانی تر بکات وەختێک لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرس یان فەرمانبەرێکی حکومەتی دەکەن.

(3)

**یەکێتی ببێتە حزبێکی مۆدێرن**

لەدوای راپەڕینەوە یەکێتی چەند هەنگاوێکی چالاکی ناوە لەوەی لەحزبی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە بیگوازێتەوە بۆ حزبێکی مۆدێرن کەبتوانێت ئەو بەرنامە پێشکەوتنخوازە جێبەجێ بکات کە هەڵیگرتووە. پێ بەپێی پێشکەوتنی یەکێتی لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی خۆشی لەخەسڵەتە مەدەنییەکانی حزبی مۆدێرن زیاتر نزیک دەبۆوە. دەتوانین بارودۆخی شڵەژاوی ناوخۆ لەدەیەی رابردوودا وەک هۆکارێک بۆ ناکامڵ بوونی هەنگاوەکانی مەدەنی بوون بناسێنین. بەڵام دۆخی تازە ئەوەمان لێ دەخوازێ بەفیعلی ببینە حزبێکی مۆدێرن.

مەرج نییە حزبێکی مۆدێرن حزبێکی نوخبەوی‌و سنوردار بێت. یەکێتی نیشتمانی کوردستان حزبێکی جەماوەری گەورەیەو بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان هەقیان بەسەرەوە هەیە، شەهیدیان بۆ داوەو رەنجیان بۆ کێشاوە.

پوختەکردن‌و رێکخستنەوەی یەکێتی وەک حزبێکی مەدەنی مانای کەمکردنەوەو زیادکردنی ئەندامەکانی ناگەیەنێت‌و هەر ئەوە لەیەکێتی چاوەڕوان دەکرێت کە وەفاداری رێبوارە بێ شومارەکانی کاروانە دوورو درێژەکەی خۆی بێت.

بەڵام یەکەم هەنگاوی وەفاداری یەکێتی بەرامبەر بە تێکۆشەرانی کاروانەکەی ئەوەیە ئامانجەکانیان بێنێتەدی. کارکردن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی کوردستانی گەشەکردووی پێشکەوتوو لەباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە رێگای زیاتر بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و لەناو ئەوانیشدا ئەندامان‌و دۆستان‌و لایەنگرانی یەکێتی دەکاتەوە.

بەپێچەوانەشەوە گرتنەخۆی سوپایەکی بێ شوماری بیروکراسی‌و مشەخۆر لەناو جیهازی حزب‌و لەناو جیهازی حکومەتی یەکێتیدا جگە لەوەی حزب تووشی ئیفلیجی‌و بێ کارایی دەکات، ئەو پێویستە ناچارییە قووڵتر دەکاتەوە کە بۆ ژیاندنی ئەم سوپا بیروکراسییە دەبێ یەکێتی (کەسابەت) بکات لەبازاڕو ببێتە شەریکە بەشی بازاڕی کوردستان کە چاوی لەوەیە سیاسەتەکانی یەکێتی لەحکومەت‌و دەزگاکانیدا بیبوژێنێتەوەو ئاسانکاری بۆ بکات، نەک ببێتە شەریکی قووتی خەڵکی. یەکێتی دەبێت لەجێی دەستوەردان لەبازاڕ، لەڕێی سیاسەتەکانی لەحکومەت‌و لەناو کۆمەڵی کوردستاندا زەمینەی بازاڕێکی گەشەکردوو برەخسێنێ. دەستپێشخەری‌و پلانی پێویست دابنێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و لەڕێی بەشداری خۆی‌و کادیرەکانی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا جێبەجێیان بکات.

بەشداریکردن لەکەسابەتی خەڵکی، هەم رەونەقی یەکێتی کاڵدەکاتەوەو دەبێتە رکابەری خەڵکی‌و هەمیش دادپەروەری‌و هەلی چوون یەک لەناو کۆمەڵدا ناهێڵێ.

چونکە لەدەسەڵاتو حکومەتێکدا کە یەکێتی داینەمۆی هەڵسورانو دارێژەری یاساو رێساکانی بێت بەرگی قورئانیش لەبەر بکەین کەس باوەڕ بەوە ناکات هەلی وەرگرتنی پرۆپۆزەلو تەندەری پرۆژەکانو کەسابەتی بازاڕ بۆ هەموو لایەک: یەکێتیو خەڵکی تر، بەرپرسانو خزم خزمێنەو هاوولاتیان، وەکو یەکن.

تەنها لەبازاڕێکی گەشەکردووی بێ دەستوەرداندا یەکێتی دەتوانێت بەرنامەی بوژاندنەوە دابین بکاتو بەڵێنی خۆی بەرامبەر ئەندامەکانیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەدی بهێنێت.

(4)

**ئۆردوگانێک لەکوردستان**

دەبێ ئێمە هەمیشە بەگەشبینییەوە بۆ ئاینده بڕوانین تا هیچ نەبێ بتوانین بەچاو و دڵێکی کراوەوە سیاسەتی کوردستانیی پێشبخەینو هەڵسووڕێنین، بەڵام سیاسەتی راستو دروستیش دەبێ هەموو ئەگەرەکانو خراپترین سیناریۆکان رەچاو بکات، ئایا ئێمە لەناو دۆخی کوڵاوی سیاسی کوردستان، لەم قۆناغە تازەیەی ئاماژەمان پێکرد، هەموو سیناریۆکانمان لەبەرچاو گرتووە، بەخراپترین سیناریۆشەوە، کە دەستپێشخەری گۆڕانمان لەدەست دەربچێت و وەختێک بەئاگا بێینەوە کە هیچ هەوڵو کۆششێکی لەخۆگرتنی ساتەوەختی گۆڕانە هەژێنەرەکە دادمان نەدات؟ ئایا ئێمە پێمان وایە هەتا سەر ئەتوانین ئەم هەموو کێشەو گرفتانەی لەحزبو دەزگاکانی، لەحکومەتو وەزارەتەکانیدا هەن پەردەپۆش بکەینو پریشکەکەی لەخۆمان دوور بخەینەوە.

پێم وایە رووداوەکانی کەلارو ئاکرێ و هەندێک دەرکەوتی تری کوردستان دەبێ رووداوی راچڵەکێنەربنو هانمان بدەن لێکۆڵینەوە لەسەر دەرکەوتە تازەکانی نێو هەناوی کۆمەڵی کوردستان بکەین. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو هێزە پەنهانە تازەیە بکەین کە دەشێ هێزی کۆمەڵایەتی نوێ بێت، یان دەشێ هەڵگری خواستو ئاواتی نەوەیەکی تازەی کوڕو کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان، کوڕو نەوەکانی خۆمان بێتو ئێمە لەناو گێژاوی رۆژانەی سیاسەتدا دەرکمان پێی نەکردبێت.

دەشێ ئەوانە ئیتر وەک نەوەی پێش خۆیان دیاردەی گەندەڵیو کەمتەرخەمیو کەمی خزمەتگوزاریان پێ قبوڵ نەکرێت. ئەوەش رەتبکەنەوە کە حزبەکەمان، با ئەو حزبە تێکۆشەرو خاوەنی رابردووی پڕ شانازی بێت، هەموو کۆمەڵگە مۆنۆپۆڵ بکاتو ببێتە شەریکی بازاڕو لە هەموو مەنجەڵێکی ئاساییدا کەوچکێکی هەبێت.

ئەم هێزە پەنهانە مەجبور نییە پاکانەو روونکردنەوەکانی جارانی ئێمە قبوڵ بکات. پاکانەی ئەوەی بارودۆخەکە ناسکە یان ئیمکانیاتی بەردەستمان کەمە یان هەر بیانوویەکی

تـر. ئەوان هەنگـاوی چارەسـەرکردنییان دەویـت کەسـنووریک بـۆ گەنـدەڵیو داهێزرانـی ئیداریو خزمەتگوزاری دابنێت.

ئێمە لە تورکیای دراوسێمان دامەزراوترو دیموکراسی تر نین. لەویَ سیاسـەتی تەقلیـدی بـیَ چارەسـەری قەیرانـی ئـابووریو سیاسـی وڵاتەکە، کە سیاسـەتمەدارانی وەک دیمیریـل، ئەجەویـد و یەلمـازو چـیللەرو حزبەکانییـان پەیڕەویـان لێدەکرد، ئەنجـامەکەی بەوە کەوتەوە خەڵـک لە نـوخبەی سیاسـی وڵاتەکە بـیَ تـاقەت بـوو. ئۆدوغانێـک لەنێوەنـدی دەسـەڵاتی شـارەوانییەکانو نەوەیەکـی خزمەتگـوزاری ئاسـتەکانی خـوارەوەی دەزگاکـانی دەوڵەت هـاتە کایەکەوەو گرەوی دەسەڵاتی لەهەموو ئەو سیاسییە تەقلیدیانەو لە دەزگای سەربازی تورکیا بردەوە کە ئەوان چەندین ساڵ نەیانتوانی قەیـرانە ئـابووریو سیاسـییەکانی وڵات چارەسـەر بکەنو سنووریک بۆ گەنـدەڵی سیـستمی ئیـداریو دارایـیو کۆمەڵایەتی تورکیـا دابنـێن. یـان تەنـانەت ئـێمە لە ئێـران توانـادارتر نـین کە د. ئەحـمەدی نەژادێـک لەنـاوجەرگەی خەڵکی فەقیـــرەوە لەدەزگـــای خزمەتگـــوزاری شـــارەوانییەکانەوە هەڵقـــوڵاو لەبەردەم نەوەی هەڵگیرسـێنەری شۆڕشـی ئیـسلامی ئێرانـدا ڕاسـت بـۆوەو گـرەوی هەڵبژاردنـی لـیَ بـردنەوە. هەڵەیە ئەگەر بڵێـین بەرەی تونـدڕەوی نەژادی بردەسـەر حـوکم، بەڵکـو ئەوە بـیَ ئومێـدی خەڵکی لەچارەسەری کێشەو گرفتەکانیان بوو ئەوانی گەیاندە دوا پلەی دەسەڵاتداریتی.

درێژەی هەیە

*ئەم زنجیرە وتارە لە بەهاری ساڵی 2005 بۆ کوردستانی نویَ نووسرا، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی دواکەوت دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی و تەواوکردنیشی بووم.

# بەغدا هەولێر گێمێکی دیکەی پێکەوە هەڵکردن

ئەرکی حکومەتی هەرێم لەم ئاستانەیەدا دژوارە، چونکە لە بەغدا زەحمەتی هەیە و لە کوردستانیش لەناو فەزای گۆشکردنی نەتەوەییدا سیاسەتێکی میانڕەو هەوڵی جێکردنەوە دەدات.

سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا درێژەی چەندین سەردانی دیکەیە لە ماوەی دووساڵی رابردوودا بۆ تاوتوێکردنی دوسیێیە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لەم دووساڵەدا لەبار گرژی بێت یان خۆشکردنی سیاسیی، هەموو سەردانێک بۆتە دەرفەتێکی دیکەی لێکگەیشتن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا. هیچ نەبێ لەباری دەستوپەنجە نەرمکردنی یەکتری لەگەڵ ناکۆکییەکان و ئاراستەکردنی ئەو ناکۆکییانە بۆ کەناڵە دروستەکانی خۆیان کە ئەویش کەناڵەکانی دەستوور و یاسا، گفتوگۆ و چارەسەری مامناوەندییە. ئەمەش لەسەر بنەمای گفتوگۆ و پشوودان، تێهەڵچوونەوە و گفتوگۆیەکی تر، پێشکەوتن لە بوارە ئاسانەکان و کردنەوەی دەریچە بۆ رێگا سەخت و ناکۆکییە دژوارەکان. بەمجۆرە تێدەگەین سەردانی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی وێستگەیەکی دیکەیە بۆ چارەسەری مامناوەندی. رەنگە ئەمەش شتێک بێت بەدڵی ئەوانە نەبێت کە بنمێچی پێشبینییە ناسیۆنالیستییەکانیان وا بەرزە هاتنە خوارەوەی بۆ نییە، هەروەها بێگومان لەم دیو بەرەکەش بەدڵی ئەو شۆڤێنیانە نابێت کە ئارەزوویان لێ بوو لە یەکێک لە گێمەکانی گفتوگۆدا ناکۆکییەکان بگەنە ترۆپکی بێ چارەسەری.

**بەراوردی سەردانەکان**

سەردانی ئەمجارە کوڕی هەلومەرجێکی نوێیە، هەلومەرجی ئەوەی داشی کورد سوارە لە پشتیوانی حکومەتی عیراقدا کە هەندێک لە پێکهێنەرەکانی خەنجەری لێ دەسوون و هەندێکی دیکەشیان، لەوانە تەیاری سەدری، بە ئاشکرا کەوتنە شەڕی ئەم حکومەتەوە. لەدۆخی وادا هەولێر پشتگیری بەغدای کرد کە بەغدا خۆی لەباری سەربازییەوە لە بەسرە و مەدینەی سەدر سەرکەوتوبوو، لێ پێویستی بە پشتگیری سیاسیی هەبوو. هەڵوێستی کورد بۆ کورد چاوەڕوان بوو، بەڵام بۆ ئەوانەی بۆسەیان بۆ کورد داناوە شتێکی نوێ بوو. لەکاتێکدا سەردانی سەردەمی گرژی سەر سنوورەکان لەگەڵ تورکیا وا دەهاتە بەرچاو داشی نەیارانی کورد و دیموکراتیزەکردنی عیراق سوارە.

دۆسـێیەکانی حکـومەتی هەرێـم لە بەغـدا هەمـان دۆسـێکانی جـارانە: نەوت و گـاز، پێـشمەرگە، مـادەی 140ی دەسـتوور، بەڵام ئیـرادەی گەیـشتنە چارەسـەر لەبارەیـانەوە پێشکەوتووە بۆیە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ پێکهاتووە لە عادل عەبدولمەهدی و تارق هاشمی جێگرانی سەرکۆمار و د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیران.

سەرۆکی حکومەت لەم سەردانەیدا کۆمەڵێک پێشنیازی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ بەغدا. فەلاح مستەفا بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: نێچیرڤان بارزانی لە دیداری نوری مالکی سەرۆکی حکومەتی عیراقدا داوای کرد بابەتی یاسای نەوت و گاز و گرێبەستە نەوتییەکان لەسەر سێ بنەما چارەسەر بکرێن:

- دانوستانەکان لەچوارچێوەی دەستووردا بن.

- یاساکانی نەوت و گاز، دابەشکردنی داهاتەکان، رێکخستنەوەنی هەیکەلی ئیدارەی نەوت و کۆمپانیـای نیـشتیمانی نەوتـی عیـراق وەک یەک پاکێـت پێـشکەشی ئەنجـومەنی نوێنەرانی عیراق بکرێت.

-لە دەستپێکردنی دانوستاندا پشت بەو دەقەی پرۆژە یاسای نەوت و گازە ببەسترێت کە لە شوباتی 2007دا دانراوە.

**ناکۆکییەکان**

باسوخواسی نەوت و گاز سەرەکیترین گرفتی ئەمڕۆی بەغدا و هەولێرە کە حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت هەمـوو دەرگـایەکی بـۆ دانوستـاندن لەسـەریان داخـستووە. بەتایبەتی لەو بوارەی پەیوەستە بە گرێبەستە نەوتییەکان کە شەهرستانی دەڵێ حکومەتی هەرێم 20 گرێبەستی ئیمزا کردووە بێ ئەوەی حکومەتی فیدرال هیچ شتێک لەبارەیانەوە بزانێت. گوتیـشی: دەسـەڵاتی کـوردی رێـگەی لە پـشکنینەکانی وەزارەتەکەی گرتـووە لە ناوچەی کەرکوکی جێی ململانێ.

بەگوێرەی ئاژانسەکان حکومەتی بەغدا دانی خێر بە گرێبەستەکانی هەرێمدا نانێت و ناشیەوێ مووچەی 190 هەزار پێشمەرگە لە بودجەی وەزارەتی بەرەڤانی بدات بە بیانووی ئەوەی ئەو ژمارەیە زۆرترە لە پێویستییەکانی هەرێم. هەروەک ئەمساڵیش بەزەحمەتیەکی زۆرەوە لە 17%ی بودجەی عیراقی بۆ هەرێم پەسەند کرد.

ئەم خاڵانە بەشێکیان ناکۆکی تەکنیکین و بەشێکیشیان ناکۆکی سیاسیی جددین کە هەردوولا،بەغدا و هەولێر، هەر یەکەیان داخوازن بەلای خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە.

بە بیـروڕای د.مەحمـود عوسـمان ئەنـدامی ئەنجـومەنی نـوێنەران ' دەکرێت چارەسـەری مامناوەنـدی بـۆ جیـاوازی روانـین لە نێـوان بەرپرسـانی هەردوو حکـومەت بـدۆزرێتەوە. هەردوولا پێویستیان بە جۆرێک لە تەوافوق هەیە لەسەر کێشەکانی جێی ناکۆکی. بە بڕوای

مـن هەردوو فـاکتەری نەرمـی نوانـدن و چڕکـردنەوەی گفتوگـۆی هـاوبەش پێویـستن بـۆ زەمینەسـازی تەوافـوق و لێکگەیـشتن. کێـشەکان ئەوەنـدە ئـاڵۆزنین کە نەگەنە ڕێککەوتـن لەسەری".

حەیـدەر عەبـادی ئەنـدامی ئەنجـومەنی نـوێنەران لەسـەر لیـستی ئیئتیلافـی عیراقـی بە هەفتـانەی وت: نـاکۆکی سیاسـیی لەنێـوان هەردوو حکـومەت شـتێکی ئاسـاییە. بەرپرسـە کوردەکـان دەیانەوێت بەرژەوەنـدییەکانی هەرێم لەرێی کۆمەڵێـک یاساوە دابین بـکەن بە جۆرێـک مـافە دەسـتوورییەکانی هاوڵاتیانیـان بپـارێزن. لەوانەشـە ئەم بەرژەوەنـدییانە لەگەڵ حکومەتی فیدرالدا نـاکۆک بێـت، بەڵام جیـاوازی نێوان نابێتە ڕێگر لەبەردەم دۆستایەتیدا، چونکە بەرژەوەندی کوردستان بەرژەوەنـدی عیـراقە و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بێگومـان ئەو ناکۆکیانە ڕێگەی چارەسەر دەدۆزنەوە".

حەسـەن سـنێد ئەنـدامی لیـستی ئیئتیلافـیش هەمـان تێڕوانینـی گەشـبینیانەی هەیە" گیروگرفتـی یاسـای نەوت و گـاز و ئەوەی پەیوەنـدی بە گرێبەسـتە نەوتییەکـانەوە هەیە گیروگرفتـی تەکنیکـین و دەکـرێ لە سـەردانەکانی وەفـدی حکـومەتی هەرێمـدا چارەسـەر بکرێن"

ئەم تێڕوانینانە لەنێوان هۆکاری سیاسیی و هۆکاری تەکنیکیدا تاوتوێی کێشەکان دەکەن، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو ڕایەن گفتوگۆ تـاکە ڕێگەی چارەسـەرە. پسپۆری یاسایی تـارق حەرەب بـۆ "هەفتـانە"ی ڕوونکـردەوە کە دەبـێ بە زووتـرین کـات یاسـای نەوت و گـاز دەربچێـت، چـونکە ئەوە دەبێـتە مـایەی جـۆبڵاوکرنی نێـوان حکومەتی هەولێـر و حکـومەتی بەغدا . بەتایبەتی لە مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکان و دیاریکردنی دەسـەڵاتەکانی هەردوو حکومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەوتدا. حەرەب هەروەها یەکێک لە ناکۆکیەکانی بۆ ماددەی 140 گێڕایەوە کە بە گوتەی ئەو تائێستا 1%ی جێبەجێکراوە.

دۆسـێی ناکۆکییەکـانی حکـومەتی بەغـدا و حکـومەتی هەولێـر تەنهـا دۆسـێی نێـوان دوو حکومەت نین کە دەستوورێکی مایەی دەستکاریکردن تاکە ڕێگەی چارەسەری بێت. یاسای نەوت و گاز، داهاتی وڵات، پێکهاتنی هەرێمەکان و ماددەی 140 بـابەتی نـاکۆکین لەنێـوان هێزە عیراقییەکان و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیش. بۆیە کۆششی ڕەسمی بەغدا و هەولێر بـۆ ئەوەی سـەربگرێت ناچـارە هاوشـانی کۆشـشی چارەسـەری کێـشەکانی وەکـو دەسـتکاریی دەستوور و تەوافوق لەناو پرۆسەی سیاسیدا بێت.

## هەرێمی تەنها

بە لێکدانەوەی چاودێران ئەم پرسە، پرسی چارەسـەری کێشەکانی پرۆسـەی سیاسـیی لە عیراق و یەکلایی کردنەوەی دەستکاری دەستوور فەزایەکی سیاسیی گونجاو بۆ لێکگەیشتنی

یەکجارەکی حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێم دابین دەکات. دەستکاری دەستوور ئەوە دەردەخات کە داخۆ بژارەی فیدرالی بە کوێ دەگات و ئایا هەرێمی تر لە عیراق پێکدێت و ئەگەر پێکبێت پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟ ئایا ئەگەر پرۆسەی سیاسیی بە تەندروستی ملی ڕێگای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی گرتەبەر، پارێزگاکان چی لەو دەسەڵاتانە دەکەن کە دەستووری نوێ پێی داون؟

دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە: لەوانەیە هەرێمەکان لەنێوان خۆیاندا ناکۆک بن و بەغدا سەیریان بکات و لەو ناکۆکییەوە ناوەندێتی خۆی بەدەستبهێنێت و لەوانەشە بەپێچەوانەوە هەرێمەکان هاوپەیمانێتی لەنێوان خۆیان پێکبێنن و پێکەوە لە بەرامبەر بەغدا بچنە شەڕێکی یاسایی و سیاسییەوە. هەر کام لەم ئەگەرانە ڕووبدات ئەوەی ئێستا زانراوە ئەوەیە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ بە تەنها شەڕی مەودای نێوان دەسەڵاتی هەرێم و پایتەختی فیدرالی دەکات. لەوانەیە سەرکەوتنی هەولێر ئارەزووەی هەرێم پێکهاتن بەهێز بکا و لەوانەشە هێشتا عیراق مابێتی لە دەرەوەی دانانان بە تایبەتمەندێتی کوردستان و هەرێمەکەی و مەسەلە نەتەوەییەکەی، جارێ دەستبەرداری ناوەندێتی بیروکراتی بێت.

لەم ناوەندەدا سەردانەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا هەم بناغە بۆ لێکگەیشتن دابین دەکات و هەمیش نیشانەی ئەوەیە کورد کاری خۆی وەکو هەرێمێک لەسەر ئامادەگی یان ئامادەنەگی هەرێمی تر پەک ناخات. تەنانەت ئەگەر تا دەورانێکی تریش لە مەیدانەکەدا بە تەنیا بێت،

بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێم لەم ئاستانەیەدا دژوارە، چونکە لە بەغدا زەحمەتی هەیە و لە کوردستانیش گۆشکردن بەهەموو داوایەکی نەتەوەیی هەیە. لێ ئەم زەحمەتییە پێشەنگێتی بۆ کوردستان دەرەخسێنێ.

*ساڵی 2008 – گۆڤاری هەفتانە

# ئێسک و پروسکی مردووەکانمان و مێژووی دزراومان بدەنەوە *

کردەوەیەک کەتاقمی (پشتیوانانی ئیسلام) لەدژی مەرقەدی شێخانی نەقشبەندی لەبیارە ئەنجامیانـدا پتـر لەهەرکردەوەیەکـی تـر وابەسـتەیی ئەو تـاقمەی بەپیلانـی داگیرکەرانـی کوردستان و بەهێزی توندڕۆی دەرەکی سەلماندووە.

هەمیشە روانینی بەندەوابووە کەخەسڵەتی هەرە سەرەکی و هەرەخەتەرناکی توندرەوانی بیارە توندەڕەوەییەکەیان نییە، بەڵکو وابەستەییانە بەمەرجەعێکی فیکری دەرەوەو بەناوەندە گەلێکـی سیاسـیی کەلەدژی کـوردن، وەک کـورد و لەدژی کوردسـتانی ئـازادکراون، وەک هەرێمێکی جێی خەونە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان. پرسی توندڕەوی دواجـار چارەسـەر دەبێـت چ بەنیـشتمان بـوونەوەی تونـدڕۆکان و چ بەزەبـری سیاسـەت و زەمـانە، بەڵام ئەوی چارەسـەری دژوارە ئەم بەڵای وابەسـتەییە. هەردەسـتەو تاقمێـک کە ناوەنـدێکی دەرەکـی مەرجەعـی بیرکـردنەوەو شـیکردنەوەی بێـت بـۆ رووداوەکـانی نـاوخۆو دەوروبەری وڵاتەکەی، سـەرەنجام هەر ئەوناوەنـدانە لەجیـاتی وی بڕیـاری بـۆ دەدەن و هەڵیدەسوڕێنن.

ئەگەر تونـدڕەوی (پـشتیوانانی ئیـسلام ) تونـدڕەوییەکی خۆمـاڵی بـوایە ئەوا بێگومـان کارەسـاتەکەی خێڵـی حەمە، پـێش هەوڵـی تیرۆرکردنـی د.بەرهەم ئەحـمەد ساڵح و پـێش هەڵتەکانـدنی مەرقەدی شـێخانی نەقـشبەندی پتـر لەجارێـک بیریـان لەهەلـومەرجەکەو لەگونجانی کـاتی بڕیـار لێـدراوی تاوانەکانیـان دەکـردەوە. بەڵام وابەستە بیرکـردنەوەی لای خــۆی نیــیە، لای مەرجەعەکەیەتــی، بــۆیە بڕیــاریش هەر مەرجەع دەیــدات. هەڵــبەتە مەرجەعیش بەگـوێرەی ئەو هەلـومەرجە بڕیاری بۆدەدات کەخـۆی تێیدایەتی نەک ئەوی وابەســتەکەی لەناویــا دەژی. مەرجەع کەخــۆی ناوەنــدی رووداوەکــان بێــت بێگومــان بەرژەوەندی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندی وابەستەکەیەوە. با ئەم وابەستەیە گوێڕایەڵ و وەفاداری بێ چەندچۆنیش بێت. هەروا وابەستە ئەگەر مەرجەع بڕیاریشی بۆ نەدات، ئەگەر مەرجەع تەنانەت پەراوێزێکی هەڵسوڕانیشی پێ رەوا ببینێ، کەچی ئەم چونکە وابەستەیە، هەمیشە مۆدێلی هەڵسوکەوتی مەرجەعەکەی خۆی رەچاودەکات و بێ لێکدانەوەی زەمان و زەمینی جیاواز، دووبارەی دەکاتەوە.

لە نموونەکـانی وابەسـتەیی پـشتیوانانی ئیـسلامدا بەڕوونـی تێکەڵیـیەک لەنێـوان بڕیـاری مۆرکراوی مەرجەع و مۆدێلی رەچاوکراوی ئەومەرجەعە دەبینرێت. بەم جۆرە:

- کارەساتی خێڵی حەمە چەندی دەستی مەرجەعی فیکری سیاسیی لەپشتە، هێندەش چاولێکەرییە بۆ ئەو قەتلوعامانەی توندڕۆکانی جەزائیر ئەنجامی دەدەن.

- هەوڵی تیرۆرکردنی سەرکردایەتییەکانی کوردستان چەندی بڕیاری دوژمنانی کوردی لەپشتە هێندەش گواستنەوەیەکی حەرفی نموونەکانی تیرۆری سەرکردایەتییەکانە لەمیسرو جەزائیرو لەئەفغانستانەوە.

- هەڵتەکاندنی مەرقەدی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و ونکردنی ئێسک و پروسکی مردوانێک کەلای تەوژمێکی زۆری موسڵمانانی کوردستان جێی ڕێزو پیرۆزییە چەندی بڕیاری ئەو ناوەندە سەلەفیانەی لەپشتە کەچاویان بەرایی نایە کورد لەپەنا تاشەبەردەکانی هەورامانی ڕەسەندا مەرجەعێکی گەورەی جیهانیی ئیسلامی بێت، هێندەش ڕەچاوکرانی نموونەی کردەوەکانی تالیبانە کەپەیکەرەکانی بوزایان شکاندو سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی (مەزار شەریف)یان قەدەغەکرد. پەیکەرەکانی بوزا میرات و کەلتورێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی بوو کەدەسەڵاتە وابەستەکەی تالیبان، وابەستەی بەئیسلامی ئوسامە بن لادنەوە، لەساتەوەختی هەستریای بێدەنگی دونیادا، تێک و پێکیاندا. بابەتی چاولێکەری لەماجرای مەرقەدی شێخانی نەقشبەندیدا بەرچاوترو زەقترە. شەڕەکە لەنێوان زیندوانێکی گیان مردووی بێ مێژوو و بێ سەروەرییە لەلایەک و مردوانێکی گیان زیندووی خاوەن دیرۆک لەرێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بگرە سیاسیی میللەتی کورددا. تەریقەتی نەقشبەندی لەدیرۆکی کورددا بەوە دەناسرێتەوە کەرێبەرەکانی سات و سەودایەکی جیددیان لەگەڵ پرسی کورایەتیدا کردووە. ڕێبەری گەورەترین ڕاپەڕینی نیشتمانی و دیارترین هەڵسانەوەی نەتەوەیی کورد لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، شێخ عەبەیدوڵڵای نەهرییە. شێخی نەهری وەک چۆن ڕێبەرایەتی کوردی کرد لەو ڕێڕەوەدا، هەرواش شێخی هەرە نفوزداری تەریقەتی نەقشبەندی بوو. ئەم ڕێڕەوە لەشۆڕشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا هەروا وزەو توانای تێدامابوو.

- بەڵام تەنانەت دوور لەم ساتوسەودایە لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی، هەرخۆی ڕێبازو تەریقەتەکانی کەلەکوردستاندا باڵا دەست بوون تائێستاش بەشێکی گرنگی فەرهەنگی دینی و ڕۆحی خەڵکی کوردستان پێک دێنن.

- بەداخەوە لەبەر کۆمەڵێک هەلومەرجی دژوار تەریقەتەکانی لەکوردستاندا هەن نەیانتوانی شقڵ و شێوەی مەزهەبێک پێک بێنن کەلەسەردەمی خۆیدا بەفریای نەتەوەی کورد بکەون و بەشێکی گرنگی لەخەملینی نەتەوەییدا پڕبکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی ئەوتەریقەتانە خۆی لەخۆیدا گوزارشتیان لەئارەزوویەکی کوردانە دەکرد بۆ گونجاندنی باری ڕۆحی و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ئاینێک کە کوردەکان باوەڕیان پێی هێناو دڵسۆزانە خزمەتیان کردووە. لەبەرهەندێ، کەلەمێژووی فەرهەنگی و

کۆمەڵایەتی کوردستان دەکۆڵرێتەوە دیرۆکی گەشەسەندنی ئەوی دەکرێ ناوی ئیسلامیی شەعبیشی لێ بنێین سەنگێکی بەرچاو لەو لێکۆڵینەوانە داگیردەکات. دروست هەرئەو لایەنە (کوردیانەی) گەشەسەندنی ئیسلامە لەکوردستان کە توندڕەوانی بیارە دەیانەوێ پەلاماری بدەن و ئێسک و پروسکی مردووەکانیش فڕێ بدەن.

سەرنج بدەن تەریقەتێکی ناسراوی ئیسلام کەتەریقەتی نەقشبەندییە، موریدو مەنسوبی لەهەموو دونیادا هەن، بەتایبەتیش لەولاتانی ئیسلامیدا، ئەم موریدو مەنسوبانە هەمیشە بۆ سەردانی مەزاری شێخان لەئێرانەوە هاتوون و هەورامانیان کردۆتە قیبلە نومایان.

واتا لەنموونەیەکی دەگمەندا خەڵکانیک هەن لەرەگەزوو لەنەتەوەی جیاواز، لەرەگەزو نەتەوەکانی دراوسێ، کەقبووڵیانە شێخەکانی کوردستان مەرجەعی دینی و رۆحیان بن کەچی توندڕەوەکانی بیارە، ئەوانی مەرجەعی بێگانەیان قبووڵە، بەناوی ئیسلامەوە کورد لەو مەرجەعیەتە مەحروم دەکەن.

ململانێکە لەنێوان روانینێکە کەپێی حەیفە لەهەر بوارێکدا بێت، تەنانەت لەبواری تایبەتمەندی رۆحیشدا، کورد تەریقەتەکانی خۆی و مەرجەعەکانی خۆی هەبێت کە بێگانەش ریزی لێ بنێت.

– لەگەڵ روانینێکی تر کەکورد دەکاتە وابەستەی فەندمەنتالیزمی ئوسامە بن لادن کەتێکەڵییەک لەتوندڕەوی ئیسلامیی و لە عروبەچێتیەکی زاخاودراو بەرقێکی کوێرانە دژی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئەفغانستان و خەڵکی هەموو ستانێکی تر کەبخوازن ئەزمونی ژیانی خۆی دوور لەهەر دەستێوەردانێکی دەرەکی شیلگیرانە پەرەپێبدات. ئەفغانەکان لەو بەلایە دەربازیان بوو، کوردەکانیش لەسەرەڕێی رووبەڕووبوونەوەدان. لەم سەرەڕێیەدا فریودراوانی پشتیوانانی ئیسلام تازە لەدەست دەرچوون لێ گەلێگ زەروریە کوردەکان و ترادسیۆنی تایبەتیان، رێبازو تەریقەتە ئاینییەکانی هەڵیانبژاردووە سەرفراز بن.

سەرەتا دەبێ لەوەوە دەست پێبکەین:

ئێسک و پروسکی مردووەکانمان، مێژووی دزراومان، بدەنەوە.

*لەساڵی 2002 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە

# جاش و ڕەهەندەکانی

(1)

هەندێک شت بۆ بەندە وەکو نهێنی دەمێنێتەوە، لێیان تێناگەم ئەگەرچی کاسبییەکەم ڕۆژنامەوانیی و شرۆڤەکارییە، بۆ ئەوەی نەیانبەمە ژێرگڵەوە وا ڕووبەڕووی ئێوەشی دەکەمەوە:

بەگوێرەی هەواڵەکان موستەشار و جاشەکانی جاران هەندێکیان پەیوەندی بە فەوجەکانی ئیسنادەوە دەکەن.

هەندێکی تریش نامە بۆ عززەت دووری دەنووسن کە هەر دۆست و یارەکەی جارانن، یانی هەن جاشایەتی بۆ سوننەی عروبەی دوێنێ نوێ دەکەنەوە، هەشن جاشایەتییەکەیان بۆ شیعەی عروبەی ئەمڕۆ تەرخان دەکەن، باشە ئەی کەس نییە جاشایەتی بۆ ئەم کوردە داماوە بکات؟

با تۆزێک خوردی بکەینەوە؟

مرۆڤ بۆ دەبێتە جاش؟ یان بۆ دەبێتە نۆکەری خەڵکی تر، جا ئەو خەڵکە نەتەوەیەکی سەردەست، یان چین و توێژێکی سەردەست، یان دەوڵەتە گەورەکان بێت؟

-بۆ ئەوەی لەو دەوڵەتەی بەدەست وانە دەستی بڕوا؟

-باشە ئەگەر وایە ئێستا عززەت دووری چی بەدەستە کە ئەوانە ئومێدیان پێی هەبێت؟

-ڕاهاتنە لەسەر جاشایەتی و بە فیعلی باوەڕیان بە ئاغاکانیانە؟ ئەی باشە بۆ هەندێکیان لە بەعس هەڵگەڕاونەتەوە و ڕوویان لە حزبی سەرۆک وەزیران، حزبی دەعوە، کردووە؟

-دەبنە جاش لە ترسا، لەبەر هەلپەرستی، بەڵام خۆ ئەمڕۆ کەس بە زۆر ناکرێتە جاش و هەموو کەس دەتوانێ هەلێک لە دیموکراسیی بقۆزێتەوە؟

-لەبەر ئیمتیازاتە؟

باشە خۆ ئیمتیازات لای کوردیش هەیە، حزبە کوردییەکانیش لە بەغدا و لە کوردستان دەسەڵات و ئیمتیازیان هەیە؟

یان لەبەر ئەوەیە جاشەکان ئیمتیازی کورد و دەسەڵاتی کورد بە کاتیی دەزانن و هی دەسەڵاتداریتی ئەمڕۆی بەغدای شیعە بە دەسەڵاتێکی جێگیر و درێژخایەنتر دەزانن؟

بەڵام دیقەت بدەن! تاریفێکی تری جاش ئەوەیە کە ناپاکێکی گێلە و جاشە، بۆیە پێی دەڵێن جاش، کەچی ئەم دەرکەوتەی وایان لێدەکات باوەڕیان بە دەسەڵاتی دوورمەودای

شیعە، یان ئەگەری گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوننە هەبێت، نیشانەی ئەوەیە جاشەکان "خوێندنەوەیەکی ستراتیژییان" هەیە بۆ ئایندەی دەسەڵاتداریتی لە عیراقدا؟

یانی ئەم جاشە خۆفرۆشانە لە شرۆڤەکارانی سەنگەری گەل ژیرانەتر بیردەکەنەوە؟!

بێگومان مەسەلەی مۆرالیم وەکو فاکتەرێک خستۆتەلاوە کە دەبێ مرۆڤ ئەخلاقی هەبێت، پێشمەرگە بێت لەڕێی گەل و نیشتمانەکەیدا، یان ئەوی ئیمامی عەلی گوتبووی: "ئەوەی مەعاوییە دەیکات منیش دەتوانم بیکەم". لێرە قسە لەسەر گریمانەکانی بڕیاری جاشایەتییە، بۆچی عروبە بەو تەنگنەزرییەی خۆیەوە، بەو شکستەی تووشی هاتووە، دەتوانێت جەمسەرگیر بێت بۆ تاقمێک جاشی کورد، لێ کوردایەتی بەو دەسەڵاتەی بەدەستی هێناوە و بەوە کە بزووتنەوەیەکی دیموکراتی کراوەیە نەیتوانیوە ببێتە جەمسەرێک بۆ ئەو کوردانەی پیشەیان خیانەتە؟

(2)

دوێنێ لەسەر جاشایەتی و موستەشارەکان قسەمکرد.

ئەمڕۆ دەمەوێت باسەکە تەواوبکەم.

ئایا ئەو پرسیارانەی لەسەر ڕەهەندی جاشایەتی کردم هەریەکەیان بەشی باس و لێکۆڵینەوەیەک نین؟

هەر یەک لەو ڕەهەندانە هی ئەوەنین سەنتەرەکانی تۆژینەوە، زانکۆ و بەشەکانی سۆسیۆلۆژیا و سیاسەت لە پەیمانگە و زانکۆ و سەنتەرە کوردییەکاندا بیدەنە بەر نەشتەری ڕەخنە و خوردکردنەوە؟

ئایا دیاردەی جاشایەتی وەک داوەشینێکی دۆخی میللەتی کورد شایانی توێژینەوە و لێوردبوونەوە نییە؟ بۆ نموونە لەوە بکۆڵینەوە چ زەمینەیەک فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگی ئێمەی بۆ جاشایەتی سازاندووە؟

پرسیارەکە هەر لە مێشکمدا جەنجاڵی کردووم: ئایا کێ لە دەرکەوتەکانی کۆمەڵی کوردەواری، بەتایبەتی لە دەرکەوتێکی وا کە ئاکامی سیاسیی خراپی هەیە، دەکۆڵێتەوە؟

هەقتانە بڵێن جا چی بوارێک تێر باس و توێژینەوە کراوە، تا ئەم بوارە "موبارەکە" تێری پێویستییەکانی بکرێت؟!

برایان! لێکۆڵینەوە تەنها لێکۆڵینەوە نییە لە شتە باشەکان و لەسەروەرییەکانی کوردایەتی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی، ئەی نابێ کۆمەڵی کوردەواری دیوە دزێوەکەی دیرۆکی خۆی بناسێتەوە تاوەکو پەرژینی لە بەرامبەر قایمبکا و دەرەقەتی دەرکەوتی سەرهەڵدانەوەی جاشایەتی و توانای بەرگرتنی بە هەڵگەڕانەوە و پاشەکشێ هەبێت؟

دەستەبژێری سیاسیی کورد بەوە ئیکتفا دەکات دژی جاشایەتییە و لە ڕووی مۆڕاڵییەوە ڕەتیدەکاتەوە. دەستەبژێری ڕووناکبیریش بەو بەشەی خۆی ڕازییە کە دزەکردنی جاش و موستەشارەکان بۆ ناو تەنی بزووتنەوەکە یەک لەخاڵەکانی لیستێکی درێژی ڕەخنەکانی بێت لە سیاسەتی کوردی و سەرکردایەتییەکەی، بەڵام کەس خۆی لە بنەچەی دیاردەکە نادات.

ئایا جاشایەتی چەند لە پۆینت لە سەدای کوردەواری پێش ڕزگاری کوردستان، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991، پێکدەهێنا و ئایا لە نزیکەی (18) ساڵی ڕزگاریدا چۆن بەرپەرچی دەرکەوتە خراپەکانی جاشایەتییان دایەوە؟ ئەگەر وامانکردووە بۆچی درز و کەلێنی واهەیە کە برا عەرەبەکانمان لە بەغدا بتوانن بیقۆزنەوە بە جۆرێک هەندێک لە جاش و موستەشارەکان مەیلی خیانەت تازە بکەنەوە؟

دیسانەوە پرسیار سەرهەڵدەداتەوە: جاشایەتی چەند پانتایی لە کوردەواری داگیرکردووە، کوردایەتی بە عەفوعام، یان بە ئیعادەی تەئهیل، یان بە ئیهمالکردن، یان بە باوەش پێداکردن، مامەڵەی دیاردەی جاشایەتی بکات؟

وەک هەر شتێکی تر: لە هەندێک جێ توندبووین تا ئەوەی کەس هان نەدرێت کە ڕیزی جاشایەتی بەربدەن و بێنە بەرەی گەلەوە، لە هەندێک جێی تر شل و خاو و دڵفراوان بووین بە جۆرێک پێشمەرگە و تێکۆشەران کەوتنە گلەیی کە جاش حیسابی هاوسەنگەری بۆ دەکرێت.

باشە، لەکوێ دەبوایە توند و لەکوێ دەبوایە شل بین؟

ئەمانە پرسیارن بۆ وروژاندن؟ کێ دەیانکرێت؟

# گێمێکی نوێ

لە ئایندەی نزیکدا ململانێکەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تۆختر دەبێت، دیقەت بدەن باسی توندترمان نەکرد، بەڵکو تۆختر دەبێت. بە مانای ئەوەی ئەم دۆسێیە لە جێی خۆی دەجولێ، جا ئیتر یان بەلای نزیککەوتنەوەی نێوان هەردوولا و مامەڵەکردن بە فاکت و کاغەزە بەهێزە دژ بەیەکەکان بێت یان بەلای توندکردن و دوورکەوتنەوەیەکی زیاتر کە دواجار کۆششێکی زیاتر بخوازێت بۆ پێکەوە گرێدانەوەی؟

ململانێکە تۆخ دەبێتەوە، چونکە هەردوولا ناوچەی نفوزی خۆیان پاراست، ڕاستە کورد لەناو جەرگەی موسڵ، لە تکریت و باقوبە، وەکو جاری پێشوو نابێت، بەڵام ئەو ناوچانە لە حیساباتی هێز و سیاسەتدا ناوچەی بەجێهێڵراو و مردوون، بۆ ئەوە دەست دەدەن لایەنەکەی تری پێ ئیزعاج ببێت کە هێزی تر لەناو ورگیایەتی، دەنا ناو موسڵ خۆی داوای ئەمڕۆی کورد و تاریفی ناوچەکانی جێی ململانێی لەسەر نییە. بۆ کورد ناوچەکانی ململانێ گرەوی ڕاستەقینە بوو، ئەوانە ناوچەی نفوزی گەورە و داوای شەرعی کوردستانییانن.

ئەو هەڵبژاردنانە کە لە ژێر مۆنیتەری نەتەوە یەکگرتووەکان، چاودێرانی بیانی و عیراقی و لە پەنا لولەی تفەنگەکانی سوپای عیراقدا سازکران، ڕاستی داخوازییە کوردییەکان دەسەلمێنن، ئیتر لایەنی عەرەبی عیراق، حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر خۆیان لە گێلی نەدەن، دەبێ لەگەڵ ئەم پێدراوە دیموکراسییە مامەڵە بکەن.

لە بەرامبەردا حکومەتی نوری مالیکیش ناوچەکانی نفوزی خۆی پاراست، مالیکی بە دروستکردنی جەمسەرگیری نەتەوەیی و خۆنمایشکردنی وەک نوێنەری دەوڵەتداریی لە عیراقی دوای تەفروتوونابوونی دەوڵەتدا توانی "لیستی حکومەت" لە ناوچەکانی نفوزی سەرۆکی حکومەتدا سەربخات، بەمەش هەردوولا ناوچەی نفوزی خۆیان لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرت. نە مالیکی توانی (هاوپەیمانەکانی) بگەیەنێتە خانەقین و نەکوردیش توانی:

1-نەیارەکانی مالیکی لە ناوچەی نفوزی شیعە بکاتە براوەی یەکەم.

2-لە ناوچەکانی نفوزی عەرەبی سوننەدا خۆی ببێتە یەکەم.

ئێستا ئیتر دوو ئەسپ سوار لە گۆڕەپانەکەدا وەستاون. کێ جاری جەولەیەکی تری زۆرانبازی دەدات؟

بێگومان شەڕ تەداروکات و جۆشدانەوەی دەوێت. ویستی دوو سەرەی دەوێت. هەتا ئەو دۆخە دێتە پێشەوە موفاوەزە و هاتوچۆی مەکوکی داوا و ویستی ئەو خەڵکە بێوەیانەیە کە

وەکو نووسەری ئەم بابەتە داوا دەکەن پەنجە لەگەڵ ڕێگای هەزار میلی ئاشتیدا نەرم بکەن.

ئایا ناوچەکانی جێی ململانێی بەشدار لە هەڵبژاردن بە ڕاپرسی و دانوستان دەبنەوە موڵکی هەرێم و ڕێگا بۆ یەکلاییکردنەوەی کەرکوک خۆش دەکەن؟ لە بەرامبەریشدا مالیکی هاوپەیمانە کوردەکانی بپارێزێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەغدا... یان؟

# گوندی ئەڵمانی

با شێوەی خەباتەکەمان بگۆڕین. لە جێی ئەوەی خەبات بکەین بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان با خەبات بکەین بۆ ئەوەی کوردستان بچێتە سەر گوندی ئەڵمانی.

بەمەش دەتوانین کوردستانێکی خزمەتگوزار بنیات بنێین.

هەقتانە مەسەلەکە بە گاڵتەجاڕیی وەربگرن. یانی چی کوردستان بەو گەورەیی خۆیەوە کە دونیای پێوە مژول بووە، ئەو کوردستانەی چوار داگیرکەر بەدەستییەوە گیریان خواردووە، ئەو کوردستانەی لانکی شارستانییەکانە، لەهێکرا و بەمیزاجی ستوونووسێک بچێتە سەر گوندێکی خەواجەکان. گوندێکی ئەڵمانی کە ئەڵمانەکان باوکی نەتەوەگەرییەکی توندڕەوانەشن، یانی لەجێی ئەوەی لەوانەوە فێری گیانی ناسیونالستی بەم بچم کوردستانییان بخەمە سەر. گەڕیدەناسەکان چاکدەزانن خەیاڵدانی ئەڵمانەکان چیرۆکی کوردستانێکی دڕندەی تێدایە کە کارل مەی نووسیویەتی و فەنتازیای قۆڵبڕین و ڕاوڕوتی وا دەگێڕێتەوە نە لە سەرگوزەشتەی سندیباد لە هەزارویەکشەوە و نە لە سەرچڵییەکانی ڕۆبن هوددا نموونەی دەبینینەوە.

جا ئیتر ئەڵمانەکان چۆن باوەڕیان بەمە کردییە کە زاتبکەن دێیەکی خۆیان بگوازنەوە بۆ کوردستان؟ ئەوەیان دەبێ لە ناسنامەی ئەڵمانیبوونی گوندەکە بپرسینەوە. ترسام گوندێکی ئەڵمانیای دیموکرات بێت و ڕەوانەی ئێرە کرابێت تا لە "ئەزموونی" ئۆردوگای ڕۆژهەڵات فێربین. گوندەکانی ئەوێ گوندنەبوون لە هەوای پاکژدا، بەڵام شاریش نەبوون لە تەرزی شاری کراوە و "شارستانیدا"، بەڵکو ئۆردوگایەکی چەرمەسەریی و "چوونیەکی" بوون لە هەژاری و بێدەرەتانیدا.

بەڵام دواجار هاوەڵێکم کە بڕیارە بە پارەی خۆی ببێتە هاوڵاتی لە گوندی ئەڵمانیی پێی گوتم خەفەت نەخۆم، مواسەفاتەکەی هی دەوڵەتی ڕەفا و خۆشگوزەرانییە.

باشە کە مواسەفات هی دەوڵەتی ڕەفا و خۆشگوزەرانییە بۆچی هەوڵنەدەین هەموو کوردستان بخەینە سەر گوندی ئەڵمانی؟

ئەگەر هەموو شتێک لە گوندی وا مەیسەر دەبێت بۆ بیر لە بژارەیەکی وا نەکەینەوە؟ مەگەر ئێمە نیشتمانمان بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ناوێت؟ مەگەر پرۆگرامی کۆمەڵایەتی هەموو حزبەکان بۆ ئەوە نییە خەڵک خۆشگوزەران بێت؟ کەواتا:

بۆ پێشەوە بەرەو گوندێکی ئەڵمانی کە کوردستانێکی فیدراڵی تێدا بەرقەرار بێت.

# غــــەززە

با منیش قسەیەک لەسەر غەززە بکەم، قسە لەسەر توندوتیژی و خەڵک کوشتن، لەسەر تراژیدیای فەلەستینییەکان کە وەک کورد چەوساوە و بندەست و لێقەوماون.

وەکو کوردیش لە گەلێگ وێستگەی مێژووییدا چەند قوربانی دەستی دڵڕەقی نەیارەکانیان بوون، شتێک لەوە کەمتر کوشتەی دەستی سیاسەتی هەڵەی خۆیان بوون.

کورد و فەلەستین بران، با فەلەستینییەکان دوێنێ لەبەر عروبە دڵی کوردیان ڕەنجاندبێت، با هەندێک کورد ئەمڕۆ لەپێناو تاڵە دەزووی وەهمیی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل یان لە داخی بێ هەڵوێستی عەرەب و فەلەستین خۆی لەو باسە نەبات بکات.

وەلێ کورد برای حەماسی توندڕەوی ئیسلامی نییە، هەروەک برای عەرەفاتیش نییە، کورد برای چەوسانەوەیە جا لە منداڵێکی هەڵەبجە بکرێت یان چۆلەکەیەکی غەززە، کورد برای میللەتە بندەستەکانە لە باشوور و دارفۆری سودانەوە تا بە فەلەستینییەکانی غەززە و بەربەرەکانی مەغریب و جەزائیر دەگا و لە قیبتیەکانی میسر و کشمیرییەکانی هند و بلوج و سندییەکانی پاکستان دەگیرسێتەوە.

ئەوانەی لە نێوان حەماس و عەرەفاتدا دابەش دەبن، ئەوانە وا سەیری هەڵوێست لە ڕووداوەکان دەکەن کە یاری نێوان ڕیاڵ و بەرشەیە، کە هەر کەسێک تیپێک هەڵدەبژێرێت!

بەو دەورانە مەخەڵەتێن کە کورد دەسەڵاتێکی هەیە، وەک چۆن حەماس و فەتح بەو دەورانە خەڵەتان کە بوونە خاوەن کانتۆن. با هەمیشە لەبیرمان بێت ئێمە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازین و هێشتا دونیا زۆری ماوە بۆ میللەتە بندەستەکانی وەکو کورد و فەلەستین ڕام ببێت.

کورد و فەلەستین بران لە چەوسانەوەدا، لە وێڵکردنی ڕێی سیاسەتی عەقڵانی و لە تێکەڵبوونی ئایدیۆلۆژیای هاوردەی دەرەوەی ئامانجی سەرەکی بزوتنەوە نیشتمانییەکەیان، بران لە تێکەڵبوونی ئەولەویاتەکانیان، لە زاڵبوونی دروشم و خەیاڵ بەسەر واقیع و تواناکانی بەردەستدا.

کورد و فەلەستین بران لە زۆری کوێخایی سەر سەریان و لە بێ دەربەستی ڕۆژئاوا.

میلەتێک سەربەرز نابێ کە گاڵتەی بە تراژیدیای میلەتێکی تربێت: ئەمە دابی فەلەستینییەکان بوو لە ئاست کورددا و ئەوەش دەبێتە دابی کورد ئەگەر بیر لە تۆڵە بکاتەوە.

چارەسەری فەرامۆش و پشتگوێخستنی کورد لەلایەن ناسیۆنالیستی عەرەب و دڵی ئەو ناسیۆنالیستە کە بزوتنەوەی فەلەستینە، بەوە نابێت ئێمەش زمانیان لێ دەربێنین، کەی ئەمە پیشەی هاوخەمێتییە کە ئێمە شەو و ڕۆژ گلەییمان لە دونیای دڵڕەق و بێدەنگ دەکرد، چونکە نەبوونە هاوخەممان.

فەلەستینییەکان چیان پێدەکرا بۆ ئێمە و ئێمەش چیمان پێدەکرێت کە نەیانکردبێ و نەمان کردبێ؟ بابەتەکە مەسەلەیەکی مۆرالییە. دەنا هیچ میللەتێک میللەتێکی تری پێ ڕزگار ناکرێت.

# کێرفی پەیوەندیی کوردو عەرەب

پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب پەیوەندییەکی ئاڵۆزو پێچاوپێچە.

دوور لە دروشمبازی رەتکردنەوەی هەر جۆرە رەهەندێکی ئیجابی، یان غافڵبوون لەهەر درزێکی سەلبی لە مێژووی پەیوەندییەکاندا، پێویستە ئەم دۆسێیە بە شێنەیی توێژینەوەی تێدابکرێت با تەنانەت هۆکاری پەژارەیی ئەم دوایەی نێوان هەرێمو بەغدا باعیسی دەستبردن بێت بۆ ئەم بابەتە.

پێویستە بگوترێ کە لە هیچ هەلومەرجێکدا نە کورد نە عەرەب بە رەهایی بڕیاردەری جۆری پەیوەندییەکانی خۆیان نەبوون، ئەوەش بەس نییە هۆکارەکە بۆ دراوسێتی جوگرافی بگێڕینەوە، چونکە لە دراوسێتیدا کورد نەتەوەی تریشی دراوسێیەو هەمان شتیش بۆ عەرەب هەر راستە. ئەگەر ئاین هەوێن بێت لەپاڵ کوردو عەرەبدا نەتەوەی دیکەش موسڵمانن‌و ئەمە نەبۆتە مایەی هێنایە کایەی باسوخواسی برایەتی یان دۆستایەتی نێوان عەرەبو ئەوان یان کوردو ئەوان. (لە راستیدا بوون لە چوارچێوەی یەک قەوارەییدا ئەم باسەی هێناوەتە گۆڕێ نەک مێژووی هاوبەش) ئەگەر بگوترێ کورد لە مێژووی ئیسلامیدا خزمەتی هەیەو ئەو خزمەتەش چۆتە جۆگەڵەی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان کوردو عەرەبەوە، دەزانین جگە لە کورد خەڵکی تریش خزمەتی ئیسلامییان کردووە کەچی ئێستا لەگەڵ عەرەبدا بە خوێنی یەکتر تینوون، فارس لە فیکرو فەلسەفەو تەمەدوندا خزمەتی شایانیان هەیەو تورکیش لە دەوڵەت‌و دەسەڵاتدارێتییدا ئیسلامیان تا ناوجەرگەی ئەوروپا برد، کەچی لەگەڵ عەرەبدا بێ کێشەنین، تەنانەت لەسەر خاوەندارێتی ئیسلامیش.

لە راستیدا بوون لە چوارچێوەی یەک قەوارەییدا ئەم باسەی هێناوەتە گۆڕێ نەک ئەو فاکتەرانەی سەرەوە. کە قەوارەی هەردوولای یەکخست ئیتر ئەو هۆکارانە دەستدەدەن وەکو فاکتەر لە پتەوکردنی پەیوەندییەکە، یان بەلارێدا بردنی، تەوزیفی سیاسیی بکرێن، ئەگەر نیەتی سیاسی بۆ ئەوە بێت دۆستایەتی کوردو عەرەب پتەو بکرێت، ئەوا ئەو فاکتەرانە دەتوانێت دەستپێداهێنانێکی دۆستانە بدات بەواقیعی چاکبوونی پەیوەندییەکە. ئەگەریش نییەتی سیاسی بۆ ئەوە بێت لایەنێک، بەزۆری لایەنی زۆرینەی هاوکێشەکە عەرەبە، مافی ئەویتر قووتبدات، ئەوا دیسانەوە ئەو فاکتەرە هاوبەشانەی کوردو عەرەب لە دراوسێتی‌و ئاین‌و مێژووی هاوبەش دەبنە باعیسی حەپەلۆشکردنی مافی کورد، چونکە لێرەدا

شتی هاوبەش دەکرێتە بیانووی نەبوونی جیاوازیو سەرەنجام سڕینەوەی ئەویتر کە کوردە، چونکە گوایە لەگەڵ عەرەب شتەکانیان هاوبەشە!

کوردو عەرەب بندەستی دەوڵەتی عوسمانیلی بوون. کە دەوڵەتە عەرەبییەکان پێکهاتو کورد لە دەوڵەت بێبەشکرا، دووبەشی خاکی کوردستان کەوتە سەر جوگرافیای دوو وڵاتی عەرەبی، سوریاو عیراق، بەم مانایە ئێستا کوردو عەرەب لە دوو وڵاتدا هاوبەشنو ئیمکانی ئەوە هەیە دۆستایەتی یان نەیاریتی خۆیان تاقیبکەنەوە. لەبەرئەوەی کورد لەعیراق ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوان پێکدێننو کوردستانی باشوور لەهی (باشووری بچوک) گەورەترە بۆیە پەیوەندی کوردو عەرەب لە عیراق سەنگی مەحەکە بۆ پەیوەندی هەردوولا لە سوریاش.

جا بێ پێداچوونەوە بەمێژووی زەمانی پادشایی کە فەیسەڵ گیرۆدەی ئوممەی عیراقو زەمانی قاسم کە گیرۆدەی جەمهوریەتی موقەدەس بوو.

کوردو عەرەب لە سەریانە کەندو کۆسپی زەمانی بەعسی لە خۆیان لابدەن بۆ ئەوەی سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکەن، ئەوی ڕۆڵی سەرەکی لەم سەرەتایەدا دەگێڕێت دەستەبژێری سیاسییو ڕووناکبیرییە، دەستەبژێری ڕووناکبیریی کە دەبێت ئەدەبیاتێکی نوێ بخوڵقێنێت کە ناسنامەی عیراقێتی لە تاک ڕەهەندیو عروبە دەرباز بکاتو دەستەبژێری سیاسیی کە بێت کێشە هەڵواسراوەکانی هەردوولا بەڕێوشوێنی دەستووریو تەگبیریی سیاسیی هاوبەشی چارەسەر بکات.

هەرچی بنکەی میللی عەرەبو کوردە ئەوا چاوی لە سەرەوەیە کە ڕەنگرێژی چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی برژێتە جۆگەڵە فراوانەکەوە. ئەگینا میللەتان ئەگەرچی ئاشتیخوازن، بەڵام ئەگەر سەرەکانیان باش بیرنەکەنەوە ئاشتیخوازی دەرەقەتی مەیلی دژایەتی نایات.

# هەڵبژاردنی کوردستان

پابەندبوون بە وادەی هەڵبژاردنەوە هەنگاوێکی چۆنایەتییە لە ڕێی چاکسازی و نوێبوونەوەی پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆیە کە تەئکید لەسەر دوانەخستنی هەڵبژاردن دەکرێتەوە دەبێ بڵێین دۆخی سیاسیی وڵاتەکەمان، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان و ناتەواوییەکان، دۆخێکی تەندروستە.دۆخێکە کە تەڕ وتازەیە وئومێدی تێهەڵچوونەوەی لێدەکرێت.

هەفتەی ڕابردوو لە هەفتانەدا لەسەر کەم مەیلی سیاسەتی کوردی بەلای هەڵبژاردندا هەندێک بیرۆکەم نووسیبوو. بۆ ئەمەش ئاماژەی وەرنەگرتنی تەداروکاتی هەڵبژاردنم بەیەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەو کەم مەیلییە دانا. ئێستا کە بەخۆشحاڵییەوە تەئکید لەسەر پابەندبوون بە وادەی هەڵبژاردنەوە دەکرێت، جێی خۆیەتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدوای وردەکاری وادە، چۆنێتی ڕێکخستن و تەداروکاتی سێیەمین هەڵبژاردنی سەرتاسەریی کوردستانەوە بن لە ئەزموونی حوکمڕانی کوردیدا.

"بە خۆشحاڵییەوە" کە هەڵبژاردن دەکرێت گوزارشتێکی مەبەستدارە، چونکە خۆشحاڵییە بەو ناونیشانانەی دەبنە مایەی پێدانەوەی سەرچاوەی هێز و دەسەڵات بە گەل، ئەمە وەک مەسەلەیەکی پرەنسیپی. هەروەها بە خۆشحاڵییەوە چونکە کوردستان پێویستی بە گۆڕان و نوێبوونەوەیە لە هەموو ئاستەکاندا: لە ئاستی پەرەپێدانی دامەزراوە دەستوورییە هەڵبژێردراوەکان، لە ئاستی گۆڕان لە پێکهاتەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و حکومەت. لە ئاستی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو نەوە لە سیاسەتی کوردیدا، چ هی هەناوی دوو حزبە گەورەکە و چ هی ئەوانەی دەرەوە "ئەحزابەن و ئەفرادەن".

بە بۆچوونی بەندە، گۆڕان و نوێبوونەوە "وشەی نهێنی" وکۆدی چاکسازی کردنە لە حوکمڕانی کوردیدا، بەشی زۆری نەخۆشییەکانی تر ئەعرازی جانبی، یان هۆکاری لاوەکین لەچاو ئەم پرسەدا. چی شتێک هێندەی چاکسازیی ویستی خاسوعامن؟

ڕاستە، دیموکراسیی هەڵبژاردن تاقە دەرکەوتی دیموکراسیی نییە، بەڵام دەرکەوتێکی هەرە گرنگێتی و پایەیەکی قایمی بەدامەزراوەکردنی سیستمی حوکمڕانییە، چونکە هەڵبژاردن هەم بژارێکی دیموکراسییە و هەم کەناڵێکی شەرعی هێمن و نەرم بۆ گۆڕانکاریی فەراهەم دەکات کە ئاسەوارەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسیی، قەوارەی نەتەوەیی کورد نەک هەر خراپ نین، بەڵکو گەلێک ئیجابیشن. فێنکەرەوەی دڵودەروونن.

زیاد لەوەی گەلی کورد شایستەی گەشانەوەی بەردەوامی ڕێوڕەسمەکانی دیموکراسییە، لە وەختێکدا نەیارەکانی تەجروبەی کوردستانیش خواخوایانە کەموکوڕییەکانمان بکەنە دەسکەلا بۆ لەباربردنی پێشکەوتن لە مەسەلەی کورددا، پاشەکشێ لە وادەی هەڵبژاردن و دوودڵی لە گۆڕانکاریی سیاسیی، بیانوویان دەداتێ کە جەنگی مەغلوبەیان لە دژی کورد درێژە پێبدەن وتۆماری تانەوتەشەرەکانیان لێمان تا بنمێچی پرسیارکردن لە دیموکراسیی هەرێم، ببەن. ئەمەش بارێکی جێی شانازیی نییە کە ڕزگاریی کوردستان 13ساڵ پێش ڕزگاری عیراق کەوت.

بۆیە دەکرێ بڵێین پابەندێتیش بە وادەی هەڵبژاردنەوە شتێکە بە تەنیشت پرۆسەی چاکسازییەوە، چونکە یەکێک لە میکانیزمە کاریگەرەکانی گۆڕان، کە هەڵبژاردنە، دەمەزەرد دەکاتەوە.

# ئیزرائیل لەموسڵە نەک ئیسرائیل!

ئەدەبیاتی سیاسی شۆڤێنی لەیەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە، جا لەمۆریتانیا بن یان لەموسڵی ئەولای هەولێرەوە، شۆڤێنییەکان کوڕی یەکە کەڵچەری بەعسیزمن تەنانەت ئەگەر ئەنکێتی ئەندامی حزبی بەعسیشیان پڕنەکردبێتەوە. ئیسرائیل دێوە سامناکەکەی خەیاڵی شۆڤێنییەو لەهەموو خەون و خەیاڵێکیاندا ئامادەو بەکارە، هەرچی قەوماوەو دەقەومێ ئیسرائیلی لەپشتە با لەموسڵیش بێت. مادام کورد لەموسڵ هەیە کەوابێ لۆبی ئیسرائیلی لەموسڵ و لەعیراقدا پێو قەدەمیان هەیە. جا ئەمە رای عەبدولباری عەتوان و سەدام حسێن و ئەسیل نجێفیشە، هەروا رای نورەدین حەیالیشە کە پەرلەمانتاری لیستی تەوافوقە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا.

حەیالی کە نانی دەستووری عیراق و پڕۆسە سیاسییەکەی ئەم وڵاتە دەخوات فەرموویەتی هەوڵێکی ئیسرائیل هەیە بۆ دابەشکردنی پارێزگای نەینەوا، ئەم هەوڵەش لەهەموو عیراق و ناوچە جێناکۆکەکان لەوانەش پارێزگای موسڵ، هەیە! یانی بەگوێرەی قسەی ئەم پەرلەمانتارەبێت ناوچە ناکۆکەکان پڕن لەئیسرائیلی وا کەئیش لەسەر دابەشکردنی موسڵ دەکەن، کاربۆ دابەشکردنی بەشێکی پارێزگایەکی عیراق و لکاندنی بەپارێزگایەکی دیکەی عیراقەوە دەکەن کە لەچوارچێوەی هەرێمێکی عیراقدایە. باشە ئیسرائیلییەکان چین؟ مەساحن، روپێویان بەدەستەو ئیش بۆ شارەوانی هەولێرو دهۆک و موسڵ دەکەن؟ ئیسرائیلییەکان شکڵیان چۆنە؟ بەدەستە دەستە هاتوونەتە مەخمورو شەنگال یان هەر لەتەلئەبیبەوە بەکۆنترۆڵ هەوڵەکەیان سەردەخەن؟ حەیالی هیچ روونکردنەوەی تر نادات و مولزەم نییە مۆنیتەری دوای ئیسرائیلییەکان بێ لەهاتن وچوون و لەجرت و فرتی دابەشکرانی موسڵدا، ئەسڵەن لەبەرئەوەی ئەم قسانە هیچی تر نین جگە لەپڕوپاگەندەیەکی سواو. راستێکەی شۆڤێنییەکان لەهەر جێگەیەک دەستەوەستان بن بەرامبەر کێشەیەک و مەنتیقیان لاواز بێت لەبەرامبەر مەنتیقی بەرامبەرەکەیاندا ئیسرائیلێکی تێ دەترنجێنن، راستێکەی حەیالی ترساوە، بۆیە ئیزرائیلی لەموسڵ کەشۆڤێنییەکانی خۆیانن، لێ بۆتە ئیسرائیل و وەڵڵاهو ئەعلەم.

# بازاڕی لەنگە

بـازاڕی لەنگەکانتـان لە بیـرە؟ ئەوی لەدوای ڕاپەڕیـنەوە هەمـوو شـارەکانی کوردسـتانی داگیرکردبـوو. ئێـستاش هەر مـاوە، بەڵام نەک بەو زەقییـەی جـاران و لە بـازاڕێکی تـایبەتی گەورەتر لە بازارە تازە و پرۆفیشناڵەکان.

بـازاڕی لەنـگە پڕبـوو لە جلی هەمـوو وڵات و کۆمەڵگەکـانی دونیـا، بـۆ هەمـوو تەمەن و هەموو ڕەگەز و هەموو ئارەزووەکان. جـار هەبـوو ئەوی لە بـازاڕی لەنـگە چنگـت دەکەوێت جــوانترە و سەرنجڕاکێــشترە لەوی لە بــازاڕی ئاســاییدا بە نرخێکــی زۆر گــران بەدوایــدا دەگەڕێیت.

دوکانی لەنگەکان هەروا ڕازێنرابوونەوە بە کاڵای وڵاتەکان. دوکـان هەبـوو کـاڵای هەمـوو وڵاتەکانی هەڵواسیبوو، دەتگوت بارەگای (UN) یان یەکێتی ئەوروپایە، بەم شێوەیە سەرەتای ڕاپەڕین سەرەتای دەرکەوتنی عەولەمەبوو بەشێوە لەنگەییەکەی!

جـا ئەگەر بـازاڕی لەنـگەی دوای ڕاپەڕینتـان لەبیـرە باشـتر لەم لێکچوانـدنەی بەنـدە تێـدەگەن. وەختێــک دەڵـێم کوردســتانی دوای ڕاپەڕینــی دووەمــیش، ڕووخــانی ڕژێمــی دیکتاتۆریی، خەریکە دەبێتە بازاڕێکی گەورەی لەنگە بـۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەی هەمـوو دونیا، بۆ ساغکردنەوەی ئەزموون و شێوە ژیان و ئەوی هەمـوو وڵاتـانی دونیـا پێیگەیـشتوون، لە کوردستاندا.

بە هەڵە لێم تێمەگەن، پێموانییە ئێمە دەرەقەتی ئەوە دێین ئەم کوردستانەی دەیان ساڵە تێکۆشـان بـۆ بەسـتنەوەی بە جیهـان دەکرێـت، لەم هەلـومەرجە تێکچـڕژاوە جیهـانییەدا لە دەوروبەری خـۆی دابمـاڵین، ئـێمە خۆمـان دەخـوازین کوردسـتان بەشـێک بێـت لە جیهـانە بەرفراوانەکەی مرۆڤایەتی تا دۆخی هەرێمی زەفەرمان پێنەبات.

هەروا دەشزانم کە دونیا و بەشەکانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی وا پـێکەوە گرێیـان دەدات کە ئیتر زەحمەتە بە تێڕوانینێکی ڕۆمانسییانە لێکیان جیابکەینەوە، بەڵام چیرۆکەکەی من لە شوێنێکی ترە:

هەڵـسانەوەی هەمـوو میللەتێـک لەدوای ڕزگـاری نیـشتمانیی، وێـستگەی بینـاکردنەوە و ئاوەدانی بەدوادا دێت. قسەیەکی زۆر هەیە لەسـەر ئەندازەی ئاوەدانی کوردسـتان لەنێـوان کـاری بـاش و کـاری بێـسەروبەری و گەندەڵیـشدا، بەڵام لە هەمـوو حاڵێکـدا پرۆسـەیەکی بیناکردنەوە هەیە لە وڵات. هەموو دەزانین تەجـرەبەی وڵاتـان لە ئاوەدانی و بینـاکردنەوەی

دوای ڕزگاریدا بەشێکی زۆری ئەکەوێتە ئەستۆی ڕەوەندی دەرەوەی وڵاتەوە کە ئەزموونی خوێندن، دیتنی دونیا و تاقیکردنەوەی وڵاتان، خۆپێگەیاندن و دەوڵەمەندی خۆیان بهێننەوە تا بەشداری بیناکردنەوەی پێبکەن.

گواستنەوەی ئەزموونی ڕەوەندی نەتەوەیی هەر میللەتێک بەشێکە لە چیرۆکی بیناکردنەوە و لێی جیاناکرێتەوە. لەمەشدا شکم لە ڕەوەندی کوردی لە هەندەران نییە، بەڵام ڕەوەندی کوردی تایبەتمەندێتییەکی هەیە جیاواز لە ڕەوەندی میللەتانی تر، ڕەوەندی کوردی بە هەموو دونیادا بڵاوبۆتەوە و ڕەوەندی بەشی زۆری میللەتەکان کە توانیویانە ئەسەر بەسەر بینای وڵاتەکەیانەوە دابنێن، لە باری مێژووییەوە، شوێنی کۆچیان دیاریکراو بووە. بۆیە یەک نموونە، یان چەند نموونەیەکی دیاریکراوی تاقیکردنەوەیان، لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە و لەگەڵ تاقیکردنەوەی وڵاتی خۆیان ئاوێتەیان کردووە.

ڕەوەندی کوردی تەجرەبەی هەموو دونیا دێنێتەوە بۆ دونیا بچووکەکەی خۆی کە کوردستانە، ئینجا بیهێننە بەرچاوی خۆتان ئەوی لە ژاپۆنە و ئەوی لە ئەڵمانیا و ئەوی لە ئەمریکا و کەنەدا و نازانم کوێ و کوێوە دێتەوە، بێگومان لەوێ پێگەییوە، خوێندویەتی و تاقیکردنەوە فێربووە و پێشی خۆشە ئەوە پیادە بکات کە دەیزانێت.

مەسەلەکە بە شۆخی وەرمەگرن: ڕاستە ڕۆژئاوا هەر ڕۆژئاوایە و مۆدێلی خەواجە فەندی لە هەموو وڵاتەکانیا خاڵی هاوبەشی زۆرترە لە خاڵی جیاوازی، بەڵام ناشکرێ کوردستان ببێتە تاقیگەی هەموو تاقیکردنەوەکانی دونیا.

بۆ نموونە ڕێگاوبانمان وەکو هی ئەمریکا، ئەپارتمان و باڵاخانەکانمان لەسەر شێوازی ئەڵمانی، نانخواردنمان وەک سفرەی ئێرانی بڕازێنینەوە، جلوبەرگمان تورکی و کەلوپەلی ناوماڵمان ئیتاڵی بێت. ناکرێ ئیعلاممان وەکو هی بریتانیا و مزگەوتمان چوون مزگەوتی سعوودیە بێت. یان کارگەکانمان بکەینە فەرەنسی و شوێنی گەشتوگوزارمان بەپێی نەخشەی ژاپۆن بێت. ئەگەر هەر ڕەوەندێک دونیای خۆی لە بیرۆکە، لە وەبەرهێنان، لە پرۆژەکاندا بخاتە کار ئێمە چۆن بتوانین هەموو ئەمانە پێکەوە ببەستینەوە و یەک وڵاتی ڕێکوپێکی لێ پێک بێنین؟ کوردستان بەمە دەبێتە بازاڕی لەنگەی هەموو ئەزموونەکانی دونیا. ئاڵای هەموو وڵاتەکانی تێدا دەشەکێتەوە تەنها ئاڵای خۆماڵی تەجرەبەی کورد نەبێت؟ مەگەر شارەزاکانی یەکێتی ئەوروپا بێنین شتێکی نوێمان لێ دروست بکەن کە یۆرۆیەکی نوێی تاقیکردنەوە بێت.

خوشک و برایان! تەجرەبەی هەموو وڵاتێک وەک نەخشەی بنەڕەتی هەر شارێک وایە، ئەگەر نەخشەکە شێوا هەموو تاقیکردنەوەکە دەشێوێ. باجکاری و جوانکاری کەڵکی نابێت. لەسەر نەخشەیەک بگیرسێنەوە.

# هەر ناوی کورد بەدە!

سەیری ململانێی سەختی نێوان سوننە نیشتمانپەروەرە عیراقیە، عروبییە ڕەسەنەکان بکەن لەسەر پۆستێکی لەناوچوو، کە هەموو پۆستێک بۆ فەنابوونە و ئەوی دەمێنێ حاجی قادری کۆیی گوتەنی (هەر ناوە).

سەیری ئەم زنجیرە سیاسەتمەدارە ئازا و بەجەرگە بکەن کە شەڕیانە لەسەر پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، وەک بڵێی خوا خوایان بوو ئەو د.مەحمود مەشهەدانیەی فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەڕشت گوایە کورد و شیعە زوڵمی لێدەکەن، بە پەلە بڕوا و خۆیان جێی بگرنەوە!

پاڵەوانەکانی وەتەنیەت و عروبە و عیراقێتییەکی بێ غلوغەش یەک بینە لە عەممانەوە تا قاهیرە، لە بەغداوە تا بەسرە تا دهۆک شین و واوەیلا و باوکەڕۆیانە بۆ عیراقێک کە کورد و شیعە لە نێوان خۆیاندا دابەشیانکردووە و سیاسەتێکی تایفەگەری و گوایە شۆڤێنی پەیڕەودەکەن. ئەوانە لە دەرەوە دەڵێن حزبە دەسەڵاتدارەکانی عیراق وڵاتیان دابەشکردووە، خەزێنەی دەوڵەتیان بۆ خۆیان قۆرخکردووە گوایە ئەوان خۆیان و سیاسەتەکانیان لەوە بە بەرزتر دەزانن غەرقی گۆماوی تایفەگەریی پەیڕەوکراوی ئێستا بن.

بەڵام دیموکراسیی ئەوەی باشە هەموو لایەک لە مەنگەنەی تاقیکردنەوە دەدات و پەتی ئیدعا و بانگەشەی هەموو لایەک ئاشکرا دەکات. گۆڕینی بەرپرسێک هەموو لایەکی هێنایە سەرخەت.

سەیرکەن یاران ئەمانە چ حەشرێکیان لەسەر پۆستێکی زائیل و فانی بەرپاکرد؟

خەلەف علەییان بە خۆی و تاقمەکەیەوە لە تەوافوق کشانەوە و چش لە عروبەی عیراق، لهێبی و گروپەکەی کشانەوە کە بینیان بازی پۆستەکە لەسەر شانی وی نانیشێتەوە، ساڵح موتڵەگ، کە موجەلەداتی هەیە لە باسکردنی (یەکێتی عیراق و جوداخوازی کورد و سەفەوێتی شیعە) ئەویش هاواری لێ هەڵساوە تا پۆستەکەی بەنسیب بێت.

لیستی عیراقییە کە کەشتی عیراقییە بێ ناسنامە تایفەگەری و نەتەوەگەرییەکانە، ئەویش لە لاوعی خۆیدا پێیوایە ئەو پۆستە قۆرخی سوننەکانە بۆیە لەجێی عەللاوی بە توانا، کە تاوانەکەی ئەوەیە شیعەیە، دێت سوننەیەکی وەکو ئوسامە نجێفی کاندید دەکات کە ئەویش دەرس و دەوری لەسەر عروبەی موسڵ مەشهوری گشت عالەمە.

حزبی ئیسلامیی عیراق که دەبێ لە حزبە عەلمانییەکان زیاتر بزانن دونیا بە پۆست و دائیرە و دەزگایەوە فانییە و پۆستی ڕاستەقینە لە بەهەشتە، ئەویش هەروا بە بزمار و مێخ بەو پۆستەوە نووساوە و دەیەوێ کوردی عەلمانیی و شیعەی مەزهەب جیا دەستی بگرن و پشتیوانی بن.

هەر ناوی کورد بەدە، کە بچووکترین پۆستیش بۆ خۆیان چۆڵ دەبێت شەڕی براکوژی لەسەر دەکەن.

توخوا کێ تایفەگەر و شۆڤێنییە؟

# حزب یان حکومەت؟

دیباجەی پرۆژەکەی بەڕێز مام جەلال دەستنیشانی خەسڵەتەکانی حزبی کوردی کردووە لە قۆناغی داهاتوودا:

-لە باری مێژووییەوە حــزب سەروەری دروستکردنی حکومەتی هەیە.

-حزب جیایە لە حکومەت، ژێرخانی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی پەسەندکراوی خۆیەتی، ژێرخانی حکومەت دەستوور ویاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانە.

-حزب چەندە گەورە بێت لەچاو خەڵک بچووکە، حکومەت بۆ هەموو خەڵکە و هەمووان لە سایەکەیدا دەحەسێتەوە.

-لەبەرئەوە حزب لەجێی دەستوەردان لە حکومەت با:

-خەریکی بەرنامەی هۆشیار کردنەوەبێت.

-لەڕێی نوێنەرەکانییەوە لە حکومەت کاربکات.

-ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان بکات و بیباتەوە

ئەم دەستنیشانکردنانە سەروەری بۆ حزب تۆمار دەکات بەو ئیعتبارەی شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕی مامانی بووە، بەڵام ئیتر داوای لێدەکات ببێتە حزبی خۆ سازدان بۆ هەڵبژاردن تا چیتر لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە شەرعیەتی دیموکراسیی ویاسایی بەدەست بێنێت، بەمەش حزبی کوردی سەرەڕای پێشینە شۆڕشگێڕییەکانی، دەبێتە حزبی هەڵبژاردن و لە مۆدێلە ڕۆژئاواییەکانی حزب نزیک دەبێتەوە کە لە ڕێڕەوی پێکهاتنی حزب لەوێندەرێ یەکسانە بە مێژووی تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی گشتی و پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

جەوهەری چاکسازی لە کوردستان ئەو پرسیارە تەقلیدییە نییە لە حزبەوە دەستپێبکەین یان لە حکومەتەوە؟ دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین ئەم دوو جمگە لە نەشتەرگەرییەکی دەماغدا لێک جیابکەینەوە تا لە جیابوونەوەوە بۆ ئاوێتەبوونێکی تەندروست بگەڕێنەوە.

حزب با تۆماری سەروەری دەوڵەمەندبێت و چاوەڕێی سەرکەوتنی تریشی لێبکرێت، بەڵام سەرەنجام هەر لە سایەی دەستوور ویاسادا دەتوانێت کاریگەر و حزبی ئایندەبێت.

سکرتێری گشتییەکێتی کە سەنگ و پایەی ئەم حزبە و ڕووباری ڕەنج و ماندووبوونەکەی دەناسێ، دەزانێ ئاینده بە قانوونمەندکردنی حزبایەتی و گەڕانەوەی سوپای حزب بۆ بنکەکانی خۆی دێتەدی،یانی بۆ ئەوەی حزب حزبی ئایندە بێت پێویستە

هـەژمـوونی خـۆی، پایـەداری و کاریگـەری خـۆی لـە جومگـە سیاسـییە سـەرەکییـەکانـدا چڕبکاتەوە.

پانبوونەوەی ئێستاکانێ پچڕان و پسان و بە هەدەردانی وزەی بەدواوەیە، سیاسەتیش کە هونـەری ئیـدارەدانی وزە و تواناکانی بـەردەسـتە کاریگـەرنابێت، ئـەگـەر لـە پوختکردنـەوە و لەبەرگرتنەوەی خودی کەرەستە و ئیمکانیاتەکانەوە دەست پێ نەکات؟

چـۆن چـاوەڕێ بـین حـزب بـەفیرۆدانـی بێمانـای سـامان و کـات و وزەی وڵات چارەسەربکات کە خۆی لە پێشدا کۆنەکاتەوە و لە بانوپۆڕی دەربازی نەبێت؟

لەجێی ئەوەی حزب مژوڵی بابەتە ڕۆژانییەکانی دەستوەردان بێت لـە کـاری حکومـەت و لە جێی حکومـەت حکومـەت بێت، با وزەی خـۆی لـە جۆشـدانی خـەڵک و ڕوونکردنـەوەی بەرنامە و سیاسەتەکەی و بەدەستهێنانی پشتگیرییان لە هەڵبـژاردن و دیموکراسییدا خـەرج بکات.

# ديموكراسيى (يابسه)

ئەگەر هاوبەشەكانى كورد لە عيراق دەيانەوێ ديموكراسييەكى سەرتاسەريى بەناوى ماف بە كورد بفرۆشنەوە ئەوا شمەكێكى كۆن و بەسەرچوو دەخەنە بازاڕەوە و سەرەنجام ناتوانن لە بازاڕى سياسەتى كوردستانيدا ساغى بكەنەوە. پێش ئەوان لە شوێنى تر ديموكراسيى سەرتاسەريى تاقيكرايەوە و نەيتوانى مەسەلە نەتەوەييەكانييەكەى دەوڵەتە ديموكراسييە خاوەن كۆمەڵگە فرەييەكانى گرتووە، چارەسەر بكات.

لەم ماوەيەدا لەگەڵ دۆستێكى شيعە لە بەغدا گفتوگۆيەكى چڕمان كرد دەربارەى مشتومڕ و شەڕى نێوان هەرێم و حكومەتى ئيتحاديى. ڕاى ئەو خۆى لێى بەرپرسە و ئەمانەتى دانيشتنەكە دەپارێزم، لێ ڕاى خۆم پێ وت: يەكێتى عيراق بێ ديموكراسيى چارەى نابێ و ديموكراسيى عيراقيش بێ فيدراڵى پايەدار نابێ. ئەگەريش فيدراڵى عيراقيش كلكوگوێ كرا ئەوا فيدراڵى و ديموكراسيى عيراقيش دەبنە فيدراڵييەكى درۆيينە، چوون ئەوەى لە بالكان و لە كۆمارەكانى سۆڤێتى پێشوودا هەبوو. لەم حاڵەدا باوەڕناكەم كورد چيتر تاقەتى ئەوەى دەبێ (بعد خراب البصره) دەست بە خەبات بۆ فيدراڵى ڕاستەقينە بكات هاوشێوەى ئەوەى دەورانێك خەباتى بۆ ئۆتۆنۆمى ڕاستەقينە كرد. لەو حاڵەدا دۆخەكە بۆ ئەوە دەڕوات بە ناچارى "عيراق" لە كوردستان جيابكرێتەوە و (كفى الله المؤمنين شر القتال).

هاوگفتوگۆكەم بە نموونە زياتر قەناعەتى دەهێنا: ئەنجەتى من ئەوەيە كە ديموكراسيى عيراق ناگاتە ناوقەدى ديموكراسيى جێگيربووى توركيا، كەچى ئەوى توركياش بەدەردى مەسەلەى كوردى نەخوارد.يانى ئيتر كە ديموكراسيى عيراق تازە لە دايكبووە و زەمەنێكى زۆرترى دەوێت تا چوون ئەوەى توركيا ببێتە خاوەن دابوڕەسمى خۆى، بۆچى پێتان وايە ئەو خەيارە تاكە خەيارى چارەسەرى كێشەكانى عيراق و دەرمانى هەموو دەردەكانە؟

لە عيراق دۆخەكە باش نييە، نەك دۆخە ئەمنييە مەيدانييەكە، نەك دۆخە سياسييە هەنووكەييەكەى نێوان گروپە سياسييەكان. ئەمنيەت چەند هەڵايسێ دواجار هەر دەگيرسێتەوە، فراكسيۆنە سياسييەكان چەند لێك زيزبن ميكانيزمێك ململانێكانيان دامەزراو دەكات، بەڵكو مەبەستم لە دۆخە نە باشەكەى عيراق ئەوەيە دەستەبژێرى عەرەبى لە عيراق بەڕێى هەمان بيركردنەوەى باوى نەتەوە سەردەستەكانى ناوچەكەدا دەڕۆن گوايە پرسى هاوڵاتيبوون و ديموكراسيى بابەتە نەتەوەييەكان چارە دەكات.

ڕاستییەکەی عیراقی دەورانی پادشایی هەتا پادشا مابوو هەر خەفەتی لە دەردی کرمانجان دەخوارد، پادشا ڕۆیی و گەدا کوردەکان هەر وا بێ چارە ماونەتەوە. تێڕوانینی باو وادەزانێ کورد خواسەری لێ تێکداوە کە دیموکراسیی و فەردانیەت و هاوولاتیبوون ڕەتدەکاتەوە ئەمەش چەمانەوەی ڕاستییە، دەنا کورد ناخوازێ دیموکراسیی و فەردانیەت و هاوڵاتیبوون بسرێتەوە، بەڵکو دەخوازێت دیموکراسیی عیراقی لە دیموکراسییەکی ساکارەوە بکاتە دیموکراسییەکی ئاڵۆزکاو. تێکەڵەیەک لە دیموکراسیی تاکەکان و دیموکراسیی گروپەکان. ئەمەش ناوەڕۆکی دیموکراسیی تەوافوقییە. دیموکراسیی تەوافوقیی نە موحاسەسەیە، نە ڕێککەوتنی ژێرپەردەی گروپەکان و نە سوڵحی عەشایەرییە. ئەمە بابێکی موستەقیلە لە خەرجییەکانی دەوڵەتی خاوەن دیموکراسیی گەشەکردوودا. دیموکراسیی پێکهاتە ئاڵۆز جێی دیموکراسی ساکار بگرێتەوە. لەبەرئەوە بەم پێوەدانگە هەر کەسێک بڵێ کورد عیراق ئاڵۆز دەکات راستدەکات. ئێمە نامانەوێت عیراق وڵاتێکی سادەوساکار بێت. هی وا بۆ وڵاتەیەک رەنگەکان باشە.

سەیری تورکیای (دراوسێی) کورد و عەرەبی عیراق بکەن: لەوێ هاوڵاتیبوون، دیموکراسیی و گەشەی ئابووریش بوونەتە تایتڵی گوایە چارەسەری گرفتی کورد، لێ ئەم سێ ناونیشانە هەر بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکی بنەڕەتی کێشەکە بەکار دەبرێت: کێشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ هەیە کە دەبێ بە دۆسێیەکی جیا سەیری بکرێت و ئەو کاتە تێکەڵی دیموکراسیی سەرتاسەریی بکرێت کە دیموکراسییەکە لە باریدا بێت ببێتە دیموکراسییەکی مورەکەب، نەک وەک ئێستا کە دیموکراسییەکی سادە و ساکارە. هەر بە عەرەبییەکەی پێم وت ئەمە دیموکراسییابسەیە، دیموکراسیی قۆزی عەلی تمەن خۆشە!

مافی گروپەکان تێکەڵە لەگەڵ مافی تاکە کەسەکان لە کۆمەڵگە ئینتیقالییەکاندا. بۆیە بە شەرمی نازانم کورد بە عیراقییەکان بڵێت بەڵێ ئێمە نەتەوەیین و نەتەوەیی بوونیش تەواو جیاوازە لە سیاسەتی (عیرقی و موحاسەسە) کە زوو زوو ئێمەی پێ تاوانبار دەکرێت، بەڵکە تاوانی عیرقی بوونی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەست بۆ شاردنەوەی عروبە بوونی زۆرینەی عەرەبە کە لە میکانیزمی دیموکراسیی ساکار و دیموکراسیی تەوافوقیشدا پێویستیان بە عروبە نییە تا لە هەڕەشەی کورد بیانپارێزێ، ئەمە دیوی عەرەبی پرسەکە بوو لە بەغدا.

لەم دیوی حەمرینیش دۆخ باش نییە، بیرکردنەوەی دەستەبژێری کوردیش بیرکردنەوەیەکی ساکارە، لە بچووکترین تەنگژەدا تێدەکەوێت.

تێدەکەوێت بە دوو ئاڕاستە:

ئاڕاستەیەک لە نیوەی ڕێ دەگەڕێتەوە، چونکە "لەگەڵ ئەمانە فایدەی نییە"

ئاڕاستەیەکیش تا نیوەی ڕێ ڕۆیشتووە و پێچاوپێچەکانی سیاسەت و چارەسەری پێ ناناسرێتەوە.

باشە چارەسەرێکی مامناوەندی و ڕێگایەکی سێیەم نییە بۆ بیرکردنەوە؟

# راپەڕینی بەهار یان بەهاری راپەڕین؟

هەندێک ئاماژەو دەربڕین بەهەڵە بڵاودەبنەوەو ئیتر چەندی لەسەر بڵێی پێت راست نابێتەوە چونکە ئەوە وەک (الغلط الشائع)ی لێ دێ کەبەهەزار راستی ئیحتواکراو نایەتەوە سەربار.

یەک لەو دەستەواژانەی بوونە هەڵەی باو دەستەواژەی (راپەڕینی بەهاری 1991ی گەلەکەمانە). لەکاتێکدا راپەڕین لە 5ی ئادار لەدەروازەی راپەڕین دەستی پێکردو لە 21-ی ئاداری رزگارکردنی قودسی کوردستان تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا.

نۆ رۆژی دوایی تا کۆڕەوەکە راستە بەهار بوو ئەمما بەهاری ئازادی بوو نەک بەهاری هەڵمەتبردن بۆ راپەڕین. بەهاری هەوڵدان بوو بۆ پاراستنی ناوچە رزگارکراوەکانی راپەڕین نەک بەهاری هێرش بردن بۆ هەڵکوتانە سەر ناوچەی تر، بەپێچەوانەوە دەکرێ بڵێین شکستی کاتی راپەڕین لەوەرزی بەهاردا بوو.

بەواتایەکی تر ئێمە لەئاخرو ئۆخری وەرزی زستاندا بەهاری هەڵمەتی راپەڕینمان دەست پێکردو لەسەرەتای وەرزی بەهاردا زستانی شکستی کاتی راپەڕینمان تووش هات.

بەندە بۆ چارەسەری ئەو هەڵە باوە دەڵێم مادامەکی شوکر هێشتا خەڵکیو خوێنەران بەقسەی نووسەرەکانمان دەکەن پێشنیاز دەکەم لەمەودوا لەنووسینەکانی راپەڕیندا بنووسن بەهاری راپەڕینی 1991لەجیاتی راپەڕینی بەهاری 1991.

ئەم چارەسەرە ناوەنجییە هیچی تێناچێ جگە لەپاشو پێشکردنی دەستەواژەکە.

کەوابێ بەهاری راپەڕینی 1991تان پیرۆزبێ!

# ڕەخنە لەناو کایەکەوە

چاودێری لێدوانەکانی ئەم دواییەی بەڕێز مام جەلال لەزنجیرە کۆبوونەکانی ئەم دواییەی بکەن هەمووی ڕەخنەیە لە پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان و عیراق، ئاماژەدانە بەوەی دەسکەوتەکانمان دەڵەمەن عیراق ڕێی زۆری لەپێشەوە وکوردستانیش هێشتا خەباتەکەی کۆتایی نەهاتووە.

بۆچی ئەم ڕەخنانە نابنە مایەی شڵەژانی دۆخی سیاسیی وڵات و نابنە مایەی تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییە سیاسییەکان، بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان و عیراق نا شەمزێنن و ورەی هاووڵاتیان ناهێننە خوارەوە؟ لەوەش گرنگتر بۆچی ئەم ڕەخنانە خەڵک ڕادەچڵەکێنن بێ ئەوەی لە ئاستی شەخسیدا کەس ئیستفزاز بکەن؟

بەڕای من هۆکارەکەی دووشتە: زمانی ڕەخنەکە زمانێکی ڕووخێنەر نییە، دووەمیش ڕەخنەکە کەسێک دەیگرێت کە خۆی لە کایەکەدا ماوە و کاردەکات، جا ئیتر با باسی ئیعتباری مەعنەوی مام جەلال وەک سەرکردە و سەرکۆماریش لەولاوە بووەستێ.

* زمانی ڕەخنەکە روون و ئاشکرایە، زمانی گوڵەکەیە، ڕەخنەکە بۆ ڕووخان و بێ هومێدکردن نییە، بەڵکو بۆ ڕاچەنین و هەڵوێستە لەسەرکردن، شرۆڤەکردنی هۆکاری کەموکوڕی و کێشەکانە، ئینجا هاندانی چارەسەر و چاکسازییە، نە ڕەخنەکە ئەژنۆشکێنە و نە تێزی چارەسەری پێشنیازکراویش وا ڕایکاڵ و ئایدیالییە کە جێبەجێکردنی زەحمەت بێتە بەرچاو، هەر پرۆژەیەک ئایدیالی بێت هەڵگترنی بەردی گەورەی بێ نیازی هاویشتنە کە ئیتر خەڵک لە پیادەکردنی بێ ئومێد دەبێت.

* هۆکاری ئەوە دیارە، چونکە نەفەسەکە نەفەسێکی چاکسازییە، نەفەسی چاکسازی کۆی بیناکەی پێ خراپ نییە، بەڵام بە شێنەیی و لەسەرخۆ جوانکاری و گۆڕانکاریی بنەڕەتی تێدا دەکات

ناسنامەی ڕەخنەگرەکەش دیارە، کەسێکە خۆی لە کایەکەدایە و دەستکەوت کەڵەکە دەکات، لە ڕێڕەوی بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەشدا کەموکوڕی دەبینێ. دوو دەفتەری لە زهیندایە، دەفتەری ئەجێندای کارەکان و دەفتەری نووسینەوەی تێبینی و کەموکوڕییەکان.

ئەمەش خویی تێکۆشەرە رەسەنەکانە: لە گۆڕەپانی کار و لە گۆڕەپانی ڕەخنەشن. نەکارەکان پەک دەخەن و نە بە کەماڵی دەخوێننەوە، چاویان بۆ ڕەخنە تیژە و ئیرادەشیان بۆ کاری بەردەوام ئیرادەیەکی کۆڵنەدەرانەیە.

کوردستان و عیراق پڕن لە خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی ڕێی ئاواتە نەتەوەیی ودیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ویستە بۆ تێکۆشان ئیرادەی کۆڵنەدانی گەرەکە.

تێکۆشان بەتەنیا بەس نییە، چاوی ڕەخنەگرانەش گرنگە، ئەگەر بازووی تێکۆشان و چاوی ڕەخنەگرتن ئاوێتە بن "کۆڵنەدان" دەبێتە دینگەیەکی قایمی کۆششی سیاسیی.

لە زهینی گشتیدا تێکۆشان و کۆڵنەدان هاوتای یەکترین، بەڵام تێکۆشان هەوڵێکە زۆر کەوس دەیکات، هەیە کۆڵدەدا و هیلاک دەبێ، هەیە ماندبوو بوون ناناسێ و کۆڵ نادات، چونکە دەستکەوتەکان فریوی نادەن و کەموکورییەکانیش ئەژنۆی ناشکێنن.

# خۆی شەمع و خەڵک پەروانە

ئەگەر سیاسەتی نوێ پەیڕەو دەکرێت دەگوترێ تا چەند دەموچاوێک نەگۆڕێ ئەم ئیشە لە بنەڕەتەوە فشەیە، کە چەند دەموچاوێک دەگۆڕدرێت دەگوترێ گۆڕانی دەموچاوەکان گۆڕانێکی ڕووکەشانەیە، بۆ بەنگ کردنی خەڵکە تا داوای گۆڕینی سیاسەتەکان نەکرێت.

کە باسی گۆڕانکاریی لە پێگەی بەرپرسەکان دەکرێت و پێشنیازی ئاڵوگۆڕی چەند دەستەیەک دێتە پێشەوە باسی مەتەڵی "کەچەڵ حەسەن و حەسەن کەچەڵ دەکرێت". کە قسە لەسەر گۆڕانی حزب دێتە پێشەوە دەڵێن گۆڕان لە حکومەت بنچینەیە، چونکە حکومەت دەسەڵاتی شەرعییە کە گۆڕان لە حکومەت دێتە رۆژەڤی کار دەڵێن ئەسڵی بەڵاکە حزبە و حزب مەرجەعە و ناوەندی دەسەڵاتە. کە پرۆسەی جیاکردنەوەی حزب و حکومەت دەخەمڵێ دەگوترێ جا نیوەی حکومەت لای خۆمان نییە و نیوەکەی تریش ماقووڵە لە زۆرینەی حزبی خۆمان بێتە دەرەوە؟

مەعلومە ئەگەر دروشمی گۆڕان لە حزب و لە حکومەت، لە سیاسەت و دەموچاو بێتە پێشەوە دەڵێن هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە!

*ئەگەر پۆستێک دەدرێتە ئەولا ئەملا زویردەبێ، ئەگەر ئەملا قەرەبوو دەکرێتەوە دەڵێن ئەمە بۆ کڕین و بێدەنگ کردنە، ئەگەر هاوسەنگی لە نێوان ئەملا و ئەولا دەکرێت ئێژن "سیاسەتی دڵزاری کردن تاکەی؟ ئەم بەلایە حزبەکەمانی گەندەڵ کردووە"

کە بارەکە لاسەنگ دەکرێت دەگوترێ دادپەروەری لە دابەشکردنی ئەرکەکاندا نییە، ئەگەر ئەملا بە ناوی دیموکراسییەوە چی نەشێ دەیکا و دەیڵێ، نابێ ڕێگەی لێبگیرێ. کە ئەولا، وەڵامێک دەداتەوە دەڵێن تەحەمولی ڕەخنە ناکەن، کە وەڵام ناداتەوە یان دەڵێن مەنتیقی لاوازە بۆیە وەڵامی پێ نییە، یان دەڵێن لە خۆی ناگرێ و شەفاف نییە، ئەملا وەڵامی ئەولا نەداتەوە. ئەولاش هەروا بکاتەوە هی ئەولای ئەولاترەوە تێهەڵدەچنەوە (بێدەنگی کوشتمانی)!

*کە مام جەلال خۆی لە کایەکەیە دەڵێن هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، دوور دەکەوێتەوە دەڵێن دوورە و دەسەڵاتی بە کەس نەداوە، کە دەسەڵات بە دەستەیەک دەدا ئەوانی تر عاجز دەبن و دەڵێن لە بەغدا چی دەکات با بێتەوە؟ کە دێتەوە جەماعەتی ئەولا دەڵێن دەسەڵاتی لێوەرگرتینەوە و نەیهێشت کارەکان بکەین.

که دەستپێشخەری دەخاتە دەست "هەردوولا و هەر سێ لا و هەموو لا" دەڵێن لە بەغدا شیعە و سوننە ئاشتدەکاتەوە کەچی نایەتەوە ئێمە ئاشتبکاتەوە.

که دێتە ناو وردەکارییەوە دەڵێن سەرکۆمار هەقی بەسەر کۆمیتە و مەڵبەندەکانەوە چییە. وێجا دەسەڵاتی داوەتە جێگرەکانی کە دەستپێبکەن هەندێک دەڵێن درەنگە و تازە فایدەی نییە و هی تر دەڵێ جەنابی بە قورسایی خۆی لێرە نەبێ هەر شتێک بکرێت بێ ئاکامە.

* بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکانە کادیری خوارەوە ڕابماڵن دەڵێن سەرەوە دەرباز بوو و خوارەوە بەردەباز دەرچوو، هەموو مەکتەبی سیاسیش بگۆڕن و سەرکردایەتییەکی نوێی گەنج لە کچان و کوڕان دابنرێت دەڵێن ئەم حزبە ڕەسەنەیان دایە دەست ئەم دەستوپێ سپیانە و ڕیش سپییەکی تێدانەماوە، هیچ نا کرێت تا لە کۆنگرە بڕیار دەدرێت دەڵێن بێ تەگبیر و تەوافوق چۆن کۆنگرە دەکرێت؟ کە کۆنگرە دوا دەخرێت هەن دەڵێن هەر گۆڕانێک بکرێت هەڵەیە، چونکە گۆڕان لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە.

دەزانی بۆ ئەم بەزمە ڕوودەدات؟ چونکە کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە و هەرکەسە و خۆی بە مەرجەع و ئەوانی تر بە پەیڕەوانی تەریقەت دەزانێ، یانی خۆی شەمع و هەموو ئەوانی تریش پەروانە!

# جیاكردنەوەی حزب و حكومەت

پرۆژەكەی مام جەلال لەناو حزبەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام پرۆژەیەكی تەواو دەوڵەتییە پـرۆژەیـەكـە سـەروەری مێژوویـی حـزب دەپارێزێت، بـەڵام حـزبیش ئـەباتـەوە نـاو بنكـە ڕاستەقینەكانی خۆیەوە، لەجێی ئەوەی دەزگایەك بێت لە سەرووی دەوڵەتەوە دەیباتـەوە نـاو جـەمـاوەر و دەیكاتـە چـاودێر بـەسـەر حكومـەتـەوە، بـەمـەش وەزیفـەی حـزب لـە كۆمـەڵێكی مەدەنیدا جێبەجێ دەبێت:

*لە وێستگەی هەڵبژاردن لەڕێی هەڵبژاردنەكانەوە باشترین نوێنـەرەكانی خـۆی دەنێرێتـە دەزگا باڵاكانی دەوڵەتەوە، ئیتر ئەوان دید و بەرنامەی حزبەكە جێبەجێ دەكەن.

-لە وێستگە ئاساییەكاندا وەك ڕێكخراوی كۆمەڵی مەدەنی چاودێری ئەدائی حكومەت و ئەدائی نوێنـەرەكانی حـزب لـە حكومـەت دەكات و دەزگاكانی سـەرووی خـۆی لـێ ئاگـادار دەكاتەوە.

بـەمـەش پـەیـوەندییـەكـە هاوتـەریـب نابێـت (كۆمیتـە لـەگـەڵ ناحیـە، مـەڵبـەنـد لـەگـەڵ قایمقامیـەت...هتـد)، بـەڵكـو (كۆمیتـە لـەگـەڵ مـەڵبـەنـد، مـەڵبـەنـد لـەگـەڵ مـەكتـەبـەكـان و سەركردایەتی) دەبێت.

ئـەمـە سـەرەتایـەكـی گرنگـە بـۆ جیاكردنـەوەی تێكـئـاڵانی حـزب و حكومـەت لـە هـەمـوو ئاستەكاندا.

پایەداركردنی دەوڵەتداریتی ئامانجی نایابی پرۆژەكەی مام جـەلالـە، لـە پاڵیـشیدا ئامـانجی دیكەش هەن، كە بۆ حزب پلەی یەكەمن، بەڵام لەچاو ئەوی حكومەت كـە پـەیـوەنـدی بـە ژیانی كۆمەڵ و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیە، سەرەكی نین.

بـەمـەش حكومـەت، كـە پایـەدار و دەسـتواڵایە، لـەبـەردەم لێپرسینەوەیـەكـی قـوڵتردا دەبێـت، حـزبیش كـە دەسـتبەرداری دەسـتوەردان بـوو هـەم دەپرژێتـە سـەر سیاسـەتـی خـۆی و هـەمـیش تووشـی بـەریـەككـەوتـن نابێـت لـەگـەڵ جـەمـاوەردا كـە بـەرپرسیاری دەكەن لە هەر مەیلێكی بیروكراتی دەوڵەتی، بەپێچەوانەوە حزب گوێی لـە ترپـەی دڵـی جەماوەر دەبێ، كاری حكومـەت هـەڵدەسـەنگێنێ و لـەڕێی دامـودەزگاكانی سـەرەوەی هـەوڵی چـاككردنی دەدات. دەوڵـەتـیش لـەبـەردەم چـاودێرێكی سیاسـی چـاوتیژدا، بـەو دەسـتواڵاییەی دەسـتوور و یاسـا و واقیعـی پرۆسـەی چاكسازی پێـی داوە، لـە سـەرێتـی ئەدائی خۆی باشبكا.

پایەدارکردنی دەوڵەتداریتی لە کۆمەڵگەیەکی فەزا حزبیدا بە هەوڵێکی زەحمەت و نامۆ دێتە بەرچاو، بۆیە هەردەبێ لەلایەن سکرتێری گشتی ڕێبەری بکرێت، کەس ناتوانێت موزایەدەی حزبی بەسەر ئەوەوە بکات.

لەبەر ئەوە پرۆژەکە پاڵنەری بەهێزیشی هەیە کە هێزی مام جەلال، هێزی سکرتێری گشتی و تەجرەبەی مۆدێلی عیراقی نوێشی پێیە کە مۆدێلێکە دەخوازێت دەستوور بکاتە کۆمبەسی کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکان، بە کۆک و بە ناکۆکەوە.

بێگومان ئەم واقیعە نوێیە کە دەستوور، یاسا و دەوڵەتداریتی دەکاتە سەروەر لەگەڵ مێژووی حزبایەتی و سەروەری حزب وەک سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسیی (هی کوردایەتی و هی تەیاری دیموکراتیزەکردنی عیراق) ناکۆک نییە، چونکە دەستوور و یاسا و دەوڵەتداریتی نوێ خۆی بەرهەمی خەباتی حزب و بزووتنەوە سیاسییەکەیە.

کەس هەیە لەگەڵ بەری ڕەنجی خۆی بکەوێتە شەڕەوە؟

# دەبوایە شێری کورد نەڕەی بێت

لە عیراقــدا هێــزی کوردســتانیی لە دوو گرووپــدا ڕێکخــراون، بەشــێکیان لەهێــزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەڕەسمی عائیدی هەردوو (فەرماندەیی و لەشکر)ی هەردوولا و عائیدی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانن و تێکڕاشیان سەربە هێزەکانی پاراستنی هەرێمــن. بەشــەکەی تریــشیان لەنـاو سـوپای عیـراق و پێکهـاتە جیاجیاکانیـدا ڕێکخـراون، شـۆڤێنییەکان بەمەبەسـتەوە ئەم دوو هێـزە تـێکەڵ دەکەن بـۆ ئەوەی بڵـێن کـورد مەیلـی فراوانخـوازیی هەیە. بەم مانـایە دەسـتەی دووەم هێـزی عیـراقین وەک تێکـڕای یەکەکـانی عیراق بۆیان هەیە لە هەموو جێیەکی عیراقدا سەرباز بن، بوونیـان هەبێ و ئۆپەراسیۆنەکان جێبەجێبکەن.

لە شەڕی فەللوجەدا عەرەب هەڵڵایان نایەوە لە دژی کوردی نـاو سوپای عیـراق گوایە پێشمەرگەن هاتوون، لە پاراستنی بەغدادا داوای هێزی کوردی ناو سوپای عیراقی کرد کەچی میلیشیاکانی شیعە دژی ئەم ڕۆڵە پارێزگارییە وەستانەوە. پێشمەرگە گەڕایەوە، بەڵام (پەلامــاری) میــدیای شــۆڤێنییەکان هەر نەوەســتا. لەهەمــوو بــۆنە و دەرکەوتنێکــدا سەرهەڵدەداتەوە.

باشە کورد بۆچی لە سوپای عیـراقە ئەگەر بـۆ ئەوە نەبێـت داکۆکی لە قەوارەی عیراقی فیدراڵی و دەستووری وڵات نەکات؟

لەبەر ئەوە ئەو دوودڵییەی کورد زۆر هەڵەیە کە لە هەموو شەڕێکی بەرەنگاری تیـرۆردا دەڵێن کورد و پێشمەرگە بەشداری ناکات.

جا بۆچی بەشداری نەکات؟ بۆچی کورد لە (نەڕەی شێر)ی موسڵدا بەشدارنەبێت؟

کــێ گــوێی لە شــکاتەکانی ئوســامە نجێفــی پەرلەمانتــاری موســڵ بــوو لای مــالکی؟ شـۆڤێنییەکان دژی ئەوەش بـوون کە کـورد بە هەڵبـژاردن مەجلـسی موسڵیـشی بـردۆتەوە. مـالکیش یەک بیـنە ڕەخـنەی لێدەگرتن کە خۆتـان وەکـو سـوننە بەشـداریی هەڵبژاردنتـان نەکردووە وئەو هەڵەیە قەوما. جا کە ئێمە لەوێ نەبووین بزانم چۆن زەممـان دەکەن؟ بـۆیە دەبێ لەوێ بین.

(شێر)ی کورد بۆ لە ڕێوییەکانی موسڵ لە پەرلەمـانی عیـراق دەترسێت؟ تا کەی ئێمە شەرم دەکەین لە تیرۆریستان و شۆڤێنییەکانی موسڵ و سەدر و فەللوجە؟ ئاوەها مەخمور و سەنجار وەردەگرینەوە؟

# دەورانی زەرقاوی

لە ناوبردنی زەرقاوی گەورە تیرۆریستی ڕێکخراوی قاعیدە سەرباسی میدیاکانی جیهان‌و باسوخواسی نێوەندە سیاسیی‌و سەربازییەکانی بەرەی دژە تیرۆرە لە عیراق‌و لە تەواوی جیهاندا. مژدەیەکی خۆش بوو بۆ هەموو ئەوانەی ململانێیان لەگەڵ تیرۆردا لەسەر خاکی عیراق چڕبۆتەوە، بەڵام موژدەی نەمانی زەرقاوی پێش هەموو شتێک موژدەیەکی کوردستانییە. پێش عیراقییەکانی تر، پێش حکومەتی ئوردن‌و تەنانەت سەرۆک بوشش کوردستانییان هەقی خۆیانە دڵیان ئۆخەی بکات، چونکە ئەم بچمە ناشیرینە ماوەیەکی زۆر سیمای ئازادی کوردستانی شێواندبوو، لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکەی ئەنساری ئیسلام هەماهەنگی هەبوو، لە وەختێکدا کوردان لە تێکوشاندا بوون بۆ نەهێشتنی تەعریب لە ناوچەکانی تەماسی کوردستانی ڕزگار لەگەڵ هێزەکانی بەعسدا، لە کاتێکدا کورد چاوی لەوە بوو کەرکوک‌و خانەقین‌و شەنگار بخاتەوە سەر کوردستان‌و ئیستبدادی بەعس‌و شۆڤینیزمی عەرەبیمان لە کۆڵ ببێتەوە. زەرقاوی‌و تیرۆریستە هاوکارەکانی دەیانویست لە سەروەی کوردستانی ئازادەوە، لە چیا سەرکەشەکانی هەورامان‌و شارەزوورەوە تەعریب لە بەرگی تیرۆری ئیسلامیی توندڕەودا بهێننەوە وڵات. ئەو سەر سنوورە سەختەی هەورامان کە بەرگەی تەوژمە داگیرکارییە یەک لە دواییەکانی مێژووی گرتبوو و هەموو شەپۆڵە فەرهەنگییەکانی ملکەچی خەسڵەتە کوردستانییەکانی خۆی کردبوو، ببووە ئامانج بۆ ڕێکخراوی قاعیدەو زەرقاوی‌و دیانویست لە ڕێی پشتیوانی تاقمی ئەنسارەوە ئەمارەتێکی ئیسلامی ئەوتۆ دابمەزرێنن کە گویز بە سیواک بگۆڕێتەوەو کوردەواری بکاتە ئەفغانستانێکی داماو بەدەست زەرقاوییەوە.

لە وەختێکدا کوردستانی ئازاد لەپێش ڕوخانی سەدام باوەشی بۆ ئاوارەکانی ژێر دەستی تەعریب‌و ڕاگوێزانی بەعس دەکردەوە. قاعیدەو زەرقاوی‌و ڕێکخراوی ئەنساری هاوشێوەیان کوردیان لە تەویلەو بیارەوە ئاوارە دەکردو وەک ئەنفالەکانی بەعس کوشتاری خێڵی حەمەیان بە دیاری بۆ دەهێناین‌و بە غەدریش شەوکەتی حاجی موشیریان شەهید دەکرد. ئەم تەعریبەیان ناو دەنا "جیهاد"و دەیانویست کوردیش ئەشهەدومابیلای بۆ بکات.

ئەگەر ئەمڕۆ هەموو کەسێک کە دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردبێ شانازی بەوەوە دەکات کە لە شەڕی دژە زەرقاوی‌و دژە تیرۆردا سەهمی هەیەو لەوەشدا هەقی خۆیانە،

ئەوا کورد لە قوربانییە سەرەتاییەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی قاعیدەیە ئەو دەمەی بن لادن لە ئەفغانستان جێی پێ لەق کراو زەرقاوییان نارده کوردستانو عیراق تا لەوێوە تێهەڵبچنەوە.

هەروەک سەرکردایەتی کورد لە سەرەتاوە هاوپەیوەندی نێوان زەرقاوی (قاعیدە)و ئەنساری ئاشکرا کرد، ئەو دەمە زانیاریو فاکتە بە هێزەکانی کورد بە گومانەوە لێی دەڕوانرا گوایە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو کورد دەخوازن فایلی ئەنساری ئیسلام گەورە بکەنو بەسەرە داوێک بە قاعیدەوە ببەستنەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە ناوبردنی زەرقاوی بۆنەیەکی باش بوو کە پێداچوونەوەیەکی دیکۆمنتاری بە هەلومەرجی هاتنی زەرقاوی بۆ عیراق بکرێتو ئەو رۆڵە تێکدەرانە باسبکرێت کە گەورە تیرۆریستی قاعیدە لە کوردستاندا گێراویەتی. بێگومان ئەوە دەرفەتیش بوو بۆ پێداچوونەوەو سەلماندنی روونکردنەوەو بانگەشەکانی کورد لە دژی ئەنسارو زەرقاویو بن لادن. بۆیە خەڵکی کوردستان لە پێشەوەی ئەو لایەنانە دەبن کە ئۆخەی بۆ لەناوچوونی بچمێکی دیکەی تیرۆرو تەعریبی بن لادنی دەکەن. ئەوانیش دڵخۆشن بە نەمانی دەورانی زەرقاوی.

# تەعریبی سیاسەتی کوردی

ئیسلامییەکانی کوردستان جەرگیان بۆ غەززە کونکونە. لێ غەززەی ئەوان حەماسە. شینەکەیان بۆ تێکومەکانی ژێرخانی ئەم ڕێکخراوە ئوسولّییەیە، ڕێوڕەسمەکانی کوردستان بە زۆری بۆ ئینسانە سڤیلەکانی گەلی موسڵمانی غەززە نییە، بۆ مانای ڕەمزی حەماسە، یانی ئەو ئیسلامیانەی لە فەتحیان بردەوە و کانتۆنێکیان بۆ خۆیان جیاکردەوە.

کەواتا لای ئیسلامییەکانی کوردستان گریان بۆ غەززە جیاوازە لە گریانی موسڵمانەکانی تری کوردستان.

بەو هەموو دەلالاتانەشەوە هێشتا ئیسلامییەکان وەڵامی هەندێک پرسیاریان پێ نییە، یان وەڵامەکەیان قەناعەتمان پێناهێنێت.

بۆ نموونە بۆچی ئیسلامییەکان خەم لە غەززە و کشمیر دەخۆن، بەڵام بۆ کوشتنی خەڵکی دارفۆر نقە ناکەن؟

چونکە ئەوی موسڵمانەکانی غەززە دەکوژێت ئیسرائیلی غەیرە دینی موسڵمانانە، چونکە ئەوی بۆ موسڵمانەکانی کشمیر بۆتە دێوەزمە هندستانەکەی جەواهر لال نەهرۆی غەیرە دینی موسڵمانانە، لە بەرامبەریشدا ئەوی دارفۆرییان قڕدەکات و دەیان هەزاریان دەکوژێ ڕژێمی ئیسلامیی وڵاتی ئیسلامیی سودانە.

جێی خۆیەتی وەبیر ئیسلامییەکانی کوردستان بێنینەوە ئەوی وای لە عەرەب و میللەتانی موسڵمانی وەکو پاکستان و نازانم کوێی ستانی تری کردبوو کە لە ئەنفال و کیمیابارانی کورد بێدەنگ بن ئەوەبوو بەعس بە ناسنامە ڕژێمێکی عەرەبی و موسڵمان بوو، هەروەها ئەوی وادەکات وڵاتانی موسڵمان گوێ لە هاواری کورد نەگرن ئەوەیە دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی کورد بە ناسنامە موسڵمانن، وەک بڵێی کوشتنی موسڵمان لەلایەن موسڵمانانی ترەوە حەڵاڵتر بێت لە کوشتنی موسڵمانان لەلایەن غەیرە دینەوە!

ئەم نموونەیە چیمان پێدەڵێت؟

پێماندەڵێت سیاسەتی ئیسلامییەکانی کوردستانیش وەکو سیاسەتی ئیسلامییەکانی عەرەب بانێک و دوو هەوایە:

بۆ غەززە و کشمیر دەگرین کە کافری غەیرە دین دەیانکوژێ و سندان لە دارفۆرییەکان دا کە موسڵمانن و موسڵمانی دەوڵەتیی قڕیان دەکات.

سیاسەتی کوردی لە ناخەوە ڕووبەڕووی تەعریبێک بۆتەوە خەتەرتر لە تەعریبی جارانی کوردستان، ئەویش سیاسەتی پێوان بە دوو پێوانەیە: (650) شەهیدی غەززە گوناحن و زیاتر لە ملیۆنێک ڕاگوێزرا و ئاوارە و قڕکراوی دارفۆر شایستەی نەک مەراسیم، بەڵکو شایستەی پرسە و سەرەخۆشییەکیش نین، بۆ؟ چونکە گەلی موسڵمانی دارفۆر لە ئیسلامییە ئوسوڵییەکانی خەرتوم ڕابۆتەوە.

بانێکە و دوو هەوا: لە غەززە و لە کوردستان و لە دارفۆر و دیاربەکر و مەهاباد هەر موسڵمان دەژین، بەڵام لەوە دەچێ مردووەکانیش قابیلی پۆلێنکردن بن. ئیسلامییەکانیش کە ڕۆژئاوا بە پێوان بە دوو پێوانە تۆمەتبار دەکەن هەمان قەپانیان بە دەستەوە گرتووە.

باسی ئەنفالکراوەکانی دارفۆرم کرد نەک ئەنفالکراوەکانی باشووری سودان کە مەسیحین، چونکە ویستم نموونەکە هی نێوان موسڵمانەکان بێت.

# له خۆمانی نەوروژێنین

دوای زیاتر له پێنج ساڵی پرۆسەی رزگارکردنی عیراق رۆژ لەدوای رۆژ باوەڕم لەسەر ئەوە دەگیرسێتەوە که چیتر مەسەلەکانی جێی ناکۆکی نێوان کورد و بەغدا له میدیای عیراقی و عەرەبیدا نەوروژێنین، یان هیچ نەبێ ئەگەر وروژێنرا بەشێوەیەکی وابێت عیراقییەکانمان لێ گاڵ نەدا و نەبنه دوژمنمان.

ڕاستییەکەی، هێزه نەیارەکانی کورد زۆر کار لەسەر ئەوە دەکەن که شەقامی عەرەبی عیراقمان لێ بوروژێنن، کورد وەکو تەماعکار و شەڕانگێز و حەز له ئاژاوە نیشانی جەماوەری خۆیان بدەن، لەبەرئەوە زۆربەی جار وردەکاری کێشه و گرفتەکانی کورد دەبەنه سەرپەڕی رۆژنامه و گۆڤار و سەتەلایتەکان بۆ ئەوەی کورد بێتە وەڵام، پەرچەکداری هەبێت. بۆ ئەوەی ئەوان چەواشەکاری بنوێنن و لەبەرسڤدا کورد توند قسه بکا و پشت به ڕەوایی کێشەکەی ببەستێت و گوێ به هونەری تێگەیاندنی ئەو کێشانه نەدات. سەرەنجام شەقامی عەرەبی له عیراق له داواکانی کورد تێناگەن لەبەرئەوەی:

-بیری شۆڤێنی هەشتا ساڵه و بیری چڕی شۆڤێنی زیاتر له سی ساڵەی بەعس ڕەگی داکوتاوە.

-شۆڤێنێتی هێزه نوێیەکانیش ئاو دەکەنه ئاشی ئەو زەمینەیەوە.

-ئەوی له عیراق قینی له نەتەوەگەرایی و شۆڤێنیزمی عەرەبییە ئەو قینه دەگوازێتەوە بۆ هەموو داوایەکی نەتەوەیی تر با هی نەتەوەی بندەستیش بێت.

-ئەوی له عیراق له کێشه و گرفت بێزار بووە قینی له هەموو کێشەیەکه بەتایبەتی ئەگەر له کوردەوە بێت.

باشه چارەسەر ئەوەیه ئێمه دەستبەرداری مافەکانمان بین؟ نەخێر، بەڵکو چارەسەر ئەوەیه شێوازی گوزارشکردن لەو داوایانه بگۆڕین.

ئەمه جۆرێکه له ململانێ هێزه عەرەبییەکانی عیراق. لەجێی ئەوەی عەرەبی عیراق له ڕاستی داواکانی کورد بگەیەنن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن بۆچی گرنگه کورد و بەغدا کێشەکانیان چاره بکەن، دەچن ئەم کێشەیه بەشێوەی هاندان و باوەکەرۆ و "وا موعتەسەما" دەگێڕنەوە. جا بەو پێشینه خراپەی رۆڵی له دروستکردنی خەیاڵدانی عیراقیدا گێڕاوە ئێمه هیچمان بۆ مەیسەر نابێت، چونکه ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی عیراق بکەینه دادوەر و ناوبژیوان، ئەوا جەماوەری عیراق له دژیشمان نەبن لەگەڵمان نابن.

بۆیە دەبێ شێوازەکە بگۆڕین هیچ نەبێت تا دەورانێک کە پرۆسەی سیاسیی لە عیراق بایی ئەوەندە دەچێتە پێشەوە عیراقییەکان هۆشیاری بەکێشەی کورد پەیدا بکەن.

بۆ ئەم دەورانە جەخت لەسەر ڕێوشوێنی دەستووریی و یاسایی بکەینەوە، جەخت لەسەر ڕێوشوێنی گفتوگۆ و سازش و سەفقەی تایبەتی بکەینەوە. چیمان لەوە بۆ کرا نۆشی گیانمان بێت و چیش مایەوە گرەو لەسەر ئایندە بکەین کە لە پێگەیەکی ترەوە تێهەڵچینەوە.

# عەلی برای کاممانە؟

عەلی گەڕایەوە هەڵەبجە، گەڕایەوە کوردستان و تا ئەو ڕۆژەی کەسوکارێک دەدۆزێتەوە بەچاوی گریمانەی دایکو خوشک و براو باوک سەیری هەموو هەڵەبجەییەک دەکات، عەلی ئەگەر لەهەڵەبجە بژی ژیانێکی پڕ میهرەبانی و دەورانێکی پڕ سەرگەردانی دەگوزەرێنێ. ژیانێکی پڕ میهرەبانی، چونکە هەڵەبجەییەکان هەر خۆیان لەئەسڵدا بە سۆزو دلاوەرو غەریبدۆستن، جا ئەگەر ئەو غەریبە هەڵەبجەیی بێ و ئیحتمالی ئەوەی لە پشتەوە بێت عەلی کەسیان بێت و لەهەویری گۆشت و خوێنی ئەوان شێلرابێت. سەرگەردانیش چونکە مرۆڤی کورد چەند کوردو کوردستانیی بێت، مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی چەند ئینساندۆست بێت هەر کەسوکارو خزم و یار خاوەنداریتی لێدەکەن. عەلی سەرگەردان دەبێ، چونکە ناتوانێ لەژیانی ڕۆژانەی هەڵەبجەدا خۆڕسکانە بژی، لەگەڵ ڕەفیقەکانی بەشەڕبێ و بەتیلەی چاو تەماشای دوێنێی هەڵەبجەو کەنیشکی هەورامی بکات، نەبادا کوڕی شەڕکەر برای وی و کچی سەر شۆستە کەسو خزمی بێت. دەشێ ئەم دوکاندارە هەرزان فرۆشە یان ئەو قەسابە گرانجانە باوک و مامی عەلی بن و نازانن گۆشت بە فەرزەندو برای خۆیان دەفرۆشن. عەلی کوڕی دایکێکی پەروەردەکاری ئێرانییشە، یانی دایکێکی بە سەلیقەو میهرەبان و کابان کە شیلەی هەنگی شارستانیی ئێرانە، بە ئاوی لیمۆی ئارەقی نێوچەوان و باوەشی گەرمی وڵاتی شیعرو جوانی و سەبری ئەیوب بە خێوکراوە، خانەوادەکەی بە فەقیری بێت، یان خواپێداوی، دایکی ماریفەت و لەسەرخۆیی و ناسکیی دەرخوارد داوە، ئێستا وا دێتەوە کوردستان، دێتەوە هەڵەبجە کە هێشتا لە قۆناغی ڕاگوزەردایەو شەو دەخاتە سەر ڕۆژ تا زەخمەکانی سارێژ ببن و جەرگی کونکونی ساغ بێتەوە، دەبێ عەلی وەک عەلی بە سەبرو حیکمەت و کەم هەڵپەیی بێتە مەیدان. لە هاتنەوەی عەلی-دا دەستەیەک خوشک و دایکی ئێمە بە وێنەی عەلی-یەکانی خۆیانەوە لە پێشوازیدا بوون. خودایە دەبێ ئەو عەلی-یە گەڕاوە، هەمان عەلی-یە لەدەستچووەکەی خۆمان بێت؟ پزیشک و لێکۆڵینەوە ئەمەمان بۆ ساغ دەکاتەوە، یان بەر ئاوێنەی دڵی دایکێک لە ناو هەزاران هەزار عەلی و عومەرو عوسماندا دڵخوازی خۆی دەستنیشان دەکات. عەلی هاتەوە، لەگەڵ خۆیدا ئازارو هیوای هێنایەوە، برینی کولاندەوەو برینانی سارێژکرد. عەلی برامان گەڕایەوە.

# لیستی کراوە، هەڵبژاردنی دائیریی

گفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردنی کوردستان لەگەڵ خۆیدا جەنگی چەمک و تێزە سیاسییەکانیشی بەرپاکرد، ئەمەش خەسڵەتێکی گەلێک باشی هەر وێستگەیەکی دیموکراسییە و بێ وی گەمەکە قووڵ و خۆش نابێت، گفتوگۆکان هەندێکیان بنچینەیەکی قانوونییان هەیە، مەبەستم ئەوەیە قانوون رێکیان بخات، هەندێکی دیکەشیان نەریتە سیاسییە لەسەر رێککەوتووەکان، یان ئەوەی پێی دەگوترێ "جێگیرییە نیشتمانییەکان" یاخود مەرجەعیەت و هێڵە گشتییەکانی نیشتمانپەروەری و تەجربەی دیموکراسیی، دەبنە بنچینەیان. لەم نێوەندەدا گۆڕەپانێکی بەرفراوانی ئیجتهاد کراوەیە، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی وەرچەرخاندا کە خەریکین بنچینە قانوونییەکە دادەنێین و بنچینە نیشتمانییەکانیش دەبنە رێسایەکی سیاسیی باو و رەچاوکراو.

هەتا لەسەر قانوونەکە ساغ دەبینەوە، کە ئەمە واجبی ئەهلی حەل وعقدە لە کوردستان، گفتوگۆی سیاسیی لەسەر قانوونی هەڵبژاردن، شقڵی هەڵبژاردنەکە، کێ و چۆن سەرپەرشتی دەکات؟ درێژە دەکێشێ، بەڵام گفتوگۆ لەسەر بنچینە نیشتمانییەکە هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت. یانی تا پرۆسەی سیاسیی کوردستان دەوڵەمەند دەبێت و سیاسەتکارانی کوردیش تاقەتی ململانێ و دەوران دەوریان تێدا دەبێت.

لە رووی سەرەتاکانەوە، هەرچی خوا پێی خۆشە بۆ دیموکراسیی زیاتری کوردستان دەبێ هەر ئەوە لە قانوون و ئامراز و رێوشوێنی هەڵبژاردنی کوردستاندا پەیرەو بکرێت. یانی ئەگەر دائیریی چاکترە یاخوا دائیریی بێت، ئەگەر لیستی کراوە لە داخراو چاکترە یاخوا وابێت، بەڵام ئەوی دواجار ئەمە قانوونمەند دەکات ئیرادەی پەرلەمانە کە لیستەکان و هاوسەنگی هێز دەیبەن بەرێوە.

بێگومان ئیرادەی پەرلەمانی هەر ئێستا، نەوەک ئەوی داهاتوو کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتوو دێتە کایەوە!

پێکهاتەی پەرلەمانی داهاتوو کە ئەسیری دەستی ئەم یاسا هێشتا بریار لێنەدراوەی هەڵبژاردنی کوردستانە، دەتوانێ لە دەورانێکی تردا گەشەیەکی تر بە یاسای هەڵبژاردن و رێوشوێنەکانی سازدانی بدات، جا ئەگەر لە دوا دارشتنندا یاساکەی پەرلەمانی ئێستا بەلای ئەوپەڕی دیموکراسیدا شکاندییەوە ئەوا مانای وایە دەورانی دیکەی پەرلەمانی وڵات دەبێ ئەرکی تر لە رێی دیموکراسییەکی زیاتردا رایی بکەن. ئەگەر خوا موقەدەری خراپ نەدات

و دیموکراسییەکەمان مەیلی کەم نەبێتەوە کە وەک تەلەبەی تەمبەڵ ساڵێک بە دوان یان بە عبور نەبڕێت.

دێینە سەر گفتوگۆی تایبەت بە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە کە ئەمەشیان گرفتێکی قانوونییە، بەڵام لە ڕەهەندی سیاسیی بەدەر نییە، "ئۆپۆزسیۆن" کە هێشتا لە منداڵدانی سیاسەتی ئایندەیە، بەڵام دەنگی دێت، داوادەکەن دەستەی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هەڵبژاردن نەکات، بەڵکو کۆمسیۆنی باڵا لە بەغداوە بێت. "دەسەڵات"یش، کە ئەمەشیان دەستەواژەیەکی ئیشکالییە، حەزی لێیە دەستەی کوردستان سەرپەرشتییەکی کوردستانییانەی هەڵبژاردنی کوردستان بکات.

لە ڕاستیدا ئەم گفتوگۆیە زیاد لە پێویستی خایاند، پەرلەمان یاسای بە ئاراستەی دەستەکە بردووە و کۆمسیۆنی باڵاش دڵی دەستەکەی کوردستان سەربەخۆمە، یانی مەبەستێتی بڵێ بەش جێی گشت ناگرێتەوە.

دیوێکی ئەم شەڕە قانوونییە، ترسە لە تەزویر و بەرگی سیاسەتی لە خۆی پێچاوە ئۆپۆزسیۆن بە ئاراستەی دیموکراسییەکی زیاتر و شەفافیەتێکی زیاتری دوور لە تەزویر لێدەخوڕێ و "دەسەڵات"یش بە ئاراستەی کوردستانێتی و تایبەتمەندێتی کوردستان و مافی سەروەری کوردستان لە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنێکی تایبەت بە خۆیدا.

باشە کێ دەتوانێ قەزاوەت لەم ئیشکالە بکات گەڕانەوە بۆ بنچینە سیاسییەکە "جێگیرییە نیشتمانییەکان" و نەریتە سیاسییە باوەکان نەبێت؟

یەکەم: هیچ دیموکراسییەک بێ تایبەتمەندێتی نیشتمانیی نابێ و هیچ دیموکراسییەکیش بێ پەرژینێکی نیشتمانیی کە جوگرافیای پیادەکردنی گەمە دیموکراسییەکەیە، نابێتە تەجرەبەیەکی دیموکراسی.

دووەم: هیچ تایبەتمەندییەکی نیشتمانیی ناتوانێت پایەداربێت بێ گەشانەوەی دیموکراسیی، دیموکراسیی دەرمانی گەشەی نیشتمانییە و نیشتمانە بێ دیموکراسییە گەشەکردووەکان چارەنووسیان ڕۆشن نییە.

سێیەم: هیچ نیشتمان و هیچ دیموکراسییەکیش نە لە دەرەوەی کاریگەرییە دەرەکییەکان، چوارچێوەی ئیلتزاماتەکانی دەرەوەی خۆیەتی و نە دەشتوانێ وابکات. دیموکراسیی کوردستانیش ئیلتزامی دەستووریی عیراق و چاودێری نێودەوڵەتی لەسەرە.

بۆیە دەبێ چارەسەر تێکەڵەیەک بێت لەم سێ سەرەتایە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر سەرپەرشتی هەڵبژاردن نەبێتە باسی زوڵفی یار و تڕی خەسرەو.....

کوردستان هەقی خۆیەتی تایبەتمەندی هەبێت لە سەرپەرشتی هەڵبژاردندا، کوردستانییانیش شایستەی هەڵبژاردنێکی پاکژ و بێگەردن کە دەستەیەکی سەرپەرشتیار مۆری ڕاستی لێبدات و چاودێرەکان ڕاپۆرتی لەسەر بدەن و دۆڕاوەکانیش، بچووک بن یان گەورە، ئەشهەدومابیلای بۆ بکەن، بەمە هەڵبژاردنی کوردستان دەتوانێ تەبایی نیشتمانی و ئاشتی سیاسیش بەدی بێنێت.

باشە ئەم هیوایە چۆن دێتەدی؟
-دەستەیەکی هاوبەشی کوردستانی- عیراقی سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکەن، بۆ نموونە دەستەی کوردستان سەرپەرشتی بکات و کۆمسیۆنی باڵا فەرز و تصدیقیان بکات یان هەر فۆرمەڵەیەکی تر.
-چاودێرانێکی بەرچاوی کوردستانی، عیراقی و نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری بکەن.
ئایا ئەمە زەحمەتە؟

# پێداچوونەوە بە ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو

هەفتەی ڕابردوو هەفتەی نەورۆز و پشوودان بوو، بۆیە چەند ڕووداوێکی سیاسیی لە ڕووماڵکـــردن دەربازی بوو، بۆ ئەوەی ڕووداوەکان لە تۆماری ئاسۆدا بمێننەوە وا تیلەبازی لێل هەندێکیاندا دەکەین:

- سەرۆک ئۆباما پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لە ئێران کرد و ئەم بۆنە "شۆڕشگێڕییە"ی بۆ داوای گفتوگۆ و سازشکاری لەگەڵ ئێران قۆستەوە، ئەوی بەشێک بوو لە بانگەشەی هەڵبژاردن و ماوەیەکیشە قسە لەسەر پراکتیزەکردنی دەکرێت.

یاخوا ئەمریکا و ئێران لەم گفتوگۆیەدا پایەداربن بۆ ئەوەی عیراقییەکان کە دۆستی هەردوو وڵاتن کەمێک لە بەری ئەو گفتوگۆ و لێکگەیشتنە هاوبەشەی نێوان تاران و واشنتۆن بخۆن وەک گیرۆدەی جیاوازییەکانیشیان بوون. بەڵام مادام بۆنە نەورۆز و نەورۆزیش هی هەموو "ئێران زەمینەکان"ی جارانە چ دەبوو ئەگەر سەرۆک ئۆباما سڵاوێکیشی بۆ "مامە یارە" بناردبایە و ئەم نەورۆزەی بکردایەتە دەرفەتی گفتوگۆی جددی لەسەر یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا؟

بانێکە و دوو هەوامان بیستووە، ئەمما بەهارێک و دوو نەورۆز، ئەوەیان نوێیە.

*کورد ئەگەرچی کەڵک لە شرۆڤەی سیاسیی وەرناگرێ، بەڵام ئیدیۆم و پەندی زۆرە کە بۆ حاڵەتە سیاسییەکان دەشێن، لەوانەش (چۆلەکە گوشتت لەچی و گۆشتاوت لەچی؟) ئەریتریا خۆی حاڵی زۆر جوانە، دەچێ پێشوازی لە عومەر بەشیر سەرۆکی داواکراوی سودان دەکات؟

وڵاتێک لەوەتەی سەربەخۆ بووە سەر بە گۆبەندە و گرفتی لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە، ئێستا چی پێیە پێشکەشی خەرتوومی بکات؟

ساڵی 1993 ئەریتریا سەربەخۆ بوو، لە جێی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەرودراوسێ ئەفریقایی و عەرەبییەکانی باش بکات لەگەڵ هەموویان کەوتە کێشەوە، ساڵی 1995 لەسەر ئەریتریام نووسی کە شەڕی لەگەڵ ئەسیوپیا، کۆنە داگیرکەری، بەرپاکردبوو، وتم ئەریتریا نموونەیەکی خراپ لەسەر وڵاتی سەربەخۆ نمایش دەکات، حکومەتی ئەسیوپیا یەکەم حکومەتە لە ڕۆژهەڵات و ئەفریقا بە شێنەیی سەربەخۆیی وڵاتێکی بندەستی سەلماند ئێستا بۆچی ئەسیاسی ئەفۆرقی گێچەڵی پێدەکات؟ لەجێی ئەوە باشتر نییە خۆی لەگەڵ پلەی گەرمی و ساردی ئیقلیمی بگونجێنێ تا شایەتی بۆ کەڵکی سەربەخۆیی بدەن؟

تەبعەن خۆتان دەزانن نە ڕۆژنامەی کوردی دەگاتە ئەریتریا و نە زمانی کوردی زمانی دووەمە لە ئەسمەرە بۆیە ئامۆژگارییەکەم بە با چوو! ئەریتریا هەر بەردەوام بوو لەسەر لاسارییەکانی.

وا ئێستا کە ساڵی 2009یە پێشوازی لە بەشیری تاوانکاری ئەنفالی دارفۆرییەکان دەکات.

ئەمە کەی دابی گەلێکی ئازادیخوازە کە زیاتر لە سی ساڵ، لە 1961ەوە، خەباتی بۆ سەربەخۆیی کردووە کە بێت دەست بخاتە ناو دەستی قاتلێکی وەک بەشیرەوە؟

*لە باسی ئەنفال و کوشتندا قسە قسە دێنێ، هەواڵێکم خوێندەوە لەسەر دەستگیرکردنی ئەفسەرێکی پایەبەرزی تورکیا کە لە ساڵنی نەوەدەکاندا "خزمەتی سەربازی" لەسەر سنووری کوردستانی باشوور و باکوور کردووە، ئەم ئەفسەرە دەستگیرکراوە لەوانەیە دەستی هەبێت لە کوشتنی بە ناهەقی کوردی داماودا. حکومەتی تورکیا هەندێک ئاماژەی گۆڕی بە کۆمەڵی لەو ناوچەیە دەسکەوتووە کە هی سەردەمی توندوتیژییەکانی نەوەدەکانە و ئێستا هەم گۆڕەکان هەڵدەدرێنەوە و هەمیش دۆسێی توندوتیژی دژی کوردیش.

تائێستا وردەکاری زۆر لەسەر ئەو کێشەیە دزەیان نەکردووە، بەڵام ئەم کەیسە بایەخی دیموکراسی و سەروەری یاسا دەردەخات. تەنانەت لەو وڵاتانەی مافی نەتەوەکانیش پێشێلدەکەن. یاسا هەبێ ڕۆژێک هەر دێت دۆسێی قەتلوعام هەڵدەدرێتەوە و دیموکراسیش هەبێت ڕۆژێک دێت میدیا و ڕۆژنامەکان و ڕای گشتی لەسەر ئەو کێشانە دێنە جواب کە سوپا و کوشتاری شەوانە و لە پەنادا ئاشکرا دەکەن، ئەمە ئەو شتەیە ئێستا لە تورکیا دەقەومێت. بۆ پێشەوە بەرەو هەڵدانەوەی فایلەکان.

# ئەیلول لەدیرۆکی کوردستان و جیهاندا

مانگی ئەیلول مانگێکی تایبەتە لەمێژووی کوردستان و جیهاندا، مانگی بەرەنگاری زوڵم و ستەمە بۆ کوردان و مانگی داخبوونە بەئاگری تیرۆر بۆ جیهان. لەئەیلولی ساڵی 1930، رێک لەشەشی ئەو مانگ و ساڵەو لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانیدا، راپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە بەرپاکرا کەتێکۆشانی کوردایەتی گواستەوە قۆناغێکی نوێ و شاری کردە نێوەندی کەمەندکێشی خەباتی سیاسی لەمەودوای کورد، سیویەک ساڵ دوای ئەوە گەلی کوردستان دەستیدایە شۆڕشێکی نەتەوەیی گەورە کە بەناوی شۆڕشی ئەیلولەوە چووە تۆماری شانازی و بەرخۆدانەوە. سەدەی بیستەم بۆ کورد سەدەیەکی دڵڕەق بوو، بۆیە نیوەی یەکەمی تۆمارێک بوو بۆ ملنەدانی کورد لەشەشی ئەیلول، ناوەندەکەشی 9ی ئەیلولی 1961، دیسانەوە چەخماخەی یاخیبوونی کوردستان بوو لەقەدەری پلە دوویی و بێ دادی و بێ مافی. نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەش لە1975/6/1دا ئاگری شۆڕشی نوێ لەبڵێسەیەکی رەواوە دەستپێکرد تا سەرەنجام دوا دەیەی ئەو سەدە دڵڕەقە قسەی کۆتایی خۆیکردو دەروازەی لەکورد کردەوە، راپەڕینێک لەساڵی 1991، کەهەموو جۆرەکانی بەرەنگاری لەخۆگرتبوو. راپەڕینی شارەکان بوو وەک ئەوەی بەردەرکی سەرا، راپەڕینی پێشمەرگە بوو وەک ئەوەی شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلول ، و نوێ و سەرکەوتوو بوو وەک ئەوەی شۆڕشی نوێ. سەدەی دڵڕەق کەسەدەی ستەم و تیرۆری دەوڵەتی بوو دژی کورد تێپەڕی و هەر ئەیلول خۆی رەهەندێکی جیهانی دایەوە پرسی خەبات دژی تیرۆرو ستەم و دیکتاتۆری. لەسەرەتای سەدەی نوێوە تیرۆری جیهانی، کەمانەندی شۆڤینیزم و دیکتاتۆری قینی لەژیان و ئازادی و مافی دیموکراتییە، پەلاماری گەورەترین دەوڵەتی داو ئەمریکاو رۆژئاوا لە(11)ی ئەیلولی ساڵی 2001دا لەگەڵ وێستگەیەکی نوێی ئیستبدادی رۆژهەڵاتی رووبەڕوو کرانەوە، لەو ئەیلولەوە ریزبەندییەکی نوێ لەجیهاندا دژی دیکتاتۆری و تیرۆرو بێدادی دروست بوو، کورد بەقەبارەی خۆی، بەڵام بەسەنگی برینداریکی دەستی هەموو جۆرەکانی ستەمەوە هەر لەستەمی شۆڤێنی تا تیرۆری کۆنەپەرستانەو تا پیلانگێڕی و هەوڵی کوشتنی رۆحی نەتەوەیەک، هاتە نێو ریزبەندی ئەم هاوپەیمانێتییە جیهانییەوە دژی تیرۆر. لەو رۆژەوە کورد بەشی خۆی بکەرە لەدنیادا، ئەرکی زۆر ماون، بەڵام چیتر قبووڵی نییە دڵڕەقی سەدەی بیستەم دووبارە بێتەوە. کوردایەتی هەمان ئامانجە دێرینەکانی خۆی پاراستووە تا قۆناغەکە تێری پێویستییەکانی رزگاری و دیموکراسی دەکات و لەمەودوا نەک ئەیلول، بەڵکو هەموو رۆژو مانگ و ساڵەکان مەیدانی تاودانی کوردن، راوەستانی کاتی دەبێت، بەڵێ! رەنج و عارەق ماون، بەڵێ!، بەڵام چیتر رەوڕەوەکە بێ کورد هەڵناسووڕێت.

# یادێک لە کۆماری کوردستان

لەم چەند ڕۆژەدا بۆنی گوڵاوی تاقە کۆمارەکەی کوردستان دەهات، لە چەند کوچەوە بۆنی مەهاباد گوڵاوپرژێنی زەمین و یادەوەری میلیمانی دەکرد:

-یەکەم: یادگاری شەهیدی سەرکۆمار قازی محەمەد خۆی بوو، لە تەلەفزیۆنێکی کوردستانییەوە خانمی شاد ڕەوان مینا قازی ئەندێشە و ڕاسپاردەکانی قازی دەوردەکردەوە، سەردەستەی گوڵەکانی ئەم قسەیەی سەرکۆماری شەهید بوو: (چوونە سەر تەخت چوونە سەر داریشی دەوێت) یانی ڕێبەرایەتی تەنیا بۆ تەختوتاراجی سەرکەوتن نییە، بەڵکو بۆ کاتەکانی تەنگانەشە، بگرە بۆ میللەتی بەجێماو ڕێبەرایەتی لە تەنگژەدا هونەر و نەبەردییە. قازی پێش هەموو کەسێک ئەم قسەی بەسەر خۆیدا جێبەجێکرد، یاخوا لە هیچ بەشێکی کوردستاندا سەرکردایەتی تووشی تەنگژە نەیات و ئەستێرەی کوردایەتی ڕووی لە درەوشانەوە بێت، بەڵام ئەم دەرسودەورەی قازی دەبێ ڕێنوێن بێت بۆ هەموو لایەک تا بۆ دواجار تەختی دەوڵەتداریی جێی تەنەکەی ژێرپێی لە سێدارەدراو بگرێتەوە.

* دووەم یادەوەری: باخچەی مەحمود مەلا عزەت بوو، ئەم تێکۆشەرە، نووسەرە، مێژوونووس و مامۆستا ناسراوەی "کاروانی بێ کۆتایی" کە سۆزی بۆ سلێمانی، خەباتی سیاسیی بۆ کوردستان و خەباتی لە مێژووناسیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆماری کوردستان بوو، بۆیە هەقی خۆی بوو لەم ڕێبەندانەدا باخچەیەکی وەفاداری دیرۆکی مامۆستا مەحمودی لە خۆگرت، بەمە لە ڕووی زەمانەوە مەحمودی مەلا عزەت هاوڕێی کۆمارە و لە ڕووی زەمینیشەوە ئاوێتەی پەینی خاکوخۆڵی شارە حەیاتەکەیە.

* سێیەم: یادی محەمەدی ماملێیە کە هاوسەفەری کۆماری کوردستان نییە، بەڵام ئاواز و ئاوەزەی لە فەزای فەرهەنگی کۆمارەوە هاتبوو، کوڕی شاری پایتەختی کۆماری مەهاباد، شووشەی گوڵاوی مۆسیقا بۆ شیعرەکانی هێمنی موکریانی کە گوڵی شیعری لە کۆماردا پشکوت.

ڕێککەوتی دەرکەوتنی ماملێ دەرکەوتی لە دایکبوونی کۆمار نەبوو، بەڵام چوونە کاروانی نەمریی ئەم هاوکاتی ڕێزلێنانە لە خەنەبەندانی هەڵکردنی ئاڵای ڕزگاری کوردستان.

* چوارەم: لاکردنەوەیەکی سەردەمیانەی دەزگای سەردەم، دووی ڕێبەندان بە ئیمزای کاک شێرکۆ بێکەس دەوام لە سەردەم کرا بە پشووی ڕەسمی.

جـا بـۆ نـا؟ کۆمـار کۆمـاری کوردسـتانە و دەهێنـێ ڕۆژەکـەی ببێتـە ڕۆژی پـشوو، ئەمریکاییەکان کە عیراقیان ڕزگارکرد لە (7/4)دا یادی سەربەخۆیی ئەمریکایان لە عیـراق کردەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە 1992/7/4، ئێمە کە هاوپەیمانی ئەمریکاین بۆ چاو لە سوننەتەکانیشیان نەکەین؟ بۆیە سەردەم چاکیکرد و شارەوانیش باشیکرد لێنەگەڕان یادی کۆمار بە کپی و خشکەیی بڕوا. ڕاست نییە کە گوتویانە "بە خونچێکی بەهار نایە" بۆیە پایەدار یادی کۆمار و بژێتەوە دەوروزەمانی.

## بەشی حەوتەم

کورت و کرمانج

# کورتو... کرمانجی

کوردەکەی لەمەڕ خۆمان کەدەیەوێ گێڕانەوەیەکی دوورودرێژ لەکورتی ببڕێتەوە دەڵێ (کورتو کرمانجی). کەدەیەوێ بەڕاشکاوانە قسان بکات دەڵێ (بەکوردییەکەی... مەسەلەکە بەم شێوەیە). هەرچەند ئەز وایدەبینم ئاماژەی (بەکوردییەکەی) لەمیانی گوتندا زیاتر بەواتای روونکردنەوەی هەرچی زووتری دەربڕین دێت تائەوەی مانای (راشکاویی)و (قسە لەڕوویی) بێت.

بەهەرحاڵ (کورتو کرمانجی)و (بەکوردییەکەی)و هەرواش (بەکورتییەکەی)و سەرتان نەیەشێنم (بەپوختەکەشی)، لەجوغزی ئەو دەربڕینانەن کەلەیەک کاتدا زوو خستنەڕووی مەبەستی قسەکردنو رەوانی قسەکردن دەگەیەنن.

لەباری پەسەندکردنەوە (کورتو کرمانجی) رەوانتر دەگوترێو خۆشتر دێتە بەرگوێ. هەربۆیەش (کورتو کرمانجی)م بۆ ناونیشانی ئەم گۆشە تازەیە دەستنیشان کرد.

خۆشە کەڕۆژنامەوان لەدەرەوەی ئەرکو ماندووبوونی کاری تاقەت پڕوکێنی رۆژنامەوانی، لەبالکۆنی ماڵە گەورەو دێرینەکەی رۆژنامەوە، گاف ناگاڤێک سەیری دونیای بەرینی پڕ سەوزەڵانی بکات. ئەمە لەبابەت پیاسەی ئێوارانی لای باخی گشتی وایە وەختێک هیلاکی کاری رۆژانە لەگیان دەردەچێت. بەڵام پێش پیاسەی ئێوارانی باخی گشتی، کرمانجی ئێوە لەسەرێتی بەکورتیو کرمانجی نیازو هێڵی گوزەرکردنی (کورتو کرمانجی)و ئامانجی دوورنمایتان بۆ روون بکاتەوە.

(کورتی) نووسین پێویستییەکی لەدواخستن نەهاتووی رۆژنامەوانی کوردییە. رەوتی زاڵی نووسین لەناو رۆژنامەوانیی کوردییدا درێژدادڕیو دوورودرێژی نووسینە. ئەو رەوتە لەنووسین جیاوازی نێوان نووسینی رۆژنامەو نووسینی گۆڤارو کتێبان ناکات. بەهەمان قەبارەی ئەوانەوە نووسینی بەش بەش بڵاودەکاتەوە بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکات کەخوێندنەوەی رۆژنامە لەم چەرخی خێراییەدا، خوێندنەوەیەکی راگوزەرییە. بێگومان ناشێ دژی هەموو نووسینێکی درێژبینو ئەفلاتون ئاسا نوسینەکانیان فڕێ بدەینە دەرەوەی مەملەکەتی رۆژنامەوە. بەڵام لەوەش گرنگتر ناشێ نووسین درێژی هەروا رەوتی زاڵ بێو لەنووسینی کورتو پوختی ئاماژە پێدەر پایەدارتر بێ.

(کرمانجی) بەواتای ئەوەی نووسین بۆ رۆژنامە بەکوردییەکی رەوانو سادەبێت. هی ئەوەبێت خوێنەری راگوزەری رۆژنامە بەزوویی لێی تێبگاو بۆ حاڵیبوون لەستوونێکی سیاسیی

ناچـار نەبـێ پتـر لەدوو فەرهەنگیـان بـۆ بـگەڕێ. نووسـینێک لەبـابەت ئەوە نەبـێ کەهەژار گلەیی لێکردبوو (کوردی کێوی، نازانێ چ داخێوی؟). بەداخەوە کرمانجی وڵاتەکەی ئێمە نــازانن بەشــێکی ڕۆژنــامەنووس‌و خوێنــدەوارانیان چ دەڵــێن‌و باســی چ دەکەن؟ چــونکە بەکوردییەکی پوخت‌و ڕەوان نانووسن.

(کورت)و (کرمانجی) دەیەوێ بەشدارییەکی بچووک بکات لەچارەسەرکردنی هەردوو گرفتی درێژدادڕیو ئاڵۆزی دەربڕینەکاندا.

بەهیوای دیداری داهاتوو.

*کوردستانی نوێ – ژ: 2433 لەرۆژی 2010/4/22

# مەیلێکی ناسیۆنالیستی*

مەیلێکی ناسیۆنالیستی واخەریکە لەناو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیدا سەرهەڵدەدات. مەیلێکی ئەوتۆ کەهەندێک جار سەرچیغیش دەڕواو لەوەی تائێستا لەکوردەواریدا بینیومانە تێپەڕی دەکات.

ئەمەم لەناوەندی زانکۆ، لەیادکردنەوەی هەردوو کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا تێبینی کردو لەهێڵە گشتییەکەشیدا بەدەرکەوتێکی خراپی نازانم.

لێگەڕێن با ئەو مەیلە گەشە بکات بۆ ئەوەی ئیتر کێشەی ناسیۆنالیستیی کورد تەنها لەچوارچێوەی ئیحترافی سیاسیی و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردایەتیدا قەتیس نەبێ. بگرە نەوەی نوێش، کەدەترساین فریان بەسەر فیدراڵییەوە نەبێو ئاگایان لەکوردایەتی نەبێ، خەمی لێبخۆنو بیکەنە خولیای خۆیان. ئەو مەیلەی لەیادکردنەوەی هەڵەبجەو ئەنفالدا خۆی لەزانکۆدا نمایشکرد لەدوا ئاکامدا دەبێتە وزەی یەدەگی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەتوانێ لەتەنگژەکانی رۆژگاردا بگەڕێتەوە لایانو خۆی پێ زاخاو بداتەوە.

بەڵێ وایە کەبزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد سەبارەت بەهەڵکەوتی سیاسی و قۆناغی مێژوویی کارکردنی، لەبنچینەدا بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازەو ئارەزووی پەلاماردانی ئەوانیتری نییە، بەڵام تۆخکردنەوەی ئەو مەیلە ناسیۆنالیستییە لەناو لاوانی نەتەوەیەکی وەکو کورد کەزۆری بەدەست کزیی هەستی ناسیۆنالیستییەوە چەشتووە، زەرەری نییە بۆ پەزەکان ئەگەر نەشڵێین قەڵەویان دەکات. لایەنێکی دڵخۆشکەری ئەو مەیلە ناسیۆنالیستییە ئەوەیە کەکارەساتە نەتەوەییەکانی کورد کەرەستەیەکی کاریی و زیندوویەتی، ئەمەش لەسەرێکەوە ئەو کارەساتانە لەقاوغی ناوچەیی خۆیان دەردێنێو رەهەندێکی نەتەوەییان پێدەبەخشێ.

لەسەرێکی تریشەوە کارەساتەکان وەک زامێکی قووڵ کەنیگەرانو دیوانەمان دەکات دەبنە هەوێنی هەستکردن بەگرێی نەتەوەییو دواجار تێفکرین لەوەی هەردەبێ شتێک بکەین بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا تووشی داوەشینێکی واجەرگبڕ نەبینەوە. ئەوە کەخوێندکاران، نەوەی دوارۆژ، پشکدارێکی چالاکی ئەو تێفکرینە نەتەوەییەبن، باعیسی خێروموژدەی بەدرەوشاوەیی مانەوەی پرسی کوردایەتییە تا ئەو دەمەی پابەندێتییە ناسیۆنالیستەکانی خۆی رایی دەکات.

خەونی لەمێژینەی تێکۆشەرانی کوردایەتی و تیۆرسینانی ئەدەبیاتەکەی وابوو کەهزری کوردایەتی واگەشەدار بێ توانای هێزێکی ماددیی بەرجەستە لەکۆمەڵ پەیدا بکات. نەخاسمە هێزێکی زیندووی وەک هێزی لاوان. ئەمە لەکاتێکدا ئێمە ترسمان لەوەهەبوو

بەهۆی دەرهاویشتەکانی دوای راپەڕینەوە زانکۆو هێزە زیندووەکەی، خوێندکاران، خۆیان لەقەرەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نەدەنو بەئەرکی حزبو لایەنە سیاسییەکانی بزانن. لێ ئیتر هەقە ئەو ترسە بڕەوێتەوە چونکە مەیلی ناسیۆنالیستی لەباسوخواسەکانی راڕەوەکانی زانکۆدا رەنگی دایەوە.

با مەیلەکە واگەشە بکات تادەبێتە بەربەستی عەمبارکردنی شەحناتێکی پڕاوپڕی ناسیۆنالیستی تا ئەوەی هێزە حەریفەکانی نێو کوردایەتی لەسەودایان لەگەڵ (ئەوانیتر)دا بتوانن بێژن داخوازییە واقیعییەکانی ئێمە بسەلمێنن، دەنا نەوەیەکی نوێ بەڕێوەیە کەجامی خواستە ناسیۆنالیستەکانی لێی دەڕژێ.

*کوردستانی نوێ: ژ: 2439 – 2001/4/29

# سالیاد*

لەسایەی رژێمە تۆتالیتارەکاندا دەنگی نەشازی پێدا هەڵگوتن بەرۆژی لەدایکبوونی فرانکۆ گوێی خەڵکی کاس دەکات. لەسایەی سیستمە دیموکراتو ئازادیخوازەکانیشدا جەژنی لەدایکبوونی لۆرکا دەبێتە بۆنەی لەدایکبوونی قەسیدەیەک لەجوانی. ئەمەیەک لەحیکمەتەکانی ریورەسمی گوڵبارانکردنی (رەنگدان)و شاعیرەکەیەتی.

پاش 10ساڵ لەئازادیی کوردستان، یەکەمین ئاهەنگی لەدایکبوونی ئاشکرا، یەکەمین داگیرسانی مۆمی تەمەن دریژی ناودارێکی کورد، هی شاعیرێکی ناوداربوو. بیحەمدیللا کورد واپێشکەوتووە کەئیتر قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەودا، نەک حەوزێکی لێخن.

بەڵی لەرێگای ئەو پێشکەوتنەدا هێشتا گۆشەو کەناری تاریک ماون، لێ ئەگەر لەواری رووناکبیرییدا لێرەو لەوێ تروسکاییەکی جوان دەربکەوێو ئەستێرەی لاکردنەوەیەکی شایستە بە(جوامێر)ێکی نێو ئەدەبو رووناکبیریی کوردیی بدرەوشێتەوە، ئەوا خەنی لەخۆمان کەهەندێ لەو دابونەریتە ناجۆرانەی پێوەی گیرۆدەبووین، جێی بۆ ئەتەکێتی مامەڵەی هاوچەرخانە چۆڵکردووە.

لەمەودوا ئێمەش وەکو خەڵکوخوای ئەم دونیایە، چەشنی میللەتانی خواپێداو یادوبیرەوەری گەورە داهێنەرانی خۆمان لەبەرواری لەدایکبوونیان دەکەینەوە. چونکە ناوەندیی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک بەو لاکردنەوە شایستەیە لەشاعیری شایستە، پێی گوتین دواجار ئێمە دەتوانین مردوو پەرستی زیندوو کوژنەبین.

حیکمەتێکیتری ریورەسمی ریزگرتن لەشاعیری نەتەوە، شێرکۆ بێکەس، حیکمەتی هەڵوێستی نیشتمانیی روونو رەوانە. لەم بوارەدا لەداهێنانی شێرکۆ داهێنەرتر، هەڵوێستەکانێتی. برا رەخنەگرەکانمان تەرازووی هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەدەبی بەرزی مامۆستا شێرکۆ بەلای پێوەرەکانی داهێنانـدا دادەشکێنن، بەڵام کرمانجی وەکی مە پێش هەموو شتێک کەیفمان بەرەوانبێژی هەڵوێستەکانی و قەسیدە رەوابێژییەکانی وی دێت.

هەڵوێستەکانی شێرکۆ، شێوازو رەنگو بۆی تایبەتی ئەویان پێوەیە، بەڵام لەناوەرۆکدا هاواری نیشتمانو هاواری رووناکبیرێکی ئازاو ئازادیخوازن کە لەگەڵ خولیاو خەمی گەلەکەیدا دەژی. بۆیە ئەو ریزگرتنە رەسمیو میللییەی لەو نرا، ئەو چەپکە گوڵی موبارەکبادییەی هەڤاڵ مامجەلال پێشکەشی ئەوی کرد، ریزگرتنە لەهەڵوێستی

نیـــشتمانپەروەرانەی هەمـــوو روونـــاکبیرێکی خـــاوەن هەڵوێـــستی کـــورد، چەپـــکە گـــوڵی موبارەکبادییە لەهەموو داهێنەرێکی ئازادیخوازی کورد.

شـێرکۆ ئـی خـۆنە! ئـی ئەو چیـاو دۆڵ و کانیـاوانەیە کەئەو رەنگەکـانی (رەنگـدان)ی لێوەرگرتـوون، ئـی ئەو مـیللەتەیە کەئەو سـرووودی بـۆ راپەڕینەکـانی گـووت، گڵکـۆی تـازەی لەیلی لەسەر مەزاری شەهیدەکانی خوێندەوەو فرمێسکی بۆ هەڵەبجەو ئەنفالەکانی رشت.

سـڵاو لەنەتەوەیەک قەدری سـەنعەتکارانی دەزانـێ. درود بـۆ میللەتێـک لەگەڵ یەکەم هەلـی ئازادیـدا یەکەمـین (عیـد مـیلاد)ی ئاشـکرای بەنـسیبی شـاعیری ئـازادیخوازیی، نەک فرانکۆی دیکتاتۆر، بوو.

*کوردستانی نوێ: ژ: 2445 – 2001/5/6

# نامیلکەیەک*

نامیلکەیەکم بەدەست گەیشت لەسەر ڕێژەی ئاوەدانکردنەوە لە شارێکی کاولبوو بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەدا. دەستخۆشی لە نووسەری نامیلکەکە دەکەم کە پەرۆشی خەڵکی ئەو شارە تێکۆشەرەیە، بەڵام ڕەخنەشم لەرێبازی نووسینەکەی هەیە کە مەیلێکی ناوچەیی بەسەردا زاڵە. نووسەر ناوی خۆی نەنووسیوە. بۆیە بەندەش ڕەخنەکە دەکەم بەبۆنەیەک تاڵەسەر ئەو مەیلە ناوچەییە بدوێم کە جێگەی داخە، لێرەو لەوێ، لەپەنا پەرۆشی بۆ زێد و خۆشەویستی بۆ مەڵبەندی لەدایکبوون سەر دەردێنێ و خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی ناپەسەند.

ئەونامیلکەیەی ناوەکەی ناهێنم تاقسەم لەسەر دیاردەکە بێ نەک تاقە دەرکەوتێکی، دەیەوێ قەناعەتمان پێ بێنێ کە شارێکی کاولکراوی کوردستان زێدەتر لەشارێکی کاولکراوی تر هەڵمەتی ئاوەدانی و هیممەتی بوژاندنەوەی بۆکراوە. بۆسەلماندنی ئەوقەناعەتەشی ریزێک پرۆژەی ئاوەدانی و چالاکی خزمەتگوزاری لەشارەکانی تر دەگێڕێتەوە تا دواجار تێمان بگەیەنێ کە پشتگوێ خستنی شارەکەی وی ڕێککەوت نییە، بەڵکو مەبەستێکی لەپشتەوەیە!

هەموو دەزانین دوژمنانی کورد لەوێرانکردن و کیمیابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان درێغیان نەکردووە. ئەگەر لەهەموو شتێکدا کوردیان کەرت و فەرق کردبێ ئەوا لەچەوساندنەوەو سەرکوتکردن دا بەیەک چاو سەیریان کردووین. مەسەلەی ئەوەی، شارۆچکەیەک کەمتر لەوانی تر لێیان قەوماوە ئەوا بەپێی زنجیرەی پەلامارەکانی دوژمن بووەو خواو ڕاستان ڕاپەڕین وای کرد هەموومان بەدەردی ئەنفال و کیمیاباران نەچین.

لە ڕاستیدا ڕێژەی وێرانکاری وکیمیاباران و ئەنفالکردن لەهەر شوێنێکی کوردستاندا بێ، دەبێ هاندەری زیاتری بوژاندنەوەی ئەو شوێنانەبن، دەبێ مایەی هیممەتی بەرنامە ڕێژی هەمەلایەن بن بۆئەوەی ئاسەواری جینۆسایدی لەشارو شارۆچکەکانمان بسڕینەوە. بەپێچەوانەشەوە نابێ ببنە مایەی ناوچەگەرییەکی تەنگبین کە تێیدا خوێندەوارانی شارێکی کاولکراو ئیرەیی بەشارێکی تری وەک خۆیان کاولکراو ببەن داخۆ پردێکیان زووتر چاککراوەتەوە یان بنکە تەندروستییەکەی لەمەڕوان دختۆرو دەرمانیان زێترە. بەداخەوە کەوامان لێ بێ ئیرەیی بەتراژیدیاکانی یەکتری ببەین وەک بڵێی ستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر بنچینەی گەرەک و شارو ناوچە دامەزرابێ!

کیمیابارانەکان و ئەنفالەکانی تووشی هاتووین، کۆمەڵێک زامی نەتەوەیین و بەبەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەییانە سارێژدەبن. هیممەتی ئاوەدانکردنەوە درەنگ یان زوو هەموو شوێنێکی روخێنراوی وڵات دەگرێتەوە، بەڵام شتێک کە ئەگەر برِوخێ هەرگیز ئاوەدان نابێتەوە،رۆح و گیانی بەرزی کوردایەتییە.

ئەوە جێی ستایشە پەرۆشی شارۆچکە روخاوەکانی خۆمان بین، بەڵام ئەوەش نەنگییە کەلە یەکتری بخوێنین. بێگومان عاشقی رەسەن هەردەم پەرۆشی مەعشوقەکەی خۆیەتی بەڵام بۆی نییە تانە لەمەعشوقی خەڵکی تر بدات. ئەوە دەبێتە ئیرەیی نەک عەشقێکی رەسەن!

*کوردستانی نوێ: ت: 2451 – 2001/5/13

# هەقیقەت خۆشە؟*

لەسیاسییەکی خوێندەوارم پرسیی ئایا سیاسیی کورد حەزی لێیە هاوکارو دۆستەکانی، رۆژنامەنووس و روناکبیرە نزیکەکانی حەقیقەتی پێ بڵێین یان لێی بشارنەوە؟ ئەم پرسیارەم بۆیە کرد چونکە بەراستی گەلێک جار کەدەمەوێ جورئەت بدەمە خۆم و راستییەک، بیروبۆچوونێک لەسەر دەرکەوت و دیاردەیەک لای سیاسییەک دەرببڕم، زیاتر لەوەی ترسی دەربڕین وعاقیبەتی دەبڕین رێگربن، لەوە دەترسم قسەکەم بەخەسار بچێ و دۆستە سیاسییەکە بۆ پرسە گورگانە لەڕای موتەوازیعی بەندە بپێچێتەوە.

گەلێک جار ئەو واقیعەش دەزانم کە گوێگرتن لەراستی و دروستی مەسەلەکان، وەکو گوتنی خودی ئەو راستیانە، بەئازارو سەرئێشەیە. سەبارەت بەوەشە کەهەندێ جار خۆم لە رادەربڕین لەسەر هەندێک مەسەلەی لاوەکی دەدزمەوە مادامەکی دەزانم زەرەری رادەربڕینەکە زۆرترە لەقازانجی. ئەمە وەک ئەوە وایە خانمێک پێت بڵێت جوانم، یاخود نا؟ خۆدزینەوە لەرەوشی مامەڵەیەکی وا کە یان دڵی خانمێکت لێ دەرەنجێنێو یانیش درۆیەکت پێدەکات، چاکترین چارەسەرە!

دەگەڕێمەوە لای سیاسییە خوێندەوارەکە. ئەو لەوەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد کەحەزی سیاسیی بۆ گوێگرتن لەحەقیقەتی رووداوەکان، دەوەستێتە سەر سیاسییەکە، سەر چۆنیەتی گوتنی راستیەکەو شوێنی گوتنەکەش!

ئەز لێرەدا ئەوەشی دەخەمە سەر کەدەشوەستێتە سەر سەنگ و قورسایی ئەوەی حەقیقەتەکە دەڵێ لای ئەوەی گوێی لێدەگرێ. ئەمەش لایەنێکی تری کێشەی گوتنی حەقیقەتە، ئایا سیاسیی سەنگ بۆ کام دۆستی رۆژنامەنووس و چ جۆرە روناکبیرێک دادەنێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە رەنگە بمانباتە سەر پرسی پەیوەندی نێوان روناکبیرو دەسەڵات. بەڵام بەدیوێکی تریشدا ئەرکێکی ئەخلاقی دەخاتە سەرشانی ئەو روناکبیرەی باوەڕی سیاسییەکەی بەدەست هێناوە کە حەقیقەتی وەکو خۆی پێ بڵێ نەک وەک ئەوەی خۆی حەزی لێدەکا یان وەکو ئەوەی پێی وایە سیاسییەکە حەزی لێدەکات. سیاسییەکەی باسی دەکەم گوتی کە نابێ سیاسیی تەسلیمی فاکتەکانی واقیع بێ، دەنا کاری پێناکرێو ناشتوانێ گۆڕان لەو فاکتانە بەدی بهێنێ.

قەبوڵمە کە سیاسیی دەبێ واقیعبینی، واقیعگۆڕبێ. بەڵام تەسلیم نەبوون بە فاکتەکانی واقیع جیاوازە لە گوێپێنەدانیان. لەبەرئەوە لەهەموو بارێکدا گوێگرتن لەو حەقیقەتە تاڵانەی دۆست و هاوکارانی سیاسیی دەیخەنە روو بەکەڵک وپەسەندترە لەو ئاوەژووە شیرینانەی گرووپی ئەشهەدو مابیلا دەرخواردی سیاسیی دەدەن.

شایانی باسە، لەدیرۆکی ئەزموونی سیاسیی دونیادا گەلێک سیاسیی سەرکەوتوو نەبوون چونکە ئاسوودەیی شاردنەوەی حەقیقەتەکانیان پێ خۆشتر بوو، چونکە تەنها گوێیان لەو (راستیانە) گرت کە خۆیان ئارەزوویان لێ بوو.

*کوردستانی نوێ: ژ: 2457 – 2001/5/20

# نەوەی نوێ *

دەربارەی دوو بیرۆکە دەدوێم کەهەردووکیان بەرۆکی نەوەی نوێ دەگرن، مەبەستیشم لەنەوەی نوێ بەدیاریکراوی ئەوانەن کەسەر لەکاروباری سیاسیی دەردەکەنو لەناو رەوتەکەدا ئارەزووو توانای هەڵسوڕان لەخۆیان شک دەبەن، بابیرۆکەکە لەشێوەی دوو پرسیاردا روونبکەمەوە.

-ئایا ئامانجێک یان چەند ئامانجێک هەیە کەنەوەی نوێی ناو رەوتی سیاسیی کوردستان بۆی تێبکۆشن؟

-ئایا زمانی گفتوگۆیەک دیتراوەتەوە تا لەگەڵ نەوەی نوێدا حیوار بکرێو پردی لێکتێگەیشتنێک لەنێوان نەوەی بەئەزموونو هی نوێدا بەقازانجی مسۆگەرکردنی ئایندەی خەڵکو خاکی کوردستان، دروستبکرێ؟

پانتایی گۆشەکە هی ئەوەنییە بچینە ناو وردەکاری ئەوەی لەبنچینەدا کێ نەوەی نوێیەو ئەم ئاماژەیە چ توێژاڵێکی تەمەن دەگرێتەوە؟

ئەگەر چەمکی نەوە لەباری سیاسییەوە هاوکاتی ئەرکی قۆناغ بێ، واتە ئەوەی هەر قۆناغێکی دیاریکراو نەوەیەکی دیاریکراو بەرهەم بهێنێ، ئەوە دەتوانین بێژین مەبەست لەنەوەی نوێ ئەوانەیە کەهاوکاتی ئەرکی قۆناغی دوای راپەڕینی ئاداری 1991-ن وەک مەقتەعێکی وەرگۆڕان لەمێژووی سیاسیماندا. جا چ ئەوانەی لەراپەڕین یان ئەوانەی لەناوەڕاستی رووداوەکانی دەیەیەک لەراپەڕیندا گەنجو... نوێن!

ئەرکی قۆناغی دوای راپەڕین چێکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی بوو بۆ کورد یان ئەوەی لەئەدەبیاتی کوردایەتیدا بەئەرکەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانییو دیموکراتی ناودەبرێ. بەداخەوە سەبارەت بەوەی کەبەشێک لەکوردستان رزگارەو کورد نیمچە قەوارەو دەسەڵاتێکی هەیە، زۆرکەس پێیان وایە کەئیتر ئەرکی قۆناغی رزگاری نیشتمانییو بەوپێیەش ئەو ئامانجانەی تائێستا بزووتنەوەی سیاسیی ئێمەی پێناسرابوو، کۆتایی پێهاتووە، ئەمەش وای لەدەستەیەکی نەوەی نوێی ناو رەوتی سیاسیی، کەگوتمان ئارەزوو توانای هەڵسوڕان لەخۆی شک دەبات، کردوە کەبکەوێتە گومانەوە لەڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیو جەدوایەک بۆ پشکداری خۆی لەم رەوتەدا، نەدۆزێتەوە.

ئەگەر تەواوبوونی ئەرکەکانی 'قۆناغی رزگاری نیشتمانیی' وێردی سەرزمانی برێک لەوانە بێ کەلەڕاستیدا تاقەتی تەواوکردنی ئەرکەکانیان نەماوە، ئەوا واقیعی حاڵی قۆناغەکە

پێمان دەڵێ نەخێر هێشتا ئەرکەکانی سەرشانمان تەواونەبووە. هێشتا نیمچە رزگارو نیمچە قەوارەیـــــنو ئەوەی بەدەســـــتمان هێنـــاوە نەجێگیربـــووەو نەلە 50% ئەو ئامانجـــانەن کەئەدەبیاتەکانی کوردایەتی بۆ بزووتنەوە سیاسییەکەمانی دیاریکردبوو.

هەڵـبەتە دەشـێ قـسە لەسـەر شـێوازی نـوێی بەدەسـتهێنانی ئەو ئامانجـانەو تەنـانەت دەرکەوتنـی شـقڵو نـاوەرۆکی نـوێی ئامانجەکـانیش بکـرێ، بەڵام ئەمە ئەرکـی قۆنـاغەکەو ئەرکی ئەو نەوەیەی جێبەجێی دەکات قورستر دەکات، نەک سـووک. ئەمەش دەمانبـاتە سەرئەوەی کەبڵێین نەوەی نوێش بەسوودنو ئەمانەتی 'ئامانجەکان' بەوان دەسپێردرێت؟

بەڵام بەچ زمانێک نەوەی نوێ لەم ئەمانەتە ئاگادار دەکرێتەوە؟

ئەمەیان بیرۆکەکەی ترو بابەتی ئەڵقەتی داهاتووە!

* کوردستانی نوێ: ژ: 2463 - 2001/5/27

# جارێکی تر نەوەی نوێ*

بەچ زمانێک لەگەڵ نەوەی نوێ، دەربارەی ئەرکە نوێیەکانی قۆناغی هێشتا تەواونەبووی رزگاری نیشتمانیی بدوێین؟

جاری پێشوو گوتمان ئەو ئەرکانە ئەمانەتێکی مێژوویین و چاوەڕێ دەکرێ نەوەی نوێ بەشی خۆیان رۆڵی خۆیانی تێدا بگێرن. وا ئەم جارە لەزمانی پێسپاردنی ئەمانەتەکە دەپێچینەوە.

مەبەست لەزمان لێرەدا تەنیا زمانی گەیاندنی ئەرک و ئەمانەتەکە نییە، بەڵکو مەبەست هەموو ئەو رێوشوێنەیە کەچاوەڕێ دەکرێ دەرگای پشکدارییەکی گەوهەریو هەڵسوڕاو لەبەردەم نەوەی نوێدا بکاتەوە. واتا ئەو شێوازانەی لەگفتوگۆو مامەڵە لەگەڵ ئەواندا رەچاو دەکرێ، ئەو نەخشەو بەرنامانەی بۆ جێبەجێکردنی لەمەودوای ئەرکەکانی قۆناغ دەگیرێنەبەر کەتێیدا نەوەی نوێ پشکێکی سەنگینیان دەکەوێتە ئەستۆ.

هەڤاڵ مام جەلال لەکۆنگرەی لاواندا بەراشکاویی لەسەر دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لەلاوانی ئەمرۆی کوردەواری قسەی کردو وەک دەڵێن دەستی خستە سەر زامەکە. شەرعی کوردایەتی شەرمی ناوێ. مادامەکی ئەرکی نوێمان لەپێشە کەبریتین لەوەی لەقۆناغی رزگاری ماوەو لەوەشی کەبەپێی هەلومەرجە تازەکان هاتوون و دێنە پێش، کەواتە دەبێ شەرعی خۆمان و قەزاوەتی پێویست لەو مەسەلەیە بکەین. ئەرکی نوێ ناوەکەی بەخۆوەیەتی. ئەرکێکە بۆ ئێستاو رووی لەئایندەیە. بۆیە پشکی نەوەی نوێ لەو ئەرکە نوێیەدا پشکێکی سەنگینە. ئەمەش لەراستیدا پێش ئەوەی شەرەفێکی گەورەبێت بۆ نەوەی نوێ بەرپرسێتییەکی قورسەو دەبێ لاوان بەکردەوە نەک بەقسە بیسەلمێنن کەلەعۆدەی دێن. چونکە سەلماندنی ئەوە کەدەرەقەتی بەرپرسێتییەکی وادێن و توانای جێبەجێکردنی پشکی سەنگینی خۆیانیان هەیە لایەنێکی گرنگی بەدەست هێنانی باوەڕو متمانەی رەوتی کوردایەتییە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەنەوەی دێرینیش باوەڕو متمانە بداتە نەوەی نوێ. سۆزو پەیمانی ئەوەی بداتێ کەئەویش بەکەڵک و سوودبەخشەو وزەی یەدەگی ئەمرۆو توانستی بەگەڕخراوی سبەینێی هەرە نزیکی ئەرکە نوێیەکانە. دانپیانانی نەوەی دێرین بەهێ نوێ کەئایندە لای ئەوە، سەرەتای دیتنەوەی زمانی هاوبەشی لێکگەیشتنە.

زمـانی هـاوبەش واتە پـردی پەیوەنـدیی کـردنو دانپیانـان بەیەکتـری. نەوەی دێـرین سەرمایەیەکی رەمزی جێی شانازی بۆ خۆی پێکەوەناوە، بۆیە لەئاستی شەخسیو تایبەتدا رەنگە پێویستی بەدانپیانانی نەوەی نوێ نەبێ.

نەوەی نـوێش گـرەو لەسـەر ئاینـدە دەکـا کەسـەرەنجام هـی خـۆیەتی، لـێکۆشـشە بەردەوامەکانی بۆ ئەوەیە زووتر بیگاتێ، بۆیە لەئایندە، نەک لەڕابردوو، بەدوای تەزکیەدا دەگەڕێ. بەڵام داننان بەیەکتری بۆ خودی کێشە گشتییەکە بزووتنەوەی کوردایەتییەو هەمووان پەرۆشی سەرکەوتنین، زەرورەتێکی حەیاتییە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 2469 – 2001/6/3

# چاوی ڕەخنە

بـزوتنەوەی کـوردایەتی کە لە بـاری ڕێکخـراوەییە پتـر لەسـەدەیەکی تێپەڕانـدوە بەر لە هەرشتێک پێوستی بەدیدێکی ڕەخنەگرانە هەیە. بایەخی ئەم دیدە ڕەخنەییە کاتێک بەر چـاوترو کـاریگەرتر دەبـێ کە لەنـاو بـزوتنەوەکە خـۆیەوە هەڵبقـوڵێ. واتـا بەشـێک بێـت لەمیکانیزمی هەلسورانی بزوتنەوەکەو نەریتێکی چەسپاوی تێکوشانی دامودەزگاکان بێت. ئەگەر لەگەمەی سیاسی حکومتایەتی کردن و هەڵسوڕانی دەوڵەتدا کاری ڕەخنەگرتن پەپێی دابەشکردنی گەمی دیموکراسی بەناوەنـدەکانی گوشارو کایـەکانی دەرەوەی حکومەتـایەتی سـپێردرابێ، ئـەوا لەبزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکانـدا دیـدی ڕەخنەییـانە لەگـەڵ کۆشـشی جێبەجێکردنــی ئەرکەکانــدا ئـاوێتەی یەکتــرین و هەریەکەیـان پایــدەری ئەوی تریـان هەڵدەسـورێنێ. لەبـاری بـایەخی دیـدی ڕەخنەییـانە لەبزوتنەوەکەمانـدا دەشـێ ئامـاژە بەوە بکەین؛ کەبۆ پیشخستنی ئەو بـزوتنەوەیە جگە لە هەڵسورێنەرو بەشدارانی، هیچ کەس و لایەنێکــی تــر نـاتوانن کەموکـوری و ناتەواوییەکـانی دەستنیــشانبکەن و پێــشکەوتنەکانی هەڵبسەنگێنن، چونکە دۆستەکانی بزوتنەوەکەمان ناچنە ناو وردەکاری دوژمنەکانی کوردیش مەعلومە لەسەرچی ڕەخنەلە کوردایەتی و دامو دەزگاکانی دەگرن. لە حاڵەتێکی وادا ئەوەی دەمێنێتەوە هێزولایەنەکانی بزوتنەوەکەو ئەو کەس و ناوەندانەن کەمادام پەرۆشی ئاینـدەی کـورد و تێکۆشـانەکەین کەواتـا بەفیعلـی بەشـێکی دانەبـڕاوی بزوتنــەوەکەن ئەگەرچــی راستـەوخۆش لەئۆرگانێکـدا هەڵسوراونەبن. لەسـەرێکی تریـشەوە بـزوتنەوەی ناسیونالیـستی لەبنچینەدا بزوتنەوەیەکە پێوەندی بەکەسێی نەتەوەی و دابینکردنی سەروەری نەتەوەییـەوە هەیە. بـۆیە لەبـاری سـایکۆلۆژییەوە گونجـاوتر، کەبـزوتنەوەکە خـۆی، لەنـاوەوە، بەچـاوی ڕەخنەییـــەوە ســـەیری کـــارو کـــردەوەو هەڵـــسوڕانی لەمەوپـــێش و ئەمـــڕۆی بکـــات و هەڵیانبـسەنگینێ. لەجیـاتی ئەوەی مقۆمقـۆ دروسـتبێت لەسـەر ڕەخـنەو سـەرنجی بیانیـان لەهەرکوێیەک بن. دیباجەی دوا ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیـدا هەڤاڵ مام جەلال داوای لەئۆرگانەکانی حزب وحکومەت و پێشمەرگایەتی کرد بەچاوی ڕەخنەکارەکانی هەڵسەنگێنن، تەئکیدکردنەوەکی چۆنایەتی گیانی دیموکراسی و مکۆمکردنی بەرنـامەی دارێـژراوی گەشـەپێدانی هەمەلایەنەیە، چـونکە گیـانی بـوێرانە هەڵـسەنگاندن هەڵـسوران و هەڵویـستکردن خەسـڵەتێکی لە مێـژینەی یەکێتیــیە لــێ تەئکیــدکردنەوەو چۆنایەتییەکە ئەوەیە کەسەرکردایەتی بەئاشکراو، وەک مەرجیکی بنەرەتی هەڵسەنگاندنی

هەڵسورانی لەمەوپێش، تەشویقی روانینی رەخنەییانە دەکات. ئەمش پێش مەرجی دروستی مکۆمکردنی بەرنامەی گەشەپیدان و پەیامی نموونەسازییە. یەکێتی هێزێکی سەرەکی نیۆ گۆڕەپانی کوردایەتییە، بەم پێیەش تەشویقی سەرکردایەتی بۆ گرتنەبەری روانینی رەخنەییانە مانی پەرەپێدانی بایەخی دیدی رەخنەییانەیە لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی لەبەرایی سەدەیەکی نۆیدا. سەدەیەک کەدەبێ بۆ کورد شایەدی درەوشانەوەی پێکەوەگرێدانی دیدی رەخنەو کۆشتی بە ردەوام بێ.

# شەڕو ئاشتی-ی رووس*

بەم دواییە سەیری ئەڵقەکانی فیلمی شەڕو ئاشتی-م کرد، ئەوی رووسەکان خۆیان بەرهەمیانهێناوە، بەراوردم کرد لەگەڵ فیلمی (شەڕو ئاشتی) بەرهەمهێنراوی هۆلیۆد، ئەوی هۆلیۆد پوخت و جوان و سەرنجڕاکێشتر بوو هێندەی تقەنیاتی سینەما لەجاران دەرفەتی دەدا، هی رووسەکانیش دیمەنی جوان و گرتەی ڕێکوپێکی تێدابوو، عەیبەکەی دوورو درێژییەکەی بوو. دەگوترێ کاتی خۆی فیلمە رووسییەکە، کە لەسینەماکانی بەغدا پەخشکراوە بینەران بەدەستییەوە فەلاکەتیان چەشتووە، فیلمی دوورو درێژی وا یانی تەرخانکردنی رۆژێکی تەواو بەهەموو خەرجییەکانییەوە بۆ پەردەی گەورەی سینەما، سەندویچ و گوڵەبەڕۆژە. لەفیلمەکەی هۆلیۆد شاکارێک لەسەر پەردە دەبینی کە کۆشش بۆ دەرخستنی دیوە گەردوونییەکەی فەلسەفەی رۆمانووسی ئینسان دۆست لیو تۆلستۆی دەکات، لەهی رووسییەکە گیانێکی بەرزی نەتەوەیی رووس دەبینی لەزەمانی سۆڤێتدا. ئەم رەهەندانەش هیچیان ناکۆک نین لەگەڵ یەکتری، لای تۆلستۆی ئینساندۆستی ئەدیبێکی جیهانی لەنیشتمانپەروەری وی کەمناکاتەوە. کەرەستەکانی تۆلستۆی لەدەرخستنی ململانێ نێوان شەڕو ئاشتی، ئیلهامی خۆشەویستی و ژیانی رۆتینی کارەکتەرەکان و دواجاریش نێوان بەرگری رووسەکان بەخەڵک و قەیسەرەوە لەخاکی خۆیان بەرامبەر بەهەژموونی ئیقلیمگیری ناپلیۆن پۆناپارت کە بەناوی شۆڕش و ئازادییەوە دەیویست ئیرادەی جەنەراڵ شەختەی روسیا تێکبشکێنێ، بۆ سینەمای رۆژئاوا داکۆکی لەخاک و نەتەوە با لەنموونەیەکی روسیشدا بێت، باسوخواسێکی جیهانییە. رووسەکانیش لەچی بواردا تواناسازی یەکێتی سۆڤێتیان بۆ خۆیان نەخستەگەڕ تا لەفیلمسازیدا سڵی لێبکەنەوە؟ راستییەکەی ئەدەب و فەلسەفەی ئینساندۆستی و جیهانگیری تۆلستۆی لەهەر دوو شاکاری ئاناکارنیناو شەڕو ئاشتیدا کە هەڵقوڵاوی ئەندێشەی خۆرسکی ئەم داهێنەرە مەزنەی روس بوو زیاتر لەئایدۆلۆژییە لەقاڵبدراوەکەی سۆڤێتی جاران کە نەتەوەو چین و دینی نەدەناسی پەیامی تۆلستۆی ئایدۆلۆژیا نەبوو، بەڵکو ئەفراندنی ئەدەبێک بوو کە لەڕێی ژیانی چینی کۆمەڵایەتی های لایڤی روسیای سەدەی نۆزدەدا دنیایەکی ناکۆکی خستینییە بەردەم تاتێفکرین ئەوەی لەمێژووی فەرەنسا و بەشێکی ئەوروپادا جەنەراڵێکی ئازادیخوازو یەکسانخوازە لەمێژووی روسیادا هیچ نییە، جگە لەداگیرکەرێک کە پەیمان و عەهدی لانییە. شەڕو ئاشتی لەکۆپییە روسییەکەیدا دەشێ بۆ هەندێک فیلمێکی جاڕسکەربێت، بەڵام فیلمێکی بێ سەلیقە نییەو

دریێژییەکەی باعیسی بێ توانایی هونەری روسی نییە، بەڵکو وەکو بینەرێک واتێگەیشتم ئەوان ئەوەندە بەدیار ئەم توحفە نەتەوەییەوە دۆش داماون کە حەزناکەن هیچی لێ بقرتێنن و پێیان خۆشبووە شانازییە فەرهەنگییەکەیان، تۆلستۆی، چۆنی هەناسەداوە ئاوا لەسەر پەردە رەنگی بکەن. خەڵک و خوای دنیا ئاوا مامەڵە لەگەڵ سەروەرییەکانیاندا دەکەن.

*کوردستانی نوێ: ساڵی 2009

# پڕ بەسییەکانمان*

لەسەر پێشنیازی هاوڕێی ڕۆژنامەنووس سەردار عەبدولکەریم ڕاگوزەر بەلای ئەو زیندانەدا تێپەڕین کەسەدامەکەی سربیا، میلۆسۆڤیچ، تێیدا زیندانی کرابوو. زیندانەکەی لەهۆڵاندو دادگای لاهای شانۆی دوانمایشی دەرکەوتنی ئەو بوون. کەئێمە لەوێ بووین دیکتاتۆر مردبوو، ڕۆژنامە هۆڵاندییەکان پڕبوون لەوێنەی وی. لەوردەکاریی تێنەدەگەیشتین، چونکە زمانی هۆڵاندیمان نەدەزانی، لێ دەمانزانی ئیتر خۆری ستەمکارێکی تریش ئاوابوو، بۆیان باس دەکردین کەگریمانەی زۆر لەسەرفەوتانی میلۆسۆڤیچ بڵاوکراوەتەوە. دیاریترینیان ئەوەبوو کەپیلانێک بۆ کوشتنی سازدراوە. بێگومان پیاوێک کەخۆی تەنێک بێت لەتیۆری پیلانگێڕان هەر دەبێت کۆتاییەکەشی لەخوێنی تیۆری پیلانگێڕاندا بگەوزێ. دواجار نیشتنەوە لەوڵاتی گوڵ و پایسکیل و لەمەڵبەندێکی نزیک لەپایتەختی خۆشبواردن، ئەمستردام، چانس و چارەنووسی سەرکردەی دۆڕاوی (ئوممە سربییە واحیدە). دڵی ئەم ئەوروپایە فراوانە، جێی قوربانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەستی ئیستبدادو جەهلی تێدا دەبێتەوە، شوێنێکیش هەیە. بازیندانیش بێت، بۆ جەللادەکانی ئیستبدادی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کەتێیدا بحەوێنەوە. زیندانی نێودڵی ئەوروپا لەگۆڕەپانی (سەربەخۆیی) درۆزنانەی حوکمڕانەکانی مانەندی میلۆسۆڤیچن، خۆشترە! لەبەرئەوەیە میلۆسۆڤیچەکەی عیراق، سەدام، دەیویست لەو دۆزەخەی خۆی بۆ عیراقی سازداوە دادگایی نەکرێت و ئەویش لەلاهای، دوور لەچاوی بەدی عیراقییەکان، دادی بۆ دابین ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی دیکتاتۆریی میلۆسۆڤیچ و ئەندازەی سەرکەوتنی ئەو لەبەرەنگاربونەوەی تۆمەتەکانی ڕووبەڕووی کرابوونەوە، هێشتا هەر جێی مشتومڕ بوو. هەن ئێستاش داکۆکی لێدەکەن و بەناسیۆنالیستێکی سەرسەختی سربیاو دوژمنێکی بێسازشی ئەمریکای لەقەڵەم دەدەن. هەن حەنینیان بۆ ڕۆژە ڕۆمانسییەکانی یەکێتی یوگسلاڤیا هەیەو جەللادە سەرکوتکەرەکەی میللەتی کۆسۆڤۆ بەیادگاریی شیرینی ئەو سەردەمە دەزانن، بەڵام مرۆڤ سەر بەهەر ئایدیاو ڕەگەزو ئاراستەیەک بێت دەبێت هەمیشە دڵی بەکۆتایی جەللادو دیکتاتۆرەکانی خۆش بێت، بۆچی دەبێت هەمیشە میللەت پەرستی و نەتەوەیی بوون لەخۆشی سەرکوتکردنی میللەتێکی ژێردەستەدا کورتبکرێتەوە؟ بۆ دەبێت شکۆی نەتەوەیی سربەکان تەنها لەڕێی قڕکردنی کۆسۆڤییەکانەوە بێتەدی و دیکتاتۆری خنکێنەری دیموکراسی و ئازادیی لەبەلگراد، بەناوی ئەو شکۆ نەتەوەییە پەرێزی لەهەموو تۆمەت و تاوانێک پاکبکرێتەوە؟ بەو

تاوانەشـەوە کە لەدژی نەتەوەی سەردەسـتی سـرب، نەتەوەکەی خـۆی، ئەنجـامی دابـوو. کۆتـایی میلۆسـۆڤیچ کۆتـایی سـربەکان و شـکۆی سـربیا نیـیە، بەڵکـو ئەوە دەرفەتـێکە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی ئەو نـاوو ناوبـانگەی میلۆسـۆڤیچ و هاوکارەکـانی زڕانـدیان. تەمەنـی سەربەرزی میللەت و نەتەوەکان زۆر لەتەمەنی هێلکە پیسەکانی سەرکردە سەدامییەکان درێژترە. بۆیە لەناوچوونی سیاسیی، یان فیزیکی هەر دیکتاتۆرێک بۆنەیەکە بۆ نوێبـوونەوەی باوەڕمـان بەئـازادیی و دیموکراسـی و دەربـازبوونی میللەتـان لەژێردەسـتی و راگواسـتن و پاکتـاوکردن. بـۆنەیەکە بـۆ گسکدانی پاشـماوەی بتـی بەسـربیکردن و بەعەرەبکـردن. یـان هەروەک دکتـۆر بێرنـارد کوشـنەر دۆسـتی دێرینـی کـوردو حـاکمی نێـودەوڵەتی کۆسـۆڤۆ لەوەسـفی پێـشکەوتنی مێـژوو بەقـازانجی میللەتـانی ژێردەسـت و راگـوێزراودا رایگەیانـد: لەگەڕانەوەی زوو بەزووی راگـــوێزراوە ئەلبانەکـــانی کۆســـۆڤۆدا بۆمـــان دەردەکەوێـــت کەیەکەمینجارە لەمێژوودا میللەتێک پاش سێ مانگ لەدەرکردنی گەڕایەوە زێدی خۆی. دیکتاتۆرێـک کەمتـر، هەنگاوێکی باشتر لەڕێی سەرکەوتنی ئازادیی لەسەرتاسەری دنیـادا، دیکتـاتۆرێکی لەنێـودا نەمـا، واتـا ژینگەیەکی پـاکتر بـۆ هەناسـەدان. میلۆسۆڤیچیش رۆیـشت کەواتە با پڕ بەسییەکانمان هەوای پاک هەڵمژین.

*کوردستانی نوێ: 2006

# نیفاق

نیفاق و دوو ڕوویی جیاوازە لە پەراوێزی سەربەست بۆ هەڵوێست دەربڕین. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای من سەربەستی پەراوێزی نییە، سەربەستی سەربەستییەکی کامڵ و هەروەها بەرپرسیارێتیشە بەرامبەر بەو ئاراستە و هەڵوێستەی خۆت سەربەستانە وەریدەگریت.

لەبەرئەوە ئەوی بە ناوی پەراوێزێکی سپێشاڵەوە پیادەی سەربەستییەکی بێ بەرپرسیاری دەکات هیچ نییە جگە لە مونافیقێک کە خورمژی دەوێت. خورمژ خۆر هەم هەلپەرست، چونکە خۆی ساغ نەکردۆتەوە و هەم تەماعکاریشە، چونکە دوو شت دەخوات.

سەیری ئەو هەڵلایە بکەن کە دەزگا ڕەسمییەکانی عەرەب لەسەر ڕەفتاری ناشرینی، نا ڕۆژنامەوانیی مونتەزەر زەیدی کردیان، دەزانیت ئەوە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕەفتارکردن نییە.

وڵاتێکی گەورەی وەکو میسر کە لەسەر یارمەتییەکانی ئەمریکا دەژی، لە ناوچەکەدا بە هاوپەیمانی ئەمریکا ناسراوە و بەسەد داوەوە بە واشنتۆنەوە گرێدراوە، چۆن دەبێ پەرلەمانتارەکانی بە هەموو ئاراستەکانیانەوە چەپڵە بۆ ڕەفتارێکی ناشرین لێبدەن کە نە ڕۆژنامەوانییە، نە میوانداری وا دەبێ و نە عورفی دبلۆماسیی؟

پەرلەمانی میسر زۆرینەی هی حزبی حاکمە، سەربەخۆکانی بە ئاگاداری وان سەربەخۆن و ئیسلامییەکانی تەنها ئەمریکا پشتیوانیان لێدەکات، بە چ مۆرالێک سوکایەتی بە سەرۆکی وڵاتێکی هاوپەیمانیان قبوڵ دەکەن؟ بە چ مۆرالێک دەست لە کاروباری وڵاتی عیراق وەردەدەن و ڕەفتارێکی پێچەوانەی ویستی سیاسیی حکومەتی عیراق ستایش دەکەن؟

ئەمە دوو ڕووییە، نەک پەراوێزی سەربەستی، چونکە ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن چەپڵە بۆ پێڵاوتێگرتن لێنادەن، بەڵکو هاوپەیمانێتی لەگەڵ واشنتۆن دەپچڕن و یارمەتییە ئابوورییەکانی ڕەتدەکەنەوە، ئەمە چ جۆرە سیاسەتێکە حزبی حاکم خۆی سیاسەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا مۆنۆپۆڵ بکا و پەرلەمانتارەکانیشی چەپڵە بۆ سیاسەتێکی پێچەوانە لێبدەن؟

لە وڵاتی فیرعەونەکانەوە بۆ تەواوی دونیای عەرەبی ئەم جۆرە دوو ڕووییە هەست پێدەکەین، ئەگەر پێڵاوتێگرتن بۆ سەرۆکەکان شتێکی باشە بۆ ڕۆژنامەنووسەکانی خۆتان وا

لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا ناکەن؟ ئەگەر بوش پیاوێکی خراپە بۆ سەمای شمشێری لەگەڵ دەکەن کە دێتە وڵاتەکانتان؟

ئەمانەی مونتەزەر زەیدی پێ دەدەن و کەسوکارەکەی هاندەدەن هەر ئەو دەستە و تاقمەن سەدامیان هاندا لە دژی ئەمریکا شەڕ بکات، کە شەڕیکرد بە تەنیا لە مەیدانەکەدا جێیانهێشت تا سەری تێداچوو.

هەر ئەوانە دوو ڕوویی و نیفاقیان پەرەپێداوە، لەجێی گاڵدانی سەدام ئێستا خەریکی فریودانی هاوڵاتیانی عیراقن.

باشە عیراقییەکان، بەتایبەتی برا عەرەبەکان، تاکەی دەبنە قوربانی دۆنکێشۆتی عوربە؟

تاکەی گوێ لە برا بچووکە کوردەکانیان ناگرن کە سیاسەتی نیفاقی عروبی هیچی تیا بەسەر نییە و لەجێی ئەوە خەریکی خۆیان و وڵاتەکەیان و هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانیان بن، باشترە؟

# میانڕەوی عەرەبی

کتێبێکی د.مەروان معەشەر دیپلۆماتکاری ناسراوی ئوردنم لە کاتێکی گونجاودا تەواوکرد، یان ڕاستتر بڵێم لە فەزایەکی سیاسیی هاوشێوەی ئەوەی کتێبەکە قسەی لەسەر دەکات. پیت بە پیتی بەش و فەسڵەکانی (میانڕەوی عەرەبی) کێرڤی پەرەسەندنی بیری میانڕەوی لە سیاسەتی عەرەبی دەگێڕێتەوە. کتێبی وا لە تیژبوونی ململانێی میانڕەوی عەرەبی و توندڕەوی عەرەبی، یان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن بەرەی ملنەدان، بایەخێکی زیاتر وەردەگرێت، ئەم فەزا فیکرییەی معەشەر بۆ ئەم فەزا سیاسییەی غەززە یەکاویەکە، بەڵام بۆچی لە زەمینەی عەرەبیدا ئاواتەکانی د.معەشەر و هاوبیرەکانی نایەنەدی؟

بنتەمەڵی ئەم زەمینە خواروخێچەی وا دەکات ڕێی میانڕەوی عەرەب کەم ڕێبواربێت ئەندازەی زوڵموزۆر و خەفەقانی سیاسییە کە لە ناوچەکەدا هەیە، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو زوڵموزۆرەیە کە عەرەب پێیانوایە لە دژیان بەرپایە.

ئەمەش ڕێی لە بیرکردنەوەیەکی تەندروستی عەرەبی گرتووە، زوڵم ڕاستی بێت یان تراویلکە دیدگا دەشەمزێنێ. زوڵموزۆر و گرفتداری بە تەنگژەکانەوە هەمیشە کەرەستەن بۆ ڕابوونەوەی هوشیارانەی (پێشمەرگایەتی) لە ڕێی ماف و دادوەریدا وەک چۆن کەرەستەشن بۆ ئەشقیا و توندڕەوەکان تا گەرای چەقۆکێشی دابنێن، وەک بڵێی لەو کاتەی ژیر و هۆشیارەکان بزوتنەوەیەکی سیاسیی میانڕەو بەڕێدەخەن هەر ئەو کاتە ملنەدەرەکان دەڵێن تۆ لەکوێی ئاشووب کە زوڵموزۆر بیانوومانە؟

هۆکارێکی تر نا دیموکراسیی شەبەنگی دەوڵەتانی میانڕەوی عەرەبییە. داوای میانڕەوی عەرەبی لە دۆلێک و داوای دیموکراتیزەکردنی عەرەبی لە دۆلێکی ترە، ئەمەش مەیلی میانڕەوی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لە خوارترین ئاستدا گیردەخات، کە میانڕەوی عەرەبی ڕیفۆرم ناکات بەرەی ملنەدەرەکان هەم ملیان قەوی دەبێ و هەمیش بەهانەیان بەهێز، چۆن لە مێژوودا تێزی "ستەمکاری دادپەروەر" درۆیەکی ڕووت بوو، نموونەی عەرەبی دەریدەخات "ستەمکاری" میانڕەو ئەفسانەیەکی پڕوپووچە.

میانڕەوانی عەرەب هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوانی لەگەڵ میانڕەوەکانی تر نەبەستووە، نە لەگەڵ هی ناوچەکە و نە هی جیهانیش، ئەگەر ئیسرائیل هی هاوپەیمانێتی نییە، چونکە عەرەب لەسەدلاوە موددەعییە بەسەر تەلئەبیبەوە، خۆ تورکیای ئۆردوگان و بگرە

بزووتنەوەی سیاسیی میانڕەویش لە ناوچەکە هەن کە لەبەر هۆکاری شۆڤێنی میانڕەوی عەرەبی خۆی لێ نەبان دەکات.

ئەم هۆکارەی دوایی بە زەقی بە کتێبی (میانڕوی عەرەبی)یەوە دیارە، هەڵبەت ناسنامەی نووسەری کتێبەکەش ڕۆڵ دەگێڕێت، معەشەر خۆی ئوردنییەکی مەسیحییە یانی لە کەمینەکانی جیهانی عەرەبە، جا یەکێک لە چالاکڤانەکانی میانڕەوی عەرەبی گرفتداربێت و زۆرینەی عەرەب بە ئەهلی زیمەی بزانن کە لە قەڵەمڕەوی ئیسلامدا دەبێ جزییە بدات، ئیتر تێدەگەین بۆ (مەنزڵی بێ پایان، تیشوو زەروەرە).

وەلسەلام

# کاردانەوەی ئۆباما

سیاسەتی جێگیر لەناو دەوڵەتی جێگیر و دامەزراودا دەگاتە ترۆپک. هەر دەوڵەتێک تا چەند قودرەتمەند بێت ئەوەندە دەرفەتی بۆ دەسازێت سیاسەتی جێگیر بێت. سیاسەتی جێگیر ئەوەیە بڕیار و بژاره سیاسییەکانت کەمترین کاریگەری دەرەکی لەسەر بێت و سیاسەتی تۆش زۆرترین کاریگەریی لەسەر دەوروبەر دابنێت. ئەگەر دەوڵەتێکی نموونەیی هەبێت ئەم خەسڵەتانەی بەسەردا پراکتیزە بکرێت ئەوا ئەمەریکایە.

بەڵام ئێمە گوتمان "سیاسەتی جێگیر" کە کەمترین کاریگەری دەرەکی لەسەر بێت، واتا کاریگەریی دەرەکی لەسەر خودی ئەمەریکاش هەر دەمێنێت. لەم دەریچەیەوە دەشێ بڵێین هەڕەشە و سوکایەتی ئەیمەن زەواهیری بە ئۆباما کاریگەرییەکی دەرەکی پێشوەختی دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئۆبامای تازە هەڵبژێردراو.

ڕاستە ئۆباما لە بنچینەدا بەتەمای مشتومالکردنی دۆخی ئەفغانستانە، تەنانەت لەکێبرکێی هەڵبژاردندا دۆسیێی کابولی خستە سەرووی دۆسیێی عیراق لە ڕیزبەندی بایەخپێدانە دەرەکییەکانیدا، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت زەواهیری و قاعیدە هەمیشە دۆسیێیەکی جیاوازن، چــــونکە کاریگەریی فیکری تیرۆر زەمینە جــــوگرافییەکانی تێپەڕاندووە و ڕەهەندی فراوانتر لە ئەفغانستانیان هەیە.

ئۆباما لە هەڵبژاردندا بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەخوازێت چاو بە پەیوەندیی ئەمەریکا لەگەڵ جیهاندا بخشێنێتەوە، پێداچوونەوە بە هەلومەرجی پێکهاتنی زیندانی گوانتانامۆ و شەڕی تیرۆر بکات، کەواتا چاوەڕوانی گۆڕانێکی چۆنایەتی لە هەڵوێستی ئەمەریکا لەگەڵ قاعیدە و شەڕی تیرۆر کە نزیک بێت لە موتارەکەی دۆسیێی پاڵەوانەکانی تیرۆر تا بابەتی تری وەک تەنگژەی دارایی جیهان و برسێتی چارە دەبن، پێشبینییەکی بێ بنەما نەبوو. بەڵێنی ئۆباما بە گۆڕینی ڕووی ئەمەریکا لای جیهان لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان وا شرۆڤە دەکرا کە شەڕی دژە تیرۆر و دەرکەوتەکانی بپێچرێتەوە. ئیتر ئۆباما چۆن ئەمە دەکات؟ ئەوەیان باسێکی تر بوو.

زۆر باشە ئێمە ئێستا لەبەردەم دەورانێکی تر داین کە دەبێ ئۆباما بژارەی خۆی لە دوای ئەم هێرشەی زەواهیری ساغبکاتەوە، بۆیە سیاسەتی جێگیری ئەو بۆ دەورانی نوێ هەر چۆنێک بێت ناتوانێت کاردنەوەکانی قاعیدە فەرامۆش بکات. لێرەوە دەشێ بڵێین بەشێکی سیاسەتی ئۆبامەیی ئەوەندەی دەستپێشخەرییە دوو ئەوەندەش کاردانەوە دەبێت.

دەستپێشخەری هی بەرنامە جێگیرەکانی خۆیەتی و کاردانەوەش هی نەیارە ڕادیکاڵەکانی ئەمەریکایە کە زۆر گوێ بەوە نادەن بوش یەکەکەرەوە سەرۆکە یان ئۆبامای خاووخلیچک کەس لەبیری نییە کە پرۆگرامی هەڵبژاردنی بوش چی بوو؟ بەڵام باش لەبیرمانە شەڕی گەورەی بوش لەدژی تیرۆر دوای یانزەی سێپتەمبەر بوو. یانی شەڕی کاردانەوە بوو بەرامبەر قاعیدە کە دۆسێی بە جێماوی سەردەمی دوا ئیدارەی دیموکراتەکان بوو بە سەرۆکایەتی کلنتن.

ئێستا ئۆباما چی کاردانەوەیەکی دەبێت لەبەرامبەر کاری لەناکاوی قاعیدە و هاوپەیمانەکانیدا؟

# قسەیەک هەیە بیکەم!

*دەڵێی قەدەر وایە کەنەوەکان هەمیشە بە گلەیی بن لە یەکتری. هەرگیز لە چەرخێکدا نەوەی کۆن رازی نەبوون لە نەوەی نوێو هەروا بەپێچەوانەشەوە. دەگوترێ لە نووسراوێکی کۆنی یونانیدا هاتووە باوکەکان گلەیی ئەوە لە کوڕەکانیان دەکەن گوایە بەهاو نەریتە رەسەنەکانیان فەرامۆش کردۆوەو ئیدی دونیا شێخ رەزا گوتەنی بە (تری ئەولادی ئەم عەسرەوە) کەڵکی هیچی پێوەنەماوە. ئەو پرسە ئەزەلیە لە نێودا بووە هەر لە یۆنانیەکانەوە بۆ شێخ رەزا لەوێشەوە بۆ فیلمی بەناوبانگی (نرخ) کەتێیدا کورەکەی ئەکتەری ناسراو (جاک لیمۆن) سەرزەنشتی باوکی دەکاو لیمۆنیش لە هەڵکشانێکی درامیدا پێی دەڵێ: (هەمیشە لە باوکایەتی من نارازیت، ئایا بیرت لەوە نەکردۆتەوە تۆش ئەو کورەنیت کەمن دەمەوێ؟!).

*تێروانینی باو وایە کە نوێ شوێنی کۆن دەگرێتەوە. لێ خوێندنەوەی ورد دەڵێ هەندێک لە توخمەکانی کۆنە لەدوو شێوەدا خوێان دێننەوە مەیدان.

شێوەیەک وایە (نوێ) پڕۆژەیەکی تۆکمەی پێ نییە بۆیە کۆن لە بەرگێکی نوێو تەزویردا زەفەری پێ دەبات‌و شێوەکەی دیکەش توخمی رەسەنی ئەوتۆ لە کۆندا هەن کەشایستەی نوێ بوونەوە و لەبەرچاوگرتنن تەنانەت لە پرۆژەیەکی نێوشدا. ئەمە زیاتر بۆ بیروباوەرە ئینسانییە ئەزەلییەکانی لە بابەت ئازادی و مرۆڤ دۆستی دەشێن کەخەونی هەمیشەیی مرۆڤە لە هەموو سەردەمەکاندا. لەسەر ئەم بنەمایەش وەک رێسایەکی گشتی چاوەڕوان دەکرێ نەوەی نوێ گوزارشت لە نوێ بکاو نەوەی کۆنیش دەست بە کۆنەوە بگرێ. کەچی واش قەوما کەیەکێکی سەر بەجیلێکی پێشتر لەنوێبوونەوەدا بێت‌و بەپێچەوانەشەوە حاڵەتی مەترسیدار لەم پرسەدا ئەوەنییە کە کۆن بەخواستی خۆی جێ بۆ نۆی چۆڵ نەکات، یان رێزگرتنی ئەو لەلایەن (نوێ)ەوە بەموئەدەبیو بێوەیی نەخوێنێتەوە، بەڵکو حاڵەتی مەترسیدار ئەوەیە کە (نوێ) لە سەرەتادا کوێرانە رەتکەرەوەی هەموو توخمەکانی (کۆن) بێت بەتوخمە رەسەنەکانیشەوە کەچی لەدووماهیدا خۆی لە (کۆن) کۆنتر دەردەکەوێ بەزیندووکردنەوەی تەنانەت توخمە مرداربووەکانی هەموو (کۆن)ێکەوە!

*رۆژنامەی هاوپەیمانی – ساڵی 1997

# دوو کەرتبوونی ئەندێشە!*

*دەمەوێ لەسەر حاڵەتێک بدوێم کە پێموایە لە دەرەوەی حزبایەتیو لاینگیریی رەچاوی بکەینو دەستنیشانی ئاکامە خراپەکانی بکەین، پتر لە چارێک ئەو حاڵەتەم بینیو زیاتر لەشوێنێکیش نموونەیان بۆ گێراومەتەوە. حاڵەتە سەلبییەکەی هەر ئێستا قسەی لەسەر دەکەین یەکێکە لەو دەیان دەرکەوتە خراپانەی لەدووکەرتکردنی هەرێم کەوتوونەتەوەو ئاسەواری خراپیان لەسەر دەرونی مرۆڤی کوردو ژیانی کوردەواری بە جێهێشتووەو ئەگەر بەردەوامیش بێت، ئەی دیکەی لەسەر کەڵەکە دەبیو کەس پێشبینی داهاتووی ناکات. حاڵەتەکە روانینی سەد دەرسەد جیاوازی هاووڵاتیانی دوو دەڤەرە لەسەر ئەو کێشەو گرفتە رۆژانەییو ئەو دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی لەوڵاتەکەماندا روودەدەنو خۆی لە خۆیدا تەفسیرو لێکدانەوەی واجیاواز هەڵناگرن، کە چی بۆتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم تێگەیشتنێکی هاوبەشو دروستدا، ئایا هۆکاری ئەو دوو کەرتییە لە روانینەکان بۆ روانینی تەسکی حزبایەتی یان بۆ جیاوازی ئایدیۆلۆژیاو ئاراستەی فیکری، یاخود لەبنچینەدا بەرژەوەندییەکی ماددیو مەعنەوەی لە پشتەوەیە؟ لەوەش گرنگتر ئایا هەموو جیاوازییەک لەروانینو لێکدانەوەدا دیاردەیەکی تەندروستن؟

*نموونەیەک لەدیدارێکی چەند رۆژێکی لەمەوبەر دێنمەوە کە بەرێکەوت کۆڕێکی یاران لەگەڵ چەند بەرێزێکی دەڤەرێکی تر کۆی کردبووینەوە. دوو هاوەڵی ئەم دەڤەرو ئەم دەڤەر قسەیان دەکرد، هەردووکیان لەروانینو لێکدانەوەی رەوشی کوردستاندا دوو ئاراستەی تەواو پێچەوانەبوونو هیچ شتێک کۆی نەدەکردنەوە مەگەر تەنها زمانی شیرینی کوردیو بابەتەکانی قسەمان لەسەر دەکرد. دەنا هەریەکەو بیروبۆچوونێکی تایبەتی خۆی لەسەر بابەتەکان هەبوو. هاوەڵەکەی ئەو دەڤەرە سیاسەتێکی پاکانەو وەڵامی پێشوەختی بۆ هەموو شتەکان هەبوو، وەک بڵێی دەیزانی رووبەرووی پرسیاری لەو بابەتانە دەبێتەوە. سەرەنجام پرسیارێکم لە خۆم کرد: دەبێ وتووێژی لەم بابەتە چ ئاکام، بانەشڵێم چ کەڵکێکی هەبێ؟ کەتۆ پێشوەخت بریارت لەسەر هەموو قسەیەک دابێو نیازت وابووبێ هەموو قسەیەک، هەموو روانینێکی ئەوی تر رەتبکەیتەوەو هێڵی راستو چەپی بەسەردا بێنی ئیتر وتووێژو گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان لەپای چی؟

*هەر بەڕاستی قەسەکانی ئەو هاوەڵە مایەی هەڵوەستەو پەژارەیەکی زۆربوون، چونکە ئەی کەسێک بوو لەناوەندێکی ئەکادیمییدا هەڵسوڕاوەو دوارۆژی میللەتەکەمانی لە چنگدایە،

ئێستاش نازانرێت بۆچی بەشێکی ئێمەی کورد گەلێک جار جیاوازی نێوان ئەوە ناکەین کە ڕووداوەو تەفسیری جیاواز هەڵناگرێتو ئەوەی تەفسیر یان رایەکی تایبەتی لەسەر ئەو ڕووداوو دیاردانەی دێنەپێش؟ جیایە لەسەریەک ڕووداو ئاوەها دوو بۆچوونی سەد دەرسەد پێچەوانە دروست بێتو ئەوەش بخینە چوارچێوەی ئازادی بیروبۆچوونو رادەربڕینەوە؟

*لە ڕاستیدا بەشێکی ئەو دیاردەیە ناشێت تەنها لە چوارچێوەی بۆچوونی جیاوازدا بخرێتەڕوو ئەگەرچی بۆ خۆی دیاردەکە کوشتەی دەستی جێگیرنەبوونی تەواوەتی پرەنسیپی ئازادی رادەربڕینو دیموکراسییە، بەڵام بەشێکی زۆری گرفتەکە بۆ لەتکردنو لەتبوونی هەرێم دەگەڕێتەوە بەسەر دوو دەڤەری جیاوازدا. من خۆم دەزانم خەتای کێیەو زۆرمان لەسەر خەتابار نووسی، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەو دەرکەوتانەیە لە لەتکردنەکە کەوتۆتەوەو ئەوەشە مانای جێگیرنەبوونی تەواوەتی پرەنسیپی ئازادی رادەربڕینو دیموکراسییمان بۆ ڕووندەکاتەوە. بەڵێ کوردستان ئازادەو دیموکراسیش هەس، بەڵام لەتکردنی هەرێم واتا دروستبوونی دوو ئیدارەو دوو جۆر دامو دەزگا کە شۆڕبۆتەوە بۆ هەموو وەردەکارییەکی ژیانی کوردەواریو ئەمەش دووجۆر پابەندبوونو دووجۆر ماناو مافی هاووڵاتی بوونی دروستکردووە. دوو جۆر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئابووریو دووجۆر سیاسەتی رەسمیو دووشێوە سیاسەتی راگەیاندنی لێکەوتۆتەوە، ئەگەر ئەم حاڵەتە ئەوەشی بخرێتەسەر کە هاووڵاتیانی هەردوو دەڤەر ئاگایان لە سیاسەتی رۆژانەیی رەسمیی هەردووڵاو سیاسەتی راگەیاندنو رۆژنامەکانی هەردووڵا نییە، تێدەگەین چۆن هاووڵاتیانی دوو دەڤەرەکەی هەرێمە هەریەکەو جیهانبینیو تەفسیری خۆی هەیە کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو هەواڵو زانیاریو تەفسیراتە رەسمیانەوە دروستبووە کە لە دەڤەرەکەی خۆی گوێی لێ دەبێت. گوتمان قسەمان لەسەر خەتاباری ئەم رەوشە نییەو لێرەشدا ئەوەی دەخەینە سەر مەسەلە ئەوە نییە تەنها یەکتری تاوانبار بکەین کێ وای کردو کێ وادەکات، مەسەلە ئەوەیە ئەگەر فۆرمەڵەی کەرتکردنی هەرێم هەروا تاسەر بمێنێتەوە رەوشەکە لە ئاساییکردنەوەوەی تەواوەوە دەست پێنەکات، سەرەنجام لە هەردوو دەڤەرەکەدا هاووڵاتییەکی کوردستانی ئەوتۆمان بۆ دێتە بەرهەم کە لە هاووڵاتیانی هەرێمێتی نێو وڵاتە عەرەبییەکان دەچێ. گەلێک جار لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتو کەناڵە فەزائییەکانەوە گوێمان لە عەرەبەکان دەبێت کە هەریەکەیان وەک هاووڵاتییەکی هەرێمێتی داکۆکی لەوڵاتە عەرەبییەکەی خۆی دەکاتو ڕوانینی رەسمی دەسەڵاتداریێتی وڵاتەکەی خۆی دووپات دەکاتەوەو هیچ پەیوەندییەکی رۆحی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکەی دراوسێیدا هاوخەمی ناکات. ترسەکە ئەوەیە وڵاتەکەی ئێمە بۆ خۆی هەرێمێکی چارەنووس دیاری نەکراوە لە ڕووی یاساییو دانپیانانی نێوەدوڵەتییەوە، ئینجا ئێستا ئەوەشی هاتەسەر کە بەسەر دوو دەڤەریشدا دابەشکراوە.

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە، 1999 – 2000

# سیاسەتی ڕووناکبیریی پشت پەردە*

*لەو کۆمەڵــگایانەی لەســەردەمی پەڕیــنەوەی نێـوان دوو قۆناغـدان، گەلێـک دیـاردەی کرێتو ناجۆر سەرهەڵدەدەن کە چارنییەو هەردەبێ دانی پێدابنرێ، بەڵام دانپیانان بەوەی لەو ســـەردەمەدا دیـــاردەی وا هەر دەقەومـــێن نـــابێ مانـــای ئەوە ببەخـــشێت کە ئیتـــر دەستەوەستان بووەستینو ڕەخنەی لێنەگرینو داوای چارەسەرکردنی نەکەین.

حەیفێ ئەمڕۆ هەروەک چۆن لەباری سیاسییەوە کوردستانە ئازادکراوەکەمان بەسەر دوو هەرێمی لێکجیاوازدا دابەشکراوە، ئاوەهاش ڕەوشی ڕووناکبیریو ئەوەی پێیدەڵێن سیاسەتی ڕووناکبیریی، بەسەر دوو دۆخی لێکجیاوازدا دابەشکراوە، دۆخێکی ڕەسمی کە سیاسەتی ڕووناکبیریی پەخشو بڵاوکراوە ڕەسمییەکانە، دۆخێکی ناڕەسمی کە دەشێ ناوی لێبنێین سیاسەتی ڕووناکبیریی لە جادەو شۆستەکانی کوردستاندا، سیاسەتی ڕووناکبیریی دەستە نادیـارو پـشت پەردەییەکـانی کەس ناسـنامەو کەس شـوێنەکانیان ناناسـێو نـازانێ. ئەو کۆمەڵگایانەی بەسەر دوانەی سیاسەتی ڕەسمیو ناڕەسمی، سیاسەتی ڕووناکبیریی ڕەسمیو سیاسـەتی ڕووناکبیریی ناڕەسـمیدا دابەش دەبـن دەردیـان گـرانو عیلاجیـشیان دەگـمەنە. سیاسەتی ڕەسمی ڕووناکبیریی مەبەست لێی سیاسەتێکی ڕووناکبیریی کۆنترۆڵکراو نییە کە ڕێ بە بۆچـوونە جیاوازەکـان نەدات، بەڵام مەبەسـت لێـی ئەوەیە ئەو سیاسـەتە ئاشـکراو شـەفافیەتێکی ئەوتـۆی تێـدابێت کە کەس گومـان لەسـەرچاوەی ئەو هەمـوو بڵاوکـراوەو پەخشو کتێبە ناڕەسمیانە نەکاتو بزانێ (لە کوێوە بۆ کوێ) دێن؟

*گەلێک جار قسان لەسەر ئەو هەموو کتێبو بڵاوکراوانە کراوە کە ژمارەی سپاردنیان لەسـەر نیـیە. گرفتـی ئەم کتێـبو بڵاوکـراوانە تەنها ئەوە نییە وەزارەتـی ڕۆشـنبیرییان لـێ ئاگـادار نەکـراوەتەوە، یـان بـاجی وەرگرتنـی ژمـارەی سـپاردنیان نەداوە، بەڵکـو بـۆ خـۆی ئاگـادارنەکردنەوەی لایەنێکـی ڕەسـمی وەک (وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی) یـان نیەتێکـی خراپـی بڵاوکردنەوەی کتێبو بڵاوکراوەکانی لە پشتەوەیە، یانیش بەشێک لەو سەرچاوانەی کتێبو بڵاوکراوەی نارەسمی بڵاودەکەنەوە ئەسڵەن دان بەلایەنو دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکاندا نانێنو خۆیان لە یاساو ڕێنماییەکانی وەزراەتێکی گرنگی حکومەتی هەرێم بەگەورەو باڵاتر دەزانن.

لە حاڵەتی یەکەمدا: واتا حاڵەتی ئەوانەی کتێبو بڵاوکراوەکانیان شتی نابەجێی ئەتۆیان تێدایە کە دەزانن ڕێنماییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ڕێ بە بڵاوکردنەوەیان نادەن، ئاماژە بەدیاردەی گفتوگۆی گەرموگوری نێوان هەندێک لە نووسەرانی ئایدیۆلۆژیست دەکەین.

ئەگەر خوێنەری بەڕێز گەشتێکی سەرپێیی بە نێو کتێبخانە لاچەپو کتێبە ریزکراوەکانی سەر شۆستەی بازاڕی سلێمانییدا بکات، دەبینێ دەیان نامیلکەی بچووکو کتێبی چاپ ناشیرینو قەوارەی جیاجیا ریزکراونو هەمووو ناونیشانەکانیان لە دژی عەلمانیەتو مارکسیزم ئاگر دەکەنەوە. ناميلکەی تێدایە جنێو بەتێکۆشانی کوردایەتیو حزبە عیلمانییەکان دەدات. هی وای تێدایە ئەزموونی کرچو کاڵی نووسەرەکانیان دەردەبڕن لە رێنووسو لە بیرۆکەکانی نووسیندا. هەندێکی دیکەیان داوای سیستمێکی ئوسوڵی ئەوتۆ دەکات کە بەتەواوەتی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان رەتدەکاتەوە، چ جای وەزارەتی رۆشنبیریی کە ناچن ژمارەی سپاردنی لێوەربگرن. ئەوەی ئەم قورە خەستتر دەکاتەوە ئەوەیە بەشێکی نامیلکەکان هەریەکەو وەڵامی نامیلکەیەکی ترە. ئەمەشە کە پێی دەڵێم دۆخی رووناکبیری لەسەرجادەو شەقامەکان، یان سیاسەتی رووناکبیریی نارەسمی. لەو نامیلکە نارەسمیانەدا مونازەرەو حیواری (شارستانیی) گەرمو گوڕی بێ هیچ بەربەستێک بەرێوەدەچن. ناوێکی مەجهولی خوازراو گفتوگۆ لەگەڵ ناوێکی مەجهولی خوازراوی دیکەدا دەکاتو پێی دەڵێ دەزانم تۆکێیتو کێش هانی داوی؟ هەڵبەتە ناوی خوازراو لە رۆژنامەگەرییدا هەیەو خەڵکی دەزانن کە ئەوە بەرێکەوتن لەگەڵ ئیدارەی رۆژنامەکەدا دەکرێو بەدواداچوونی یاساییش لە حاڵەتی شکاتو شکاتکارییدا دەکرێ. بەڵام لە حاڵەتی نامیلکەی بێ ژمارەی سپاردنو بێ سەچاوەو بێ چاپخانەی بڵاوکراوە پەیوەندی بەکێو بەکوێوە بکرێت؟

*جێگەی داخە ئەم مونازەرە نارەسمیانە ئەو کتێبو نامیلکانەش بگرێتەوە کە بە حیساب عەلمانی. ئەوە زانیمان ئوسولییەکان کتێبو نامیلکەی (وقیدت ضد مجهول) چاپ دەکەن. چونکە ئەسڵەن باوەڕیان بە سیاسەتی تاریکو پشت پەردە هەیە، خۆم پێم وایە عەلمانییەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تێدەکۆشن کە لەو کۆمەڵگەیەدا یاساو دیموکراسی هەیە، یاسا بۆ مەسەلەکانی بەرپرسیارێتیو پاراستنی مافو ئەرکەکان، و دیموکراسیش بۆ قسەی ئاشکراو گفتوگۆی پێش پەردەو شەفافیەتو موکاشەفە، هاتوونەتە بوون.

پێم سەیرە چۆن رووناکبیرانی عەلمانیو دیموکراتی ئەوە لە خۆیان قەبوڵدەکەن لە پشت پەردەوە لە تاریکییدا شەڕی تاریکی توندڕۆکان بکەن؟ شەڕی تاریکیو توندڕۆکان شەڕێکی شارستانییەو بە ئاشکراو بە پێی یاسا رەچاوکراوەکانو رێساکانی دیموکراسی دەکرێتو دەبرێن بەرێوە.

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە،ساڵی 1999 – 2000

# کۆمەڵگەی مەدەنی پشووی جەنگاوەر نییە!※

*ئێستا باس‌و خواسی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردەوارییدا لەبرەودایەو پێدەچێ کۆششێکی دڵسۆزانە بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی ماناو دەلالەتەکانی چەمکەکە لەئارادابێت بۆ زانینی ئاستی شیاوی‌و نەشیاوی رەچاوکردنی خەیاری مەدەنی لەژیانو ئیدارەدانی کۆمەڵگەکەماندا. لەم چوارچێوەیەشدا لەمڕۆوە تا سێ رۆژ گۆڤاری (مەدەنیەت) کۆمەڵێک کۆڕدەربارەی ئەو بابەتانە سازدەکات.

*دەرکەوتێکی باشە کەئێستا لەناوەندی رووناکبیریماندا خەریکە نووسەرو رووناکبیرانێک لەبواری نووسین‌و توێژینەوەی بابەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا تایبەتمەندێتی وەردەگرن‌و هەڵدەکەون، لەبەرئەوە ئەوەی لێرەدا لەسەری دەدوێین باس‌و خواسێکی قووڵی چەمکەکە، یان سواربوونی رەوتی باوی گفتوگۆکانی ناوەندیی رووناکبیریمان نییە کەئێستا وەک دیاردەیەکی چاک لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی قسان دەکات، بەڵکو ئاماژە بەهەندێک دیاردەو دەرکەوتی لێکۆڵینەوەکان‌و قسەکردنی هەندێک رەوت‌و ناوەند دەدەین لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی لەکاتێکدا بەرنامەی کارو ئامانجە ئایدیۆلۆژی‌و سیاسییەکانی ئەوان بۆ خۆی شتێکی پێچەوانەی (کۆمەڵگەی مەدەنی) یە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش روونکەینەوە کە مەبەستمان بەرپەرچدانەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتانەی ئەو ناوەندو رەوتانە نییە، یان با بڵێین قسەکردن لەسەر جەدوای ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانیان‌و بۆچوونی رەخنەگرانەی خۆمان بۆ کاتێکی ترو باسێکی تر هەڵدەگرین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کەهەقە رەوت‌و ناوەند سیاسییەکان راستەوخۆ بچنە سەر بەرنامەو ئامانجەکانی خۆیان‌و ئەوە بەیان‌و روونبکەنەوە کە داخۆ چی دەخوازن‌و چۆن کاری بۆ بکەن؟ نەک بەو چەمک‌و روانینانەوە خەریک بن کەزادەی ئەدەبیات و کەلتوری وان نییەو بۆ ئایندەش شوێنێکی لەئامانجە سیاسییەکانی واندا نییە.

*قسەکردن لەسەر جیاوازییەکانی نێوان ئامانجە سیاسییەکانی ئەو رەوت‌و ناوەندانە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناچارمان دەکات کە بگەرێینەوە سەر خەسڵەت‌و ئەدگارەکانی (کۆمەڵگەی مەدەنی)، کارێک کەستوونێکی رۆژنامەنووسی توانای بەسەردا ناشکێت، بەڵام دەشێ بڵێین یەک لەخەسڵەت‌و ئەدگارە دیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کەناوەندو گروپەکانی کۆمەڵگە لەهەلومەرجێکی جێگیرو دیموکراسییدا پەرە بەچالاکییە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و هەلسوڕانە جیاجیاکانی خۆیان بدەن دوور لەدەسەڵاتی

دەوڵەتو دامەزراوەکانی. لەباری گەیشتنیش بەکۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ، ئەوا دیارە کەدەبێ پرۆسەیەکی بەردەوامو روو لەپەرەسەندن هەبێت. بەتایبەتی کە دیموکراسیو سەلماندنی ئەوی دیو سەلماندنی سەربەخۆیی چالاکییە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگە بنچینەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێنن. هەردوو خەسڵەتی سەربەخۆییو پەرەسەندنی دیموکراسی-یش تەواو پێچەوانەو ناکۆکن لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیاو ئەو روانینە فیکرییانەی شموولییانە دەڕوانە دیاردەو رووداوەکانی کۆمەڵگە. هەڵبەتە روانینی شموولی بەمانای ئیفرەنجی (تۆتالیتاری) دەڵێین نەک بەمانای روانینی هەمولایەنەو هەڵسەنگاندنی گشتگیر. سەرەنجامی هەموو روانینێکی شموولی-یش لەسەرکەوتنیدا پێکهاتنی دەسەڵاتێکی شموولییە کە جیاوازییەکانی کۆمەڵگەو ئەوانی دیو هەروا لەهەمووشی گرنگتر هەموو چالاکیو هەڵسوڕانە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە دەسڕێتەوە. لەحاڵێکی وادا کە ئایدیۆلۆژیای شموولی (ئسووڵیو کۆمۆنیزم بۆ نموونە) دەخوازن دەسەڵاتی شموولی ئەوتۆ پێکبێنن کە دامەزراوە مەدەنییەکانو چالاکییەکانیان بەدەوڵەتەو گرێ بداو لەوێوە جارێکی ترو دوای لەقاڵبدانی، بەخەڵکو کۆمەڵگەی بفرۆشنەوە، ئیتر قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی لای هەڵسوڕاوانی ئایدیۆلۆژیای شموولی لەپای چی؟ مادامەکی ئایدیۆلۆژیای شموولی لەبەرنامەی خۆیو لەحاڵی سەرکەوتنو دەسەڵات گرتنەدەستدا پێی وایە هەموو ئایدیۆلۆژیاو رەوتو روانینە فیکرییەکانی لەخۆی جیاوازن، پێویست نینو زیادەی سەر شکێنن، ئیتر کۆمەڵگەی مەدەنیو دامەزراوو دیموکراسییە بەشێنەییەکەی لەکوێ جێیان دەبێتەوە؟

* هەررەوتو ئایدیۆلۆژیایەک:

- لەگەڵ رەوتی هەنگاو لەدوای هەنگاوو بەشێنەییو
- لەگەڵ دیموکراسی روو لەگەشەسەندنو
- لەگەڵ قبووڵکردنی ئەوانی ترو سەربەخۆیی گەشەسەندنی دامەزراوەکاندا نەبێت،

هۆی قسەکردنی لەسەر (کۆمەڵگەی مەدەنی) لەدوو حاڵەت بەدەرنییە:

-یان بۆ چەواشەکارییو ئیستیهلاکی مەحلییە.

-یاخود لەبەر ئەوەی لەمرۆدا دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵو دامەزراوەکانییدا ناشکێ بۆیە چەمکە پێچەوانەکانی خۆی پەسەند دەکات. بۆیە لەحاڵێکدا سەری ئەوانی تر، نەیارە سەرسەختەکانی خۆی پێ پان ناکرێتەوە، ناچار هودنەی (کۆمەڵگەی مەدەنی) لەگەڵدا مۆر دەکات تازەمەنی تێهەڵچوونەوەیەکی تر کە تەرازووی هێزەکانی تێدا گۆڕابێت. بەم شێوەیەش لای ئایدیۆلۆژیستە تۆتالیتارەکانی ئەوپەڕی راستو ئەوپەڕی چەپ (کۆمەڵگەی مەدەنی) ئامانج نییە، بەڵکو(پشووی جەنگاوەو)ـە!

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە - ساڵی 1999 – 2000

# ئەگەر باراک عەرەفات بوایە؟*

*هەندێک کێماسیو دەرەکەوتی سەلبی لە سیاسەتی عەرەبییدا هەن کەشایستەی لێ وردبوونەوەو پەند لێوەرگرتنو تەنانەت بۆ ئێمەش مادامەکی کەمتر کەڵک لە ئەزموونە خۆماڵییەکان وەردەگرینو زیاتر ئۆگری نموونەی ئەوانی ترین. دیارترین کێماسی سیاسەتی عەرەبیش ئەو کێماسییانەن لەبواری ئاشتیو بەرێوەچوونی ململانێی عەرەب-ئیسرائیلدا روویانداو دەرکەوتن.

*ناچینەوە سەر ئەو پێشینە مێژووییەی ململانێی عەرەب-ئیسرائیل هەیانەو لەسەر ئەو دەرفەتە زۆرانەش نادوێین کە عەرەبەکان بۆ یەکلایی کردنی ململانێکە هاتە بەردەمیانو نەیانتوانی بیقۆزنەوە. ئەوانە هەلومەرجی زاتیو بابەتی خۆیانیان هەبوو. هەرچۆنێک بێت ئەو پاکانەیە قبووڵە کە دەگوترا رەوشی جووت جەمسەری پتر لە ئەگەرو زیاتر لە رێگایەکی خستبووە بەردەم عەرەب بەگشتیو فەلەستینیەکان بە تایبەتی تاوەکو ئەگەر ئاشتی لە تەرزی ئەوەی ئێستاش پەسەند نەکەن ئەوا پاکانەی ئەوەیان هەبێت شەڕی جۆراوجۆری خۆیان دژ بە ئیسرائیل پەرە پێ بدەن. چونکە لەوەدا دەشێ بڵێین ئەگەر مەسەلە پێداگرتنو سووربوونی تێدابێت ئەوا ئیسرائیلییەکانیش پێداگرو سووربوون لەسەر ئامانجو داخوازییەکانی خۆیانو وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئامادەی پێکهاتنن، جاران ئامادەنەبوون. قسەو تێبینیەکان لەوێ بەدواوەوەن. دروست لەو سەردەمەی ئیتر پێویستی پێکهاتنو ئاشتبوونەوە وەک تاکە خەریارێکی عەرەبی لێهات. ئەوە تێبینی ئێمە نییە بەتەنهاو ڕەنگە شتێکی تازە نەخەینەروو کاتێک دەڵێن عەرەبەکان بە هەڵەداوان چوون بۆ مەدریدو زووتر لەوەی لێیان چاوەڕوان دەکراو لێیان داواکرابوو چوونە پێشەوە. ئەگەرچی لە قۆناغی یەکەمو دوای بەبنبەست گەیشتنی مەدرید، ئیتر فەلەستینیو ئیسرائیلییەکان بەدزییەوە تێهەڵچوونەوەو بەرێکەوتننامەی ئۆسلۆ لەساڵی 1993 گیرسانەوە، بەڵام رەخنەکانی ناوەندە عەرەبییە نارازییەکانو رەخنە زۆرو زەوەندەکانی رۆژنامەگەریو روناکبیرانی عەرەب هەموویان بەو ئاراستەیە بوون کە پێکهاتنەوە قەینا، بەڵام ئەم پەلەپەلو راکردنە لەپای چی؟

ئەگەرچی نارازییانی ئاشتی هەرچییان گوت وەک رەخنەی بابەتی حیسابی بۆ نەکرا چونکە ئەوانە لەبنەڕەتدا هەر دژی ئاشتییەکە بوون، بەڵام هەر لەسەرەتاوە جۆری هەڵسەوڕانی ئاشتییەکەو ئیدارەدانی ململانێکەی نێوان هەردوولا، لەلایەن عەرەبەکانەوە، دیسانەوە مایەی رەخنەو هەڵوەستەکردن بوو. بەتایبەت لەو ڕووەوەی کە عەرەبەکان

(فەلەستینییەکان بەتایبەتی) پرۆسەی ئاشتیو سەرخستنی ئاشتییان بەرەوشی ناخۆیی ئیسرائیلو ململانێی نێوان لیکۆدو کارەوە گرێدا.

*شەتەکدانی خەیاری ئاشتی بە ململانێی ناوخۆی ئیسرائیلەوە بەو جۆرەی عەرەبەکان کردیان ماوەیەکی زۆر پرۆسەکەی دواخستو وادەهاتە بەرچاو کەدەرچووی تازەی هەڵبژاردنەکان پێش ئەوەی سەرەک وەزیرانێکی هەڵبژێردراوی ئیسرائیلی بێت، رزگاکەرێکی عەرەبیو فەلەستینییەو ئەوان زیاتر لەجولەکە تامەزرۆی بینینی دەکەن. هەر لەبەر ئەوەش فەلەستینیو عەرەبەکانی پەیوەند بە پرۆسەی ئاشتی قورسایی هەوڵ و کۆششو هەروا ئاواتەکانی خۆشیان بەو سپارد.

*تائێرە رەوشەکە ئاساییە بە تایبەتی کە لە ململانێی نەتنیاهۆو باراکدا، پالێوراوی عەرەبەکان! ئیهۆد باراک بردییەوە. باراکیش سەری زمانو بنی زمانی ئاشتیو پێکهاتنەوەیە لەگەڵ فەلەستینو عەرەبەکاندا. بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەو دەرکەوتەیە کە لە ئەنجامی شەتەکدانی پرۆسەی ئاشتی بە ململانێی نێوان باڵە جیاجیاکانی هەڵبژاردنی ئیسرائیلیەوە تووشی عەرەبەکان هات. عەرەبەکان ئەمجارەش واپەلەیانە. رەخنەگران دەڵێن نەمانگووت هیچی پێ نییە؟ ئاشتیخوازانیش دەیانەوێ باراک لەشەوو رۆژێکدا هەموو شتێکیان بۆ بکات. هەر دوولاش ئەوە لە بیر دەکەن کە سەرەنجام باراک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلە نەک سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی. دیاریشە سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل ئەگەر ئاشتیخوازیش بێت لە بەپلەی ئەکەم ئاشتی بۆ ئیسرائیل دەوێت ئینجا بۆ فەلەستینییە دراوسێکانی. ئەگەر (باراک) عەرەفات بوایە ئایا پێویستی بە دانوستاندنی ئاشتی دەکرد؟

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە - ساڵی 1999 - 2000

# له پەراوێزی مەرگی پادشادا*

هەموو جارێک کە پادشایەک دەمرێ، لەهێکڕا خەیاڵی سیاسی بەرەو بەراوردکرن لە نێوان حکومی پادشایی‌و حکومی کۆماری لە ئەزموونی وڵاتان دەمبا، بەرەو پرسیارەکەی بەم دواییەو لە ئەنجامی تێکشکانی نموونەی چەند حوکمێکی کۆماری لەدونیای سێ‌و رۆژهەڵاتە نزیکەکەی بەتایبەتی، هاتۆتە ئاراوەو وروژێنراوە، مەبەستم پرسیاری ئەوەی ئەگەر بەئەزموون بەراوردێک لە نێوان حکومی پادشایی‌و حکومی کۆماری بکرێت، کامیان براوەو کامیان بە کۆڵی قەرزەوە دەدوڕێ؟ مادامەکی پرسیارەکە لەمردنی پادشایەکەوە سەر لە نوێ سەری هەڵدایەوە کە ئەویش خوالێخۆشبوو حەسەنی دووەمی پادشای وڵاتی مەغریبە، کەواتا با بەراوردەکە هەر ئەو بەنموونە بێنینەوە، کامیان لە کامیان چاکترە، حوکمی پادشایی وڵاتێکی گەشەکردوو و روو لە نموونەیەکی دیموکراسی، وەکو مەغریب، یان حکومی کۆمارێکی خوێناوی وەکو جەزائیری دراوسێی؟

*دەبێ بەراوردکردنەکە وردو بابەتی بێت، لەبەر ئەوە با ئەوە روونبکەینەوە کە ئەمە شەڕی نێوان مۆدێلە سیاسییەکان نییە، هەروا بۆ ئەوەش نییە کە برەو بە نموونەی حوکمی پادشایی بدەین پاش ئەوەی سەردەمانێکی زۆرو لە تەمەنی چەند نەوەیەکی سیاسییدا حکومی لەو بابەتە بەکۆنەپەرستو دزێو ناپەسەند لە قەڵەم دەدرا. بەتایبەتی لەسەردەمی رەوەندی بزووتنەوە نیشتمانیی‌و رادیکالییەکانی پرۆژەی رزگاریی سیاسیی‌و ئابووریيان پێکەوە گرێدەداو بەشێکی زۆری مەینەتی وڵاتەکانی خۆیانیان بۆ ئەو حوکمە پادشاییانە دەگێڕایەوە کە پاشکۆی رژێمە سەرمایەدارەکان‌و ئەو سیاسەتەی پێی دەگوترا سیاسەتی ئیمپرالستی، بوون. مادامەکی مەبەستیشمان برەودان بەو نموونەیە نییە، کەواتا هەوڵدەدەین لێرەدا ئەنجامگیریی نەدەین بەدەستەوە، بە ئەندازەی ئەوەی پرسیار بوروژێنین:

*با لەسەرەتاشەوە دان بەوەدا بنێین کە دەوڵەت‌و سیستمە سیاسییەکان وەکو (مرۆڤ)و هەروا وەکو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی دەرکەوتن‌و گەشەکردن‌و هەروا رێڕەوی دروستبوونی تایبەتی خۆیانیان هەیە. بەواتایەکی تر مەرج نییە سیستمی سیاسیی وڵاتێکی وەکو مەغریب‌و ئەو جۆری گەشەسەندنەی سیستمی پادشایەتی لەو وڵاتەدا بە خۆوەی بینیووە، هەمان ئاستی سەرکەوتنی بەدەستهێنابایە ئەگەر لە جەزائیری دراوسێیدا تاقیبکرابایەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ ئێمە لە نێو خودی سیستمە کۆمارییەکاندا بەدوای وەڵامدا بگەرێین. ئایا هەر بەراست بەشێکی ئەوانە مەرجەکانی سیستمی کۆمارییان تێدایە؟

ئایا دەشێ سیستمی کۆماریی عیراق بە سیستمی کۆماری بزانین لە کاتێکدا وا چەندین دەورانی کودەتاو پیلانگێڕی ببینێ؟

لەوە دەچێ بەشێکی حوکمڕانانی کۆماریی ڕۆژهەڵاتەکەی لەمەڕ خۆمان تەنها خەسڵەتی گۆڕانی بەردەوامی حوکمڕانەکانیان ڕەچاو کردبێ کە ئەوە لەسیستمە پادشاییەکاندا نییە. بەڵام ئاخر خۆی شێوازی گۆڕانکارییەکەش مەرجو خەسڵەتێکی دیکەو هەر ئەوەش دەتوانێ پێکەوتوویی سیستمی کۆماری بەبەراورد لەگەڵ سیستمی پادشایی بسەلمێنێ. لە حاڵێکدا ئەگەر گۆڕانە بەردەوامەکان لە ڕێی کودەتاو پیلانگێڕیی، یان تەنانەت هەڵبژاردنی پێشوەخت ئاکام دیاریکراوەوە بێت (هەڵبژاردنی بردنەوەی لە 99%) ئەو کەینێ گۆڕانکاریی ئیجابیو پەسەندکراوە؟ بۆ خۆی ئەم خەسڵەتی گۆڕانی لەناکاوەی زادەی کودەتاو پیلانگێڕییە، هەمیشە بیانووی لایەنگرانی حکومی پادشاییە لەو ڕووەوەی کە حکومی پادشایی چونکە مەسەلەی دەسەڵاتی تێدا یەکلاییکراوەتەوە، کەمتر دەشێوێنن و پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی وڵات دوادەخەن و تووشی لەبەر ڕۆچوونی دەکەن.

*هەر بەڕاستی بابەتی حکومی پادشاییو حکومی کۆماری گفتوگۆو لێدوانی چاک هەڵدەگرن، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد لەسایەی دوو حکومەتی پادشاییو کۆمارییدا ژیاوین کە لە هیچیاندا تا ئێستا مافەکانی خۆمانمان بەدەست نەهێناوە. لێ هێندە هەیە لەوەی کۆمارییەکە ئالۆگۆڕی سیاسیو گۆڕانکاری لە حوکمدا بۆ ئێمە تەنها بەسەرکوتو جینۆساید خوردکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەرێڕەوی سیاسییدا ئەم پرسیارەش سەرهەڵدەدا:

-وەک نەریت وەرگۆڕانە سیاسییە گەورەکان لە ئەنجامی هەلومەرجێکی تایبەتییەوە دەخولقێن. مەبەستمان هەلومەرجی داهێزرانی ڕەوشی سیاسیو تێکچوونی هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانە، ئایا ئەگەر ڕەوشی عیراقی سەردەمی پادشایەتی نەگەیشتبێتە داهێزرانێکی وا کە گۆڕانکاری ڕادیکالی پێویستو ئەرکێکی لە دواخستن نەهاتوو بێت، حکومی پادشایی لەناو دەچوو؟

قسەی دیکەشمان ماوە!

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە - ساڵی 1999 – 2000

# لە کەناری باڵکاندا*

(1)

*جارێکی تر باسی کێشەی تاوانبارانی جەنگ لەشەڕەکانی باڵکاندا هاتەوە نێوان. کەناوی تاوانبارانی جەنگ دێت جەللادەکانی سربو قەسابخانەکانی سربەکان دێتەوە کۆڕی یادکردنەوە. ئەوانەی کوشتارێکی زۆریان لەشەڕەکانی بۆسنیاو دواتریش لەوەی کۆسۆڤۆدا کرد، پێیان وابوو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچنو کەس نییە لێیان بپێچێتەوە. ئەوانەی پێیان وابوو دادگای تاوانەکانی جەنگ لەلاهای پاش ماوەیەکی تر بێتاقەت دەبێتو کەفوکوڵی دەستگیرکردنی تاوانکاران دەنیشێتەوە، بەخەم ساردیو خەیاڵەوە سربەکان دوای بۆسنیاش هەروا لە کۆسۆڤۆ درێژەیان بەکۆشتارو پاکتاوکردنی ئەتنیکیدا. تائێستا ئەوانەی بۆسنیا، وا ئەوەی کۆسۆڤۆشیان لێ بووە ماڵ. بەمجۆرە لە گەرمەی پێویستی دادگایی کردنی رێبەری یوگوسلاڤیا سلۆبۆدان میلیۆسۆڤیچو دستگیرکردنیدا، هەواڵی دەستگیرکردنی پەرلەمانتارێکی سربیایی لە بۆسنیا بڵاوبۆوە بۆ ئەوەی لە هێکرا تاوانەکانی لە بۆسنیا کران، لەگەڵ ئەوانەی کۆسۆڤۆدا تێکەڵاوبینەوە. قەرزکۆن دەبێ بەڵام ون نابێت!

*دەستگیرکراو ناوی رادیسلاڤ بیردیانینەو نوێنەری حزبی هاوپەیمانی میللی سربەکانی بۆسنیایە لەپەرلەمانی کۆماری سربیای بۆسنیاییدا. دەستگیرکردنەکەش لەسەر داخوازی دادگای تاوانبارانی جەنگ لەلاهایو لەلایەن هێزی جێگیرکردنی ئاشتی جێبەجێکرا. سەیرەکە لەوەدایە حزبی هاوپەیمانی ئیدانەی دەستگیرکردنی نوێنەرەکەی خۆی کردووە گوایە لەبەر ئەوەی ناوی لە لیستە ئاشکراکەی دادگای لاهایدا نییە! دادگاش دەڵێ لە (1997)ەوە ناوبراو ناوی چۆتە نێولیستێکی نهێنیەوە. رەنگە تاوانەکانی لە تاوانی لیستە ئاشکراکان زیاتربێت! باشە بۆچی سەربەکان پێیان وایە دەبێ تاوانکاران هەمیشە ناویان لە لیستێکی ئاشکرادا بێت، بۆ ئەوەی فریای راکردن بکەون، یاخود بۆ ئەوەی رانەچڵەکێنو لەناکاوڕا ناوی خۆیان لە لیستەکەدا نەخوێنرێتەوە؟ ئەسڵەن مرۆڤ ئەگەر لە خۆی بە گومان نەبێو کاری تاوانکاری ئەنجام نەدابێت بۆ لە لیستی نهێنی لاهای و دەستگیرکردنی ناوەخت دەترسێ؟

(2)

لەرووداوی کۆســۆفۆوە فەرتەنەیەکــی سیاســی گەورە قەومــا. گەورەتــر لە فەرتەنەی بۆردومانکردنەکانی یۆگسلافیاو داکۆکیکرنی سەربازی لە هەرێمی ئەلبان نیشن. ئەوەیش فەرتەنەی حەزی بەراوردکارییە. بەراورد لە نێوان رەوشی کۆسۆفۆو بەلگرادی پایتەخە لەلایەکو رەوشی هەرێمی ئەتنیکو نەتەوە جیاجیاکانی دونیاو پایتەختە چەوسێنەوەکان لەلایەکی ترەوە. پایتەختە چەوسێنەوەکان ترسیان لێنیشتو هەرێمە ژێردەستەکان پشووییەکان بەبەرداهاتەوەو ئومێدیان وایە ناتۆ ئەو فریاد ڕەسەبێت کەبەقازانجی ئەوانیش شتێک بکات. بەراوەردەکە بەبەراورد لە نێوان کوردو کۆسۆفۆ دەستپێکردو دواتر نەتەوەو ئەتنێکی دیکەی گرتەوە. بەڵام سەیرترین بەراورد ئـــەوەیە کەدوونەتەوەی پێک ناکۆک هەردووگیان داخوازی ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ناتۆ حیسابی کۆسۆفۆ بۆ خۆیانو حیسابی پایتەختێکی چەوسێنەوە بۆ دوژمنەکانیان بکات. ئەوەتا لە ژمارە (13269)ی رۆژی (1999/7/7)ی ئەلحەیاتدا هەواڵێک لەم بارەوە بڵاوکراوەتەوە گوایە ئازەربایجان داوای پارمەتی نــاتۆ دەکات چونـــکە ئازەرییەکان لەسەر دەستی ئەرمەنەکانی ئەرمینیا تووشی پاکتارکردنی عرقی هاتوون. لەبەرامبەردا وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا بەراوردەکەی نێوان ئەرمەنەکانی ناگورنوقەرەباغو ئـەلبانەکانی کـۆسۆفۆی بــەو ئاراستەیەدا برد کـــە دەبێ ناتۆ (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان بۆردومان بکات هەروەکو (بەلگراد)و بۆردومانکرد!

لەولاشـەوە شیفارنادزەی سـەرۆکی گورجستان فرمێسکی بـۆ کەمینەی گـورجی لە ئەبخازیادا ڕشت کەوەزعیان شرە، ئەمە لەکاتێکدا ئەبخازیا زیاتر لە کۆسۆفۆ دەچێ وەک لەوەی گورجستان!

هەرهەمان ژمارەو لەلاپەڕەی تەنیشت ئەو هەواڵەی ئەلحەیاتەوە بێنەزیر بۆتۆی سەرۆک وەزیرانی پێشووی پاکستان و سەرۆکی حزبی گەلی پاکستان وتارێکی بە نێوی (تراژیدیای کشمیرو پەنـدی کۆسـۆفۆ) نووسیووە کەدیارە داوای چـی دەکـات؟ ناشـزانرێ داخـۆ هینـدیەکانیش لە رۆژنامەکانی خۆیاندا چیان لەسـەر کشمیرو پاکستان نووسیووە؟ ئایا ئەوانیش داوای دەستێوەردانی ناتۆ بە قازانجی هیندستان دەکەن.

*سەرەنجام داخۆ دەبێ رای (ناتۆ) لەو هەموو بەراوردکارییەی داوای هاوکاری لێدەکات، چی بێت؟

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە - ساڵی 1999 – 2000

# لادانی نیقابی میسر

یانی ساقیتی سنفی سێیەک باشتری لێدەزانێت؟ هەڵسوڕاوێکی گەنجی ئیخوان موسلمینی سیاسی لەمیسر چاکتر لەشێخی ئەزهەر دەتوانێ تەفسیری دین و حوکمەکانی بکات؟ شێخی ئەزهەر دەچێتە خوێندنگەیەکی سەر بە ئەزهەرو کچە خوێندکارێک دەبینێ کە نیقابی پۆشیوە.شتێک جیاواز تەنانەت لەحیجابی خەلیجیش، یان وەک ئەوەی هێمن موکریانی وەسفی دەکات (پەچ و رووبەندو چارشێو). شێخ دەڵێ کچم تۆ لەخوێندنگەیەکی ئەزهەری، جگە لەخۆت و هاوپۆلەکان و مامۆستایانی ژن جنسی پیاوی لێ نییە، ئەم نیقابە بۆ؟ کچە بەقسەی شێخ دەکات، مامۆستای ژن دەڵێ: کچە ئەو کات نیقابی لەپۆلدا پۆشی کە بیستی شێخ بەسەردان دێتە لامان. تا ئێرە حیکایەتەکە لە ئەزهەر تەواو، ئەمما لەمیدیای میللیگەرایی میسر کە کێچێک دەکاتە کەوڵێک، هەروا لەمانشێتی ئیعلامی و سیاسی ئیسلامی سیاسی حیکایەتەکە لەخوێندنگەی ئەزهەر دەستپێکردو هەموو وڵاتی میسری تەنییەوەو هەر خوای گەورە خۆی دەزانێ لەکوێوە سەر دەردێنێ؟ ئیتر فەتوای بێ سەوادەکانی کوچەو کۆڵانەکانی ئیسلامی سیاسی دەستپێکردو سەرکردەکانی ئیخوانیش ،کە میعلانن لەقۆستنەوەی ئەم باسوخواسانەدا هەڵڵایان لەسەر دروستکرد. پەرلەمانتارێکیان، حەمدی حەسەن، بەوپەڕی راشکاوییەوە وتی:(دیارە شێخی ئەزهەر لەبیری چۆتەوە ئەو سەردانی پەیمانگەیەکی ئایینی کردووە، ئەگەر دەیەوێ سەردانی پەیمانگەیەک بکاو کچی نیقابداری تووش نەبێ بابچێتە پەیمانگەیەکی سەمای شەرقی) تەبعەن من شێخی ئەزهەر ناناسم، بەڵام بە ناوەکەیرا دیارە شێخ ناچێتە ناو قالوبەلای لابەلاوە، دەنا لەوانەیە بیپرسیبا (باشە ئیخوان کە خۆیان ناچنە پەیمانگەی سەمای شەرقی چووزانن لەو شوێنانە چ دەگوزەرێ؟) شێخ وتویەتی: لەئایینی ئیسلامدا ئەم توندڕەوی و پەڕ گرییە نییە، لێ لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەر نەشتەری رەخنەو بەرپەرچدانەوە کە رەنگە میانڕەوترینیان ئەوی ئیخوانەکان بێت. باشە بۆ قسەی شێخی ئەزهەر لەباسێکی وادا قسەی موعتەبەرتر نەبێت لەشێخی دەمامکدراوی تر کە نەپایەی ئەزهەرو نەمەقامی شێخی ئەزهەریان هەیە؟ بۆ ترنجاندنی ناوی پەیمانگەی سەما لەباسوخواسی نیقاب و چارشێودا تکانی تنۆکی حەیای دینی نەبێ کەچی نوتقی شێخ لەگەڵ خوێندکارێکی کچدا جەنگی مەغلوبەی لەسەر دروست دەبێ هەڵڵا سازەکان بۆ ئەمەش پاکانەیان هەیە، شێخی ئەزهەر دەسەڵات شەن دەکاو زاناکانی زانان بۆ حکومەتی دونیا نەک بۆ حوکمی خوا؟ بەڵام دیندارەکان دەزانن

دین باوەڕدارییە بە پێڕەوی خواو باوەڕداریشە بەمەنتیقی شتەکان، دەوڵەت و حکومەت چ قازانج یان چ زەرەر دەکات لەنیقاب یان عیقابی خوێندکارێکی خوێندنگەیەک لەدەیان خوێندنگەی ئەزهەر؟ باسی نیقاب پەردە لەسەر زۆر شت ئاشکرا دەکات.

# خولی کار

لەگەڵ هەر کەسێک لەسەر پەرەپێدانی کارو توانای خۆی قسە بکەیت بەڕوو گرژی و بێتاقەتییەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکات و وەڵامت دەداتەوە، چونکە لەزهنیەتی خەڵکی ئێمەدا، جا فەرمانبەری حکومەت بێت یان فەرمانبەری کەرتی تایبەت، هەموو داوایەک بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و چالاکی، هەموو بانگەوازێک بۆ رێکخستنەوەی کار بەبێگاری و زێدەکاری و ماندووبوونی زیاتر لەقەڵەم دەدرێت، لەکاتێکدا خولی رۆژانەی کار، یان ئەوەی پێی دەوترێت خولی بەرهەمهێنان، هەمان هیلاکی و ماندووبوون، هەمان وزەو ئارەقی کۆشش دەخوازێت کە ئێمە رۆژانە خەرجی دەکەین، واتا رێکخستنی کارو پەرەپێدانی بەرهەمهێنان مەرج نییە یەکسان بێت بەهیلاکی جەستەو ماندووبوونێکی زیاتر و مانەوەی زیاتر لەسەر کار. زانایەکی رۆژئاوایی هەیە ناوی ئالان جیفنەرە. ئەم زاتە بەڕێوەبەری تاقیگەیەکی نەخشەکێشانی چالاکی مێشکە، ئەگەر بەهەڵەدانەچووبم لەئەمریکایە، لەئەنجامی تاقیب و لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوتووە ئەو وزەیەی مرۆڤ لەنەخشەکێشانی خەتوختوتی خۆڕایی و لابەلادا خەرجی دەکات یەکسانە بەو وزەیەی کە لەنەخشەکێشانی تابلۆیەکی رەنگین و جواندا بەکاریدەهێنێت. واتا تۆ دەتوانیت لەجێی شەخبەتە شەخابیتی ،وەک ئەوەی نانسی عەجرەم لەگۆرانی منداڵاندا باسی دەکات، سەرمایەگوزاری بکەیت لەبواری هونەرداو تابلۆیەکی جوان، مانادارو سەرنجراکێش دروست بکەیت. ئەم تەجرەبەیە، نموونەیەکە لەتاقیگە کراوە، بۆ ئەوەی دواجار گشتگیر بکرێت بەسەر حاڵەتی چالاکی مرۆڤ و تێکۆشانی لەکارو کەسابەتدا. زانست شەرعی ژیانی مۆدێرنەو شەرعیش شەرمی تێدانییە، ئەمە رەنگە نموونەیەک بێت لەدەیان نموونەی زانستی کە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت کارو فرمانی خۆی رێکبخات بەبەرهەمێکی باشترو جوانترو بەکۆششێکی کەمتر ،یان هیچ نەبێت بەکۆششێکی هاوشێوەی ئەوەی لەکاری سست و شێواوو بێ کەڵکدا خەرجی دەکات، دێتەوە مەیدان و ئەفراندنی خۆی سەربەرز دەبێت. کە ئەم نموونەیەم خوێندەوە کەوتە بیرم تەمبەڵی برای کەم زانیارییەو هەردووکیشیان بەڕێژەی جیاواز لەمرۆڤدا هەن، بەخۆشمەوە کە ئەم سەرنجە دەنووسم، گەلێک جار تەمبەڵم و زۆر لەوەش زیاتر کەم زانیاری، بەڵام هەشمانە قسووری ناکات، تەنانەت لەکەم زانیاریشدا هەر خەتوختوتی پێدادەهێنێت.

# بوش و ئۆباما

بۆچی خول لە دوای خول هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بایەخێکی جیهانی گەورەتر وەردەگرێت؟ هۆکاری چییە هەڵبژاردنێکی وا لە ڕووی گرنگییەوە، بۆ هەر وڵاتێک، پێش بایەخی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەش دەداتەوە؟

وەڵامی ئەمە ئاسانە، چونکە ئەمەریکا زلهێزی جیهانە و سەرۆکەکەشی دەبێتە زلهێزی زلهێزەکانی جیهان.

بەڵام ئەم تایتڵە شرۆڤەکردنێکی گشتییە کە تەنها لە مانا سیاسییەکەی پلەی سیاسیی سەرۆک و دەستراگەیشتنی سیاسیی ئەمەریکا ورد دەبێتەوە، با بەدوای هۆکاری تردا بگەڕێین.

بەهاکانی ئەمەریکا ڕەهەندی وشکی سیاسیی تێدەپەڕێنن و لە قاڵبی بەهاگەلێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا هەموو سنوورەکانی دونیا تەی دەکەن. ئەوی پێی دەڵێن "شێوەژیانی ئەمەریکایش" لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ بەها و شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و پشتی زۆر بەها و نرخی لە زەوی داوە، ئەم دەستنیشانکردنە نە پشتگیرییە و نە پشتتێکردنە، بەڵکو دانپیانانە بە واقیعێک کە هەیە، مەرج نییە لە هەموو شوێنێکدا بە هاکان سەرکەوتووبن چونکە پایدارترن بەڵکو لە حاڵەتی ئەمەریکادا دەشێ سێ هۆکار باسبکەین:

-هێزی ئەمەریکا هەژموونی بەهاکانی جێگیردەکات، جا لە ترسا یان لەبەر هەیبەتی ئەو بەهایانە.

-براگماتیزمی بەهاکانی ئەمەریکا کە لە ژیانەوە هەڵقوڵاون و گرێی پایەداریتی بەهای زۆر کۆمەڵگەی تریان تێدا نییە.

-بەشێکی بەهاکانی ئەمەریکا خۆی هی هەموو کۆمەڵگەکانن و ئەمەریکا وەک ئاستی بەرزی شمەکەکانی لە بازاڕی بەهاکاندا پەرەی پێداوە و مۆتۆربەی کردووە.

بەهاکانی ئەمەریکا هەم بەهای تر قووتدەدەن و هەم ، لەبەر کۆنینە نەبوونی ئەمەریکا خۆی، گرێی دەروونی ئەوەی نییە تەبەنی بەها لۆکاڵی یان جیهانییەکانی تر بکات و مشتوماڵی بکاتەوە.

بەهاکانی ئەمەریکا لەڕێی هۆلیۆد، لە ڕێی کەلچەر و لە ڕێی مارینزیشەوە دێن، نەرمن، لەسەرخۆن و پێ نەزانین داگیرمان دەکەن، دژی دین نین و موتەزەمتیش نین، ئاڵۆز نین و ئاسان ملنەدانی مێشک و تەن تەی دەکەن.

ئەمانەش هۆکارن کە ئەمەریکا زیاتر لە جاران ببێتە مژولکەری پیر و گەنج ، ڕەش و سپی لە جیهاندا.

بیریشمان نەچێ دیواری سۆڤێت چوو، بۆیە نیوەی جیهان، کە پێشتر ئاشنای ئەمەریکا نەبوون، لەسەر دیوارە ڕووخاوەکەوە سەیری دیاردەی ئەمەریکایی بوون دەکەن، ساڵ بە ساڵیش ئەم دیاردەیە هەروا قەبە دەبێت بەقەدەر ئەمەریکا، دوا بەڵگەش ئەوەیە جاران تەنها هەڵبژاردنی سەرۆکەکانی ئەمەریکا دەبوونە فیستیڤاڵی جێ سەرنجی جیهان، ئەمڕۆ تەنانەت دەستاودەستکردنی نێوان دوو سەرۆکیش هەموومانی سەرقاڵ کردووە.

ئەمڕۆ هەموو جیهان چاودێری وردەکاری ئۆلۆمپیادی تەسلیمکردنی (مەشخەڵی سەرۆکایەتی) لە بوشەوە بۆ ئۆباما دەکەن.

# بەشی هەشتەم

## خەم لە کەرکوک

# کۆنگرەی دووەم و بەرپەرچدانەوەی تەعریب*

دیرۆکی پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ مەسەلەی تەعریبی خەڵکو خاکی کوردستانو راگواستنی زۆرەملێی گەلی کورد، تەرجەمەیەکی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردایەتیو ئەو ئامانجانەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لەپێناوییدا تێکۆشان دەکاو قوربانیی دەدا. یەکێتی بۆ هەڵسانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتیو هێنانەوە سەر رێی کاروانەکەی هاتە کۆڕی نەبەردەوە. کۆڕی نەبەردی کوردایەتیش بۆ رزگارکردنی کوردو کوردستانەکەیەتی لەزوڵموزۆری نەتەوایەتیو لەداگیرکردن بەهەموو دەرکەوتنو رەهەندەکانییەوە. بەواتایەکی تر کاری کوردایەتی بەرگرتنە بە شالاوی سڕینەوەی بوونی نەتەوایەتی کوردو بەرگرتنە بەشێواندنی ناسنامەو کوردستانێتی خاکی نیشتمانیی ئەو نەتەوەیەو ئینجا دوای ئەوەش لەسەر زەمینەی پتەوی مانەوەی کوردو پاراستنی کوردستانەکەی بەهەمان پێشینەی مێژووییی کوردستانێتی خۆیەوە، کوردایەتی کار بۆ خاوەنداریتی هەمەچەشنەی ئەو گەلە لەسەر ئەو نیشتمانەو کار بۆ ئازادیو ئاوەدانیشی دەکات.

لەبەرامبەردا بێگومان سیاسەتی داگیرکاریی بۆئەوەی تواندنەوەی کوردو هەڵلوشینی کوردستان جێگیربکاو بۆ دواجار نیشتمانەکەی ئێمە لەسەر خۆی تاپۆ بکات، پەنا دەباتە بەر شێوازە هەمەچەشنەکانی سڕینەوەی بوونی کوردو هەڵلوشینی یەکجاری خاکەکەی. بێگومان ئەمەشیان بەشێوازی جیاجیاو بەپێی قۆناغەکانو بەپێی هەلومەرجە بۆ رەخساوەکانی بەردەم کە بێگومان سیاسەتی راگواستنی کورد بۆ سڕینەوەی بوونی نەتەوەیی و سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان بەدەستپێکردنی لەشوێنە هەستیارەکانی جێی تەماعو بایەخی سیاسەتەکانی داگیرکاریی، ئەوانە هەموویان دەچنە چوارچێوەی هەوڵی جێگیرکردنو سەپاندنی واقیعی داگیرکارییو بگرە سەرەتاو گوزارشتکاری ئەو سیاسەتەشن ئەگەرچی لەهەندێک دەرکەوتدا ئەم سیاسەتە وا بێتە بەرچاو کە چەند ناوچەیەک، یان شریتێکی ناوچەیی هەستیار لەرووی ئابووری، یان لەرووی ئەمنی یان سیاسییەوە دەگرێتەوەو ئەوەی دەمێنێتەوە لەکوردستانی جنوبی ساغلەم دەمێنێتەوەو ئێمە دەتوانین لەسەر ئەو بەشە ساغلەمە ژیانێکی ئازادو کوردەوارییەکی گەشەکردوو ئاوابکەین!

لەراستیدا هەر لەبەر دەرککردن بوو بەم روانینە ستراتیژییە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنییەوەو بەپێی قۆناغەکانو تا بەئەمڕۆش دەگات پرسی

راگواستنو بەعەرەبکردنی کردە هاجسێکی سیاسیی خۆیو خەمێکی نیشتمانیی قووڵ. دیدو روانینە ستراتیژییەکە وابوو کە مادامەکی راگواستنو بەعەرەبکردن سەرەتایەکی چۆنایەتیو بەشێکی زەبەلاحی پرۆژەی لەبەینبردنی کوردو بەتالانبردنی کوردستانەکەیەتی، کەواتا دەستپێکی بەرەنگاربوونەوەی واقیعی پاکتاوکردنو بەتالانبردنەکە گرتنەبەری سیاسەتێکی سەنگینو کاریگەری بەرپەرچدانەوەی راگواستنو بەعەرەبکردنە لەهەر قۆناغەو بەپێی هەلومەرجەکانی دێنەپێش.

بەم پێیە، بەشێکی بەرەنگاربوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک رێبەرێکی نوێی شۆڕشی نوێی کوردایەتی لەگەڵ بەغدا وەک ناوەندێک کە مافو داخوازییەکانی ئێمەی لەکنە، خۆی لەململانێ لەسەر بەعەرەبکردنو راگواستن دەبینییەوەو ئێستاش ئەو رەوشە هەر وا بەشێوازی سیاسیی لەهەردوو لایەنەکەوە درێژەی هەیە. ئەوەتا لەبەیاننامەی دامەزرانی یەکێتیی لە1975/6/1 لەچوارچێوەی حەیسیاتی پێویستی پێکهاتنی دامەزراوێکی نوێی شۆڕشگێڕیدا بۆ رێبەرایەتیکردنی موقاوەمەتی کورد، بەدەق هاتووە"گەوهەری سیاسەتە شۆڤێنیستەکەی دەرهەق بەمەسەلەی کورد ریسواکرد کە.. لەراگواستنی سەدان هەزار کرێکارو جووتیارو رووناکبیری کورد لەناوچەکانی مەندەلیو خانەقینو کەرکوکو شێخانو عێن زالەو شەنگار... خۆی دەنوێنێ". بەم دیدە ستراتیژییەی کە بەرەنگاری راگواستن لەناوچەکانی شریتی تەعریب دەبێتەوە یەکێتیی هاتە کۆڕی خەباتی سیاسییەوەو زۆری نەبرد هەر لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتێکی راگواستنی هاوشێوە بەڵام لەشریتی حدودییدا (کە ئەو سیاسەتە دەیویست بەقوڵایی بەرەو ناوەوەی کوردستانی عیراق ناوچە سنوورییەکان چۆڵبکات) یەکێتیی دەستپێشخەری کرد لەهەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕشو بڕیاری دا کە بەپەلەو هەرچۆنێک بێت پێش بەو سیاسەتە شۆڤێنییە بگرێو لەهەمان کاتیشدا یەکێتیی نەتەوەیی لەنێوان ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بپارێزێ. تەنانەت ئەم هەنگاوەی یەکێتی لەپێشگرتنی راگواستن لەسەر سنوورەکان کارەساتو ئازاری بەدواوە بوو بۆ شۆڕشی ساواو یەکێتییە رێبەرەکەی، بەڵام ئاماژەش بوو بۆ بایەخی پرسی راگواستن لەرێڕەوی یەکێتییو یادەوەری کوردایەتییدا.

تەنانەت لەرۆژگارەکانی گەشەکردنی شۆڕشی نوێو ئەدەبیاتەکانی هەشتاکانی یەکێتییدا پرسی راگواستنو بەعەرەبکردن جێگایەکی دیاری بۆ خۆی گرتبوو. نامیلکەو روونکردنەوەکانی لەسەر دانوستاندنی 1984و ئەو ئامارانەی لەسەر هەنگاوەکانی بەعەرەبکردنی کەرکوکو گۆڕینی باری دیموگرافی لەکوردستاندا لەوێدا بڵاوکرانەوتەوە، پڕن لەزانیاری بەکەڵکو شیکردنەوەی سیاسیانەی قووڵ کە گەلێک لایەنی بایەخدانی رۆشنبیریی سیاسیی لای یەکێتیش ئاشکرادەکەن. کتێبەکەی چیا (ئەمین قادر مینە) بەناوی "ئەمنی ستراتیجیی عیراقو سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس" جگە لەبایەخە سیاسییەکەی وەک گوزارشتێک لەسەنگی مەسەلەی تەعریبو راگواستن لای

یەکێتیی، خۆی لەخۆیدا تۆژینەوەیەکی زانستیی ئەوتۆیە کە تائێستاش تۆژەرەوانانی واری سیاسیی دەتوانن بچنەوە سەری‌و سوودی لێ ببینن. لەساڵی 1991دا بەفیعلی دە رۆژ رزگارکردنی کەرکوک ئاسەواری ساڵانی بەعەرەبکردنی سڕییەوەو ئەوەی دەرخست کە کوردایەتی بەپێی هەلومەرجەکانی دێنە پیش توانای بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی سڕینەوەی بوونی نەتەوەیی‌و پیلانەکانی هەڵلوشینی ناسنامەی کوردستانیی ناوچەکانی خۆی هەیە.

بەم پێشینە مێژووییەوە لەکەلتوری پاراستنی کوردو کوردستانەکەی، لەهەلومەرجێکی تێکچڕژاوی ئیقلیمییدا کە پریشکەکانی بەشە رزگارنەکراوەکەی نیشتمانیشی گرتۆتەوە، یەکێتیی روو لەکۆنگرەی دووەم دەنێ‌و تاوتوێی بابەتەکانی بەرنامە تازەکەی دەکات.

وای دەبینم کە لەگەڵ رەچاوکردنی رەوشە ناسکە ئیقلیمییەکەی هەرێمی رزگارکراوی تەنیووە. پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەیەکی ژیرانە لەسەر هەردوو دینگەی کاری دیبلۆماسیی‌و کاری جەماوەریی بۆ ململانێکردن لەگەڵ رەوشی داسەپاوی بەعەرەبکردن‌و راگواستندا، دابڕێژێ. بەرنامەیەک لەیەک کاتدا ئەو دیدە ستراتیژییە نیشتمانییەی بۆتە کەلتورێکی شۆڕشگێڕیی یەکێتیی درێژە پێبداو هەروەها هەلومەرجی گەمەی پەیوەندییە تێکچڕژاوە ئیقلیمییەکەو ناسکیی هەلومەرجی کوردستانیش رەچاوبکات. بێگومان ئەمەش بەپەرەپێدانی ئەو شێوازی بەرەنگاربوونەوەی لەچەند ساڵی رابردوودا تاقیکراوەتەوە، دەبێت.

هەموو لایەک دەزانن کە بەهۆی هەلومەرجی داوەشاوی شەڕی ناوخۆوە لەدوای ئابی 1996، هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردن‌و راگواستن زیاتر لەجاران پەرەیسەندو لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد کە حوکمڕانی بەشێکی رزگارکراوی خاکی خۆی دەکرد کەوتە بەردەم دوو ئیختیارەوە کە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ: یان بێدەنگ بوون لەم شاڵاوەی کوردی رادەگوێزاو درێژە بەعەرەبکردنی بەشە رزگارنەکراوەکەی کوردستان دەدات، یاخود بەرەنگاربوونەوەی. کورد بەرەنگاربوونەوەی هەڵبژارد. بەڵام بەرەنگاربوونەوەیەکی ژیرانەی ئەوتۆ کە بیانوو نەدات بەدەستەوە رەوشی هەرێمی ئازادکراو بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی زیاتر لەوەی کە هەر ئێستا لەسەریەتی. بەرەنگاربوونەوەکە داهێنانی شێوازی نوێی کاری سیاسیی لەناوەوەو دەرەوەبوو کە هەڤاڵ مامجەلال وەک داکۆکیکارێکی راستگۆ، داڕێژەرو رۆڵگێڕی سەرەکی‌و رێنوێنی هەردوو بەرەنگاربوونەوەکە بوو. بەرەنگاربوونەوەکەی ناوەوە دەکرێ وا کورت بکرێتەوە:

-هەڵمەتێکی ئیعلامیی بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی کورد لەم هەڕەشە کۆنە- نوێیەو خوردکردنەوەی رەهەندەکانی هەڕەشەکە.

-هەڵمەتێکی جەماوەریی هاوشانی هەڵمەتە ئیعلامییەکە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەشێوازی جیاجیای پرۆتستۆی شارستانیانە.

-هەوڵدان بۆ ئیحتیواکردنی ئەوەندەی دەکرێ لەئاسەوارە خراپەکانی راگوێزان لەرێی دامودەزگا حکومییەکانەوە. واتا پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی بۆ راگوێزراوان پێداویستی حەیاتیبوونو دەبوونە مایەی(اعاده تأهيل)یان.

لەسەر ئاستی دەرەوە:

-هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی بۆ روونکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی سیاسەتی راگوێزان وەک بەشێک لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ، وەک بەشێک لەجینوسایدو پاکتاوکردنی رەگەزیی، وەک بەشێک لەپێشێلکردنی بڕیاری 688و تەنانەت 986یش.

-هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی بۆ داواکردن لەبڕیاربەدەستانی دونیاو راڕەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەجیدیی لەم هەڕەشەیە بڕوانن.

بێگومان هێشتا زووە ئاکامەکانی ئەم بەرەنگاربوونەوە ناوخۆییو دەرەکییە هەڵبسەنگێنین، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک کاریگەرییە ئیجابییەکانیان لەوەدا دەرکەوت کە لەسەر زەمینەی خیتابێکی سیاسیی سەنگین، بۆ یەکەمین جار پرسی بەعەرەبکردنو راگواستن مەودایەکی نێودەوڵەتی وەرگرتو کاری لەمەودوا ئەوەیە کە دەسکەوتەکانی ئەو بەنێودەوڵەتیکردنە بچنینەوە.

ئەمەش پرسێکە کە چاوەڕێ دەکرێ کۆنگرەی یەکێتیو بەرنامەکەی لەئاستیدا هەڵوەستە بکات.

بەداخەوە لەپرۆژەی بەرنامەی پێشنیازکراوی کۆنگرەدا هیچ ئاماژەیەکی بە پرسی تەعریبو راگواستن تێدا نییە تەنانەت لەو پێشەکییەدا کە وای دەبینم سیاسەتو روانینەکانی یەکێتیی چاکتر روونکردۆتەوە بەبەراورد لەگەڵ هەردوو ناونیشانی (سەرەتا بنچینییەکان+ ئامانجە سیاسییە گشتییەکان). لەراستیدا هەموو خاڵی (چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی) حەواڵەی دیباجەکە کراوەو بەندەکانی هەردوو ناونیشانی (سەرەتا بنچینیەکان+ ئامانجە سیاسییە گشتییەکان) زیاتر تایبەتن بەرەوشی ناوخۆی کوردستانی رزگارو چۆنیەتی گەشەپێدانو پێشخستنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان کە ئەوانە خاڵی بەجێن. بۆیە بۆ جێکردنەوەی پرسی راگواستنو بەعەرەبکردن پێشنیاز دەکەم لەسەرەتای بەرنامەکەدا ئەم برگەیە بخرێتە سەر لەم شوێنەی خوارەوە:

"کورد نەتەوەیەکی پارچەکراوو ژێردەستەیەو هەموو مافە رەواکانی زەوتکراوەو سەختترین شێوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەسەردا سەپێنراوە.... " دوای سەپێنراوە بنووسرێ "کە نموونەی ئەو شێوازانەش کیمیابارانو ئەنفالو هەوڵی جینوسایدکردنو تەسفیری فەیلییەکانو ئێستاش درێژەکێشانی چۆنایەتی شاڵاوی پاکتاوکردنی رەگەزیی لەکەرکوکو خانەقینو مەندەلیو مەخمورو دەشتی هەولێرو بەدرەو جەسانو شەنگارو شێخانو زەمارو عەین زالەو.. هتد"

لەو شوێنەی کە دەڵێت: "ی.ن.ک خۆی لەبەردەم ئەرکی هەمەلایەنەو گرنگدا ئەبینێ...... هەروەها لەبەردەم ئەرکە گرنگەکانی نەمانی دیکتاتۆری...." دوای وشەی دیکتاتۆری

بنووسرێ "..و سیاسەتە ناپەسەندەکانی کەخۆی لەپاکتاوکردنی رەگەزیی کوردو تورکماندا دەنوێنیو دەبێتە مایەی ئازار بۆ گەلی کوردستانو درز دەخاتە نێو یەکێتیی خاکو خەڵکی عیراقەوە" پاشان بنووسرێ "یەکێتیی خەباتێکی دیپلۆماسیی چڕوپڕ لەئاستی نێودەوڵەتییدا دەکات بۆ روونکردنەوەی مەترسیی ئەو سیاسەتە ناپەسەندە لەسەر چارەنووسیی گەلی کوردو لەسەر ئارەزووی پێکهاتنی عیراقێکی دیموکراتی، فیدرالی یەکگرتوو".

پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لە بەرنامەی سیاسیی INC لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق(نیویۆرک1999) لەباسی خاڵی فیدرالییدا بەدەق هاتووە. (یقر المؤتمر الوطني العراقي الحقوق القومية المشروعة لشعب كردستان العراق علي أساس الفدرالية ووفق الحقائق القومية والتأريخية والجغرافية ضمن عراق تعددي ثرلماني فيدرالي والعمل علي ضمان ذلك دستوريا).

بۆیە دەکرێ لێرەشدا شوێن بۆ برگەی سنووری جوگرافی هەرێمی فیدرال بکرێتەوە لەو برگەیەی پێشەکییەدا کە دەڵێ: "خەباتی بێوچانو پڕ لەقوربانیدانی گەلی کورد لەکوردستانی عیراقدا لەگەشەکردنو هەڵکەوتنی دەرفەتی لەباردا هەلومەرجێکی باشی هێناوەتەکایە کە بەشێکی گرنگ لەمافەکانی خۆی دەست بکەوێو بەهەڵبژاردنێکی گشتی شێوەی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەی لەسەر بنچینەی فیدرالیی دیاریبکات" وای لێبکرێ "شێوەی بەڕێوەبردنی بەشێکی هەرێمەکەی کە رزگارکراوە لەسەر بنچینەی فیدرالی دیاریبکاتو هێشتاش خەبات بۆ بەدیهاتنی فیدرالی لەسەر زەمینی مێژووییو جوگرافی هەرێمی کوردستانی عیراق درێژەی هەیە".

لەکۆتاییدا ئومێدێکی زۆر هەیە کە لەراپۆرتی سیاسیی کۆنگرەشدا پرسی (مەلەفی کەرکوک) وەک پێشنیازێکی لەمێژینەی هەڤاڵ مامجەلال ئاماژەی پێبدرێو راسپاردەی پێویست بۆ پێشخستنی چۆنایەتی ئەوی تا ئێستا لەمەیدانی بەرەنگاربوونەوەی پاکتاوکردنی رەگەزییدا کراوە، دەربکرێ.

چیبکەین قەدەری یەکێتیی وایە کە خەمی کورد لەکۆڵ بنێ بەخەمی گەورەی داکۆکیکردن لەکوردستانیبوونی بەشێکی ستراتیژیی نیشتمانیی کورد.

کاتی خۆی شای فەیسەڵی پادشای عیراق لەوەسفی بایەخی لکاندنی کوردستانی جنوبی بە مەملەکەتی عیراقەوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە عیراق بێ کوردستان لەشێکی بێ سەرە. کوردستانەکەی ئێمەش بێ کەرکوک وەک ناوچەیەکی نەوتییو ستراتیژی لەشێکی بێ گیانەو یەکێتی خاکو خەڵکی ئەو عیراقە دیموکراتییەش کە هەمووماں چاومان لەرێیەتی، بێچارەسەری مەلەفی کەرکوک هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەرزینو ناپتەویدا دەبێت.

لە دەروازەی کۆنگرەی دووەمدا با بەرەو خیتابێکی سەنگینو ژیرانەی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی هەنگاو بنێین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 2323 – 2000/12/7

# ئەو عەرەبانەی تاقەتی تەعریبیان نییە!

*گەلێک جار کە قسە لەسەر تەعریبو ڕاگواستن کراوە، ئەو پرسیارانە وروژێنراون کە:
-داخۆ تەعریبو ڕاگواستن سەردەگرێو...
-داخۆ هەڵوێستی میللەتی عەرەبی عیراق لەئاستی تەعریبو ڕاگواستنی کـــوردان چۆنە لەکـــاتێکدا حکـومەتی عەرەبی عیراق هەروا درێژەی پێدەدات؟

ئەم پرسیارانەش ڕەوان، چونکە ئەگەر تەعریبو ڕاگواستن سەربگرێ مانای وایە ناهەق بەسەر هەقو داگیرکەران بەسەر داگیرکراواندا سەردەکەون. ئەم پرسیارانە ڕەوان، چونکە بەشێکی گرەوی کورد لەپرسی نەمانی تەعریبو ڕاگواستن لەسەر ئەوەیە کە میللەتی عەرەب لەعیراقدا پێچەوانەی حکومەتی ناوەندیی لەدژی تەعریبی کوردستانو ڕاگواستنی کوردبێت. بەتایبەتی لەدوای نەمانی حوکمڕانی ئێستای عیراق کە فەرمانڕەواییەکی شۆڤێنییەو بەرنامەیەکی ستراتیژیی بۆ تەعریبکردنی کوردستان هەیە. هەمیشە لەئەدەبیاتی سیاسیی کورددا ئەو گرەوە تەئکید کراوەتەوە کە میللەتی عەرەب هیچ ئیرادەو ویستێکی بۆ تەعریبو داگیرکاریی کوردستان نییەو بەڵکو ئەوە حکومەتە هەڵنەبژێردراوو شۆڤێنییەکانن کە بێ پرسی وان شەڕی کوردان دەکەن. بەم پێیە بێت، هەڵوێستی عەرەبی عیراق ڕوون نابێتەوە تا لەسایەی ڕەوشێکی دیکتاتۆرییدا بژین. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی دیکۆمێنتێک کە دەست (کوردستانی نوێ)کەوتووە، پێدەچێ بەشێک لەعەرەبەکانی کە بۆ تەعریب تەرخانکراون بەترسیشەوە بێت سەرپێچی لەبڕیارەکانی تەعریب بکەن.

ئەو عەرەبانە ئێستا لەنێوان پارەی زۆرو زەوەندی تەعریبو دڵنیانەبوونیان لەئایندەی تەعریب گیریان خواردووە، بۆیە لەسەرێکەوە پارەی تەعریب وەردەگرن تەماعیان لێیەتیو لەسەرێکی دیکەشەوە حەز ناکەن بچنە ئەو شوێنانەی بۆ تەعریبکردن تەرخانکراون. لەڕاستییدا بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە بێت، دەبێ ئیتر حکومەتی عیراق لەوە بێ ئومێدبێت بەم عەرەبانە ستراتیژی تەعریب سەربخات.

*بەڵگەکەی لەبەر دەستماندایە کتابێکی ئەوەی پێی دەڵێن قایمقامی قەزای ناوەندیی کەرکوکە کەناوی (حامد تەها عەبدوڵلا)یە، قایمقامی ناوبراو لەکتابێکی ڕەسمی (قائمقامیة قضاو كركوك- الي محافظة التأميم)دا باسی ئەوە دەکات کە بەشێک لەعەرەبی عەشیرەتەکان، ئەوانەی عەقدی زەراعیان هەیە، نایانەوێ بچن لە (مجمع العز) نیشتەجێبن.

قایمقــامی گــوایە (مرکــز کرکــوک) داوا دەکــات کە عەقــدی ئیمزاکــراو لەگەڵ ئەو عەرەبـانەدا هەڵبوەشـێنرێتەوەو هەڵوێـستی هەنـدێک لەعەشـیرەتەکانیش بەم شـێوەیە روون دەکاتەوە:

- عشيرة الحديديين عددهم (26) انجزوا بناءهم يماطلون بالسكن.
- عشيرة العزة البو محمد عددهم (15) يماطلون بالبناء نسبة البناء عندهم ضعيفة.
-عشيرة العزة البو محمد عددهم (9) اثنين منهم متخلفين عن البناء.
-عشيرة السبعاويين عددهم (20)يماطلون بالبناء يراوغون....
-الــوافدين عـــددهم (12) لم يبادروا بالبناء مطلقاً غير مهتمين للتعليمات.

عشيرة السادة الفكرة عددهم (10) لم يقوموا بالبناء لحد الان قدموا لنقل سكنهم لم تحصل موافقة السيد المحافظ....

قایمقام بەو عەرەبییە شکاوەی خۆی پێشنیاز دەکات:

((لقد تمت مقابلة السيد المحافظ من قبل بعضهم حول تأجيل السكن لم تحصل الموافقة بموجب كتاب المحافظة المرقم 414 في 1999/3/14 مكتب شؤون المواطنين.

نقترح ان تكون اخر مهلة لهم للسكن هي الاسبوع الاول بعد عيد الاضحى المبارك وفسخ عقود الذين لم يقوموا بالبناء لحد الان)).

حکـومەتی عیـراق دەخـوازێ بەم سەرئێـشەوە خـاکی کـوردان تەعریـب بکـاو راسـتییە مێژووییەکــان بــشێوێنێ. ئەنجــامیش ســەرنەکەوتنی تەعــریبە، بەڵام زیــان پێگەیانــدنی دۆستایەتیی دێرینی نێوان کوردو عەرەبیشی بەدواوە دەبێت. ئەو سەرئێشەیەی قایمقامی (مرکز کرکوک) تووشی هـاتووە، هەمـان ئەو سەرئێشەیەیە کە عـزەت ئەلـدوریی جێگـری (ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی عیـراق) تووشـی هـاتبوو، هەروەک هەڤـاڵ مـامجەلال لەزمـانی عزەت ئەلدوری گێڕایەوە کاتێک بەڕێزیان دەردەدڵی کوردی لەسەر تەعریب گێڕابۆوەو ئەویش (واتا عزەت ئەلدوری) بە مامجەلال-ی گوتبوو:

((تۆ هەر باسی دەردەدڵی خۆت دەکەی‌و باسی دەردی مـن ناکەیت، عەرەبەکان دێـن دەڵێن (اعطيني طاع) زەوییەکی دەدەینێ، داوای پەنجا هەزار دینار دەکات، دەیـدەمێ، پاش مـاوەیەکیتر دێـتەوەو دەڵـێ ماکفـت! بیـست هەزاری تـری دەدەمـێ، دواتـر دێـتەوە دەڵـێ خانووەکەم تەواوکردو ئینجا پارەم بـدەرێ بۆ کەلوپەلی ماڵ، دواتر داوای تەعین دەکات تەعینی دەکەم، داوای زیادبوونی مەعاش دەکات... ئەوانە اكلو گلبي)).

*کوردستانی نوێ: ژ: 1859 – ساڵانی 1999 - 2000

# مامۆستا ڕۆژبەیانی، لە کوێ ساکنە خزمانی ژۆ؟*

بەدرەنگیشەوە بێ حەزدەکەم چەند پەیڤێکی وەفاداری لەسەر مامۆستای کۆچکردوو مەلا جەمیلی بەندی ڕۆژبەیانی بنووسم. زیاتریش لەسەر هەڵوێستو نووسینەکانی دەربارەی تراژیدیای ڕاگواستن و تواندنەوەی بوونی نەتەوەیی کورد بنووسم. لەکۆتایی پرسەی مێژوونووسی شەهیددا، لەسلێمانی، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد مامۆستا ڕۆژبەیانی دژی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد بوو لەکەرکوک و شوێنەکانی تری کوردستانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا. ئەزیش ئەوەی دەخەمە سەر کەئەو نەک تەنها دژی تەعریب و ڕاگواستن بوو وەکو گرفتێکی کوردی کوردستانی عێراق کە تائێستاش بێ چارەسەر، وەکو مەسەلەی کورد خۆی، ماوەتەوە، بەڵکو ڕۆژبەیانی بەبەرنامەو لەدیدی مێژوونووسێکی نەتەوە پەروەرەوە دژی ڕاگواستن و تواندنەوەی نەتەوەیی کوردبوو لەلایەن هەردەسەڵاتێکەوە و لەهەر سەردەمێکدا کرابێت. بەمەش وەک ڕوناکبیرێکی ڕوانین قووڵ و مێژوونووسێکی کارامە مەسەلەی کوردی لەبارە تراژیدییایەکەیدا کەباری تواندنەوەو ڕاگوێزان، باری سڕینەوەی بوونی نەتەوەیی و پەرتوکەرتکردنی کوردەو پێکەوە گرێدا. ئەو دەیویست تێمانبگەیەنێت کە ئەگەر چی ئەم پڕۆسەی ڕاگوێزان و تواندنەوەیە لەماوەی جیاجیاو بەمەبەستی جیاجیا سەرهەڵدەدەن و لەدژی کورد پیادە دەکرێن، بەڵام لەبنچینەدا کوڕی یەک دایکی سیاسەتی داگیرکاری و بۆیەک مەبەستی ڕوون و ئاشکرای لەناوبردنی فیزیکی و ڕۆحی کوردو هەڵلوشینی خاکی کوردستان و خێرو بێرەکەین، وەک دوا ئاکامی داگیرکردن و لەپێناو جێگیرکردنی ئەو داگیرکارییەدا.

ڕۆژبەیانی لەهەر شوێن و مەڵبەندێک ژیابێت، بۆهەر گوندو ناوچەو شارێک پەرەوازە یان وەک حاڵی نەتەوەکەی بۆهەر جێگایەک ڕاگوێزرابێ، ئەوا خۆی بەپشکنین و گەڕان بەدوای بنەچەی ئەو شوێن و مەڵبەندانەوە خەریک کردووەو کوردستانییبوونی زۆر ناوچەو ئاوەدانی کوردی سەلماندووەو بنج و بناوانییانی ساغکردۆتەوە بەجۆرێک کەوەختە بڵێم، ڕۆحی ڕەوانی بۆ دواجار ئاسوودە ببێ، خۆزیا ئاوارەو پەرتەوازەی شوێن و ئاوایی تری کوردستانیش دەبوو، تا ڕەشنووس و نەخشەی مێژوویی ئەو شوێنانەشی لەپاش بەجێدەما. ئەو نەتەنها پەرەوازەی زەمان و زەمینی نیشتمانیی خۆی بوو و لە ئاکامی ئەوەشدا ناو و ناوەڕۆکی شارە ڕفێندراوەکانی کوردستانی بۆ ساغکردینەوە، بەڵکو بەهۆی پشتخانی

رۆشــنبیریی و لەمێــژووی دێرینــی عەرەب و گەلانــی نــاوچەکەو لەمێــژووی ئیــسلام بەتـایبەتی ئەدگـارو شـێوەی حـوکمڕانی گەلێـک لەو فەرمانڕەوایـانەی نیـشاندراین کە بۆخۆیـان فەرمـانڕەوایی کـورد بـوون، بەڵام لەپیلانـی بەعەرەبکردنـی مێژووماندا راسـتی ناسنامەیان لەپەنـاو پەسـێوەکانی کتێبە دێرینەکانـدا حەشـاردرابوون. ئەم هـات تـۆزی نیـشتووی سـەر ئەو ئەمارەتـانەی لابـردو رەونەقـی تـاجی سـەر سـەری فەرمانڕەوایـانی کوردی درەوشاندەوە.

کتێــبەکەی دەربــارەی ((مەنــدەلی, داقــوق, ...، ...)) وەک چــوار شــاری دێرینــی کوردســتان, نووســینە زۆرو زەوەنــدەکانی لەبــارەی مێــژووی کەرکــوک و سیاســەتی راگواستن و بەعەرەبکردن لەو شارەدا نمونەی دیاری هەوڵو کۆششی ساغکردنەوەی کوردسـتانیی بـوونی ناوچەکـانی هەرەشـە لێکـراون. کتێبەکەی لەسـەر چـوار دەوڵەتـی کــوردی نمــوونەی گەڕان و پــشکنینی نێــو دەفــتەرە زەردو پەڕە ئەســتوورەکانی نێوکتێبەکانی مێـژووی ئیـسلامن کە بێگومـان روناکبیرو مێژوونووسیی تـریش ئیـشیان لەسەر کردووە ئەمما رۆژبەیـانی لەدیـدێکی نەتەوەییەوە لەبارەیـان دواوەو بەشـێکی ئەو پێداویستییەی بواری خوێندنەوەی مێژووی پڕ کـردۆتەوە کە ئیـسماعیل بێشکچی لە تێزەکانیـدا وای ئامـاژە پێـداوە کە دەبـێ مێـژوو لەروانـگەی ململانێـی نەتەوەییـشەوە بخوێنـدرێتەوە نەک تەنها لەروانـگەی ململانێـی چینـایەتییەوە. هەروا پێـدەچێت جـگە لەخوێندنەوە زۆرو زەوەندەکانی بـۆ مێـژووی ئیسلام کەڵکی لە ئاوارەبوونی بـۆ ئێـران و زمــانزانی خــۆی وەرگرتبــێ کەئەمە بەڕوونــی لە کتێــبە بەنــرخەکەی(فەرمــانڕەوایی موکریـان) دا دەردەکەوێت. لەوێدا زۆر بەووردی هەقـایەتی تێکوپێکـدانی سـتراکتۆری کـۆمەڵایەتی و رەوشــی دیمــۆگرافی کوردســتانی ئێــران لەسەردەســتی ســەفەوییەکان دەگێـڕێتەوە. وەرگێڕانـی نـامیلکەکەی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا دەربارەی شۆڕشی ئـارارات و نووســینی زۆر بــابەتی تــر لەبــارەی رەوشــی توانــدنەوەی کــورد لەنــاوچە جیاجیاکانی کوردستان و رووبەڕوبوونەوەکانی لەم پێناوەدا, نموونەی حاشا هەڵنەگری ئەو پێکەوەگرێدانەن. لەراستیدا دەتـوانین بێـژین مامۆستا رۆژبەیـانی مامۆسـتای پـێکەوە گرێدانەوەی باری کوردی ژێـر هەڕەشـەی تەعریـب و راگواسـتن بـوو لەگەڵ رێڕەوێـک لەهەڕەشەی جێبەجێکراوی تواندنەوەو راگوێزانی هەمان نەتەوە بەدرێژایی مێژوو.

بێگومان پسپۆڕانی واری مێژوو لەدوا هەڵسەگاندندا هەق و پاداشتی مەعنەوی مامۆستا رۆژبەیانی لەهەموو ئەو کایە رۆشنبیریی و مێژووییانەی ئیشی تێداکردوون دەدەنەوە, بەڵام ئەم نووســینە راگــوزارییەی بەنــدە بــۆ نیــشاندانی رەهەنــدێکی هەرە بەرچــاوی پــڕۆژەی رۆشنبیریی کۆچکردووە. دواجار کۆششی بەردەوامی لەم چەشنەی مامۆستا نواندی جگە لەبایەخە مێژووییەکەی بۆ ساغ کردنەوەو پڕکردنەوەی کەلێنە پڕنەکراوەکانی نووسینەوەی مێـژووی گەلەکەمـان, بـۆ سـەردەمی ئەمـڕۆی دووبـارەبوونەوەی هەڕەشـەکانی راگـوێزان و

توانـدنەوە سـەنەدو بەڵـگەی بەردەسـتن تاشـەڕە سیاسـییەکەی کـوردایەتی, سـەلماندنی کوردستانیی بوونی ناوچەکانی ژێر شریتی تەعریب و راگوێزان, دەبەینەوە.

وەک بڵێی کتێبەکانی لەزمانی (( شاعیرەوە ))یەوە پێمان بڵێن:

کوردە دەزانی لە کوێ ساکنە خزمانی تۆ؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 2455 – 2001/5/17

# ژماره دەبێتە بەڵا!*

باشە وا دامان نا ژمارەی تورکمان بە پێی ئامارەکانی خانم تانسوو چیلەر ، سەرۆک وەزیرانی گەندەڵی تورکیا لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، سێ ملیۆنە. ئەگەر ئەو ژمارە کوردەی لە هەلومەرجی ئابڵوقەی ئابووری سەر کوردستانی گەمارۆدراوی دوای ڕاپەرینی 1991دا ئازوقەیان لە مانگی سووری تورکی وەردەگرت و ئەم ڕێکخراوە خێرخوازە تورکییە لەڕێی خوا هەموویانی بە تورکمان نووسیبوو، ئەگەر ئەوەشی بخەینە سەر بۆ هەر کیلۆ شەکری خێرپێکردن نەفەرێک، ئەوا ژمارەی تورکمان بەوەی چیلەرەوە دەکاتە سێ ملیۆن و نیو. وای دابنێین دوای ڕزگارکردنی کەرکوک و روخانی ڕژێمی دیکتاتۆریش نیو ملیۆن کەسی تریش خۆیان بە تورکمان نووسیبێت، ئەوا ژمارەکە دەکاتە چوار ملیۆن. بەو پێیەی "بەرەی تورکمانی" بەو هەموو چاوتەنگی خۆیەوە دانی پێدا دەنێت کە ئەوان نەتەوەی سێیەمن لە عیراقدا، کەوابێ ژمارەی کورد وەک نەتەوەی دووەم دەبێ شتێک لە تورکمان زیاتر بێت، بۆ نوونە چوار ملیۆن و نیو. جا بەو پێیەی هەر خودی بەرە: کەرکوک و هەولێر و کفری و دووز بە ناوچەی "تورکمان ئێلی" دەزانێ و کوردیش بەهی کوردستان، کەوابێ ئێمە شەڕمان لەسەر خاک و لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەشە، چونکە بە لێکدانی هەردوو ئامار بێت دەبێ ژمارەی دانیشتوانی هەرێم- ئیلی حەوت ملیۆن و نیو بێت. جا چونکە نیوەی بەغدا فەیلییە و بە گوێرەی وەسفی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر شیعەکانی عیراق وەلائیان بۆ ئێرانە، کە وابێ ژمارەی عەرەب لە عیراق زۆر کەمترە لەو ژمارەی عەمرو موسا کەشوفشی پێوەدەکات، بۆ نموونە لەوانەیە چوار ملیۆن بێت. بەمەش هەر وەکو سیاسەتەمدارێکی کورد وتی: "کورد و تورکمان دەبنە زۆرینە لە عیراق و عەرەبیش دەبنە کەمینە". جا کەوابێ ئێمە ماددەی (140)مان بۆ کەرکوک ناوێت. بۆ ئەوەمانە ئێمەی "زۆرینەی کورد و تورکمان لە عیراقدا" دۆخی بەغدای پێ یەکلایی بکەینەوە!!

***

ژمارە ژمارە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، تەفسیری نەتەوەیی ئەم کاریکاتێرانە دەخوڵقێنێ. وەبیر دێنینەوە کاتی خۆشی ڕەحمەتی بەشیر موشیر ڕەقەمێکی زۆری بۆ کورد لێدابوو، بۆ نموونە (50) ملیۆن، هەر چەند کوردیان لە پارچەکانی کوردستان بۆ ژماردبوو، بەو پارچەیەی لای یەکێتی سۆڤێتیش کە ئێستا ئازەربێجان بە ئەمانەت لای خۆی گلیداوەتەوە،

نەگەیشتبووە ئەو ژمارەی بەشیر ئیدعای دەکرد. بەشیر موشیر کە دەگوترێ پاش پەنجا ساڵ ژنەکەی تەڵاق دابوو، چونکە "عەرەب دەرچوو لەخۆی" لە ژماردنی کورددا تووشی تەنگەناوی هاتبوو، بۆیە گوتی: "جا... چین بەو هەموو ملیارە زۆرەوە ماقولە چەند ملیۆن کوردێکی تێدا نەبێت؟

ئەمە حاڵی هەموو نەتەوەکانە لە قۆناغی دروستبووندا.ژمارە جێی چۆنایەتی دەگرێتەوە. ئەمە رەنگە ئەو بۆچوونە مارکسیستە زاڵبکات کە دەڵێ مەسەلەی نەتەوەیی هەڵلای "جوتیارانە" چونکە دابی جوتیاری وایە خۆی بە ژمارەی کوڕ ونەوەکانەوە دەناسێنێ.بێ ئاگا لەوەی دەشێ جاش وقوروچیش بە ئەندامی نەتەوە حیساب بکرێن وکەچی خیانەتیشی لێ دەکەن. بەڵام خۆ تورکمان میللەتێکی شارنشینن چیان لەم خووە گوندییە داوە؟ لەبەر راپرسی و ئامار؟ جا کورد بە باش وجاشییەوە راپرسی کەرکوک یەکلاییش بکەنەوە ئەگەر لەگەڵ تورکمان، بەو کەمە چۆنایەتییەی رۆڵیان لە ئاوەدانی کەرکوکدا گێراوە و بەو ژمارە زۆرەشی بەرە ئیدعای دەکات، رێکنەکەون وئاشتی ورەزامەندی هەردوولای بۆ مسۆگەر نەکەن، ئەوا تێیدا ناحەسێنەوە.

جا ماقولە لەو چەند ملیۆنەی چین چەند سەد کوردێکی تێدانەبێت کە بێت بۆ کەرکوک و کارەکە لەبەرەی تورکمانی تێکبدات؟!

بەڵام گرفت ئەوەیە بەرەی تورکمانی کوردی چین بە تەکریدکردنی کەرکوک تاوانبار ناکات. ئەو دەڵێ هەزاران کوردی تورکیا هاتوونەتە شارەکە و باری دیموگرافی بە قازانجی حزبە کوردییەکان دەستکاری دەکەن، بەڵام ئەم ئیدعایە ڕووبەڕووی ئیدعایەکی تر دەبێتەوە : تورکیا دانی پێدا نانێت کە کورد لە تورکیا هەیە. کەوابێ ئەو هەزاران هەزارەی لە تورکیاوە هاتوون خۆیان تورکن و حەتمەن وەکو تورکێک بۆ یارمەتیدانی بەرەی تورکمانی هاتوون. مەگەر ئەوە نەبێت لە ڕێگای دیاربەکر بۆ هەولێر کوردەکانی باشوور بە ماستی هەولێر وسڵقی کەرکوک مێشکیانیان شۆردبێت و وایان تێگەیاندبن ئەوان کوردی کەرکوکین نەک "تورکی شاخاوی".

بەو حاڵەشەوە کە "تورکی شاخاوی" دیاربەکر هاتوونەتە کەرکوک و وەکو کورد خۆیان ناساندووە هێشتا دەبێ تورکمان "زۆرتر"بن. مادام ئەوان چەند ملیۆنێکن؟ بەڵام ژمارەکان سەر لە بەریان هەڵەیە، بۆیە بەرە تووشی ڕۆژی ڕەشی خۆی بووە. ڕۆژی رەشێک نە تورکە شاخاوییەکانی تورکیا و نە تورکمانە ئەسڵییەکان فریای ناکەون، چونکە هەندێکجار ژمارە ئەگەر باش نەژمێردرا دەبێتە بەڵا.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ – ساڵی 2008

# فایلەکە لای سەرکردایەتییە*

لە دوو ژمارەی پێشووی ئاسۆدا دوو وتارم خوێندەوە کە سەرنجی ڕاکێشام، هەردووکیان دڵخۆشیان کردم بەو گیانە نەتەوەییە بەرزەی پێی نووسرابوون کە گیانی داکۆکیکردنە لە پرسی کەرکوک و خاوەنداریێتی ئەو شارە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. ئەو گیانە لەوەختێکدا خەڵکێک هەن پێیانوایە ئیتر فایلی کەرکوک پێچراوەتەوە جێی ڕێز و تەقدیرە کە تەنانەت دەگاتە ئاستی ڕەخنەگرتن لە هاوپەیمانە گەورەکەمان، ئەمریکاش.

بەڵام بەڕای موتەوازیعانەی بەندە بیروڕای ئەو ڕاوێژکارەی سەفارەت بیروڕای تایبەتی خۆیەتی و هەروا ڕاگوزەر لەکۆبوونەوەیەکدا گوتوویەتی. لەئاستی ڕەسمیدا ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە پابەندی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و چارەسەری کێشەکەیە.

سەرۆکی ئەمریکاش کە دەخوازێ عیراق بەهاوپەیمانی بمێنێتەوە دەخوازێ ئەو عیراقە دەستوورییەی ئێستا هاوپەیمانی بێت.

هەموو لایەکیش دەزانن لەتەرازووی هەڵسەنگاندندا ئەمریکا شیعە و سوننەی بە فایلەکانی دیکە ڕازیکردووە و کوردیش،کە لەسەرەتاوە هاوپەیمانی ئەمریکا بووە، سەرەکیترین فایلی کەرکوکە و تا ئێستا چارەسەر نەبووە.

وەک دەڵێن کورد ئەو بەرخەی بۆ ئەم جەرگ و هەناوە سەربڕیووە جا ڕێی تێناچێ ئەمریکا لەپێناو دوو هاوپەیمانی مسۆگەر نەکراوی سوننە و شیعەدا کورد لەخۆی زویر بکات. ئەمەش نەک لە بەرئەوەی کورد دەتوانێت ئەزیێتی ئەمریکای هاوپەیمانی خۆی بدات، هیچ وڵاتێک نییە گەورە یان بچووک دەرەقەتی ئەمریکا بێت چ جای کوردستانە داماوەکەی خۆمان، بەڵام کوردستان بەم داماوییەی خۆشیەوە دەتوانێ ئەزیێتی پرۆسەی سیاسی عیراق بدات بەخۆ زویرکردن بێت، یان خۆ تووڕەکردن.

شتێک کە کەس نایخوازێت لەم سەر و بەندەدا کە یاخییەکانیش وا خەریکن دێنە سەر هێڵی هاوپەیمانێتی ئەوروپا و سراتەلموستەقیمی پرۆسەی سیاسی عیراق.

لە بیریشمان نەچێت کێشە گەورەکانی وەکو کێشەی کەرکوک لەلایەن فەرمانبەرە ئاساییەکانەوە بۆ سەرکردایەتییە لۆکاڵییەکان ناگوازرێتەوە.

ڕاوێژکاری سەفارەت کە دێتە دیداری پارێزگاری کەرکوک لەگەڵ فەرمانبەرێکی دەوڵەتیی بە پلەی پارێزگار قسەدەکات کە بێگومان کەرکوک چەند بارگاویش بێت بە سیاسەت هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەلەفە سیاسییەکەی لای پارێزگارە. مەلەفی

سیاسی کەرکوک لەباری پەیوەند بە کوردەوە لای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانە، لای بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودە و ئەوان دەتوانن بە نوێنەرایەتی کورد ڕەدوبەدلی تێدابکەن و ئەوەشی ڕەدوبەدلیان لەگەڵ دەکات، وەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان، سەرکردایەتی ئەمریکایە کە دەزانن هەستیاری کورد لە پرسی کەرکوکدا تا چ ئاستێکە، نەک راوێژکاری سەفارەت.

*ئاسۆ – ساڵی 2008

# کەرکوک یان دیاربەکر؟*

سەروەری کوردستان چییە؟ لەکوێدا نووسراوەو کێ دەبێ پێوەی پابەند بێت؟

سەروەری پێش ئەوەی لە دەستووراندا بچەسپێو لە یاساکاندا داکۆکی لێ بکرێت، دەبێ لەسەر زەمینی واقیع تاقیبکرێتەوەو توندوتۆڵی خۆی نیشان بدات.

سەروەری هەرێم دەبێ بریتی بێت لە پاراستنی ئیرادەی دەزگا هەڵبژێردراوەکانی کوردستان کە دەبنە دەزگای بڕیاردەر لە سیاسەت و بژارەکانی خەڵکی کوردستان. سەروەری هەرێم بریتییە لەوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی هەرێم رێنوێنی دەستپێشخەریو کاردانەوەی سیاسی بن، نەک ئەجیندای میزاجی ئەم هێزی سیاسییو ئیجتهادی ئەدەبیاتی سۆپەر کوردایەتییەکانی وەکو PKK.

بەڵام لە کوردستان هەرکەسێ بخوازێت دەتوانێ دەستکاری ئەجیندای سیاسییمان بکاتو لە دەرەوەی ئیرادەی دەزگا هەڵبژێردراوەکانی حکومەتی کوردستانو پەرلەمانو سەرۆکایەتی کوردستان سیاسەت بنوێنێ، یان راستتر سیاسەتمان پێ بکات. ساڵێک زیاترە ئەجیندای ململانێی ئەنقەرە- PKK لە باکووری نیشتمانی کوردان، یانی ئەوەی تورکیا پێی دەڵێت (باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا) لەو دەڤەرە گواستراوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستانو ئۆپەراسیۆنێک تەواو نابێ ئامادەکاری بۆ یەکێکی تر دەکرێت. جا ئەگەر ئەوێ باکوورە PKK بۆ دەست لە یەخەی باشوور ناکاتەوەو لەوێ حیساباتی خۆی لەگەڵ تورکیا یەکلایی بکاتەوە؟ ئەگەریش ئەوێ "باشووری خۆرهەڵاتە" خێرە وا تورکیا گێچەڵ بە "باکووری عیراق" دەکات؟

بەڵێ خێرە؟ خێرە کە هەرێمێک لەبەر پتر لە فاکتەرێک نەتوانێت سەروەری خۆی بکاتە دیفاکتۆو لەناو تۆڕی پارێزگارییەکی دەستووریدا بەرژەوەندی دانیشتوانی دابین بکات.

ئەگەر پرس بە هەرێم بکرابایە چۆن تەنگژەی خانەقینو کەرکوک وەردەچەرخێت بۆ تەنگژەیەکی جیاواز لەسەر سنوورەکان؟ ئێمە شەڕی کەرکوک، شەڕی نەوت و بودجەو دەسەڵاتی هەرێمو شەراکەتی بەغدامان هەیە، کەچی شەڕێکی "بان نەتەوەیی" یەخەمان پێدەگرێت کە ئەم شەڕە هەر پاساوێکی مۆراڵی، ئەنجەتێکی نەتەوەیشی بۆ بدۆزینەوە هیچ ناگەیەنێت، جگە لە هەوڵدان بۆ بە هەڵدێردا بردنی هەرێمی کوردستان.

سەرکردایەتی کوردستان لەسەریەتی ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە لە بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بەخەڵکیداوە.

هەرکەس چاو بەو بەرنامەیەدا بگێڕێت، دەزانێت ئەولەویەتی کەرکوک، مادەی 140، خزمەتگوزاریو ئاوەدانی هەرێمی کردۆتە ئامانج. لەوێ باس لە دیاربەکرو عەفرینو کرماشان نەکراوە، با ئەمانە لە یادەوەریدا هەربمێنن وەک ڕەمزێک بۆ یەک نەتەوەیی کورد.لەوێ باسی هەرێمی کوردستان کراوە.

بەڵام ئەم بەڵێنانە پێویستی بەو توانستەوە هەیە کە سەروەری هەرێم بکاتە واقیع لە چوارچێوەی کوردستاندا، توانستێک کە دەشێت دەمەزەردکردنەوەی هاوپەیمانێتی کوردستانو دیدارەکانی لوتکە لە هەفتەی رابردوو سەرەتاکەی بێت، لێ هەنگاوی جەریئانەتر دەخوازێت.

نابێ ڕێگە بدرێت PKKو ئەنقەرە چیتر تەنگژەکانیان وەک ئاوێکی گەرم بەسەر جەستەی هەرێمدا قڵپ بکەنەوەو تۆقڵو دومەڵەکەی لەدەموچاوی ئێمەدا ڕەنگ بدەنەوە. چیتر ئەم تەنگژەیە نەبێتە ئەولەویەتێک کە ئەولەویەتەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا دوابخات.

باشترین خزمەتێک کە PKK دەتوانێت بە کوردی باشووری بکات، وەک برای نەتەوەییمان، ئەوەیە لەجێی ئەوەی هێندە باسی کەرکوک بکاتو خاوەندارێتی لێ بنوێنێ خەریکی دیاربەکر بێت چاکترە، باشترین خزمەتێک کە ئەنقەرە بتوانێت بەخزمەکانی بکات لە "باکووری عیراق"، وەک دراوسێو برای دینیمان، ئەوەیە لەجێی دەستوەردان لە کەرکوک دەستێک بەپرسی دیار بەکردا بهێنێت.

ئەم دوانە لەشێوەی دەستوەردانیان لەهەرێم شکستێکی سیاسیی گەورە پەردەپۆش دەکەن کە شکستی گەیشتنە چارەسەرێکی سیاسییە بۆ پرسی کورد لە تورکیا.

*گۆڤاری هەفتانە -ساڵی 2008

# پێکەوە ژیان بەسەر پاکتاوی ڕەگەزیدا سەردەکەوێت

دۆسیەی نابوودکردنی پاکتاوی ڕەگەزی لەجێی خۆی جولا، دادگای باڵای تاوانەکان لەعیراق لەم ڕۆژانەدا حوکمی خۆی لەسەر ئەو دۆسییە هەستیارە دا، لەعیراقدا قەزاو داد سەلماندیان کەتەعریبی کوردستان و ڕاگوێزانی کورد لەکەرکوک و خانەقین و شەنگال و مەخمورو هەموو شریتی سایەی پاکتاوی ڕەگەزی کارێکی ناپەسندە کەڕژێمی شۆڤێنی بەعس پەیڕەوی لێکردووە. حوکمی دادگا تەنیا حوکمێک نییە بەسەر تاوانبارانی تەعریب، تاوانبارانی لەبابەتی عەلی کیمیاوی و جەللادەکانی تری گەلی کوردستان و گەلی عیراق بەگشتی، بەڵکو لەوەش گرنگتر حوکمە بەسەر سیاسەتێکی دیاریکراوەوە کەعیراقی جارانی گێرۆدەی دابڕانی نیشتمانی و لێکترازانی یەکێتیی نیشتمانیی وڵات کرد. حوکمدان لەدۆسیەی پاکتاوی ڕەگەزی، تەنیا حوکمدان نییە بەسەر رابردووی جاران ، بەڵکو حوکمدانیشە بەسەر هەر مەیلێک کەبخوازێت عیراقی دیموکرات و فیدراڵ بباتەوە دەورانی جارانی دیکتاتۆری و شۆڤینیزم و پاکتاوی ڕەگەزی. پەندی دۆسیەی دادگاییکردنی سەرانی تەعریب و ڕاگوێزان لەژمارەی ساڵەکانی حکومڕانیدا نییە، کەدادگا حەوت ساڵی بۆ زیاتر لەسی ساڵی تەعریب بڕییەوە، بەڵکو لەمەغزای ئیدانەکردن و لەقاودانی ئەمجۆرە نەخشەو پیلانانەیە لەبەڕێوەبردنی وڵات و لەجیاکاری نێوان هاووڵاتییەکانی، تەنیا لەبەرئەوەی لەنەتەوەو ڕەگەزی جیا لەنەتەوەو ڕەگەزی سەردەستن، ڕووداوە ناخۆشەکانی ڕابردوو، زامە سەختەکانی لەبابەتی تەعریب، ئەنفالکردن و گۆڕی بەکۆمەڵ قەوماون و هیچ شتێک قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ناکاتەوە مەگەر زیندووەکانیان نەبێت، بەڵام هەڵوەستە لەسەرکردنی ئەو ڕووداوانە لەلاپەڕەی نزیکی عیراق بۆ ئەوەیە چیتر بیر لەدووبارەکردنەوەی نەکرێتەوە. عیراقی نوێ، بەدەستوورو بەتەوافوقی پرۆسەی سیاسییەوە، بەبەشداریی قوربانییەکانی دوێنێ لەلوتکەی دەسەڵاتدا، لەباریدایە زامەکانی دوێنێ سارێژبکات و دڵنیایی لەسەر ئایندە ببەخشێتەوە. لەم بوارەدا ماددەی (140) لەدەستووری عیراق و تەگبیرە هاوبەشەکانی چارەسەری دادپەروەرانەی مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی جێ ململانێ، دەبێت لەڕیزی پێشەوەی ئەولەویاتەکانی پێکهێنەرانی پرۆسەی سیاسیی ئەم وڵاتە بن، تا ئیتر دۆسیەی تەعریب و ڕاگوێزان، لەماڵ و حاڵ هەڵقەندن بەشێک بن لەچیرۆکەکانی ڕابردوو و عیراقی نوێش خۆی بەپەرژینێکی قایمی دیموکراسی و فیدراڵی پتەوبکات. هەڵبەت ئەمەش بەشێک بوو لەو تەئکیدانەی دیداری لوتکەی دوکان

لەنێوان بەڕێزان سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی و سەرۆک وەزیران مالکی کەپرسی کەرکوک یەک لەتەوەرەکانی بوو. لەم پرسەشدا نەتەوەکانی کەرکوک بەکوردو تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوورەوە رۆڵێکی سەنگین دەبینن بۆئەوەی بۆ دواجار یادەوەری پێکەوە ژیان بەسەر وێستگە ناجۆرەکانی تێکدانی برایەتی و جیاکاری نەتەوەییدا سەربکەوێت.

# تەقینەوەکانی دوێنێ، ئەرکەکانی سبەینێ

لەبەغدا تا ناوچە ناکۆکەکان، ماوەیەکە عیراق رووبەڕووی گەورەترین هەڵمەتی تیرۆرو تەقینەوە بۆتەوە، کە دوایینیان زنجیرە تەقینەوەکانی دوێنێی شاری بەغدایە ئەوی بوونە مایەی شەهیدبوونی نزیکەی (95)و برینداربوونی (563) هاووڵاتی. ئەم دەرکەوتە ناخۆشانە ئەگەر بەتەگبیری وردی ئەمنی و بەشداریی وهەماهەنگی دەزگا ئەمنییەکانی وڵات و هاوپشتی پێکهاتە سیاسییەکانی ، کە حکومەتی ئیتیحادی لەبەغدا پێکدێنن، بەرەنگاری نەکرێت، لەباریدایە تراژیدیای عیراقییەکان قووڵتربکاتەوەو پرۆسەی سیاسیی پاشەکشێ پێبکاتەوە بۆ چوارچێوەی یەکەم. لەماوەی ساڵی رابردوودا بە کۆششێکی دەستەجەمعی حکومەتی ئیتیحادی، بەهەموو پێکهێنەرانییەوە، لەوانەش کورد، و بەهاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان توانرا دۆخی ئەمنیی وڵات تارادەیەک باشبکرێت، کە دەبووایە شانبەشانی چاککردنی دۆسێ ئەمنییەکە، دۆسێی سیاسیی، پرسی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و کێشە هەڵواسراوەکانی تری ناوخۆش چارەسەر بکرابان و بەپێی نەخشەرێگایەکی ورد چاکسازیی سیاسی جێبەجێبکرابایە، بەڵام بەداخەوە دۆسێی سیاسی زیاد لەچاوەڕوانی خەڵکی عیراق دواکەوت تا سەرەنجام باری ئەمنی نەیتوانی خۆی بەچاککردنێکی بەرچاوی ڕێڕەوی سیاسیی و پەرەپێدانی بەشداریی هەموو پێکهاتەکان پەرژین بکات و لەبەرامبەر تیرۆرو ناحەزانی عیراقی نوێدا خۆی رابگرێت. بەداخەوە ئاراست هەبوون لەبەغدا کە لەجێی تەگبیری ژیر بۆ پاراستنی ئەوەی بە دەستهاتووە لە لێکگەیشتن بۆ بەرێوەچوونی حکومەتێکی ئیتیحادی کە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان، باش و پتەوو دەستووری بکات، مەیلی پێچە بەدەوریان نیشاندا تا سەرەنجام لەجێی پێشکەوتنی سیاسیی، دۆخی وڵاتیان بەرەو ئاڵۆزی برد و ئەمەش لە پاڵ گەلێک فاکتەری تردا بەجۆرێک لەجۆرەکان فەزایەکی گونجاوی وایان بۆ تۆڕە تیرۆریستییەکان دروستکرد کە بتوانن زەفەر بهێنن و بوێرن لەزنجیرەیەک کردەوەی تیرۆریستی هەمەجۆردا پەلامار بدەن و تەلەفی گیانی و ماددی زۆر تووشی خەڵک بکەن. ئەمجۆرە پەرەسەندنە ترسناکە حکومەتی ئیتیحادی لەبەغدا دەخاتە بەردەم بەر پرسیارێتییەکی گەورەی نیشتمانی و ئینسانییەوە کە جگە لە دەستێک ئیجرائاتی ئەمنی و سەربازیی بەپەلە و بەتەنگەوەهاتنی زیاتری زەرەری خەڵک لەم تەقینەوانە، رێ بۆ توندوتۆڵکردنی دۆسێی سیاسی خۆش بکات و بگەڕێتەوە بۆ هێڵە گیشتییەکانی سیاسەتێکی ژیرانەی دەربەست و گونجاو بە جۆرێک هەموو ئەو کۆششانە سەربخات کە دەبنە مایەی

گردبوونەوەی زیاتر وبێ دوو دڵی هێزە نیشتمانپەروەرو دیموکراتخوازەکان لەشیعەو سوننەو کورد لەدەوری حکومەت و سەرەنجام گیانی خاوەنداریێتی و داکۆکی لەپرۆسەی سیاسیی بەهێزدەکات، هەروەک دەبێت ئەم تراژیدیایە دەرفەتێکی لە باربێت کە بەغدا دوور لەبەربەستی دروشمسازی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا پێداچوونەوە بکات بە هاوئاهەنگییە ئەمنییەکانی ماوەی رابردوو و بە پێدراوەکانی باسیان لە توانای هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆ دەکرد لەدابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی وڵاتدا. بۆ ئەوەی عیراق نەگەڕێتەوە چاڵی قووڵی تیرۆرو چوارچێوەی سەرەتای پرۆسەی سیاسی، گەرەکە حکومەتی ئیتیحادی هەروا شەڕی سەرەکی لەگەڵ تیرۆرو بەعسی و شۆڤێنیزم بخاتە سەرووری ناکۆکی لاوەکی و دۆستانە لە نێوان پێکهاتەکانی پرۆسەی سیاسی عیراقی دیموکرات و فیدرالدا وئەندێشەی سیاسیی خۆی پەرت وشێواو نەکات ودۆست و دوژمنی خۆی وهەموو گەلانی عیراق باشتر دەست نیشان بکات.

# سەری مەشهەدانی خوارد

عەلەیان دەڵێ: "کورد تۆڵە لە مەشهەدانی دەکەنەوە سەبارەت بە هەڵوێستی وی لەمەسەلەی کەرکوک!"

ئەگەر کورد لە "واقیعێکی" غەیری کەرکوک لە مەشهەدانی چووبن بەقیندا، بۆ نموونە لەسەر ئەوەی مەشهەدانی جنێو بە پەرلەمانتارەکان دەدات، هێشتا عەلەیان ڕاست دەکات. ڕاست دەکات، چونکە خۆی و مەشهەدانی دەزانن چییان لەبەرامبەر کەرکوک کردووە؟ دەزانن لە 22ی تەمووزدا چی پیلانێکیان گێڕاوە کە ئەوەندە پیلانێکی نامەردانەیە هەر دەبێ چاوەڕێی تۆڵە و وەڵامدانەوە بن.

مەشهەدانی و عەلەیان و هاوهەڵوێستەکانیان لە 22ی تەمووزدا دەموچاوی پرۆسەی سیاسیی عیراقیان گۆڕی: لە دیموکراسی و تەوافوقەوە گێڕایانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی عروبە و شۆڤێنیزم، کەرکوکیان خستە ژێر ڕەحمەتی ئایندەی نادیار و بە بارمتە گرتیان. وەک هەر دەستەیەک چەقۆکێش کە چەقۆ لە ملی قوربانییەکە دەسوون و ڕوویان لە خاوەنی کێشەکەیە: ئەگەر پاشەکشێ نەکەن ئەم بارمتەیە، ئەم کەرکوکە، سەر دەبڕین!

عەلەیان چاوەڕێیە لە بەرامبەر پیلان و بە بارمتەگرتنی کەرکوکدا کورد تۆڵە و کاردانەوەی هەبێت، چونکە ئەوان چاک دەزانن چیان کردووە؟ بۆیە هەڵوێستی کورد لە پرسی ئیستقالەی مەشهەدانی بەچاوێکی بەریئانەوە هەڵناسەنگێنن. ئەوان واسەیری دەکەن:

"لەبەرامبەر پیلانی مەشهدانی لە کەرکوک، وەڵامی کورد هەیە بۆ گوشار خستنە سەر مەشهەدانی تا واز بێنێت".

لەوانەیە وابێت و لەوانەیە واشنەبێت. لەوانەیە هاوپەیمانی کوردستان بە هاوکاری ئیئتیلاف و پەرلەمانتارانی تر کاری بۆ لابردنی مەشهەدانی کردبێت، لەبەر هۆکاری پەرلەمانی نەک لەبەر هەڵوێستی مەشهەدانی لە کەرکوک یان هەر مەسەلەیەکی کورد، لەوانەشە هاوپەیمانی بەفیعلی لەداخی هەڵوێستی شۆڤێنی مەشهەدانی وای کردبێت. داخیش مەسەلەیەکی سیاسییە.

دووریش نییە خەڵەف عەلەیان مەبەستی بێت خەڵکی تر لە کورد هان بدات گوایە "کورد لەبەر مەسەلەی کەرکوک دژی مەشهەدانین کە وابێ دەبێ ئێوەش لە داخی کورد و کەرکوک پشتگیری مەشهەدانی بکەن".

هەر کامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە شۆڤێنییەکە ڕاستییەکی درکاند، ڕاستی ئەوەی بە فیعلی نامەردی وایان لە هەمبەر کەرکوک کردووە کە چاوەڕێی کاردانەوەی کورد بن.

دەبا لە کاردانەوە بترسن، با نیگەران بن ئەم شۆڤێنییانە، چەند لەمانەوە دووربین ئەوەندە لە خواوە نزیکین. با کەرکوک ببێتە دۆزەخی هەموویان، ببێتە پاژنەی ئەخیل کە ئەسپی هەموو شۆڤێنییەکان، لە جەعفەرییەوە بۆ مەشهەدانی، بگلێنێ.

زوڵمێک کە لە کەرکوک کراوە هێندە گەورەیە هەر کەسە بیەوێ بیخاتە ژێر لێوەوە، سەرەنجام کەرکوک سەری دەخوات.

دەبێ ئەم شارە سەری کێی تر بخوات؟

# دیسان بەرمیلە باروتەکەیە!

جارێکی تر باسوخواسی بەرمیلە باروتەکە، یانی کێشەی کەرکوک، هاتەوە گۆڕێ، پتر لە مەسجێکی ئەمریکایی و جیهانیی، لە ڕێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەسەر ئەم باسە هاتۆتە گۆڕێ.

دیسان پەیوەندداران بە مەسەلەی کەرکوک تایان لێهاتۆتەوە: "بەرمیلەکە دەتەقێتەوە".

لە میدیاکان و لە نێوەند و ڕاڕەوەکانی سیاسەتدا جارێکی تر ئەم دۆخە ترسناکەی "عیراقە بچووکەکە" باڵی بەسەر عیراقە گەورەکەدا کێشایەوە.

دەگوترێ ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە و ئەم پرسە چارە نەکرێت ئەوا ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە بە خوری، دەگوترێ پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان لەو شارەدا بەرەو گرژی و ئاڵۆزی و تەقینەوە دەڕوات.

لە جەوهەردا ئەم ترس و بە تەنگەوەهاتنە خەوش نییە، بەڵکو بەڵگەی پەرۆشی و بایەخی مەسەلەی کەرکوکە، بەڵام "شەیتان لە وردەکاریدایە".

لێرە پرسیار دروست دەبێت کێ بەرمیلەکە دەتەقێنێتەوە؟ پرسیار هەیە کە کێ بەرمیلەکەی لە کەشوهەوایەکی وادا هێشتەوە کە ژینگەی تەقینەوەی بسازێ؟ کێ دەیتوانی پوچەڵی بکاتەوە و فیلتەری ئاگرەکەی دەربێنێت و نەیکرد؟

لەمەشدا ناتوانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەمەریکاش بە بەرپرسیار بزانیت.

هیچ نەبێ لەو ڕووەوەی عیراقییەکان خۆیان لەناو خۆیاندا شەڕیانە لەسەر کەرکوک و ئەم شارە نە ویلایەتێکی ئەمەریکا و نە دوورگەیەکی تورکیا و نە گەڕەکێکی کۆمکاری عەرەبییە، بەڵام هەموو لایەک، بە ئەمەریکاشەوە، لەوە بەرپرسیارن کە دەستیان دەڕۆیشت و لەم پرسەدا وزەیان نەخستەکار، کورد کەموکوڕی لە پرسی کەرکوکدا زۆرە و ئارەزوو بکەین لیستێک ئامادە دەکەین، بەڵام بەڕاستی لەوەدا بێ کەمتەرخەمە کە وتی: "برا وەرن ئەم بەرمیلە چارە بکەن تا نەتەقاوەتەوە، یان ئەوانەی کەرکوکیان خۆشناوێت، نەیانتەقاندۆتەوە".

کورد لەمەدا پەرێزی پاکە کە لە هەموو وێستگەیەکی پرۆسەی سیاسیی عیراقدا دەیگوت ئەم کەرکوکە وابمێنێتەوە ڕیسەکەمان، ڕیسەکەتان، لێدەکاتەوە بە خوری.

کورد ئەمەی بە خۆی، بە عەرەب و تورک و تورکمان و ئەمەریکا وت کە: "خۆتان لەم بەڵایە لامەدەن، وەرن با ڕووبەڕووی ببینەوە و چارەی بکەین".

کەچی هەمیشە بە کورد دەگوترا پەلە مەکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ و زۆری دەوێت، با کێشەکانی تر چارە بکەین ئینجا دێینە سەر بەرمیلە باروتەکە.

بە قسەی کوردە بە ئەزموونەکەیان نەکرد.

وا ئێستا خەم لە هەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسیی عیراق دەخۆن کە کەرکوک سەری نەخوات.

ئایا ئەوە بۆ تەداروکاتی درەنگ وەختە یان بۆ ئەوەیە بە کورد بڵێن وازبێنە لەم بەرمیلە باروتە با بە سەروچاوی ئێوە و ئێمە و عیراقیشدا نەتەقێتەوە؟

ئەم هاوارە بۆ داوای چارەسەری کەرکوکە یان بۆ تۆمەتێکی ترە بە کەرکوک و کەرکوکییەکانی؟

# دادگا، پەیکەری تەعریب دەڕووخێنێت؟

لە (9)ی نیسانی ساڵی 2003دا پەیکەری سەددام بە جلی سەربازی و دیکتاتۆرییەوە، لە ناوجەرگەی بەغدا ڕووخا بەغدایەکان کەوتنە گیانی پەیکەر و پێیان نەکرا. بۆ ئەمەش پێویستییان بە هاوکاری مارینزەکان هەبوو.

ڕۆژی (10)ی نیسان، ڕێک ڕۆژێ دوای کەوتنی بەغداکەی سەددام، کەرکوکییەکان لە کەرکوک پەیکەری سەددامیان تێکشکاند. سەددام، کە عیراقییەکانی بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە خستبووە ناو گێژاوی سیاسەتی دیکتاتۆرییەوە، لە کەرکوک خۆی بە جلوبەرگی تەعریبەوە نمایشکردبوو، عەگال و چەفتەی سەددام لە کەرکوک ڕەمزی تەعریب بوو نەک عەرەبایەتی، جلی عەرەبی سەددام ڕەمزی پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستن بوو نە ڕەمزی کەلتووری نەتەوەیی میللەتی عەرەبی دراوسێ (بڕوانە وێنەی لاپەڕە نۆ، دۆسێی تایبەت بە تەعریب لە ژمارەی ئەمڕۆی ئاسۆدا).

ئەو پەیکەرە ڕووخا و وا شەش ساڵ دوای ڕووخانی تەواوی سیستمی بەعس، ئەمڕۆ دادگای باڵای تاوانەکان تەعریب دادگایی دەکات. بەو مانایەی تەعریب تاوانە و ئەوەی کردوویەتی دەبێ لە عیراقی تازەدا سزا بخوات و ئەوەی حەزی لە درێژەپێدانی تەعریبە بە فۆڕم و شێوازی جیا، هەر سەرەنجام تووشی قەفەسی دادگای عیراقی دیموکرات و فیدراڵ دەبێت.

دادگاییکردنی تەعریب شتێکی هاوشانی هەموو دادگاییەکانی تری بەعسە، چونکە ئەم دادگاییە بۆ ڕووداوێکی زیندووە کە هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێ، هێشتا قوربانییەکانی تەعریب کە ڕاگوێزراو و لە ماڵ دەرکراوەکانی کوردن وەک تاوانکارەکانی تەعریب زیندوون و ماون. شایەدن بەسەر ئەوەی لە کورد و کەرکوک و ناوچەکانی جێی ناکۆکی قەوماوە. دادگای تەعریب زوڵملێکراو و زاڵم لەبەرامبەر یەک ڕادەگرێ و خۆشی حەکەمی نێوانە.

ئەمڕۆ تەعریب دادگایی دەکرێت، "سەددام" لە باری سومبلییەوە و هاوکارەکانی لە باری واقیعییەوە لە بەردەم دادگادان و سزا دەدرێن، ئەم دادگاییە لە هەلومەرجێکدایە کە هەن حەز بە فۆڕماتکردنەوەی تەعریب دەکەن.

ئەم دادگایە مەغزای زۆرە: "سەددام" لە سێدارە درا و عەلی کیمیاوی و هاوکارەکانیشی سەد جاری تر بە سێدارە حکوم دەدرێن. لێ هەقە ئەمە دەرسێک بێت بۆ ئەوانەی حەزیان

لە سەددام نییە، بەڵام کەیفیان بە سیاسەتەکانی دێت، ڕاستێکەی دادگایی تەعریب بوژاندنەوەیەکی نوێی پرسی کەرکوکە لە زەمەنێکدا هەن وا دەزانن ئیتر کەرکوک قووتدرا و کورد بێ ئومێد بوو لێی.

دادگایی تەعریب مەسجە بۆ ئەوانەی مۆبایلی ویژدانیان بەکارە و مەسج وەردەگرێت.

پەیکەری تەعریب دەڕووخێت و ئەوی دەخوازێ چەکوشکاری و دەستپێداهێنانەوەی تێدا بکاتەوە زوو، یان درەنگ، قەفەسی دادگا، چی هی مێژوو بێت یان هی دادگای باڵای تاوانەکان، لەسەر کورسی گوناە و تاوان دایدەنیشێنێت.

# هەرچی جوان و بڵندو بێگەردە... ئازادە

مرۆڤێک هەیە تا تەمەنی شەهیدبوونی دوورتر دەبێت گەنجتر دەبێتەوە؟ ئەو مرۆڤ ئازادە، سەرکردەیە، کەرکوکییە و هەورامیشە. یانی کوێستان و گەرمیانی ئەم وڵاتەی لە باوەش گرتووە. سۆرانییە بە دابەشبوونی جوگرافی، بەڵام بادینانیش یادگاری لەگەڵدا هەیە. سەرکردەیە لەشۆڕشی کوردستانی باشوور، بەڵام گوڵێکی باخەکەی رۆژهەڵات دۆست و هاوسەر و هاوڕێی تەمەنی کورت و سەربەرزی بوو. مرۆڤێک هەیە، چونکە لەدڵ و دەروونـدا هەمیشە قوڵپ دەدا، قەت نابێتە (مرۆڤێک هەبوو)... مرۆڤێک هەیە رابردوو ورانەبردووی رێزمان ناتوانێ لەقاڵبی بدات، زمان لەوەسفیدا لاڵەو دەربڕین لە ئاستی مانای پەنهانی شەهیدبوونیدا کورت دێنێ. لە دیرۆکی رزگاریخوازی گەلاندا زۆرن ئەو ئازادیخوازانەی کلاشینکۆف و گۆرانییان کردە دووانە، بەڵام کەمن ئەوانەی وەک ئازادەکەی کوردستان، هەم سەرکردە، هەم رووناکبیر، هەم گیتارو هەم چەکیشی لە باوەش بێت، سەرکردەیەک بۆ کوردستان، ئازادێک لەبیروباوەڕو میانڕەوێک لەرەفتاری جوان و شۆڕشگێڕێک لە ئەندێشەو خەیاڵی پاک و بێگەردی کوردستانی. ئەمانە هەموو لەودا بوون پەیدا. مرۆڤێک هەیە هەم لەناو چەنجاڵی سیاسەتدا پێگەیشت، هەم لەناو تەلی گۆرانیدا باڵای کرد. هەم لەناو زەبری شۆڕشدا دەستی شەقار شەقار وەک دەشتی گەرمیان و هەمیش لەناو فەزای رۆمانسیدا وەک هەر عاشقێک لەخەمی ئەوین و دۆستایەتیدا بوو. خەمێک بۆ نیشتمان و خەمێک بۆ شۆڕش و خەمێک بۆ هاوڕێکانی. وەک هەورامان سەرکەش و سەربەرزو کوردستانی، وەک کەرکوکی تەعریبکراو خەمبارو لێو بەبارو دیسانەوەش کوردستانی، ئازاد رێک مێژووی شۆڕشی نوێیە. لەگەڵ شۆڕشدا لە نەبەردی و لەگەڵ ئەنفالدا شەهید دەبێت 1975-1988. لە نەسلی گەردەنکێڵی جافەرسان و لەزەمانی بەرخۆدان و موقاوەمەتی کەرکوکە، هەرچی جوانەو هەرچی بڵندی و بێگەردییە ئازاد هەموو ئەوانە بوو. شوێنی لە کەرکوک هەر چۆڵە، جێگەی لە یەکێتی هەر چاوەڕێی گەڕانەوەیەتی، ئازاد بمابا ئازادی گەشەدارتر بوو، بمابا کەرکوک زووتر لە تەعریب و چاکتر لەبندەستی رزگاری دەبوو. ئازاد مرۆڤێکە کە هەیەو قەت نابێ بە ڕابردوو، ئازاد ئەمرۆ و ئایندەیە.

# کۆبوونەوەکانی کەرکوک

گــوێگرتن لەمـــام جەلال گــوێگرتنە لەباسوخواســە بەرزەکـان، گــوێگرتنە لەو خەم و خولیایانەی کەکوردایەتی پێ گەورە دەبێت و سیاسـەتیش ماناو مەغـزای باڵای پێ پەیدا دەکات. گوێگرتن لەمام جەلال، دانیشتنە بەدیـار سـەرنج و ئەزمـوون و روئیـای نەتەوەیی و نیـشتمانیی بەرزەوە، تێگەیـشتنە لەنـاکۆکییە سـەرەکییەکانی ململانێی سیاسـیی کوردسـتان و ئەرکەکـانی قۆنـاغی جیاجیـای بـزووتنەوەی کـوردایەتی. کەس وەکـو ئەو شـەرحی ناکـات و خـوردی ناکـاتەوە، کەس وەکـو ئەو رەهەنــدەکانی کــوردایەتی هــاوچەرخ و بەســتنەوەی ئەدەبیـاتی دێرین بەپێدراوەکانی سـەردەمەوە روونناکاتەوە، چـونکە کەس وەک هۆنەرەوەی ئەو ئەدەبیــاتە ناتوانێــت رۆح و نــاوەرۆک و مەغــزاکەی روون دەربخــات. دیــدارەکانی لەکەرکــوک هەر بەو ئاراســتەیەن هەر لەســەر راســتەڕێی کــوردایەتی و دیمــوکراتییە، کـوردایەتی بـۆ کوردسـتان و دیمـوکراتی بـۆ هەمـوو عیراقییەکـان، لەمێژیـشە ئەدەبیـاتی کــوردایەتی پێــشکەوتنخواز مەســافەی نێــوان دیمــوکراتیزەکردنی وڵات و سەرخــستنی کـوردایەتی کـورت کـردۆتەوە، وردە نـاکۆکی هەر دەمێنێـت، بەڵام لەحـوکمی نەبـوودان بەپێوەری یەکێتی ستراتیژو ئامانجەکان، لەبەرئەمەیە مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی وەک حزبێکـی کوردسـتانی هەر خـۆیەتی مـام جەلال-ی سـەرۆک کۆمـاری عیـراق. مـام جەلال-ی کـوردایەتی و مـام جەلال-ی عیراقێکـی دیمـوکرات و فیـدراڵ، لازمـو مەلزومـی سـتراتیژی یەکـن بـا لەهەواڵ و راپۆرتەهەواڵەکانـدا ئەم دوو پۆسـتە بەگـوێرەی ئەرکـی کۆبـوونەوەو چالاکییەکـان بگـۆڕێن. بـۆئەوانەی کـورتبینن لەکوردی بیرتەسـک و لەعەرەبـی شـۆڤێنی ئەم کـوردایەتییە شـێلگیرانەیە نـاکۆکن و پێکنـاگەن لەگەڵ عیراقـی دیمـوکرات و فیدرالـدا، بەڵام ئـێمە قـسەمان لەسـەر کـوردایەتییەکی داخـراوو گۆشـەگیر نیـیەو باسـی عیراقێکی بێ پاشگری دیموکراتی و فیدرالی، بێ ناسنامەی یەکێتی ئیختیاری، نـاکەین، ئـێمە رێـک قـسەمان لەسـەر عیـراقەکەی دەسـتووری عیـراق و کـوردایەتییەکەی دەسـتووری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە، قسەمان لەسەر ئەو دەستوورەیە کەمـاددەی (140)ی لەخۆگرتـووەو مـام جەلال وەک سـەرۆک کۆمـار سـوێندی بـۆ پاراسـتنی تەواوی دەقەکـانی خـواردووە. قـسەمان لەسـەر ئەو مـاددە دەسـتوورییە عیـراقییەیە کەنەخـشەی رێـگەیە بـۆ سەرخستنی کوردستانێتی کەرکوک، جائیتر بـۆئەم دوو رەهەنـدە لێـک جـودان؟. گـوێگرتن لەمـام جەلال لەدیـدارەکانی کەرکوکـدا گـوێگرتنە لە(حلـم مـنعش للآمـال). وەبیرهـاتنەوەی

ئەسڵی خەباتی کوردایەتییە کەبۆ هەموو کوردستانە، مام جەلال لەکەرکوکە بۆئەوەی مەسجێک بنێرێت، ئەسڵ لەخەبات ئامادەکارییە بۆ لابەلاکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکە، بۆئەوە نییە بەدیار ناکۆکییە لاوەکییەکانی ناو هەناوی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە دابنیشین و گیربخۆین. لەبنچینەدا خەبات بۆ فەرامۆشکردنی بیری کوردستانێتی نییە، لەپێناو بیری لاوازی ناوچەگەرێتیدا، جا ئەم بیرە لاوازە ناوچەگەرییە لەهەرێمی تائێستا دانپیانراوبێت یان لەدەڤەری تائێستا جێی ناکۆکیدا بێت. هەفتەی مام جەلال لەکەرکوک تەنیا هەفتەی تەداروکاتی حزبی یان ئیداری نییە، مام جەلال لەچەند ساڵی رابردووشدا بەدەوری کەرکوک و کەرکوکییەکانی بەسەرکردۆتەوە، بەڵکو هەفتەی مام جەلال لەشاری دڵخوازی کوردایەتیدا بۆ جۆشدانەوەی نیازو نییەتە ستراتیژییەکەیە. کوردستانێتی کەرکوک و جێبەجێکردنی سوێندی پاراستنی هەموو ماددەکانی دەستوور بەماددەی (140)یشەوە، بۆیە دەبێت کەرکوکییەکان ستراتیژیانە بیربکەنەوە وەک بایەخی ستراتیژی شارەکەیان و وەکو نەفەسی ستراتیژی مامی بزووتنەوەکە، بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراتی لەعیراقی فیدرالدا.

# هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# لەپرسی بەعەرەبکردن و کوردستانی بوونی کەرکوک

(1)

**هەڵمەتی نوێی بەعەرەبکردن و هەڵوێستی روونی یەکێتی**

لەکۆتایی ساڵی 1996، روونتر دوای ئەوەی بەرەی ناوخۆیی کورد بەهۆی شەڕی ناوخۆ لاوازبوو، حکومەتی بەغدا دەستی کرد بەشاڵاوێکی فراوانی بەعەرەبکردن و راگواستنی کورد لە کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان. ئەو شاڵاوە پێویستی بەهەڵمەتێکی رێکوپێکی بەرپەرچدانەوە هەبوو. تۆڕی پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکێتی کەوتەکار و بەراسپاردەی هەڤاڵ مام جەلال و لەبەر رۆشنایی هەڵوێستی ی.ن.ک لەمەسەلەی بەعەرەبکردن و راگواستنی کوردو تورکمان و ئاشووری لەکەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان هەڵمەتێکی دیبلۆماسیی بۆ ریسواکردنی ئەو سیاسەتە دەستی پێکرد.

نوێنەرایەتی ی.ن.ک و حکومەتی هەرێم لەئەمریکا کەئەو وەختە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح بەرپرسی بوو ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانی لەم شاڵاوە نوێیە ئاگادار کردەوە. سیاسەتی یەکێتی لەوە گواسترایەوە کەلەپەیوەندییە دەرەکییەکاندا تەنها باس لەپرسی رەوشی ناوخۆیی و ململانێی ناوخۆیی بکرێت. تاڵەبانی لەبەشێکی زۆری سەردانەکانی بۆ ئەمریکا جەغتی لەسەر مەسەلەی پێویستی کۆتایی هاتنی راگواستنی کورد و تورکمان و ئاشووری کردەوە. داوای لەزلهێزەکان و لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد بڕیاری 688 جێبەجێی بکەن کەدەبێتە مایەی نەمانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن. ئەم کۆششانەی یەکێتی لەواشنتۆن بەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کەسەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کیلنتۆن لەنامەکانیدا بۆ کۆنگریس ناڕاستەوخۆ دان بەکەرکوک و خانەقین بنێت وەکو دووشاری کوردستانی عێراق و بەرنامەی حکومەتی بەغدا لەڕاگوێزانی کورد و تورکمان و دانانی عەرەب لەجێگەیان پرۆتستۆ بکات.

دوابەدوای ئەوە لە (1998/9/17)دا رێککەوتنی واشنتۆن ئیمزاکرا کەبەگوێرەی ئەورێکەوتنە لەژێر سەردێری بارودۆخ لەهەرێمی کوردستاندا باس لەپرسی دەرکردنی کوردو تورکمان و نیشتەجێ کردنی عەرەب لەجێگەیان کراوە. ئەمەش ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بەکوردستانی بوونی شاری کەرکوک و ئیمزای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

مەدام ئـۆلبرایتیش پـشتیوانییەکی راسـتەوخۆ بـوو لەکۆشـشەکانی دیبلۆماسـیی کـوردی. بەداخەوە ئەوکاتە ئامادەگی هێـزە سیاسـییەکان لەئاسـتی هەوڵە دیبلۆماسـییەکانی یەکێتـی نەبوو ئەگینا هەڵمەتەکە گەورەتر دەبوو. ئێستاش ئەگەر رێککەوتـنەکە جێبەجێ بکرێت بێگومان جگە لەبەرقەرارکردنی ئاشتیش پرسی پشتیوانی کردن لەهەڵمەتەکەی یەکێتی لەدژی تەعریبکردنی کەرکوک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

هەوڵ و کۆشـشەکانی دیبلۆماسـیەتی یەکێتـی بەلێپرسـراوێتی د.بەرهەم ئەحـمەد سـاڵح بەرپرسـی پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی یەکێتـی و هەروەهـا نـوێنەری حکـومەتی هەرێمـی کوردستان لەواشنتۆن هەوڵ و کۆششێکی بەرهەمداربوو لەم پێناوەدا.

کەدوای ئەوەی سـەرۆکایەتی حکومەتیـشی وەرگـرت پەرەی بەم هەوڵ و کۆشـشانەدا و لەهەموو سەردانەکانیدا بۆ واشنتۆن پرسی کەرکوک و کوردستانی بوونی ئەم شارە بەشێکی سەرەکی ئەجنداکەی بوو..

(2)

**مەسەلەی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان و هەڵوێستی یەکێتی و حکومەت**

یەکێـک لەو پێـشنیازانەی بـۆ کۆتـایی هـاتنی ململانێـی نێـوان عەرەب و ئیـسرائیل و مۆرکردنی رێککەوتنی کۆتایی فەلەستینی و ئیسرائیل خـراونەتە روو چارەسـەرکردنی بابەتی ئاوارە فەلەستینییەکانە. پێشنیازەکە بەوشێوەیە کەحکومەتی عێراق فەلەستینییە ئاوارەکان لەخـاکی کوردسـتان و بەتـایبەتیش لەکەرکـوک نیـشتەجێ بکـات. لەبەرامـبەردا عێـراقیش بگەڕێتەوە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی.

پێـدەچێ جـگە لەعێـراق چەنـد وڵات و ناوەنـدی تـریش هەبـن کەحەزبـکەن ئەم پێشنیازانە سەربکەوێت بەتایبەتی ئەگەر پێشنیازەکە وابێـت کەئاوارە فەلەسـتینییەکان لەکۆڵ ببنەوە!

ئـــەم مـــەسەلـــەیە وای لێهــاتووە کــەهـــەندێک لایەن جــگە لـــــەعێراقیش بـۆخۆنزیک کردنەوە لەئیسرائیل و ئەمریکا ئارەزووی لێ دەکەن.

عێراق سێ نیشان دەپێکێ بەنیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان:

1. خۆی وەکو چارەسەرکەری کێشەی ئاوارەکانی فەلەستین نیشاندەدات گوایە ئەو جێیان دەکاتەوە.

2. گرفتێکی گەورە لەکۆڵی ئیسرائیل و ئەمریکا دەکاتەوە و بەمەش دەیەوێ بێتەوە ناو کۆڕی سیاسیی دونیا.

3. پرۆسـەی بەعەرەبکردنـی کەرکـوک و شـارەکانی تـری کوردسـتانیش جێبەجـێ دەکات.

هەمـوو کەسێـک رای خـۆی لەسـەر ئەم پێشنیازە گـوت. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێـراق ڕەتیان کردەوە چونکە دەبێتە مـایەی شێواندنی پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی لەعێراقدا. کوردەکـان لەدژی وەسـتانەوە. بەتـایبەتی ی.ن.ک. حـزبەکەی تاڵەبـانی هەڵمەتێکـی فراوانـی جەماوەری و میدیایی کرد لەدەرەوەدا. هەموو روونـاکبیرانی کـورد و ناوەنـدە دیموکراتییەکان لەدەرەوەی وڵات هەستیان بەم هەڕەشەیە کرد و لەدژی وەستانەوە. تەنها لایەنێک کەمابوو قـسەی خـۆی بکـات فەلەسـتینییەکان بـوون. گوشـاری دیبلۆماسـیەتی کـوردی لەدەرەوە بەردەوام بـوو. هەرلەو سـەروبەندەدا د. بەرهەم ئەحـمەد سـاڵح کەنـوێنەرایەتی حکـومەتی هەرێم و یەکێتـی دەکرد لەئەمریکا چاوی بەنوێنەرایەتی فەلەستین و سـەرۆک عەرەفات کەوت. نوێنەری فەلەستین بە د.بەرهەم-ی راگەیانـد کە فەلەستینییەکان نایـانەوێ لەهیچ شوێنێکی تر جگە لەخاکی فەلەستین نیشتەجێ بکرێن.

بێگومـان هەڵمەتـی دیبلۆماسـیی و میـدیایی کـورد تامـاوەیەکی زۆر بەردەوام بـوو و فەلەسـتینییەکان ناچـاربوون پتـر لەجارێـک هەڵوێـستی خۆیـان روونـبکەنەوە.ئەم هەڵـمەتە کاریگەرەی دیبلۆماسیەتی کوردی لەدەرەوە کاریگەری خۆی هەبوو تەنانەت لەگەورەکردنـی تراژیدیای راگواستنی کوردو تورکمان لەکەرکوک و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراق.

ئەوەبـوو میـدیاکان و ناوەنـدەکانی بڕیاربەدەسـت تێگەیـشتن مەسـەلەیەک هەیە بەنـاوی کەرکـوک و میللەتێکـیش هەیە داکـۆکی لەکوردسـتانی بـوونی ئەو مەسـەلەیە دەکـات. کە گەلی کوردستانە.

(3)

**سەرۆکی حکومەت داوای کرد ڕێکخراوەکانی دژی بەعەرەبکردن فدراسیۆنێک پێک بێنن**

لەگەڵ گەشەکردنی هەوڵ و کۆششەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و راگواسـتنی کـورد و تورکمـان و ئاشووری لەکەرکوک. هەوڵەکانی سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد و رونـاکبیران و کەسـایەتییەکانی کوردسـتان بـۆ بەرپەرچـدانەوەی تەعریبکردنـی کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان گەشەی کردو بەرەو پێشەوە چوو.

لەم پێناوەدا بۆ هاوکاریکردنی ئەو هەڵمەتە دیبلۆماسییەی یەکێتـی نیشتمانیی کوردستان کە لەساڵی 1997-ەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕتر دەستی پێکردووە چەند ناوەندو سـەنتەرێک بـۆ بەگژاچـوونەوەی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و راگـوێزان دروسـت بـوون کەلەپایتەختەکـانی لەندەن، کۆپنهـاگن و شـوێنانی تـر دەستیان بەهەڵمەتێکی چالاکانە کرد لەدژی تەعریـب و راگواسـتن. هەروەک لەنـاوەوەی وڵاتـیش چەنـد رێکخـراو و سـەنتەرێکی سـەربەخۆ بـۆئەم مەبەسـتە هاتنەکـایەوە. بێگومـان دروسـتبوونی ئەم سـەنتەرانە خـۆی لەخۆیـدا نیـشانەی گەشەکردنی سیاسەتی دژایەتی کردنی بەعەرەبکردن و راگوێزانە بەڵام پێویستە لانی کەمی

هاوکاری هەبێت لەنێوان ئەم ڕێکخراوانە: لەنێوان ئەوانەی دەرەوەی وڵات لەناوخۆیان ، لەنێوان ئەوانەی ناوەوەی وڵات لەناوخۆیاندا. هەروەک لەنێوان هەردوولاش، واتا ڕێکخراوەکانی دەرەوە لەگەڵ ناوەوەدا.

حکومەتی هەرێم پشتیوانی لەهەوڵ و کۆششەکانی ئەم ڕێکخراوانە دەکات چونکە داکۆکی لەمەسەلەیەکی نیشتمانیی چارەنووساز دەکەن بۆیە هەمیشە پەرۆشی ئەوەیەتی ئاسانکاری پێویستیان بۆ بکات. بەتایبەتی ئەوانەی لەناوەوە کار دەکەن و پێویستیان بەپشتگیری مەعنەوی دەسەڵاتی سیاسیی دەبێت.

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەفتەی رابردوو لەگەڵ ڕێکخراوی سەنتەری بەگژداچوونەوەی بەعەرەبکردن و راگواستن لەکوردستان کۆبۆوە و داوای لێکردن بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی تر کەئەوانیش دژی تەعریبکردنی کەرکوکن جۆرێک لەفۆرمەڵەی هاوکاری لەنێوان خۆیان بدۆزنەوە. هەروەها بانگەوازی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کرد بۆئەوەی لەنێوان خۆیاندا فیدراسیۆنێکی هاوکاری پێک بێنن. بۆچوونی د.بەرهەم وایە کەبەڵێ راستە هەموو ڕێکخراوێک تایبەتمەندیێتی خۆی هەیە. بەڵام ڕێکخراوە هاو ئامانجەکان پێویستە لەنێوان خۆیاندا جۆرێک لەهەماهەنگی بدۆزنەوە. بۆ ئەوڕێکخراوانەی خەبات دەکەن لەپێناو پاراستنی ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوک پێویستە چەترێک هەبێ پێکەوە کۆیان بکاتەوەو هەوڵەکانیان پێکەوە ببەستێت. فدراسیۆنێکی هاوبەشی ڕێکخراوەکان باشترین چەتری یەک خستنی هەڵوێستەکانە.

د. بەرهەم سەرۆکی حکومەت هەروەها بانگەوازی ئەو ڕێکخراوانەی کرد کەحکومەتی هەرێم ئامادەیە میوانداری کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەو ڕێکخراوانە بکات کەداکۆکی لەکوردستانی بوونی کەرکوک دەکەن و لەوێدا لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی هەر ڕێکخراوێکدا شێوازێک بۆ هاوکاری لەنێوانیان بدۆزرێتەوە چونکە هەر ئەوە زامنی سەرکەوتنی هەوڵ و کۆششە سیاسییەکانی کورد دەکات لەڕێگای پاراستنی ناسنامەی کوردستانیی بوونی کەرکوک و پێشخستنی مەلەفی کەرکوکدا. چاوەڕێ دەکرێ ئەوکۆبونەوە فراوانە تەکانێکی باش بدات بەهەوڵەکانی بەرپەرچدانەوەی تەعریب و مەلەفی کەرکوک بباتە سەرمێزی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

# کورد و تورکمان، له سەرەتاوە

بانگەواز بۆ پەیوەندییەکی باشتری نێوان کورد و تورکمان بە بانگەوازێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی بە فیعلیی هەردوولا هەنگاو دەنێن بۆ لێکگەیشتن.ئەگەر کورد خۆی بە برا گەورە دەزانێت دەبێ برا گەورە هەنگاو بنێت. وەگەر نا خەڵکی تر برا گەورەییمان بەسەرەوە دەکات. بە زۆری برا عەرەبەکانیشمان ئەو ڕۆڵە دەگێڕن!

ئێمە بیستوودووی تەمموز تەنها وەک ڕۆژی پیلانگێڕان لە کورد تێدەگەین. ئەوە لە 90%ی ڕاستییەکانی پیلانگێڕان بوو لە کەرکوک، لە 10% پەراوێزی کەموکوڕی خۆمانە کە نەمانتوانی تورکمان بەلای پرۆژەی دیموکراتی کورددا ڕابکێشین، سەرەنجام "مافی کەمینەکان"بووە دەسکەلای شۆڤێزمی عەرەب بۆ بنکۆڵکردنی پرۆژەی کورد و نیشاندانی وەکو پرۆژەیەک کە لە مافی کەمینەکان دەخوات.

ڕاستە کورد وەک نەتەوەی دووەم لە عیراق دۆستێکی بابەتی هەموو نەتەوە و گروپە غەیرە عەرەبییەکانە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو دۆستایەتییە لە شانامەی دەستوور و نووسینی سەروتاری ڕۆژنامە ڕەسمییەکانەوە نەکەینە واقیع هەمان هەڵەی ناسیونالیزمی عەرەبی دووپات دەکەینەوە: لە ئەدەبیاتدا دان بە هەموو مافەکانی کورد بە (مافی چارەنووس و دەوڵەتیشەوە) دەنێن و لەسەر زەمینی واقیعیش "بەڵامێکی تێدەکەن کە ڕستەی پێش خۆی پووچەڵدەکاتەوە.

بزوتنەوەی کوردایەتی لە ناوەڕۆکدا دیموکرات و لە مێژووشدا بزوتنەوەی نەتەوەییەکی چەوساوەیە، بەڵام ئیتر قۆناغی ساوایی تێپەڕاندووە و کاتێتی ئیستحقاقاتەکانی سەرشانی بەرامبەر نەتەوەکانی کوردستان، ئەوی لە هەرێمن و ئەوی لە ناوچەکانی جێی ململانێن، جێبەجێبکات.

ئێمە چاوەڕێی چین؟ چاوەڕێی دۆخێکی نموونەیین کە سەرلەبەری مافە نەتەوەییەکانی کورد دێتە دی ئینجا بیر لە تورکمان دەکەینەوە؟ کێ دەڵێ ئەو دۆخە نموونەییە هەر دێت یان کۆتایی پێدێت؟

خواستی نەتەوەیی کەی سنووری بۆ هەیە تا وا بزانین وێستگەیەکی وەستان هەیە و ئیتر ئاوڕ لە نەتەوەکانی نیشتمان دەدەینەوە؟ ڕاستییەکەی ئەمە خەریکە لە خواستی ناسیۆنالیستی عەرەب نزیک دەبێتەوە کە "داوای شیردا بۆ داپیرادا"یان لە کورد دەکرد: چاوەڕێی وەحدەی عەرەبی بین کە هەر نەهات. یاخوا وەحدەی کوردی هەر ئەمرۆ بە

کۆششی ڕۆڵەکانی کورد بێتەدی، بەڵام ئەم نەتەوە دراوسێیە بێوەیەی تەنیشتمان کە تورکمانە بۆ بە خەفەتی قژڕنینەوەوە بکوژین؟

ئەم قسانەم هی کەسێکە کەشانازی بە پرۆژەی نەتەوەیی کوردەوە دەکەم،هەر لەبەرئەوەش لە خواستی نەتەوەیی تورکمان تێدەگەم. نەتەوەییەکان یەک زمانی هاوبەشیان هەیە بۆ خواستەکانیان با تەنانەت ئەم خواستانە تووشی پێکددانیش بێت.

پێوسیت ناکات کەس برا گەورەیی بەسەر کورد و تورکمانەوە بکات، خۆیان دەبێ بۆ یەکتری بستێننەوە و لەسەری یەکتری هەڵبدەنێ.

# ڕێڕەوی کورد و تورکمان

کورد کەرکوکی دەوێت و تورکمانیش هەروا، بەڵام ئەمە تایتڵێکی گشتییە و پێویستی بە خوردکردنەوە هەیە.

کورد چۆن کەرکوکێکی دەوێت و بۆچی دەیەوێت؟

تورکمان کەرکوکی بۆ چییە و چۆنی دەخوازێت.

ئەم دوو ویستە کەرکوکییە چۆن لێکبدرێن؟

دیارە ئەگەر نووسەری ئەم باسە بتوانێت وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بداتەوە ئیتر پێویستمان بە دانوستاندن و پەیوەندی و گفتوگۆی کورد و تورکمان نابێت کە بنچینەی ئەم زنجیرە بانگەوازە پێکدەهێنێت، بۆیە ئەوەی لێرە دەگوترێت تەنها سەرەقەڵەم و بۆ ئەوەیە سەرباسی گفتوگۆی ئومێدخوازی پێ گەرم بکەین.

بێگومان سەرەقەڵەمی کوردیشن، یانی من ناتوانم لە جیاتی تورکمان بیربکەمەوە، بەڵام دەتوانم وەکو کوردێک کە بەردەوام شەڕە گفتوگۆمە لەگەڵ برادەرە نەیارە تورکمانەکانم مەزەندە بکەم تورکمان چی دەوێت لە کەرکوک؟

جارێ با بەشی کورد باسبکەم و لە باسی مافی ڕەوای کوردیشدا بێمە سەر هەڵە بیرکردنەوەی کورد لە چارەسەر، تایتڵی سەرەکی داوای کورد لە کەرکوک ئەوەیە کەرکوک بەشێکە لە خاکی کوردستان و دەبێ لە چوارچێوەی تەکبیرێکی سیاسیی، دەستووریدا ببێتە بەشێک لە هەرێمی ئێستا کە میراتگری دەستووریی جوگرافیای کوردستانە، لە هەر کوردێک دەپرسی کە ئەم داخوازییە لەبەرچییە وەڵام ئامادەیە: چونکە

1-ئەمە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا دەگونجێ.

2-کوردی کەرکوک دەخوازن لە چوارچێوەی حوکمڕانی کوردستانیدا بژین.

بەڵام لە ڕاستیدا سیاسەتی کوردی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەیتوانی ئەم ویستە باش ڕوون بکاتەوە، چونکە نەیتوانی فەسڵ لەنێوان چەند ڕێڕەو (مەسارێک)ی دۆخی کەرکوک بکات.

1-ڕێڕەوی دابەشکردنی پلەوپایەکانی دەسەڵاتداریتی لە کەرکوک کە دەبێ هەموو لایەنەکان بەشداربن تێیدا بەتایبەتی تورکمان بۆ ئەوەی هەست بە پەراوێزخستنی ئیداری و دەسەڵاتداریتی نەکەن.

2-ڕێژەوی سامانی نەوتی کە باسێکی هەستیارە و کەرکوکیش شارێکی دەوڵەمەندی نەوتییە.

3-ڕێژەوی ناسنامەی سیاسیی و ئیداریی شارەکە کە دەبێ جیا بێت لەیەکتری و لە ڕێژەوی ئاوەدانکردنەوەکە.

دەشێ کوردێک بڵێت ئاخر دەسەڵاتیش بۆ کورد گرنگە بۆ ئەوەی وردە وردە ناسنامەی کوردستانێتی شارەکە دەربکەوێت:

1-هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبوایە کورد نەتەوەکانی تر بەشداریی پێ بکات لە بەڕێوەبردنی پۆستە سەرەکییەکاندا و لەسەرەتاوە بیسەلمێنێ کورد باوەڕی وایە کەرکوک تەنها کوردی نییە، بەڵکو کوردستانییە.

2-کۆنترۆڵی دەسەڵات لە کەرکوک لە سەرەتادا باشبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی تەعریب، بەڵام دوای پێنج ساڵ لە ئازادی، ئیتر کاتی "ئاساییکردنەوە" هاتووە.

3-دەسەڵاتداریێتی کەرکوک کە دەسەڵاتەکەی سنووردارە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە و هەموو نەتەوە بەشدار نەکردووەکان لە دەسەڵاتەکە، ڕەخنە ڕووبەڕووی کورد دەکەنەوە وەکو ئێستا دەیبینین.

# ئەندێشەی تورکمان

جاری پێشوو باسی ئەوەم کرد کە هەڵەی جیانەکردنەوەی ڕێڕەوەکان کوردی تووشی هەڵەی قەبەبوونی پرۆژەکەی کرد لە کەرکوک و ئەم پرۆژە قەبەیەش تورکمانی ترساند، باشترین بەڵگەش بۆ هەڵەی جیانەکردنەوەی ڕێڕەوی دەسەڵات لە ڕێڕەوی ناسنامەی سیاسیی ئەوەیە کورد نەیتوانی دەرگا بۆ نزیککردنەوەی تورکمان بدۆزێتەوە. بەپێچەوانەوە وای لە تورکمان کرد بچێتە هاوپەیمانێتی لەگەڵ خەڵکی ترەوە کە، لەبەر هۆکاری دیکەی جیاواز لە هۆکارە تورکمانییەکان، بەرەنگاری پرۆژەی کورد بوونەتەوە.

ئەوەبوو سەرەنجام دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر کورددا سەپێنرا لەجێی ئەوەی ببێتە دەستپێشخەری کورد.

ئەندێشەی تورکمانیش پێویستی بە شەنوکەوکردن و ڕەخنەکاریی هەیە. هەتا ئەو ڕۆژەی برادەرە تورکمانەکان خۆیان دەست بەم ڕەخنەکارییە دەکەن با هەندێک تێبینی لە برایەکی کوردیان وەربگرن:

ویستی تورکمانی لە (تورکمانێتی) کەرکوک دیار نییە، ئایا مەبەستیان لە کام کەرکوکی تورکمانییە؟ دۆستێکی تورکمان پرۆژەی تورکمانی لەمەدا چڕکردەوە "دەست لە یەخەی کەرکوک" بکەنەوە. ئەمەش داوایەکی تا بڵێی سەلبییە تەنانەت بۆ خودی تورکمانیش. ڕاستییەکەی ئەگەر کوردیش دەست "لە یەخەی" کەرکوک بکاتەوە خەڵکی تر دەست لە یەخەی ناکەنەوە. تەعریب و ڕاگوێزانی هەشتا ساڵە باشترین بەڵگەیە. سەرهەڵدانەوەی مەیلی تەعریبیش لەم چەندانەدا هەروا گەواهی ئەوەیە دەست لە یەخەی ناکەنەوە. سەرەنجام دەبێت کەرکوک خۆی ڕاپسکێنێ لە یەخەگرتن و خۆی، یانی لە ڕێی کورد و تورکمانەوە، بڕیارێک بدات.

"واز لە کەرکوک بێنن" سیاسەتێکی سەلبییە، لە ئاکامدا وا دەشکێتەوە کە واز لە کەرکوک بێنن بێ دابینکردنی ئەمنیەتی سیاسیی و ناسنامەی کەرکوکێتی هەتا نەهەنگی تەعریب قوتی دەدات. لەجێی ئەوە دەبێ تورکمان فۆرمێک بۆ کورد پێشنیاز بکات. ئایا کەرکوک لای ناوەند بێت "تورکمانێتی" دەپارێزرێ یان لای کوردستان؟

تەماشا بکەن! پاش هەشتا ساڵ لە تێکۆشان ئێستا کورد گونجانێکی لەنێوان کوردستانێتی و عیراقێتی خوڵقاندووە. کوردستان کوردستانە، بەڵام بەشێکیشە لە عیراق. ئەمە

ئاشتکردنەوەی جوگرافیا و مێژوو و سیاسەتی ڕۆژیشە. هەم یەکێتی کوردستان دابین دەکا و هەمیش یەکێتی عیراق.

ئـەگـەر کـەرکـوک "تورکمـان"ییـە وەکـو تورکمانـەکـان دەڵـێن، کـام "تورکمـانیی" بێـت؟ تورکمانییـەکی عیراقی کـە هێـشتا مـەیلی قوتـدانی کوردسـتانی هـەیـە، یـان تورکمانییـەکی کوردستانیی کە دۆستی بابەتیی تورکمانەکانە؟

ئەدەبیاتی سیاسیی تورکمانیش پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە کە باسی کوردستان ناکات و خۆی لێ نەبان دەکات. کوردستان واقیعێکە چوار داگیرکەر نـەیانتوانی بیفـەوتێنن. ئـەدی بۆچی برا تورکمانەکان موکابەرە دەکەن. بۆ نایەن پرۆژەی خۆیان لە "تورکمانێتی" کەرکوک، لەگەڵ کوردستانێتی کەرکوک تێکەڵ بکەن؟

ئەم پرسیارانە نوقلانەی جەژنن، دوای جەژن "بەیرەم گێتی"، دێینەوە؟

# کەرکوک، قوربانی جەژنە

لەزووەوە گوتراوە کورد بەرخی نێرە وبەرخی نێریش بۆ سەربڕینە.ئەگەر کەرکوک ئەمرۆ کرۆکی مەسەلەی کەرکوک پێکبێنێ ئەوا قەدەری کوردەکەی وایە تووشی سەربڕین وسەرپەڕین ببن. قەدەری کوردەکەی وایە قوربانی جەژنی قوربان بن، شاهیدی دەورانێکی تر بن لەزوڵم وزۆری مێژوو لەم شارە. دەورانێک بۆ بێبەش کردنی کورد لە شەریکەی نەوت و روخانی گەڕەکی هەژارنشینی کۆمارییەکان، دەورانێک بۆ تەعریب وراگوێزان وئەنفال، دەورانێک بۆ گەلەکۆمەکێ ودەورانێکی تریش،کە پێنج ساڵە ئەم شارە پێی دەتلێتەوە، دەورانی تەقینەوەی بێ ئامان وکوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنیی.

ئاسانە ئەوە بڵێین کە تەقینەوەی لەم بابەتە لە شوێنی تری عیراق،بگرە لەسەرتاسەری دونیا دەقەومێن: لە نیویۆرک تا مەدەرید و لەندەن، لە ئەقسەر تا مۆمبای، لە نەجەف تا بەغدا و رومادی، بەڵام لە تەقینەوەکانی کەرکوکدا لەوانەیە ئەم هەموو دەورانە پێکەوە تەونی جاڵجاڵۆکەی تەقینەوەکان دروست بکەن. ئەمە فرەرەنگییە لەدژایەتی کەرکوک، وەک فرە رەنگی قوربانییەکان لە کورد وتورکمان وعەرەب وکلدۆ ئاشوور.

ئیرهاب لە کەرکوک هەمیشە بەشێک بووە لە ئیرهابی سەرتاسەری عیراق، لەهەمان کاتیشدا هەمیشە بەشێک بووە لەسیاسەتی تایبەتی بەرامبەر بە کەرکوک. سیاسەتێک کە ناهێڵێ ئەم شارە ئیرادەی خۆی بخاتەکار و بەدوای چارەنووسێکدا بڕوا کە لەگەڵ ئیرادە و ویستی دانیشتوانە ڕەسەنەکەیدا، لەگەڵ مەنتیق وجوگرافیاو مێژوویەکی زیندوودا، بگونجێ.

دەستی هەردوولا، چ ئیرهاب وچ دیموکراتخوازەکانی کەرکوک، لەهەمبەر یەک کەشف بووە: هەردوولا دەزانن چ دەکەن؟ یەکیان بە دوای جەژن وخۆشییەوەیە،چون سەردانی سەرکۆمار بۆ جەژنی براکان لە کەرکوک. هەشیانە بە دوای خوێن وقوربانییەوەن.

لای وان، یانی لای ئیرهابییەکان، بە پێچەوانەی پەیامی ئیبراهیمی پێغەمبەرەوە، قوربانی هەر دەبێ خوێنی ئیسماعیل بێت. بێ خوێن ئیدارە ناکەن ودڵیان ئاو ناخواتەوە.

شەلالی ئەم خوێنەش دەنیشێتەوە، ئەم دەورانی تەقینەوە و سەرپەڕینە دەبڕێتەوە وەکو چۆن دەورانی پێشوو بڕایەوە. سەرەنجام هەر قوربانییەکان دەیبەنەوە.

برا تورکمانەکان قەسەیەکیان هەیە بۆ ئەم تەنگژە کەرکوکییە دەست دەدات: ئاخرە باخن.

# زمانی تورکمانی

بۆچی جێبەجێکردنی مادەی تایبەت بە زمانی تورکمانی و ئاسووریی، مادەی چوار لە دەستووری عیراق، دواکەوت؟

بۆچی سەرەنجام سەرکۆمار مام جەلال دەستپێشخەری بکا و بە شەخسیی ڕاسپاردە بە حکومەت و ئیدارەی کەرکوک بدات کە زمانی تورکمانیش بکەنە سەر زمانە ڕەسمییەکانی کەرکوک؟

ئیدارەی کەرکوک بۆ خۆی ئەو ئەرکەی نەکێشا مادام حکومەتی عیراق خۆی دوورەپەرێز گرتبوو؟

بەشی برا عەرەبەکان لە حکومەتی عیراق هەقی بەسەر مافەکانی کوردەوە نییە چ جای ئەوەی خەم لە مافی تورکمان بخوات. زمان کێشەیەکی نەتەوەییە و کێشەیەکی کەلتووریشە، ماشەڵڵای لێبێت مێژووی ئەو ڕەوتە لە حوکمڕانی عیراق نە خەم لە نەتەوەکان دەخوا و نە خەفەت بۆ کەلتوور، بۆیە کێشەکە هەر بەرۆکی کورد دەگرێت با مەسەلە مافی زمانی تورکمانیش بێت.

سەرکۆمار ڕاسپاردەی دا بە ڕەچاوکردنی زمانی تورکمان و بەمەش ئەرکی خۆی وەک پارێزەری دەستووری وڵات و لەوەش واوەتر وەک دیموکراتخوازێکی نەتەوەیی جێبەجێ کرد، بەڵام پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی لە ساڵی 2006وە ئەم مادەیە لەلایەن کەرکوکییەکانەوە جێبەجێ نەکرا؟

بێننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر لە ساڵی 2006دا ئیدارەی شارەکە خۆی لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیدا بیوتایە زمانی تورکمانی ڕەسمییە و لەمڕۆوە بە تورکمانیش دەنووسین و دەخوێنینەوە، ئەمە چی ئەسەرێکی لەسەر دانیشتوانی تورکمان زمانی کەرکوک دادەنا؟

بێننە بەرچاوی خۆتان تائێستا لە هیچ ڕاگەیاندنێکی کەرکوکیدا، بە ڕاگەیاندنەکانی بەرەی تورکمانیشەوە کە ئێستا ئەم دەستپێشخەرییەی مام جەلال بە دەسکەوتی خۆی دەزانێ، تەرجەمەی دەستووریی عیراق بۆ سەر زمانی تورکمانی نەکراوە، ئیتر بۆچی دەمانەوێت تورکمان باوەڕی بەم دەستوورە و مادەکانی بێت کە دەستوور بە زمانی خۆی لە کایەدا نەبێت؟

کورد و کوردستانییان کەی لە زمانی تورکمانی ترساون؟ کەی زمان بۆ نەتەوەیەک کە دەورانێکی مێژوویی زمانەکەی جینۆساید کراوە مایەی هەڕەشە و فەلاکەتە؟

زمان دیاری خوایه بۆ مرۆڤەکانی تا: لێک حاڵیبین، گوزارشت لە ئەندێشە و سۆزی خۆیانی پێبکەن.

ئەمە چ مافێکە ئێمە ئیدعای دەکەین کە بۆ تورکمانمان سەلماندووە ئەگەر زمانەکەیان لە ئاستی ئەوەدا نەبینین بەلاغێکی ڕەسمی پێ دەربکرێت؟

لە بەغدا لە دەستکاری دەستووردا شەڕی زمانی کوردی دەکەین و لە کەرکوک خۆمان لەو ویستە تورکمانییە نەبان کردووە.

لەو دۆخەدا کێ باوەڕ بە خۆپیشاندانی خوێندکارانمان دەکات کە داوادەکەن کوردی زمانی خوێندنیش بێت لە زانکۆ و کۆلیژەکانی کەرکوکدا؟

مافی زمان ئاساییە، ئەگەر خۆمان پێش داواکردنی لەلایەن تورکمانەوە دەستپێشخەری بکەین خەڵک ئەشهەدومابیلامان بۆ دەکەن.

# خەم لە کەرکوک

لە پیلانــی تەممــوزی گەرمــی ســاڵی 2008ەوە، ئەمە دووەم جــارە کەرکــوک لە دیموکراسـیی و بەشـداریی ململانێـی هەڵبـژاردن مەحـروم دەکرێـت. جـاری یەکەم وەک هەر پارێزگاریەکی تری عیراقی دەبوایە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەشداری بکـات، بەڵام ڕەد و بەدەل، ڕاسـتی تـر شـەڕی گەورەکـان لەسـەر دەسـکەوتەکانی کەرکـوک، نەیهێـشت ئەو شـارە بە دیموکراسـی هەڵبـژاردن شـاد و شـوکربێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کێشەکە یەکلایی نەبۆتەوە. جا هەر بە بۆنەی ئەوەی کێشەکە یەکلایی نەبۆتەوە بۆ جاری دووەمیش کەرکوک لە دیموکراسیی بێبەش بوو.یانی نـاتوانێ، وەک هەر پارێزگـایەکی دیـکەی کوردسـتانییش، بەشـداریی هەڵبژاردنـی کوردستان بکات.

بەمجۆرە کەرکوک لە جێی ئەوەی خێر لە دوو ناسنامەی کوردستانیی و عیراقی ببینێ ئەم دوو ناسنامەیە لە بواری دیموکراسیدا بۆی بوونە بەڵا کە هەق بوو بۆی ببنە سایەی دەوڵەمەندی و مایەی خێروخۆشی و چانسی زیاتری دیموکراسیی.

دوو بێبەشکردنی تر بەسە تا ئیتر کەرکوک بە جارێ لە ڕێی دیموکراسیی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و نوێکردنەوەی متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتی لۆکاڵی خـۆی دووربخـرێتەوە و بە لاڕێی فەلاکەتی چەقبەستنی ئیداریی، سیاسیی و خزمەتگوزاریدا ببرێت. جا سەد بەیت و قەسیدە بە قوربانی یەک واقیعی تاڵی ئەم دۆخە چەقبەستووە بێت.

کەرکوک، کە کرۆکی مەسەلەی کوردستانی باشوورە، بەم دوورخستنەوەیە لە چانسی ئـاوێتەبوونی دیموکراسـیانە بە کوردسـتانی دایـک دادەبـڕێ و هەر ئەو شـارە کە بـرا عەرەبەکانمان پێی دەڵێن (عیراقی بچووک) دەبێ بە ئیرەیی و حەسادەتەوە چاو لە گەشەی دیموکراسیی لە "عیراقە گەورەکەدا" بکات..

ئەم دوو بـۆنە دیموکراسـییەی عیـراق و کوردسـتان لە غیـابی کەرکوکدا چـرۆ دەکەن و بەمەش دڕکوداڵەکانی پرۆسەی سیاسیی کەرکوک وەک خۆیان دەمێننەوە. واتا ئەم باخچە ئاوەدانەی سەد پاشا شەڕی لەسەر کردووە، بێ خزمەت و بێ بودجە و بێ نازی دایک و باوک و تەنانەت بێ نازی گومانلێکراوی باوەژنی خوانەناسیش، دەمێنێتەوە.

باشە چی بکەین تا دیاردەی بەجێمانی کەرکوک لە کاروانی دیموکراسیی وڵاتەکە، بە کوردستان و عیراقییەوە، درێژە نەکێشێ و نەبێتە دەردێکی سەرباری دەردەکانی کەرکوک؟

نه تورکمان پێی دەکرێ لەگەڵ دیموکراسیی دیار بەکر و ئەستەمبوڵا ڕێکمان بخا و نه کوردیش توانی چەند کوردسییەکی غیابی له پەرلەمانی کوردستان، بۆ کەرکوکییەکان، دابین بکات.

لەپەرلەمانی کوردستان بەش هەیە بۆ خۆشەویستانمان لە کوردی هەرێم، تورکمانی هەولێر، کلدۆئاشووری عەینکاوە و تەنانەت ئەرمەنییە دۆستەکان و هەرچی کەسێکی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردبێ ' تەنها کەرکوکییەکانن بە کورد و تورکمان و کلدۆئاشووری و عەرەبییانەوە، بەشیان نییە.

له سوریا دیموکراسیی هەڵبژاردن نییە تا برا سوننەکانمان له حەویجەوە بە دیمەشقەوە گرێمان بدەن. له ئێرانیش دیموکراسی بەشی خۆیان ناکات چ جای ئەوەی برا شیعەکانی کەرکوک تەکلیف له تاران بکەن لێمان بێت.

هەیە و نییە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراقە کە پێشبینی دەکرێت ئەویش تووشی هەمان چەلەحانێی تەمموزی ڕابردوو بکرێت.

ئایا ئەوە غەزەبی خوایە له بەندەکانی خۆی لە کەرکوک، یان هەڵە وپەڵەی کەرکوکییەکانە کە ناتوانن کەڵک لەوزە وتوانای هەموو پەیوەندارانەی پرسەکەیان وەربگرن بۆ خێری شارەکە.

بانگەوازی ئێمە له خستنەڕووی دۆخی پاشەکشێی دیموکراسیی له کەرکوک بۆ بێ ئومێدکردن نییە، بەڵکو بۆ گەڕانە بە دوای تەگبیری هاوبەش کە شارێکی فرەڕەگەزیی هەستیاری وەک کەرکوک لەگەمەی دیموکراسی پەراوێز نەخرێت و نەکەوێتە داوی ئەمڕۆ بەسبەی بیروکراسیی رۆژهەڵاتییەوە. شاری فرەڕەگەز زیاتر له شار و مەملەکەتەکانی تر پێویستی بە دیموکراسییە. بۆ شوێنی تر دیموکراسیی شەرابی خۆشگوزەرانییە، بۆ کەرکوک چوون ئاوی حەیاتە و بێ وی ناژی، دەمرێت.

# ژینگەی تەقینەوە

کێن ئەوانەی دژی سازانی دۆخی کەرکوکن؟ ئەوانە بەرپرسیاری تەقینەوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوون. لێرە قسەم لەسەر بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسییە نەک بەرپرسیارێتی جینائی ڕاستەوخۆ.

لە دۆخی ئەمڕۆی عیراقدا، کەرکوکیش بەشێکە لەو دۆخە، تاوانەکان بەوە ڕوون نابنەوە کە ئەنجامدەرانی بزانرێت. سیاسەت، تەنانەت لە تاوان و تەقینەوەشدا، لەوە قووڵترە بە لێکۆڵینەوەی ئاسایی پۆلیس و پشکنینی تاوانەکان خورد بکرێتەوە. کەواتا ئەوانەی دژی سازانی کەرکوکن هەر ئەوانە بەرپرسیارن لە تەقینەوەکە کە ئامانج لێی نەسازانی شارەکەیە.

پێسپاردنی هەموو ئەنگێزەی تاوانەکە بەو خۆکوژەی دەستی بە پەلەپیتکەی پشتێنە بۆمبرێژکراوەکەدا هێناوە کورتبینییەکە هیچ ڕۆشنایی ناخاتە ڕێڕەوی تیرۆر لە کەرکوک.

دەبێ پێش هەمووشتێک پەلی ژینگەی تاوانەکە بگرین، ژینگەی کەرکوک بەرپرسیاری یەکەمە لە تیرۆر و تەقینەوەکان.

ئەگەر کەرکوک ساف هی کورد بوایە ئەمنیەتی دابین دەبوو چوون سلێمانی و هەولێر ئەگەر ساف لە بندەستی گرووپێکی تریش بوایە هەوڵیاندەدا شتێک بە شتێک بکەن تا ڕێگە لە تێکچوونی شیرازەی شاری بندەستیان بگرن.

بەو حاڵەشەوە، ئەگەر تەواوی ئەمنیەتی کەرکوک لە بندەستی کورد بوایە بەو ئەزموونە پراکتیکییەی لە پاراستنی شار و ئەمنیەتی شارەکاندا هەیەتی، دەیتوانی بەر بە تیرۆریستان بگرێت.

هەڵبەت لێرە مەبەستمان نە پاکتاوکردنی گروپەکانی ترە لە کەرکوک، کە ئەوە سیاسەتێکی فاشیستانەیە و هەر لە بەعسییەکان و ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تەعریب دەوەشێتەوە، نە بەمەستیشمان بێبەشکردنی نەتەوەکانی ترە لە پاراستنی ئەمنیەتی شارەکەی خۆیان، بەڵکو دەبێ ئەو عیبرەتێک بێت بۆ ئەوەی لە باری ئەمنییەوە وەک ئەوەی لێبێت کە یەک نەتەوە حوکمی دەکات.

ئەمە ڕەچەتەیەکی ئاسانە، لە هەمانکاتدا ئاڵۆزە: پەیوەندی نێوان نەتەوەکان وا باشبکەین کە وەک یەک نەتەوەیان لێبێت، یانی وەک یەک نەتەوە یەک بەرژەوەندی، یەک ئایندە و ستراتیژ کۆیان بکاتەوە.

دیارە لێرە مەبەست ئەوە نییە نەتەوەکان لەناو یەکتریدا بتوێنینەوە تا ئوممەیەکی نوێیان لێ دروست بکەین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ببنە یەک میللەت کە لە چەندین نەتەوە پێکهاتوون و یەک تۆڕی هاوبەشی ژیانی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

ژینگەی سیاسیی بەرپرسی یەکەمی تەقینەوەکەی کەرکوکە.

ئەم ژینگەیە بەم حاڵەی ئێستایەوە کەشێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی لەباری بۆ تیرۆریستان ڕەخساندووە: پانتایی هەیە دنەی تیرۆر دەدات، پانتایی تر بێ خەمە و هی تریش بەتەنیا ناتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە.

ئەوانەی لەگەڵ سازانی کەرکوک نین هەر ئەوان بەرپرسن لە تێکدان و تیرۆری، ئەوانە لەگەڵ پێکەوە ژیان نین، لەگەڵ تەعریب و ڕاگوێزان و بێبەشکردنی نەتەوەکانن لە مافەکانیان.

# لەکەرکوک پێویستمان بەراپرسی نارەسمیی هەیە

ئێمە پێویستمان بەدوو تا سێ سەنتەری راپرسی هەیە لەشاری کەرکوک تا لەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا راپرسی لەناو خەڵکی کەرکوکدا بکات و بیروڕایان لەسەر ئایندەی شارەکە بپرسێت. لێرەوە تا هەموو قۆناغەکانی ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێت و ئەم شارە بۆ ریفراندۆمی چارەنووسساز ئامادە دەبێت، بۆ هەموو قۆناغێک پێویستمان بەوێستگەی ناسینەوەی میزاجی گشتی خەڵک هەیە تابزانین لەکوێدا کەلێنمان هەیەو کوێش پێویستی بەپتەوکردن و دڵنیابوون هەیە.

میللەتە خواپێداوەکان لەخۆڕانییە بۆ هەموو پرسێکی سیاسی، لەپاڵ راپرسی رەسمیی و بڕیارلێدراودا، راپرسی نارەسمیی دەکەن، جا چ لەرێی رۆژنامەو کەناڵەکانی میدیاو چ لەرێی سەنتەرەکانی راپرسی و دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو ئامارەوە بێت. مەسەلەکە ئەوەیە تۆ پێش ئەوەی بگەیتە قۆناغی راپرسی رەسمیی کەئیتر (یوم لاینفع لا مال ولا بنون)، پێش ئەوەی ساتەوەختی یەکلاکەرەوە بێت و ئاکامی راپرسی هەمووان لەتاقیکردنەوە بدات، دەتوانیت لەرێی راپرسی نارەسمییەوە میزاجی گشتی خەڵک و بیروڕایان بزانیت. لەو ئەمریکا زل و زەبەلاحەی کەدنیای هێناوەتە لەرزین، سەرۆک بوشی داماو هەردوو مانگ یان سێ مانگ جارێک لەرێی راپرسی نارەسمییەوە لەمەنگەنەی دیموکراتی دەدرێت و میزاجی گشتی خەڵکی پێ تاقیدەکرێتەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم دڵە خورپێیەی سەرۆک بوشدا هەم خۆشی و هەم حزبەکەی و ئیدارەکەشی لەهەموو وێستگەیەکی راپرسی نارەسمییدا لەمیزاجی گشتی خەڵکی وڵاتەکەیان تێدەگەن. دەزانن فڵان یاساو بڕیار چۆن بیروڕای خەڵکیان بەچاک یان بەخراپ گۆڕیوە؟ پێش هەر قۆناغێکی هەڵبژاردنی، حزبی یان هی کۆنگرێسی یان هی سەرۆکایەتی وڵات، ئەوان دەزانن ئاستی شەعبیەتی سیاسەت و بڕیارو هەڵوێستەکانیان چەندە؟ بێگومان ئەو راپرسییە نارەسمییانە بۆئەوە ناکرێن و بۆ ئەمە نەبوونەتە نەریتێکی دیموکراتی تا گیان و ساتەوەختی موفاجەئە لەپرۆسەی راپرسییە رەسمییەکاندا بکوژن و ریفراندۆمی رەسمی لەموفاجەئەی دیموکراتی بەتاڵ بکەنەوە، بەڵکو راپرسی نارەسمیی پێویستە تا لایەنە پەیوەندارەکان پێش ئەوەی تووشی شۆک بکەن لەو ئاکامانەی لەریفراندۆمی رەسمیی دەکەوێتەوەو بەدڵنیان نییە، بکەونە خۆیان و تەگبیر لەحاڵ و باری خۆیان بکەن، کەلێن و کەموکورتییەکانی خۆیان چارەبکەن و بزانن خەڵک بۆچی بە پێچەوانەی ئەوان دەنگیان دا یان دەنگ دەدەن؟ ئەو بیرۆکەی لێرەدا باسی دەکەم

دۆزینەوەیەکی تازە نییەو لەچەند رۆژی رابردوودا لەگەڵ دوو رووناکبیری خوێندەواری کورددا، د.بورهان یاسین و د.رەفیق سابیر، باسمان لێوە دەکرد: چەند گرنگە عەیینەو نموونە لەگەڕەکە جیاجیاکانی کەرکوک،هی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشووریی، بەگوێرەی رێژەیان لەکەرکوک وەربگرین و بەچەند قۆناغێک بیروڕایان لەسەر ئایندەی کەرکوک تاقیبکەینەوە. بۆ نموونە لەهەموو قۆناغێکی ئاساییکردنەوەدا، کەبارودۆخ لەکەرکوک دەگۆڕێت، دەشێ لەهەر وێستگەیەکدا سەنتەرێک راپرسییەکی نارەسمی بکات و بەرچاو روونی بدرێتە هێزە کوردستانییەکان کەبارودۆخی ئاساییکردنەوە تاچەند کار لەئاکامی راپرسییەکان دەکات و لەچ قۆناغێکدا کەرکوک ئیتر ئامادەی ریفراندۆمی رەسمی دەبێت؟

پێموایە ئەگەر نییەت هەبێت دۆزینەوەی ئالیەتی ئەنجامدانی ئەم راپرسییە نارەسمییانە ئاسانە: دەکرێت حکومەتی کوردستان لەرێی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ئیدارەی کەرکوک یان حزبە کوردستانییەکان، یەکێتی و پارتی، لەرێی دەزگاکانی هەڵبژاردنی خۆیان یان پشتیوانیکردن لەدامەزراندنی سەنتەری راپرسی بەهەموو پێویستییەکانییەوە لەکادرو کەرەستەو ئامار وداتای پێویست، ئەم ئەرکە رایبکەن. ئەمە زۆر گرنگە تاپێش موفاجەئەی سەرکەوتن، یان شۆکی دۆڕاندن، مەزەندەیەکی سەرەتاییمان لەسەر راپرسییەکەی کەرکوک هەبێت.

ئێمە زۆر باوەڕمان بەخۆمان هەیە کە لەریفراندۆمی کەرکوکدا دەیبەینەوە. دەسا با خۆمان لەرێی راپرسییە نارەسمییەکانەوە تاقیبکەینەوە. ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی زانست، پێش لەدایکبوونی منداڵ، جنسی منداڵەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات. بێگومان هەرچی خوا دای نیعمەتە، بەڵام گرنگتر لەجنسی منداڵەکە ئەو تەکنەلۆژیایە حەملی راستەقینە لەحەملی کازب جیادەکاتەوە.

هیوادارم تەکنەلۆژیای راپرسی نارەسمی بۆمانی دەربخات ئیدعای کوردستانییان لەکەرکوک حەملی کازب نییە!.

# ڕێڕەوی کەرکوک بۆ سیاسەتێکی چوست و چاپوک*

مەلەفی چاککردن و گەشەپێدانی کەرکوک، پێویست دەکات لەسەر چەند ڕێڕەو یان مەسارێک کاری بۆ بکرێت، تا چارەسەرەکان بەسوودبن و ئەو راوێژو تەگبیرانە لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و چین و توێژەکانی شارەکە دەیخەنەڕوو شوێنی خۆیان بگرن، ڕێڕەوەکانیش بەم شێوەیەن:

-ڕێڕەوی سیاسی کەئەمەشیان دەبێتە دوو بەشەوە:

1-ڕێڕەوی سیاسی هەنووکەیی: تایبەت بەهەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوک (هی ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش)و شێوەی هاوپەیمانێتی یەکێتی بەتایبەتی و هاوپەیمانی کوردستانی بەگشتی لەم مەسەلەیەدا.

ب-ڕێڕەوی سیاسی ستراتیژی: تایبەت بەچارەنووس و ناسنامەی سیاسی و ئیداری بەپێی نەخشەی ڕێگای ماددەی 140 لەدەستووری دەنگبۆدراوی عیراق و ڕێگەی سەلماندنی کوردستانێتی ئەم شارە.

-ڕێڕەوی ئیداری و خزمەتگوزاری: کەئەمەیان تایبەتە بەڕۆڵی ئیدارەی پارێزگا بەدیوانی پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگاشەوە، رۆڵی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەمەسەلەی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیانی هەموو نەتەوەکان.

-ڕێڕەوی ئەمنی و سەربازیی: تایبەت بەدۆخی ئەمنی و سەربازی شارەکەو فرەیی دەزگاکانی ئەمنی و تەحەدداکانی بەردەمیان، بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر.

-ڕێڕەوی روناکبیریی تایبەت بەباری روناکبیریی فرەیی کەرکوک و ئاستی گەشەکردنی روناکبیریی کوردی لەم پارێزگایەی دەیان ساڵ رووبەڕووی سیاسەتی تەعریبی سیاسی و تەعریبی رۆشنبیری بۆتەوە.

-ڕێڕەوی حزبی، تایبەت بەکاری حزبایەتی و رەوشی یەکێتی و مەڵبەندەکانی لەشاری کەرکوکدا.

بێگومان ئەم ڕێڕەوانە هەم جیان و هەمیش تێکەڵن و کار لەیەکتری دەکەن، گەشەکردن لەهەر یەکێکیاندا رەنگدانەوەی لەسەر بوارەکەی تر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە.

بەداخەوە لەبەشێکی باسوخواسە گشتییەکانی تایبەت بەکەرکوکدا، چ هی ناوخۆیی و چ ئەوانەی لەگەڵ سەرکردایەتی دەکرێت، ئەم ڕێڕەوانە تێکەڵ و پێکەڵدەکرێن و زۆرجار باسی خزمەتگوزاری تێکەڵ بەباسی ستراتیژی سیاسی دەکرێت و گەلێک جاریش

باسوخواسە حزبییەکان دەبنە بابەتی کۆڕو کۆبوونەوەی ناحزبی و کەسانی یناحزبی نوتقی تێدا دەدەن و لەبوارەکانی تریشدا ئەم لێکچڕژانە هەیە.

لێرەدا هەوڵدەدەم بۆ ئەمڕۆی کاری حزبی- سیاسی، ئیداری رووناکبیریی یەکێتی بەتایبەتی کورد بەگشتی، هەندێک پێشنیاز بڵێم:

هەڵسەنگاندن و وردەکاری

یەکەم: ڕێڕەوی سیاسی ئێستا:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەگەڵ ئەوەیشدا هاوپەیمانی کوردستان رووی لەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەری عیراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی دواخراوی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە، ئەمەش هەم تەحەدایەکی نوێیەو هەمیش هەلێکە بۆ سەرکەوتن چونکە (هەموو تەنگژەیەک چانسێکە بۆ چارەسەر) سێبەری دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و ئاکامەکانی بەسەر ئەم هەڵبژاردنەوە دیارە، بەمشێوەیە گیروگرفتی نەیارە سیاسییەکانی یەکێتی لەناو هەرێم، قەوارەی گۆڕان، دەبنە سەرباری گیروگرفتەکانمان لەگەڵ گروپی عەرەبی و تورکانیدا.

تەحەداکان بەمجۆرەن:

-تورکمان: سوننەو شیعەیان لێک نزیکبوونەتەوەو خیتابی قەومی یەکیانی خستووە، تورکیا هەوڵدەدا یەکیان بخات، بەتایبەتی بۆ کەمەندکێشکردنی تورکمانە شیعەکان کەئێستا لەعیراقی بندەستی هەژموونی شیعەدا رۆڵیان لە تورکمانی سوننە، کە لەباری مێژووییەوە دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی تورکمانیین، زۆرترە، جاران شیعەکانیان تۆزێک دوورەپەرێزتر بوون لەباسی ناسیۆنالیستیدا، بەڵام ئێستا ئەوانە بوونەتە پێشڕەوی بەرپەرچدانەوەی کوردو داوا کوردستانییەکانی.

-سوننەکەیان لەحاڵەتی بوژانەوەی سیاسیدان، کەرکوک ئامانج و دەسکەلایە لەلایان، کەرکوک ئامانجە چونکە سوننە نەتەوەیی و عروبیین، بەزمی تەعریب ئەوان دایانهێناوەو ئێستاش خەیاڵیان لای عروبەو داگیرکارییە، کەرکوک دەسکەلایە لەلایان، چونکە کەرکوک دەکەنە گۆڕەپانی ململانێیەکی توند لەگەڵ کوردو لەسەر شیعەش دەیکەنە هەڵڵا گوایە شیعە کەمترخەمە لەئاستی عروبەو عیراقێتی کەرکوکدا.

-شیعەکەیان، تەعریبی هاوردەن، جاران لایەنگری تەیاری سەدری و ئێستاش لایەنگری ئێستای سەرۆک وەزیران نوری مالکین کە جەمسەرگیرییەکی قەومی دروستکردووە.

-تەیاری (گۆڕان) کە لەسەر هەموو پەتەکان کاردەکەن و سینارۆکەیان بەمشێوەیە کەئیدعای دەکەن:

أ-سەرکردایەتی کورد لەبەغدا هیچی نەکردووە بۆ کەرکوک.

ب-یەکێتی و پارتی خزمەتی ئەم شارەیان نەکردووە.

جـ-لەولاشـەوە خۆیـان لەگەڵ تورکمـان و عەرەبـیش کلـک گرێـدەدەن و خۆیانیـان لەلا شـیرین دەکەن کەئەوان لەگەڵ هەرێمـی کەرکـوکن و سیاسـەتیان جیـاوازە لەسیاسـەتی یەکێتی و پارتی.

د-لەگەڵ کوردیش دەڵێن ئەم خاکە کوردییە، چۆن دەبێ بخرێتە راپرسییەوە؟

تورکمـان و عەرەب زۆر هەوڵیانـداوە هەڵبژاردنـی کەرکوک پەک بخەن، فەشەلیان لەم بوارەدا سەرکەوتنە بـۆ کورد، چـونکە ئەگەر هەڵبـژاردن بکرێت دیسانەوە کورد دەیباتەوە، بەڵام مەترسی لەسەر یەکڕیزی کورد لیستی گۆڕانە، چـونکە ریـزی کـورد دابەش دەکەن و بەململانێی کورد-کوردەوە مەشغولیان دەکەن، عەرەب و تورکمـانیش کەڵک لەم نـاکۆکییە وەردەگرن.

کـــەوابێ تـــورکمان و عەرەب تەحـــەدای ستراتیژیین بـۆ دیاریکـــردنی چـــارەنووسی شارەکـــە، بـــەڵام لەم هـــەڵبژاردنەشدا ئەگەرچـی دژمانـــن، لێمـان نـابنەوە، بەڵکو وەکو کـــورد دەیبەینەوە، کەبردیشمانەوە ئەم سەرکەوتنە:

أ-دەبێتە سەرکەوتنی کەڵەکەبوو (أنتصار متراکم)و کاریگەری لەسەر چارەنووسی سیاسی و دوارۆژی شارەکە دادەنێت و عەرەب و تورکمان نائومێد دەکات لەوەی بتوانن کەرکوک لەبن دەستی کورد دەربهێنن.

ب-نوێنەرەکـانی کەرکـوک لەخـولی داهـاتووی پەرلەمـان دەتـوانن ئەرکەکـانی قۆنـاغی داهاتوو جێبەجێ بکەن.

جـ-ئەنجومەنی نوێی پارێزگای کەرکوک دەبێتە خاوەن سەلاحیاتی ئیداری و دارایی و قانوونی زۆر کەکەڵکی بۆ کوردو بۆ هەموو کەرکوک دەبێ، بـۆیە دەبێ لەپێنـاوی بـردنەوەی هەڵبژاردنی کەرکوکدا:

-بەرچەرچـــی لیـــستی گـــۆڕان بـــدرێتەوە، سیاســـەتەکانیان دژی کەرکـــوک و دژی کوردستانێتی کەرکوک ریسوا بکرێت، بەئاشکرا رێبازی خۆمان لەوان جیابکەینەوە.

-مەترسی سیاسەتی توندڕەوانەی گۆڕان بۆ تورکمان و عەرەبەکان شیبکرێتەوە، بۆ ئەوەی تەنها لەبەرئەوەی گۆڕان دژی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر کوردستان.

تورکمـان و عەرەب بەو رەوتە ئینعـزالییەی نـاو سیاسـەتی کـوردی نەخەڵەتـێن، دەبێـت شیعە بزانێت نەوشیروان بێ حورمەتی بەرامبەر مەرجەعەکانیان کـردووەو سونەش بزانێـت گۆڕان هیچی لەتەیاری سەدری کەمتر نییە.

-پێویـستمان بەهێزێکـی پێـشمەرگانەی راگەیانـدن هەیە بـۆ جۆشـدانی خەڵـک لەدەوری سیاسەتە کوردستانییەکەی یەکێتی.

-چاکسازی لـــەهەر مـــەسارێکی تردا، تـــەئسیری ئیجابی لەسـەر خـــەڵک دادەنێت، بـــەزانـدنی گـــۆڕان لەکـــەرکوک دەبێتە شکستی گـەورە بۆیان.

-دوای هەڵبــژاردن لیــستە براوەکـانی عەرەب و تورکمـان بەشـدار بکـرێن لەئیـدارەی شارەکە، راستە ئەوانە توندڕەون، بەڵام بەشدارییان پێویستە، دەبێ لەگەڵ ئیختلافاتەکانمان هەڵبکەین، چۆن لەبەغدا وا دەکرێت.

ڕێڕەوی سیاسی ستراتیژی:

-ڕێــڕەوی هەڵبــژاردن و دووبــارەبوونەوەی ســەرکەوتنی کـورد لەهەڵبژاردنــی داهـاتوو جۆگەلەیەکە دەچێتەوە روباری سەرکەوتن لەمەساری ستراتیجیدا.

-ماددەی 140خەیارێکی ستراتیجییە، چونکە لەدەستووردا هاتووە، ئەم ماددەیە نەخشەی ڕێگایە ئەگەر کار بەقۆناغەکانی بکرێت و دەسکەلایەکی قانوونی و دەستووریشە بەدەست کـوردەوە ئەگەر عەرەب خۆیـان لەئیلتزامـی دەسـتووری شـاردەوە، هەر وەختێـک گوشـاری ناوخۆ، ئیقلیم و دونیامان لەسەربوو ئێمە پابەنـدی ئەم مـاددەیە دەبین، ئەگەر هەلی تریش هاتە پێشەوە باوەشی پێدا بکەین، بەڵام نەک لەسەر حیسابی ماددە دەستوورییەکە.

-چارەنووسی سیاسی کەرکوک سەد ساڵ موفاوەزەی لەسەر بکرێت باشترە لە:

أ-شەڕو توندوتیژی.

ب-باشـترە لەحەلێکی مـوجەزەئی ناکامـڵ و بەپەلە پروزکێ، راسـتە گوشـارمان لەسـەرە، بەڵام چارەسـەری وەختـی سـەرەنجام بەخەسـارەتێکی زۆرتـر هەڵدەوەشـێتەوە، دوژمنەکانمـان بەهێزن، بەڵام ئێمەش ئیرادەو سەبری ئینقلابیمان گەرەکە.

پێویــستە کـورد شـپرزە نەبێـت و چارەســەری بەپەلە قبـوڵ نەکـات، شـەڕ نـاکەینەوە، مرونەتمـان هەیە، بەڵام چ پێویـست بەتەراجـوع دەکـات؟ جـاران بەقەدەر ئێـستا بەهێـز نەبووین و کەچی تەنازولمان نەکرد.

-لەجیـــاتی ئەوە دەســـکەوت کەڵەکە بکەیـــن هەر هەســـکەوتی چەنـــدایەتییە دەبێـــتە دەسکەوتی چۆنایەتی و ستراتیژیی، کەرکوک چل ساڵە تەعریب دەکرێت و هەشت ساڵە لەسیمای کوردستانیی بێبەشکراوە، (6) ساڵ لەئازادی و نەمانی تەعریب هیچ نییە لەعومری مێژوودا، زەمەن لەقازانجی کوردستانە، بائەگەرچی هێشتا زۆرمان مابێت، دەبێـت سیاسـەتی ئـێمە نە لەبـاربردن نە مردارکـردنەوە بێـت، کەرکـوک نەپەلەی تێـدا بکەیـن و نەیهێڵـین ئیستنزافمان بکات.

-هەڵبژاردنی داهاتوو ئەگەرچی شتێکی هەنووکەییە، بەڵام سیاسەتی کوردی لەکەرکوک چـــالاک دەکـــاتەوە خـــوێنی بەبەردا دەکـــاتەوە، بـــۆ مـــواجەهەی ئەرکە ســـەرەکییەکە کەکوردستانێتی کەرکوکە.

-بۆ سەکەروتن لەمەلەفی ستراتیژی کەرکوک دەبێت دۆسێی نەوت یەکلایی بکرێتەوەو عەرەب و ئیقلیم دڵنیـایی وەربگـرن کەکـورد کەرکـوکی بـۆ بنەمـای ئـابووری سـەربەخۆیی کوردستان ناوێت.

-بۆ سەرکەوتن لەپەیوندیی نێوان کوردو تورکمان ئێمە دەبێت جگە لەو تورکمانانەی دۆستمان کەناڵی پەیوەندییمان هەبێت لەگەڵ تورکمانە نەیارەکانیش، سیاسەتی محەلی ئێمە لەکەرکوک لەمبوارەدا سیاسەتێکی کوردستانی نەبوو، بەڵکو سیاسەتێکی کوردی بووە بێ رەچاوکردنی تایبەتمەندی کەرکوک. هەر بۆ نموونە:

بەڕێز مام جەلال هاتە کەرکوک، تورکمانەکان داوایان کرد زمانی تورکمانی لەکەرکوک بەکاربێت. (ئەمەش لەدەستووری عیراقدا هاتووەو سەرکردایەتی کورد چەسپاندوویەتی نەک بەرەی تورکمانی کەهەر لەسەرەتاوە دژی پرۆسە دەستوورییەکە بوون) بەڕێز مام جەلال بەڵێنی پێدان، دواتر لەئەنجومەنی پارێزگا ئەم بابەتە وروژێنرا، کەچی لەجیاتی ئەوەی پەسەندبکرێت و مەسەلەکە ببێتە دەستپێشخەریی جەنابی مام جەلال و کورد، نووسراو بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی کرا تا بزانن رەئی مەحکەمە چییە؟ مەحکەمە رەئی خۆیدا، بەمجۆرە ئەم مەسەلەیە دەستوورییە گەڕێندرایەوە بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی و هیچ پیاوەتی و دەستپێشخەرییەکی کوردی تێدا نەما.

پرسیار ئەوەیە:

-بۆ ئەو موبادەرەیەی مام جەلال و کورد وای لێ بەسەرهات؟

-بۆچی کورد وا دەربکەوێت کەزمانی تورکمانی بەهەڕەشە دەزانێت؟ چ زمانێک لەدونیادا هەڕەشەیە بۆ سەر نەتەوەیەکی تر؟

ڕێڕەوی ئیداری و خزمەتگوزاری: بەرای بەندە نابێت ئەم ڕێڕەوە بەسیاسەت ئالودەبکرێت نەئاوەدانی و خزمەتکردنی کەرکوک لەسەر چارەنووسی سیاسی شارە کە پەکبخرێت نەتەنها بیر لەخزمەتگوزاری بکەینەوەو پێوەری سەرکەوتنی سیاسەتی کوردی تەنها لەبواری خزمەتگوزاریدا ببینین.

بەداخەوە ناحەزەکانی یەکێتی نایانەوێت سەرکەوتنە سیاسییەکان ببینن، هەندێک لەو سەرکەوتنانە:

-کەرکوک ئازادەو تەعریب و راگوێزان نەماوە.

-دیموکراسی هەیەو نەتەوەی کورد وردە وردە شوێنی خۆی لەکەرکوک دەدۆزێتەوە.

-بەشی زۆری ئیدارە بەدەست کوردەوەیە.

-خزمەتگوزاریش لەچاو جاران زۆر زۆرترە، راستە وەکو هەرێم نییە، بەڵام لەچاو جاران باری گوزەرانی خەڵک لەکەرکوک چاک بووە.

-گەڕەکە کوردییەکان کەبێ خزمەت بوون وردە وردە خزمەت دەکرێن.

بێگومان گەندەڵی و خراپە کاری هەیەو دەبێت بەپرسەکانی ئەم خراپی و گەندەڵییە لاببرێن و ڕێگە بۆ بەرپرسی باش بکرێتەوە، چ لەڕێی هەڵبژاردن و چ لەڕێی دانانەوە.

بێگومان رەخنە هەیە، بەڵام هەموو شتێک بەدەست یەکێتییەوە نییەوە دەبێت هەڵسەنگاندنمان لەم بوارەدا بابەتی بێت، ئەمەش نەک بۆ پاساوی ئەنجامنەدانی

گـــــۆڕانكـــــاری لـــەپۆستەكـــــاندا. مەتـــــرسیتر لەگەنـدەڵی، (تەمبەڵیـیە)و بەشـێكی ئیدارەكانی كەركوك تەمبەڵن جگــە لەگەندەڵی.

پێویستە سیاسەتی داهاتووی ئیدارەو خزمەت لەكەركوك:

-یەكسان بێ و بۆ هەموو گەڕەكەكان بێت، بۆ ئەوەی توركمان و عەرەب هەست بەزوڵم نەكەن وئەم زوڵمەش خۆرێكخستنی سیاسی وای بەداوە نەبێت كەكورد زیانی لێ بكات.

-یەكسانی بێ، چونكە خزمەتگوزاری و ئیدارەی باش ئەگەر خێرەكەی بەسـەر عەرەب و توركانیـشدا بڕژێت ئەو نـابێتە مـایەی لەدەسـتدانی كەركـوك، بەڵكـو بیـانوو نـاداتە دەسـت عەرەب و توركمان لەكورد راپەڕن و بەغداش ئیستغلالیان بكات.

-بێگومـان خزمەتگـوزاریی بـاش رای عەرەب و توركمـان لەسـەر ناسـنامەی كەركـوك ناگۆڕێت، بەڵام رایان لەسەر میللەتی كوردو لەسەر ئیدارەی كەركوك دەگۆڕێت.

-دەكرێـت لەكەیـسەی یەكێتـی و حكـومەتی هەرێـم شـتی زیـاتر بكرێـت بۆكـوردی كـــــەركوك، بەڵام كیـسەی بـــەغداو هـی ئیـدارەی كەركـوك پێویـستە بـۆ هەمـووان بێت.

-خـزمەت و ئـاوەدانی لەهەر شـوێنێك بێـت دەمـاری دانیـشتوان خـاو دەكـاتەوەو گـرژی نێوان نەتەوەو گروپەكان ناهێڵێت با ناكۆكییەكانیشیان بمێنن.

-دەكرێت خەمی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی ببێتە خەمـی سـەرەكی ئەنجـومەنی پارێزگا لەجیاتی ئەوەی تەنها سیاسەت خەمیان بێت، ئەمەش دەبێتە مایەی هاوپەیمانێتییەك هیچ نەبێت لەنێوان كوردو توركماندا بۆ مەسەلەكانی خزمەتگوزاری.

ڕێـڕەوی ئەمنـی و سـەربازی: شـارەزاییم لێـی نیـیە، تەنهـا ئەوەنـدە نەبێـت تـا دەزگـای ئەمنییەكانی كورد هەماهەنگی زیاتر بكەن هێشتا كەمەو ئەگەریش لەحوكەمەتی داهاتوودا دەزگا ئەمنییەكان لەهەرێم یەك بگرن بێگومـان ئەمە رێگە بـۆ یەكگرتنیـان لەكەركـوكیش خۆش دەكات.

ڕێڕەوی رووناكبیری:

پێموایە لەم ڕێڕەوەدا پێشكەوتنی باش هەیە.

-(6) سـاڵە كەركـوك ئـازادە، بـاری روونـاكبیریی لەو شـارە كەوتـۆتە دەسـت كـوردەوە، توركمانیش جموجۆڵیان هەیە، بەڵام چیتر كەركوك خاڵ كەمەندكێش نییە بۆ رووناكبیریی عەرەب و توركمان.

-زمان و رۆژنامەگەریی و كتێبی كوردی لەكەركوك گەشەیان كـردووە، بەڵام بەداخەوە هێشتا بزووتنەوەیەكی نوێی ئەدەبی و رووناكبیری وا دەرنەكەوتووە كەشان لەشانی ئەوەی هەرێـم بـدات، هێـشتا شـارەكە لەحـاڵەتی شـۆكدایەو مـاوەیەكی دەوێـت تـا توانـای نـوێ دەردەكەون.

-ڕووناکبیرانی کەرکوک دەرگای باری ڕووناکبیری سلێمانی و هەلێریان بۆ کراوەتەوەو توانای هەرێم دەڕژێتە کەرکوکیشەوە.

-چەند چاپخانەیەک لەکەرکوک هەن، بەچاپخانەی شەهید ئازاد هەورامیشەوە، بەڵام پێویستە هاوکاریی زیاتر بکرێن.

-تەواوکردنی تەلاری سەنتەری ڕۆشنبیری لەکەرکوک جێگاو ڕێگا بۆ بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریی جەمسەرگیر خۆش دەکات.

-حوکەمەتی یەکگرتووە دەتوانێت پێی بەپێی باشبوونی دۆخی ئەمنی فێستیڤاڵ و چالاکی گەورەی ڕووناکبیریی ئەنجامبدات و کەرکوکیش بکاتە ناوەندێکی کەمەندکێش لەڕووناکبیریدا.

-سەتەلایەتێکی کوردستانی بۆ کەرکوک پێویستە تابێتە خاڵی جەزب بۆ کەرکوک.

-ڕێرەوی حزبی: ئەم ڕێرەوەش خەڵکی تایبەتمەندیی خۆی دەتوانێت قسەی تێدا بکات بەندە تەنها دوو تێبینی لەسەر دەڵێم:

1- دۆخی حزبایەتی لەکەرکوک گرێدراوی دۆخی حزبایەتییە لەتەواوی هەرێمدا، واتا چاککردنی بارودۆخی یەکێتیی لەکەرکوک و سەرجەم کوردستاندا.

2-پێشنیاز دەکەم لەنزیکترین پلینۆم، یان کۆنگرەی داهاتوودا، مەڵبەندنی کەرکوک وەک خۆی لێ بکرێتەوە، واتا مەڵبەندێک بێت بۆ هەمووی لیوای کەرکوک، یان پارێزگاری کەرکوک، چونکە ئەگەر ئێستا کەرکوک لەڕووی ئیدارییەوە دابەشکراوەو بەهۆی ڤیتۆی عەرەبەکانەوە نەمانتوانیوە کەرکوکی جاران یەکبخەینەوە باهیچ نەبێت لەڕووی حزبییەوە یەکی بخەینەوە، بادووز، داقوق، چەمچەماڵ و ئاڵتۆن کۆپری و دبس وەکو جاران ببنەوە بەبەشێک لەمەڵبەندی یەکێتی لەکەرکوک، ئەمەش پێشنیازێکی نیشتمانییە پێش ئەوەی پێشنیازێکی حزبی بێت، چونکە حزبەکان پێش دامودەزگاکانی دەوڵەت دەتوانن نیشتمان یەکبخەنەوە.

ساڵی 2005 لەگەڵ چەند ڕووناکبیرو پەرلەمانتارێکدا خوێندکاری وۆرک شۆپێک بووین لەئیتاڵیا. پرۆفیسۆرێکی ئیتاڵی باسی ئەوەی کرد هەرێمەکانی وڵاتی ئیتاڵیا لەڕووی ئیدارییەوە سەڵاحەتیان لەفیدراڵی زیاترەوە حکومەتی ڕۆما کەمتر تەدەخولی تێدا دەکات. پرسیارمان کرد ئەی چۆن وەحدەی ئیتاڵیا دەپارێزرێت؟ وتی: حزبەکان حزبی سەرتاسەرین و بەوە یەکێتی ئیتاڵیا دەپارێزرێن.

ئەگەر ئێمە ئەو هەموو مەڵبەندانە لەکەرکوک دابڕین و ڕاستەوخۆ گرێدراو نەبن بەناوەندی کەرکوکەوە ئەی چۆن خەڵک هەست دەکەن کەرکوکی جاران دەگەڕێتەوە.

ئەوانەی مەڵبەنـدی کەرکـوک و مەڵبەنـدەکانی یەکێتییـان پەرتکـرد هەر ئەوانە بـوون کەئیش بۆ فیـدراڵی پارێزگاکان دەکەن، کەلەیەکێتی نەماون بۆچی میـراتە سـەقەتەکەیان بمێنێ؟

کەواتا گەڕانەوەی مەڵبەندەکان بۆ تەشکیلەی جرای شتێکی پێویستە، ئەمەش پەیوەندیی بەفراوانبـوونی حـزبەوە نیـیە. کۆمیتەکـان لەو ناوچـانە بەهێـز بکـرێن، بەڵام داقـوق و دووزو چەمچەمـاڵ بەڕێی کەرکوکەوە گرێبـدەین بەناوەنـدی دەسـەڵاتی یەکێتیـیەوە، جـا مەکتەبـی ڕێکخستن بێت یان مەکتەبی سیاسی.

*گۆڤاری ڕێبازی نوێ ساڵی 2010

# بەشی نۆیەم

## کوردستان لە بازنەی عیراق و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانی

# بۆچی وڵاتە عەرەبییەکان دژی لێدانی عیراقن؟*

هەواڵ و راگەیانــدنی ئەوەی پــایتەختە عەرەبییەکــان دژی لێــدانی عیــراقن، هەواڵ و راگەیاندنی راستو دروستنو بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی نییە. بـــەتێگـــەیشتنی بەندە؛ ئەم پـــایتەختانە بەڕاستیانە کـــەدەڵێن دژی لێدانی بەغدانو بەڕاستیشیانە کەکـــەوتوونەتە جموجووڵێـــکی سیاســـی بـــەرفراوان بـــۆ کـــۆمەککردنی حکـــومەتی عیـــراق لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی رووخان.

ئەم هەموو بزاوتە سیاسییەی حکومەتەکانی عەرەب، دەنگ هەڵبڕینی جادەی عەرەبیو رەوەندی بەرفراوانی رووناکبیرانی عەرەب، هەڵوێستێکی بێ غەلوغەشەو بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی عیراقو بۆ پاراستنی پرەستیجی سیاسی نییە، بێگومان ئەمەش لەبەر خۆشەویستیی عیراقو حکومەتەکەی نییە، بۆئەوە نییە بەغدا سوپاسی پایتەختە هامسێکانی دوورو نزیکی خۆی بکات سەبارەت بەوەی بەئاشکرا دژی لێدانی ئەون، بەڵکو لەبەرئەوەیە؛ ئەو پایتەختانە هەر بەڕاستی لەدەرکەوتەکانی شەڕی تازە دەترسن.

جاران پایتەختە عەرەبییەکان بـۆ قەنـاعەت پێهێنـانی جادەی هەڵچـووی عەرەبـی یـان روونتـر بڵـێم؛ بـۆ خەڵەتانـدنی ئەو جـادەیە، چەنـد گێمێکـی دیـکە لەگەڵ پرسـی گـۆڕانو وەرگۆڕان دەڕۆیشتنو لەبنەوەش خواخوایان بوو بەزوویی ئەجەلی بەغدا بێتو کۆتایی بەم فەسڵە لەشانۆکە بێت.

گلەیـیەک کەئەم پایتەختـانە جـاران لەواشـنتۆنیان دەکـرد ئەوەبـوو؛ کەهەر باسـی گـۆڕان لەعیـراق دەکاتو بەکـردەوەش هـیچ دیـارنییە یـان کردەوەیەکـی کەدەکرێـت وەک ئەوەی رێـوی بیابـان لەسـاڵی (1998)دا، ئیرادەیەکـی یەکلایـیکەرەوەی لەپـشتەوە نیـیەو زیـاتر لەتەمبێکـردنو گوێڕاکێشان دەچێت تائەوەی زرمەی لێهەڵسێنرێت، لەبەرئەوە عەرەبەکان بەشێوازێکی دیپلۆماسیو ناڕاستەوخۆش بووایە، ئەو نیگەرانییەیـان لەواشـنتۆن دەگەیاند کە ئەوان ناتوانن بەشداری لەنانەوەی تەپوتۆزێـک بکەن، کەهـیچ ئاسـەوارێکی رووخـان لەدوای خۆی بەجێناهێڵێتو بگرە حکومەتی ئێستای عیراقیان لەدژ گاڵدەدات.

هەتا پێش (11)ی سێپتەمبەر، ئەم پایتەختـانە بەئـاواتی ئەوەوە بـوون؛ واشـنتۆن لەلێدانی عیراق جددی بێت، تائەوانیش هاوکاریی بکەنو بەو هاوکارییەیـان ترسێکی تـری خۆشیان بـڕەوێننەوە کەدەربـارەی شـێوەی ئەڵتەرنـاتیڤی حـوکمڕانیو ئاسـۆی حـوکمڕانییە لەعیراقـدا. هەمیشە پایتەختە عەرەبییەکان رۆڵگێڕانی خۆیانیان لەپرۆسەی گۆڕانکاری لەپرسی عیراقدا،

بەیەکێــک لەزامــنە ســەرەکییەکانی ســنووردارکردنی قەوارەی ئەو گۆڕانکارییــانە دانــاوە، بەئومێدی ئەوەی ئەم سنووردارکردنە جڵەوی ئایندەی عیـراق بگرێتو نەهێڵێت سیـستمی حـوکمڕانی دوای رووخـان سیـستمێکی وا پێـشکەوتوو و دیمـوکرات بێـت، کەبەغـدا بکـاتە نمـوونەیەکی جـوانو ئیجـابی دوای ئەوەی چەنـد دەیەیەکە نمـوونەیەکی دزێـوی حـوکمڕانی ئەوتـۆیە، کەدواکەوتـووترین سیـستمی حـوکمڕانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش پێـی خـۆش نیـیە لەگەڵ ویدا بەراورد بکرێت.

هەڵبەت ئەوەی جـاران لەگەڵ جـاران چـوو، تارمـایی (11)سـێپتەمبەر چـوون قەدەرێکـی سیاسـی بـاڵی بەسـەر تێکـرای رەوشو دەرکەوتەکانـدا کێـشاوەو مـاوەیەکی زۆرتـری دەوێـت تائەمریکاو لەگەڵیـشیدا دنیا، لەبن سایەی ئەو تارمـاییە دێنەدەرێو دۆخەکە وەکـو زەمـانی رابردوو لەناو رێڕەوێکی شێنەیی تردا هەڵدەسوڕێت. لەبن سێبەری ئەو تارماییەدا، پـایتەختە عەرەبییەکـان ئەدگـاری تەڵخـی گـۆڕانی درامـاتیکی دەبیـنن، بـۆیە نایانەوێـت لەم دەموسـاتە دژوارەدا فایلی عیراق بهێنرێتەوە سەر مێزی مامەڵەو سەوداکردن.

عەرەبەکـان دەزانـن پرسـی ئەمجـارەی لێـدانی عیـراق، تەنهـا وەبیرکەوتنەوەیەکی دەوری ئێــدارەی ئەمریکــا نیــیە، بەڵکــو ئەم پرســە لەژێــر کــاریگەری دەرکەوتەکــانی (11)ی سـێپتەمبەردایەو فـایلی عیـراقیش هەمیـشە بـایی ئەوەنـدە تـوخمی نـاجۆری تێـدایە، کەبـۆ تێکەڵکردن لەگەڵ فایلەکانی تردا، ئەمجارەیان فایلی تیرۆر بشێو دەست بدات.

بەشێکی نیگەرانیی پایتەختە عەرەبییەکان لەهێنانەکایەی باسوخواسی لێدانی عیـراق لەم هەلومەرجەدا، دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم/ هۆکـارە دێرینەکـانی مـایەی نیگەرانـی ئەمریکـاو کـۆمەڵی نێـودەوڵەتین لەفـایلی عیراق (واتا شەڕی کۆنە قینە).

لەو فایلەدا چەند خاڵێکی بەدووی یەکدا هاتوو هەن، کەهـی ئەوەن لەهەمـوو ئانوسـاتێکدا یەخەی بەغدای پێبگیرێت:

أ- عیراق وڵاتێکی بەدو خراپە، تۆمارەکەی پرە لەشەڕی خۆکوژی دژی ئێرانی دراوسێو داگیرکردنی کوێتو شەڕی بەردەوامی لەگەڵ کوردەکانو تێکڕای کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

ب- عیــراق چەکــی کۆمەڵکــوژ بەرهەم دەهێنێــتو بڕیارەکــانی نەتەوە یەکگرتووەکـان جێبەجــێ ناکــات. کــاتێکیش لەژێــر گوشــاردا مــل بــۆ جێبەجێکردنیــان دەنێــت، پاشــقول لەبڕیارەکانو ئەوانە دەگرێت کەدەچن بۆ چاودێریکردن.

ج- عیــراق بەم رەوشــەی ئێــستایەوە، رێگــرە لەبەردەم پرۆســەی گــۆڕانێکی خــوازراو لەناوچەکەو مانەوەی هەڕەشەکانی بیانوویەکی بەردەوامی بارگرژیو نائارامیی سیاسین.

د- داخـوازی گـۆڕان، خواسـتێکی عیراقیـشە سـەبارەت بەوەی چ ئۆپۆزسیۆنو چ خەڵکـی عیراق بەشێوازی جۆراوجۆر لەمێژە ئارەزووی گۆڕانی سیاسییان نیشانداوە.

دووەم/ هۆکــارە تازەکــانی نیگەرانــی ئەمریکــاو هاوپەیمانەکــانی لەعیــراق بــۆ ئەو پەیوەنـدییانەی لەنێـوان تـۆڕی (ئەلقاعیـدە)و تۆڕەکـانی تیـرۆر لەلایەک‌و حکـومەتی عیـراق لەلایەکی تـرەوە دەرکەوتـوون‌و سـەرەتاتکێیانە. ئەمریکا ئاگاداریی دا؛ کەزانیـارییەکی زۆری لەبەردەستدایە، نیشانی دەدات رژێمی توندڕۆو توندوتیژی عیراق دەستە خوشکی باندەکانی تیرۆرە لەجیهان‌و جێ پەنجەی بەسەر تاوانەکانی ئەوانەوە دیارە. ئەم هۆکارە نوێیـانە لەپاڵ هۆکـارە دێرینەکـان، باعیـسی بەرزبـوونەوەی کێرڤـی بەرەنگـاربوونەوەی نێـوان واشـنتۆن‌و عیراقن.

سـێیەم/ نارۆشـنی بەرنـامەی ئەمریکـا لەلێـدانی عیـراق‌و دیـاری نەبـوونی سـنوورەکانی گۆڕانکـاری لەعیـراق‌و دیـاری نەبـوونی سـنوورەکانی جەنگـی دژەتیـرۆرو ئەوەی کەداخـۆ جەنـگەکە دوای عیـراق بەرۆکـی کێیتـر دەگـرێتەوە؟ بەڵام نیگەرانـی هەرەگەورەی عەرەب لەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت؛ کەبـۆچی واشـنتۆن وەکـو جـاران تەجاوبێـک لەگەڵ نیگەرانـی‌و دوودڵییەکەی ئەواندا ناکات؟ ئێستا پایتەختە عەرەبییەکان لەڕێی میدیای رەسمی خۆیـانەوە ئەم نیگەرانییە دەردەخەن: بۆچی ئەمریکا لەم هەلومەرجەدا، کەهێشتا تـۆڵەی خـۆی لەبـن لادن‌و گـروپەکەی نەکـردۆتەوە، پـۆلێنی تەوەری شـەڕ دەکـات‌و ئاراسـتەی چالاکییەکـانی دەگوازێتەوە بۆ عیراق، وەک هەستیارترین خاڵی داهێزرانی رەوشی عەرەبی؟

میدیای عەرەبی، بەشی شێر یان میدیای رەسمیی دەوڵەتن، لەو هەموو سیناریۆ جیاجیـانە زەندەقیان چووە، کەڕۆژانە لەدنیادا بڵاودەبنەوە دەربارەی ئەوەی لێدانی عیراق وێستگەیەکی چۆنـایەتییە لەبەرنـامەیەکی درامـاتیکی بـۆ گۆڕانکـاری لەنـاوچەکەدا، لەبەرئەوە ئاراسـتەی خیتـابی سیاسییان رووی لەڕەتکردنەوەی لێدان‌و رووخاندنە. کەچـی لەمـلاوە واشـنتۆن زۆر بێمنەتــانە لەگەڵ نیگەرانــی‌و لەگەڵ رەتکردنەوەکــانی عەرەبــدا مــامەڵە دەکــات، ئەمەش قەوارەی نیگەرانی‌و دوودڵییەکانی وانی چەند پات کردۆتەوە.

لێکدانەوەیەک شەرحی حاڵی ئەم بێمنەتییەی ئەمریکا بکات، تەنها ئەوەیە کەواشـنتۆن حەزناکات لەڕێی بەڵـێن‌و سـۆزدان بەپـایتەختە عەرەبییەکان‌و لەڕێی دڵنیاکردنیـانەوە هـیچ ئیلتزامێکـی سیاسـی لەسـەر خـۆی بکـاتە مـاڵ. ئەو لەتوانایـدایە بـێ هاوکـاری هـیچ لایەک، تەنانەت بێ هاوکاری هاوپەیمانەکانیشی لەڕۆژئاوا، کاری گـۆڕان لەعیـراق رایی بکات، جـا ئەگەر بـۆ پاساوی ئەخلاقیـو سیاسی پێویستی بەچەترێکی رۆژئـاوایی هەبێت ئەوا لەئاستی رەوشی عەرەبی دوای (11)ی سێپتەمبەر ئارەزووی لەوەیە بێ بەشداری یان بێ رەزامەنـدی عەرەبەکان حکومەتی بەغدا لاببات.

چــونکە واشــنتۆن وای دەبینێــت؛ لەم هەلــومەرجەدا پرســکردن بەوان، رەچــاوکردنی روانینەکانی ئەوان‌و دڵڕازی کردنیان، دەیانکاتە شەریکەبەش لەدەستکەوتی گۆڕانەکە، گوایە ئەوانیش بەشدارییان تێدا کردووە.

لەکاتێکدا واشنتۆن:

1- حەزی لەشەریکەبەشـــێکی دوودڵ نیـــیە کەدەســـتکەوتەکانی لەقەبـــارەی بەشداریکردنەکەی زۆرتر بێت.

2- حەزی لەهیچ ئیلتزامێک نییە بەرامبەر بەعەرەبەکان لەکاتێکدا نیازی گۆڕانکاری تری لەناوچەکەدا هەیەو لەم پێناوەشدا عیراقی کردووەتە وێستگەی یەکەم.

لەم دۆخەدایە کەئەگەری لێدانی عیراق ئەم هەموو شەپۆلە ناڕازییەی عەرەبی بەدوای خۆیدا راکێشاوە، کەسیش ئەم ناڕازاییەی عەرەب بەبێدەنگییەکی مسۆگەرکراو ناکرێت، چونکە پێدەچێت دواتر بەهەرزانتر بکڕدرێتەوە.

ئاراستەی روانینەکانی ئیدارەی بوش بەو شێوەیە، کەخۆیان بێ هیچ بەڵێنیک، بێ هیچ شەریکە بەشێکی عەرەبی، ئەرکەکە جێبەجێ بکەنو دواتر بەگوێرەی دڵی خۆیان یان درێژە بەپرۆسەی گۆڕانەکە بدەن یانیش بەشێنەیی، عەرەبە زیزبووەکان ئاشت بکەنەوە.

*کوردستانی نوێ، ساڵی 2002

# عەلی وەردی، بیرمەندێکی عیراق*

زانـای گەورەی عیراقـی عەلـی ئەلـوەردی لە نەسـلی رەسـەنی ئەو رەوتە روونـاکبیرییە رەسەنەیە کە عیراقی جاران، عیراقی پێش زاڵبوونی هەژموونی تۆتالیتاریزم، بەخـۆوەی بینـی. ئەو دەنگێکـی دیـارو تایبەتمەنـدی نـاو ئەو رەوتە روونـاکبیریو کـۆمەڵایەتیەش بـوو کە تـا نیوەی یەکەمی شەستەکانیش، دروست بەر لە ملکەچپێکردنی مۆزایکی عیراقی بـۆ تەوژمـی ناسیۆنالیزمی یەکڕەنگی عەرەبی، بەگیانی زانست پەروەریو بەدیـدێکی واقیـع بینیـانەوە لە رەوشـی کـۆمەڵایەتی، سیاسـیو فەرهەنگی عیراقـی دەکـۆڵییەوە. لەسـەر وەختێکـدا سـیحری ئایدیۆلۆژیا لە عیراقو دنیای رۆژهەڵات دەمودەستی لێکۆڵیارانی بەستبوو، تەوژمی توندڕەوی ناسیۆنالیستیی عەرەبیش ملی راستییەکانی نێو واقیعی چەماندبۆوە، ئەلوەردی هات تـا پێمـان بڵێـت کـۆمەڵگەی عیراقی وەک هەر کـۆمەڵگەیکی دیـکەی رۆژهەڵاتـی قـابیلی رەدو بەدەل، قابیلی لێکۆڵینەوەو دەرخستنی راستییەکانی نێو هەناویێتی، بـا ئەو راسـتییانە تـاڵ و ناخۆشـیش بـن، بـا لەگەڵ زمـانی رەسـمیی دەوڵەتو لەگەڵ تەوژمـی ئایـدیۆلۆژیای بـاوی نێـو نـوخبەی روونـاکبیرانی ئایدیۆلۆژیستی ئەو سەردەمەی عیراقیش یەک نەگرێتەوە.

لەبەرئەوە بە زنجیرەو پەیتـا پەیتـای تـوێژینەوە بـــەنێو رەگەکـانی مێـژووی سۆسـۆلـــۆژی عیـراقو پێکهـاتەی نـــەفسی تـاکی عیراقیـدا رۆچـووە خـواریو بە پەرۆشـی زانـاو گیـانی رەخنەگـرانەی روونـاکبیرییەوە کـاغەزی تـوتی لەسـەر کەسـێتیی عیراقـی لابـردو (ربـی کمـا خلقتنی) پیشانی داین.

سـەرنجی متەوازیعـانەی بەنـدە وایە کە لە زانـایەتیو گەورەیەتیـدا ئەلـوەردی لەبـاری پێشکەشکردنی واقیع وەک ئەوەی خۆی هەیە هیچی لە بیرمەندی گەورەی ئیتاڵی نیکـۆلای میکیاڤیللی کەمتر نییە.

میکیاڤیللی لەبارەی (میر)و کەینوبەینەکانی میرایەتی دوا وەک ئەوەی خـۆی هەیە نەک وەک ئەوەی میرەکانو مێژوونووسە رەسمیەکانیان دەیخوازن. ئەلوەردیش لەبارەی عیـراقو عیراقییەکانەوە دوا وەک ئەوەی خۆیـان هەن، وەک ئەوەی پـشتاو پـشت لەنـاو راڕەوەکـانی مێـژووی کـۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتـدا بە چـاکو خـراپ بزاوتیـان هەبـووە. میکیـاڤیللی لەلایەن ئەوانەی بە فیعلـی وەسـیەتی میـرەکەی جێبەجـێدەکەن گەورەتـرین هێرشـی تـا ئێـستا بەردەوامی لە دژ بەرپا کرا. ئەلوەردیش جگە لە هێرشی کۆنەپەرستان کەوتە بەر سیاسەتی فەرامۆشـیو پیلانـی پـشتگوێ خـستنی ئەو نەسـلە نـا رەسـەنەی بە کـۆکردنەوەی هەمـوو

خەسڵەتە خراپەکانی کەسێتی عیراقیو فەرامۆشکردنی خەسڵەتە جوانەکانی ئەو کەسێتییە، بوونەوە بە حەجاجێکی ترو سەری نەک هەر عیراقی بەڵکو سەری عیراقیشیان پەڕاند، وەک بڵێی قەدەری عیراق وابێت کە زاناکانی تراژیدیای (انا الحق)ی حەلاجو جەللادەکانیشی درامای خوێناوی حەجاج دووبارە بکەنەوە.

بیرۆکەی ئەلوەردی وایە کە مرۆڤ، بە تایبەتی مرۆڤە عیراقییەکان !، بە کێماسیو خەسڵەتە باشەکانیانەوە، بەدزێویو شتە جوانەکانیانەوە جوانن. کەسێتی نێو لێکۆڵینەوەکانی، رووداوەکانی لەوانی دەگێڕێتەوە، نەشتەرگەرییەکانی کە بۆ ریڕەوی کۆمەڵایەتی دەیکات، هەر هەموویان رووبەڕووکردنەوەی ئێمەی بەنی بەشەرە لەگەڵ واقیعدا. ئەوانەی ئەو باسیان دەکات، ئەو بیرۆکانەی ئەو دەیانخاتەڕوو هەمووی لەو بابەتانەن کە ئێمەش دەیزانین لێ خۆمانی لێ دەشارینەوەو لەناو قەباغو قەپیلکەی ئایدیۆلۆژیای رەسمیماندا دایدەپۆشین. عینادی لەگەڵ خۆمانو خەڵکیدا دەکەین، ملی واقیع دەچەمێنینەوە بۆ روانینە تیۆرییەکانمان کەچی کە ئەلوەردی دەخوێنینەوە لەپاڵ کۆششێکی زانستیی بێوێنەدا هەست بە ترپەی دڵ و قوڵپدانی خوێن دەکەین. ئەو قسانەمان گوێ لێ بووە، کەچی زۆرنو تازە بابەتیشن. ئەم رووداوەی ئەلوەردی دەیگێڕێتەوە ئێمەش بیستوومانە، ئەی بۆ ئەم وا جوانو لەدڵەوە بۆ دڵ، لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا تەوزیفی کردووە؟ مەگەر کاتی خۆشی بە کۆلۆمبۆسیان نەگوت کە ئەمریکا خۆی هەبوو، زەحمەت نەبێ تۆ چیت دۆزیوەتەوە؟!

ئەلوەردی هەروا لە خەسڵەتێکی تریشدا زانایەکی رەوشت بەرزو وردەکارە، بۆیە سەربای هەموو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کەسێتی عیراقی، سەبارەت بە تایبەتمەندێتی کەسێتی کوردی خۆی لە لێکۆڵینەوەی رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی کورد نەدا. ئەمەش جگەلەوەی دانپێنانێکی متەوازیعانەی زانایەکی گەورەیە بە ئاگادارنەبوونی لەکایەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، تەئکید کردنەوەیەکی زانستیانەشە لەسەر جیاوازی رەوشی کورد لە هی ئەو عیراقەی ئەمی بەزۆر پێوەلکێنراوە. ئەم دەربڕینەی عەلی ئەلوەردی پرۆتستۆیەکی بێدەنگانەشە بەرامبەر بەو چەند تەن لێکۆڵینەوە درۆزنو ساختەکارانەی وای نیشان دەدات کوردو کۆمەڵگەی کوردستانەکەی بێ سێو دوو، بێ چەندو چون بەشێکی بە گۆشتو خوێن تێکەڵاوبووی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقە .

بێگومان چەند لەسەر ئاکاری بەرزی ئەم زانا گەورەیە و لەسەر دانایی و ژیری بڵێین هێشتا کەمەو لە عۆدەی ئەم پێشەکییە کورتەدا نییە کە بۆ کتێبی ( خوارق الاشعور)، یەک لەبەرهەمە دانسقەکانی عەلی وەردی ، نووسراوە.

هێندەنەبێت کە بڵێین ئەم کتێبەش، وەک ئەوانی تری، هەر لەسەر هەمان ریچکەی رەچەشکاندنی رەوتی باوی لێکۆڵینەوەکانی بواری سۆسیۆلۆژییە. سەرەرای تایبەتمەندییەکانی بەڵام خوێنەری بەسەلیقەو پەرۆشی بەرهەمەکانی ناتوانێ لەڕێرەوو رەوتی کتێبەکانی تری

دایببـڕێ چـونکە ئەلـوەردی خـۆی بە تێکڕایـی پرۆژەیەکـی گەورەی تـوێژینەوەیەکەو بەشو ڕشتەکانی بەسەر چەند کتێبێکدا دابەش بوون.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێویستیەکی دیاری نامەخانەی کوردی پڕدەکاتەوە. دەمێک بـوو کـاک سـەمەد زەنـگەنە هیلاکـی و مانـدوبوونی خـۆی لەوەرگێڕانیـدا خـستبووە بەردەمـم تـا پێشەکییەکی لەسـەر بنووسم. لێ بەنـدە درەنـگ هـاتمە دەسـتو بەئەنـدازەی بەشـی خـۆم بوومە سەبەبکاری دواکەوتنی.

بـۆیە داوای لێبـوردن لەکـاک سـەمەدو لەخـوێنەران و... هەروا لەرۆحـی رەوانـی عەلـی ئەلوەردیش دەکەم.

*بۆ پێشەکی وەرگێڕانی کوردی کتێبێکی د.عەلی وەردی نووسراوە لە 2002/7/6

# بەڵێ، ڕژێمی عیراق دەروخێ![*]

(1)

-لەڕاستیدا بۆ ئەو خەڵگانەی کەڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، ڕوونتر بڵێم بۆ بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، گۆڕان لەعیراقدا هەمیشە لەکایەدا بووە، تەنانەت لەو کاتانەش کەعیراق وەک وڵاتێکی بەهێز دەهاتە پێشچاو، چونکە خواستی گۆڕان یان خوێندنەوەی هەلومەرجی گۆڕان، خوێندنەوەی ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕانەیە کە لەعیراقدا بەم پێکهاتەو بەم بارەی ئێستایەوە جێیان نابێتەوە، بۆیە هەمیشە ڕوانینی بزووتنەوەی کوردایەتی وابووە کەگۆڕان لەعیراق لەئان و ساتدایە ئەگەرچی ئەو گۆڕانە زۆر دواکەوت، بەڵام لەباری سیاسییەوە، لەباری فراوانبوونی بازنەی ئەوانەی پێیان وایە گۆڕان پێویستە، ئەوا لەدوای جەنگی کەنداوەوە، لەساڵی (1991)ەوە، گەیشتووەتە هەلومەرجێک کەگۆڕان لەم وڵاتەدا بووەتە شتێکی حەتمی، ئەم هەلومەرجەی ئێستا هەیە کەهەڕەشەکانی ئەمریکا لەعیراق وەک وڵاتێکی بێزراو وەک وڵاتێک کە لەتەوەری شەڕ حیسابی بۆ کراوە، بەڕای من درێژبووەوەی هەمان ئەو ڕوانینەیە کە لەساڵی (1991)ەوە لەسەر عیراق دروست بووە کەدەبێت گۆڕانکاری بەخۆوە ببینێت.

ئێستا ئەو هەلومەرجە ڕەنگە باشتر لەجاران پێگەیشتبێت، ئەگەرچی بەبۆچوونی من و ڕەنگە بۆچوونی هەندێک لەموحەلیلەکانی تریش وابێت، ئەمە تەواوکردنی ئەو ئەرکەیە کەدەبوایە لەساڵی (1991) تەواو بکرێت، بەهەرحاڵ ئێستا لەهەموکات زیاتر ئەگەری گۆڕان لەعیراقدا لەبارو گونجاوە، چ لەباری ناوخۆییەوە کەخەڵکی عیراق وەک دەڵێن: گەیشتووەتە تینیان، چیتر بەرگەی ئەو هەلومەرجە نالەبارەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئەو هەلومەرجە نالەبارەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی کەخەڵک تێیدایەتی ئارام ناگرن و چ لەبارەی ئەوەی باسکی بزووتنەوەی سیاسی لەکوردستان بەهێزترەو ڕەوشی ئۆپۆزسیۆنیش باشترە، ئارەزووی گۆڕان لەئاستی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی لەلایەن زلهێزترین هێزی دنیاوە، ئارەزوویەکە ناکرێت نادیدە بگیرێت، لەبەرئەوە ئێستا لەهەموو کاتێک پتر لەبارە بۆ گۆڕان، هاوپەیوەند لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی جەنگی دژە تیرۆر لەدنیادا ئەگەری گۆڕان لەئارادایە.

کـورد ئێـستا بەو پـێگە بەهێـزەی کەهەیەتـی، پـێگەی بەهێـزی ڕەوایـی مەسـەلەکەی لەلایەک و پێگەی بەهێزی ئەوەی لەبەشێکی خاکی خۆیدا حوکمڕانی دەکات لەلایەکی تر، لەنـاو ڕەوەنـدی ئۆپۆزسـیۆنی عیراقیـدا شـوێنێکی سـەنگینی خـۆی هەیەو لەنـاو سیاسـەتی ناوچەیی و بەشی خۆشی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا حسابی بۆ دەکرێت سەبارەت بەفایلی عیراق، پێموایە بـۆ خۆشـی کاریگەری گرنـگ و گەورەی دەبێـت، بەڵام شکل و شێوەی ئەو ڕۆڵەو ئـالیەتی بەشـداریکردنی کـورد مەحکـومە بەو شـێوازەی کەگـۆڕانەکەی پـێ ئەنجـام دەدرێت.

ئەگەر قەراربێت گۆڕان لەعیراق گۆڕانێکی دیموکراسی بێت و لەهەلومەرجێکی وادا بێت کەپیـاچوونەوەی بـاری سیاسـی لەعیراقـدا بکرێـت، پێمـوایە بەشـداری کـورد بەشـدارییەکی سەنگین دەبێت، ئەگەر قەراربێت گرەنتییەکی باش بۆ کورد هەبێت کە لەئایندەی عیراقـدا، بەشێکی باشی بۆ مسۆگەر دەبێت، ئەوا باشتر ڕۆڵ دەگێڕین لەگۆڕانەکەدا.

پێمـوایە ڕۆڵـی کـورد چ سـەبارەت بەو دوو پـێگەیەی باسـمان کـردو چ سـەبارەت بەتواناداری کورد لەوەی بتوانێت شتێک بنیادبنێت، ڕۆڵێکی گەورە دەبێت، بۆ کورد ئیرادەی گـۆڕان ئیرادەیەکـی نـاوخۆییە بەرلەوەی ئیرادەیەکـی نێـودەوڵەتی بێـت، بەڵام خـراپ نیـیە ئەگەر ئەو ئیـرادە نـاوخۆییە لەگەڵ ئیـرادەی نێـودەوڵەتی، بەشـێوەیەک لەشـێوەکان جـووت ببێتەوە.

(2)

بەنیـسبەت بەشـی کـورد لەئاینـدەی عیراقـدا، یـان بـابڵێین: وەک ئەوەی ئێـوە ناوتانـنـا دەسـتکەوتەکانی کـورد لەئەنجـامی ئەو بەشـداریکردنەیدا، چـۆن دەبێـت؟ لەڕاسـتیدا بزووتنەوەی سیاسی لەکوردستاندا ئێستا دروشمی یدرالیزمی هەیەو ئەم دروشمە بەکۆی دەنگی پەرلەمـانی یەکگرتـووی هەڵبژێـردراوی خەڵکـی کوردسـتان بڕیـاری لەسـەر دراوەو پێشموایە سیاسەتی کوردستان بەهێزە سیاسییە جیاجیاکانییەوە پابەنـدی ئەم داخـوازییەن و کـاری بـۆ دەکەن، فیـدرالیزم بەمانـا سیاسـییەکەی، بەمانـا جـوگرافییەکەی، بەمانـای بەدەسـتهێنانی وەک یەکـی لەعیراقـدا، کارێـک دەبێـت کەبـزووتنەوەی سیاسـی چ وەک مەرجێکـی پێـشوەخت بـۆ بەشـداریکردنی لەگـۆڕان و چ وەک ئـاواتێکی چـاوەڕوانکراو کە لەگۆڕانکاری لەعیراقدا بەدەستبێت کۆشـشی بـۆ دەکەن ئەمەش گرنگتـرین دەستکەوتە کە دەشـێت کـورد لەو قۆنـاغەدا بەدەسـتی بێنێـت، بەڵام لەوەش گرنگتـر بـۆ کـورد ڕادەی بەشداریکردنیەتی لەبڕیاردان لەئاینـدەی عیـراق، تەنها ئەوە نییە داخـوازییە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەستبهێنێت و لەکوردستاندا جێگیربێت و بمێنێتەوە، بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانە، بۆ ڕۆڵگرانێکی چاکتر لەدیموکراتیزەکردنی عیراقدا دەبێت سـەنگ و بـایەخی خـۆی هەبێت،

دەبێـت کـورد سـەنگ و بـایەخی ڕەچاوبکرێـت لەحـوکمڕانی بەغـدادا، واتە بـوونی کـورد لەبەغداو بەشداریکردنی کورد لەسیاقی پەیوەندییە ناوچەیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکانی عیراقـی ئاینـدەدا دەبێـت بەشـدارییەک بێـت بەقەدەر سـەنگی کـورد لەعیراقـدا، بەقەدەر سەنگی بەشداریکردنی کورد بۆ گۆڕانکاری لەعیراقدا، بەقەدەر سـەنگی خەبـات و تێکۆشـانی گەلی کوردو لێهاتوویی و لێوەشاوەیی بزووتنەوەی سایسی کوردستان بێت.

(3)

-دیموکراسـی ئـالیەتی جێبەجێکردنـی خواسـتە نەتەوەییەکـانەو فیـدرالیزمیش شـکڵێکی سیاسی دابینکردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەوەی کەوادەکات زامنـی داخـوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بێت ئەوەیە وەک وتـم: کورد خـۆی لەنـاو واقیعـی سیاسـی عیراقـدا چ سـەنگ و بـابەخێکی دەبێـت؟ ئەمەش تاچەنـد دەیەی سیاسـی لەعیراقـدا بـڕ دەکـات، بەو جـۆرەی لەنـاو ئەم عیـراقە دیموکراسـییە فیـدرالییە یەکگرتـووەدا درێـژە بەو سەنگ و پایەیەی خۆی بدات و جێگیری بکات. پێموایە باشترین زامنی واقیعییە. خۆئەگەر لەهەر پەیوەنـدییەک و هەر ڕێککەوتنێکـی کـورد لەگەڵ ئاینـدەی عیراقـدا گرەنتییەکـی نێـودەوڵەتی، یـان سـۆزدانێکی نێـودەوڵەتی هەبێـت ئەوە باشـتر دەپارێزرێـت، بەڵام لەهەمـوو ئەوانە گرنگتر، هەمیشە مانەوەو سەنگ و قورسایی کورد خۆیەتی لەناو هاوکێشەی سیاسـی عیراقـدا بەو جـۆرەی کەبتوانێـت هەمیـشە نەک ئەو دەسـتکەوتانەی بەدەسـتی هێنـاوە بیپارێزێـت، بەڵکـو پەرەی پێبـدات و گەشـەی پێبـدات، چـونکە خۆتـان دەزانـن ڕێـسا وەرزشییەکەی کەدەڵێت: باشترین شێواز بۆ دیفاع هێرش بـردنە، لەبەرئەوە باشـترین شـێواز بـۆ پاراسـتنی ئەم دەسـتکەوتانە کەکورد ئێستا هەیەتـی و ئەوەشی کە لەئایندەدا بەدەستی دێنێت، کەڵەکردنی دەستکەوتی ترە لەو عیراقەی کەئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین.

*سلێمانی نویٚ – ژ: 39 – 2002/9/8، ئەم لێدوانە وەڵامی دوو پرسیارە کە هەفتەنامەی سلێمانی نویٚ لەسەر دۆخی رووخانی بەعس لێیان کردم.

# روانینی حەکیمانە بۆ پرسی کورد*

یەکێک لەوبنەماو پشتیوانانەی کەکێشەی کوردی بەزیندوویی هێشتۆتەوە، رەوایی کێشەکە خۆیەتی، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا زۆرجاران ویستراوە کە لەرەوایەتیو شەرعیبوونی مەسەلەی کورد کەم بکرێتەوەو لەگرنگییەکەی دابشکێنرێو بکرێتە قوربانی بەرژەوەندیی ئەملاو ئەولا.

کورد لەتەمەنی خەباتو تێکۆشانی خۆیداو لەژێر زوڵمو زۆری رژێمی عیراقدا بەتەنیا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا چەوسانەوەی زۆروزەوەندی برا شیعەکانیشی بینیوە کەعیراق بەراستو بەچەپدا دەستی لێ نەپاراستوون.

بۆیە شتێکی سروشتی بووە کەکوردو برا شیعەکان وەک دوو چەوساوەی نێو عیراق هاوخەباتو هاوتێکۆشان بن. شتێکی دیکە کەگەلی کوردی هانداوە تاخەباتو قوربانییە زۆروزەوەندەکانی برا شیعەکان بەرز بنرخێنێ، ئەوەیە کەبنەماڵەی تێکۆشەری سەماحەتی (ئەلحەکیم) لەرێی سەماحەتی موحسن ئەلحەکیم-ەوە لەساڵانی شەستدا هەڵوێستێکی جوامێرانەیان لەبەرامبەر کێشەی کورددا هەبووەو، ئەوبنەماڵە دلێرو نەبەزە شەری دژی کوردیان تەحریمو تەجریم کردو لەبەرامبەر سیاسەتە نادروستەکانی عیراق وەستانەوەو شەری قرکردنی گەلی کوردیان بەشتێکی حەرام لەقەڵەم دا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم راستییانەو رەوایی خواستەکانی برا شیعەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیو دۆستایەتی برا شیعەکانی زۆر بەهێند هەڵگرتووەو، خودی هەڤاڵ مامجەلال زۆر بەتەنگ ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەو هەردەم حسابی تایبەتی بۆ کردووەو بەچاوی رێزەوە سەیری ئەو هاوخەباتییەی نێوان گەلی کوردو برا شیعەکان دەکات، بەتایبەتی کەکورد وەک گەلێکی رەسەنو زیندوو لەرووی نەتەوەییو برا شیعەکانیش لەرووی مەزهەبییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارێتی عیراقەوە دەچەوسێنرێنەوە.

لەروانگەی ئەو دۆستایەتییە دێرینە پتەوەوە کەلەنێوان کوردو برا شیعەکان هاتۆتە ئاراوەو هەردوولا کەڵکی سیاسی زۆریان لێوەرگرتووە، هەست دەکرێ کەپێشکەوتنێکی گرنگ لەفکری ئیسلامی لەبەرامبەر رەوایی کێشەی گەلەکەمان هاتۆتە پێشەوە، لەوچوارچێوەیەدا خودی سەماحەتی ئەلحەکیم رێز لەمافی فیدرالی کوردان دەگرێ کەلەلایەن پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستانەوە پەسەند کراوە، ئەم رێزگرتنە لەفیدرالی لەلایەن سەماحەتی (ئەلحەکیم)ەوە سەرچاوەکەی لەوەوە هاتووە کەئەو لەدووتوێی

تەفسیرێکی ئیسلامی راستو رەوانەوە مافی کوردان رێز لێدەگرێ، کەئەمە گرنگیو قورسایی خۆی هەیەو بەپشتیوانیێکی بەهێز بۆ کێشەی کورد لەقەڵەم دەدرێ. ئەو تێڕوانینەش، ئەوە دەگەیەنێ کە سەماحەتی ئەلحەکیم بەفیکرێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورددا دەکاو، هەقە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیش بەو روحیەتەوە بۆ کێشەی کورد بڕوانن، چونکە تێڕوانینە دروستەکانی ئەلحەکیم دەری دەخا کەئایدۆلۆجیاو عەقیدە رێگرنییە لەبەردەم ئەوەی دان بەمافی نەتەوەکاندا بنرێ.

# عیراق تێکۆشەرێکی لەکیس چوو، کوردیش دۆستێکی بەوەفا

دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ ئازارو نەخۆشیدا، سەرەنجام سەماحەتی عەبدولعەزیز حەکیم سەرکردەی دیاری شیعەو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و سەرۆکی ئیئتیلافی یەکگرتووی عیراق کۆچی دوایی کردو گەیشتە کاروانی کۆتایی و لە مەنزڵگای پیاوچاکانی وڵاتدا جێی شایانی نەمری بۆ خۆی مسرۆگەر کرد. عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لەنەسلی بنەماڵەی ئەلحەکیمە کە جگە لەخزمەتی گەورەیان لەرێی بەرەنگاریی ستەم و دیکتاتۆریی بەعسدا، هەروا دۆستێکی گەورەی گەلی کوردستان بوون لەرۆژانی میحنەت و بێکەسی کورددا. لەسەردەمی نەمر سەماحەتی محسن ئەلحەکیم فەتوای تەحریمکردنی کوشتنی کورد هەم بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینی و ئەرکێکی نیشتمانی و هەم وزەی یەدەکی مەعنەوی بوو بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان چەوساوەکانی ژێردەستی زوڵموزۆریی بەعس کە کوردو شیعەو پێکهاتەکانی تری عیراق بوون فەتوای سەماحەتی محسن ئەلحەکیم نەخشی سەر لاپەڕەی هەڵوێستی جوامێری و ئازایەتی و رووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ بەعسدا. لەسەردەمی خەباتی سیاسیی هاوبەش لەدژی رژێمی سەددامدا هاوپەیمانێتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، کە هەڤاڵ مام جەلال و شەهیدی میحراب سەماحەتی محەمەد باقر ئەلحەکیم ئیمزایان لەسەردانا، بەردی بناغە بوو بۆ هاوپەیمانێتیی قووڵتری نێوان کوردایەتی و مەزڵومیەتی شیعە، ئەم هاوپەیمانێتییە لەخەباتی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، لەئاوارەیی و لەکوردستان، لەدەرەوەو ناوەوە درێژەی کێشا تا رووخانی رژێم و رەنگرێژکردنی سیستمێکی سیاسیی نوێ بەناونیشانی عیراقێکی دیموکرات و فیدرال. سەماحەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم کوڕی ئەو فەرهەنگە سیاسییەی مەزڵومییەتی شیعە بوو کە زووبەزوویی دەرکیان بەوەکرد تەنها تێزەکانی فیدرالی و دیموکراسی و تەوافوق  لە دەستوور و لەبەرێوەبردنی وڵاتدا بەدەردی عیراقی نوێ دەخوات و هەر ئەم تێزانەشە کە مەزڵومییەتی دەیان ساڵە لەسەر کوردو عەرەب و پێکهاتەکانی تری وڵات لا دەبات. بۆیە لەوەختێکدا کە هەندێک لەئاراستەو بۆچوونەکانی ناو هەندێک هێزی سیاسی پێچە بەدەورەیان دەکرد بەم تێزە چارەسەرانە، سەماحەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و رێکخراوەکەی، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی،  تاسەر وەفاداری ئەو تێزانە مانەوەو هەوڵیانداو هەوڵدەدەن ببێتە سیاسەتێکی جێبەجێکراو کە لەبواری پێکهێنانی هەرێمەکاندا رەنگبداتەوە. لەوەختێکدا هەبوون پاشەکشێ و دوودڵی بەهەڵوێستەکانیانەوە

دەرکەوت، سـەماحەتی ئەلحەکـیم و تەیـاری ئەنجـومەنی بـاڵا هەر بەوەفـاداری دۆسـتایەتی کوردو هاوپەیمانێتیی خێرخوازان لەڕێی عیراقێکی دیموکرات و فیدرالدا، مانەوە. بۆیە وەفاتی نـاوادەی سـەماحەتی ئەلحەکـیم کە دەچێـتە پـاڵ کۆڵێـک لەخەم و کۆسـتی ئەو بنەمـاڵە تێکۆشـەرە، هەروا مـایەی ئەسـەفە بـۆ کـوردو بـۆ هەمـوو ئەوانەی قەدری ڕۆژانـی خەبـاتی هاوبەشـیی زوڵملێکـراوان دەزانـن. ئەلحەکـیم چـووە ریـزی نەمـرانەوە. تێکۆشـان بـۆ ئـاوات و هیواکانی ئەو و دەیان و سەدان تێکۆشەری ڕێی دیموکراسی و فیدرالی، بەهەمـان گوڕوتینی جارانەوە، بەردەوامە.

# بەربەم خیتابە تۆتالیتارییە بگرن*

خیتابی تۆتالیتاری لەعیراق دەیەوێ سەرهەڵدباتەوە، با لەئێستاوە بەرپەرچی بدەینەوە بۆ هاوبەشەکانمانی نیشانبدەین کەبەڵێ عیراق یەک یەکەو بڕیاریشە یەک چارەنووسی هاوبەش تێیدا کۆمان بکاتەوە، بەڵام ئەم عیراقە وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی سیاسی، روانینی جیاواز هەڵدەگرێ دەشێ هەریەکەو لەگۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری بکات.

لەعەدنان پاچەچیمان بیست کەعیراقییەکان لە(باکوور)ەوە بۆ (باشوور)، لەرۆژئاوایەوە بۆ رۆژهەڵات، ئەویان هەڵبژاردووە بۆ سەرۆک کۆمار، چونکە نوێنەرایەتی تەیاری نەتەوەیی عەرەبی دەکات. لەناوەندەکانی شیعەمان بیست کەعیراقییەکان گەلێک کەیفخۆشبون بەوەی بڕیارە نوێیەکەی ئەنجومەنی ئاسایش یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ئاماژە پێنەدا.

(هەیئەی عولمای مسلمین)ی سوننە گوتیان: هەموو عیراقییەکان فیدرالیزم بەنیازێک بۆ پارچە پارچەکردنی عیراق لەقەڵەمدەدەن و دەیان لێدوانی لەمجۆرە کەهەموویان بۆنی تۆتالیتاریان لێدێت و دووبارەکردنەوەی سەرەتای هەمان ریتمی سیاسی پێشووە کەعیراقی بۆ بەشێک لەعیراقییەکان قۆرخ کردبوو.

لەڕاستیشدا ئەمە مەیلێکی سیاسی نادیموکراتییە کەلەم عیراقە رەنگاورەنگەی دانانی وەزیرێک یان بڕیاردان لەسەر بڕگەیەکی یاسایی سەدان گفتوگۆو مشتومڕو خۆ زویرکردن و ئاشتبوونەوەی لێدەکەوێتەوە. ئەم مشتومڕو خۆزویرکردن و ئاشتبووەنەوەیەش، رەوشێکی سروشتی پەسندکراوە، چونکە لەعیراقی هەمواندا بەرژەوەندی جیاوازی هەرلایەک هەیەو هیچ کەس و تاقمێک ناتوانێت لەجێی ئەوانی تر قسان بکات و سیاسەت دابڕێژێت.

قسەکانی پاچەچی کەبیروڕای خۆین، لێدوانەکانی رەوتی شیعە کەگوزارشت لەبۆچوونیان دەکات و فەتواکانی هەیئەی عولەمای موسلمین و خیتابی سیاسی هەر تەیارێکی عیراقی، بەهێز یان لاواز، فراوان یان سنووردار، تەنها هی خۆیانەو لەچوارچێوەی گەمەی دیموکراسیدا لێیان قبوڵ دەکرێت، ئەمڕۆ لەعیراقی دوای رژێمی تۆتالیتاریدا، هەموو کەس و مەزهەب و نەتەوەیەک دەتوانێ قسەی خۆی بکات و کەس گرێبەستی وەکالەتی بۆ کەسی تر پڕ نە کردۆتەوە تا بەناوی تێکڕای عیراقییەکانەوە، بەشێک لەعیراقییەکان، لەدژی بەرژەوەندی روانینی بەشێکی تریان قسە بکەن.

ئەگەر هەرتاکێک، یان گروپێکی عیراق ئەمڕۆ کە رەوشەکە گۆڕاوە نەتوانێ دەردەدڵی خۆی هەڵبڕێژێ، ئەی کێ بیکات؟

بەم حـاڵەتەوە کـێ بـاوەڕ دەکـات کەهەمـوو عیراقییەکـان دژی فیـدراڵی، یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەتبن، هەموو عیراقییەکان دەنگ بۆ ناسیۆنالیستێکی وەکو پاچەچی بدەن، ئایا دەچێتە ئەقڵەوە کورد دژی ئەو پرنسیپانە بێت کەخوێنی بۆ داوە؟ ڕێی تێدەچێت کوردەکانی (باکووری خۆرئاوا) ئەگەر بۆیان بکرێ، دەنگ بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی بدەن؟

گرنگە کەعیراقییەکان و دنیاش بزانن کەئەوە بزوتنەوەی سیاسی کوردستانە، ئەوە لێدوانی هەڵسوڕێنەران و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە دەتوانێ گوزارشت لەبیروڕای گەلی کوردستان بکات، بگرە لەناو کوردستانیشدا ئاراستەو ڕەوانینی جیاواز هەیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانی تردا، لەبەردەم عیراقییەکان و جیهاندا، بیروڕاکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هی خەڵکی کوردستانە، هی ئەوان لەبیروڕای پاچەچی یان هێزە شیعەکان نزیکترە بۆ کورد، بۆیە دەبێ کورد لێنەگەڕێ ئەو فێڵە سیاسییەی بەسەردا تێپەڕێت، لەشوێنی خویدا بەرپەرچی هەموو خیتابێکی گشتگیر بداتەوە کەدەیەوێت بمانگێڕێتەوە سەردەمی عیراقی تاکڕەهەندی. ئەمە سەرەڕای هەڵمەتی شۆڤێنی میدیای عەرەبی و کەناڵەکانیان، پتر لەدەرفەتێکی خۆنواندنی میدیایی لەبەردەم کورددا کراوەتەوە دەتوانێ هەر لەسەرەتاوە بێژێ لەم عیراقە فرە ڕەهەندەدا کوردەکانیش فێری قسان بوون و کەسانی ڕەوانبێژیان تێدا هەڵکەوتووە، حەوجە بەلەبری قەسەکردن ناکات.

*کوردستانی نوێ، ساڵی 2004.

# له دامێنی خیتابی نوێی حزبی ئیسلامی عیراقدا*

حزبی ئیسلامی عیراق بەم دوایـیە چەنـد هەڵوێستێکی سیاسیی گرتـۆتەبەر کە هەقە بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکانی، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی، بەر لە بڕیاری پێشوەخت، بەوردی لێکـۆڵینەوەی لەسـەر بـکەن و لەزەمـین و زەمـانی ئەو هەڵوێستانە و ئەنـدازەی کـارلێکردن و سـەودا لەگەڵیـدا، بپێچـنەوە. هەڵوێستەکانیش بەشێکی پەیوەنـدی بەپرسی سیاسیی عیراق و بەشێکیشی راستەوخۆ تەماسی لەگەڵ مەسـەلە کوردستانییەکاندا هەیە، بەتایبەتیش مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی جێی ململانێ.

ئـێمە نـابێ تەنهـا لەو دیـدگا کلاسـیکییەوە خوێنـدنەوە بـۆ هەڵوێـستەکانی حزبـی ئیسلامی عیراق بکەین کە ئەم حزبە میراتگری ئەدەبیاتی ئیخوان موسلمینەو بەشێکە لە تەیـاری ئیـسلامیی سیاسـیی و کەواتە ئیتـر دەبـێ خەتێکـی راسـتوچەپی بەسـەردا بهێنـین. لێکدانەوەی فیکریـی بـۆ خیتـابی فیکریـی ئەو حـزبە، کە دەشـێ لە زۆر شـتدا لەگەڵی ناکۆک بین، بەڕێوشوێنی خۆی و سەوداو مامەڵەو هامشۆی سیاسیی لەگەڵیانـدا بەڕێوشـوێنی خـۆی. پێویسته بزانین ئەم حـزبە وەکو هەمـوو حـزبە سیاسییەکانی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـیی عیـراق، بەهـۆی رەهەنـدی مێژوویـی، یـان جوگرافیـای بـوونی لەگۆڕەپانەکەدا، نوێنەرایەتی تەیفێکی عیراقییەکان دەکات و هەر بەو پێیەش رەوایی بـوونی خـۆی، جـگە لە یاسـاو مـافی دەسـتووریی و دیموکراسی، لە نـوێنەرایەتیکردنی بەشـێکی ئەو تەیـفەوە وەردەگرێـت. هەروەهـا ئەم حــزبە و حزبەکـانی تــریش بەو نوێنەرایەتییەشـەوە کە بـۆ فیـئەیەکە، رووداوە سیاسییەکانی عیـراق کاریـان تێدەکەن و ئەوانـیش بەدەوری خۆیـان کـار لەرەوتـی سیاسـیی عیـراق دەکەن و سـەرەنجام هەمـوو لایەک لەگەڵ (ئەویتر)دا رادێت و خۆشـەدەبن. حزبی ئیـسلامی عیـراق لە چـوار ساڵی پرۆسەی سیاسـیی عیراقدا، بەهۆی بەرکەوتنی سیاسـییەوە، گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و ئێـستا، بەدەر لە ئایـدیۆلۆژیا، وەکـو هێزەکـانی تـر فێربـووە سـەودا و دانوسـتان دەکـاو بەشداری گفتوگۆو ئاراستەکردنی سیاسەتەکان دەبێت.

ئەگەر ئـێمە ئەوەمـان لەبەرچاوبێـت کە غیـابی کـارەکتەرگەلێکی سـوننی لەناوچەکـانی سـوننەدا یەکێـک لەهۆکـارە بنچینەییەکـانی سـست چارەسـەر بـوونی پرسـی عیـراقە، ئینجـا تێدەگەین ئەو حـزبە بەو قەبارە مامناوەنـدی نـوێنەرایەتی سوننەوە چ چمکێکی هەسـتیاری پرۆسەی سیاسی بەدەستەوەیە؟

سوننه له عیراقدا له قۆناغی ئینتیقالیدا دەژین که گواستنەوەیه له حوکمی موتڵەقی عیراق و بوونێکی چڕی بەعس لەوێدا بەرەو قبوڵکردنی هاوبەشێتی و تێگەیشتن له پێویستی پاراستنی بەشی خۆیان بەر له فەوتانی. بۆ ئەمەش له ئاستی هەرێمی سوننەدا سەرکردایەتی دەرکەووتووی ناوچەیی و له ئاستی عیراقیشدا حزبێکی میانڕەوی وەکو حزبی ئیسلامی عیراق رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگیڕَن. سەرکردایەتی ناوچەیی وەکو (رابوونەوەی ئەنبار) دەتوانن هەرێمی سوننەنشین دامەزراو بکەن و حزبی ئیسلامیش له ئاستی نیشتمانیدا لەبارترین حزبه بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوننه له پایتەختی فیدرالدا. چونکه بمانەوێ و نەمانەوێ کەشی سیاسیی عەرەبنشینی عیراق به فەزای ئیسلامیی، چ شیعگەرێتی و چ سوننەگەرایەتی، بارگاوییه. لەم حاڵەدا سیناریۆی سەرکەوتوو هاندانی لایەنی میانڕەوی ئەو فەزا ئیسلامییەیه، نەک خۆلێگێلکردنی.

لەم هەلومەرجه ئینتیقالییەدا سوننه سەرەنجام دەستبەرداری ناسیونالیزمی توندڕەوی عەرەبی دەبن، بەڵام نەک بەقازانجی تەیاری دیموکراسیی، هیچ نەبێ تا قۆناغێکی دوورتر، بەڵکو بەقازانجی ئیسلامەتیو خیتابێکی ئیسلامی سوننی که حزبی ئیسلامی قەوارەی ئیحتیواکردنی ئەو مەیله تازەیه دەبێت. عەرەبی سوننه لەشەو و رۆژێکدا نابنه دیموکراسیخواز، بەڵام دەشێ حزبی ئیسلامی ئەو ئیسفەنجەبێت که توندڕەوی ناسیونالیزمی عەرەبی سوننه هەڵمژێت. دیاره بۆ ئەوەش دەبێ لیستی کێشەکانی سوننه تەبەنی بکات، چ ئەو کێشانەی پەیوەندییان به دەسەڵات و ناسنامەی دەوڵەتەوە هەیه و چ کێشه لۆکاڵییەکان که لەم دۆسێیەدا کەرکوک و ناوچەکانی تەماسی کوردستان و (سوننه)ستان بابەتی رۆژ دەبن له قۆناغی داهاتوودا.

بۆ ئەو مەسەلانەی له ئاستی نیشتمانیدایه، حزبی ئیسلامی مەیلێکی نیشانداوه بۆ خۆجیاکردنەوەی ناسنامەی لەگەڵ هێزەکانی تەوافوق با تەنانەت لەیەک هاوپەیمانیشدا بن. ئەو حزبه زۆر دوور نییه له هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی و لەم چەندانەشدا سەرۆکی حزب و جێگری سەرکۆمار تارق هاشمی پرۆژەی پەیمانێکی نیشتمانی خستۆته روو که پێشکەوتنی تێدایه لەپرسی فیدرالی و هەوڵی نزیکایەتی داوه لەگەڵ باقی پێکهاتەکانی وڵاتدا. هەقه سیاسەتی کوردی تاوتوێی بکات و بەگیانێکی مامەڵەی ئیجابییەوە پێشنیازی دەستکاری کردن و پێشخستنی بخاته بەردەم هاشمی.

ئەدەبیاتی ئەم حزبه هەوڵدەدات قسەی لەسەر پرسی کەرکویش هەبێ. بێگومان قسەیەک که له حزبێکی ئیسلامی عەرەبی بوەشێتەوە. هیچ گومانی تێدا نییه که حزبی ئیسلامی نەسۆشیال دیموکراته و نه وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کوردستانییه، بەڵام هەرچۆنێک بێت قسەیەکی هەیه بۆ گفتوگۆ و داوایەکه بۆ لێگەیشتن. لەو نامه هەفتانەیەی حزبی ئیسلامی وەکو نەریتێکی میدیایی بڵاوی دەکاتەوە و بیروڕای حزب

لەسەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی عیراق دەگرێتە خۆ، مەکتەبی سیاسیی حزبەکە لە ژێر تایتڵی (برایەتی کوردو عەرەبدا) بەهێمنی ئیدانەی ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی کورد دەکات و بەناو برایەتی مێژوویی کوردو عەرەبدا ڕادەگوزەرێ و هەڵوێستەیەکی تاڕادەیەک باش لەسەر مانا ئاینیی و نیشتمانییەکانی ئەو پەیوەندییە دەکات.

نامەی هەفتانە، کە دەقەکەی لە ئەنساتی مەرکەزیدا بڵاوبۆتەوە، دێتە سەر ئاشتەوایی نیشتمانی و جێگیرکردنی مافەکان و لەوانەش باس لە پرسی ناوچەکانی ململانێ دەکات. بەشەرمیشەوە بێت ئەم حزبە ڕەزامەندی خۆی لەسەر گەڕانەوەی هەندێک ناوچە بۆ سەر ئەم پارێزگا، یان ئەو پارێزگا دەربڕیوە. لەڕەوتی نووسینەکەدا تێدەگەین کە مەبەست ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و جێی تریشە. لەوەدەچێ نامەکە بیەوێ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە عەرەبی سوننە ئامادە بکات بۆ قبوڵکردنی واقیعی نوێ کە بریتییە لە ئەگەری لێکردنەوەی هەندێک ناوچە لە پارێزگا سوننەکان و گێڕانەوەیان بۆ کوردستان و ئەمەش ناو دەنێت لە ژێری چەتری دەستوورو تەبایی نێوان عیراقییەکاندا. دەیسا با لە ژێر ئەو چەترەدابێت.

هەڵبەت مەبەستی ئەم نووسینەی مـن تەزکیەکردنی ئەو حزبە نییە لە ئاستی کوردستاندا، بەڵام ئەم دەستوپەنجە نەرمکردنەی حزبی ئیسلامی لە ئاستی واقیعی کوردستاندا بەدیوێکدا کەڵکی سیاسەتی کوردستانی لە کرانەوە و مامەڵەکردن لە گەڵ هێزەکانی تر دەردەخات کە بەڕێز مام جەلال لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرپەرشتیاری ئەو سیاسەتە نەرمونیانە بوو لەگەڵ حزبی ئیسلامی عیراق و حزبەکانی تریشدا. وا ئێستا بەروبومی ئەو سیاسەتە شێنەییە لە گۆڕینی لەسەرخۆی هەڵوێستی ئەم حزبەدا دەردەکەوێت. بەدیوێکی تریشدا ئاماژەی کاریگەری واقیعی گۆڕاوە لە گۆڕینی حزبە ئایدیۆلۆژییەکاندا.

وەکو نموونەش هەموومان لەبیرمانە حزبە عیراقییە شیعەکانیش کاتی خۆی دیدیان لەسەر پرسی کورد نارۆشن بوو، بەڵام پەیوەندی بەردەوامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لەگەڵیان، بەتایبەتی لەنەوەدەکاندا، وایکرد بەشێنەیی ئەو دیدەیان لەسەر کورد و داخوازییەکانی بگۆڕێت تا ئەو ئەندازەیەی کورد و شیعە پێکەوە بوونە خاوەنی خیتابی فیدرالیزەکردنی عیراق.

بێگومان بە ئێستاشەوە کوردو شیعە ناکۆکی و جیاوازییان هەبووە و لە ئایندەشدا دەیانبێت. حزبی ئیسلامیش هەر جیاواز بووە و هەر جیاوازیش دەمێنێتەوە، بەڵام گۆڕینی سیاسەتەکان وادەکات بەشی هەمووومانی پێوەبێت.

پرۆسەی سیاسی لە عیراقی ئایندەدا بۆ کوردستان ناسنامەیەکی دیموکرات و مەدەنی دەبێت، بۆ شیعەکان میانڕەوییەکی دینی و بۆ سوننەش میانڕەوییەکی دیکەی دینی لەسەر

ئەرزی خۆیان. ئەمانە مەحکومن بەپێکەوە مامەڵەکردن تاوەکو زەمەن و پێشکەوتنی پرۆسە سیاسییەکە هەنگاو بەهەنگاو گۆڕانی تر بەدوای خۆیدا دێنێت. تا ئەو کاتە، بزوتنەوەی واقیعگەرایی وەکو بزوتنەوەی کوردایەتی، مەحکومە بەمامەڵەی ژیرانە لەگەڵ دۆخەکە و ترپەی دڵی گۆڕانکارییەکانی.

*کوردستانی (4390) – 2007/10/4

# ئەنسکلۆبیدیای شۆڤێنییە نوێیەکان

(1)

ئەم باسە تایبەتە بەوانەی لە عیراقی نوێدا ناکۆکن لەگەڵ کورد و داخوازییەکانی. ویستم وشەیەکی پڕ بە پێستی ئەوانە بدۆزمەوە کە "ناکۆک"ن، نەمتوانی هەرمەکیانە وەسفێک بە زۆر بسەپێنم شتێک کەمتر یان زیاتر بێت لەوەی هەڵوێستی ئەو ناکۆکانە گوزارشتی لێدەکات. ئەگەر بڵێم دوژمن، لە ئەدەبیاتی سیاسی کورددا وشەی (دوژمن) بە کەسێک دەوترێ هیچی لەگەڵ کورددا نەهێشتۆتەوە. (دوژمن) هەموو شتێک لە دژت بەرەوا دەزانێ و رەنگە تۆش هەمووشتێک لە دژی ئەو بەرەوا بزانیت. دوژمنی کورد عادەتەن داگیرکەر، شۆڤێنی و دیکتاتۆرییەکانن، بەڵام ئەم تاریفە بۆ ئەوانەی لە عیراقی نوێدا (ناکۆک)ن لەگەڵماندا تۆزێک نایاسایی، ناجۆر دەکەوێتەوە. نایاسایی بەو مانایەی ئەوانە لە ژێر چەتری دەستووری عیراقدا لەگەڵ کورددا یەک وڵات کۆیاندەکاتەوە، ناجۆر چونکە لە سیستمێکی دیموکراسیدا گوزارشت لە جیاوازییەکانیان دەکەن و ئەو گوزارشتە هەقی خۆیانە، شۆڤێنییەکەیان پەنهان و دیکتاتۆرییەکەشیان بە ئالیەتی دیموکراسی بەرپەرچدراوەتەوە . گرفتێکی گەورەشە تۆ بە سەددام و عەلی کیمیاوی بڵێی (دوژمن) و هەمان ناویش لە عیدەیەک خەڵک بنێیت کە نە وەک سەدامییان پێدەکرێت و رەنگە قەناعەتیشیان وا نەبێت سەدامییانە بیر بکەنەوە و سەدامییانە لەگەڵ کورد مامەڵە بکەن. خوای گەورە خۆی ئاگاداری دڵ و دەرونە و ئێمە هەقمان بەسەر زمان و قسەکردنیانەوە هەیە نەک ناو دڵیان.

هەمان ئەو تاریفەی سەرەوەش بەسەر (نەیار)دا جێبەجێدەبێت، بۆیە وشەی (ناکۆک) بۆ وەسفی حاڵەکەیان و دەستەواژەی شۆڤێنییە نوێیەکان بۆ وەسفی کەسایەتیان بەکاردێنم چونکە شۆڤێنی کۆن بە دەردی ئەمان نایخوات. عیراقی نوێ پێویستی بە شوڤێنیزمی نوێ هەیە!

ناکۆک لەگەڵ کورد خەسڵەتی ئەوانەیە لەسەر هەموو شتێکی کورد ناکۆکن، دژی هەموو لێدوان، ڕوانین، ماف و داخوازییەکی کوردن. هەندێک لەمانە لەکاتە هەستیارەکاندا دێنە قسە و دژمان دەوەستن، هەندێک لەمانە قسە ناکەن مەگەر لێیان بپرسن،

هەندێکی تریان بە موناسەبە و بێ موناسەبە قسە بە داخوازییەکانی کورد دەڵێن. هەندێکی تریان کە لەم ئەنسکلۆبیدیایەدا ئەولەویەتیان پێدراوە پرسیاری شێلم یان چەکی ئەتۆمییان لێ بکەیت دەیبەنەوە سەر "ئەلئەحزاب ئەلکوردییە" و "پێشمەرگە" و کەرکوک.

هەشن لە سنفی شۆڤێنییە نوێیەکانن و وەکو شۆڤێنییە کۆنەکان بیر دەکەنەوە، بەڵام قسە ناکەن، لە بنەوەن، لە بنەوە پیلان دەگێرن. ئەوانە لەکاتی پێویستدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت و لە ڕێڕەوی سیاسەت و هەڵوێستەکانیاندا ئەو دژایەتیەیان بۆ کورد دەردەکەوێت.

پێویستە لێرە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بەشێکی ئەو نەیارانە لە چوارچێوەی پرۆسە دیموکراسییەکەی عیراقدا، لەمیانی مینبەری کۆبوونەوە ڕەسمییەکان، لەسەر کورسی پەرلەمان و کورسی وەزارەت و مینبەری مزگەوت و هی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ناو کۆنگرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئەم دژایەتییەی خۆیان بەیان دەکەن، بۆیە دەبێ کورد لە بەرپەرچدانەوەدا ئەمان ئەو مینبەرانەی ئەوان بەکار بێنێت و بە هەمان ئامرازی دیموکراسیی شەڕە سیاسییەکەی خۆی لە دژیان ببات بەڕێوە. ئەگەر جگە لەو مینبەرە دیموکراسیانە شتی تریان کرد، پیلانانیان گێڕا و بوونە بەشێک لە تۆڕی دوژمنایەتی ئەوا بە هەمان ئەندازە بەرپەرچ بدرێنەوە.

جا ئێمەش لێرەدا مینبەرە دیموکراسییەکە بەکار دێنین کە مینبەری میدیایە و پێمانوایە سەرەتای بەرپەرچدانەوەی دیموکراسیی شۆڤێنییە نوێیەکان ناساندنی خۆیان و هەڵوێستیانە.

### چەند خەسڵەتێکی گشتی

چەند خەسڵەتێکی هاوبەش شۆڤێنییە نوێیەکان کۆدەکاتەوە، سەرەکیترینیان "سەر بە خۆییانە" لەناو دەستەیەکی سیاسی یان هەر سەربەخۆییان لە دەرەوەی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی. چونکە شۆڤێنییەکان عادەتەن کە ناکۆک و دژت قسە دەکەن لە هیچ پێکهاتەیەکی گشتی و دەستەجەمعیدا جێیان نابێتەوە. کایەی حزب یان کایەی دامودەزگایەکی بە کۆمەڵ دەرفەت نادات هەر ئەندامێکی بیەوێ لێدوان بدات و ڕەفتاری سیاسیی بنوێنێت. لەبەر ئەوە ئەوان فیشەکی موختال کوژ بە ئاسماندا دەکەن بێگومان کەسانی بێ لایەن لە ڕووی حزبیەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئەتکێتی پەیوەندی و تۆڕی هاوپەیمانێتی نێوان گروپە سیاسییەکان ،کە بەرژەوەندی و هاوبەشێتی تەونەکەی دروستکردووە، چیان لە دڵدابێت ئەوە دەڵێن لە کاتێکدا ئەوانی تر ئەگەر دژیشت بن لەبەر پەیوەندییە سیاسییەکان، لەبەر بەرژەوەندییەکانیان قسە ناکەن و لە هەموو کردارێکتدا پەرچەکردار نانوێنن.

بەم مانایە دەتوانین بڵێین شۆڤێنییە نوێیەکان یەک خەسڵەتی "باشیان" هەیە، ئەویش ڕاشکاوییانە لە دژایەتیکردنتدا، بەڵام بە داخەوە لە ناوەڕۆکی ئەو ڕاشکاوییەیان ورد دەبیتەوە بۆت دەردەکەوێت تەنها لە دژایەتی کورددا وان دەنا وردەکاری ڕاشکاوییەکەیان کورت دەهێنێت و بێ بەڵگەیە.

خەسڵەتی تـر زۆربلێیـانە ، واتە شـۆڤێنی نـوێ کەسـێکی زۆرەبڵێـیە، بـۆیە لە ڕەوتـی هەڵـسوڕاوانی هەموویانـدا نەک تەنهـا لە پرسـی کـورد بەڵکـو لە بابەتەکـانی تریـشدا سەرچڵییەک هەیە.

"ئەمەش لە نموونەی ئوسامە نجێفی، سامی عەسکەری، مریەم ڕەیس، شەهرستانی"دا بە زەقی دەردەکەوێت. بەشی زۆری شۆڤێنییە نوێیەکان ئەم ناکۆکییە لەگەڵ کورددا یان بۆ کەمەندکێشکردنی ئەو کۆمەڵگە لۆکاڵییە بەکاردێنێت کە دەنگی بەوان داوە یان لەبەر ئەمەیە ناوچە لۆکاڵییەکانی ئەوان ناوچەی تەماسە لەگەڵ کورد. نموونەی ئەوەش موسڵ، تکریت و ....هتد....

*بەدوو ئەڵقە لە ئاسۆدا بڵاوبۆتەوە

(2)

**د. ئوسامە نجێفی، سەر قافڵەی کاروانی عروبەی موسڵاویی**

ئوسامە ناوێکی تەواو عروبییە، بە مانا ناوێکی عەرەبی ئیسلامیش نییە، پێش ئیسلام ئەم ناوە هەبووە و دوای ئیسلام ناوەکانی موحەمەد، ئەحمەد و عەبدولڕەحمان بەسەر ئوسامە و یاسر دا زاڵبوون، ئەویش لە سەردەمی پێغەمبەردا ناویان وابوو، هەر ئەوان نەبوون کە باوکە قوریشییەکانیان پێش ئیسلام ناوی وایان لێ نابوون.

ئیحائی ناوەکە وایە کە عروبەی پێش ئیسلام خستووە. ئەمەش بۆ نائیبێک لە مووسڵی (عروبە)وە، شتێکی نوێ نییە. موسڵێک کە تا بیناقاقای غەرقە لە کورد و دەوروپشتی بە (اکراد الاقلیم الکردستانی)ی عیراق و (أکراد الجزیرە)ی سوری دەوردراوە، کە عروبە لە میسر بارانی باریووە "شەوافەکان" لە موسڵ چەتریان بۆ هەڵداوە.

ئەمما بارانی بە خوڕی عروبە چکی کرد، خۆڕی تەعریبیش لە 10ی نیسانی 2003دا توایەوە، بۆیە میراتی ئەو ئەدەبیاتە بە ئوسامە سپێردراوە: میراتی مەرگە وبەخۆی نەزانیووە.

ئوسامە لە وەزارەتی پێشوودا وەزیری پیشەسازی و لەم دەورانەشدا پەرلەمانتاری لیستی عیراقییەیە لە بەشی شاری مووسڵ. لیستی عیراقییە لیستەکەی د. ئەیاد عەللاویـیە کە خۆی هامشۆی کورد دەکات لێ ئەندامەکانی لیستەکەی هەر یەکە لە ئاوازێک دەخوێنن. ئاوازەکەی ئوسامە نەشازە. ئاوازی شۆڤێنییەکی عەرەبی توندڕەوی ئیسلامییە تا ئەوەی ئاوازێکی عیراقی – دیموکرات و لیبراڵ بێت هەروەک د. عەللاوی حەزدەکات لیستەکەی بناسێنێت.

فەزای سیاسیی موسڵ یارمەتی ئەم توندڕەوە ناسیونالیستەی دا خۆی وەک دڵسۆزی موسڵاوییەکان نیشان بدات بەتایبەتی عەرەبەکانی عروبەی موسڵ ئارەزوویان لە دەنگێکی وایە کە بتوانێت هاوپەیمانێتی موسڵی شۆڤێنی لەگەڵ بەغدایەکی عروبەوییدا بپارێزێت.

لەملاشەوە تواناداری کورد لە هەرێم، لە تەماسی موسڵ و لە بەغداش ئەم پیاوەی لە چەند سەرەوە لە کورد گاڵداوە. دابی ئەزمموونی دیموکراسیی لە کۆمەڵە فرە ئەتنیکییەکان وایە تەڵەکەبازی وایان تێهەڵدەکەوێت کە بە بیانووی بەرپەرچدانەوەی گروپی بەرامبەرەوە خۆی دەکاتە دەمڕاستی گروپێک تەنها لەسەر بنچینەی رەگەزیی.

ئەم نوێنەرە ناسیونالیستییەی موسڵ کە تا بەعس هەبوو ئەم تەیارە عروبییە هاوپەیمانی بەعسێتییەکەی بوون، لەدوای ڕووخانی بەعسەوە هەلی دیموکراسییان قۆستەوە تا زمانیان بکەوێتە گۆ. ئەم نەجەفییە لەسەر حیسابی کورد پرۆڤەی دیموکراسیی کرد.

وەک چۆن لە ئەدەبیاتی ئینگلیزدا شێخ مەحمود مەلیکی شۆڕشگێڕی کوردستان بە مەشقپێکەری سوپای بەریتانیا لە قەڵەم دەدرێت هێندەی شۆڕشە ڕەواکەیان لە بێژەنگی بۆمبارانکردنی سلێمانی داوە، ئاوەهاش دەشێ بڵێین کوردی موسڵ و کوردی هەرێم وەک مەشقپێکەری تیمی شۆڤێنییە نوێیەکانی لەبابەت ئوسامە نجێفیان لێ هاتووە. هیچ سیاسەت و لێدوان و هەنگاوێکی کوردانە نەبووە کە ئوسامە ڕەخنەی لێنەگرێت. گەڕانێک بکەن بە بزاوتی گەڕانی ناو گۆگڵ یان یاهوو بزانم ناوی ئوسامە نجێفی دەبیننەوە ناوی کوردی لەگەڵ نەبێت؟ لێدوانێکی ئاشکرای ئەم پیاوەی عیراقی دیموکراتی نییە کە یەخەی کورد نەگرێت. لە دید و لێدوانی ئوسامەدا هەر بەڵایەک کە لە ئاسمانەوە دێ بۆ موسڵ با لەوێش بەناوی کوردەوە نەهاتبێ یان تیرۆریستان یان شۆڤێنییەکانی هاوڕای ئوسامە نجێفیش کردبێتان، بەڵام نجێفی هەر بەسەر کورددا ساغیدەکاتەوە.

کورد بۆ ئوسامە بۆتە کیسی فێربوونی بۆکسێن: لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا، لە هۆڵی پەرلەماندا، لە لێدوانی ڕادیۆ و میتنگی تەلەفزیۆندا، لە بەیاننامە و تەعقیبی نووسیندا ئوسامە نجێفی هەر دەبێ نەقیزەیەک لە کورد بدات. سەیری ئەم نموونانە بکەن:

– هەواڵی تەقاندنەوەی بەربەستی موسڵ بەشێکی پیلانی سەپاندنی دەسەڵاتی کوردەکانە بەسەر شاری موسڵەوە........ لێدوانی نجێفی بۆ ئاژانسەکان

– نجێفی لایەنە سیاسییەکانی کورد بە دەستوەردان لە کاروباری دادگای عیراقی تاوانبار دەکات. ڕادیۆ سەوا.

– ئوسامە نجێفی کورد بە کەڵەکەکردنی تەنگژەی سەر سنووری عیراق – تورکیا تاوانبار دەکات و دەڵێ ئەوانە ئەندامەکانی PKK دەگرنە خۆیان......... ڕادیۆ سەوا.

– ئوسامە نجێفی لیژنەی مادەی 140 بەوە تاوەنبار دەکات کە چاویان لە گۆڕینی ناسنامەی شاری کەرکوک پۆشیووە.... رویتەرز.

– نجێفی و چەند پەرلەمانتارێکی موسڵ داوای دەرکردنی پێشمەرگە دەکەن لە نەینەوا .........ڕۆژنامەی زەمان.

– نجێفی: گوشارە نێودەوڵەتییەکان حکومەتی هەرێمیان ناچارکرد پاشگەز بێتەوە. .......رادیۆ سەوا.

- نجێفی: کوردستان شوێنی گونجاوی گفتوگۆکردنی فیدراڵی نییه.... سەباح.
- نجێفی کورد بە هەوڵی تیرۆرکردنی تاوانبار دەکا و دەڵێ کورد هەوڵدەدا دیموگرافیای کەرکوک، تکریت و موسڵ و دیاله بگۆڕێت.

ئەمانە مشتێکی نموونەی خەروارێکی لێدوان بوون کە ئەگەر وردەکارییەکەی بنووسینەوە بۆنی شۆڤێنیزی لاپەڕەکانی دیکەی ئاسۆ کاس دەکات.

ئەم شێخ ئەلعەرەبە سڵ لە بوختان دروستکردنیش ناکاتەوە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەگەر دۆخ لە عیراقدا ئاسایی بێتەوە دەشێ ئاساییترین کورد لەسەر ئەم بوختان و درۆ و دەلەسانەی بیدەنە دادگا با تەنانەت دادگاییەکە لە شاری موسڵیش بێت کە شاری بێرەحمی لە سێدارەدانی سەدان گەنج و لاوی کوردە لە سەردەمی ڕژێمی شۆڤێنی پێشوودا. لەو تۆمەتانە هەڵوێستێتی لە مەسەلەی کەرکوک کە لە مینبەری پەرلەمانەوە وتی: "سەدان هەزار کوردی دەرەوەی کەرکوک لەوێ نیشتەجێکراون و بە پارەی دەوڵەت و لەسەر موڵکی گشتی خانوویان بۆ دروستکراوە" جا وەرە کەرکوکییەک هەبێت باوەڕ بکات کە دەوڵەتی عیراق لە کەرکوک خانووی بۆ دروستدەکات؟!

نجێفی تەنها بە کوردی کەرکوک و موسڵیشەوە ناوەستێ، بەڵکو لە لێدوانێکیدا چاوساغی بۆ سوپای تورکیا دەکات لە ڕاونانی pkkدا کە نەهێڵن هێرش بکەنە سەر تورکیا و لە عیراقیش دەربکرێن چونکە بە قسەی خۆی pkk چەندین کەسایەتی سەربازی و زانستی موسڵیان کوشتووە. هەر وەکو دەڵێ (دژی هەموو هەوڵێکی کوردی بۆ هاتنە ناو عیراق دەوەستینەوە)..

بەڵام هەر ئەم عیراقییە غیرەتبازەی لیستی عیراقییە بەخۆی ڕەوا دەبینێ لە تورکیاوە "تەمجوع عیراقیو ئەلشیمال" دروستبکات و داوای یارمەتی تورکیاشی بۆ بکات. لەم دەستەیەدا کۆمەڵێک بەعسی کۆن و جاشەکانی جارانی موسڵی لە دەوری خۆی

گردکردەوە گوایە بەمانە بەرەنگاری سیاسەتی کوردی دەبێتەوە. لەوەش شکستی خوارد کەوتە پەلامەردانی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان وئینجا شەڕی سوپای عیراقی لە بەسرا قۆستەوە تا بڵێت بۆ تەنها سوپای مەهدی چەک بکرێت با پێشمەرگەی کوردیش هەڵبووەشێتەوە.

**تەقینەوەکەی زەنجیلی**

لە چەندین بۆنەی جیادا ئوسامە نجێفی پەلاماری پێشمەرگە و هێزە کوردییەکانی شاری موسڵی داوە، بەڵام لە ئاستی تیرۆردا چاوی شۆڕ و دەمی بەستراوە، وەختێک تەقینەوەکەی زەنجیلی ڕوویدا شۆڤێنییەکان پروپاگەندەی ئەوەیان کرد (سوپای عیراق) و هێزی پێشمەرگە، کە لەناو ئەو سوپایەدایە، بەرپرسن لەو کارە. بەمەش نەغمەی ئوسامە نجێفی لە

نەغمەی ئوسامە بن لادن نزیکبۆوە کە قاعیدەکەی لەبەیانێکدا پێشمەرگەی بەئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە تۆمەتبارکرد و تەنانەت وای ڕاگەیاند تەقینەوەی (سلێمانی پالاس) لە تۆڵەی ئەوی زەنجیلی بووە، بەلام دواتر لێکۆڵینەوەکان، کە ئوسامە نجێفی زۆر تەئکیدی لەسەر دەکردەوە، دەریانخست سێ تیرۆریستی عەرەبی موسڵ ئەو کارەیان بە فیتی دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق و بەدنەدانی قاعیدە کردووە. ئەمە لە فەزائییە و ڕۆژنامەکانیشدا بلاوکرایەوە. لەوانەش ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت. کەچی لە جێی پاشگەزی و داوای لێبوردن کە کوردی بەو تاوانە تۆمەتبارکرد، ئوسامە نجێفی لە لێدوانێکی دژە کوردەوە بازی دا بۆ لێدوانێکی دیکە و وتی: "دەبێ سەرکۆمار لە بەغدا بێت بۆ چارەسەری کێشەکانی عیراق"،بەڵێ دەبێ سەرکۆمار کێشەکانی ئەوان چارە بکات، بەلام خۆی و گروپە هاوشێوەکانی هەر دەیانەوێ لە کایەکەدا بن و بە قسە پەلاماری کورد بدەن.

کە دەشڵێی بۆ هەر کورد تاوانبارە، وەلامی ئامادەیە: مەبەستم گەلی کوردی برا نییە، مەبەستم سەرکردەکانی و حزبەکانێتی دەنا من ڕێز لە گەلی کورد دەگرم".

ئێ بەلام هەمووولا دەزانین شۆڤێنییە کۆنەکانیش هەر وایان دەگوت : بۆ پاساوی دژایەتیان بەرامبەر بە کورد خەتاکەیان خستۆتە ئەستۆی سەرکردایەتی کوردەوە!

(3)

**سامی عەسکەری، دابەشکردنی ناسنامەی نیشتمانپەروەری لە عیراقی نوێدا**

سامی عەسکەری گوزارشتێکی دیکەی شۆڤێنییە لە عیراقی نوێدا، هی ئەوەیە دووەم ناوی لیستە کراوەکەی بەندەبێت. لێ ئەم لیستە لیستی هاوپەیمانێتییە لەگەڵ بەشی زۆری عیراقییەکاندا ئەوکاتەی نۆرە دێتەسەر سامی عەسکەری. چونکە تەنها کورد مووەدەعی نییە بەسەر ئەم سامییەوە. بەڵکو شیعە و سوننەش بە هی دونیای عەرەبیشەوە.

ئەگەر هەموو شۆڤێنییەکی چەنەباز بە وتەیەک ناسراوبێت ئەوا سامی بەو وتەیە دەناسرێتەوە کە لە تەنگژەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا گوتبووی "کوردەکان لە تەنگانەدا دەکەوێتە یادیان کە عێراقین" هەر ئەم لێدوانەشی ئەوی بە دونیا ناساند، ئەمما چ ناساندنێک؟

- کوردەکان لە تەنگانەدا، ئاماژەیە بەوەی ئەو تەنگانەیە تەنها هی کوردە بۆیە ئەوی عیراقی لە بەغدا پێی ناشڵەژێ.

- "دەکەوێتە یادیان" ئاماژەیەکی پەنهانە بەوەی وتیاری قسە ترۆمۆتۆرێکی بە دەستە و ئەو ئەندازەی دڵسۆزی و نا دڵسۆزی دەپێوێت.

- "کە عیراقین" هەروا ئاماژەیە کە ئەو خۆی مەرجەعی عیراقی بوونە و فاکتەری کوردی یان دەست نادات یان لە تەنگانەدا دەست دەدات؟

بەمەش دەشێ بڵێین سامی یەکەمین عیراقی دوای ڕووخانی سەددامە.

ســەرلەنوێ فیکــری عیراقێتــی لە عەرەبــایەتی قەتــیس دەکــاتەوە و ئەوی وەک ئەو (عەرەب) نەبێ لە خۆشیدا بەبیری نایە عیراقییە و لە تەنگانەدا لەبەر بەرژەوەنـدی خـۆی (عیراقێتی) نیشان دەدات.

بەمجۆرە پێوەرەکانی شۆڤێنیزمی سەدامی کە کورد و شیعە قوربانیانی سـەرەکیان بـوون بە جـۆرێکی تـر بەرهەم دەهێنـرێتەوە. بـۆچی سـەدامیزم چیـیە جـگە لە کـردنە دەرەوەی بەشـێکی هاووڵاتیـان لە جـوغزی نیـشتمانیی و دەرخـستنیان وەک گروپێکـی نـاعێراقی کە ئیمتیـازی مافەکـانی نـاو جوگرافیـای عیراقیـان لـێ دەسـتێنرێتەوە وەک دەسـتپێکێک بـۆ سەرلەنوێ ئەنفالکردنیان یان بۆ نموونە بێبەشکردنیان لە ماف و داخوازییەکان ئەوکاتەی لە تەنگـانەیەکی دیـکەی عیراقـدا "مـاف و داخوازییەکـان" کەم دەبـنەوە و سـامی عەسـکەری (ناچار) دەبێت لە بەشی هاوڵاتییە گومان لێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە و بیـداتە ئەو عیراقیانەی هاو ڕەگەز و هاوخوێنی خۆین و لە هەموو ساتوکاتێکی، تەنگانە یان تەنکانە، عیراقی عەیارە بیست و چوارن و وەکو سامی لە چینی بەرزن یان "گبقە سامیە"ن

ئینجا ئیتر مێژوو بە "شانازی"یەکی عـروبییەوە ئەوە دەنووسێ یەکەم شیعەی عیـراق کە فەتـوای عروبێتـی لە عیراقـی نوێـدا دەرکـرد سـامی عەسـکەرییە. سـامی بەم ناسـاندنە وێستگەیەکی تازەیە لە ئەدەبیاتی شیعەدا، بە پەلاماردانی تیئوریستانەی کورد و دەرکردنیان لە (بەهەشـتی) عیـراق گرێـی دەروونـی شـیعە چارەسـەر دەبێـت کە لە ئاسـتی عەرەبیـدا بە ناعەرەبایەتی و کەم ڕەنگی عروبێتی تۆمەتبار دەکرێن، بەڵام ئیتر لە دوو هەڵوێستی فیکریدا و دوو لێـدوانی تونـدی سـامی عەسـکەری و دوو پاشـقوڵگرتنی ئیبـراهیم جەعـفەری شـیعە دەتوانێـت وردە وردە خـۆی لەگەڵ مەنـزومەی بـاوی عروبێتـی نـاوچەکەدا بگونجێنێـت کە مەنزومەیەکی ئاسان و بێ گرێی فیکریی قووڵە: لە دژی ڕەگەز و ئەتنیکەکانی تر بە، مانای وایە لەگەڵ ڕەگەزی عەرەبیدای.

سـامی عەسـکەری وەکـو ئوسـامە نجێفـی تیئورسـێنی خـۆ بەهێزکـردن دژی کـورد بە پشتبەستن بە فاکتەری ئیقلیمی.

سامی عەسکەری لە شوێنی تریشدا لەگەڵ ڕیتمی باوی عروبیدا وێک دێتەوە:لە رەفتاری سیاسیدا. ئەو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیـراقە کە دەزگایەکی تەشریعییە و دەبێ لە دەسـەڵاتی تەنفیـزی دووره پەرێزبێـت، کەچـی ڕاوێژکـاری سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عیراقیـشە. وەک عـروبەی جـارانی عیـراق بەخـۆی ڕەوا دەبینـێ لە دوو دەزگـای جیـاوازی دەوڵەتدا کاربکات، بەڵام هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا بـۆ خۆگونجانـدن لەنێـوان کوردایەتی لەلایەک و دەوڵەتمەداری لە لایەکی ترەوە لە قاو دەدا و دەیەوێ کورد لەنێـوان کـوردایەتی و دەوڵەتـی مەرکەزیـدا یەکێکیـان هەڵبژێـرێ. بـۆیە لە سـەرەتای خـولی دووەمـی

هەڵبژاردنی عیراق، کانوونی یەکەمی ساڵی 2005دا، وتی: (بەرهەم ساڵح نوێنەرایەتی خیتابی قەومی کوردی دەکات لەناو دەوڵەوتی عیراقدا – لێدوان بۆ ڕادیۆی سەوا) یانی ئەو بە میانرەوترین وکراوەترین جێگری سەرۆک وەزیرانی کورد رازی نییە ئەی دەبێ کورد چی بکات؟ وەکو بڵێی دەبێ کورد نوێنەرایەتی دامودەزگای شیعەگەرێتی بکات کە خۆیان لە دەوڵەتی تازەدا هەموو دەوڵەتیان خستۆتە پاوانی دیاردە دینییەکانی شیعەوە و ئەمەش پێچەوانەی دەستووری وڵاتە. سامی خۆی لە دوو دەزگای جیاوازدا مەعاشخۆرە و خۆشی وانیشان دەدات دڵسۆزی مەرجەعیەتە: (پێکەوە گرێدانەوەی سێ دەزگا)، کەچی چاوی بەرایی نایە کوردێک لە پۆستی وەزیری دەرەوەدا بێت نەوەک عیراقێتی عیراق لەکەدار بکرێت. بۆیە ئەگەر جاران لە ئاستی شەعبیدا شیعە لە پەناوپەسێوی سایتەکان و بەناوی خوازراوەوە دژی وەزارەتی دەرەوە بووبن و وەزیری دەرەوە: هۆشیاری زێباریان بە تۆمەتی جۆراوجۆر تۆمەتبار کردبێت، ئەوا ئەمجارە سامی لەوەشدا دەستپێشخەری کرد و بە ئاشکرا دژی وەزارەتەکە قسەی کرد.

دیارترین تۆمەت و (باشترین) دان رۆکردن لە فەزای دینی عیراقدا تۆمەتی "شەوە سوورەکان"ە. عەسکەری بەمە مەبەستی نییە داکۆکی لە هەیبەتی دیبلۆماسیی عیراق بکات، چونکە ڕۆژ نییە خۆی ئەو هەیبەتە بە لێدوانی سەیر و سەمەرە دژی دراوسێکان و وڵاتانی جیهان نەشکێنێت کە دواترینیان ئەوەیە (سعودییە یارمەتی میلیشیاکانی بەسرەی داوە – یانی سعودییەی سوننی یارمەتی تەیاری سەدری شیعەی داوە..) مەبەستی عەسکەری هاوار وناڵە نییە بۆ خەرجی تێچووی (شەوە سوورەکان)ی وەزارەتی دەرەوە کە دەوڵەتی عیراق ئەمڕۆ گەندەڵترین دەوڵەتە و مەعلومیشە زۆرینەی بەدەست کێوەیە؟ مەبەستی عەسکەری وروژاندنی هەستی دینی خەڵکی شیعەیە دژی ئەو وەزارەتەی بە دەست "کوردە سونییە عەلمانیەکانەوەیە". مەبەستی ئەوەیە ئەو خەڵکەی نموونەی وەکو سامی بە مەزهەبێتی گۆشیان کردوون هانبدرێن دژی وەزیری کورد و وەزارەتی "شەوە سوورەکان)بن. ئەمەش خراپترین یاری ساسییە لە فەزایەکی دینی وەکو ئەوەی عیراقدا.

عەسەری لە هەموو شتێک قسەی کردووە تا ئەو ئەندازەی نووسینگەی نوریمالیکی سەرۆک وەزیران ناچار بوو سنوورێکی بۆ دابنێت، بەڵام پاش چی؟ پاش ئەوەی کارێکی کرد کوردی لە بەغدا تۆراند مەگەر شەڕی ئەم دواییەی بەسرە نەبێت کە کەشێکی نوێی خوڵقاند.

سامی هەموو شتێکی وت بۆ ئەوەی بە یەکجاری بەسەریەکدا بیڕوخێنێ. چاوەڕێین دوو قسەی خراپتریش لەسەر کەرکوک بکات.

ئەڵقەی داهاتوو، وائیل عەبدوللەتیف و مریەم رەیسی شۆڤێنی بەسەردا کەوتوو.

# ئیسنادەکانی شافیز

لە ئەمریکای لاتین بێت یان لە بەوابەی شەرقی ئوممەی عەرەبی، عەقلیەتەکە یەک جۆرە، یەک کەلتوور حوکمی دەکات با یەکێک چەپی ئۆلیڤاری و ئەویتریان شیعەی ئیمامی عەلی بێت.

عەقلیەتی پاڵپێوەنانی دەزگای دەوڵەت لە خزمەتی دۆست و ئەحباب و لایەنگراندا، جۆرێکە لە دیموکراسیی بە شەرتی چەقۆ. ئەگەر پاڵێوراوەکانم دەربچن ئەوا خێر عەلا خێر وەگەریش نا "عەلییە و عەلا ئەعدائی".

پێش ئێستا هۆگۆ شافیز، بنکری ڕێبازی کاسترۆیی لە فەنزویلا، هەڕەشەی لە دانیشتوانی هەرێمێکی فەنزویلا کرد ئەگەر پاڵێوراوەکەی دەرنەچێت ئەوا دەبابەکان دادەبەزێنێتە سەرجادە. جا ئەگەر لە هەڵبژاردنی هەرێمێکدا دەبابە بکەوێتە کار بێگومان لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری سەرۆکایەتیدا کیمیاوی بەسەر لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆندا دەڕژێنێت!

ئێمە لە کوردستان زۆر ئاگاداری بزاوتەکانی هاوڕێ شافیز نەبووین، لێرە سەرقاڵی تەنگژەی خانەقین و ڕەدوبەدەلی "هەرێمی کەرکوک" بووین. کە سەرۆک وەزیران هێزی ناردە سەر خانەقین نە هەڵبژاردن هەبوو تا پێویست بکات دەبابەکان بێن و نە "کۆنترا گەریلا"ش خۆیان لە باوە مەحمود حەشاردابوو تا ئەنجەتی کیمیاباران هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا سوپا ماخۆلانی بوو.

دواجار مالیکی داوای دەستکاری دەستووری کرد بە جۆرێک لەگەڵ مەرکەزیەتدا بگونجێ. لەولاش، لە کەرەکاس، شافیز هیوای خواست کە خۆی و لایەنگرەکانی، لەوانەیە مەبەستی هێزەکانی ئیسنادی فەنزویلا بێت، بتوانێت دەستکاری دەستوور بکەن تا دەورەیەکی درێژتر بەسەرۆکی وڵات بمێنێتەوە. داوای وا لە بەغدا و لە کەرەکاس بۆ دەستکارییە، بەڵام ڕیتمی وتنەکەی لە لاقەکردن دەچێت تا دەستکاری، هەردوولا ئەتککردنی دەستوور دەخوازن تا دەستکارییکردنی بڕگە یان دەستەواژە یان وێرگولێک.

بەڵای ئەسڵی نەوتە، ئەم سامانە نەفرەتلێکراوەی یان ژینگەی ئیستبداد و حکومەتی نابەرپرس دابین دەکات یان لە پشێوی و لاوازی دەوڵەتەکاندا دەبێتە مایەی تەماع و تەماعیش باعیسی ئەنارشیزم و ناجێگیرییە. ئەم دەرامەتە نەفرەتییەی نەوت کە دەچێتە چنگی دەوڵەتەوە بێمنەتی و لوتبەرزی فەرمانڕەوایان دەسکەوتی بەرودوایەتی. حکومەتێک باجی دەرامەت و توانای دەنگدەر نەیژێنێت، بێگومان خۆی بە قەرزاربارى هیچ هاوڵاتی و

گروپێکی دەنگدەر نازانێت و لە وەرگرتنی هەڵوێست و دروستکردنی بڕیاردا مامەحەمەیی بۆ میللەت ناکات. دەوڵەتی ڕەیعی بلدۆزەرێکی سیاسییە کە ئامادەیە هەموو بژارەیەکی دەرەوەی خۆی ڕامالێت. جا ئەوجا گرنگ نییە لە ڕۆژهەڵاتی ئیستبدادیدا بێت یان لاتینی حوکمی جەنەڕالەکان.

حاڵی کۆمەڵگە دیموکراتییەکانە کە بە قۆناغی گوزەردا دەڕۆن: ئەوی فەنزویلا حەزی لێیە وەک کاسترۆ بێت بەس بۆی نالوێ و ئەوی عیراقیش بەڕێی سەدامدا دەڕوا لێ بۆی ناچێتە سەر. شایانی باسە لە هەفتاکان بە سەدام دەوترا کاسترۆی عیراق.

# سیاسەتی مینقاشی

دوسێی چـــەند ژمارەیەکـی ئەنسات مەرکـەزیـم خوێنـدەوە، لـە یـەکێـک لـە ژمارەکانـدا لالێکردنەوەیەکی زیرەکانم لە نقیسکارانی ئەنسات بینی.

"ئەلشەرق ئەلئەوسەت" دیدارێکی لەگەڵ عەلی مینقاش سازدابوو، بۆ ئەوانەی لـە بیریـان نەماوە، مینقاش ئەو جوتیارە عیراقییە بـوو کـە لـە ڕزگاری عیراقـدا، بـەعـس بـۆ پڕوپاگـەنـدە هێنایە سەر تەلەفزیۆن، گوایە بە برنەوەکەی فڕۆکەیەکی فڕۆکەیەکی ئەمریکای بـەرداوەتـە خـوارەوە! بـۆ ئەمە سەدام دیارییەکی پێ بەخشی.

لـەم دیـدارەدا مینقـاش دەڵـێ فڕۆکـەکـەم بـەردایـە خـوارەوە، بـەڵام پاداشـتەکـەم وەرنەگرتووە، ئینجـا باسـی شـانازی خـۆی دەکـات بـە خستنەخـوارەوەی فڕۆکـەیـەکـی ئەمریکا.

لەم سەروبەندەدا ئینسات هاتووە، بۆ بەراورد، دیدارێکی پێشتری مینقاشی بڵاوکردۆتـەوە کـە دوای هـەفتـەیـەک لـە ڕووخـانی سـەدام لـەگـەڵـی سـازکراوە، لـێ مینقـاش دەڵـێ خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئەسڵۆئەساسی نییە، مـن هـەر بـۆ ئـەوە بـانگکرام کـە ئـەم قسانە بـۆ بەعس بکەم.

یانی لە یەک "ئەنسات"دا دوو قسەی جیاوازی کاک مینقاش دەبینین: جارێک فڕۆکەی نەخستۆتە خوارەوە و جارێکیش تەفروتونای کرد، بەڵام پارەکەی بۆ نەهاتووە!

باشە، مینقاش بۆ دوو لێدوانی جیاواز دەدات؟

هۆکارەکەی دیارە: سەرلـەبـەری حیکایـەتـەکە فشەیـە. بۆیـە دوای سـەدام ترساوە داخـۆ ئەمریکاییەکان دەستگیری بکەن، چی لێدەکەن؟

دواتر لە سەروبەندی کەشوفشی ئەم دواییەی هەندێک هێزی عیراقی لـە دژی ئـەمریکا زانیویەتی نان لەو سفرەدایە کە دژی واشنتۆنە، بۆیە دیسانەوە ئەسپی سـەدام و فڕۆکـەکانی تاو داوەتەوە، وا دەزانێت هێـزە دژەکانی ئـەمریکا لـە عیـراق ئـەو دیارییـەی بـۆ دەنێـرن کـە سەدام فریانەکەوت پێی بدات!

بەڵام خۆ مینقاش تاکەکەس نییە لە عیراق کە دوو هەڵوێستی جیاوازی هـەبێت و هـەر یەکەیان بۆ هەلومەرجێک بەکاربێنێت، عیراق خۆی وڵاتی هەڵوێست نیشاندان و پـەشیمان بوونەوەیە، ئەم وڵاتە پڕە لە مینقاش ڕەفتار، با ناویشیان مینقاش نەبێت. وەڵێ کورد وەتەنـی هەر ناوی گورگ بەدە.

چەند لاپەڕە لەولاتری باسی مینقاش، 'ئینسات مەرکەزی' دوو لێدوانی جیاوازی سەرۆک وەزیرانی بڵاو کردۆتەوە کە هەردووکیان لەسەر ڕێچکەی ئەدەبیاتی مینقاشی دارێژراون.

لە یەکەمیاندا بەڕێز مالیکی بە شانوباڵی دەستووری عیراقدا هەڵدەدات گوایە بەرز و بڵندترین دەستوورە، لەمەی دووەمیشیاندا کارێک بە دەستوور دەکات شێخ ڕەزا وتەنی: سەرما بە هەتیو، با بەدەواری شڕی نەکردبێت.

ئەگەر لەسەر ئەو شێوازە بڕۆین کە هەر بەرپرسێکی ئەم ولاتە بەپێی پلەی گەرمای هەڵوێستەکانی کەشوهەوا بخوێنێتەوە ئەوا لە زستاندا هاوین و لە بەهاردا پایز دەبینین، کارێکی وا نزیکە لە دەستوەردان لە کاروباری خوا کە لەم دونیا مینقاشییەشدا لێپێچینەوە نەبێت لەویتر سەحیفەی ئەعمالی هەر کەسێک دەکرێتەوە.

# بەکێی دەڵێی؟

چەند ڕۆژێکی تر تەقەکردنی ڕاستەقینە لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەستپێدەکات، ئەوی دوێنی و ئەمڕۆ تەنها تەپوتۆزە. با هێزە گەورەکان سەیرێکی ئاکامەکان بکەن ئینجا هەڵمەتی دژایەتی ڕێوشوێنی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

لە ئێوارەی ڕۆژی دەنگدانەکەوە هاوپەیمانی کوردستان ڕەخنەی خۆی لەسەر مەحرومکردنی دەیان هەزار کوردی دووپاتکردەوە. دەڵێم دووپاتکردەوە، چونکە پێش وادەی هەڵبژاردنیش خۆپیشاندەرانی خانەقین لەسەر مافی شانزەهەزار دەنگدەر هاتنە قسە. پرسیار لێرە ئەوەیە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن فشەی بە تانە و گلەیی هێزەکان، بەتایبەتی هێزە کوردستانییەکان، دێت، یان کورد خۆی بەڵگەکانی ڕێکوپێک نین، یان خەمسارد بووە لە چارەسەرکردنیان؟

ئایا هەموو دەنگدەرێک کە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا نەهاتۆتەوە هەردەبێ وەک شەخسی خۆی تانە لێبدات و بۆی نییە لەگەڵ گروپە نەتەوەییەکەی خۆی تانەی جەماعی لێبدەن؟

پرسیارێکی تر ڕووبەڕووی کۆمیسیۆن دەبێتەوە، ئایا ڕێککەوتە کە زۆربەی ئەوانەی لە ناوچەکانی ململانێ، ناوچەکانی مادەی 140، ناویان نەهاتۆتەوە کوردن؟ ئایا تانەلێدان و گومانکردنی گروپە نەتەوەییەکان لە یەکتری لەو ناوچانەدا ڕاستی قسەی کورد ناسەلمێنن کە دەبوایە مادەی 140 جێبەجێ بوایە بۆ ئەوەی کەشی سیاسیی عیراق، بە کەشی هەڵبژاردن دیموکراسیشەوە، کەشێکی تەندروست بێت؟

وەکو خۆی هێشتنەوەی دۆخی ناوچەکانی ململانێ، با کەرکوک لەولاوە بووەستێ، بووە مایەی جەمسەرگیری نەتەوەیی لە دیالە، موسڵ و تکریت لە کاتێکدا لە ناوچەکانی باشوور و ناوچەی ڕۆژئاوای عیراق ململانێی سیاسیی چووە قۆناغێکی نوێ کە ململانێی نێوان بەرنامە و ئاراستە سیاسییەکانە نەک گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان.

ئەم باسە دەریدەخات کە لە عیراقدا چەند دامودەزگایەکی هاوئاستی وەزارەتەکانی حکومەتی عیراق هەن، سەربەخۆن و دەبێ حکومەت دەستیان تێوەرنەدات کەچی لە ترسا بێت یان بە هۆکاری تر ئەم دەزگایانە لاواز دەردەکەون، یەک لەوانە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەکەونە بەر تەقەی دەرنەچووەکان.

ڕاستە هەموو دەرنەچوویەک ئامادە نییە دان بە دۆڕانی خۆیدا بنێت، بەڵام بەرزبوونەوەی بەلانس پێشێلکاری تانەی سیاسیی و میدیایی لە هەڵبژاردنەکە دەدات و کۆمیسیۆنیش لەوە ناچێت دەرەقەتی بێت.

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دادگای دەستووریی لەهەر وڵاتێکی دیموکراسیی و قانونیدا دوو دەزگای هەستیارن: یەکەمیان لە هەڵبژاردنەکاندا براوە و دۆڕاو دیاری دەکات و دووەمیشیان حەکەم دەبێت لەنێوان دامودەزگا هەڵبژێردراوەکان ئەو کاتەی ململانێ دەکەن لەسەر دەقەکانی دەستوور. بۆ وڵاتێکی فرە پێکهاتەی وەکو عیراقیش کە نەتەوە و مەزهەبەکانی ململانێکانیان بۆ ناو دەستوور و پرۆسەی دیموکراسیی گواستۆتەوە هەستیارییەکە دوو هێندەیە، بەڵام لەم هەڵپەیەی هەڵبژاردندا بە کێ دەڵێی؟

# سەد دەنگدەر

لە هەواڵەکاندا هاتووە کە بەغدا لە ڕۆژی هەڵبژاردندا سەد حاڵەتی منداڵبوونی بە خۆیەوە بینیوە، یانی لەسەرجەم نەخۆشخانەکانی پایتەختدا نزیکەی سەد دایکی ئازا و بە جەرگ بەوپەڕی ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی ژانی لە دایکبوون و ئازارەکانی دروستکردنی ژیانێکی نوێ بوونەتەوە، دەڵێم نزیکەی سەد دایک سەد منداڵیان بووە بەو مەزەندەیەی لەوانەیە هەبن جمکیان بووە (هەواڵەکە وردەکاری تری نەبوو) بۆیە مەرج نییە سەد منداڵ یەکسان بن بە سەد دایک.

هەواڵەکە تەنها ئەو سەر دێڕە بوو: لە ڕۆژی هەڵبژاردن (2009/1/31) سەد حاڵەتی لە دایکبوون، لە پایتەخت تۆمار کراوە.

بێگومان نە حکومەتی ڕێزدار مالیکی دەتوانێ ئیدعا بکات دەستی لەو دەسکەوتانەدا هەبووە و نە کۆمیسیۆنی باڵاش مامانی ئەو پرۆسە ژیانییە بووە کە (100) دەنگدەری دیکەی عیراق دەخاتە ئەستۆیان و دەبێت لە بەرواری (2027/1/31)وە ناویان بخاتە تۆماری دەنگدەرانەوە.

جا لەبەرئەوەی ئەم "سەد عیراقییە دەنگدەرە ئایندەییە" لە ڕۆژی دیموکراسیدا لە دایکبوون و هەر لە سەرەتای هەواڵی موژدەیانەوە تەوزیفی سیاسیی کراون، بۆیە ئێمەش لێرە وەک دەنگدەرێکی هۆشیار و قەوارەیەکی سیاسیی دانپیانراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین:

دەبێ مەیلی ئەم سەد دەنگدەرە لە 2027/1/31/ چۆن بێت؟

ئەگەر دیموکراسی لە عیراقدا بە شێنەیی بڕوابەڕێوە و تووشی گرفتی کودەتا، یان پەتای خاوەخاوی و خۆدزینەوە لە هەڵبژاردن نەبێت، دەکرێ لە 2027/1/31دا نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق و نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بکرێت، واتا دوای (6) خولی تر ئەم سەد دەنگدەرە لە 2027/1/31دا ئامادەی دەنگدانن. واتا ئەگەر هەڵبژاردن لە2027/1/31دا بکرێت کۆمیسیۆن گرفتی ئەمانە چۆن چارە دەکات؟ چونکە کاتێک تۆماری دەنگدەران ڕادەگەیەنرێت ئەم سەدە هێشتا نەگەیشتوونەتە (18) ساڵ و کاتێک لە 2027/1/31 دەنگ دەدرێت ڕێک ئەو ڕۆژە بوونەتە هەژدە ساڵ، بەمجۆرە ئەم سەد عیراقییە دیموکراتخوازە چارەنووسیان لەگەڵ (16) هەزار دەنگدەری خانەقین لە هەڵبژاردنی ئەمساڵدا حەسرەت و مەحرومبوون دەبێت لە دەنگدان.

ئەڵڵاهومە مەگەر کۆمیسیۆن چەند مانگێک هەڵبژاردنی 2027 دوابخات!

دێینەوە سەر پرسیارەکە: ئاراستە و مەیلی ئەم سەد دەنگدەرە چۆن دەبێت؟

ئایا وەک عەبدولکەریم قاسمی ڕەحمەتی فوق المیول والاتجاهات دەبن؟ بەڵام ڕاوەستن، ئەمانە خۆیان لە ڕۆژی بەزمی مەیلداری و ململانێی حزب و لیستەکان لە دایکبوون و دیموکراسیی و مافی هەڵبژاردن چۆتە خوێنیانەوە.

ئایا دەنگ بە لیستی داخراو، یان کراوە دەدەن؟ پاڵێوراوەکانیان دیموکرات، قەومی، عەلمانیەکانن یان حزبە دینییەکان؟

دەنگ بە خانمانی پاڵێوراو دەدەن یان ئاغایانی بەڵێندەر؟

باشە با لە ئەتڵەسی ئەم سەد دەنگدەرە ورد ببینەوە: چەندیان سوننە یان شیعە یان لە دایکێکی شیعە و سوننە لەدایکبوون؟ ئەی ماقوڵە لەو سەدە کوردێکی بەغدادیی تێدا نەبێت؟ یان تورکمان، یان مەسیحییەک؟ چەندیان کچ و چەندیان کوڕن؟ پاش هەژدە ساڵی تر چەند کەس لەم سەدە ناسیونالیستێکی توندڕەو، یان ئاخوندێکی سەدری، یان لیبرالستێکی داماوی لێدەردەچێت؟

خانمەکان دەنگ بە کۆتای ژنان دەدەن، یان بەو پاڵێوراوە پیاوانەی یاسای فرە ژنی پەسەند دەکەن؟

کوردەکە، ئەگەر فـــەیلی بێت دەنگ بە مەزهەب دەدات یان نەتەوە؟ و ئەگەر کوردی بە ئەسڵی سنەیی بێت دەنگ بە لیستی خزمەتگوزاری بەغدا دەدات یان لیستی دروشمە قەومییەکانی هاوپەیمانی کوردستانیی؟

بگرە ئەگەر قسە لەسەر ستراتیژە، کورد چ ستراتیژێکی دەبێت بۆ ئەم سەد عیراقییە. ئەگەر لە هەڵبژاردنی، بۆ نموونە (2049)دا، خۆیان بوونە پاڵێوراو کێ دەڵێ ئەمانە نابنە سەد دیموکراتخوازی پشتیوان، یان سەد دوژمنی پەنهان؟

لەوانەیە ئەم داتانە داتای خەیاڵ و گریمانەبن، بەڵام برایان! ئامار و ماتماتیک چین جگە لە گریمانە و ئەگەر؟

لەوانەشە ئەو سەد کەسە خوانەکردە هەر نەگەنە عومری هەژدە ساڵی، بەڵام پرسیار ئەوەیە بزووتنەوە زیندووەکان ستراتیژ لەسەر ئەگەری مردن دادەنێن، یان یەقینی ژیان؟

# ئەمەشمان بینی

هەتا سەر سپی تر بێت ڕۆژگاری ڕەشتر دەبینین. ژ بەر هەندێ نەمردین و ئەم ئیئتلافەشمان بینی: (ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون) وەک بڵێی ئیئتیلاف و هاوپەیمانی لیستەکانی تر ئیئتیلافی چەتە و ڕێگرەکان بن. وەک بڵێ خەڵکی حەزیان بە دەوڵەت و قانون نەبێت کە ناوی تریان لە لیستەکانیان ناوە!

وڵاتی عیراق لەوەتەی ڕزگاری بووە، چەندینجار ئەم دەستەواژەی ئیئتیلافی بە خۆوە دیتووە.

جارێک دەسەڵاتی کاتیی ئیئتیلاف کە حکومەتەکەی پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی عیراق بوو، ئینجا دووجار ئیئتیلافی برا شیعەکان بوو کە ئەوی دەنکێک لە هەریسەکەی ئیمامی عەلی خواردبێ لەوێ جێی بۆ خۆی گرتبوو.

زۆری پێنەچوو ئەم ئیئتیلافە پان و پۆڕە (کە لە حزبەکەی ڕێزدار مالیکییەوە دەستپێدەکرد و بەو لیستەی چەند ساڵ دوای ئەوە ناوی دەرچوو لە یاسایان لێنرا، کۆتایی پێدەهات) لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. ئیتر شیعە وەک سوننە بوونە چەند بەشێکەوە ئەگەرچی دینی خوا هەریەکە و لەوەی زیاتر دوو کەرتی و دوو بەرەکی هەڵنەدەگرت.

ئێستا کە ئێمە ڕوو لە هەڵبژاردنێکی نوێ دەکەین مەعلومە کە هەموو هەڵبژاردنێک بەزمی ئیئتیلاف و لیستی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون دوا ئیئتیلافە کە تەنیا لە لایەنگرانی بەڕێز سەرۆک وەزیران پێکهاتووە، بەڵام هەر بە ئیئتیلافیش حسێبە، چونکە پێکهاتەکانی جیاوازن: هەیانە بەڕێز مالیکی خۆشدەوێت، هەیانە دۆستێتی و هەشیانە لایەنگر و موریدێتی.

ئەمانە ئەگەر مالیکی نەبوایە دەبوون بە چەند لیستێکەوە، باشبوو قانون یەکیخستن!

ئەم زمانە شیرینە عەرەبییە پڕە لە ڕەوانبێژی و مەجاز بۆیە بە لایەنگرانی "مەجالیسی ئیسناد" دەگوترێت ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون.

ئەم هەڵبژاردنەش چەند جدییە ئەوەندەش دەرگای والایە بۆ کۆمیدیا، بۆیە سایتی لیستی "دەوڵەتی قانون" لە باسکردنی دەسکەوتەکانی مالیکیدا تێکشکانی "هێزی کورد" و ڕاستکردنەی "داڕزینی هێزی عەرەب" بە وێستگەیەکی چۆنایەتی چەسپاندنی دەوڵەتی قانون لە قەڵەم دەدرێت، تەماشاکەن لیستی بەڕێز سەرۆک وەزیران بۆ بردنەوەی نفوز لە باشوور شانازی بە کەمکردنەوەی نفوزی (باکوور) دەکات.

ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون خۆی لەسەر هیچ بیروکراسی و یاسا و ڕێسایەک پەک ناخات، بۆیە کە بۆی دەردەکەوێت جیهازی ئیستخبارات بە تەواوی لە بندەستی ئەمریکاییەکانە نایەت گۆڕانی ناوەخنی بۆ بکات، بەڵکو دێت جیهازێکی نوێی موخابەرات دروستدەکات، جا ئیتر با ئەو (جیهازە ئەمریکاییەی پێگەی ئەلکترۆنی ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون گومان لە نیشتمانپەروەریتی دەکات) ئەگەر ئازایە با شەڕی نفوزی ئیستخباری لەگەڵ موخابەراتەکەی سەرۆک وەزیراندا بکات.

دەوڵەتی قانون وا نەچەسپێت ئەی چۆن دەچەسپێت؟

# سارکوزی پێش میدڤیدی دایەوە

فەڕەنسا و ڕوسیا دوو دۆستی سەنگینی وڵاتی عیراقن. ئەم دۆستایەتییە لە سەردەمی حکومەتی پێش 2003یشدا هەر درێژەی کێشا. لێ ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی:

-ڕوسیا لە شەستەکان و هەفتاکان هەم دۆستی بەغدا بێت و هەمیش لەگەڵ بزووتنەوەی کورد نێوانی هەبێت.

-فەڕەنسا لە هەفتاکان، هەشتاکان و نەوەدەکان حەزورێکی باشی لە بەغدا هەبوو بەس ئەمە ڕێگر نەبوو لەوە فەڕەنسییەکان هامشۆی کورد بکەن.

لە گەرمەی پەیوەندی دەورانی کۆچکردوو فرانسوا میتران لەگەڵ بەغدا، پاریس لە ساڵی 1989دا میوانداری کۆنگرەیەکی کوردستانی کرد بۆ کوردە لێقەوماوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، لە کۆڕەوی 1991دا فەڕەنسا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کەینوبەینی ناوچەی دژە فڕین لە کوردستان. لە ساڵی 1994دا سەرپەرشتی ڕێککەوتننامەی پاریسی کرد، فەڕەنسا و ڕوسیا دۆستی عیراقی ڕەسمی و عیراقی عیراقییەکانیش بوون تا سەدام ڕووخا.

ئیتر دوای سەدام دەرفەتێک بوو بۆ هەردوو لایان عیراقی ڕەسمی و عیراقی عیراقییەکان لێکبدەن و ببنە دۆستی دەوڵەت و میللەتی عیراق، لێ فاکتەرێکی تر لە هاوکێشەکە بووە ڕێگر: ئەمریکا مامانی عیراقی دوای سەدام بوو. ئەم وڵاتەش سەد دەعوا و گرفتی لەگەڵ مۆسکۆ و پاریس هەیە.

شیراک و پوتین دژی لێدانی بەغدای سەدام بوون. دوای نەمانی سەدامیش بە خۆپارێزییەوە کەوتنە مامەڵەی بەغدای نوێ و دیموکراسیی، بەڵام لە بن سێبەری ئامادەگی ئەمریکای نەیارییانەوە.

لە بیرمانە دووەمین دەورانی حوکمڕانی بوش بەو سیاسەتە دەستپێکرد: ئەی ئەوروپییەکان ئێوە بەشداری ڕزگاری عیراقتان نەکرد، وەرن بەشداری ئاوەدانکردنەوەی بکەن، بەڵام ئەوروپا دوودڵ بوو، ئەمریکاش لە بەشی عیراقدا دەستی تۆزێک گیربوو.

پوتین ڕۆیی و هەروا شیراکیش، میدڤیدیڤ هات و سارکوزیش بە تاو خۆی بە ناو دۆخی عیراقدا کرد.

سارکوزی کە لە سەرچاوەکەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا باشبوو گرفتی لەگەڵ ناوچەکانی نفوزی بوشدا نەبوو، یەکەوسەر کۆشنەر، دۆستی کورد، یانی دۆستی 'عیراقییە دیموکراتخوازەکان'ی کردە وەزیری دەرەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە تا سەردانی دوێنێی سارکوزی

بۆ بەغدا تەونی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان بەغدا و پاریس دەچنرێت کە لەلایەک بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی فەڕەنسای جاران لەگەڵ عیراقی جاران بپارێزێ و لەلایەکی دیکەشەوە فەڕەنسای سارکوزی لەگەڵ عیراقی تاڵەبانی بباتە وێستگەیەکی تازەی دۆستدارییەوە. بەشێوەیەک بنەمای دۆستایەتی ئابووری بە سەرخانی پەیوەندییەکی سیاسیی لەگەڵ عیراقی سایەی عیراقییەکان کامڵ بکات.

بێ عیراقێکی میللی کە شەرعیەت بداتە عیراقی ڕەسمیی زەحمەتە هیچ وڵاتێک بتوانێت بەرژەوەندی ئابووری بە پەرژینێکی قایم بپارێزێت.

لەمەدا پاریس پێش مۆسکۆی دایەوە.

# شافیز و نجێفی و خورماتوو

ئەمەی خوارەوە بەسەرکردنەوەی چەند هەواڵێکی خۆش و سەمەرەن

-حاڵی نووسین و باری ڕۆژنامەنووسیی زۆر جوان بوون ئێستا ستوونووسیی تری بۆ پەیدا بوون. بڕوانن:

سەرۆکی فەنزوێلا هۆگۆ شافیز بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییەوە بڕیاری داوە ستوونێکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ چەند ڕۆژنامەیەکی ناسراوی وڵاتەکە بنووسێت. لەم ستوونەدا شافیز بیروڕای خۆی لەسەر مەسەلەکانی وڵات و پرۆگرامی هەڵبژاردن دەخاتە ڕوو. ستوونەکەی ڕۆژانی یەکشەممە، سێشەممە و پێنجشەممە دەبێت، یان هاوڵاتیانی فەنزوێلا دەتوانن ڕۆژانی شەممە، دووشەممە و چوارشەممە ڕۆژنامەکانی وڵات بکرن و ڕۆژەکانی شافیز پارەکە لەشتی تردا خەرج بکەن.

شافیز کە ئێستا دەیەوێ دەستکاری دەستوور بکات، پێشتر بەرنامەیەکی هەفتانەی لە تەلەفیزیۆن هەبوو کە خەڵکی پەیوەندییان دەکرد و ئەویش وەڵامی "گشت" پرسیارە سانسۆرکراوەکانی دەدانەوە، چونکە لە بەرنامەی وادا بەشی کۆنترۆڵ ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەبینن!

لەوە دەچێ پاداشتی ستوون زیاتر بێت لە پاداشتی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی. جا دیار نییە شافیز پاداشت لەسەر ئەو نووسینانە وەردەگرێت یان وەک کەرەستەیەکی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەبێت خۆی پارە بدات؟

- بەرەی تورکمانی نەشئەی سەرکەوتن لە خورماتوو هەموو ئەندامانی شاگەشکە کردووە.

لە بەیانێکدا بەرە دەڵێ بەم سەرکەوتنە دەرکەوت ئەوانە دەیدۆڕێنن کە دەخوازن خورماتوو ببەنە سەر شوێنێکی تر. مەبەست لەمە کوردە کە دەخوازێت خورماتوو، ئەوی لە ساڵی نۆسەد و حەفتاوشەشەوە درایە شارەکەی سەدام حسێن، بخاتەوە سەر کەرکوک. یانی بەرەچییەکان کە شەو و ڕۆژ خۆیان وەکو داکۆکیکاری کەرکوک نیشان دەدەن و کەرکوک بە تورکمان ئیلی دەزانن، پێیان ناخۆشە لە چوارچێوەی مادەی 140دا خورماتوو بێتەوە سەر کەرکوک، بەڵکو پێیان خۆشە هەر لە تکریت لای عەرەب ئیلی بێت!

* جین عەرەفە ڕاپۆرتێکی خراپی لەسەر کورد لە موسڵ و بردنەوەی لیستی حەدبا، سەر بە ئوسامە نجێفی، کردووە، لە ڕاپۆرتەکەیدا کە لەڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتێر

بڵاوبۆتەوە عەرەفە بەگاڵتەوە  باسی ئەوە دەکات ئەو ناوچەیەی نەوتی تێدا بێت کورد بە شاری مێژوویی کوردی دەزانێت. ئینجا بە شانوباڵی لیستی شێخە نجێفییەکاندا هەڵدەدات. لیستێک کە دروشمەکانی لەسەر دژایەتیکردنی کورد بیناکرابێت دەبێت لە خزمەتگوزاری و ئامادەشیدا چی بداتە موسڵاوییەکان؟ دروشمی نەتەوەیی نانیانە؟ دەرکردنی کورد خزمەت و ئاوەدانییانە؟ ئەوی موسڵ شارەزابێت دەزانێ چەند نەتەوەیین ئەوەندە عەقلانی و واقیعیشن، بە دوای ئاوەدانی و خۆشگوزەرانییەوەن و دروشمی ڕووت و دژایەتی کورد تا سەر نابن. ئەم جەمسەرگیرییە نەتەوەییە پاش ماوەیەکی تر دەنیشێتەوە و نجێفی و عەرەفەیش دەبێ پێداچوونەوە بە ڕیوایەتەکەیاندا بکەن.

# ئوم ئەلموئمنینیش دەستگیر کرا

هەموو جارێک ناو و ناوەڕۆک یەکناگرنەوە، لە میسر سەماکەرێک هەبوو ناوی "شەریفە فازیل" بوو و ئەلعەیاز و بیللا! بێگومان سەما بە سەمای ڕۆژهەڵاتییشەوە هونەرێکە لە هونەرەکان و کاری ئێمە نییە لە ستوونێکی سیاسییدا تانە لە هونەر بدەین جا هەر چەشنێک بێت، بەڵام خۆ ناوی دیکە زۆر بوون "بۆ گاڵتە و جەفەنگ" بۆچی شەریفە و فازیل ناوبن بۆ سەما و موشتەقاتەکانی؟

هەموو جارێک ناو گوزارشت لەسەر ناوەڕۆک ناکات. سەددام ناوی خۆی نابوو عەبدوڵڵا ئەلموئمین، یانی بەندەی خوای باوەڕمەند! مەعلومە ئەوی سەددام باوەڕی پێی نەبوو باوەڕ و ئیمان و ئەوی دانی پێدا نەدەنا ئەوەبوو کە ئەویش وەک هەر بەشەرێکی سەر ئەم زەمینە بەندەی خوایە. دەتوانێ جەبەروتی هەبێ و ئیدعای ئەزەلیەت بکات، بەڵام نە تا سەر، نە ئەوەی پێیوابوو ئیتر عەبدوڵڵا موئمین ئیمانداریەکەی لای خەڵق و خوا حسێبی بۆ دەکرێت. بەو حاڵەشەوە سەددام لە "هەڵمەتی ئیمانداریدا" ئەم نازناوەی بۆ خۆی قۆرغکردبوو. بە ئەندامە بەعسییەکانی ئیتحادی نیسائیشی دەوت ماجیدات و ساجیدەی خێزانیشی دایکی موجاهیدەکان بوو.

ناو ناو ڕادەکێشێ: ئەم عیراقەی ڕۆژانە پیلان لە فیدراڵیزم دەگیرێ سەروەختێک لە هەر پارێزگایەکیدا ئەمیرێکی تیرۆریستی هەبوو. سەد ئەمیر کە ناوی خۆیان نابوو ئەمیری جەماعەت لە دوو فیدراڵی ئەهوەنتر بوو لای مەرکەزیخوازەکانی وڵات.

چیرۆکەکە ماوێتی، تازە هەواڵەکان ڕایدەگەیەنن هێزەکانی ئەمنیەت ژنێکیان دەستگیرکردووە پێیانوتووە ئومی موئمنین، یانی دایکی باوەڕمەندان. کە سەیری ئەم ئەلقابگەلە شیرینە دەکەی چاوەڕێت لێی ئەوەیە لە مزگەوتێک بەسەر بەرماڵێکەوە بیبینی، کە سەیری دەفتەری کرداری دەکرێت وا نووسراوە ئومی موئمنین کاری بەلاڕێدابردنی موئمینات بووە تا ببنە خۆ تەقێن.

ئەمە ناوی حەرەکی شەیتانێک بووە لە بەرگی باوەڕمەندێک کە ژنانی خێرلە خۆ نەدیوی عیراقی برۆدتە سەر ڕێی فەلاکەت و خۆکوژی.

لە فەرهەنگی ئیرهاب ناوی وا زۆرن کە لە ناوەڕۆکی خۆیان دوورن. دوو ساڵ پێش ئێستا ئاسایش گروپێکی تیرۆریستی دەستگیرکرد بەناوێکی هاوشێوەی خۆشەویستانی فیردۆس. سەیری ئەم ناوە نازدارە، سەرنجڕاکێشەی هەموو شتێکی لێ دەچۆڕێ کە نەرمی

و نیانی و ئاوی سازگاری بەخورٍ بێت. ئەمە بۆ گروپێکی مۆسیقی یان گروپێک دەشێت لەوانەی چات لەسەر ئینتەرنێت دەکەن. کەچی کاغەز و دۆسیێی ئەم گروپە لە ئاسایش دەڵێ ئەمانە قاعیدی بوون، پیلانیان بۆ کردەوەی تیرۆریستی، کاریان بۆ ژن کوشتن، لاوان فەوتاندن و لەناوبردنی ژیار و شارستانی بوو. یانی عاشقی هەموو شتێک تەنیا ژیان و فردۆسەکانی نەبێت!

# بایدن و مالیکی

چی گۆڕاوە تا بکەوینە تەقە لە ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕزگاری عیراق و پرۆسەی جێگیری سیاسییدا؟

ڕێزدار مالیکی، سەرۆک وەزیر، بە توندی وەڵامی ڕێزدار بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکای دایەوە وەختێک وتی: زەمانی گوشارەکانی ئەمریکا بەسەرچوون، لێدوانەکانی بایدن هیچ پاساوێکیان بۆ نییە).

پاساوەکانی ئەم توندییە چین؟

ئاسانە عیراقییەکان بڵێن ئەوە "هەڵوێستێکی نیشتمانیی لێبڕاوانەیە". بەڵام ئەمە هەمان پاساوە، وەختێک کوردێک لێدوانێکی توند لە هەمبەر بەغدا دەدات، ئەدی بۆ لەوکاتە عیراقییەکان وەبیردێننەوە سیاسەت ژیری و لەسەرخۆییە نەک لێدوانی توند؟

ئایا ئەم لێدوانانەی سەرۆک وەزیران بۆ کۆکردنەوەی جەمسەرگیرییەکی نیشتمانییە لە بەرامبەر (دەستوەردان)ێکی ئەمریکا؟ ئایا بە ئاگاهاتنەوەی ویژدانی نەتەوەیی سەرکردەی وڵاتە؟ یان کۆکردنەوەی جەمسەرگیرییە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراق کە سەرۆک وەزیران دەخوازێت نەیارە عیراقییەکانی پێ کەمەندکێش بکات؟

بەڵام خۆنیشاندان وەک هەڵوێستێکی ڕاوەستاو لە بەرامبەر ئەمریکا تەرجەمەی دیکەش هەڵدەگرێت. تەرجەمەی وەک ئەوەی بەڕێز سەرۆک وەزیران بۆچی لە دەستوەردانەکانی دیکە بێدەنگ بوو؟ وکێی تریش جگە لە "عیراقییە نیشتمانپەروەرەکان" قازانج لە پەلاماردانی ئەمریکا دەکەن؟

عیراق و ئەمریکا وێستگەی زۆریان بڕی تا گەیشتنە دۆخی کشانەوەیەکی بەڕێککەوتن وەک لە دوا ساتەکانی سەرۆکی پێشوو بوشدا ئیمزاکرا یان دۆخی کشانەوەیەکی بەرپرسانە وەک لەسەرەتای دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ ئۆبامادا ناوی لێنراوە، ئەم تەگبیرە هاوبەشە تەنها تەگبیری سەربازی نییە، بەڵکو تەگبیرە بۆ ئیدارەدانی پەیوەندی سیاسییش لەنێوان هەردوو لادا. بۆچی سەرۆک وەزیران پێیوایە ڕۆڵی ئەمریکا لە پرسی عیراقدا وا کەمبۆتەوە کە جێگری سەرۆکی نوێ نەتوانێت نوقرچێک بگرێت؟

چی گۆڕاوە وا مالیکی زەمەنی بەسەرچووی ئەمریکاییەکان ڕادەگەیەنێت؟ هێشتا سەد و پەنجا هەزار سەربازی ئەمریکا لە وڵات ماون کە دەتوانن بە مانەوەیان جۆری لێدوانەکان بگۆڕن و دەشتوانن بە چۆڵکردنی لە ناکاوی وڵات پشێوی دوای خۆیان جێبهێڵن، لە

کشانەوەی لە ناکاودا نە سوپا و ئەمنیەتی عیراق وا پتەوە و نە هێزەکانی ئیسنادیش ئیجماعیان لەسەرە تا بتوانن وڵاتی دوای کشانەوە بپارێزن.

مالیکی لە بیری دەچێ ئەگەر ڕیفۆرم نەکرێت سبەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هاندەر نابن بۆ ڕاپرسی لەسەر ڕێککەوتنی کشانەوە؟

عیراق پێویستی بەوەیە سەرۆک وەزیرانەکەی نەشوەی سەرکەوتنی تا ئەندازەی هەڕەشە لە وڵاتێکی گەورە نەیبات. ئەمە شتێکە سیستمە جێگیرەکانی میسر و کەنداویش نا یکەن بۆچی عیراقێکی تازە زام سارێژبوو بیکات؟

بوش دەمی بایدنی پێدانەخرا و ئۆباماش هەروا. کەی ئیشی سەرۆک وەزیرانە وەڵامی هەموو لێدوانێک بداتەوە؟

یان مەسەلە ئەوەیە لە یادەوری مەرکەزیخوازەکانی عیراقدا بایدن فیدراڵیخوازەکەیە؟

# پەیامی مالیکی بۆ کوردستان

خەریکە هاوکێشەی نێوان بەڕێز مالیکی و کوردستان، بە شڵەژانیشەوە بێت، دەچێتەوە سەر سکەی گفتوگۆ و بەردەوامی پەیوەندیگرتن. ئەمەش لە ڕووی پرەنسیپی هەڵکردن و پێکەوەژیان لەناو یەک پرۆسەی سیاسیی عیراقی دوای سەدامدا کارێکی نەک بەجێیە، بەڵکو پەککەوتنی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا نە لەگەڵ هەڤاڵبەندێتی دیموکراسیی و نە لەگەڵ گرێبەستی نێوان عیراقییەکان واتا دەستوور، نەدەگونجا.

چەند مانگی ڕابردوو مانگی بە خەسارەتچوون بوون بۆ بەغدا و کوردستان کە لەم چەند ڕۆژەدا، پێکەوە، یادی شەش ساڵەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەکەنەوە، ئەو ڕژێمەی "هاوپەیمانێتی زوڵملێکراوان" یەک لە فاکتەرەکانی ڕووخانی بوو.

لەم چوارچێوەیەدا سەردانی چاوەڕوانکراوی وەفدی حزبی دەعوە بۆ کوردستان بەشێکی کۆششی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە.

دەگوترێ وەفدی ناوبراو مەسجی مالیکی پێیە بۆ کوردستان کە هەوڵبدرێت بەشێنەیی و هەنگاوبەندی کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەبکرێن. لە ماوەی ڕابردوودا بەڕێز سەرۆک وەزیران جارێک لە ئوستراليا بۆنەی باسکردنی کەرکوکی بۆ تەئکیدکردنەوە لەسەر ماددەی 140 قۆستەوە و لە دیداری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمیشدا هەمان ئارەزوو دەرکەوتەوە. ڕاستییەکەی ئەگەر ئیرادەی بەهێزی چارەسەرکردنی کێشەکان هەبێت، پرۆسەی سیاسیی عیراق دەتوانێت زیاد لە وێستگە و دەرفەتێک بۆ نزیکایەتی لەنێوان مالیکی و کوردستان دابین بکات.

ڕاستە ئێمە لێرە لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکان قسە دەکەین و سیاسەتیش هاوسەنگی هێز و کارتەکانی بەردەست ڕۆڵی گەورە لە جولانیدا دەگێڕن، بەلام هەقە پرەنسیپەکانی هەڤاڵبەندی ناو یەک پرۆسەی سیاسیی و ئامانجە هاوبەشە بە دەستووریی کراوەکانیش بە دەوری خۆیان ڕێنوێن بن، نەک تەنیا تەنگژە و گوشاری بەرەکانی دیکەی ململانێ کە ئێستا هەموو لایەک دەزانن سەرۆک وەزیران لە بەرەی ئاشتەوایی نیشتمانیی، بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسیی و مەسەلەی پڕکردنەوەی کورسی بەتاڵی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەراندا گرفت و گرژی هەیە، ئەمانەش هەر یەکێکیان بە تەنیا بگری دەتوانن ئیستحقاقاتەکانی حوکمڕانیکردن سست بکەن و دۆسیەکی خراپ لەسەر حزبەکەی مالیکی بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری داهاتوو تۆمار بکەن.

سیاسەت لە عیراق وەک هەر وڵاتێکی تر لە توخمی کارت و گوشار بەدەر نییە، بەڵام پلەی سەرۆکایەتی حکومەتیش جۆرێک لە بەرپرسیاری مۆراڵی دروست دەکات کە لەجێی ئارامکردنەوەی بەرەیەکی ململانێ و بەرپاکردنی کێشە لە بەرەیەکی تردا هەقە یەک پاکەتی چارەسەر هەبێت بۆ کێشەکان بە کێشەکانی هەرێم و بەغداشەوە.

کێشەکانی هەرێم لە هەر دوولاوە وا ئەزبەر کراون کە خەریکە بڵێین دەستوور وەک مەرجەعێک و پرۆسەی سیاسیی وەک ئالیەتێک نەخشەی ڕێگای بۆ داناوە ئەگەر نیەت و ئیرادە هەبێت.

لەم حاڵەدا دەشێ پەیامی مالیکی بۆ کوردستان پەیامی تێپەڕاندنی کات بەفیڕۆدانی ڕابردوو بێت و بۆ دابینکردنی کەشێکی تەندروست بێت تا نەخشەی ڕێگاکە سەر دەربێنێتەوە. هەروەها لە سیاسەتی عیراقیشدا هەمان ڕێگا پێویستە تا کەموکوڕییەکانی حکومڕانی پڕبکرێنەوە.

ئەگەر وایە وێڕای تۆمارکردنی تێبینییەکانی لەسەر ئەنگێزەی سەرۆک وەزیران لە دوورکەوتنەوەی ڕابردووی و نزیککەوتنەوەی ئێستای، هەرێمی کوردستانیش وا چاکە بەدڵی کراوە و دیدی وریاوە باوەش بۆ هەوڵەکانی ئاساییکردنەوە بکاتەوە، چونکە ئێمە خاوەن مەسەلەیەکی هەستیاریین کە ژینگەیەکی لە باری گەرەکە. ژینگەیەک هەرێم ڕانەکێشێتە ناو داوی ململانێی نەخوازراوی میدیایی و تەپکەی گۆشەگیرییەوە.

# تەگبیریی هەرێمایەتی لە کشانەوەی ئۆبامادا

ئەگەر ئەمریکا لە عیراق بکشێتەوە پێویستی بە تەگبیریی هاوبەش دەبێت. ئەم تەگبیرە لەگەڵ عیراقییەکان دەکات یان بە ناوی مەنزومەیەکی ئیقلیمییەوە ئـــەم دۆسێیە دەداتە دەست دراوسێ بێ لایەن نەبووەکانی عیراق؟

یەک لە بـژارە سیاسـییەکانی بەردەم ئۆبامـا، ئەوەیە فـاکتەری ئیقلیمـی بەشـداری پـێ بکـات لە دۆسـێی عیراقـدا. ئەمەش بژارەیەکـی کـۆن و نـوێیە. کـۆنە، چـونکە ئەمریکـا لە سـەردەمی بوشـدا، زنجیـرەیەک دیـداری لەگەڵ ئێرانییەکان لە بەغـدا سـازکرد و ئەمەش راستەوخۆ دانپیانـانێکی ناچـاری بـوو بە رۆڵـی ئێـران لە "هێمنـایەتی و ئـاژاوەگێڕی" عیراقـدا. لەگەڵ تورکیاش، بەزەحمەتـیش بێـت کەوتە دانوسـتاندنی دوور و درێـژ، تـا ئەنقەرە بەسـەر "ئـازارە کوردییەکانیـدا" زاڵبێـت. سـوریا لەو دوورە نەوەسـتا، بەڵکـو پـشتیوانی تیـرۆری کـردە ستراتیژ.

نوێیە، چونکە ئۆباما لە بەرنامەیدایە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ئاشتبێتەوە و دڵـی ئەوان بێنێتەوە جێ کە شەڕی دژە تیرۆری بوش زویری کردبوون.

نـوێیە، چـونکە لە دەورانـی بوشـدا دانیـشتن لەگەڵ ئێـران بـۆ ئەوە بـوو تەنها لە پـــرسی عیراقـدا سـەودای لەگـــەڵدا بکرێـت، بەڵام ئـــەمڕۆ دۆسـێی عیـراق یەک لە چـــەندین دۆسێیە کە ئـــەمریکا دەخوازێ لەگەڵ تاران چارەی بکات.

کەس نـاتوانێ دەوری ئیقلیمـی لە عیـراق نادیـدە بگرێـت. ئەم دەورە مێـژوو و جوگرافیـا دروسـتی کـردووە و ئەمریکـا بەو هەمـوو ئامـادەگییە سـەربازیی و سیاسـییە سـتراتیژییە نەیتوانیووە پشتی تێبکات، بەڵام بۆ ئەمریکا و عیراقییەکان رۆڵی ئیقلیمی شتێکی رەها نییە و پێویستی بە دەستگیرۆیی هەیە دەنا لە پرسی عیراقدا خوویی دێرینەیان بەسـەر سیاسـەتی ریالیستیدا زاڵدەبێت.

**نموونەی ئەفگانستان**

خـراپ نیـیە لێـرە لە باسـی ئیقلیمیـدا نمـوونەی نزیکـی ئەفگانـستان بێنیـنەوە. ئەرتەشـی سـۆڤێت لە کـابول کـشانەوە ، گـوایە دراوسـێکانی ئەفگانـستان لەنـاو خۆیانـدا تەگبیـر لە ئەمنیەتی دەکەن. کەچی هەر وڵاتە و دەستی بەسـەر بەشێکی دۆسێی ئەفگانستاندا گرت. ناکۆکەکان شەڕیان کرد تا تاڵیبان کابولی کاولترکرد. ئەمریکا ناچار هاتەوە و بە نرخێکی

گرانتر  تاڵیبانی کرده دەرەوە. سەرەڕای بوونی سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتەکە کەچی بژارەی سیاسیی وابوو دیسانەوە دراوسێکان لە تەگبیری ڕەوشی ئەفگانستاندا بەشداربکرێن. چیمان بینی؟ نە تاڵیبان بە جارێ لەناوچوو و نە  کارزایش توانی پێکناکۆکانی ناوخۆ رازی بکات. ئێستا سەرۆک ئۆباما دەیەوێت جارێکی تر ئامادەگییەکی بەهێزتر بکات بۆ دۆخی ئەفگانستان، کشانەوەی بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بۆ ئەوەیە بچنە قەڵەمڕەوی کارزای و تەناهیی ئەوێ پتەوتر بکەن. یانی "لە عیراق بکشێرەوە بۆ ئەوەی بۆشایی ئەفگانستان پڕبکرێتەوە"! بۆشایی ئەفگانستان بە دروستکردنی بۆشایی لە عیراق چارەدەکرێت؟ سیاسەتی وا لە جوزر ئەلقەمەریش پەیڕەوی ناکرێت.

ئەگەر ڕاست بێت کە ئۆباما بیر لە تەگبیرێکی ئیقیلمی دەکاتەوە بۆ ڕەوشی عیراق مانای وایە عیراق بۆ عیراقییەکان جێناهێڵرێت، بەڵکو عیراق بۆ دراوسێ عیراقییەکان دەمێنێتەوە، چونکە تەجرەبە دەریخستووە تەنها لە هەلومەرجی ئامادەگییەکی هەرە بەهێزی ئەمریکادا عیراقییەکان دەبنەوە خاوەنی عیراق. هیچ نەبێ هەتا عیراق بایی ئەوەندە پتەودەبێت کە دراوسێکانی زەفەری بێ نەبەنەوە. ڕاستییەکەی بێ چاودێرییەکی توندی ئەمریکا زەحمەتە دراوسێکانی عیراق لە دراوسێکانی ئەفگانستان بە پەرۆشتر  بن بۆ جێگریی سیاسیی لەم وڵاتەی لە سەردەمی سەددامدا  گرفت بوو بۆ دراوسێکانی و ئێستاشدا هەر گرفتە بۆیان، بەڵام بە دیوەکەی تردا!

ڕۆڵی تەگبیری ئیقلیمی ئەگەر لەنێوان "ئەمریکا – دراوسێکانی عیراق" بێت بێ بەشداری عیراقییەکان لەو ساتوسەودایە ئاکامێکی خراپ دەخولقێنێ. ئەگەر سێ کوچکەی" عیراق – دراوسێکانی و ئەمریکا "بێت هەر نەیسە، باشترە کە عیراق دەزانێت ئەوەندەی پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە چی دەبێت ئەرکی و چی دەبێتە مافی؟

**مارۆنییەکانی عیراق!**

خۆشباوەڕیی سیاسیی کارێکی خراپە کە پێمان وابێت ئەمریکا تا دونیا دونیایە لێرە دەمێنێتەوە و عیراق بە پەرژینێکی ئەتڵەسی خۆی لە دراوسێکانی دەشارێتەوە. هەر پێکهاتەیەکی سیاسیی وڵاتەکەش، پشت بە فاکتەری ئەمریکی دوور لە هی ئیقلیمی و ناوخۆیی ببەستێت دووبارەکردنەوەی ئەزموونی مارۆنییەکانی لوبنانە وەک سەرکردەیەکی کورد لە چەند بۆنەیەکدا ئاماژەی پێداوە. لەگەڵ ئەوەشدا حزوری ئەمریکی لە دانانی دوا نەخش و نیگار لەسەر تابلۆی عیراقی نوێ هیوایەکی بەجێیە. نەک کورد، بەڵکو وا دەبینین سوننەکانیش لەسەر زاری تارق هاشمی جێگری سەرکۆماری عیراق دووپاتی دەکەنەوە.

ئەسڵەن گرێدانەوەی بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسیی ، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ، لەگەڵ پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی کشانەوە (ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عیراق و ئەمریکا)

خۆی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی عیراقییەکان کشانەوە بە تەگبیری سیاسیی ناوخۆوە دەبەستنەوە. چەند مانگی تر ڕێککەوتنی سۆفا دەکەوێتە بەردەم ڕاپرسییەوە، ئەگەر نوری مالکی سەرۆک وەزیران چاکسازی سیاسیی نەکات وەکو بەڵێنی داوە هێزە عیراقییە سوننەکان، بێگومان کوردییەکانیش، زۆر پەرۆشی هاندانی جەماوەرەکەیان نابن کە دەنگ بۆ ڕێککەوتنی کشانەوە بدەن. ئەو کاتە مەگەر ئۆباما هەر بکشێتەوە، بەڵام بێ لەگەڵ خۆبردنەوەی دەسکەوتەکانی ڕێککەوتنەکە!

### ئایا ئەمە دەکات؟

بەراوردێکی ورد لەنێوان فاکتەری ئیقلیمی و دۆخی سیاسەتی عیراقدا کورتبینی سیاسەتی زاڵکردنی تەگبیری ئیقلیمی بەسەر تەگبیری ناوخۆیی عیراق دەردەخات.

کام لە دراوسێکان لەم وڵاتە باشترن لە خەسڵەتە خاس و باشەکانیان؟

بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە تەجرەبەی سیاسیی عیراق خەریکە پێشی دراوسێکانی دەداتەوە. دیموکراسیی تورکیا کۆنترە کەچی جێی کوردی تێدا نەبۆتەوە. لە کاتێکدا دیموکراسیی عیراقی خەریکە بە زەحمەت و ناخۆشیش بێت دەستوپەنجەی لەگەڵ قەوارەی سیاسیی کورددا نەرم دەکات. سوننەکانی عیراق هەست بە پەراوێزخراوی دەکەن، بەو حاڵەشەوە سیستمی نوێنەرایەتی لەم وڵاتە چانسێکی زیاتر دەخاتە بەردەمیان، زیاتر لە دراوسێ عەرەبییەکانیان.

شیعەکان، کە دەگوترێ لەژێر کاریگەری ئێراندان، لە دیموکراسییەکی شەفافتر و سیستمێکی نەرمتری نوێنەرایەتی بەهرەمەندن. بۆ ئەمریکا عیراق لە دوژمنێکی سەرسەختەوە بۆتە دۆستێکی دیموکرات باشتر لە دۆستە تۆتالیتارەکانی لە ناوچەکە.

### عیراق بە کێ دەسپێرن؟

دەوڵەتی عیراقی دۆستی ئەمریکا چاکتر نوێنەرایەتی هاوڵاتییەکانی خۆی دەکات و ئەمەش دڵنیایی و مسۆگەرییە بۆ ئەمریکا زیاتر لە مسۆگەری سعودییە کە دۆستە، بەڵام نەیتوانی خۆی لە پڕیشکی بنلادنیزم دوور بگرێت.

جا توخوا ئەو ئەدگارە نیشاندراوەی ئیقلیم شایانی ئەوەیە عیراقی بێ تەگبیریی (عیراقی – ئەمریکی) بخرێتە بەردەست؟ شتی وا تەنانەت لە ڕاسپاردەکانی بیکەر هاملتۆنیشدا بە ڕەهایی باس نەکراوە. ئیدارەی نوێ هەقی خۆیەتی ئەو ڕاپۆرتە جەمهورییە -دیموکراتە دەور بکاتەوە، چونکە پارەی تێدا خەرجکراوە، بەڵام هەقدەستی جیمس بیکەر و لی هاملتن چەند بکا هێشتا بەقەدەر ئەو نرخە نییە کە تەگبیریی دوولایەنەی (ئەمریکایی-هەرێمایەتی) لەسەر واسنتۆنی دەکاتە ماڵ. نرخی هەنگاوێکی وا هێندە زۆرە ڕەنگە دواجار ئەمریکاییەکان بڵێن خۆزگە نە دەهاتینە ناوچەکە، کە هاتیشین خۆزگە وا نەدەکشاینەوە.

لەم نێوەنـدەدا عیراقییەکـانیش ئەرکیـان لە ئەسـتۆدایە، ئەرکێـک کە پـێ لەسـەر سـێ کوچکەی (ئەمریکـایی – هەرێمـایەتی- عیـراق) دابگـرن. یەکـی تـر لە جێـی ئەوەی باسـکی خۆیان بە دراوسێکانیان ئەستوور بکەن. باسکی هەر لایەکیان بەوی تر ئەستوور بێت. بەغدا پشت بە هەرێم و هەرێمیش پاڵبداتە بەغداوە. شیعە دڵنیـایی بـداتە سوننە و چیتـر ویـستی چاکسازی سیاسیی پەک نەخرێت، بەمە بیانووی تەگبیریی ئیقلیمی کز دەبێت.

تێڕوانینی ئێمە رۆمانسی نییە کە داوای چارەی عیراقی، حـزوری ئەمریکـایی، تەگبیریـی سـنووورداری هەرێمـایەتی دەکەیـن، بەڵکـو لە تەجـرەبەوەیە: ملدانەوانـدن لە نـاوخۆدا، بـۆ یەکتری، عیراق لە ملدانەواندنی دەرەکی دەپارێزێت. راستە عیراقی تازە 'عیراقییە تازەکان' حوکمی دەکەن، بەڵام ئەزموونی دەوڵەتی عیراق وا لە خزمەتیاندا: کاتی خۆی سەددام و بۆ ئەوەی کورد بشکێنێ سەری بۆ شا دانەواند، دواتر گرێـی ئەو سـەردانەواندنە پاڵی پێوەنا لە سەردەمی خومەینیدا، شەڕی وڵاتی شا بکات.

باقی چیرۆکەکە خۆتان دەیزانن.

# مێژوو زوڵم لە بوش ناکات

ئەوی بوش لەعێراقدا کردی وەک رۆژی روناک دیارە، پێڵاوێک ناتوانێ بەری خۆری راستییەکان بگرێت.. لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەکارەکانی بوش هەر ئەمرۆ لە کایەکەدایە ، بەڵام مێژوو زوڵم لە کەس ناکات وکاری مێژوویی لە بابەت تێکشکانی ئیستبدادیی، درەنگتر ئاسەوارەکانی دەردەکەوێت.

شتێک بوو لە بابەت کۆمیدیای هەڵەکان: هەر کەسەو خەریکی کارێکی جیاواز لە کارو ناونیشانی خۆی بوو: رۆژنامەوانی عیراقی مونتەزەر زەیدی لە جێی کاری پرۆفیشناڵی رووماڵکردنی رووداوی هاتنی سەرۆک بوش بۆ عیراق هەڵوێستێکی سیاسیی "توند"ی نواندو پێڵاوەکەی بۆ سەروچاوی بوش تێگرت. لە جێی وی سەرۆک بوش زانیاریدا کە "دەتوانم بڵێم پێڵاوەکەی ژمارە 44" بوو. وەک دەزانین پێدانی زانیاری کاری رۆژنامەنووسانە و هەڵوێست نواندنیش کاری سیاسییەکان!

### رێڕەوی پێڵاو

بەڵام لە دەرەوەی "کۆمیدیای هەڵەکان"، شانۆگەرییە کۆمیدییەکەی ولیەم شکسپیر، ئەم باسە دیوێکی تراژیدی هەیە. تراژیدیای ئەوەی سەرۆکێک دێت ئەم وڵاتە لێوان لێوە لە ئیستبداد دەخاتە بەر رووناکی ئازادی و تەسلیمی هاووڵاتییەکانی دەکات. کەچی دیارترین وێنەی پیادەکردنی ئەو ئازادییە بەسەر جەنگاوەری ئازادییەکەدا قڵپدەبێتەوە.

خوێندکار لە مامۆستاکەی یاخی دەبێت، کۆیلەی دەستی دیکتاتۆریی بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە بەڵێ رزگاری بووە ئیرادەی خۆی، بۆیەکەمین جار، لە دژی رزگارکەرەکەی دەخاتە کار.

گێڕانەوەی شیعەکان ئێژێ زیاتر لە هەزار ساڵە چەوساوەی دەستی یەزیدین. کە عیراق دەکەوێتە دەستی شیعەکان پێش سوننە،یان هەر زیانلێکەوتوویەکی دیکەی ئاوابوونی خۆری یەزید، رۆژنامەنووسێکی شیعە پێڵاوەکەی خرۆشۆف "ئیستیعارە"دەکات.

لە پێڵاوی خرۆشۆف لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ پێڵاوی ئەبو تەحسین لە رۆژی دراندنی وێنەی دیکتاتۆردا ، پێڵاو ئامادەگییەکی بەرچاوی لە دوونیای سیاسەتدا هەیە: ئەو دەمەی کاسەی سەر کارناکات، خانەکانی مێشک چارەسەریان پێ نییە و ناتوانن بەهانەی قەناعەتهێنەریان هەبێت، پێڵاوی ژێر پێ خۆی نمایش دەکات.

**ئەمە هاوکێشەی "پێڵاوی پووت لە هەمبەر کەللەی پوت"ە!**

کاردانەوەی بوش هەردەبێ وابێ کە بوو"ئەمە هەوڵێکە بۆ سەرنجراکێشان". راستیش دەکات، هەمیشە "سەرۆکەکانی ئەمەریکا" ئامانجێکی ئامادەن بۆ پێکان لە پێناو سەرنج راکێشاندا.

لە هەشتاکان گەنجێکی ئەمەریکا جۆن هینکلی ، کە شەیدای ئەکتەری شۆخوشەنگ جودی فۆستەر بوو، پەلاماری سەرۆک رۆناڵد ریغانی دا.

خەڵکی وای زانی گەنجەکە ئەجیندایەکی سیاسی لە پشتەوەیە کەچی دەرکەوت نیازی وا بووە فۆستەر بەتیلەی چاو لێی بڕوانێت.

ریگان، ئەم ئەکتەرە دیارەی هۆلیوّد لە گۆرەپانی سیاسەتدا مایەوە، دوو خولی سەرۆکایەتیشی بەرێکرد تا ئەو ئەندازەی لە تۆماری ئەمەریکادا دەورانی ریگانیزم قۆناغێکی درەوشاوەی کۆمارییەکانی بەخۆوە بینی. ریگان یەکێتی سۆڤێتی شەکەت و ماندوو کرد ئینجا، لە ساڵی 1988 دا، وڵاتی تەسلیمی بوشی باوکی ئەم بوشی حازرییە کرد. جودی فۆستەریش بووە خانمە ئەکتەرێکی دیار. لێ لەگوگلدا زۆر گەڕام تا وێنەی ئەو گەنجە شێتەم دەستکەوت کە چوون مونتەزەر زەیدی ویستی "سەرنج"ی بدەنێ.

ئەوجا داخۆ مونتەزەر دەخوازێت سەرنجی کام کچە ئەکتەری عیراقی بۆلای خۆی رابکێشێت کە عیراق ،ماشەللای لێ بێت، پڕە لە ئەکتەری "هۆلیۆد"ی!

**ئەجندای بوش!**

ئەگەر دوونیا گلەیی لە بوش هەبێت، ئەگەر خانم لۆرا بوش رەخنەی لە بوش هەبێت کە زیاد لە پێویست هاوڕێ و هاوسەری ژیانی خۆی فەرامۆش کردووە، عیراقییەکان دواین دەستەن لە جیهاندا کە هەقی گللەییان هەیە لە سەرۆک بوش. بۆیە لە هەمبەر هەڵوێستی نارۆژنامەنووسی مونتەزەردا دەبێ بڵێین پێڵاو تێگرتن وێنەیەکی "چڕو پڕو پرۆفیشناڵییە" لەبێ وەفایی و بێ باریدا. پیاوێک بێت ئەم وڵاتە لە دەست ستەم، شۆڤێنیزم، تایفەگەریێ و هەرچی خووی ناشرینی سیاسیی هەیە رزگار بکات پاداشتەکەی ئەوەبێت کە پێڵاوی تێبگیرێت؟ بەراستی ئەمە برێکی باش قین، چەند کەوچکێک دەرمانی بێ ئەقڵی و چەردەیەکی زۆر زۆری بێ باری دەخوازێت تا رووبدات.

پێڵاو تێگرتن، کارێکی رۆژنامەنووسی نییە، کارێکی سیاسییە با تەنانەت هی دیوە ناشرینەکەی سیاسەتیش بێت. بۆیە لێرە تەنها دەستکەوتە سیاسییەکانی سەرۆک بوش لە عیراق بەسەر دەکەینەوە:

* رزگارکردنی عیراق له دهست سهددام. کارێک که تهیفهکانی ئۆپۆزسیۆن بهشیعه و سوونه و کوردهوه، پاپای ڤاتیکان و مهرجهعی شیعهکان و شێخو ئیسلامیی ئهزههریش پێیان نهکرا.
* له ماوهی پێنج ساڵدا عیراق دوو ههڵبژاردنی سهرتاسهری بۆ پهرلهمانی وڵات بهخۆوه بینیووه. کانوونی دووهمی 2005، کانوونی یهکهمی 2005.
* سێ خولی پهرلهمانی دیووه.
مهجلسی وتهنی کاتی له ساڵی 2004، جهمعیهی وهتهنی له ساڵی 2005 که دهستووری نووسییهوه، ئهنجومهنی نوێنهرانی وڵات که ساڵی داهاتوو خولی چوارساڵی تهواو دهکات.
* چوار حکومهتی گۆڕیووه.
حکومهتی ئهنجومهنی حوکم (2004/2003)، حکوومهتی کاتی د. ئهیاد عهللاوی 2004، حکومهتی ئینتقالی د. ئیبراهیم جهعفهری (2005)، حکومهتی دائیمی نوری مالکی (2005- 2008).
* سێ ماوهی سهرۆکایهتی بهخۆوه بینیووه.
- سهرۆکایهتی کاتی شێخ غازی یاوهر.
ـ سهرۆکایهتی ئینتیقالی مام جهلال وهک یهکهمین سهرکۆماری کورد له ژینگهیهکی عهرهبیدا.
- سهرۆکایهتی دائیمی مام جهلال.
* ههڵبژاردنێکی پارێزگاکانی بهخۆوه دیوه و دهرۆژ دوای وازهێنانی سهرۆک بوش ههڵبژاردنێکی سهرتاسهری دیکهی پارێزگاکان دهکرێت. بوش له 2009/1/20 وازدێنێ و له (2009/1/31) ههڵبژاردنی پارێزگاکان دهکرێت.
* دهستورێکی کاتی (قانونی ئیدارهی دهوڵهت) پهسهندکراوه و دهستوری دائیمی عیراقیش خرایه راپرسییهوه و بووه یاسای بنهڕهتی وڵات.
* جگه لهو ههڵبژاردنانه، له کوردستان ههڵبژاردنێکی سهرتاسهری کووردستانی بۆ پهرلهمانی نوێ و حکومهتێکی یهکگرتوو کرایهوه و له ساڵی 2009دا جارێکی تر ههڵبژاردنی پهرلهمانی دهکرێتهوه.
* کهرکوک له سیاسهتی تهعریب و راگوێزان دهربازی بوو، کورد بهرێی یاسا و سیاسهت خهریکی گێڕانهوهی مێژووه بۆ سهر سکهی خۆی. تهعریب راسته ماوه ئهمما چۆن مانێک؟ شێخ رهزا وتهنی "قووتی لایموت"ی دهدهنێ!

* که بۆش هاته عیراقەوە کورد و شیعە لە کایەی سەرکەوتندا بوون، کە وڵات بەجێ دێڵێ سوونە بە هەموو ئاراستەکانییەوە لە کایەکەدان . تەنانەت بەعسییەکان بە ماسکی جیاجیا و بەپێڵاوی ژمارە (44)یشەوە بەشدارن.

ئەم هەموو وەرگۆرانە هەنووکەییە چۆن دەدرێنە بەر شەقی پێڵاو ئەگەر کەللەپوت نەبێ و بەشیر موشیر وتەنی "دیماغ" میوانی کاسەسەربێت؟

# بەشی دەیەم

## مشتومڕ

# گروپی بەناو حزبی، بەناو کۆمۆنیستی، بەناو کرێکاری، بەناو عیراقی*

ئاکامی وابەستەبوونی فیکریو سیاسیی هەمیشە دۆڕان بووە!

ڕەوتی فیکریو سیاسیی ئەو گروپەی ناوی لەخۆی ناوە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) گرفتێکی دێرینی نێو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی دونیای سێ وەبیر دێنێتەوە کەئەویش گرفتی وابەستەبوونی فیکریو سیاسییە. ئەم گرفتە لەناو سیاسەتی کوردییدا نەک وابەستەیی، بەڵکو نۆکەرایەتی فیکریو سیاسیشی لێدەکەوێتەوە. سەرلێشواوە بەڕەگەز کوردەکانی نێو گروپی (کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) بەتەواوەتی لەڕووی فیکرو ڕوانینو هەڵوێستی سیاسییەوە گرێدراوی بیری شۆڤێنیستی (مەنسوری حیکمەت)ن.

مەنسوریش کەدۆڕاوێکی سیاسیی نێو گۆڕەپانی ئەسڵی خۆیەتی، لەڕوانگەی شۆڤێنیستی نەتەوەی سەردەست ئەمما بەچەمکو گوزارشتی (کۆمۆنیستییەوە) گەڕی لەبزووتنەوەی کوردایەتی ئاڵاندووەو بەخەیاڵی خۆی هەرێمی هەتا ئێستا بێناسنامەی نێودەوڵەتی کوردستانی عیراق ئەو گۆڕەپانە بێساحێبەیە کەدەتوانێ دۆڕانی لەمێژینەی خۆیو گروپەکەی پێ قەرەبوو بکاتەوە. بەوپێیەی ئەم گۆڕەپانە بێساحێب نییەو بزووتنەوەی کوردایەتی کەخوێنی بۆ ڕزگارکردنی کوردستان ڕشتووە خۆی بەساحێبی شەرعییو حوکمڕانی فیعلی گۆڕەپانەکە دەزانێ، سەرەنجام کۆمۆنیست ڕووبەڕووی پێکدادانو چارەنووسی نادیار بوونەوەو کوردستانی عیراقیش شاهیدی دۆڕانێکی تری دۆڕاندنی مەنسور حیکمەتو وابەستە فیکریو سیاسییەکانی بوو.

ئەم ڕەدووکەوتووە فیکریو سیاسییانەی لەژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژیای سەرگەردانی مەنسورداندا، نەحزبن، نەکۆمۆنیستن، نەکرێکارینو هی واشیان تێدایە عیراقیش نین. ئەمانە دووپاتکردنەوەیەکی کۆمیدیانەی بیرکردنەوەی بێگانەپەرستیو خۆبەهیچ نەزانینو بێگانە بەهەمووشت زانینن.

حەیفێ پاش سەدەیەک لەتێکۆشانی کوردو پاش چەند دەیەیەک لەتێکۆشانی تیوری کەتێیدا ئەدەبیاتی کوردایەتی چەندین مەسەلەی فیکریو سیاسیی جێی بایەخی ساغ کردەوەو جیاوازییەکانی دیاری کرد لەنێوان:

-کەڵک وەرگرتن لەکەلتوری فیکریو سیاسی دونیاو ئاوێتەکردنی لەگەڵ تایبەتمەندێتی خۆییو دیتنەوەی ڕێچکەی خۆماڵی لەلایەکو..

-وابەستەیی فیکریو سیاسیی لەڕێی فۆتۆکۆپیکردنی هەموو شتێکەوە بێ‌ڕەچاوکردنی زەمینو زەمانی تایبەتو خەسڵەتە خۆماڵییەکان.

کەچی تازە وا لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا گروپەکەی کۆمۆنیست بەتەواوی وابەستەو کلکی تەوژمێکی فیکریو سیاسیی دەرەکییە.

تەوژمێک کە لەڕووی فیکرییەوە:

-هەڵگەڕانەوەیە لەمارکسیزم.

-هەڵگەڕانەوەیە لەقوتابخانەی کۆمۆنیزم بەوجۆرەی ئەدەبیاتەکانی ڕێبەرانی کۆمۆنیزم باسیان لێوە کردووە.

لەڕووی سیاسیشەوە هەڵوێستیان:

-دژایەتیکردنی ڕاپەڕینی کوردستانو بەپیلانی ئیمپریالیزم لەقەڵەمدانێتی، هەروەک لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە ڕایانگەیاند.

-دژایەتیکردنی هەڵبژاردنی گشتیو پێکهێنانی هەردوو دامەزراوی نیشتمانیی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بووە. هەروەک لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانو بەدرێژایی چەندین ساڵ هەڵسوڕانی سیاسییان وایان کردووە.

-دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردایەتیو بە (بزووتنەوەی ناسیونالیزم شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی) لەقەڵەمدانێتی.

-دەست تێکەڵاوکردنی لەگەڵ دوژمنانی کورد لەڕێی پەیوەندییە گومانلێکراوەکانی مەنسوری حیکمەتو ئەو گروپەی ناوی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران)ی لەخۆناوە کەئەوانە دەمێکە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عیراق پەیدا کردووەو ئەویش ڕایسپاردوون کەئاژاوەو پیلان لەدژی کوردستانی ئازادو حکومەتەکەی بگێڕنو لەگەڵ ڕێکخراوێکیتری دامەزراو لەبەغدا لەم پێناوەدا هاوکاریو هەماهەنگی بکەن.

وابەستبوونە فیکریو سیاسییەکەی گروپی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) وای لێکردوون کە بەتەواوەتی هەموو تێزو بۆچوونەکانی مەنسور قبووڵ بکەن بەم تێزە نارەوایانەشی کە لەسەر کوردایەتیو ڕاپەڕینو حکومەتی هەرێم هەیەتی.

لەحاڵی واشدا چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بەکوردو بزوتنەوە نیشتمانییەکەیەوە هەیە سەرەنجام ئەم گروپە چوونە خانەی نۆکەرایەتی فیکریو سیاسییەوەو ئاویان کردە ئاشی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە داخۆ گروپی (ح.ک.ک.ع) هەتا کەی لەو واهیمەدا دەژین کەدژایەتی کوردایەتی بکەنو پێشیان وابێ خەبات لەپێناوی چەوساوەکاندا دەکەن؟

داخۆ ئەو گروپە کەئەو هەموو هەڵوێستە ناجۆرانەیان وەرگرتبێ لەڕاپەڕینو لەکوردستانی ئازاد، ئەمڕۆ بە چ پێوەرێک ڕوویان دێ نەک هەر داوای بەهرەمەندبوون لەئازادییەکەی ڕاپەڕین، بەڵکو داوای کەڵەگەیی‌و تەراتێنیشی تێدا بکەن؟

گروپێک کەڕێبەرە ڕۆحییەکەی‌و هاوەڵەکانی لەسەردەمی پێش ڕاپەڕیندا نەیانوێرابێ هەڵوێست لەهەڵەبجەو ئەنفال وەربگرن بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەمە دەستێوەردانە لەکاروباری عیراق، ئەمڕۆ بە چ بیانوویەک دەست لەکاروباری کوردستانەکەی بەشی عیراق وەردەدەن، گەر پاساوی ئەوە نەبێ کەحکومەتی عیراق خۆی لێرە نییەو ئەوان لەجیاتی وی ئەرکەکان رادەپەڕێنن؟

عاقیبەی ئەو (تیئورسین)ە شوڤێنیانەی لەوڵاتی خۆیان جێیان نابێتەوە شکستو دۆڕانە لەشوێنانیترو لەنیشتمانی گەلانیتریش.

عاقیبەی سەرلێشێواوانی نەتەوەی ژێردەست کەدەبنە وابەستەی فیکری‌و سیاسیی (تیئورسین)ێکی شۆڤێنیست هەر نۆکەرایەتی‌و چوونەسەنگەری دوژمنانی بزووتنەوەی نیشتمانی دەبێت.

*ئەم وتارە لەژمارەی (2228)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕۆژی (2000/8/19)دا بڵاوکراوەتەوە

# نامەی هەڕەشە، هەڕەشەیە لەدیموکراسی*

(1)

**بۆچی خۆپاڵوتن لەڕیزی حزبی شەهیداندا عەیبەیە؟!**

جێگای داخە کەئەو ئازادییەی بەرهەمی خوێنی شەهیدانو لەسایەی تێکۆشانی خەباتگێڕانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا هاتۆتە دی، ئەمڕۆ بۆ کەسانێک کەبەحیساب لەپلەیەکی بەرزی حزبەکەی خۆیاندا لێپرسراوێتیان هەیە، ببێتە دەرفەتی بەکارهێنانی هەڕەشەو گوڕەشەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو دیموکراسی و پێشێلکردنی خودی ئەو ئازادییەی هەموو خەڵکی کوردستانو هەمووولایەنە سیاسییەکان، بەلایەنی خاوەن هەڕەشەشەوە، لێی بەرخوردن.

بەڵێ کەسانێک ئەمڕۆ دەیانەوێ ئازادی کوردستانو دیموکراسییەتەکەی لەکەداربکەنو وڵاتەکەمان بکەنە مەڵبەندی نائارامی و پشێوی و هەڕەشەی کاغەزو نامەنووسین لەسەردەمێکدا کەخەڵکی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی چاویان لەگەشەپێدانی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنییەو دەخوازن هەنگاوی تازەی ساڵی تازەیان بەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەست پێبکەن. ئەو هەڵبژاردنەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (هادی عەلی عەبدولکەریم) هەرلەئێستاوە دەیەوێ دەستی ئاژاوەگێڕی تێدا بگێڕێو بەنامەی هەڕەشە ئامێز لەپاڵێوراوانو خەڵکی دیموکراتخوازی وڵاتەکەمان، بیشێوێنێ.

بەڵێ کاک هادی، کە کەسێکی سادە نییە، بەڵکو بەرپرسێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووەو لەئیدارەکەی هەولێریشدا گوایە وەزیری (داد)ە، هەڕەشە لەوبەڕێزانە دەکات کەبەنیازی خۆپاڵوتنو بەشداریکردنن لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا.

باشە چۆن دەبێت بەحیساب وەزیری (داد) ئاوەها بێدادی بنوێنێو پێشێلی یاساو عەدالەت بکات، بەتایبەتی لەناوچەیەکدا کەناوچەی قەڵەمڕەوی ئیدارەکەی ئەونییە، بەڵکو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی شەرعی هەرێمە؟ ئەی ئەگەر وەزیری دادنەبوایە داخۆ چیدەکرد؟ بەڕاستی ئەوە مایەی پەژارەی نیشتمانییە کەحزبێک هێشتا دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەستو نەبووبێتە حوکمڕانی کوردستان کەچی لێپرسراوێکی مەکتەبی سیاسی پێشێلی عورفی ئازادی و دیموکراسی بکاو بەپێچەوانەی یاساو عەدالەتو خواستی دیموکراسی هەڵسوکەوت بنوێنێو لەوەش زیاتر خۆپاڵوتن لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەعەیبەو شەرمەزاری بزانێت؟ بۆچی خۆپاڵوتن لەسەر لیستی حزبی شەهیدان، حزبی تێکۆشانە مەزنەکانی کوردایەتی، حزبی هەڵگرسێنەری شۆڕشی نوێ‌و نەخشە داڕێژەرو جێبەجێکاری بەرنامەی راپەڕین، مایەی عەیبداری بێت، هەروەکو بەرپرسەکەی یەکگرتوو لەنامە هەڕەشە ئامێزەکەیدا نووسیویەتی؟

حزبێک کەخاوەنی دەیان‌و سەدان سەروەری نیشتمانی و نەتەوەیی بێت‌و فیداکاری لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی خەڵکی کوردستاندا نواندبێت‌و دەنوێنێت، خۆپاڵوتن لەسەر لیستەکەی نەک هەر مایەی شەرەفێکی گەورەو شانازییەکەی کەم وێنەیە بەڵکو هەقەو پێویستیشە لەهەلومەرجی دیموکراسی و ئازادیدا کەبەخوێنی هەزاران شەهیدی شۆڕشی نوێ بەدی هاتوون، وەک نموونەو سونبلی تێکۆشان‌و خەباتی سیاسی چاوی لێبکرێت‌و ئەوانەی لەسایەی ئازادی دوای راپەڕیندا هاتونەتە سەرسفرەی حازری، خەون بەوئاستە لەتێکۆشان‌و بەوپلەیە لەگیانفیداییەوە ببینن.

بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەی گەل‌و بەرەی ئازادی و دیموکراسی خەڵکی کوردستانە، دیارە ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو خۆی لەبەرەیەکی دژ بەگەل‌و دژ بەئازادی و دیموکراسی خەڵکی کوردستان دەبینێت، بۆیە بەعەیبەی دەزانێ‌و دڵگران دەبێت ئەگەر کەسێک لەڕیزی حزبی بەرەی گەلدا خۆی بپاڵێوێت‌و بەشەرەفی بزانێ کەبەشداری لەگەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستاندا بکات. ئەو پرۆسە دیموکراسییەی، یەکگرتووش لەسایەیدا دەرگای چالاکی سیاسی و پەخشکردنی رادیۆو تەلەفزیۆن‌و رۆژنامەی بۆ والاکراوە.

هەقیشە ئەو دەرگا والاکردنە لەچوارچێوەی عورفی ئازادی و دیموکراسییدا بۆ دەربڕینی ئاشکراو ئازادانەی بیروبۆچوونی خۆیان بخەنەگەڕ نەک پەناببرێتە بەر ناردنی نامەی نهێنی و هەڕەشە ئامێز کەخزمەتی گەشەپێدانی کوردەواری ناکات، بەڵکو پشێوی دەخاتە نێو رەوشی سەقامگیرکردنی دیموکراسییەوە.

ئێمە لێرەدا دەقی نامەکەی وەزیری (داد)ی یەکگرتوو کەبۆبەڕێزێکی ناردووە، وەکو خۆی بلاودەکەینەوە بۆئەوەی کۆمەلانی خەڵک شایەدی راستییەکان بن‌و خۆیان سەرپشک بن لەسەر ناوەڕۆکی نامەکەولەسەر خوێندنەوەو قسەی لەمەودوای ئێمە لەوبارەیەوە.

(2)

**فێڵو عەیب لەفەرهەنگی ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا**

لەنامە هەڕەشەکەی هادی عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوودا کەلەژمارەی دوێنێدا دەقەکەی بلاوکراوەتەوە، لەدوو شوێن باس لەفێڵ، عەیب‌و

عەیبـداری کـراوە، بەڵام لەڕوانگەیەکی جیـاواز لەوەی کەخەڵکی کوردسـتان فێـڵ و عەیبو عەیبداری پێدەناسنەوەو بەمانایەکی جودا لەوەی تائێستا لەعورفو نەریتی سیاسی کورددا فێڵو عەیبی پێ دیاریکراوە.

فێـڵ و فێڵبـازی لەسیاسـەتدا ئەوەیە کەسـەرکردایەتی لایەنێـک لەسـەردانەکانیدا بۆلای سەرکردایەتی هێزو لایەنێکیتردا سوپاسگوزارو ستایشی دۆستایەتیو پەیوەندییە سیاسییەکەی خۆی بکات لەگەڵ ئەولایەنەداو کەچی لەژێرەوەش لەنامەی نهێنییدا ئەولایەنە عەیبدار بکاو هەڕەشە لەوبەڕێزانە بکات کەخۆیان لەڕیزی ئەودا پاڵوتووە. دروست وەک ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەڕێی لێپرسراوێکییەوە کردویەتی.

لەسـەرەوەو لەدیـدارە رەسـمییەکاندا سوپاسگوزاری سـەرکردایەتییەکەی یەکێتیـی نیـشتمانیی کوردسـتانو ستایـشی رۆڵـی یەکێتیـی لەڕێـڕەوەی خەبـاتی گەلـی کـوردو لەبەدیهێنانی ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ بەدیهاتووە دەکەنو، لەژێرەوەش خەڵک لەدژی بەرەی یەکێتی هان دەدەنو خۆپاڵوتن لەڕیزی یەکێتییدا بەعەیبـداری دەزانن. فێڵ لەفەرهەنگی سیاسـی کوردەوارییـدا ئەوەیە کەسـەرکردایەتی یەکگرتـووی ئیـسلامی کوردســتان بەیتوبــالۆرەی ئەوە لێــدەدەن حزبێکــی میــانڕەوی مەدەنــین! کەچــی لەژێـرەوەش نـامەی هەڕەشـە ئـامێز بـۆ خەڵکـی دەنێـرن تابەشـداری هەڵبژاردنـی شارسـتانیانەی شـارەوانی نەکەنو بەرامـبەر بەپاڵێوراوەکـانی ئەوان خۆیـان نەپـاڵێون ئەگینا دڵگران دەبن!

فێـل ئەوەیە کەحزبێکی وەکو یەکگرتـوو لەسـەرەوە ئیـدعای پەیڕەوکردنـی یاسـای حزبەکـان دەکـاو لەبنچینەشـدا کەس نـازانێ سـەرچاوەی داهـاتو دارایــیە زۆرو زەوەنــدەکەی لەکوێــوە دێنــێو چــۆنو لەچیــدا ســەرفی دەکــاتو پــشکی ئەوان لەبیناکردنەوەی ژێرخانی کوردستاندا چییەو چەندە؟

ئەوانە فـرتو فـێڵنو پیـادەکردنی ئەوفـرتو فێڵـنەش مـایەی عەیـبەو عەیبـدارین نەک ئەوەی کەسـێک بەئاشـکراو بـێفرتوفێـل بـیەوێ لەڕیـزی حزبێکـی تێکۆشـەرو خەباتگێڕی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتاندا خـۆی بپـاڵێوێ. ئەوانە فـرتو فـێڵن کەیەکگرتـوو پەیـرەوی لێـدەکاتو فـرتو فێڵـی واش هەر لەئەنـدامەکەی مەکتەبـی سیاسی یەکگرتوو دەوەشێتەوەو هیچ حزبێکی رەسەن پەیڕەوی لەوسیاسەتە عەیبدارە ناکاتو ئامادەی خۆ عەیبدارکردن نییە بەوفرتو فێڵنە.

بەڕاستی نەک سەیرە، بەڵکو عەیبیشە بۆ ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کەحـزبەکەی هـیچ پێـشینەیەکی لەخەبـاتی رزگـاریخوازی کـورددا نیـیەو لەئەنجـامی ئازادی دوای راپەڕین کەبەخوێنی هەزاران شەهیدی یەکێتی هاتۆتە دی، بـۆی لـواوە بێتە سـەرگۆڕەپانی سیاسی، کەچـی لەپـێگەی دەرەوەی دەسـەڵاتەوە کەهێـشتا نەبـۆتە

حوكمڕانیش هەق بەخۆی بدا وەعزو ئیرشاد بداتە خەڵکی و فێڵو عەیبەیان بۆ دەست نیشان بکات.

عەیب ئەوەیە ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو هێندە (ناکر الجمیل) بێت کەهەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسی فەرامۆش بکاو بیەوێ خەڵکی کوردستانیش وەک ئەو فەرامۆشی ئەوە بکەن کێ هێزی ڕەسەنو سەنگینی کوردایەتیو کێش بەپارەو پولی بێگانە خۆی گەورەتر لەقەوارەی ئەسڵی خۆی بینیوەتەوە؟

ئەمجۆرە سیاسەتە ناپەسەندانەو ئەم جۆرە نامە نابەجێیانەن کەعەیبو شکستیان مسۆگەرە نەک خۆپاڵاوتن لەڕیزی حزبێکی نیشتمانپەروەرو لەپێناوی پرۆسەیەکی دیموکراسییدا.

(3)

## ئازادی و دیموکراسی لەڕوانگەی ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووەوە

لەگەڵ نووسینی ئەمجارەدا، نامەیەکی تری کاک هادی عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڵاودەکەینەوە کەدوای بڵاوکردنەوەی نامەی یەکەمو تێبینییەکانی لەسەری نووسران، بۆی ناردوین.

بەڵام لەم نامە تازەیەدا کەتێیدا حاشا لەوەکراوە مەبەست لەنامەی یەکەم هەڕەشەی سیاسی بێتو گوایە بەسیفەتی شەخسی، نەک بەسیفەتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، بۆ خزمێکی نزیک نێردراوە، بەهیچ شێوەیەک ئەوە روون نییە داخۆ چۆن جیاوازی لەنێوان هەڵوێستێکی شەخسی و هەڵوێستێکی بەرپرسیارێتییدا بکەین لەکاتێکدا نامەی هەڕەشەی یەکەم شتی سیاسی دەوروژێنێو هەڵوێستی سیاسی تێدا دەربڕدراوە؟

نامەی یەکەمی ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەپتر لەشوێنێک ئاماژەی وای تێدایە:

(-لەوبەرەیەدا کارت بکردایە)

-لەمەش سەیرتر ئەوەیە کەلەبەرامبەر ئێمەو...

- (ئێمەش پێی دڵگران ببین) کەهەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ هەڵوێستێکی دەستە جەمعی سیاسیی و هەڵبەتە کاک هادی-یش هەموو هەڵوێستێکی دەستە جەمعی هەردەبێ لەگەڵ یەکگرتوودا دەرببڕێ هەروەکو خۆشی لەنامەی دووەمیدا ئاماژەی بۆ کردووە، کەدەڵێ (هەڵوێستی نووسەری نامەکە، هادی، وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەرامبەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەمان هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامییە).

واتـا ئەم هەڵوێـستو بۆچـوونە سیاسـیەی هـادی عەلـی لەهەڵوێـستی سیاسـی حزبەکەی جیاناکرێتەوە.

بـۆئێمە لێـرەدا کەقسە لەسـەر ئـازادی و دیموکراسـی لەڕوانگەی بەرپرسـەکەی یەکگرتووەوە دەکەین ناتوانین وەک هەڵوێستێکی شەخسی تەماشای بکەیـنو نامەی یەکەمو دووەمیش شایەدی ئەوە دەدەن.

ئاشـکرایە هەمـوو پرۆسـەیەکی دیموکراسـی بەواتـای ڕێزگـرتن لەهەڵبـژاردنو بڕیاری ئەندامەکانی کۆمەڵ دێت کەداخۆ چی هەڵدەبژێرنو دەنگ بۆچی دەدەن؟ پرۆسـەی دیموکراسـی واش پێویـستی بەگیـانی لێبـوردنو پەسـەندکردنی ئەوانـی بەرامبەرو ڕێزگرتن لەهەڵبـژاردنو ئیختیاری خەڵک هەیە. ئەگینا هەمـوو کەسێک، تەنـــانەت دیکتاتۆرەکـــانی دونیـــاش ئەو (ئـــازادی و دیموکراســـییەیان) قەبـــوڵە کەلەقازانجی خۆیـان بێـتو ئاکامەکانی پـێش وەخـت بـۆ خۆیـان مـسۆگەر کرابێـت. کەچی بەرپرسـەکەی یەکگرتـوو جگە لەوەی لەدووری دوورەوەو لەناوچەیەکی دوور لە شوێنی هەڵبژاردنەکان دەست لەوردەکاری هەڵبـژاردنەکە وەردەداتو هەڕەشـەی ژێربەژێـر دەنێـرێ، هەرواش لەگەرمەی خۆئامـادەکردنی لایەنەکـانو خۆپـاڵوتنی پاڵێوراواندا ناووناتۆرەی فێڵ و عەیبداری دەداتە پاڵ یەکێتی و پاڵێوراوانی لەدۆڕانو پشێوی نێوخزمان! ئاگادار دەکاتەوە.

ئـاخۆ ئەمە چ دەگەیەنـێ جـگە لەپەسـەندنەکردنی دیموکراسـی و پێـشێلکردنی ئازادیونەبوونی گیانی لێبوردن.

کەی دەرچـوونو مـسۆگەرکردنی دەرچـوونی پـێش وەخـت مانـای سـەلماندنی دیموکراسی گەیاندووە؟

بـــۆچی دەرنەچـــوون لەهەڵبـــژاردن عەیـــبو عەیبـــدارییە؟ ئایـــا لەهەمـــوو ئەو هەڵبژاردنـــانەی کـــراون: هـــی خوێنـــدکاران، مامۆســـتایان یەکگرتـــوو بـــردییەوەو سەرکەوتنی بەدەست هێنا تاوەکو ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسییان سڵ لەدۆڕان بکاتەوەو پێی عەیب بێت؟ ئایا دەکرێ بڵێین ئەو دۆڕاندنانەی پێشوو عەیب بوون، یـان ژێـری سیاسـیو قەنـاعەتی دیموکراسـی ئەوەیە کەبگوترێـت گرنـگ بەشـداری کـردنە لەپرۆسـەی دیموکراسـی و سەرخـستنی هەڵبـژاردنو دیموکراسـیدا نەک ئەوەی مەرج بۆ دیموکراسی دابنرێتو مسۆگەرنەکردنی دەرچوون بەعەیبە لەقەڵەم بـدرێت؟ ئایا دیموکراسی و خـزم خزمێنەیـان گوتـووە؟ ئایا ئـازادی و پـشێوی نێـو خزمانو دڵگرانی یەکگرتوویان گوتووە؟

لەکام پرۆسەی دیموکراسی و لەکام هەلومەرجی ئازادیـدا ئینتیمـای خزمـایەتی و عەشـیرەتی کـراوە بەکـارتی گوشـار بـۆئەوەی بەرێزێکـی پـێناچـار بکرێـت خـۆی

لەخۆپـاڵوتن بکێـشێتەوە؟ مەگەر ئەمە دەسـتێوەردانی نـابەجێ نیـیە لەهەڵبـژاردن‌و وردەکاری گەمەی دیموکراسـی کەتەنـانەت لەنـامەی دووەمیـشیدا (کەئەمجارەیـان ئیمـزای ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـووی ئیـسلامی کوردستانیـشی لەسـەر دانراوە) کاک هادی دیسانەوە تەئکید دەکاتەوە گوایە کاک (رەفعەت) ناوێک بۆ ئەم مەبەستە تەنازولی کردووە.

بەڵام تەنـازول لەچـی؟ خـۆ تەنـازولی داواکـراو تەنـازول نیـیە لەکرێـی خـانوو یـان لەجـۆگەلەیەک ئـاو، یـاخود هەرشـتێک کەدەشـێ لەژیـانی کـۆمەڵایەتی کوردەواریـدا بقەومــێ‌و خــزم‌و عەشــرەت هەوڵــی چارەســەرکردنی بــدەن. تەنــازولی داواکــراو تەنازولێکی سیاسییەو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبێکی سیاسی داوای کـردووە نەک کەسێکیترو نەک بۆ مەبەستێکیتر. لەڕاستییدا ئێمە نازانین داخـۆ کاک هادی لەو ئامۆژگارییەی بۆ (کاک رەفعەت)ی خزمی ناردووە هەمان هەڕەشـەی کـردووە کەلەپـاڵێوراوەکەی ریـزی یەکێتـی کـردووە، یـاخود نـامەو ئامۆژگـارییەکەی دووەمـی چۆن بووە؟ بەڵام لەنامەکەی دووەمیشدا بەڕوونی ئەوە دیـارە کەسـەرەنجام کێـشەی خزمان‌و عەشیرەتی بەتەنازولپێکردنی پاڵێوراوێک کۆتایی پێ‌هێناوە.

ئایا دەکرێ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبێـک کەئایـدۆلۆژیایەکی سیاسـی هەیە بەنـامەی هەڕەشـە تەنـازول بەم، یـان ئەو پـاڵێوراو بکـات؟ ئایـا پرۆسـەی ئـازادی و دیموکراســی بەوە جــوانتر نابێــت کەهەمــوو پــاڵێوراوان بــێ‌تەنــازول پێکــردن، بێ‌عەیبـدارکردنی یەکـدی، بێ‌مەرجـی پێـشوەختی مـسۆگەرکردنی بـردنەوە خۆیـان بپاڵێون‌و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن؟

سـەرەنجام لەهەردوو نـامەدا ئەنـدامەکەی مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـوو سـوورە لەسەرئەوەی بۆچوونە سیاسییەکانی بۆچوونی سیاسی نین‌و بگرە بۆچوونی شەخسین!

بەڵام نـــاوەرۆکی هەردوو نـــامەکەی پـــێچەوانەی ئەوقـــسەیە دەســـەلمێنن. والەخوارەوەش دەقی نامەی دووەم بەدەسـت‌و خەت‌و ئیمـزای خـۆی وەک (ئەنـدامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) بڵاودەکەینەوە!

*ئەم سێ ئەڵقەیە، لە کوردستانی نوێ و بەناوی کوردستانی نوێوە بڵاوبۆتەوە لەسەروبەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەناوچەکانی سەوز. لەساڵی 1999دا، بڵاوبۆتەوە.

# دیموکراسی و گیانی لێبوردن!*

*لەوانەیە هێشتا زۆری مابێ تا ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵسەنگێنین چ لەڕووی دەسکەوتەکانی کەیەکێتیو هەروا ئەزموونی دیموکراسی وڵاتەکەمان بەدەستیان هێناوە، چ لەڕووی شیکردنەوەی شوێنو پێگەی رەنگو دەنگو دەنگە سیاسییە جیاجیاکانی لەهەڵبژاردنەکەدا بەشداربوونو چ لەڕووی پلەی تێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان لەلایەکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لەلایەکی ترەوە. هەڵبەتە تێگەیشتنیان لەو رۆڵو کاریگەرییەی دەشێ لەپرۆسەیەکی وا گرنگی شارەوانی بکەوێتەوە چونکە لەیەک خوردکردنەوەی ئاسایی چەمکەکاندا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەهەمەوو وڵاتێکدا جوانترین پرۆسەی پێکەوەگرێدانەوەی مافی ئازادی (کەمافی دەنگدانو هەڵبژاردنە)و مافی بەرخوردبوونە لەخزمەتگوزارییەکان کەدەبێ شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان، پێشکەشی بکەن.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووشە کە رەهەندە جیاجیاکانی هەڵبژاردنەکان لێکبدەینەوە. لێ لێرەدا دەخوازم وەک رۆژنامەنووسێک لەکەشوهەوای ئازادیو دیموکراسی هەڵبژاردنەکان کە هەموولایەنو حزبەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە، کەڵک وەربگرمو هەر لەپەراوێزی هەڵبژاردندا دوو قسەی ئازادانە بکەم.

*ئەوەی پتر لەهەر شتێک سەرنجی راکێشام پرسی قبوولکردنو قبوولنەکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنە. دروستە کە ئازادییو دیموکراسی بەمانای ئازادی قبوولکردنو رەتکردنەوە دێت بەڵام پیادەکردنی ئازادی و دیموکراسی رێو رەسمی تایبەت بەخۆی دەوێت ئەگەر نەشڵێم (کۆتو بەندی) دیاریکراوی خۆشی هەیە. ئەمە لەپرۆسەی دەنگدانو کاتو شوێنی دەنگدانو هەروەک لەدابونەریتی تەواوی گەمەی هەڵبژاردنەکەشدا تێبینی دەکرێو لەهەموو وڵاتێکیشدا هەروا وابووەو هەرواش دەبێت. بۆ نموونە دیاریکردنی مەرجی تایبەت بۆ تەمەنی پاڵێوراو یان پلەی خوێندەواری کۆمەڵێک (کۆتو بەندن)، ئەگەر دەستەواژەکە دروست بێت، کەهەموومان پێی قایلبووینو بەماقوڵیشی دەزانین. هەروەها دیاریکردنی سەعات هەشتی ئێوارەی رۆژی هەڵبژاردنەکە وەک دواساتی (مافی دەنگدان)، وەک دواساتی مافی پیادەکردنی دیموکراسی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا (کۆتو بەندێکی) دیموکراسییەو هەمووشمان بەخۆشییەوە پێشوازیمان لێکرد بەگەواهی ئەوەی کە ئەوەی

دەنگیدا پێش هەشت دەنگیداو ئەوەش دەنگی نەدا لەهەشتی ئێوارە بەدواوە گێچەڵی بۆ سندووقەکانی دەنگدان نەنایەوە.

دابونەریتی هەڵبژاردنیش وایە کە ئەوکاتەی دەچیتە نێو پرۆسەی دەنگدانەوە دەبێ لایەنێکی دیکەی دیموکراسیش فەرامۆش نەکەیت. ئەگەر بردنەوەو سەرکەوتن لایەنێکی پرۆسەی دیموکراسی بێت ئەوا پەسەندکردنی ئاکامەکانو قبووڵکردنی گیانی لێبوردنو بڵاوکردنەوەی دڵنیایی سیاسی لایەنێکی دیکەی پرۆسەی دیموکراسیو بگرە لایەنە گرنگەکەشێتی. لەم رووەوە ئەو حزبانەی ئیمزای ئاکامەکانی هەڵبژاردنیان کرد بەڕاستی هەقە ستایشی گیانی لێبوردنو قبووڵکردنی ئاکامەکانیان لێبکرێت چونکە هونەر تەنها دەرچوونو بردنەوە (واتا لایەنێکی پرۆسەی دیموکراسی) نییە، بەڵکو هونەر ئەوەیە سەرەڕای دەرنەچوون ویژدانی سیاسییت سەرپشک بێتو ئیمزای سەرکەوتنی پرۆسەکەش بکەیت، ئەو حزبانەی دەرکیان بەڕێوڕەسمی گەمە دیموکراسیەکە کردو زانیان هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسی باجو سەرانەی سیاسی لەسەرەو (کۆتو بەند)ی ئازادنەی هەیە ئەوانە لەگەمەی سیاسیو ململانێی دیموکراسییدا سەرکەوتوودەبن با ئەمڕۆش هیچیان چنگ نەکەوتبێت. عەرەب گوتەنی (الجایات اکثر من الرایحات)!

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە

# شەریکەبەشی، یان ململانێی دیموکراسی؟*

*ئەگەر بتەوێت هەر ئایدیایەکی سیاسی یان هەر پرۆسەو ئەزموونێکی سیاسی لەواقیعی کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکەیت پێویستە لەنێو ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە خۆی کەرەستەو ئامرازەکانی بدۆزیتەوە.

رەنگە ئەو کەرەستەو ئامرازانەی دەدۆزرێنەوە لەئاستی پێویستییەکانی ئایدیاکە یان ئەو پرۆسەو ئەزموونەی دەخوازرێ تاقیبکرێنەوە، نەبن. بەڵام گومانی تێدانییە کەلانی کەمی ئەو خەسڵەتانەیان تێدایە کە بۆ تاقیکردنەوەی ئایدیاکە، پرۆسەو ئەزموونەکە دەست دەدەنو دەشێن. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە گەشەسەندنی رەوشی سیاسی و وردە وردە شارەزایی پەیداکردن لەواری پراکتیکدا وادەکەن کە کەرەستەکانو ئامرازەکانی پیادەکردنو ئینجا پێشقەچوونی پیادەکردنی ئایدیاو پرۆسەو ئەزموونە ئاماژە پێدراوەکان، زیاتر بگونجێنو پڕ بەپێستی ئەو پەیامە بن کە پێیان سپێردراوە. ئەگەر ئەو قسەو ئاماژانە لەسەر واقیعی کۆمەڵی کوردەواری و خواستو نیازەکانی پیادەکردنی دیموکراسیو قووڵکردنەوەو جێگیرکردنی تاقیبکەینەوە، دەبێ بپرسین لەحاڵێکدا کەدەمانەوێ گەشە بەپرۆسەی دیموکراسیو هەروا لەهەموو بوارە سیاسیو کۆمەڵایەتی و روناکبیرییەکاندا گەشەپێدان پەرەپێدەین، ئایا کەرەستەو ئامرازەکانی ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ ئەو ئایدیاو پرۆسەیان پێ سپێردراوە تا چەند لەبارو گونجاونو تاچەند دەتوانن پرۆسەکە پێش بخەن یان بەلانی کەمەوە نەبنە باعیسی دواکەوتنو تەگەرە تێکەوتنی؟

هەمووومان پێکەوە ئومێدمان وایە دیموکراسی شۆڕبکەینەوە بۆ نێوخەڵکو هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆکین کە ئەمە لەسەرێکەوە بەمانای رێکخستنەوەی پرسی ئازادی سیاسیو ئازادییە فەردییەکان دێتو لەسەرێکی دیکەشەوە مانای وایە کە بۆ بەدامەزراوکردنی خواستی ئازادی و ئارەزووی دیموکراسی پێویستمان بەکەرەستەو ئامرازی دیموکراسی هەیە. واتا بەشێوەیەکی تر دیموکراسی دیموکراسیخوازانی دەوێت. ئەو هێزو ناوەندو کەسێتییانەی دەوێت کە هەلومەرجی گەمە دیموکراسییەکە دەزانن و لێی شارەزانو قبووڵیشی دەکەن.

ئەمەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەمو هیوادارم بیوبۆچوونی تەسکی حزبایەتی نەبێتە رێگر لەتێگەیشتنو لێک حاڵی بوون، ئەوەیە کە لەپەراوێزی رەوتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو لەپەنا ئاکامەکانییەوە پێکەڤە لەمەودای نزیکی ئان دووری خواستی

جێگیرکردنی دیموکراسی لەلایەکو کەرەستەکانی جێگیرکردنەکە (واتا دیموکراسیخوازان) بدوێین.

*جێی داخە بەشێکی هێزو ناوەندەکانی کە چاوەڕێ دەکرێت کەرەستەو ئامرازی جێگیرکردنی دیموکراسی بن واتا ئەو دیموکراتانەی ئەرکی جێگیرکردنی دیموکراسییان لەئەستۆیە، حەز دەکەن زیاتر شەریکە بەشی ڕەوشە سیاسییەکەبن تا ململانێکارێکی کارامەی گەمەی دیموکراسی. ئەمەم لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا تێبینی کردو لەڕاستیشدا لەدابونەریتێکی کۆنی حەزی کاری بەرەییەوە سەرچاوەی گرتووە. کاری بەرەییش راستە بۆنی پێکەوە کارکردنی لێدێت، راستە خواستی هەماهەنگی نیشتمانییو نەتەوەیی لەپشتەوەیە لێ لەخواستو دەسکەوتی حزبی و لایەنداریش بێبەری نییە. خواستی ئەوەی لەپاڵ کاری بەرەییدا، لەپاڵ کاری هەماهەنگییدا شەریکە بەشو دەسکەوتی بێکۆششی سیاسی بەدەست بێنێت.

لەڕاستیدا کاری بەرەیی لەهەڵبژاردنو پرۆسەی دیموکراسییدا بەوە دێتەدی کە هەموو لایەک وەک ناوەندو هێڵی دیموکراتی ببنە ململانێکارێکی دیموکراتیانەی پرۆسەکە چونکە ئەو ململانێیە جوانترو مەدەنیترو دیموکراسیترە لەعاجز بوونی دوای هەڵبژاردنو لەئیمزانەکردنی دوای دەرکەوتنی ئاکامەکان.

*ڕەنگە واپێویست بکات پرسی دیموکراسیو ڕەوشی سیاسی لەوڵاتەکەی ئێمەدا لەوەزیاتر گەشە بکاو هەراش ببێت بۆ ئەوەی کەرەستەو ئامرازەکان لەگەڵ ئایدیاو خواستە دیموکراسییەکانی، کەخواستو ئایدیای پاکو خاوێنن، بگونجێننو جووت ببنەوە.

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە

# بەشی یازدەیەم

## یەکێتی و سیاسەتە ڕەسمییەکەی

# ئەمجارە، سەفەر لە پێناو کوردەوارییدا*

هەموو گەشتێکی فراوانی دیبلۆماسیی هەڤاڵ مامجەلالو یەکێتی سەرەنجام دەسکەوتی سیاسی، ئابووری چاکی بۆ کورد لێدەکەوێتەوە، هەندێک دەسکەوت کە بەدەست دێن راستەوخۆ کار لەسەر رەوشی کورد دەکەنو هەندێکیشیان، ئەوانەی ستراتیژیو مەودا دوورن، بۆ دوارۆژ یەدەکی چاکو بەکەڵکنو لەرێگای دابینکردنی مافو داخوازییەکانی گەلەکەماندا رۆڵی مەزن دەگێرن.

ئەمجارەشیان بزاوتی دیپلۆماسی هەڤاڵ مامجەلال کە بۆ گرێدانەوەی زنجیرەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی پێشوو، و ئاوێتەکردنی دەسکەوتەکانی بەدەست هاتوو لەگەڵ ئەوانەی لەرێنو چاوەرێی بەدەست هاتنن، رەنگدانەوەو کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر پێشخستنی رەوشی گەلی کوردو داخوازییە رەواکانی.

داخوازییەکانی ئەمرۆی کورد چونکە ئەزموونێکی حوکمرانیمان هەیە، تەنها داخوازی پشتگیری سیاسی نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا داخوازی دابینکردنی پێداویستییە مرۆییو ئابوورییەکانی ئەو خەڵکەشە کە ئەمرۆ رێبەرایەتی کورد ئەرکی پاراستنو ئیدارەدانی ژیانو گوزەرانیانی کەوتۆتە ئەستۆ.

بۆیە هەنووکە سەفەرەکانی مامجەلالو کۆششە دیپلۆماسییەکانی تەنها لەپێناوی پێشخستنی بزاڤی کوردیەتیدا نییە سەرەرای بایەخی ئەو بوارە، بەڵکو وادەبینین چەند جارێکە بواری پێشخستنی کوردەواری و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریشی گرتۆتەوە. چونکە لەم قۆناغەدا هەردوو پێگەی پێشکەوتنی کورد تێکەڵاوی یەکترینو هەر یەکەیان لەپێشبرکێیەکەدا پاڵنەری ئەوی تریانە.

لەسەفەری ئەمجارەدا دیپلۆماسیی کورد داخوازییەکی نوێی هێناوەتە پێش کە ئەگەرچی لەچوارچێوەی ویستی چاکتر جێبەجێکردنی بریاری (986)دایە، بەڵام لەراستیدا داخوازییەکی چۆنایەتییەو ئەگەر بەردەوام تەئکیدی لەسەر بکرێتەوەو بیانووە یاساییو ئابوورییەکانی بۆی دەهێنرێتەوە تۆکمەو پتەوبن کە هەرواشە، ئەوا سەرەنجام دەشێ پەسەند بکرێو لەدۆستانو پشتگیریکارانی کوردەوە پشتیوانیو تەبەنی بکرێت.

بەڵێ پرسی ئەوەی خوردکردنەوەی بریاری نەوت بەخۆراک داخوازی دابینکردنی مووچەی کارمەندو فەرمانبەرانو هەروەک بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریش بگرێتەوە، داوایەکی بەجێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە دیپلۆماتکاری کورد لەگەڵ خۆی

بردویەتییە دەرەوەو بەپشوویەکی شۆڕشگێڕانەی واری دیپلۆماسییەوە کاری لەسەر دەکات. لەمەشدا شایستەی پشتگیریکردنو هاوکاریکردنی ئەو دۆستانەیە کە لەم سەفەرەشدا دۆستایەتی خۆیان بۆ گەلی کوردستانو تەواوی عیراقییەکان دووپاتکردەوە.

ماوەیەک بەر لەئێستا لەئەنجامی کۆششێکی پێشووی دیپلۆماتی کوردو پشتگیری دۆستانەوە ڕێژە (13%)ەکەی کوردستان لەپرۆسەی نەوت بەخۆراکدا تەسبیتکرا کە ئەوە لەجێی خۆی دەسکەوتێکی چۆنایەتی بوو، وا ئەمجارەشیان لەڕێی سەفەر لەپێناو کوردەواریدا فایلێکی دیکەی کورد (فایلی مووچەی فەرمانبەران و ژێرخانی ئابووریی) چاوەڕێی لێڕوانین و ئیمزاکردنە، هەروەها چاوەڕێی ئەوەشە کورد لەئاشتییەکی جێگیردا کەداخوازییەکی دیکەی سەفەری ئەمجارەشە، ماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە تابەیەک خەباتی یەکگرتووەوە کۆششی دیبلۆماسی بۆ فایلی ئەمجارەو فایلەکانی لەمەوپێش و ئەوانەی لەمەودواش بکات.

*کوردستانی نوێ – ژمارە: (2186) 1/7/2000.

# پاراستنی کوردستان و بەرژەوەندی هاوبەش

*پاراستنی کورد لەکوردستانی عیراقو بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانەی مەترسین بۆ سەر گیانی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەشێک بوو لەهەڵوێستی سیاسی ئەمریکاو هاوسۆزییەکەی بەرامبەر بەکوردو تەواوی خەڵکی عیراق. بەشێک بوو لەو خیتابە دڵنیاکەرەوەیەی کە گەورەبەرپرسانی ئەمریکا لەدیدارەکانیان لەگەڵ هەڤاڵ مامجەلالو وەفدەکانی کوردو ئی ئۆپۆزسیۆنیشدا تەئکیدیان لەسەر دەکردەوە. بەشێک لەو ئیلتزامە دۆستایەتییەی واشنتۆن لەبەرامبەر کورد هەیبوو سەبارەت بەوەی گەلێکی زوڵملێکراوی ژێردەستەی سیاسەتەکانی جینۆسایدو ئەنفالکردنەو شایستەی هاوسۆزییە لەو بەرەنگاربوونەوەیەی بەرامبەر بەو سیاسەتانە دەینوێنێو هەروەک شایستەی پشتگیریکردنە لەو ئەزموونە دیموکراسییەی لەناوچە ئازادکراوەکاندا دەیەوێ سەریخاو بیکاتە نموونەیەک بۆ عیراقێکی دیموکراتی لەدوارۆژدا.

ئەمجارەشیان ئەمریکا لەزمانی ئالگۆری جێگری سەرۆکو پاڵێوراوی حزبی دیموکراتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەمان سیاسەتی واشنتۆنی دەرهەق بەکورد دووپات کردەوە کە (ناوچە ئازادەکەیو ئەزموونە دیموکراتییەکەی دەپارێزنو یارمەتی گەشەپێدانی دەدەن تابێتە نموونەیەک بۆ عیراقی دوارۆژ)، بەڵام هەڵوێستی ئەم جارە خوردکردنەوەیەکی راشکاوانەی گەورە بەرپرسانی ئەمریکای لەگەڵبوو هەروەک لەلێدوانەکەی مستەر بێرگەرو یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکادا دەرکەوت. ئەو دڵنیاییە راشکاوانەی ئەمجارە پێشکەشی مامجەلالو کورد کراوە ئەمانەن:

-پاراستنی کورد سیاسەتێکی (نەگۆڕە)و پەیوەندی بەئیدارەیەکی دیاریکراوەوە نییە.

چونکە ..

-لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکادا کۆکە.

-هەر هێرشێک بۆ سەرووخوارووی هێڵی (36) بەتوندی وەڵام دەدرێتەوەو..

-ئەمەش رەنگدانەوەی بەرژەوەندی هەردوولا (کوردو ئەمریکا)یە.

هەڵبەتە دەبێ کورد حیسابی ورد لەسەر ئەم دڵنیاییکردنەوانە بکاو بەئاگاییەوە لەگەڵ رەوشی ئائێستا گەشەکردووی سیاسی وڵاتو لەگەڵ پێشهاتەکانی دەوروبەردا مامەڵە بکات. چونکە:

-پاراستنی کوردو ئەزموونە دیموکراتییەکەی بووە بەبەشێک لەسیاسەتێکی ستراتیژی نەگۆڕ کە پەیوەندی بەئالگۆری نێو ئیدارەی ئەمریکاو گەمەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە نییە.

-ئەم دڵنیاییە رەوشی ئێمە لەقۆناغی هاوسۆزی لەگەڵ کێشەکەمانەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی هاوبەشی لەگەڵیدا سەبارەت بەوەی پاراستنی کوردستان لەگەڵ ئاسایشی ئەمریکادا کۆکە. چونکە هەڕەشەکاران لەئاسایشو ئارامی کورد هەڕەشە لەئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاش دەکەن بۆیە هەردوولا کوردو وڵاتە یەکگرتووەکان وەک یەک بەرژەوەندییان لەپەکخستنی مەترسییەکی هاوبەشدا هەیە.

-لەداوییشدا خوردکردنەوەی هەڵوێستی ئەمریکا لەپاراستنی کورد تا ئەو پلەیەش تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە کە تەنها ناوچەی دژەفرین ناگرێتەوە، بەڵکو هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر (ناوچە ئازادکراوەکان لەسەرووو خوارووی هێڵی (36)) واتای بەزاندنی هێڵی سوورو سەرهەڵدانی ئەو مەترسییەی پێکەوە هەڕەشە لەئارامیو ئاسایشی کورد لەلایەکو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەلایەکی ترەوە دەکات.

هەڵبەت ئەم دڵنیاییو بەڵێنانەی ئەمریکا پێشکەشی کوردی دەکاو دەبێتە بەشێک لەسیاسەتی نەگۆڕیان، لەبەرامبەردا پێویستی بەسیاسەتێکی کوردانەی هاوسەنگ هەیە کە بەدەوری خۆی بتوانێ دڵنیایی بداتە ئەمریکا کە لەهەرێمەکەی کوردیشدا رێبەرایەتی شایستەو بەرپرسی کورد دەتوانێ دوور لەهەر نزیکبوونەوەیەکی نابەجێ لەگەڵ بەغدا بەلانسەکە بەقازانجی ئاشتییەکی جێگیرو پایەدار بشکێنێتەوە، لەم پێناوەشدا جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، بەبەندی بێمنەتانەی دابەشکردنەوەیەکی عادیلانەی داهاتەکانی کوردستانیشەوە، مەرجی سەرەکی جێگیرکردنی ئەو ئاشتییەیە هەروەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داکۆکی لێدەکا. چونکە لەئاشتییەکی وا جێگیردا:

-لەلایەک پێویست بەنزیکبوونەوەی نابەجێ لەگەڵ بەغدا ناکاتو..

-لەلایەکی دیکەشەوە هەموو گرژییەک کەدەبێتە مایەی وروژاندنی (بەغدا) روو نادات.

جێی وەبیرهێنانەوەشە ئەم دووخاڵەی دوایی دووبەڵێنی رێبەرایەتی کوردبوون کە لەکاتی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی واشنتۆندا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکایان دووپاتکردەوە.

هەر بۆیەش لەو کۆبوونەوەی مستەر بێرگەر کە وەفدەکەی پارتیشی لێبوو، راوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژەی دا کەنابێ نزیکبوونەوە لەبەغدا هەبێت. ئەم ئاماژەیەش بەو مانایەیە کە مادامەکی کورد لەقۆناغی هاوبەشی لەبەرژەوەندییەکاندایەو لەگەڵ ئەمریکا بەرپەرچی یەک هەڕەشە دەدەنەوە، کەوابێ پێویستە هەردولا ئیلتزاماتی هاوبەشیان هەبێ؛ ئەمریکا کورد بپارێزێو کوردیش ئەو ئاشتییە بکات کەنزیکبوونەوە مەترسیدارەکەی بەغدا لەرێی ململانێی نێوخۆییەوە، دووربخاتەوە.

# فیداکاری حزبی له پێناو پێکهاتنەوەیەکی کوردانەدا*

*ئایا راست دەکەین کەدەڵێین ئێمە بە هۆی کارەساتو زیانەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەوە ئەو بڕەوەی کێشەکەمان پەیدای کربدوو لەدەست داو خەمی ئەوەمانە کە ئەوەی چنگ کەوتبوو لە دەست دەرچوو؟ ئەگەر وایە ئیدی (رێککەوتنی واشنتۆن) وا چانسێکی دیکەی داوینەتێ بۆ ئەوەی خەمو حەسرەتی خۆمان بگۆڕینەوە بەکردارێکی ئیجابی لەرێگای دەربازکردنی ئەوەی ماوەو گێڕانەوەی ئەوەی لەدسەت چووە.

رێکەوتنی واشتنۆن دەکاتە خاڵی دەستپێکردنەوەیەکی نوێ وەک ئەو دەستپێکردنەی لەدوای راپەڕینو پێش شەڕی ناوخۆکورد دەستنیشانی کردبوو بۆ ئەوەی هاوسۆزیو پشتگیری دۆستانی دەرەوە ئاکامی باشو دەسکەوتی چۆنایەتی لێ بکەوێتەوە، هەڵبەتە خۆی واچاکتربوو خاڵی دەستپێکی یەکەم بێ شەڕۆ ئاشوب هەروا درێژەی هەبووایەو کەڵەکەبوونی دەسکەوتو پشتگیری زیاتری بۆ زامن کردباین. واچاکتربوو ئەوەی دۆستان دوای راپەڕین بۆیان کردینو ناچار بوون لەواشنتۆن دووپاتی بکەنەوە شەڕ نەیفەوتانبا، بەڵام ئیدی وا چاومان لە ئایندەیە تا بتوانین بەکۆششی لەسەر یەکو چەند سەرە قەرەبووی زەمەنی بەهەدەرچوو بکەینەوە.

*ئەو راو بۆچوونەی کوردستانی نوێ لە جەماوەری کردو لە ژمارەی رۆژی 1998/9/21 بڵاوکرایەوە نیشانی دەدات کە کەشو هەوای دوای رێککەوتنەکە لە رۆژەکانی پێش هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمان دەچێ، گەشەبینییەکی بە ئاگاو نیگەرانی لە تێکچوونی دووبارەی رەشەکە، ئەگەر لە بیرمان بێت رەوشی پێش هەڵبژاردنو سەرەتای هاوسۆزی بەتینی دۆستان دەگەڵماندا رەوشێکی گەشبینو نیگەران بوو چونکە تازە راپەڕین تووشی شکستێکی کاتی هاتبوو و لەهەمان کاتیشدا تازە دۆستانمان لایان لێ دەکردینەوەو هامشۆیان دەکردین. هەنووکەش رەوشی نیگەرانی لە شکستی ئەو دەسکەوتە نێودەوڵەتییەی لە واشنتۆن تۆمارکراوە لەلایەکو گەشبینییەکی بەئاگا لەسەر ئەو بەڵێنانەی واشنتۆن لەزاری وەزیری دەرەوە خانمی ئۆڵبرایت بەکوردی داوە لەلایەکی ترەوە، لە بازاڕو جادەی کوردستاندا تێبینی دەکرێت، چوونە پێشەوە لەدانوستاندنەکاندا لەماوەی دیاری کراوی سێ مانگ بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کاتی تاهەڵبژاردن گەشبینییەکە جێگیرو نیگەرانییەکە کەمتر دەکاتەوە، چوونە پێشەوە لەدانوستاندنەکانو دەستپێکردن لەخاڵە جەوهەرییەکان،

لەمەتنـــی ڕێککەوتـــنەکە نەک لەخـــاڵە لابەلاو لەپەراوێـــزی ڕێککەوتـــنەکەدا، متمـــانە بەسـەرکەوتنی ئاشـتی لای خەڵکـی گەورەتـر دەکـا، هەڵـبەتە ڕێککەوتنـی نێـودەوڵەتی وەکـو ئەوەی لە واشـنتۆن بەسەرپەرشـتیو شـایەدی ئەمریکـا ئیمـزا کـرا. هەم بەرژەوەنـدییەکانی ئاشــتبوونەوەو ســەرکەوتنی کــوردی تێــدا مــسۆگەر دەکــرێو هەم بــۆ ئەوەی دوورایــیە نێودەوڵەتیەکە ئەو سەرکەوتنانە پایەدار بکاو هەڕەشـەکانی لێ دوور بکاتەوە دەبێ ڕەوشی ئیقلیمیو نێگەرانییەکانی دراوسێکانی هەرێمی کوردستان ڕەچاو بکات، بەڵام بۆ کـورد خـۆی خوردکردنەوەی ئەو ڕێکەوتنە پێویستە لە خاڵە جەوهەریو خۆماڵییەکانەوە دەست پێبکات. کە ئەوەش بوو لە سەرێکەوە ئیلتزامـاتە دەرەکییەکـان دەبـنە (تحـصیل حاصـل)و لەسـەرێکی دیکەشەوە سەرلەنوێ ئیجماعێکی نیشتمانی لە ئاستی میللیو ڕەسمییدا بۆ پتـر جێگیرکردنـی ئاشتی دێتە بوون.

*گوتمـان ڕێککەوتـنەکە بـرەوی پێـشووی بـۆ کێـشەی کـورد گێـڕایەوە وەک کێـشەی میللەتێـک نەوەک کێـشەی یەکێتـی یـان پـارتی، کەوا بـێ سـەرکەوتنەکەی لە (واشـنتۆن) بەدەسـت هـات سـەرکەوتنێکی کـوردانەیە نەک حزبیـانە تەنـانەت ئـۆڵبرایتیش لە لێـدوانی ڕەسـمی ئاشـتبوونەوەو لە بەردەم ڕۆژنامەنووسـاندا بەڵێنـی پاراسـتنی حزبەکـانی نەدا بەڵکـو بەڵێنـی پاراسـتنی کـوردو دووبـارە نەبـوونەوەی تراژیەدیـای میللـی ئەنفـالو ڕەوی بەکـۆمەڵی 1991ی بەنــاوی حکــومەتی ئەمریکــاوە ڕاگەیانــد، لەســەر بنچیــنەی ئەوەی تەقەی بــۆکرا دەسکەوتەکانی کوردایەتی لە پێش هەموو شتێکەوە دێنو بەرژەوەنـدی کـۆمەڵایەتی خەڵکـی کوردسـتان لەسـەرووی هەمـوو بەرژەوەنـدییەکی حـزبییەوە دێـن، چـونکە مـادامەکی گـوتراوە شەڕی ناوخۆ بـراوەو دۆڕاوی تێـدا نییەو تەنها میللەتەکە تێـدا زەرەمەنـدە بەهەمـان پێـوەر پێویـستە وامـامەڵە بکەیـن کەئاشـتیش سـەرکەوتوو ودۆڕاوی تێـدا نییەو قازانجکـاری یەکەم کۆمەڵانی خەڵکن.

لەبەر ئەوە هەڤاڵ مـام جەلال هەلـومەرجی خەبـاتی قۆنـاغی ئاشـتی دیـاری کـرد کاتێـک ڕۆژی (9/20) لەبەردەم کوردەکـانی ئەمریکـادا گـوتی: (ئێـمە خەبـات دەکەیـن. کە دەڵـێن خەبات دەکەین واتا هێشتا کەندو کۆسپ ماوە، هێشتا هەندێ شت مـاوە خـوردنەکراوەتەوە، بەڵام بەو گیانەوە ئیش دەکەین کە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێو سـەرکەوێو بچەسپێو لە پێناویشیدا فیداکاری حزبی دەکەین بەرامبـەر بەتەنـازولاتی سیاسی، دەسکەوتی سیاسی، تەنازولاتی حزبی دەکەینو پێمان وایە ئەمە ڕێگای ڕساتە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان).

*هەمووومان دەڵێن لەرابردوودا زیانی زۆرمان وێکەوت، ئێستا دەستپێکێکی ترمان بۆ لواوە تـائەوەی لە حەوت سـاڵی دوای ڕاپەڕینـدا پەرەمـان پێـنەدا لە کەتـایی ئەم سـەدەیەدا تەگبیرێکـی تـری بـۆ بکەیـن، گەلێـک ناپەسـەندە بەو هەمـوو هەلـومەرجە ئیجـابییەو بەم سڵانەی کەهاتە بـۆ کـورد لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا هەمـوولایەک فیـداکاری حزبـی نەنوێنینو کەندو کۆسپەکانی بەردەم ڕێککەوتنێک لە قازانجی کوردایەتیو کوردەواری دایە، لانەبەین.

*کوردستانی نوێ – ئەیلولی ساڵی 1998.

# له رێگای كوردەوارییەكی دیموكراتو گەشەكردوودا*

لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا هەڤاڵ مام جەلال زنجیرەیەک دیداری لەگەڵ توێژو كەرتە جیاجیاكانی كوردەواری ئەنجامدا، بەمەبەستی ئەوەی كە لە نزیكەوە گوێبیستی بیروبۆچوونو داخوازییەكانیان بێتو دیدو سیاسەتەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانیان لەسەر رەوشی كوردەواریو رێڕەوی ئاشتبوونەوەی گشتی بۆ روونبكاتەوە.

ئەو دیدارو كۆبوونەوە راشكاوانەی لەگەڵ مامۆستایانی زانكۆو ئەكادیمیانی كوردستان، پارێزەران، دكتۆرو پزیشككاران، ئەندازیارو باقی توێژەكانی كوردەواری كراونو دەكرێن، وێرای ئەوەی تەئكید كردنەوەی پەیوەندی هەمیشە گەرمو گوڕی نێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستانو كۆمەلانی خەڵكو، جۆشدانەوەی گیانی وەفادارییە، هەرواش درێژەی كۆششی گەشەپێدانی كوردەوارییە لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا كە رێككەوتننامەی مێژوویی واشتنۆنو هەنگاوەكانی لە پێناوی ئاشتبوونەوە نراون، دەرفەتیان بەكوردایەتی داوە بپەرژێتە سەر خزمەتكردنی كوردەواریو هەرچی زیاترە لە توێژەر كەرتەكانی كۆمەڵگە نزیک ببێتەوەو لە پێداویستییەكانیان بپێچێتەوەو بۆ چوونەكانیان لەبەرنامەی كارو سیاسەتی داهاتوودا رەچاوبكات.

بێگومان ئەگەر لەسەردەمی شەڕو پشێویدا رەوتی دیداری لەوجۆرە لەگەڵ كوردەوارییدا هەندێک سستی نەخوازراوی تێكەوتبێت، ئەوا لەهەلومەرجی ئێستادا دەتوانرێت قەرەبووی رابردوو بكرێتەوەو پێكەوە كوردایەتی – كە یەكێتی هێزێكی هەڵسوڕاوێتی – و كوردەواری تەگبیر لە ئایندەیەكی درەوشاوەتر بكەن لە پێناوی سەركەوتنی ئەزموونی حكومڕانی خۆماڵیو بە دیهێنانی ئامانجەكانی گەلی كوردستاندا. هەڵبەتە بە دیهێنانی ئامانجی وا بەرزیش پێویستی بەهەماهەنگی هەموو توێژو ناوەندەكانی كوردەوارییە چ لە ئاستی بزووتنەوە سیاسییەكەو چ لە ئاستی جموجۆڵی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەدا، چونكە بە دیهێنانی خواستو داخوازییەكانی كۆمەلانی خەڵک، كوردەوارییەكی مەدەنیو دیموكراسی ئەوتۆ تۆكمەمان بۆ دێنێتە بەرهەم كە ئامادەی هەموو جۆرە گیانبازیو قوربانیدانێک بێت لە رێگای سەركەوتنی بزووتنەوەی كوردایەتیو بە پێچەوانەشەوە سەرخستنی كوردایەتی دەبێتە مایەی رەخساندنی زەمینەی لاكردنەوەیەكی چاكتر لەگرفتو كێشەكانی كوردەواری بەمەبەستی چارەسەركردنیانو گێرانەوەی كۆمەڵگاكەمان بۆ شارێی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی هەمەلایەنەی واری كۆمەلایەتیو ئابووریو كەلتوری.

ئەگەر چی دیدارو کۆبوونەوەکانی چەند رۆژی رابردوو و ئەوانەی دادێن دەسکەوتی مەعنەویو مانای سیاسی گەورەیان لە خۆگرتووە، بەڵام بەرێوەچوونیشیان لەکەشو هەوایەکی دیموکراتیو راشکاودا خەسڵەتێکی دیکەی شایستەی ئاماژە پێ کردنە، چونکە هەر بەگفتوگۆی دیموکراسییانەو پێ سەلماندن دەتوانرێت گرفتەکان، ئەگەر هەبن، چارەسەر بکرێنو دەسکەوتە بەدیهاتووەکانی حکومەتی هەرێمو کۆمەڵانی خەڵکیش لە چەند ساڵی رابردوودا بەرز بنرخێنرێنو رێزی شیاوی خۆیانیان لێ بگیرێت. چگە لەوەش تەنها لەکەشو هەوای راشکاوو لە چوارچێوەی ئیدارەدانی دیموکراسیدا توێژو گرووپەکانی گۆمەڵ دەتوانن بیروبۆچوونو پێشنیازەکانیان بخەنەڕوو.

لەم بارەیەشەوە کۆبوونەوەکانی مام جەلال لەگەڵ ئەکادیمیانو پارێزەرو دکتۆرو ئەندازیاراندا نموونەیەکی نایابی گفتوگۆی شارستانییو سینگ فراوانی بوو بە جۆرێک کە هەم یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە شانازییەوە دەتوانێت بڵێت لەگەڵ بەرنامەی مەدەنیو هێڵی گشتی سیاسەتی دیموکراسییانەی خۆیدا سەر راستو وەفاداربووەو هەم کەرتەکانی کوردەواریش دەتوانن پێشنیازو بیروبۆچوونی بەجێو سەنگین بۆ پێشکەوتنو پێشخستنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵو ئیدارەدانی وڵات بخەنەڕوو.

*کوردستانی نوێ – ساڵی 1999.

# راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## سیاسەت ئیعلامی گەشەکردوو بۆ دەربڕینی سیاسەتی گەشەپێدان

راگەیانــدنی(ی.ن.ک) نــاوەکەی بەخــۆیەوەیەتی. واتــا راگەیانــدنێکە کەگوزارشــت لەسیاسەتو روانینەکانی یەکێتی دەکات، بۆ ئەوە دروست بووەو شەرعیەتی مانەوەشی لەوەوە وەردەگرێ کە ئەو سیاسەتو روانینانەی یەکێتی بۆ جەماوەر تەرجەمە بکاو بەئامازەو ئامرازی میدیایی خوردی بکاتەوە. لەڕابردوودا هەر وابووەو پێشم وایە دەبێ لەئایندەشدا هەروا ببێو بمێنێتەوە. ئەمما کە ئێمە هەست بەگۆڕانێک یان جیاوازی لەنێوان ئەم قۆناغو ئەو قۆناغەی کاری راگەیاندنی یەکێتی دەکەین ئەوە یان نیشانەی لادانێکی نەویستراوە لەئامانجی دروستبوونی راگەیاندنەکەو شەرعیەتی مانەوەی، یاخود — کە پێم وایە ئەمە راستیەکەیەتی-ئەو جیاوازییە لەنێوان قۆناغەکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشانەی گـۆڕانی پێویستە لەسیاسەتو روانینەکان بەپێی ئەرکەکانی قۆناغ هەروەک بەپێی گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی دەوروبەر کە کاریگەرییان لەسەر داناوین.

بەم پێیە دەتوانین بڵێن کە راگەیاندنی یەکێتی لەشاخو کەناڵەکانی (رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) و (ڕێبازی نوێ) و (الشرارە)ەوە بۆ شارو کەناڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە ( puk tv)یەکان ورادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان)و (کوردستانی نوێ)و (الاتحاد)و چەندان بڵاوکراوی تر، تێکۆشانی بۆ ئەوە کردووە تەرویج بۆ سیاسەتەکانی یەکێتیو شۆرشە نوێیەکەی بکات. جا ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە کەتا چەند سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو تا چەندیش هەوڵەکانی کورتی هێناوە.

ئەگەر لەهەر قۆناغێکدا راگەیاندنی یەکێتی توانیبێتی گوزارشت لەداخوازییەکانی جەماوەر، لەبەها نیشتمانییە جوانەکان، لەئازادییەگشتییەکان، لەدیموکراسییو کرانەوە، لەڕەتکردنەوەی سەرکوتکردنو کوشتنو بڕینو تەعریبو تەرحیل لەمافی چارەی خۆنووسین، لەلابردنی ستەمی چینایەتیو بانگەوازکردن بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەیەکسانی نێوان چینو توێژەکانو نێوان ژنو پیاو، لەهەموو بەرنامەیەکی پێشکەوتنخواز کردبێ ئەوا دەبێ دان بەو راستییەدا بنێن کەلەمەدا سیاسەتەکانی یەکێتی وایەو بۆچوونەکان وی پەیڕەو کردووە. میدیای یەکێتی وەکو میدیای هەموو حزبێک لەدونیا چ پێشکەوتنخوازو چ کۆنەپەرست،چ دیموکراسیو چ دیکتاتۆر بەتەواوەتی پابەندی

سیاسـەتەکانی (ی.ن.ک) بـووە لەگەڵ ئەو جیـاوازییەی کەیەکێتـی چـونکە خـۆی حـزبێکە لەپێنـاو ئەو هەمـوو شتەجوانانەدا دروست بـووەو تێدەکۆشێ کەلەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، بۆیە دەبینین میدیاکەشی میدیای داکۆکی کردنە لەهەموو ئەو شتە جوانانەی باسمان کرد. بێگومـان بەو هەمـوو ئیزافـاتو ئەفرانـدنانەی کادیرەکـانی راگەیانـدن بەدرێژایـی قۆنـاغە جیاجیاکـانی تێکۆشـان هەمە لایەنەی یەکێتـی کردویـانەو چـاکتر وجـوانتر و(هەنـدێک جـار تۆزێ خراپتر) گوزارشتیان لەسیاسەتو بەرنامەی (ی.ن.ک) کردووە.

ئەوە بـۆ هەڤـاڵانی ئەنـدامی کـۆنگرە بەجێـدەهێڵم کە سیاسـەتی لەمەوپێـشی راگەیانـدن بەهەمـوو لقەکـانیەوەو ئەو کۆشـشاانەی لەمـاوەی نێـوان کـۆنگرەی گـشتی یەکەم و ئەوەی دووەمدا کردویەتی، هەڵبسەنگسێنن‌و بۆ خۆم لەحوکمی عادیلانەی ئەوان دڵنیام. بۆیە دێمە سەر ئەوەی داخۆ چاوەڕێ دەکرێ شقڵو شێوازی راگەیانـدنمان لەقۆناغی داهاتووی دوای کۆنگرەی دووەم چۆن بێ؟

لەڕاستییدا وەڵامی ئەو پرسیارەش دیسان دەمـانگێڕێتەوە بـۆ بەرنـامەو سیاسـەتی یەکێتـی خـۆی، داخـۆ یەکێتـی نیـشتمانیی کوردسـتان لەکـۆنگرەو قۆنـاغی خەبـاتی دوای کـۆنگرە چ سیاسـەتو بەرنـامەیەک پەیـرەو دەکاو روانینـی لەسـەر هەلومەرجەکـانی دێنە پـێش چـۆن دەبێ؟ جونکە دیسانەوە دەیڵێمەوە راگەیاندنی یەکێتی لەبەردەرگەی کئنگرە چاوەڕێیە بزانێ چ سیاسـەتو بەرنـامەیەک بڕیـاری لەسـەر دەدرێ بـۆ ئەوەی ئەم لەکەناڵەکانی خۆیـدا، بـۆ قۆناغی داهاتوو، خوردی بکاتەوە لەخەڵکی بگەیەنێو تەرویجو بانگەشەی بۆ بکات. لەبەرئەوە دەبێ بزانین کە یەکێتی بۆ قۆناغی داهاتووی تێکۆشـان چ بەرنامەو سیاسـەتێک دادەڕێـژێو بزوتنەوەی کوردایەتی چۆنئاراستە دەکاو کۆمەڵی کوردەواریش چۆنگەشەپێدەدا؟

هەر لەپێوەدانگەوە بۆ وەڵامی پرسیاری ئەوەی (ئەو بنەمـا کاریگەرانە چـین کە دەکرێـت راگەیاندنی ی.ن.ک کاریان لەسەر بکات...) دەبێ بڵێین ئەو سیاسەتە کاریگەرانە چـین کە یەکێتی بڕیاری لەسەر دەداتو بۆی تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی راگەیاندن بتوانێت(ئاراستـەکردنی جەماوەر لەهەلومەرجە جیاوازەکانداو لەژیانی سیاسیدا مسۆگەر بکات)؟

ئەوە راستە کە راگەیاندنی ناچالاکو هیچ لەبارا نەبوو دەتوانێ ببێتە مایەی زەرەرو زیانی زۆرو مایەی شێواندنی ئەو سیاسەتە راستو دروستانەو ئەو دەسکەوتانەی فڵانە حیزب یان فیسارە دەسـەڵات بەدەسـتی دێنێـت، یـان تەنـانەت راگەیانـدن دەتـوانێ تەعتـیم بخـاتە سـەر کاری چاکو دەسکەوتی باشو وا بکات لەبەرچاوی خەڵـک بـکەوێ، بەڵام لەوەش راسـتتر ئەوەیە هـیچ راگەیانـدنێک بـازۆرترین توانـاو پێـشکەوتووترین تەقنیـاتی لەبەردەسـتدا بێـت نـاتوانێ(هـیچ نەبـێ تاسـەر) سیاسـەتو بەرنـامەی هـیچ لەبـاردا نەبـوو، پەردەپـۆش بکـات. لەبەرئەوە لەپێناوی ئەوەی راگەیاندن بتـوانێ ئاراستـەکردنی جەمـاوەر مـسۆگەر بکات دەبێ سیاســەتەکانی ئەو حــزبەی ئەو گوزارشــتی لــێ دەکــات لەگەڵ خواســتو داخوازییەکــانی جەماوەردا یەک ئاراستە بێت.

بەواتـایەکی تـروا پێویـست دەکـات یەکێتـی لەقۆنـاغی داهاتووشـدا هەر وەکـو رابـردوو، گوزارشـت لەو بەهـا جوانـانە بکـات کە پێـشتر گوزارشـتی لیچکـردووە لەگەڵ رەچـاوکردنی ویستو داخوازییە نوێیەکان لەگەڵ رەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی سەردەم. ئەگەر ئەمە کرا راگەیاندنیش بـۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجو هێڵی گشتی سیاسـەتی یەکێتیدا راستگۆ بێ دەبێ گوزارشت لێ بکات.

دەمێنێـتەوە سـەر ئەوەی راگەیانـدن بەچ شـێوازو بەکـام ئـامراز دەتـوانێ لەهەلـومەرجە جیاوازەکانو لەژیانی سیاسییدا جەماوەر ئاراستە بکات؟

1. پێویـستە کارەکـانی دامـو دەزگاکـانی راگەیانـدنی یەکێتـی تەواوکەری کاروبـارو کۆشـشی دامودەزگـا جیاجیاکـانی تـری بێـت. واتـا تەواوکـاری کۆشـشو تێکۆشـانی مەکتەبـو مەڵبەندو ئۆرگانە جیاجیاکانی یەکێتی بێت لەچوارچێوەی پرەنسیپی یەکێتیو هەمە چەشنیدا (الوحده والتنوع). واتا لەگەڵ ئەواندا (یەک) هێڵی گشتی کۆیان بکاتەوە، (یەک) ئامـانج و بەرنامەیان هەبێو تەواوکاری (یەک) تری بن. لەهەمـان کاتیـشدا بەشـێوەی (هەمەچەشـن) گوزارشـت لەو هێـڵو ئامـانجو بەرنـامە (یەکێتیـانە) کـاتو پەراوێزێکـی ئـازادی بەرچـاو بـۆ ئەفراندن و ئیجتیهادی کارو گوزارشت کردنی هەبێت.

2. پێویـستە خـوردکرنەوەی سیاسـەتەکانی یەکێتـی ، بـۆ قۆنـاغی داهـاتوو، بەئـامرازو شێوازی نوێ بێت. بەو ئامرازو شێوازانە بێت کەلەم سەردەمانەدا باوە.مەبەستمان لەئامرازو ئەو کەرەسـتەو تەقەنیـاتەیە بـۆ میـدیای ئەمـرۆ، بەهەمـوو جۆرەکـانی بینـراوو بیـستراوو خـوێنراوەوە، پێویـستن. واتـا ئەو کەرەسـتانەی وادەکەن بەرهەمە ئیعلامیـیەکەی پێـشکەش بەجەماوەر دەکرێت رێکو پێکو جوانو سەرنج راکێش بێت، درەوشاوەو پێشکەوتوو بێـت، بیـنەرانو گێگـرانو خـوێنەران لێـی دڵنیا بـنو چـاوو دڵیـان رۆشـن بکـاتەوە. مەبەستیـشمان لەشـێواز واتـا ئەو هەنەرکـاریو ئەفرانـدنانەی وادەکـن کـاریگەری پەخـشکردنی سیاسـەتو روانینەکان لەسەر جەماوەر بەتەواوەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. دەبێ بەشێوازی گەیانـدنو کـارتێکرنی ناراسـتەوخۆ بـێ، نەک شـێوازی خیتـابی حەماسـیی راسـتەوخۆ، شـێوازێک کە جەمـاوەر هەسـت بەوە بـکەن سیاسـەتو بەرنامەکـانی یەکێتـی بـۆتە هـی ئەوان و ئەوان بەخۆیـان نەزانیـــوە لەوردەکـاری ژیـانو کاروکۆشـــشیاندا (یەکێتـــی)یـانە بیـــردەکەنەوەو (یەکێتیانە) هەڵسەکەوت دەکەن. راگەیاندنی یەکێتی بۆ ئەوەی جەمـاوەر ئاڕاستە بکا دەبێ کـرانەوەو شـەفافیەتی هەبـێ دەبـێ (رای گـشتی) بـۆ سیاسـەتەکانی خـۆی بخـوڵقێنێ، رای گــشتیش لەدەوری سیاســەتی راســتو دروســت، سیاســەتی ســەردەمانەی وا کەلەگەڵ، بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا یەکدەگرێتەوە کۆدەبنەوە جی بۆ دروستکردنی ئەو(رای گشتی)یە بێگومـان ئامرازەکـانی باسـمانکردو شـێوازەکانی گەیانـدنی ناڕاسـتەوخۆ پێویـستن. هەروەک ئەوەش پێویستە راگەیاندنی یەکێتی راوبۆچوونی خەڵکی لەمینبەرەکانی خـۆیەوە بڵاوبکاتەوە

تـایەکێتی بزانـێ خواسـتو داخوازییەکـانی خەڵـک چیـیە؟ بەواتـایەکی تـر ئـامرازو شـێوازە تەقلیدییەکانی جاران لەسەری دەڕۆیشتین بۆ گەیاندنی سیاسەتەکانی جاران بەکەڵک بـوون. جـا لەکاتێکـدا یەکێتـی لەڕووی پێکهـاتەی سیاسـیو فیکـرییەوە بەردەوام لەسـەر زەمینـی پتەوبوونی ریزەکانی لەڕەوشی گۆڕانو نوێبوونەوەدایەو لەم کۆنگرەی وابەرێوەیە دیسانەوە گۆڕانکـاری تـر لەسیاسـەتو روانینەکانی دەبێ، کەواتـا بـۆ دەربڕینـی ئەو سیاسـەتە نوێیـانە ئامرازو شێوازی میدیایی نوێمان پێویستە.

ئەمـــڕۆ لەســـەردەمی (عەولەمە)دا سیاســـەتەکان دەگـــۆڕێن، بـــۆیە شـــتێکی سروشـــتییە کەلەسەردەمی سەتەلایتو ئینەرنێتیشدا زمانو دەربڕینەکانیش بگۆڕێن، راگەیاندنی یەکێتی ســـەتەلایتی هەیە، رۆژنـــامەی نێـــو تـــۆڕی ئینتەرنێتـــی هەیە، ئیمیـــلو تەلەفـــۆنی جیهـــانیی چابخـــانەی پێـــشکەوتووو هەمـــوو کەرەســـتەکانی کۆمپیـــوتەرو چـــاپەمەنی هەیەو هەروا دەوڵەمەندو دەوڵەمەندتری دەکات. بەو تەقەنیاتەوە راگەیـاندنی یەکێتی دەیەوێ گوزارشت لەسیاسەتەکانی یەکێتی بکات. بۆیە دەبێ زمانی میـدیاکەی وێنەو دەربڕینەکـانی میـدیاکەی لەئاستی ئەو تەقەنیاتەدا بێ دەمەوێ ئامـاژەیەک بەدوو دەرکەوتی نـوێی سیاسیو میـدیایی بدەم کە پێویستە لەداهاتوودا رەچاوی بکەین.

یەکەم: ی. ن.ک لەدامەزراندنییەوە تائەمرۆ وەک چـۆن لەمەیـدانی خەباتـدا دەسکەوتی نیـشتمانیو نەتەوەیـی زۆری بـۆ کـورد بەدەسـتهێناوە ئاوەهـا لەمەیـدانی هوشـیاریی سیاسـییو پەرەپێدانی فەرهەنگی دیموکراسییدا ئاستی هوشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستانو چانسی دیموکراسیی کوردسـتانیی بەرزکـردۆتەوەو پەرەی پێـداوە لەبەرئەوە ئیتـر لەئاسـتی سیاسـیو لەفراوانکردنـی دیموکراسییدا خەڵکێـک کەیەکێتـی لەهوشـیارکردنەوەو فراوانکردنـی پانتـایی چانسی دیموکراسیی بەردەم ئەواندا رۆڵی زۆر گیـراوە ببەشی جارانیـان رازی نـابن و چاوی تەماعیان لەسەر هی ترە. بۆیە لە مەیدانی ژیانی فرە حزبی و رەوشی دیموکراسییدا قەدەری یەکێتـــی واە کەبەردەوام لەنوێبـــوونەوەو لەنیـــزککەوتنەوەی خواســـت و داخوازییەکـــانی جەماوەردایە تابتوانێ ئەرکەکانی سەردەمی پێ جێبەجێبکرێ .

دووەم: راگەیانـدنی یەکێتی ئەو ئەمرازە بـوو کەبەدرێژایی رێـڕەوی تێکۆشانەکە ئەرکی بەرزکردنەوەی هوشیاری سیاسی خەڵکی پەرەپێدانی فەرهەنگی دیوکراسی گرتبۆ ئەستۆ، ئەو راگەینـدنەی ئێستا بـۆئەوەی فریـای خواسـتی یەکێتـی بـکەوێ کەئەیەوێ فریـای خواسـتی جەمـاوەرو داخوازێکـانی بکەوێ ، واپێویـست دەکا هاوسـەنگییەکی تـۆکمە لەنێـوان لەنێـوانی ئەمرازەکـانی کـاری ئیعلامیـی (تەقەنیاتەکـانی میـدیای پێـشکەویوو) پەرەپێـدانی شـێوازەکانی کاری ئیعلامی (زمان و شێوەی دەربرینی سیاستەکان) دروست بکات. ئەمەشبەرچاوکردنی شـێوازی ئێـدارەی هـاوچەرخ و بەدامەزراوکردنـی کەناڵەکـانی راگەیانـدن دەبـێ. چـونکە هەروەک چـۆن جەمـاوەرێکی هوشـیاری پەروەردەکـراوی ژێـر سـایەی فەرهەنگی یەکێتـی

لەزەمەنــی فرەحزبیــدا پتــر لەئەڵتەرنــاتیڤێکی سیاســی لەبەردەمە. ئاوەهــاش ئەو جەمــاوەرە لەزەمەنی ئامرازە پێشکەوتۆکانی راگەیاندندا پتر لەدەزگایەکی میدیای ناوەکی و دەرەکی لەبەردمەو دەتوانی کەڵکیان لێوەربگری. بەمانایەکی تر لەم سەردەمەدا جەماوەری (بینەرو گــوێگرو خــوێنەلر) لەکوردســتاندا دەیــان کەنــاڵی میــدیای هــی نــاوەوەو دەرەوە بەنــوێترین ئەمرازی پێشکوتووو نوێترین شێوازی دەربڕینی ناراستەوخۆی سەرکەوتوو کاری تێدەکەن. چیتر ئامرازەکانی راگەیاندن پاوانی دەستی حزبە گەورەکان نین هەر ئێستا لەکوردستانی دیموکراتــدا کەنــاڵی هەمەجــۆری ئایــدیاو سیاســتی هەمەجــۆر هەن تــاجێ تــۆڕی ئینتەرنیــت وبـــازنەی کەڵـــک وەرگـــرتن لە ئەمـــرازی هەمەجۆرەکـــانی پێوەنـــدی فراوانتردەبێـــی لەبارتروهەرزانتر دەبێ. بەڵی یەکێتی خۆی خەباتی بۆئەم دیموکراسیتە کردو چاکیشی کرد، بەڵام ئیتر کەسیاسەتەکان دەگۆڕێن ولەناو یەکێتیدا سیاسەتی گەشەپێدان و نوێبونەوە هەیە بۆچی راگەیاندنکەمان نەتوانی بەئەمرازو شێوە نویکان گوزارشت لە سیاسەتی گەشەکردوو نوێبونەوەی پێویست بکات؟

(ئــامرازو شــێوازی نــوێ) لەگــەڵ هاوســەنگی ئورگــانێکی لە نێــوان هەردوکیــان لەرێــی ئیـــدارەیەکی هـــاو چەرخـــی بەدامەزراوەکەدا، ئەمـــانە ئەو (بنەمـــا کـــاریگە رانە)ن کە (ئاراستەکردنی جەماوەرە لەهەلومەرجە جیاوازەکانی و لەژیانی سیاسیدا مسۆگەر دەکەن).

*ئەم بابەتە وەڵامی تەوەرەیەکی راگەیاندنی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانییە کەلەلایەن بەڕێز شەماڵ عەبدولوەفا بەرپرسی بەشەکەوە ئاراستەی نووسەر کرابوو، تاوەکو لەگەڵ وەڵامی چەند هەڤاڵێکی دیکەی یەکێتییدا لەچوارچێوەی کتێبێکدا لەسەر کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە کانوونی دووەمی ساڵی 2001دا بڵاوبکرێتەوە. کتێبەکە پێش کۆنگرە بەماوەیەکی کەم دەرچوو.

# ئینشائەڵڵا هەمووتان دەبنە سەرکردایەتی!*

دانیشتنی دوێنێی کۆنگرە (2/4)ی 2002، مامجەلال گوتەنی (ختامها مسک) بوو. دانیشتنێک بوو کەئیتر دوای ئەوە هەر بژارکردنی دەنگەکانی هەڵبژاردن مایەوە. بۆیە بەفیعلی کۆتاییەکەی میسکو عەنبەری دوادانیشتنی گفتوگۆ بوو. چونکە لەوێدا هەڤاڵانی مەفرەزە سەرەتاییەکان (پێشمەرگەکانی 1976) ریزیان لێنراو بۆنوبەرامەی خۆشیی یادگاری رۆژە سەختەکانیان بەناو هۆڵی کۆنگرەدا پڕژان. ئەو دەستە تێکۆشەرە بوون سەرزەمینی داگیرکراویان لەداگیرکەر کردە ئاگرو لەگەڵ هەڤاڵە شەهیدەکانیان شۆڕشیان گڕدا. رێککەوتێکی چەند سەیر بوو (کۆتاییەکەی) لەلایەن (سەرەتاکەیەوە) رابگەیەنرێ.

سەرەتا مام ناو بەناو هەڤاڵانی بانگ کردە سەر سەکۆی کۆنگرەو ئینجا لەناو ئاپۆرەی چەپڵەی ریزلێنانی هەڤاڵانی دێرینو نوێو موخەزرەمەکانی کۆنگرەدا چاوەکان پڕ لەفرمێسکو زوومی کامێراکانیش پڕ لەشەوقو زەوق بوون.

**داخوازی خاکیو... پێشمەرگەی خاکی!**

کاری کۆمسیۆنەکانیش (ختامها مسک) بوو. چونکە دواکۆمسیۆن هی کاروباری پێشمەرگە بوو. ئەوانەی دروشمی (ومن الشراره یندلع اللهیب)یان کردە (ها قد أندلع اللهیب)و هەرخۆشیان پارێزەری کوردستانی فیدرالو هۆڵی کۆنگرەش بوون.

بەئەندازەی خاکیبوونی دڵودەروونی پێشمەرگە، بەئەندازەی خاکیبوونی جلەکەی بەریانو بەئەندازەی خاکیبوونی خاکی کوردستان، ئاوەها داخوازییەکانی هەڤاڵانی پێشمەرگە خاکیو سادەبوون. بەپێچەوانەی سەروکاری کۆمسیۆنەکانی ترەوە کەگفتوگۆو خستنە دەنگدانو نوقتەی نیزامی زۆری تێدابوو، گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی پێشمەرگە بەڵێ گەرموگوڕ، ئەمما یەک ئاراستەبوو. ئەویش ئاراستەی بایەخدانی زیاترو خزمەتکردنی زیاتری هێزی پێشمەرگە بوو. بلا هەر خزمەتو خزمەت بکرێن. هەڤاڵێک داوای دەکرد رۆژێک بۆ هێزی پێشمەرگە هەبێت. دەی با هەبێت. دەی با هەموو رۆژو ساتێکمان رۆژی پێشمەرگەو رۆژی ریزلێنان لەپێشمەرگە بێت. هەڤاڵێک داوای دەکرد حیسابی تایبەت بۆ پێشمەرگە دێرینەکان بکرێت. دەی بابکرێت. کێ هەیە لەدژی ئەم داخوازییە؟ کەس نییە؟ جا چ هەڤاڵێکی هاورێبازی پێشمەرگە لەدژی ئەو داخوازییەیە؟ کەواتا بەئیجماعی دەنگو

دەستو دڵوچاومان وەرگیرا! هەروەک ئاماژەی تایبەت بەکەسوکاری شەهیدانیش پەسەند کراو ڕێزلێنان لەیادو بیرەوەرییان بەرز ڕاگیرا.

داخوازییەکانو پێشنیازەکان زۆربوون. بەڵام بەڕاستی متەوازعو خاکیبوون وەک شەرمو تەوازوعی پێشمەرگە کە لەتۆمارکردنی نەبەردییەک دەگەڕێتەوە. بۆیە سەرەنجام مامجەلال وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە ئەو پێشنیازەی هەڤاڵ وەستا ڕەسوڵ-ی پەسەند کرد کەکۆنفرانسێک بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی هێزی پێشمەرگە بگیرێت. پێشنیاز خرایە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ بەستنی کۆنفرانسدایە؟ هەموو لەگەڵین مادامەکی پێشمەرگە لەگەڵ ئێمەدایە.

**سەرکردایەتی نوێ لەنێو سندوقەکانی دەنگداندا**

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ (2/5) دەست بەبژاردنی دەنگەکان دەکرێ. چارەنووسی سەرکردایەتیی نوێ وا لەنێو سندوقەکانی دەنگداندایە. ویژدانو باوەڕو... هەندێک جاریش میزاجی! هەڤالانی دەنگدەر، شەقڵو شێوەی سەرکردایەتیی نوێ دیاری دەکەن. سەرکردایەتیی نوێ لەدوای ئەم کۆنگرە دیموکراتییەوە ئیتر وەک دەسەڵاتێکی تەنفیزیی جێبەجێکردنی تەشریعی کۆنگرەی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو تەشریعەی ئەندامانی کۆنگرە لەچوارچێوەی پەیڕەوو پرۆگرامو ڕاپۆرتی سیاسیی و ڕاسپاردەو بڕیارەکاندا ڕەنگڕێژییان بۆ کرد.

بەڕای ئێوە کێ دەردەچێ؟ کێ زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێ؟ بەڕای من یەکێتیی ناو یەکێتیی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێو هەرئەویش گۆی هونەر دەباتەوە. ئەم کۆنگرەیە هەر لەسەرەتاوە عەزمی وابوو زۆرینەی دەنگەکان بۆ یەکێتیی ناو یەکێتیی بێت. لەڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا موبادەرە سیاسییەکانی مام ئەو یەکێتییەی هێنایە کایەوەو دوارۆژی کۆنگرەش چاکتری دەچەسپێنێ. لەهۆڵی کۆنگرەدا گوترا کەشەرتی تێکۆشەران، بەژنو پیاوەوە، سێجارە. ئەوەبوو لەکۆنگرەی یەکەمدا باڵەکانو لەهی دووەمدا موبادەراتەکان یەکخران. ئومێدوایە لەکۆنگرەی سێیەمدا (وەعدمان وایە پاش دووساڵیتر ببەسترێ) هەموو شتەکانمان یەکبخرێن!

هەڤاڵ مامجەلال هەر لەدوێنێوە زەمینەسازی بۆ سەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان کرد، کاتێک پیرۆزبایی لەدەرچووەکانی نێو سندوقی دەنگدان کردو (هارد لەک)ی لەوانە کرد کەدەرناچنو پیرۆزبایی لێکردن کە لەکۆنگرێسی سێیەمدا سەرکەون. دواجار رووی لەئەندامانی کۆنگرە کردو گوتی ئینشائەڵلا هەمووتان دەبنە سەرکردایەتی.

**هەندێک وێنەیتر بۆ یاد گاری**

ویستم سەرنجی رۆژنامەنووسیی لەسەر خاڵی پاڵێوراوانی سەرکردایەتی بگیرسێنمەوە. بۆیە هەندێک لەهۆڵەکەدا گەڕام تا بزانم رووخسارەکان نیگەرانن یان دڵخۆش؟

*دانیشتنەکانی دوێنێ دانیشتنی تەرەقوب بوو داخۆ کەی بژارکردن دەست پێدەکات؟

بەنیازبووم کەئێوارەکەشی سەر لەهۆڵەکە بدەمەوە، بەڵام بژاردنەکە خرایە ئەمڕۆ بەیانییەکەی، چاوم لێیە وا کاغەزەکان لەسندوق دەردەهێنرێن، ناوەکان دەخوێنرێنەوەو لەسەر سەبوورە تۆمار دەکرێن... هەڤاڵان لەبیرتان نەچێ وەعدمان وابوو (دەربچینو دەرنەچین هەر پێشمەرگەی یەکێتیی بین).

*بەشی زۆری ئەو هەڤاڵانەی داکۆکییان لەوە دەکرد کەرێژەیەکی هەڤاڵی ژن بێنە سەرکردایەتییەوە هەڤاڵانی نوێنەری دەرەوە بوون. زولاڵی ئایندەی یەکێتیی بوو، پێم وایە ئەوانە لەکۆنگرێسی سێیەمدا دەتوانن ئەو جورئەتەیان تێکەڵ بەژیریو هوشیارییەکی بەرزتر بکەن.

*لەیەکێتیی زیاتر، دۆستانی یەکێتییو دوژمنانی کورد چاوەڕێی رێڕەوی کۆنگرە بوون. دۆستان ئێستا نەخبی سەرکەوتنمان لەگەڵ دەخۆنەوە. دوژمنانی کوردیش تازێی گرەوی دۆڕاویانە. لەناو هەمووانیشدا PKKو درۆ TVییەکەی خەمبارو بێ حەوسەڵەن. بۆ خۆم وەکو هەڵسوڕاوێکی بواری راگەیاندنی ئەمە یەکەمجارە ببینم راگەیاندنی حزبێک ئەوەندە خۆی بەکۆنگرەی حزبێکیترەوە مژول بکات.

ئەمە لە(میدیا TV) قەومـا کەسەد هێندەی داگیرکەرانی کوردستان هەڵمەتی چەواشەکاری لەدژی یەکێتییو کۆنگرەکەی بەرێ کرد. نازانم ئەمە بۆ کێو لەپێناوی چیدا؟ لەپێناوی چیدا وا چەواشەکردنی رای گشتی کورد لەدەرەوە کەئەمڕۆ شوکر هوشیارەو دیجیتاڵو ئینتەرنێتی هەیەو تێدەگا دونیا بەکەیفی ئیمرالی نییە.

*سەرەنجام خەڵک باوەڕ بەقسەی (میدیا TV)ناکەن. بەقسەی منو هەڤاڵ حاجی مامز باوەڕ دەکەن کە لەژمارەی دوێنێی کوردستانی نوێدا لێدوانیدا: (کۆنگرەکە زۆر سەرکەوتووە).

*با پێشنیازێکیش تەئکید بکەین کە لەدواساتی کۆنگرەدا پێکەوەو بەدەنگی خۆمان سروودی (مەشخەڵان) بڵێینەوە!

*بۆ دانیشتنی ئێوارەکەی دوێنێ هەڤاڵان پێشمەرگەکانی 1976 هاتنەوە سەر سەرکۆو ئەمجارە سروودی دێرینی (رێی خەباتمان)یان گوتەوە. ئینجا ئەو هەڤاڵانە تەکریم کران. لەناو ئەو خۆشیو شادییەدا کچانو ژنانی کۆنگرە هاتنە سەر هێڵی سروودگوتنو بەدەنگی زولاڵیان هۆڵەکەیان هێنایە جۆشوخرۆش.

*کوردستانی نوێ – رۆژی (2002/2/5)

# شازاد سائیب*

# "ئێمە لە بنچینەدا بۆ خۆویستن دروست نەبووین"

مام جەلال

یەکێک لە خەسڵەتی هەرە دیاری کەسێتی شەهید شازاد، خەسڵەتی خۆنەویستیو تەوازوعی لە رادەبەدەری بوو. بەیاننامەی هاوبەشیو مەکتەبی سیاسییو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو، هەروا ئەو نووسینو قسانەی لەسەر ماڵئاوایی ناوادەی وی نووسران هەموویان تەئکیدییان لەسەر ئەم خەسڵەتە جوانو رێکوپێکەی شەهید شا دەکردەوە.

ئەمە مانای وایە (خۆنەویستی)و (تەوازوع) دوو خەسڵەتی چاکو پەسەندو شایستەی پێدا هەڵگوتننو دەبێ لە مرۆڤدا، بە تایبەتی سیاسیی شۆڕشگێڕو پیاوی دەوڵەتیی، هەبن تا جێی پەسەندو رێزلێگرتن بێت.

بەڵام دوور لە رەهەندە ئەخلاقییو مۆرالییەکەی ئەم دوو خەسڵەتە چوون یەکو تەواوکاری یەکترییە، پێویستە پێش هەموو شتێک لەواری سیاسیدا جەدواو مەغزا ئیجابییەکانی خۆنەویستیو تەوازوعکاری هەڵسەنگێنین لە دوو ئاستی جیاو هەروەها ئاوێتەبوونی یەکتریشدا:

ئاستی جەدواو کەڵکی ئەو دوو خەسڵەتە بۆ ئەو سیاسییەی هەڵگریانە.

ئاستی جەدواو کەڵکیان بۆ گشت یان بۆ ئەو رەوتو رێبازە سیاسییەی سیاسیی جێی باسی ئێمە لە ناویدا کار دەکات.

بەواتایەکی تر جگە لە پەسەندی ئەخلاقی ئەو دوو خەسڵەتە هەقە بپرسین کە کەڵکی سیاسیی، شوێنو پێگەی سیاسیی خۆنەویستیو تەوازوعکاریی لە ناو ڕەوتی گشتی سیاسەتدا چییەو چەندە؟

لە راستیدا خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و خووە تایبەتییەکانی دیسکێکی کۆمپیوتەری نین هەتا لە مرۆڤیان پێک بێنینو هەر کاتێک ویستمان قفڵیکرانەوەو داتای داخستنیان هەبێتوو بە گوێرەی ئارەزوومان سەرپشک بین لە بەکارهێنانیدا، بەڵکو بۆ مرۆڤ خووە تایبەتییەکانو خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تێکەڵی گۆشتو خوێنی بوون و، بە درێژایی

تەمەنـی لە پێکهـاتنو دروسـتبوونو گەشـەکردنێکی بەردەوامـدان. لەم پێکهاتنەشـدا ژیـانی تایبەتیو هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیو سیاسییو روناکبیریی رۆڵێکی سـەنگین دەبینن، وەک دەشڵێن مرۆڤ کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی.

بـۆیە ئەگەر ئـێمە دوو خەسـڵەتی باسـلێکراوی سـەرەوە بە چـاک دەزانـینو حەز دەکەیـن جـگە لە کـاکە شـا لە خەڵـکو تێکۆشـەری تریـشدا هەبـن دەبێ لە ئاسـتی تێکـڕای ئـــەو هـــــەلومەرجەی (شـازاد)ێـک دەخـولقێنن هەڵوەسـە بکەیـنو لێـی رابمێنین.

ئایا کاک شازاد تەنها لەبەر لایەنێکی مۆڕاڵیو ئەخلاقی خۆنەویستو تەوازوعکار بوو؟

ئایا لە پێکهاتنی هەردوو خەسڵەتی خۆنەویستیو تەوازوعکارییدا چ ژانێکی قـووڵی تـووش هاتو چ مەشقێکی یۆگایی کرد تا بگاتە پلەی ئەو شازادەی ناسیمانو هەڵوێستو کرداری جوانی لێدەگێڕنەوە؟

هەروەهـا بـۆ ئەوەی ئاکـامێکی باشـترمان لەم پـشکنینە دەسـت بکەوێـت و لە پرۆسـەی سیاســەتو لە رەوتـی بـزوتنەوەی سیاسـیی یەکێتـیو کوردایەتیـدا بە دوای هەلـومەرجی پێکهاتنی کۆمەڵە تێکۆشـەرێکی خەسڵەت (شازاد) یـدا بگەڕێین،دەبێ بە دیـوێکی تـردا لەم پرسـە بکـۆڵینەوە کە هەنـدێ جار رێ دەکەوێت مـرۆڤ بـۆ پڕکردنەوەی کەم توانایی یـان پەراوێـــز کەوتـــوویی خـــۆی لەبەر هەر هـــۆیەک، لە چواچێـــوەی پێکهـــاتنی هاوســـەنگی کۆمەڵایەتییدا مەشق بـۆ گەیـشتنە چەنـد خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی جێی پەسـەندی خەڵکی بکات بۆ ئەوەی لەو هاوسەنگییەدا قەرەبوویەکی پێویـست بـۆ خـۆی بە دەسـت بهێنـێ. رێـی تێـدەچێ مـرۆڤ لە هەلـومەرجی بێ توانـاییو ناتۆکمەییـدا بە دوای پێناسـەو بەدەسـتهێنانی خەسڵەتی چاکو ناونیشانی (مرۆڤێکی باش)دا بگەڕێو لەوەشدا مـافێکی بێ ئەمـلاو ئەولای خــۆیەتی.بەڵام ئەوە کە مرۆڤێــک لە ئاسـتی شەخـسیدا توانـادارو تـۆکمە بـێو لە ئاسـتی کۆمەڵایەتیـشدا لە ناوەنـدێکی واوە هـاتبێ کە جێـی ستایـشی خەڵـک بـن، کەچـی سـەرەڕای خۆنەویستیو تەوازوعکاری دوو خەسڵەتی هەر درەوشاوەی بن، ئەوە هـی تێڕامـانەو زیـاتر لە لایەنە ئەخلاقییەکەی دەبێ لە مەغزا قووڵەکانی بپرسینەوە، شازاد مەشـقی لەسـەر پێکهـاتنی خۆنەویـستیو تەوازوعکـاری نەکـردووە کـردووە. بەم پێـیە دەتـوانین بڵـێن وەک چـۆن پـلەو پایەخوازی، خودپەسەندیو خۆپەرستی وەک چەند خەسڵەتێکی دزێو لای چەند خەڵکانێـک بوونەتە رێبازی ژیانو بەو پێیە لە سیاسەتیشدا دەبنە شێوازێکی کاری سیاسـیی یـان رونتـر بڵێین رەوتێکی تر لە پیادەکردنی سیاسەت کە هەردوو ئاراستە مۆڕاڵی و سیاسییەکە تـێکەڵ دەکاو ئەو ناونیشانە بەرهەم دێنێ کە زۆر کەس پێیان وایە نابێو ناشێ لە سیاسەتدا هەبن. ئەو ناونیشانەی (ئەخلاقو سیاسـەت)ی پێـی دەڵێن. کەواتە کـاک شـازاد لەم حاڵەتەشـدا لە رێی پیادەکردنی شـێوازێکی جیـاواز لە سیاسـەت، جەدوای خۆنەویـستیو تەوازوعکاریمـان لە

هەردوو ئاستی شەخسیو گشتییدا بۆ دەردەخات. لە ئاستی شەخسیشدا ناونیشانی پەسەندو ڕێزلێگرتنی(کاکە شا)یی، لە ئاستی گشتییدا بەرهەم هێنانی سیاسەتمەدارێک کە:

لە بواری دبلۆماسییدا، دبلۆماتێکی کارامەو هەڵسوڕاوە.

لە بواری سیاسەتی ناوخۆی هێڵی سەربەخۆ چونکە لە بنچینەدا هەر خۆی وابووەو ئەوەش شێوازێک بووە لە شێوازەکانی ژیان لە لای. وەختێکیش ئەم دوو خەسڵەتە پەسەندە تێکەڵ بە ڕەوتی گشتی بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆڕشگێڕی وەکو بزووتنەوەی کوردایەتی دەبن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە جاران قوڵتر دەبنەوە و ڕەگیان بە ناخدا ڕۆدەچێ ،ئەمما لە بنچینەدا تۆیەکە لەو زەمینە بەپیتە هەبووەو ڕێڕەوی ڕۆژگار ئاویان داوەو گەورەیان کردووە.

سیاسیی خۆشیدا جێی باوەڕ خاوەن راو بۆچوون و قسەی خۆی بوو یان هەروەکو یەیاننامەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسییو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێن"لەم ماوەیەدا بە کۆکردنەوەی هەواڵی گرنگو شیکردنەوەی وردی هەلومەرجی سیاسیی،ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری،چەنگی.... کوردستانو عێراق،سوودی زۆری گەیاند بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانوبۆ دارشتنی نەخشەو پلانی راستو دروست" بەواتایەکی تر بەرهەمهێنانی سیاسەتمەدارێک کە راوێژو تەگبیری خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوە کەدا دەخاتە روو، یان ئەوەی لە زمانی ئەمڕۆدا پێی دەڵێن خزمەتێکی راوێژکاری (خدمە ا ستشاریە) کەراوێژەکانی سیفەتی تەشویق و هاندانی تێدایە نەک سیفەتی ئیلزامی .

بەندەبەحوکمی چەند ساڵەی کار لە کوردستانی نوێ دا هەندێک جار رێکەکەوتووە چەند نامەیەکی (کاک شا) ببینم کە لە ئەنقەرەوە ئاراستەی هەڤاڵانی دەکرد. لەونامانەدا بەچەند سەرەقەڵەمێکی کورت راوبۆچونی راشکاوانەی خۆی، بێ گرێ و گوڵی دەربرین، لە سەر مەوزوعی پەیوەندار دەگوت باتەنانەت ئەو راوبۆچونەش لەگەڵ سیاسەتی گشتی بریار لێدراویشدا یەکی نەگرتبایەتەوە. ئەمەش گرنگترین "پلە وپایەیەک" بوو کاک شازاد بەدەستی هێنا،" پلەوپایەی "پرەستیجی سیاسیی کە لە ئەنجامی مسۆگەرکردنی "مصداقیەت"ەوە دەرفەتێکی زێرین دەخاتە بەردەم سیاسەتمەدار تارۆڵی شیاوو سەنگینی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسیی میللەتەکەیدا ببینێ وهیچ کەسێک نەتوانێ ئەو رۆڵە شیاوو سەنگینە فەرامۆش بکاو نادیدەی بگرێ. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین تێکۆشانی دەروونی "کاک شازاد" بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا رۆڵ بگێرێ و بێ پلەو پایەش بێ هی ئەوەیە ئاماژەی پێ بدرێ وەک شێوازێکی پەسەندکراوی کاری سیاسیی. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەو لە هەردوو قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕیو قۆناغی حوکمڕانی کورددا هەر ئەو خەسڵەتانەی لە خۆیدا هێشتەوەو بگرە پەرەشی پێدا. ئەم (پلەوپایە)ی رۆڵگێرانە لەناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردایەتییدا، ئەم خۆتەرخانکردنە بۆ مەسەلەکە بێ گەران بە دوای دەستکەوتی (پلەو پایە)بە دیویکی تردا هی ئەوەیە لەناو یەکێتییدا هانبدرێو تەشویق بکرێ

بۆ ئەوەی ئەو رستە بە کەڵکو جێی سەرنجەی هەڤاڵ مام جەلال بەرجەستە بکەین کە دەڵێ"تێکۆشەری راستەقینە سەروەری لە خەباتدا بە لاوە گرنگە، شەرەفی خەباتی بەلاوە گرنگە، نەک پلەو پایە".

دواجار دروستە کە سیاسەت کاری تیمێکی پێکەوە گونجاوە کە ئەو گونجانە وایان لێ دەکات وزەو توانایان بۆ سەرخستنی پرۆژە سیاسییەکەیان بخەنە کارو لەمەشدا هەیکەلی بزووتنەوەی سیاسیی‌و پلەو پایەی نێو دامەزراوەکانی بزووتنەوەکە هەر دەبێ هەبێ، بەڵام لەوەش دروستتر ئەوەیە کە لەناو تیمە گونجاوەکەدا ئیجتیهادی (شازادیی) پێویستە بە تایبەتی کە ئەو ئیجتیهادە بە ئاراستەی رەوتی هێڵە گشتییەکە نەک (رۆنگساید)بێ!

لە سروشتی مرۆڤدا هیچ مرۆڤێک لەوی تر ناچێ، بەواتایەکی تر (شازادصائب)ێکی ترمان دەست ناکەوێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی تێکۆشانی شەهید شازادو شەهیدانی کوردایەتی و ماندووبوونی تێکۆشەرانی هەروا پڕ بەرهەم بێ دەبێ پەرە بەو هەلومەرجە دروستە بدەین کە ئەدگارە گشتییەکانی (شازادصائب)و تێکۆشەرە نموونەییەکانی ترمان لە کادیرو تێکۆشەرانی نەوەی نوێی لەناو ریزەکانی یەکێتییدا بەرجەستە دەکەنەوە.

مەغزای پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وا بکەین تیمی کارمان هەڵسوڕاوبێ‌و لە پاڵ گونجاویی تیمەکەشدا شازادی (خۆنەویستو تەوازوعکاری لە رادەبەدەر، ئەمما بە تواناو رۆڵگێڕمان هەبێ)؟

*کوردستانی نوێ- ژمارە 2461، ساڵی 2001

# چەند سەرەقەڵەمێک
# لەسەر کۆششی یەکێتی لەکایەی دیبلۆماسیدا..*

بابەتی دیبلۆماسیی کوردیی و رۆڵی فاکتەری دەرەکی لەپرسی نیشتمانیی کوردستاندا بابەتێکی نوێیە لەئەدەبیاتی کوردایەتیدا، نوێیە چونکە گەشەکردنی بزوتنەوەی پەیوەندی کردن و دۆزینەوەی رێوشوێنی پەیوەندیکردن بەدەرەوە تەنها لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و راستریش لەدوای راپەڕینی 1991-ەوە بەئەندازەی ئەوە گەشەی کرد کەبوێرین ناوی بزوتنەوەی دیبلۆماسیی لێ بنێین. دەشکرێ لێرەدا بڵێین کەکورد سەبارەت بەوەی قەوارەی نییەو نەیتوانیوە لەسەرمێزی گفتوگۆی سیاسیی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی بکات، بۆیە لەرێی سەرمایەی رەمزی تراژیدیاکانەوە بەوپەڕی قووڵی زامەکانی هەڵەبجەو کۆڕەوەوە، چووە نێوەندی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە. بێگومان کارکردن لەسەر ئەم سەرمایە و وەربەرهێنان تێیدا پێویستی بەهێزێکی سیاسیی تۆکمەو ستافێکی لێوەشاوەی دیبلۆماسی هەبوو. ئەم کارەش گەلێک زەحمەت بوو بۆ دبلۆماتی میللەتێکی بێ قەوارەو بێ سەفارەت. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بەکۆمەڵێک خەسڵەتی سیاسیی سەنگین رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەم کایە سیاسییە گرنگەی بزوتنەوەی کوردایەتیشدا و کۆمەڵێک دیبلۆماتی دروستکرد کەشانیان دایە بەر ئەو ئەرکە زەحمەتە و لەماوەیەکی هەستیاری مێژووی نوێماندا توانیان کەموزۆر سەنگی سەرمایەی رەمزی تراژیدیاکان بەسەنگی پرەستیجی سیاسیی یەکێتی خۆی و پرەستیجی خەڵکی کوردستان و ئەزموونە دیموکراسییەکەمان، بگۆڕنەوە.

دەربارەی رۆڵی سەرلەنوێ کەوتنە گەڕی فاکتەری دەرەکی زۆری لەسەر ناڕۆم، چونکە پێشتر بەپێی ئیجتهادی متەوازیعانەی بەندە، لەسەرباسێک بەناوی (جارێکی تر دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی... پەرەسەندنی رۆڵی فاکتەری دەرەکی و رەنگدانەوەی لەئەدەبیاتەکەماندا رێبازی نوێ ژمارە 20-ی ئەیلولی 2000-سلێمانی). هەندێک لایەنی ئەو رۆڵە تازەیەم شرۆڤە کردووە، بەڵام لێرەدا دەخوازم ئەوە تەئکید بکەمەوە لای یەکێتی کاری لەپێشین، کەسەنگ و قورسایی بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی پەیدابکات. کاری خۆیی و فاکتەری خۆییە. ئەمەشیان سەبارەت بەوەی کەجارێ دەبێ دان بەو راستیەدا بنێین کەکاری دیبلۆماسیش باتەنانەت لێوەشاوە ترین دبلۆماتی بۆ تەرخان بکرێت، بێ پێگەیەکی

ناوخۆیی پتەو کەپشتیوانی لێ بکات سەرکەوتن مسۆگەر ناکات. ئەمە لەعورفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێی ئێژن (سیاسەتی دەرەوە رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوەوەیە). لەعورفی بزوتنەوە رزگارخوازییەکانی، کەهێشتا خوا قەوارەی پێ نەبەخشیون، مەسەلەکە بەم شێوەیە: تاچەند لەسەر زەمینی واقیعی جوگرافی و مێژوویی، تاچەند لەناو هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکاندا قورسایی و ئیعتبارت هەیە، ئەوەندە لەهاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا وەکو دیفاکتۆ حیسابت بۆ دەکرێت. بەڵام بێگومان ئەم دیفاکتۆیە پێویستی بەدەست پێداهێنانێکی دبلۆماسیانە هەیە بەتایبەتی لەو رەوشانەی کەدیفاکتۆکە لەناو هاوکێشە دەرەکییەکاندا زۆر جێی خۆشحاڵی نەبێ و بەناچاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

دیوی دووەمی رۆڵی فاکتەری خۆیی لای یەکێتی لەوتێگەیشتنەوەیە کەتەنانەت بۆ تەفعیلکردنی فاکتەری دەرەکیش پاڵنەرە ناوخۆییەکان، فاکتەرە زاتییەکان، رۆڵی شیاو و بڕیاردەر دەبینن. واتا ستافی دیبلۆماسیی یەکێتی لەدەرەوە هەمیشە ئەرکی سەرشانیان بووە خۆیان هەلومەرجی کەڵک وەرگرتن لەهاوکێشە سیاسییەکان بڕەخسێنن. بەتەنها هەلومەرجی نێونەتەوەیی لەبار بەس نین بۆئەوەی کردەیەک بەقازانجی بزوتنەوەی میللەتەکەمان ئەنجامبدەین. بەڵکو دەبێ هیممەتی دیبلۆماسیی بکەین تاوەکو رەوشی لەباری فاکتەری دەرەکی کەئەمڕۆ هاتۆتە خزمەتمان و سبەی کەس نازانێ لەکوێیە؟ تادوا پلە بگوشین و تەرایەتییەکەی بخەینە کار دوای ئەوەی سەدەی رابردوو سەدەی گوشینی کورد بوو لەسەر سەکۆی قوربانیدان.

دیارترین خزمەتی یەکێتی لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوەیە کەلەقۆناغێکی هەستیاردا توانی سێیەمین بازدان لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی لەبواری پەیوەندییە دەرەکییەکان ئەنجام بدات. ئەو هات و لەنێوان پەیوەندی ژێر بەژێری دەزگاکانی موخابەرات لەگەڵ کوردایەتی و لەنێوان پەیوەندی ئایدۆلۆژیدا جۆرێکی تری پەیوەندی بەرهەمداری دارشت کەپەیوەندییە بەوڵاتان و ناوەندە دیموکراتییەکان و ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی دونیاوە.

هەڵبەتە ئەوە پتر لەهەر کاتێکی تر لەماوەی یانزە ساڵەی دوای راپەڕین درەوشایەوەو دەشکرێ بڵێین بەشی هەلومەرجە تازەکەشی پێوەیە کە دیفاکتۆی حوکمڕانی کوردو بوونی ناوچەیەکی ئازادکراوە کەلەپەیوەندی دەرەکیدا گرەوی لەسەر دەکرێت. بەڵام لەبەرامبەر ئەم رۆڵە باشەی بوونی ناوچەیەکی ئازادکراو لەبەردستدا بۆئەوەی سەنگی سیاسیی پەیدابکەین هەرخۆی ئەم بەشە رزگارکراوەی کوردستان بەو دژوارییەی ئابلۆقەدانی خولقاندویەتی، بۆتەمایەی پەراوێزێکی دیاریکراو و بەرتەسکی مانۆری سیاسیی. چونکە هێزێکی سیاسیی، یان بزوتنەوەیەکی سیاسیی، کەبەرپرس بێت لەژیان و گوزەرانی خەڵک، بێگومان لەهەڵسوکەوتی سیاسییدا هەرچییەک بکات دەستی بەستراوە دەبێت، چونکە

پابەندی ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقییە دەبێت کەلەگەڵ خەڵکدا گرێی داوە. وا دەبینین لەناو ئەو ئاڵۆزییەی سەنگی جوگرافیای دیفاکتۆو پابەندێتی ژیانی خەڵک دەیخولقێنێت کەچی یەکێتی سەرکەوتووانە ڕێچکەیەکی دوورو درێژی بەتولە ڕێگای کوردستاندا برد.

ئەم گواستنەوەیە لەپەیوەندییەکان، کە کۆششێکی دیبلۆماسیی گەورەی یەکێتی لەپشتەوە بوو. گواستنەوەیەک بوو نەبەشێوەی دراماتیکی، بەڵام تەکانێکی سیاسیی مەزنیش بوو ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین ئەم گواستنەوەیە لەسەر حیسابی پرەنسیبەکانی یەکێتی نەبوو. بۆ نموونە بەشی زۆری پەیوەندییە شۆڕشگێرییەکانی یەکێتی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازییەکان هەروەک لەگەڵ وڵاتانێک کە لەسەردەمی جیاجیا پشتیوانیان لەیەکێتی کردبوو، هەروا لەگەشەکردنیشدایە. لەبەرامبەریشدا پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیار بەدەستی وەکو ئەمریکاو ئەوروپا، لەپێشڤەچوونێکی بەردەوامدایە.

بێگومان ئەمەشیان نیشانەی ئیدارەیەکی باشی پەیوەندی و پێکدانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانە کەیەکێتی تێیدا سەرکەوتووبووە.

ئەم پێشکەوتنانەی یەکێتی لەبواری دیبلۆماسیدا بەدەستی هێناوە و لێکۆڵینەوە لەڕێوشوێنەکانی وەدی هاتنی، تویژینەوەو لەسەر راوەستانی زیاتری دەوێت کەلەباسوخواسی تردا دەچینەوەلای، بەڵام ناشێ لێرەدا ئاماژە بەکێماسی و کەموکوڕییەکان نەدەین کەدیارترینیان سەبارەت بەم پرسە ئەوەیە تائێستا دیبلۆماسیەتی یەکێتی و بەوپێیەش هی کورد بەتەواوی نەبۆتە خاوەنی ستافی جێگیری خۆی و نەشبۆتە خاوەنی دابونەریتێکی دیبلۆماسیانە کەلەناو کۆڕو کۆمەڵەکانی عێراقی و عەرەبی و دەولیدا پێی بناسرێتەوە. ئەوی هەیە سەلیقەی چاک و لێوەشاوەیی هەڤاڵانی کارکردوە لەناو بوارەکەدا. هەڵبەتە دژوارییەکانی ئەم بوارەش دەزانین، بەتایبەتی لەنێو گێژەنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کەزیاتر لەوەی لەسەر رەوایی پرسە سیاسییەکان قسەبکات لەبەرژەوەندییە گەورەکان دەپێچێتەوە. لێ دواجار ئەمەش جێی ئاماژەپێکردنە کەگواستنەوە لەدۆخی وەبەرهێنان لەبواری تراژیدیا نەتەوەییەکانی وەکو ئەنفال و هەڵەبجەدا بۆ دۆخی وەبەرهێنان لەبواری ئەوەی کورد دەتوانێ چ بەبەرامبەرەکەی ببەخشێ؟

ئەمەشیان پێشکەوتنێکی نوێیە لەناو روقعەی شەترەنجەکەدا. هێشتا زۆری ماوە کەئەوی بەبەرامبەرەکەمانی دەبەخشین ناو و خەسڵەتی بەرژەوەندی پێوەبێت، بەتایبەتیش بەرژەوەندی ماددی بەرجەستەکراو، بەڵام ئێمە مۆدێلێکی سیاسیمان هەیە کەمۆدێلی ئەزموونی دیموکراتی خەڵکی کوردستانە. ئەم ئەزموونە سەرەڕای نیگەرانییە ئیقلیمییەکان لێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شەوق و رەونەقێکی سیاسیی بەرچاوی هەیە. بۆ نێوەندە دیموکراتییە بڕیار بەدەستەکانی دونیا بەڵێ بەرژەوەندی گرنگە، بەڵام مۆدێلی سیاسیی

سەرکەوتووش سەرەڕای هەمو شتێک هی ئەوەیە ریزی لێ بنرێ و لەهەر وەرگۆڕانێکی سیاسیی دا گرەوی لەسەر بکرێ.

لەم هەلومەرجەدا ئەزموونی دیموکراتی کوردستان و یەکخستنەوەشی بۆ بەرەو پێشەوە چوونی کایەی دیبلۆماسیشمان گرنگ و پێویستە. چونکە لەسەرێکەوە پتەوبوونی پایەی ناوخۆیی ئەزموونەکە قسەی دیبلۆماسیەتی کوردی سوار دەکات و لەسەرێکی تریشەوە مۆدێلی کوردی بەرەو سەرکەوتن دەبات و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش ئەم شمەکەمان لەبازاڕی سیاسەت لێ دەکڕن.

بۆیە یەکێتی سووره لەسەر ئاشتی چونکە گەرەکێتی تەکانێکی تر بخاتە بەر دیبلۆماسیەتی کوردی و دەشیەوێ یەکی بخاتەوە.

*کوردستانی نوێ، ساڵی 2003

# هەڤاڵێتی لە ئاستی جیهاندا

حزبی کوردی لە یاساغییەوە بەرەو نێودەوڵەتی بوون دەچێت. مام جەلال قەدەری سەرکردەی نەفیکراو جێدەهێڵێت و پلەی هەڤاڵبەندێتی دەگرێت.لەم نێوانەشدا سیاسەتی کوردی لە لۆکالییەوە باوەش بەهەموو دونیادا دەکات.

بۆ ئەوانەی تەنیا لەروانگەی ئەندازەی هێز، بێ ئەندازەی رەوایی، سەیری پرسە سیاسییەکان دەکەن، هەرگیز پێشبینی نەدەکرا حزبێک کە دەوڵەتی عیراق بە قاچاغی دەزانی و ئەندامێتی لەو حزبەی بە تاوانی شایانی سێدارەدان ئەژماردەکرد، رۆژێک لە رۆژان ببێتە حزبی سەرکۆمار و ببێتە حزبێکی رۆژهەڵاتی گەورە کە سەرۆکەکەی ببێتە یەکێک لە جێگرانی سەرۆکی گەورەترین رێکخراوی نێودەوڵەتی لە ئاستی مەسەلەکانی فیکر و رێبازەکانی حوکمڕانیدا، بەڵام بۆ ئەوانەی رەوایی مەسەلەکان رێنوێنیانە و لەو خاڵی رەواییەوە بەپشوویەکی درێژەوە هێز پەیدادەکەن و وزە کەڵەکە دەکەن تا سەرکەوتن، ئەم رووداوە رووداوێکی رەوایە و بەرجەستەبوونیشی خەونێکی بەدیهاتووی بوژێنەری کار وکۆششە.

رووداوی ئەندامێتی تەواوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکخراوی سۆسیالست ئینتەر ناسیونال و هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەو رێکخراوە جیهانییە وێستگەیەکی ترە لە سەرکەوتنی خەباتی گەلانی رۆژهەڵات لەرێی دیموکراسیی، دادی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

**بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

هەروەها فراوانبوونی پانتایی جیهانێتی بیرێکی دیموکراتخواز و دادخوازی وەکو بیری سۆسیالست دیموکراتییە کە لەم وێستگەوە هەڤاڵبەندییەکی چوون یەک و شایان لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی و دادپەروەرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و کوردستان دەبەستێت.

لەوەختێکدا تێزەکانی دادی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، رێوشوێنی پەرلەمانی و دەستووریی لە سەرکەوتنی بەرنامەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا لە پاشەکشێدایە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تێزی شێنەیی خەباتی دیموکراسیی لەپێناو گۆڕینی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و فەرهەنگیدا لە کوردستان و عیراقەوە چانسێکی نوێ وەردەگرێت.

یەکێتی نیشتمانی و سکرتێرە گشتییەکەی لە هەناوی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پێشمەرگانەوە وەرگۆڕانێکی نەرمونیانی بەرەو حوکمی مەدەنی، دیموکراتی و پەرلەمانی جێبەجێکرد. لەپێشدا کوردسستان بەشداریێکی سەرەکی ئەم وەرگۆڕانە بوو، ئینجا لە عیراقی دوای سەدامیشدا بەپانتایی سیاسەت لە عیراقدا هاتە مەیدانی هەمان ئەزموونەوە. تا ئەوەی لەڕێی ئەم وەرگۆڕانە شێنەییەوە لە کوردستان شەریکە بەشێکی کارای دروستکردنی قەوارەی سیاسیی کوردستان بوو و لە بەغداش بەهەمان ڕێبازی سندوقەکانی دەنگدان و ڕێوشوێنی پەرلەمانییەوە سەرکردەکەی تا پلەی سەرکۆمارێکی ئیجماع لەسەر درێژەی بەئامادەگی داوە و نوێنەرەکانیشی لەناو پێکهاتەی دەوڵەتی عیراقدا دەنگی میانڕەو هێزی لایەنگری ئاشتی، داد و یەکسانی و گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیین.

گوتمان ئەم پێسەلماندنەی ڕۆڵی یەکێتی لە ئاست گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، دوای نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش هەموو شتێک وێستگەیەکی تازەیە بۆ ڕەوتی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال. ئینجا ئەگەر نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانییان لەلایە بەهەمان نەفەسی وێستگەی نوێوە هەڵسەنگاندیان هەبێت دەبێ ئەم بۆنەیە بکەنە دەرفەتێک بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی نوێی ڕەوتی داد و یەکسانی، چ لەئاستی ناوخۆی هەر کۆمەڵگەیە و چ لەئاستی مامەڵەی کۆمەڵگە و نەتەوەکان لەگەڵ یەکتریدا.

ئەم بۆنەیە بانگەوازە بۆ عەرەب، تورک و فارس و نەتەوە سەردەستەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا لەو تێزە یەکسانیخوازە بگەن کە هیچ گەلێک سەربەست نابێت تا گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە و بێگومان هەر ئەو گەلەش بەدادی کۆمەڵایەتی ئابووریی ناگات ئەگەر دەرفەتی گەشەی کۆمەڵایەتی ئابووریی لەگەلی بندەستی قەدەغەبکات. سەرەنجام گەلی بندەست و کایە سیاسییەکانی دەگەنە ئاوات و لەوانەشە لە هەلومەرجێکی وەک ئەوەی کورد و یەکێتی و مام جەلالدا پێشی سەردەستەکانی بداتەوە.

**پەیام بۆ عیراق**

هەروەها ئەم وێستگەیە پەیامێکە بۆ عیراق کە لاپەڕە خەمناکەکانی نا یەکسانی و سەرکوت بپێچێتەوە و هێزە دیموکراتخوازە عەلمانی و سۆسیالستخواز و ڕەوتە ئیسلامییە میانڕەوەکانیشی تین بدەنە بەر خۆیان کە لە مەیدانی ململانێدا بە تەنها نین و ئەگەر بە ڕێباز و ڕەوتی یەکێتیدا بڕۆن ئەوانیش هەڤاڵبەندی جیهانی مسۆگەر دەکەن. مۆدێلی هەڵسانەوەی یەکێتی و سکرتێرە گشتییەکەی لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسییدا بۆ لوتکەی سەرکەوتن مۆدێلێکی هاندەرە تا عیراق لە وڵاتی نەفرەتلێکراوی سایەی شەقاوەگەرێتی سەدامەوە باز بدات بۆ عیراقێکی پێشوازیلێکراو لە کۆڕ وکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا. لەم

وێستگەیەدا یەکێتی بە نوێنەرایەتیکردنی عیراق دەیسەلمێنێ کورد لە جێی ئەوەی بار بن بەسەر عیراقەوە دەتوانن دەروازە بن بۆ پایەداریێتی عیراقێکی دیموکرات و فیدرال.

**تۆڕێکی دیکەی گرێدانەوە**

ئەندامێتی یەکێتی تۆڕێکی دیکەی گرێدانەوەی کوردستانە بە پابەندێتییە جیهانییەکانەوە. بەمە دەزانین جیهانی موتەمەدین و ڕێبازی دادپەروەریخوازی چاوی لە کوردستانە بە دوو مانا:

-بە مانای لەهەر هەڕەشەیەک لەسەر بوونی دەیپارێزێ.

-بە مانای ئەوەی کۆمەڵی کوردستان لەژێر بلاجکتۆرێکی دیکەی چاودێری ئیجابییدایە.

مەسەلەی ئەندامێتی هەروا ڕێزلێنان نییە لە کۆشش و خەباتی رابردوو، بەڵکو هێنانە ژێر سایەی سێبەری سۆسیالست ئینتەرناسیونال و پێوەرە جیهانییەکانی حوکمڕانی چاک و ژیرانەیە. ئیتر یەکێتی تەنها بە نیەتی پاکی خۆی و سەلیقەی تێکۆشانی رابردووی و پابەندێتی مۆراڵی کادیر و سەرکردەکانی مولزەم نابێت بە پەیڕەوکردنی داد و دیموکراسیی و مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی حوکمڕانیکردن و شەراکەت لەسەر بنچینەی بەرنامە، بەڵکو بە پەیمانێک کە خۆی داوێتی بەو ڕێکخراوە جیهانییە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ. خەسڵەتی سۆسیال دیموکراتی وایە کە پێش ئەرک پێسپاردنی جیهانی وەک هەڤاڵبەندییەکی ئینتەرناسیونالیستی، داوای لێکراوە لە قەوارەی نیشتمانیی خۆیدا،کوردستان، ئەرکی ڕێبازی سۆسیال دیموکرات و پراکتیزەکردنی کوردستانیانەی تێزەکانی بگرێتە ئەستۆ. هەڵبەت ئەمە هەم گۆڕینی ستراکچەری حزبەکە دەخوازێ تا دەرقەتی ئەم ئەرکە بێت و هەمیش جۆرێکی دیکەی هەڤاڵبەندێتی تەندروست لەناوخۆی حزبی گەرەکە کە هەڤاڵبەندێتییەکی دیموکراتخوازانە و سۆسیالیستخوازانە بێت.

یەکێتی یەکەم حزبی کوردستانیی حوکمڕانە دەچێتە تۆڕی نێودەوڵەتی هاوخەمی و هاوخولیای پرسە جیهانییەکانەوە کە ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەربازکردنی سیاسەتی کوردییە لە لۆکالێتی و خۆخواردنەوە بەرەو دونیای گەورەی کاریگەرێتی. مام جەلالیش یەکەم سەرکردەی کوردە چارەنووسی شکست و پاشەکشێ پێکردن لەقاو دەدات و پلە بە پلەی سەرکەوتنی یەکێتی و ئەزموونەکەی، سەردەکەوێت.

ئەوەش بازێکی ترە لە پاڵ بازی دەربازکردنی کورد لە فەوتان و لە نەمان، لە پاڵ بازی بە نێودەوڵەتی کردنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کە چەندین دەیە بزووتنەوەیەکی یاساغ بوو.

*ئەو وتارە بەبۆنەی هەڵبژاردنی مام جەلال بە جێگری سەرۆکی سۆشیالیست ئینتەرناسیونالیستەوە نووسراوەو لە گۆڤاری هەفتەنامەدا بڵاوبۆتەوە.

# چۆن مامەڵە لەگەڵ کادیرە پەرتەوازەکاندا دەکرێت؟*

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەدان کادیر و تێکۆشەری هەیە کە ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانە حزبییەکاندا کارناکەن، بەڵام لە شوێنی تر و بواری دیکەدا خزمەتی بەرنامە و ئامانج و سیاسەتەکانی دەکەن. جا چ ئەو شوێنانە دامودەزگاکانی حکومەت، بە ئیدارەی پارێزگا و هەرێم و بەغداشەوە، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی یان بواری ڕوناکبیری و ڕۆژنامەوانیی بن. ئەمانە بوارگەلێکن کە بوونەتە جێی هەڵسوڕانی گشتی ئەو سەدان کادیرانە و لە ڕێیەوە خزمەتی کۆمەڵی کوردستان و بزوتنەوە سیاسییەکەی دەکەن. لە بەرامبەر ئەو دەرکەوتە تازەیەی فراوانبوونی کایەکانی خزمەتکردنی گشتی هێناویەتییە گۆڕێ، یەکێتی چی تەگبیرێکی ئیداری، ڕێکخراوەیی ڕەچاودەکات بۆ پاراستنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ کادیرە پەرتەوازەکانی خۆیدا؟

هەڵبەت لێرە قسەم لەسەر ئەو کادیرانەیە کە بێ ڕێنوێنی سیستماتیک و کۆبوونەوەی دەوری پابەند و وەفاداری سیاسەت و ئامانجە گشتییەکانی یەکێتین. یەکێتی بۆ ئەمانە زیاتر لەوەی دەزگایەکی حزبی تەقلیدیی بێت، سایەی بزوتنەوەیەکی گەورە و شەمەندۆفەرێکی ڕێی پێشکەوتن و سەرخستنی ئامانجەکانی کوردایەتییە.

بەپێی پێوەرە سەرەکییەکانی حزبایەتی بێت ئەندامی حزبی ئەو کەسەیە کە لەیەکێک لە ئۆرگانەکانی حزب ڕێکخراوبێت، ئابوونە بدات و داکۆکی لە سیاسەتی گشتی حزبەکە بکات و بۆ جەماوەری ڕوونبکاتەوە، بەڵام لە دەرەوەی ئەم پێناسەیە بۆ کادیر ئاڵۆزی و پەرەسەندنەکانی ژیان دەرکەوتی نوێی دروستکردووە و کادیری دەرەوەی ئۆرگانەکانیشی کردۆتە واقیعێک کە چیتر ناکرێ نادیدە بگیرێن. ئایا چارەسەر ئەفرۆزەکردنی ئەو کادیرانەیە کە بە سەدان کەس دەبن و لە هەندێک جومگەی ڕووداوە سیاسییەکاندا بە ئەندازەی کادیرێکی تەواو ئەندام کاریگەرییان لەسەرخستنی سیاسەتەکانی یەکێتیدا هەیە یان دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاوە بۆ مامەڵە و سەودا لەگەڵ کردن و ڕێنوێنی کردنیان؟

پێموایە یەکێک لەو پەیپەرە گرنگانەی دەبێ بەشێک بێت لە باسوخواسەکانی کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی ئەوەیە چۆن ڕێوشوێنی پەیوەندی ئۆرگانێکی لەگەڵ کادیرە پەرتەوازەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەم ئەرکی یەکێتیبوونی سەرشانیان جێبەجێبکەن و هەمیش شانازی یەکێتێتیان بەربکەوێت. لەوانەیە هەبن بڵێن جا ئەوانە دەتوانن لە ئۆرگانەکانی

ئێستادا ڕێکبخرێن و جێیان بکرێتەوە، لە وەڵامدا دەڵێم: ئەو ڕوانینە ئەگەر بە دەردی ئێستا بیخواردبایە هەم حزب ڕێکی دەخستن و هەم ئەوانیش ڕێکدەبوون، جا کە ئێستا وانییە و مەسەلەکە بۆتە دیاردە ئەوە نیشانەی ئەوەیە پەیوەندی بەستنەکە فۆرماتکردنەوەی دەوێت.

حەیفە وزەیەکی زۆری یەکێتی سەرگەردان ببێت کە بە ڕەنج و هیلاکی و تێچوویەکی زۆر لەسەر ئەم حزبە کەوتووە. لە جێی ئەوە یەکێتی دەتوانێ بە پانایی بوارەکانی ژیان وەبەرهێنانی سیاسیی لە کادیرەکانی خۆی بکات و وەکو هەمیشە نێوەندی کەمەندکێشان بێت نەک کش لێکردن.

*پاشکۆی کۆنگرە - کوردستانی نوێ ساڵی 2008

# یەکێتی دەستبەرداری کادیرەکانی خۆی نابێت*

یەکێتی دەستبەرداری هەڤاڵ و تێکۆشەرەکانی خۆی نابێت. لەبەردەم ناحەزو نەیارانیدا داکۆکییان لێدەکات و لێناگەڕێ لەمەیدانەکەدا بەتەنیا بن. کادیرانی یەکێتی چ ژن بن چ پیاو هەڤاڵی رێی ئامانجەکانی یەکێتین کە ئامانجی رزگاری و پێشکەوتن و چوونیەکی ئەندامانی کۆمەڵن، هەڤاڵی یەکێتی خەباتگێڕی ئەو رێگایەیە، بۆیە هەم بەسەبرو هەم ژیرو ئازاو بەجەرگە، بەسەبرە بەرامبەر تۆمەتبارکردن و ناوزڕاندن. ژیرە بەوەی لێناگەڕێ ناحەزان و نەیاران کێشەکانی یەکێتی یان ئەو کێشانەی رووبەڕووی هەڤالانی یەکێتی دەبنەوە ئیستیغلال بکرێن و لەڕەوشی خۆی لابرێت، ئازایە چونکە داکۆکی لەمافی خۆی و لەمافی حزبەکەی دەکات و بەجەرگیشە بەرامبەر بەوانەی دەشێ لێرە یان لەوێ لەناو یەکێتی پایەی یەکێتی بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگ و ناونیشانی هەڤاڵەکەی خۆی بەکارهێنابێت. هەڤاڵ عەزیمە، ناوەکەی بەخۆوەیەتی، دەبێ عەزمی بەتین بێت لەبەرەنگاری ئەو کێشەیەدا، هەم باوەڕی بەخۆی هەبێت و هەم بەشێوازی حزب و رێکخراوەیی بەدواداچوون بۆ کێشەکانی بکات و لەوەش دڵنیابێت یەکێتی و هەڤاڵەکانی ناو یەکێتی پشتیوانی دەبن و ناهێڵن هەقی بفەوتێ، ناهێڵن کەسانی نەفس نزم رێگەیان بۆ والابێت ئەم کلتوورە قێزەونە بهێننە ناو بواری سیاسەتی کوردستانیەوە کە کلتووری یەکێتی نیە، بەڵکو کلتووری ئەو کەس و گرووپانەیە لەسایەتە بەدناوەکان و لەهەندێک میدیای روو زەردەوە دەیانەوێ فرمێسکی تیمساحی بۆ ئەم لەکەدارکردنەی هەڤاڵ عەزیمە برێژن کە دەستی خۆشیان بەهەزار تۆمەتی ناوزڕاندن سوورەو ئەوان پەرە بەو کلتوورە دەدەن. پێویستە هەڤالانی یەکێتی نەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم کلتوورەوەو حزبایەتی و ململانێی حزبایەتی بەفەرهەنگێکی بەرزو مۆدێرنانە پەیڕەو بکەن. کەس بەقەدەر یەکێتی دڵسۆزی هەڤاڵەکانی خۆی نییەو پەرۆشی ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتییان نییە، چونکە خۆشناوی هەڤاڵەکانی یەکێتی خۆشناوی و ناوپاکییە بۆ یەکێتی.

*ئابی ساڵی 2009 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

# یەکێتی بەمجۆرە دەیباتەوە*

لەدیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، خەباتکردن بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و لەناویشیاندا مەسەلەی کەرکوک، لەخەباتکردن بۆ دیموکراتیزەکردنی عیراق و چەسپاندنی پایەکانی حوکمێکی ئیتیحادی و دەستووری لێک جیاناکرێنەوە.

ئەم دیدە لەئەدەبیات و نووسراوەکانی یەکێتیدا بانگی ئاشکراو بانگەوازی روونە بۆ کوردایەتییەکی پێشکەوتنخوازیی دیموکرات کەپانایی مەسەلەی کوردو رەهەندە دیموکراتییەکانی دەناسێت.

ئەدەبیاتی یەکێتی دیدی روون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی خەباتکردن بۆ دیموکراتیزەکردنی عیراق و لەقاودانی دیکتاتۆری و شۆڤێنیزم، هەوڵدان بۆ رەگداکوتانی بنەماکانی حوکمێکی راست و دادپەروەرانەی ئەوتۆ کەماف و ویستە رەواو مێژووییەکانی پێکهاتەکانی ئەم ولاتە دابین بکات، بەشێکی لێبڕاوانەی خەباتکردنە بۆ کوردایەتی و قوربانیدان لەم رێگەیەدا، بێ دوو دڵی، قوربانیدانە بۆ کوردو کوردستان، چونکە تەنها لەفەزایەکی بەرینی دیموکراسی و لەولاتێکی خاوەن بنەمای دەستووریی دانپیانەر بەماف و ئەرکەکاندا، دەرفەتی دیموکراسی و سیاسی بۆ گەشەکردنی کوردایەتی و پێ سەلماندنی داواکانی لەبابەت: چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، پتەوکردنی بەشداریی کورد لەبڕیاری سیاسی و کەڵک وەرگرتن لەتواناو قودرەتمەندی دەوڵەتی عیراق، دەرەخسێت. بەپێچەوانەشەوە لەعیراقی وەک ئەوەی جاران کەهێزە شۆڤێنی و دیکتاتۆرییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و سەرەتاتکێی زیندووکردنەوەی بنەماکانین، زەمینەی پاشەکشێ پێکردنی دەستکەوتەکان دێتە گۆرێ و دەمێکیشە بەتەجرەبە دەرکەوتووە سەرەتای تیرۆرکردنی دیموکراسی و دادپەروەری لەپاشگەزبوونەوە لەمافەکانی کوردەوە دەستپێدەکات، تا لەماڵوێرانی و سەرکوتکردنی هەموو پێکهاتەکان و دووپاتکردنەوەی سیناریۆی رەشی حوکمی بەعسیدا دەگیرسێتەوە.

ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەمیشە قوڵپی زیندوویێتی و پایەداری لێدێت و زەمینەی سیاسیی عیراق و زەمەنی تەجروبە سیاسییەکانی چەند دەیەی رابردوو لەمەنگەنەی داوەو سەرفرازانە لێی هاتۆتەدەر، بۆیە عیراقی دوای بەعسیش عیراقێکە رێک دەڵێی لەرووی بنەماوە بەدڵی یەکێتی پێکهاتووەو ئاکامی سەرکەوتنی خەباتی هێزە سەنگینەکانی کوردایەتی و دیموکراتییە لەعیراق و دەبێ خەباتکردن بۆ جێگیرکردنی

یەکجارەکی ئەو بنەمایانە بەردەوام بێت بەجۆرێک سەرهەڵدانەوەی مەترسی بەعس و مەیلی شۆڤێنی نەتوانێت زەفەری پێ ببات.

ئەم بنەما فیکرییانەی یەکێتی کاری لەسەرکردووەو خەباتی لەسەر بەردەوام دەکات بنەمایەکی پتەو و دامەزراوە، بۆیە بەرچاوی تێکۆشەرانی یەکێتی لەم نێوەندەدا لێڵ و شاش نەبووەو نابێت، نە جاران خەباتەکەیانی بەلارێی ململانێی توندڕەوانەی نێوان (کوردو عەرەب) ئاراستەکردووە کە ململانێیەکی ناڕەوای وزە بەهەدەران بووەو نە ئێستاش ورەی پێ بەرداون بەجۆرێک رێگەی موناقەسەو دابڕینی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بگرنەبەر.

یەکێتی هەر بەمشێوە هاوسەنگە لەمەیدانە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا گرەوی بردۆتەوەو لەنەبەردی ئایندەی کوردستان و عیراق و کەرکوکیش لەنێوانیاندا، هەر بەمشێوەیە دەیباتەوەو.... عەزمی بەتینە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ ساڵی 2009

# ئارامی دوێنێ و ئەمڕۆی چەپی کوردستانی

پێش وەخت دەبێ ئێمە سەرنجی ئەوە بدەین کەئەم وتارەمان لەسەر پانتایی یەک بەرهەمی هاوڕێ (ئارام) ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێ، ئەویش کۆکراوەی کۆمەڵێ وتارە بەنێوی (ئارام و بزوتنەوەی ئینتر ناسۆنالیستی) (1) لەسەرەتای هەفتاکاندا (شەهید ئارام) وەکو رۆژنامەنووسێکی پێشکەوتنخواز لەرۆژنامەی (هاوکاری) کۆمەڵێ وتاری لەسەر خەباتی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی بڵاوکردۆتەوە. لەو وتارانەدا ئەوەندەی سانسۆری رۆژنامەنووسی بواری دابێ، کاک (ئارام) بابەتەکەی خۆی ئاراستەی شوێنێک کردوە کەمرۆڤ دەکارێت دەنگ و سەدای بانگەشەکردنێکی ناڕاستەوخۆی لێوە ببیسێ، ئەو خوازیاری ئەوە بووە کەگەلی کورد کەڵک لەو تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕانە وەربگرێ کەگەلانی تری جیهان لەپرۆسەی خەباتی خۆیاندا پێیدا رۆیشتوون، بەڵام ئەو کەڵک وەرگرتنە هەرگیز بەمانا کۆپیەکەی نەبێ، بەڵکو کەڵک وەرگرتنی بێ کەئەزموونی گەلان تێکەڵ بەتاقیکردنەوە لەمێژینەکانی گەلی کورد بکات، لەگەڵ دۆخی کوردستان هاوئاهەنگ بن!

(هەرگیز ناشێت تاقیکردنەوەی گەلان بخەینە پشتگوێ هەروەک نابێ تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی کورد بخەینە پشتگوێ، بۆ ئەمەش پێویستە بەوردی لەهەواڵی شۆڕش و تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلان وردبینەوەو بەپێی زروفی تایبەتی وڵات سودیان لێوەربگرین) (2)

شەهید ئارام زۆر مەبەستی بووە کەخەباتی گەلی کورد بەپەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ سەرجەم خەباتی گەلانی دونیا پێکەوە گرێبدات، لەیەک ریز بەستنی نێونەتەوەیی رایان بگرێ، گەلی کوردی لەگیانی دوورەپەرێزی ئاگادارکردۆتەوەو رێنمایی کردوە بۆ ناسینی شوێن و پایەی خۆی لەبزافی رزگاری گەلاندا، وەکو ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە خاڵە لاوازەکانی ئەو بزافەی دەستنیشانکردووە. ئافەرین و ستایشی بۆ رێگاچارە راست و دروستەکان رەوانەکردووە، چی وەکو تاودانەوەی هەڵوێستە نێو نەتەوەییەکەی، چ وەک هێمایەکی هێمنانە بۆ گەلی کورد کەدەبێ لەخەباتی بەرەودوای خۆیدا هەڵەی لەو بابەتانە نەکات: (ئەگەر هەر گەلێ رێی راستی شۆڕش بدۆزێتەوەو دۆست و دوژمنی راستەقینە چاک دەستنیشان بکات لەئەنجامدا هەر سەردەکەوێت و بەئامانجەکانی دەگات هەر چەندە بچوک و دواکەوتوبێت) (3)

کـارێکی ڕێـکەوت نـیە کە لەسـەرجەم (34) وتـاردا، تەنیـا یەک وتـاری تەرخـانە بـۆ بزوتنەوەی کرێکاری (دەربارەی مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیا) (4) (2) وتار لەسـەر ئاشتی نێو گەلان و چەند وتارێک لەسەر سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و باسی هەمەچەشنی تر، (25) وتار لەسەر خەباتی گەلانی ژێر دەستی جیهانی سێ (ڤێتنام، کۆلۆمبیا، هینـدۆراس، کۆریـا، ئەندۆنیـسیا، زیمبـابۆی، گیتابیـساو مۆزەمبیـق، فەلەسـتین، یەمەنـی دیمـوکراتی...هتـد) ئەمە بەئاکامێکمـان دەگەیەنێ کەکێشەی نیـشتمانی وەکو ئەرکێکی هەنـوکەیی خەبـات بـە پلەی یەکەم، خواستی هاوڕێ ئارام بووە.

بۆ ئەو گرنگ بـووە کەنمـوونە جیهانیەکانیـشی لەمەڕ شـۆڕش ئەو نموونـانە بـن کەدەگەڵ قۆناغی ئەو وەختەی کورد هاوتەریب بێ (قۆناغی دیموکراتی و رزگاری نیشتمانی) تەنـانەت لەخودی ئەو باسانەی کەلەسەر خەباتی گەلانی نووسیوە دەتوانێت هێڵی نیـشتمان پەروەری کوردسـتانی بـوونی (ئـارام) هەسـت پـێ بکەیـن کاتێـک بـانگەوازی گەلـی کـورد دەکـات بـۆ هـاودەنگی لەگەڵ گەلـی ڤێتنـام و خەبـاتە رەواکەی داوامـان لێـدەکات (بـا کەیـادی لێـدانی بزوتنەوەکـانی گەلەکەمـان دەکەیـنەوە. کەیـادی هێرشـەکانی شـای ئێـران دەکەیـنەوە بـۆ سەرکۆماری مهابادو مەینەتیەکانی گەلی کوردمان لەهەمـوو کوچەیەکی کوردسـتان دێـتەوە بەرچاو. بائەوەشمان لەبەرچاو بێـت کەچـۆن ئەو گەلانەی تـریش بەدەردەکەی ئێـمەو بگـرە خراپتریش دەبرێن).

ئارام باس لەولاتـی دابەشـکراوی کـوردو باسـی بەشـخوراوی مـان دەکـات، باسـی خەبـاتی ساڵەهای ساڵەمان دەکات لەپێناوی بەدیهێنانی مافە رەواکانمان.

بەپەرۆشەوە باسی خەبـاتی گەلـی کۆریـا دەکـات لەپێنـاوی یەکخـستنەوەی نیـشتمانەکەی، کەسێک پـەرۆشی بزاڤـی نیـشتمانەکەی نـەبێ چ حیکمـەتێـک لەباسـکردنی یەکخـستنەوەی نیـشتمانێکی تـردا دەبینـێ، ئەمە جـگە لەوەی کـاک (ئـارام) لەرێکخراوێکـدا کـاریکردوە (کـۆمەڵە)کە کوردسـتانیی بـووەو ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی رێکخراوێـک بـووە (ی.ن.ک) کەپاشـــکۆیەتی لەخـــودی ناوەکەشـــی رتکردبـــووەوە، یەکەمـــین بەیاننـــامەی (ی.ن.ک) لەکوردستاندا ئەو نووسی.

(ئارام)ی نەمر بـاوەڕی بە(بەرەی نیشتمانی) و هاوپەیمـانێتی چینـی کرێکـارو جوتیـاران و چین و تاقەمە کۆمەڵایەتییە نیشتمان پەروەرەکان هەبووە.

ئەمانە کەلەسەرەوە وتمـان ئەدکارە گشتییەکانی بیـری هـاوڕێ (ئـارام)ن لەمەڕ شـۆڕشی گەلان و خەبـاتی رزگـاریخوازانەی گەلـی کـورد، خەبـات دژی داگیـرکەران و ئیمپریـالیزم، موخابن شـەهیدبوونی نـاوەختی بـۆی نەرەخسـاندین کەهەرچـی زیـاترە بەدیـدو بۆچوونەکـانی ئەو هەڵکەوتووە کەم وێنەیەی گەلەکەمان ئاشنابین.

ئەگەر زانـستیانە هـاوڕێ (ئـارام) هەڵـسەنگێنین ئەوە دەتـوانین بڵێـین کە(ئـارام) یەکـێ لەرێبەرانـی بزوتنەوەییەکـی جوتیـارانە بـووە، لەڕووی پـێگەی چینـایەتییەوە وردە بـۆرژوای

رۆشـنبیر (وڵاتـانی جیهـانی سـێ، بەرهەمهێـنەری یەکەمـی تـوێژی وردە بـورژوان)، لەڕووی فیکـرییەوە چەپێکی رادیکاڵ، تـارادەیەک ماویـست (گەمـارۆدانی شـار لەلادێیەوە)، لەڕووی هەڵوێستەوە گیڤارا ئاسا هەمیـشە دڵـی لەگەڵ خەبـاتی گەلانـدا خـورپەی داوە، ئەو تێـزەی (لینـین) بـێ چـاک بـووە کەدووپـاتی رووخـانی سـەرمایەداری دەکاتەوە لەئەڵقە لاوازەکەیـدا (بەخەباتی گەلانی رۆژهەڵات).

هـاوڕێ (ئـارام) بەدەرنەبـووە لەو بـارودۆخە سیاسـیەی کەتێـدا ژیـاوە، بـۆیە سـۆڤێتی پێـی سۆسیالیزم بووە، (کیم ئیل سۆنگ)ی دیکتاتۆری پێ سـەرکردەبووە، جێگـای خـۆیەتی کەئەوە بڵێن لەکاتێکدا شەهید ئارام و سەرجەم رێبەرانی و بیرمەنـدانی بزاڤـی رزگـاریخوازی گەلـی کوردسـتان هەڵوێـستی مرۆڤدۆسـتانەو نێـونەتەوەیی خۆیانیـان دەربڕیـوە بەرامـبەر بەگەلـی عەرەبی فەلەسـتین و گەلانـی تـری ژێردەسـت، کەچـی موخـابن بـۆ خـۆیی چێـشتیش ئەوان لایەکیان لەئێمە نەکردۆتەوە، رەنگە کارەساتی (هەڵەبجە) زەقترین نموونە بێ.

ناکرێـت بەتێڕوانینـی ئەمـڕۆی پـاش سـەردەمی بیروسـترۆیکا سـەیری دوێنێـی سـەردەمی (ئـارام) بکەیـن بەگـرتنەبەری ئەو پرینـسیپەی دەڵێـت (شـیکردنەوەی دیـاریکراو بـۆ دۆخـی دیاریکراو)، داخۆ چەند لەو بۆچوونانەی ( ئارام) بۆ ئەمڕۆمان دەشێت، ئەمڕۆ کەئیتـر بلـۆکی رۆژهەڵاتـی بەنـاو سۆسیالیـستی رووخـاوە، کەدونیـای دو جەمـسەر نەمـاوە، ئیتـر تەنـانەت (پێشڕەوایەتی کرێکار بـۆ خەباتی نیشتمانی جەنگی گەلی درێژخـایەن و خەبـاتی کرێکاری لەکوردستان کەهێشتا چینی کرێکار نەخەملیوە، تێکڕای هەمووی روو لەنوێبـوونەوە دەکەن)، ئەمـڕۆ کەسیـستمی سـەرمایەداری وەکـو تـاقە جەمـسەرێک لەجیهانـدا مـاوەتەوە، کەئیتـر رەوەنـدی سـەرمایەداری بەهـۆی (ئـابووری) جیهـانگیری خـۆیەوە (سـەربەخۆیی ئـابووری) گەلانی لەپێشتر ئازادبوونی مایە پووچ کردووە.

ئەمڕۆ کەچاوەڕوانی بزاڤی شۆڕشگێڕی لەخـودی سـەنتەری سەرمایەداری دەکرێ نەک لەئەڵقە لاوازەکەی، ئەمڕۆ دەبێ ئەرکی چەپی کوردستان چی بێ؟ ئەمڕۆ دەبێ درێژە پێدان بەرێگای (ئارام) خۆی لەچیدا بنوێنێ؟

ئەگەر ئارام وەکو چەپێکی کوردستانی چاولێ بکەیـن، ئەگەر وەک رێبەرێـک کەمەسـەلە نیـشتمانیەکەی زاخـاو داوە بەتێـزی چینـایەتی تەماشـای بکەیـن، ئەوا دەتـوانین بڵێـین کەلەپووری (ئارام) زیندوە.

ئەمـڕۆ کـورد لەڕووی مەسـەلە نیـشتمانیەکەوە لەهەوڵـی سەرخـستنی قەوارەیەکـی سیاسیدایە (کوردستانی فیدراڵ)، لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی شۆڕشـەوە، لەڕووی قۆنـاغی گەشەکردنی کۆمەڵەوە لەهەوڵی بەگەڕخستنەوەی ژێرخانی کۆمەڵی کوردستاندایە، ئەمەش بەگـرتنەبەری رێگـای گەشـەکردنی سـەرمایەداری، لەڕووی ئـابووریەوەو دیمـوکراتیزەکردنی کـۆمەڵ (پەرلەمـان، ئـازادی رێکخرابـوون، ئـازادی رۆژنـامەگەری) چـونکە ئەمـڕۆ سیـستمی

سەرمایەداری سیستمێکی سەراپاگیرە، هەموو کەلەبەرێکی جیهانی گرتۆتەوە، یاخود لەحاڵی گرتنەوەی دایە) بۆیە گواستنەوەی ئەو سیستمە بۆ قۆناغی باڵاتر ئەوە ئەرکی بزوتنەوەی چەپە لەئەوروپا.

(لەهەناوی سەرمایەداری). (چەپ)لەکوردستان دەتوانێ پێ لەسەر ئاراستەکردنێکی کۆمەڵایەتی ئەو گەشەکردنە سەرمایەدارییە دابگرێ (دەکارێت خەبات لەپێناوی چارەکردنی کێشەی جوتیاران، ئازادیە دیموکراتیەکان، مافی ئافرەت، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پێکەوەنانی رێکخراوی کرێکاران، جوتیاران...هتد) ئا لەو (کانی)یەوە بانگەوازی (ی.ن.ک) بۆ یەکگرتنی چەپەکانی کوردستان رێچکە دەبەستێ و ئا لەو دۆخەوە چەپی دەرەوەی (ی.ن.ک)یش قسە لەسەر یەکگرتنەوە دەکات تا هەرچی زووترە دەوری شیاوی خۆیان لەم قۆناغی تازەی خەباتی شارستانی کوردستان بنوێنن.

ئەمرۆ بەوە دەتوانین میراتگری (ئارام) بین لەزرنگیەکەی ئەو بخەینە کار وەک ئەو شێلگیرانە داکۆکی لەخەباتی رەوای گەلەکەمان بکەین، وەکو ئەو هەمیشە هاودەردی گەلانی تر بین سەرباری هەر گلەییەکمان لێیان، وەک ئەو باوەڕمان بەسەرکەوتنی حەتمی بێت، بەوە میراتگری (ئارامین) کەگیانی شۆڕشگێڕی ئەو، رەفتاری خۆنەویستانەی، خەڵک ویستانەی ئەو، لەخۆمان بەرجەستە بکەین کەوەک ئەو (ئەگەر شەرفمان پێ برا) لەهەرەتی لاوێتیماندا پرۆژەی بێ سڵکردنەوەی شەهیدبوون بین. ئا وەها دەتوانین میراتگری (ئارام) بین نەک بەدۆگماو خۆهەڵواسین بەدەقێکی جیهانی دوو قوتبی بۆ رۆژگاری جیهانی یەک قوتبی.

ئەمە هزری سەرەتایە لەسەر (ئارام)، وەکو پێشتر گوتمان بەسەرنجدانی کۆمەڵێ وتاری (ئارام) کەپێموایە دێدێکی رۆشنمان لەسەر ئەو پێ دەبەخشێ، رەنگبێ نیشانم نەپێکابێ، ناشتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کەئەگەر (ئارام) بمایا ئێستا بۆچوونی چۆن دەبوو، داخی گرانم لەوەختێکی ناوادەدا بەجێیهێشتین.

سڵاو لەکاسکێتە زیوینەکەی کاک (ئارام)

ساڵرۆژی یادکردنەوەی بەخێر.

**پەراوێزەکان:**

1-ئارام و بزووتنەوەی ئینترناسیۆلیزمی.
بەرهەمەکانی شەهید ئارام بەرگی دووەم
کانونی دووەمی 1982
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
2- هەمان سەرچاوە ل3-2
3-هەمان سەرچاوە ل9
4-هەمان سەرچاوە ل13-14
5-هەمان سەرچاوە ل3

# لەیادی ئارام دا، سەرلەنوێ خوێندنەوەی فیکری ئارام

نەدەکرا ئەمساڵ یادی شەهیدی سەرکردە، خۆشەویستی ڕەنجدەرانی کوردستان، هاوڕێ ئارام، هەروا بێ هەڵوەستەکردن، تێپەڕێ، بەتایبەت کە لەماوەی نێوان یادکردنەوەی ساڵی پارو یادکردنەوەی ئەمساڵدا، ئاهەنگی یەکگرتنەوەی هەڤاڵانی دێرینی (ی.ن.ک) سەر لەنوێ رۆحی شەهید ئارامیان شادکردەوە، بۆیە پێویست بوو ئەگەرچی بەشێوەیەکی راگوزەریانەش بێ خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی لەسەر بەشێکی بۆچوونەکانی ئەو شەهیدە بکەینە سڵاوی ڕێزلێنان لەکاسکێتە زیوینەکەی، ئەم وتارە، کەدەربڕی رای سەربەستی نووسەرەکەیەتی، پێشکەشە بەو هەڤاڵە خوێن گەرم و لاوانەی کە لەدونیای پڕ سەروەیی (ی.ن.ک)دا شەهید ئارام بەیەکێک لەو ڕەمزە رۆحیانە دەزانن کەپاڵپێوەنەری پەیوەست بوونیان بووە بەڕیزەکانی ڕێکخستنەوە.

کەدەڵێین خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی مەبەستمان ئەوە نییە کەئێمە بەتێزو بۆچوونەکانی ئەمڕۆ ئارام-ێک هەڵسەنگێنین کەکوڕی دوێنێی بووەو لەجوغزی پەیوەندی (خود)و (دەرەوە)ی ئەو سەردەمە بەدەر نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئێمە لەو خوێندنەوەیە دەستنیشانکردنی دروستی و پێویستی تێپەڕاندنی قۆناغێکە کەدەشێ ناوی بنێین (قۆناغی کۆمەڵە) کەشەهید ئارام یەکێ بووە لەو تێکۆشەرانەی هەوڵی دیاریکردنی هێڵە گشتییەکەی داوە، سەردێڕی روانینی کۆمەڵە لەو قۆناغە ئەمە بووە (هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران لەخەباتی رزگاری نیشتمانیداو پێشڕەوایەتی کردنیان بۆ ئەو خەباتەی کەدەشێ چینی وردە بۆرژواو بۆرژوای نیشتمانپەروەر لەیەک بەرەی نیشتمانیدا تێیدا بەشداربن).

لەواقعی بەرجەستەبووندا (ی.ن.ک) ئەو بەرەنیشتمانییە فراوانە بووەو لەئەدەبیاتی سیاسی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کۆمەڵە بەدڵە بزوێنەرەکەی (ی.ن.ک) ناونووس دەکراو یەکێتیش بەنیمچە بەرەیەک. تێپەڕاندنی قۆناغی کۆمەڵە لەم وەختەدا پێویست بوو لەبەر دوو هۆی سیاسی و فیکری، هۆیە سیاسییەکە ئەوەیە کەڕوانینی (قۆناغی کۆمەڵە) روانینی قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەو قۆناغی ئێستاشمان قۆناغی شەرعیەتی دەستوورییەو کەتێیدا حزبەکان بەرەو بەدام و دەزگا بوون دەچن و فیعلی دەسەڵات پیادە دەکەن، هۆیە فیکرییەکەشی گۆڕانکارییەکانی دونیاو دەرکەوتنی راستییە دەرک پێنەکراوەکانە.

بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی ئەو دوو هۆیەی سەرەوە کەتێپەڕاندنی قۆناغی کۆمەڵەیان کردبووە مەسەلەیەکی ژیاری و گرنگ، لێرەدا برگەیەکی چڕوپڕ لەقسەکانی هاوڕێ ئارام

دەکەیـــن بەنمـــوونەیەک و لەســـەری دەدویـــین و لەویـــشەوە ئەو دەرکەوتە تـــازانەی کەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پێی گەیشتووە دیاری دەکەین و دواجاریش قسە لەسەر گرنگی خۆ نوێکردنەوەی (ی.ن.ک) لەناو دەرەوەی گۆڕانکارییەکانی دنیایە دەکەین.

(لەگەڵ گەشـەکردنی گیـانی رزگـاریخوازی و بـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕی گەلانـی جیهـانی سێیەم و سەرکەوتنی ڕەوتی گشتی مێژوو بەرەو سـەرکەوتنی سۆشیالیزم و ڕاپەڕینـی چینـی کرێکـارو زەحمەتکێـشانی تـری وڵاتـانی سـەرمایەدارو ئیمپریالیـست، لەگەڵ ئەم شـەپۆلە ئامـانەدا، ژیـانی سـەرمایەداری و ئیمپریـالیزم لەتەنـگ و چەڵەمەیەکەوە ئەتـرازێتە یەکێکـی تری نوێوە، بێ ئەوەی دەرفەتی دەربازبوونی لێیان تروسکەیەکی ڕووناکی لێوە بێت). (1)

1- ڕاپەڕینی چینی کرێکارو زەحمەتکێشانی تری وڵاتانی سەرمایەدارو ئیمپریالیست واتا بزووتنەوەی چەپ لەسەنتەری سەرمایەداریدا.

2- سەرکەوتنی ڕەوتی گشتی مێـژوو بەرەو سـەرکەوتنی سۆشیالیزم واتا ناوەنـدو وڵاتـانی پەیڕەوی سۆشیالیزم.

3- گەشەکردنی گیانی رزگاریخوازی و بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانییەکان.

بەپێی شیکردنەوەی جاران ئەم سێ توخمە (بزووتنەوەی چەپ لەناوەندی سەرمایەداری، بـوونی ناوەنـدی سۆشیالیـستی و لەگەڵ بـزووتنەوەی نیـشتمانییەکان) سێ بـاڵی پێکهێـنەری شۆڕشی جیهانی بوون، با لەسەر ئەو سێ باڵە بدوێین:

بـــاڵی یەکەم/ بـــزووتنەوەی چەپ لەناوەنـــد، لەکلاســـیکی مارکـــسیزمدا لەمێـــژە ئەوە دەستنیشانکرابوو کەچینی کرێکار بەرەو بورژوازی بوون هەنگاو دەنێت، ئەمە ڕێک دەربـڕی ئەو حەقیقەتە بوو کە سەرمایەداری لەقۆناغی فراوانخوازی خۆیدا (بەتێزی لینینی قۆناغی ئیمپریالیزم)، وڵاتانی کۆڵۆنی کراو دەکاتە بازاڕی ساغکردنەوەی کەل و پەلەکانی خـۆی و بـازاڕی دەسـتی کـاری هەرزان بـۆ ماشـینی بۆربـۆرێنی سـەرمایەداری لەو دەسـتکەوتەی کەناوەندی سەرمایەداری لەقازانجی ڕووتاندنەوەی کۆڵۆنیەکان بەدەستی دێنێ، بەشێک لەو دەستکەوتە دەدرێـتە چینـی کرێکـاری وڵاتـانی ناوەنـد، ئینجـا لەوێـوە وەک بەدوادا هاتنێـک کرێکـار دەکەوێـتە هاوپەیمـانیەتییەکی پیـرۆز لەگەڵ بـورژوای وڵاتەکەی خـۆی لەجـوغزی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان بەو دەستکەوتە ڕازی بووە کە بەدەسـتی هێنـاوە، ئەمەش ئەو کێشەیە بوو کەتیۆرزانەکانی مارکسیزم نەیانتوانی وەڵامـی بـدەنەوە. هاوکات لەگەڵ سـستی بزاڤـی کرێکـاری لەئەوروپـا سـەرمایەداری یەک لەدوایەکـی قەیرانەکـانی خـۆی چارەسـەر کردووەو لەوێشدا فکری سۆسیالیستی خۆی دابەشی دوو ڕوانین کرد:

أ)ڕوانینـی سۆشـیال دیمـوکرات و ئۆرۆکۆمـۆنیزم، یەکەمیـان واتـا سۆشـیال دیمـوکرات، بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لەزۆر لەوڵاتانی ئەوروپا دەسەڵاتیان گرتە دەست و ریفۆرمێکی باشـیان بەقـازانجی تێکـڕای کـۆمەڵ ئەنجامـدا، ئۆرۆکۆمـۆنیزمیش دەربـڕی تایبەتمەنـدی کۆمەڵگەی دیموکراتی وڵاتانی وەکو ئیتاڵیا بوو.

ب)روانینی چەپی نوێ، یان ئەو بزووتنەوانەی پێیان وابوو کەگۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان کاری لەڕۆڵی چینەکان و شێوەی ململانێکان کردووە. لەئاستی فیکریدا (هربرت مارکوز) یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەو روانینە بوو و لەئاستی پراکتیکیش دەتوانین رووداوەکانی 1968 لەئەوروپا، کە بەبزوتنەوەی لاوان و خوێندکاران ناسرابوو، بەنموونە بهێنینەوە. شێوەی ئەو ململانێیانەو رێژەکەی گرنگەو ئێستا بەفیعلی لەئارادایە لەنوژەنەوە گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری و خولێکی دیکەی خۆچەسپاندنێتی لەئاستی دنیادا.

باڵی دووەم/ (سەرکەوتنی رەوتی گشتی مێژوو بەرەو سەرکەوتنی سۆشیالیزم). خودی ئەم رستەیە گومانی شەهید ئارام دەردەبڕن لەسوسیالیزم، بوونی سۆڤیەت، ئەوە بەبیردێنێتەوە کە لەسەرەتادا (کۆمەڵە) هەڵگری فیکری (ماویزم) بوو، بۆچوونەکانی ماویش بەتایبەتی لەسەردەمی ململانێی (چین و شورەوی)یدا رەخنەیەکی سەرتاسەرییە لەئەزموونی سۆسیالیستی سۆڤیەت (کۆمەڵە واهاتووە کەسۆڤیەت ئیمپریالیستی ئیشتراکیە بەش بەحاڵی خۆم.

خۆم وا ئەبینم لەم بارەیەوە دیراسەی زۆرترو قوڵترم پێویستە) (2).

دەکرێ ماویزم بەرەخنەیەکی، نەتەوەیی بۆیەکراو بەمارکسیزم، لەئەزمونێکی شێواوی سۆسیالیزم (کەسۆسیالیزمەکەی سۆڤیەتە) دابنێین.

بەڵام کۆمەڵە وردە وردە بەرەو ئەوە دەچوو کە (ماویزم) بەجێ بێڵێ بەدوای تایبەتمەندێکی کوردستانیدا بگەڕێت. ئەوەتا هاوڕێ ئارام ئاوا رەخنە لەچین دەگرێت (سیاسەتی ئێستای چین لەشیلی و بەنگلادیش، لەئێران، لەسودان هی دەوڵەتێکی ئیشتراکی راستەقینە نییە کە بەحیساب سۆڤیەتی بێ ئیشتراکی نییە). (3)

پێدەچێت پەرەسەندنەکانی فیکری شەهید ئارام بەرەو تێگەیشتنێکی تایبەتی دەچوو بەرەو روانینێک کە (ماوی) یان (گیڤارایی)یانە نەبێت، بەڵکو روانینێک بێت لەبارودۆخی کوردستانەوە هەڵقوڵابێت. رێچکەیەکی فیکری تایبەت بەبزووتنەوەی کورد، شەهیدبوونی ئارام ئەگەرچی لێدانێکی گەورەبوو لەهەوڵی گەیشتن بەو تێگەیشتنە تایبەتییە، بەڵام ئەو رێڕەوە نەوەستاو (کۆمەڵەو ی.ن.ک) خۆیان لەفیکری (ماویزم) داتەکاندو بوون بەخاوەنی کەلتوری شۆڕشگێڕانەی خۆیان.

باڵی سێیەم/ گەشەکردنی گیانی رزگاریخوازی بزووتنەوەیی شۆڕشگێڕی گەلانی جیهانی سێیەم.

نێونەتەوەیی بوونی شەهید (ئارام) نێونەتەوەییەکی (گەلان) بووە زیاتر لەوەی نێونەتەوەییەکی کرێکاری بێ (25 وتار لەسەر خەباتی گەلانی ژێر دەستی جیهانی سێ، ئەمە بەئاکامێکمان دەگەیەنێ کەکێشەی نیشتمانی وەکو ئەرکێکی هەنووکەیی خەبات بەپلەی یەکەم خواستی هاوڕێ ئارام بووە، بۆ ئەو گرنگ بووە کەنموونە جیهانیەکانیشی

لەمەڕ شۆڕش، ئەو نموونانە بن کە دەگەڵ قۆناغی ئەو وەختەی کورد هاوتەریب بێ قۆناغی دیموکراتی و رزگاری نیشتمانی) (4).

خواستی دروستبوونی بەرەیەک لەگەلانی ژێر دەستەی جیهانی سێیەم لەئەرکە گرنگەکانی (ئارام) بووە. لەم پێناوەشدا پەیوەندی لەگەڵ گروپە چەپەکانی فەلەستین کرابوو کۆشش بۆ ئەوە دەکەن کەزیاتر ئەو پاڵپشتییە نێو نەتەوەییە بۆ کورد دابین بکرێ. پێویستە ئێستا لەبۆچوونی (ریزبەستنی گەلان لەیەک سەنگەری پتەو لەدژی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم)دا بپێچینەوە.

کارێکی رێکەوت نییەکەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەیتوانیوە دۆستێک لەناو بزووتنەوەکانی گەلانی سەردەستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بۆ خۆی پەیدا بکا، تەنانەت لەباڵە هەر پێشکەوتنخوازەکەی ئەو بزووتنەوانە، چونکە لەبنەڕەتدا سروشتی بزوتنەوە نەتەوەییەکان خۆی لەبوونی رەگێکی پێشکەوتنخوازو رەگێکی کۆنەپارێز دەبینێتەوە، دەشێ ئەم حاڵەتە ناو بنێین پێکدادانی خیتابە نەتەوەییەکان لەلای گەلە سەردەستەکان لەپێشتر بووە، نەک بەرژەوەندی (خەباتی بەرەی گەلان دژ بەئیمپریالیزم). رەنگە شەڕی (ڤێتنام) و (کەمبودیا) یان هەڵشاخانی (چینی کومونیست) بەڕووی هندستاندا، نموونەی زەقی ئەو لەپێشدا هاتنەیی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بێ.

ئەمە حاڵی ئەو سێ باڵە بوو کە (شۆڕشی جیهانی)یان پێکدەهێنا لەسەردەمی جیهانی دوو قوتبیداو تەنانەت سەردەمی پێش (پرۆسترویکا)ش دیاردەکانی لێکترازانی ئەو سێ باڵەیان لەگەڵ خۆ هەڵگتبوو، دەردو نەخۆشییەکانی سۆشیالیزمی شێواوو کزی بزاڤی چەپ لەئەوروپاو ئامادەنەبوونی بزووتنەوە رزگاری خوازە نیشتمانییەکان لە یەک بەرەی یەکگرتوودا هەروا مانەوە تاوەکو داروخانی (یەکێتی سۆڤیەت) کۆتایی بەسەردەمی شەڕی ساردی نێوان قوتبی سەرمایەداری دەوڵەتی (نموونەی سۆشیالیزمی ئاواکراو)و و قوتبی سەرمایەداری ئازاد، هێنا.

ئەو گۆڕانکارییانە زۆر لەڕاستییە شاردراوەکانی دەرخستەوە، پێویستی خۆگونجاندن لەگەڵ چەمکەکانی سیستەمی نوێی جیهانی و گەڕان بەدوای شێوێنێک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

هەموو ئەمانە ئەو ئەرکە گرنگانە بوون کەیەکەمین کۆنگرەی (ی.ن.ک) گرتییە ئەستۆی خۆی، پێویست بوو کەبنەماکانی (مافی مرۆڤ و دیموکراسی) ئاوێتە بکرێنەوە لەگەڵ دروشمی بنچینەیی (ی.ن.ک) کەمافی چارەی خۆنووسینە، یەکخستنی باڵەکان و گواستنەوەی (ی.ن.ک) لەنیمچە بەرەیەکەوە بۆ یەک رێکخراوی رەنجدەرانی بیروبازو ساغ کردنەوەی ناسنامەی (ی.ن.ک) لەهەڵبژاردنی تێزی (سۆسیال دیموکرات) بۆ کێشە چینایەتی و نیشتمانییەکان، ئەمانە هەمووی ئەو ئەرکە دژوارانە بوون کە (ی.ن.ک)

لەهەلومەرجێکی سەختدا بوێرانە رووبەڕووی بووەوە، هەر ئەم رێبازە راست و دروستەش بوو کەزەمینە خۆشکەری یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ هەڤاڵانی چەپ و سۆسیالست خوازدا، خۆ نوێکردنەوەی (ی.ن.ک) و پەیوەست بوونەوەی هەڤاڵانی دێرین بەرپزەکانییەوە، ئەو راستییە دەردەبڕن کەئەمڕۆ (بەوە میراتگری (ئارام)ین کەگیانی شۆڕشگێڕی ئەو، رەفتاری خۆشەویستانەی خەڵک ویستانەی ئەو، لەخۆمان بەرجەستە بکەین، کەوەک ئەو ئەگەر شەرەفمان پێ برا، لەهەرەتی لاوێتیماندا پرۆژەی بێ سڵکردنەوەی شەهیدبوون بین، ئاوەها دەتوانین میراتگری (ئارام) بین، نەک بەدوگماو خۆهەڵواسین بەدەقێکی جیهانی دوو قوتبی بۆ رۆژگاری جیهانی یەک قوتبی!!) (5)

**پەراوێزەکان:**

1-(ئارام و بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم) بەرهەمەکانی شەهید ئارام، بەرگی دووەم کانوونی دووەمی 1982، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. ل 113.

2-بیرەوەری حەوت ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارام و راستی بۆچوونەکانی-1985 ل12.

3-هەمان سەرچاوە ل12.

4-(ئارامی دوێنێ و ئەمڕۆی چەپی کوردستانی).

صالح عبدالله محمد کوردستانی نوێ ژمارە: (305) 1993/2/1 ل3.

5-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل3.

## دادپەروەری كۆمەڵایەتی لەرێبازو فیكری (ی.ن.ك)دا

یەكێك لەكێماسییەكانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كوردستان، كەكەلێنێكی گەورەی خستبووە ناو دروشم و سیاسەتەكانی ئەو جوڵانەوەیە، مەسەلەی فەرامۆشكردنی ململانێی چینایەتی ناو هەناوی كۆمەڵگەی كوردستان بوو، بۆ خۆی ئەو كێماسییەش جگەلەوەی كەدیدێكی زانستیانەی لەمەڕ رۆڵی چین و توێژەكانی كۆمەڵی كوردەواری لەبزووتنەوەی كوردایەتیدا دروست نەكردبوو، هەروەها بەهەمان شێوەش پانتایی بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەكەشی بەرتەسك كردبۆوەو بگرە تەنانەت پرۆژەی رزگاری نیشتمانیشی بەناكامڵی جێهێشتبوو، چونكە موتربەكردنی پرۆژەی رزگاری نیشتمانی بەبەرنامەیەكی كۆمەڵایەتی كە لەقازانجی رەنجدەرانی كوردستان بێ، جگەلەوەی زۆرینەی چین و توێژەكانی خوارەوەی كۆمەڵگەی كوردەواری لەدەوری خۆی تەیارو ساز دەكات، هەرواش ئامانج و ئەركەكانی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی فراوان ترو بەم پێیەش ستراتیژەكەشی دوورنماتر دەكاو مانای راست و دروستی بەخودی بزووتەوەی نیشتمانی دەبەخشی، دیارە گۆڕانكاری لەناوەڕۆكی بزووتنەوەكەش بەزەرورەت گۆڕانكاری لەهەرەمی پێكهاتەی سەركردایەتی ئەو بزووتنەوەیەش دێنێتە بوون، هەر ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانەش بوو كە لەبەرایی دامەزراندنییەوە یەكێتی لەبۆتەی رێكخستنێكی بەرەییدا لەشۆڕشی نوێی گەلەكەماندا دیاریكرد. لەم بوارەشدا بوو بەخوێندنگای خەبات و شۆڕش و سیاسەت و چەندین كادیرو سەركردەی لێهاتووی پێگەیاند، چونكە شۆڕشەكە بۆ ئەوان و هەر بەئەوانیش ئەنجامدەدراو هەر بەوانیش دەگاتە دوا مەنزڵگای خۆی.

ئەوە ئاشكرایە كە (ی.ن.ك) خاوەن شۆڕشی هەڵسانەوەی دوای هەرەس بوو، گیان بەبەراكەرەوەی جەستەی بێ گیانی نەتەوەی كورد بوو، بەڵام شتێك ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیڵێین ئەو جورئەتە بوو كە لەو سەردەمەدا یەكێتی كرد بەخاوەنی كردەی دابرانێك لەنێوان دوو قۆناغی مێژوویی لەرێڕەوی خەباتی نیشتمانیدا، وێنەكە ئابەم شێوەیە بوو:

لەسەروەختێكی دوای هەرەسدا كەتەنانەت بەكورد رەوا نەدەبینرا خاوەنی بزووتنەوەیەكی نیشتمانی بێ چ جای ئەوەی كەئەو بزووتنەوەیە بەرێبازێكی كۆمەڵایەتی گۆش بكات، لەسەروەختێكدا كەعیراق بەحیساباتە چەوتەكانی ئەوسا بەوڵاتێكی پێشكەوتووخواز دەزانراو سەنگەرگرتن لەو وڵاتەش بەخیانەت لەقەڵەم دەدرا، ئا لەو سەردەمەدا (ی.ن.ك) ئەلتەرناتیڤی خۆی بۆ هەردوو كێشەی نیشتمانی و چینایەتی نیشانداو لەناو تەلبەندی

روانینی چەپی سەرانسەری نامۆ بەکێشەی کوردستان و روانینی کلاسیکییانەی پێشتری جوڵانەوەی رزگاریخوازیمان بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئینجا لەگێژاوی فیکری چەپ و خیتابی بەرژەوەندخوازانەی ناوەندی سۆشیالیستی لەو رۆژگارەدا، ئا لەو سەردەمەدا (ی.ن.ک) شانی دایە بەر ئەرکێکی سەربارو بەئاوێتەکردنی هەردوو کێشەکە وزەو توانای خەڵکی زەحمەتکێش و باقی توێژو گروپەکە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە (یەکێتی)یەکی نیمچە بەرەدا یەکخراو بەرەو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراسی وەکو بەرنامەیەکی هەنووکەیی و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەکو ئامانجی دوور نما، ئاراستەکران، لەم رێڕەوەشدا نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟)، وەکو یەکەمین خیتابی شۆڕشی نوێ، واقیعیانە ریزبەندی توێژو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەنۆژەنەوە دارشتەوەو ئەرکەکانیانی لەبزووتنەوەی رزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستاندا دیاریکرد.

ئەگەرچی تێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەکەشی خۆی و بابەتی ئەو سەردەمەی دنیای دوو جەمسەر بەدەر نەبوون و بۆ ئەم مەبەستەش کەڵک لەئەدەبیاتی فیکری بزووتنەوەی چەپخوازەکانی جیهانی سێ وەردەگیرا و هەروەها ئەزموون و شێوە خەباتی گەلانی وەکو ڤێتنام تارادەیەکی زۆر برەویان هەبووە، سەرەتا لەئەدەبیاتی کۆمەڵەدا بەدیدێکی تارادەیەک (ماوی)یانە تەئکید لەسەر کەڵک وەرگرتن لەئەزموونی خەباتی رزگاری نیشتمانی گەلانی دنیاو ئەدەبیاتی مارکس-لینینی دەکرایەوەو هەر بەو دیدەوەش (ی.ن.ک) دوا تینی خۆی بۆ ئەو ئەزموونانە هەبووە، بەڵام ململانێی فیکری لەناو ریزەکانی (ی.ن.ک)دا وەکو دۆخێکی ئیجابی هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی پێشمەرگایەتی بەرێوەدەچوو. لەبواری ئەو ململانێ فیکرییەشدا ئەدەبیاتی فیکری و سیاسی شۆڕش تادەهات پێشەوەچوونی بەخۆوە دەبینی و چەندە (ی.ن.ک) لەبۆتەی خەباتی سەختی رووبەرووبوونەوەکاندا قاڵ بووبێتەوە، ئەوەندەش بەئاگاییەوە، واقیع بینانە شارەزایی لەتایبەتمەندییەکانی کوردستان وەرگرتووەو دوور لەکۆپی کردن و دۆگماتیزم بەتێزو بۆچوونەکانی خۆیدا چووەتەوەو لەگەڵ واقیعی هەمیشە گۆڕاوی خەباتی سیاسیدا ئاوێزانی کردووە، ئەو تێگەیشتنەش لەتایبەتمەندییەکانی کوردستان و دۆزینەوەی شوێن و رێی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستاندا (ی.ن.ک)ی کرد بەخاوەن کەڵتووری شۆڕشگێڕانەی تایبەت بەخۆی و دەکرێت ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی شۆڕش بکرێتە گەواهی ئەم گوتانەمان. ئەو ئەدەبیاتانە ئەوە روونەدەکەنەوە، کەچۆن بەشێکی زۆر لەهۆکارەکانی چەوسانەوەی چینایەتی لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەوسانەوەی نیشتمانی و خودی چەوسانەوەی نیشتمانیش بۆ بەتاڵان بردنی خێروبێرو بەهەرزان کڕینی هێزی بازووی رەنجدەرانی کوردەوارییە.

هەروەهـا پـێکەوە گرێـدانی خەبـاتی نیـشتمانی و چینـایەتی رەنگـدانەوەی ئەو لێکـدانەوە تایبەتمەندییەی (ی.ن.ک) بوو کەهەرگیـز خەبـاتی چینایەتی بەتەنیا ناتوانێ وەڵامـدەرەوەی پێویـستییەکانی قۆنـاغەکە بـێ، هەر وەکـو چـۆن برینـی قۆنـاغی رزگـاری نیـشتمانی مانـای رزگـاری تەواو نـاگەیەنێ، ئەگەر بێـت و چـین و توێژەکـانی کوردسـتان رێـگەی گەشـەی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان لێبگیرێت.

لەمەیدانی پراکتیکیشدا (ی.ن.ک) ئەوەندی هەلومەرجی خەباتی شاخ و ئاستەنگییەکانی رێـگەی جـوڵانەوەکە بـواری پـێ دابـێ هەوڵـی داوە کەگـۆڕانی ریـشەیی لەپەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەنجامبدات و جێ بەپەیوەندییە دەرەبەگایەتییە سواوەکان لەق بکات، ئەو پەیوەنـدییە دەرەبەگایەتییەی کەئەوەنـدەی لەمپەربـوون لەڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاڕاستەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دوو ئەوەنـدەش ئاستەنگیان بۆ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردستان دروستکردبوو.

هاوشـان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییـانەی کەدنیـای پـاش قۆنـاغی دوو جەمـسەری گـرتەوە، دیدی (ی.ن.ک)یش بۆ تێکڕای مەسەلەکانی مەیدانی خەبات وەکو کاردانەوەیەکی دروست و لەشـوێن خـۆی گـۆڕانی بەسـەرداهات، هەر بەزوویـی دەرکـی بەدەرکەوتە تازەکـانی دوای پرۆیـسترۆیکا کـردو ژیـرانە ئەزمـوونی تێکشاوی بەنـاو سۆشیالیـستی لەسـۆڤێت و ئەوروپـای رۆژهەڵات هەڵسەنگاند چونکە (بێ دیموکراسی، بێ ئازادی و سەربەستییە دیموکراتییەکان، بێ مـافی راسـتەقینەی رەوای چـارەی خۆنووسـین، سۆشـیالیزم بەتەواوی دانەمەزراو سـەری نەگرت و جگەلەوەی ئەو هەرەسهێنانە لەڕاستیدا هەرەسهێنانی جۆرە بیروبۆچـوونێکیش بـوو، هی جۆرە رەفتارێکی حزبایەتی و دەوڵەتی بوو، هی جۆرە زوڵم و زۆرێکی نەتەوایەتی تر بـوو، هی جۆرە چەوساندنەوەیەکی چینایەتی تر بوو بەشێوەیەکی تایبەتی. (2)

ی.ن.ک وێـــڕای ئەوەی زانـــستیانە ئەو گۆڕانکارییـــانەی شـــیکردەوەو هەر لـــەو چوارچێوەیەشـدا باوەشـی بـۆ چەمـک و دەربڕینەکـانی مـافی مـرۆڤ و دیموکراسـی کـردەوەو بەرنامەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی خۆی پێ دەوڵەمەندتر کرد، هەرواش بەئاگاییەوە لەگەڵ کاردانەوە سیاسییەکانی تێکشکانی ئەزموونێـک لەئەزموونەکانی دادپەورەری کۆمەڵایەتی و سۆشـیالیزمدا هەڵـسوکەوتی دەکـرد. روونـی کـردەوە کە لەگەڵ ئەو تێکـشکانەدا (گەردەلـولی دژایەتـی سۆشـیالیزم و تەپ و تـۆزی پـوچەڵکردنەوەی بیروڕاکـانی سۆشـیالیزمی عیلمـیش هەڵیـــان کـــردووە (3) و رەنـــگە ئەوەش (ســـەر لەزۆر کەســـانی سۆشیالیـــست ویـــست و لەتێکۆشـــەرانی رێـــگەی رزگـــاری مـــرۆڤ بەزوڵـــم و زۆری نەتەوایەتـــی و چەوســـانەوەی چینایەتیش بشێوێنن) (4) تا بەم جۆرە وەکو چۆن لەسـەرەتای دامەزرانـدن و هەڵسانەوەی شۆڕشدا (ی.ن.ک) گوتارێکی فیکـری بـۆ خـۆی فۆرمەڵە کـردو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیـشی خـستە خـشتەی کـاری نیـشتمانییەوە، هەروا لەدوای تێکچـوونی شـیرازەی (بنەمـاو چەمـکە

چەسپیوەکانی لەمەڕ شۆڕش و خەبات و..هتد) بەرچاوی لێڵ نەبوو. لەڕوانگەی پەیوەست بـــوون بەهەڵوێــستە مەبـــدەئییەکانی خـــۆیەوە گیـــانێکی نـــوێی خـــستەوە بەر پێکهـــاتەی ڕێکخستنەکانی خۆی و لەیەکەمین کۆنگرەی گشتیدا، وەکو هێمایەک بۆ ئەرکە دژوارەکانی دوای قۆناغی رزگاری نیشتمانی کەبریتین لەئەرکی (کۆمەڵایەتی و ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی کوردستانێکی مـۆدێرن و بـۆ ئەم مەبەسـتەش پێویستە تێکـڕای تـوێژو گروپەکـانی کـۆمەڵ لەڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکاندا خۆیان ڕێکبخەن). باڵەکانی خـۆی یەکخست، هەر لەو کۆنگرەیەشدا ناسنامەی فیکـری (یەکێتـی) بەهەڵبژاردنـی ڕێبـازی سۆشیال دیمـوکرات سـاخ کـرایەوەو ئەوە دەستنیـشانکرا کەئامـانجی دوارۆژی (ی.ن.ک) پێکهـاتنی کـۆمەڵێکی سۆشیالیـستی دیمـوکراتییە لەکوردسـتاندا (5) و ئەو ڕێبـازەش جـگەلەوەی لەگەڵ ڕەوتـی هێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئاستی گەشەی ئابووری کۆمەڵگەی کوردستان دەگونجێت کەخوازیـاری گوتـاری فیکـری میـانڕەو و ئاشـتیخوازەو بـوونی ئەو ڕێبـازەش بەمـوفردەیەکی فیکری باو لەکۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەواریداو تەنانەت لەدەرەوەی (ی.ن.ک)یش بـۆ خـۆی بەڵـگەی دروسـتی سیاسـەتەکانی یەکێتیـیە کەهەمیـشە لەبـواری فیکریـشدا وەکـو هەمـوو بوارەکـانی دیـکەی خەبـات، دەستپێـشخەرو نوێخـواز بـووە، ئەمەو جـگە لەو ڕایەڵانەی کەپەیوەنـدیکردن بەناوەنـدەکانی سۆشـیاڵ دیمـوکرات و (سۆشیالیـست ئینترناسـیۆنال) بـۆ خودی بزووتنەوەی کوردایەتی دروست دەکەن.

داواکارین بەچاوپێداخشانەوەی ڕاپۆرتی پەسەندکراوی هەمـان کـۆنگرە، ڕوانـگەی دێرینـی (ی.ن.ک) لەمەڕ دادپەروەری کـــۆمەڵایەتی و سۆشـــیالیزمێکی دیمـــوکراتی و ئینـــسانیانە بـدۆزینەوە، لەوێـدا بەڕوونـی بەرنـامەی هەنـوکەیی قۆنـاغی دیمـوکراتی و رزگـاری و ئینجـا بەرنامەی دوورنمای سۆشیالیزمێکی ئارەزوومەندانەو دیموکراتییانە دەستنیشان کراوەو ئاماژە بەوە کـــراوە کەسۆشـــیالیزم بەتەنهـــا لەکـــۆمەڵگەیەکی پێـــشکەوتوو لەڕووی پیـــشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی و هتـد..و دەبێت، نەک بەبازدان بەسـەر قۆناغەکانـدا (لەکوردسـتاندا بەتەمانین دەست بەجێ سۆشیالیزم دروست بێت، بەڵکو بەهیـوای ئەوەیـن رۆژێ لەڕۆژان، دوای گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی و ســـەناعی و زراعـــی و ئـــابووری و کەلتـــووری و سیاســـی لەکوردەواریـــدا، ئەوا خەڵکـــی کوردســـتان بەئـــارەزووی خۆیـــان، بڕیـــاری دانـــانی کـــۆمەڵی سۆشیالیـستی بـدەن بەگـوێرەی هەلومەرجەکـانی بـابەتی و تـایبەتی خۆیـان. تـائەو رۆژەش ئێمەمانان، هەم لەڕووی بیروبـاوەڕ، هەم لەڕووی کەلتـووری و دروشـمەوە، سۆشـیالیزم وەک ئامانجی دوور بڵاودەکەینەوەو ڕاستی و خاسیەتەکانی بڵاودەکەینەوە (6) کەوابێـت ئەرکێـک کەئەمڕۆ لەسەرشانی یەکێتییە وەکو ڕێکخراوی پێشڕەوانی ڕەنجـدەرانی بیروبـازو کەهەرگیـز پێکهـاتنی کـۆمەڵایەتی خـۆی نەشـاردۆتەوەو ناشـارێتەوە. دەتوانێـت وەکـو بـاڵێکی بەهێـزی بزووتنەوەی کوردایەتی و لایەنێکی قودرەتمەنـد لەحکومەت و پەرلەمانـدا جێبەجێی بکـات،

ئەركی خەباتكردنە (لەپێناوی ئابوورییەكی گەشەكردووی نوێ كەژیانێكی بەختیار بۆ كۆمەڵانی خەڵک دابین بكات و مایەی پێشكەوتن و ئاوەدانی و (ازدهاری) نیشتمانیش بێت، بەجۆرێک كەسەروەت و سامانی وڵاتیش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سەرف بكرێت.

رەنگە لەرێرەوی كاركردن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزانەدا، گەلێک لەمپەرو دژواری، چ ناوخۆیی و دەرەكی، بێتە رێگەی (ی.ن.ک)، بەڵام رێكخراوێكی پڕ لەئەزموونی وەكو ئەو كەهەر لەبواری فیكریدا خاوەنی چەندین سەروەری و داهێنانە، ئەو رێكخراوە مادەمەكی هەڵقوڵاوی ناو هەناوی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە ئابوورییەكانی كوردستانە، هیچ هێزێک لەنگەری پێ ناگرێت و هەمیشە براوەیەو دوارۆژیش هەر بۆ ئەوە.

**سەرچاوەكان:**


1- الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟ مطبعة الشهيد ابراهيم عزو.

2-راپۆرتی سیاسی، پەسەندكراوی یەكەمین كۆنگرەی گشتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (جەلال تاڵەبانی) لەبڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ ساڵی 1999.

3-ئەم گۆڤارەمان پێویستە، رێبازی نوێ ژمارە (1) چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین (1993) ل6.

4-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل6.

5-بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان پەسەندكراوی یەكەمین كۆنگرەی گشتی (1992)چاپی دوەم ل3.

6-راپۆرتی سیاسی.

7-بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی.

# لەگەشەپێدانی هەمەلایەنەوە بۆ بەرنامەی نموونەسازیی

(1)

**هاجسی بەردەوامی گۆڕانکاری بەرەو کوێ؟**

بەرنامەی گەشەپێدان

بەهاری ساڵی 1999 پرۆژەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ژیانی کوردەواری دەستپێکرد. پرۆسەکە پێداویستییەکی گشتیو دەتوانم بڵێم داخوازییەکی رانەگەیەندراوی کەرتو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵەکەمان بوو، گەشەپێدان، داخوازی گۆڕانو چاککردن (یان چاکترکردن هەروەک بەندەو، پێشموایە خەڵکیتریش هەبن کەپێیان خۆشە واناوی لێبنێن)و پێداوچوونەوە بەوەی لەڕابردوودا جێبەجێکراوە لەئەرکەکانی قۆناغ، داخوازییەکی نوخبەویو میللی بوو.

هەڵبژاردەی سیاسی کەخۆی ئیدارەدانی رەوشەکەی لەئەستۆیەو شەرەفی دەسکەوتە چاکەکانی پێدەبڕێو ئۆباڵی کێماسییەکانیشی دەکەوێتە ئەستۆ، لەنارەزایانی رەوشەکەو خوازیارانی گۆڕان بوو، ئەمە ئیتر بامیللەت لەولاوە بوەستێ کەهەموو گۆڕانێکی چاکی پێ چاکەو ئەگەر راستەوخۆ پشتگیریشی لێ نەکا ئەوا دوعای خێری بۆ دەکات.

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کەهەموو لایەک لەرێککەوتنێکی جەنتلمانی رانەگەیەنراودا ئارەزوویان لەگۆڕانو قسەیان لەسەر پێویستی پێداچوونەوەو چاکسازی دەکرد، بڕیاری گەشەپێدانی هەمەلایەنە لەکەسی یەکەمی دامەزراوی دەسەڵاتەوە دەرکراو هەنگاوی وانرا کەئیتر سکیچو بچمی جۆری گەشەپێدانو شێوازی چاکسازی روون بۆوەو شروڤەو تەئکیدکردنەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال، لەو ماوەیەدا، یارمەتیدەرێکی چاک بوون بۆ رووناکبیرانی مژول بوو بەپرۆسەی گۆڕان، نوخبەی سیاسیی جێبەجێکاری بەرنامەکە، دامەزراوو ناوەندە پەیوەندارەکانی بەشێکی بەرنامەی گەشەپێدانیان لەئەستۆیە تاوەکو لەوردەکاری پرۆسەکەو گەیشتنی بەئاستی بانگەوازکردن بۆ نموونەسازیی، حاڵیبن. بەم پێیە لەباری ریزبەستنی مێژوویەوە ستراتیژی نموونەسازی قۆناغێکی تەموحی بەرنامەی گەشەپێدانە. ناوێکی روونترو رۆشنتری پرۆسەی گۆڕانکارییە لەهەرێمی کوردستانو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتییدا. پێش ئەوەی لەو پەرەسەندنە ئیجابییە لەقۆناغی گەشەپێدانەوە بۆ نموونەسازی بدوێینو تێگەیشتنی تایبەتی لەمەڕ دەرببڕین گەرەکە بگەڕێینەوە سەر ئەو هەلومەرجەی پێویستی گۆڕانکارییان هێنایەبوون.

بۆ ئەمە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەوشی سیاسی کوردستان لەواری پەیوەند بەململانێی ناوخۆییو ململانێ لەگەڵ ناوەندا.

هەلومەرجی کوردستان لەنێو ململانێکاندا

هەلومەرجی دوای ڕاپەڕین بەشێکی کوردستانی جنوبی خستەژێر دەسەڵاتی کوردەوە، بەم پێیە ڕەوشێک هاتەپێشەوە کەکورد بەسەرێکەوە چاوی لەئیدارەدانی گەشەکردنی بەشی ڕزگارکراو بوو، بەسەرێکی دیکەشەوە چاوی لەوە بوو تەواوی خاکی کوردستانی جنوبی لەبندەستی خۆیدا بێت. ئەم پرسە لەقۆناغی پێش ململانێی ناوخۆییدا.

1-هەڵبژاردنی دیموکراتی بۆ پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتی لێکەوتەوە.

2-پەرلەمان بووە دامەزراوی تەشریعدانو حکومەتیش ئیدارەدانی ژیانی خەڵکی کەوتەئەستۆ. لەپاڵ ئەمەشدا ژیانی دیموکراتی جموجۆڵێکی چاکی بەخۆوەبینی.

3-پەرەسەندنی مەسەلەی کورد لەڕێی پێشخستنی ئەزموونی حکومڕانی خۆمان لەلایەکو زیاتر تەریکردنی بەغدا لەلایەکیترەوە.

هاتنەپێشی هەلومەرجێکی وائیجابی کەبزووتنەوەی کورد ئامادەباشی بۆ هەموو گۆڕانێک لەناوەند بکات. پێگەیەکی بەهێزی بۆ ئایندەی میللەتەکەمان دەستەبەرکرد تاوەکو دواجار ململانێ دێرینەکەی لەگەڵ ناوەند هەمانە بەقازانجی خۆمان بەلادا بخەین.

ڕاستە ئەم ماوەیە (واتا ماوەی دوای ڕاپەڕینو سەردەمی پێکهاتنی حکومەتو پەرلەمان بۆ ساتەوەختی شەڕی ناوخۆ) پەرلەمانو دامەزراوە دیموکراتییە سەرهەڵداوەکان پەرەیان بەمەیلی دیموکراسی نێو کوردەواری دا، هەروەک حکومەتەکەشمان لەهەوڵی دامەزراندنی دامەزراوەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیو لەکۆششی دابینکردنی گوزەران بوو، بەڵام هەلومەرجی فیفتی فیفتیو ئەو دەرکەوتە خراپانەی بەدوای خۆیدا هێنای تارادەیەک پێشکەوتنی ئەزموونەکەمانو تەنانەت پاراستنیشی زەحمەتکرد.

لەکاتێکدا ئێمە لەدەرەوە دەمانویست ئەو ئەزموونە دیموکراتییە یەکگرتووە وەک نمونەیەکی دیموکراتی نیشان بدەین تاوەکو دۆستان لەدەرەوە:

-دان بەو ئەمری واقیعەدا بنێنو لەگەڵ کورددا هەوڵی جێگیرکردنی بدەن.

-لەڕووی پێداویستییە ئابووریو مادییە هەمەچەشنەکانەوە هاوکاری بکەن.

لەڕاستیدا ئیمکانی جێبەجێبوونی هەردوو حاڵەتەکە لەئارادابوون سەبارەت بەوەی هەموو ئاماژەکان دەریاندەخست کۆمەڵی نێودەوڵەتی تەرحێکیان بەکوردداوە، بۆئەوەی چانسی خۆی تاقیبکاتەوەو لەبەر ڕۆشنایی سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیەدا بڕیاری ئیجابی لەچارەنووسمان بدەن.

دەربارەی یارمەتیدانی تەجرەبەکەمان لەڕووی ئابوورییەوە ئەوا لەکاری ڕێکخراوە خێرخوازەکانو یارمەتییە هەمەچەشنەکانی UNو کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا بەرکۆڵی ئەو مەسەلە

دەرکەوتبوو. ئەمەش نەریتێکی باوی کۆمەڵی نێودەوڵەتیو ناوەندە دیموکراتییەکانیەتی کەپشتگیری ئابوورییو کۆمەکی مادديی پێشکەش بەتەجرەبە دیموکراتییە تازە سەرهەڵدراوەکان دەکەن بۆئەوەی هانیبدەن لەسەر ئەو رەوتە بەردەوام بێت. هەروەک ئەوە بۆ خۆی ئاماژەیە بۆئەوەی کەپتر ئەو دیموکراسییەتانە سەرکەوتن بەدەست دێنن کەلەسەر دینگەی پتەوی مادديیو گەشەکردنێکی چاکی ئابووری دادەمەزرێن.

لەبەرامبەر مەیلی پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان، ئارەزوویەکی لەرادەبەری لەناوبردن پەرەی سەند. زیاتر ئەمەش ئارەزووییەکی دەرەکیو دەوروبەر بوو کەچاویان بەرایی نەدەهات بەدیار کوردەوە دانیشنو بەبەرچاوی وانەوە دونیا کۆمەکو پشتگیریکار بێت. بۆیە لەبۆسەدابوون. بەڵام ئاماژەدان بەوەی ئارەزووی دەرەکی هەبوو بۆ لەناوبردنی دەسکەوتەکان نابێ وا تەفسیربکرێت کەدەمانەوێت پشکی فاکتۆری ناوخۆیی لەهیلاککردنی ئەزموونەکە پشت گوێ بخەین. بەپێچەوانەوە ئەگەر هەلومەرجی ناوخۆیی پتەوو تۆکمە بوایە داخۆ دەوروبەر چیان پێدەکرا جگە لەوەی ناو بەناو کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی خۆیان بکەن؟ ئەوەی کەرۆڵی ناجۆری فاکتۆری دەرەکی پایەدارکردو توانای ئەوەی بەهەندێک هێزی ئیقلیمیدا باجکارییەکانیان لەتەلاری بینای ئەزموونەکەمان کاری خۆیان بکەنو درزی گەورە بنێنەوە، زەمینەی نالەباری کوردەواری بوو کەهێشتا وزەی دواکەوتنو مەیلی کۆنەخوازیو وابەستەیی تێدا شانلەشانی وزەی پێشکەوتنو ئیرادەی گۆڕانێکی بنەڕەتی سەربەخۆ دەدات. ئەم هەلومەرجە بەتێکڕایی وایان کرد ئەزموونەکەمان لەسەر دوو قاچی رەوت شێواو بڕوا: رەوتێک ژانی پێشکەوتنو رەوتێکیتریش حەسرەتی گەڕانەوەی دواکەوتن پەلکێشیان دەکات. ئەم رەوشە بوو کەلەگەڵ ململانێی سیاسییدا گەشەکردنی شێنەیی کوردەواری دواخستو شەڕی ناوخۆی پێش وادەی خۆی تەقاندەوە.

هەڵبەت شەڕی ناوخۆش بەو هەموو توانستە تێکدەرانەیەوە دەرفەتی ئەوەی نەدەدا رەوشەکە بەئاسایی بچێتە پێشەوە چ جای ئەوەی بەرنامەی چاکسازیو ستراتیژی نموونەیی بۆ بخرێتەگەڕ.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو شتێک بەشتێک بکرێ.

(2)

**هاجسی بەردەوامی گۆڕانکاری بەرەوکوێ؟**

**راگرتنی شەڕو هەلومەرجی پرۆسەی ئاشتی**

لەماوەی نێوان خولەکانی شەڕی ناوخۆدا گەلێک جار مەیلی لاکردنەوە لەئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریو رێکخستنەوەی کاروباری ئیدارەو حوکمڕانی سەریهەڵدەدایەوە، بەڵام پشووی نێوان خوولەکان زۆر لەوەکەمتربوون کەدەرفەتی

بیرکردنەوە لەسەرخستنی ئاشتیو ڕێککەوتن لەسەرلانی کەمی ئەرکەکانی قۆناغ بدەن، چ جای ئەوەی بەرنامەی چاکسازیو ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دابڕێژرێ. بەرنامەیەکی وا دەرفەتێکی دوورو درێژی ئاشتیو ئاسایی بوونەوەی ڕەوشەکەی دەخواست، شتێک کەلەودەمەدا گەلێک زەحمەت بوو. بەتایبەتی کەئەولەویەتی سیاسیی لەوسەردەمەدا پێش هەموو شتێک سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی بوو بۆئەوەی دوای یەکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتو دامەزراوەکانی، دوای یەکخستنەوەی پرۆسەی دیموکراسیی، ئینجا بیر لەگەشەپێدانی ئەوەی هەیە بکرێتەوە. لەو ڕەوشە ناخۆشەدا هەر بیروبۆچوونێک بەئاراستەی ڕێکخستنەوەی ڕەوشی ئیدارەو چاکسازی لەناو ماڵی خۆدا بچووبایە، ئەوا وەک بەشێک لەهەوڵەکانی جێگیرکردنی دوو کەرتی هەرێم لەقەڵەم دەدرا.

بێگومان کەس حەز بەوەناکات کەبخوازێت کارێکی خێری وەک چاکسازی ئەنجام بداتو لەهەمان کاتیشدا بەدابەشکارو پارچەپارچەکەری هەرێم ناوی بێتە ناوناوانەوە. بەڵام دواجار درێژەکێشانی ڕەوشی نەشەڕ نەئاشتی ئەگەرچی دەرفەتی ئاشتی یەکجارەکی نەخوڵقاند، بەڵام دەرفەتی بیرکردنەوەو پێداچوونەوەی هێنایە گۆڕێ، ئەم ڕەوشە لەنەشەڕ نەئاشتیو هەروەها هاتنەکایەی بڕیاری (986) بەوهەموو ئیمکانیاتە زۆرەی خستییە بەردەم کورد، لەچەند سەرێکەوە ڕوانینی گشتی لەسەر ڕەوشی گشتی هەرێمی کەرتکراوی گۆڕی:

1-چونکە ڕەوشی پرۆسەی ئاشتی کەبەنامەکەی هەڤاڵ مام جەلال لە 1997/12/31دەستپێکردو لەڕێککەوتنامەی واشنتۆن (1998/9/17) هەنگاوێکی چۆنایەتی بڕی، دەرفەتێکی وا گونجاوی هێنایە پێش کە لەدەرەوەی (نەشەڕ نەئاشتی) بیرکردنەوەی تر سەرهەڵبداو ئیجتهادی تریش بێتەکایەوە.

2-لەگەڵ ئەو ماوە دوورودرێژەی نەشەڕ نەئاشتی لەسایەی ڕێککەوتنامەی واشنتۆنو کۆبوونەوەکانی ئاشتیدا، لانی کەمی هەماهەنگی لەبواری جێبەجێکردنی بڕیاری 986و یەک هەڵوێستی کورد لەبەردەم هەوڵەکانی بەغدا بۆ پەکخستنی دەسکەوتەکانی بڕیارەکە، هاتەکایەوە. ئەم هەلومەرجە زەمینەی هەماهەنگیو هاوکاری بواری خزمەتگوزاریو هاوکاری ئاسایی کردنەوەی ژیانی مەدەنی خەڵکی کوردستانی پەرەپێدا.

3-لایەنێکی تری گیرخواردنی پرۆسەی ئاشتی ئەوەبوو، کە لەسەرێکەوە دەرفەتی بیرکردنەوەی پێداینو لەسەرێکی تریشەوە وایکرد بیرکردنەوەکە بەرەو ئاراستەی سێیەم، یان خەیاری سێیەم، بڕوا.

مەسەلەکە بەم شێوەیە بوو:

أ-شەڕ خەیارێکی نەخوازراوەو کەس نایەوێ.

ب-ئاشتی لەگێژاوی گفتوگۆکاندا گیری خواردووە.

ج- هەتا ئاشتبوونەوەی گشتی سەرنەگرێ هەرگیز ناکرێ بیر لەپێشخستنی ململانێ لەگەڵ بەغدا بکرێتەوە.

ْ- دواجار خەیارێک لەبەردەمدا ماوەتەوە ئەویش خەیاری ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود یان بەجۆرێکی تر شەڕکردنە لەگەڵ دوێنێی خۆمان. شەڕکردنە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی سستیو چاوەڕوانی کردۆتە قەدەرێک. سستی لەچاوەڕوانی ئاشتیدا، چاوەڕوانی بۆ ئاشتییەک کەپێ نەدەچوو بەم زووانە بێتە کایەوە. ئەمەبوو خەیاری سێیەم کەخەیاری گەشەپێدانو رێکخستنەوەی ناوەوەی یەکێتیو درێژبوونەوەکانێتی لەحکومەتو فەرماندەییو رێکخراوە دیموکراتییەکانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا دەژین.

لەم هەلومەرجەدا بوو ((مام))، پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی خستە بەردەم رێکخستنەکان، دامودەزگاکانی حکومەتو دواجار بەشێوەیەکی راشکاوانە خستییە بەردەم رای گشتی کوردستان.

ئەم پرۆسەیە هێندە گەشاوەو مایەی بوژاندنەوە بوو کەخۆی وەڵامی پرسیارەکانی پێ بوو. ئەو پرسیارانەی گومانی دەخستە سەر پێویستی پرۆسەیەکی لەم چەشنەی گەشەپێدانو چاککردن. وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون.

1-گەشەپێدانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی، چاککردنی رەوشی ئیدارەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کەرتکردنی هەرێم نییە، چونکە دواجار:

أ- ناکرێ ژیان تەجمید بکرێو خواستی گۆڕانو گەشەکردن بەبیانووی ئاشتییەکی هێشتا بەدینەهاتووەوە پەکی بخرێت.

ب-ئەگەر قسە لەسەر یەکخستنەوەی هەرێمە، خۆدەکرێ هەردوو ناوچە رەوشی خۆیان پەرەپێبدەن. ئەوسا یەکخستنی دوو ئیدارەی گەشەکردوو، دوو رەوشی پەرەپێدراوی بوژاوە ئاسانترە لەیەکخستنەوەی دوو رەوشی لەجێی خۆداوەستاوو سست. چونکە ئەوانەی دەتوانن گەشە بەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان بدەن، ئەوانە خەڵکانێکی لەخۆبردوون کەدەتوانن لەئاسانکاری بۆیەکخستنەوەی هەرێمی کەرتکراویشدا لەخۆبردووبن. هەروەکو ئاشکرایە کەخواستی گەشەکردن لەبەشێک یان دوو بەشی هەرێمێکدا بەرژەوەندی هاوبەشی گەشەکردنو خواستی ئاڵوگۆڕی تواناو هەماهەنگی لەگەشەکردن دەخوڵقێنن. ئەمانەش زەمینەی یەکگرتنو یەکگرتنەوە لەبارتر دەکەن.

2-گەشەپێدانی ناوچەکانی هەر هەرێمێک لەهەرێمەکانی وڵات پەیامو ئەرکێکی گرنگی قۆناغەکەیە کەهیچی لەیەکخستنەوەی هەرێمو یەکخستنەوەی ئیرادەی سیاسیی کورد کەمترنییە. چونکە هەلومەرجەکە خۆی لەبارو گونجاوە بۆئەم گەشەپێدانە، سیاسەتی ژیرو دروستیش ئەوەیە کەبەپێی هەلومەرجە گۆڕاوو تازەکان جێگۆڕکێ بەئەولەویاتەکان بکرێ. جا لەحاڵێکدا گەشەپێدان پەکی پرۆسەی ئاشتی نەدەخست بگرە هاوکارو هەماهەنگی نێوان

هەردوو هەرێمی لەبواری خزمەتگوزاریدا هێنایە بوونو کەشێکی لەباری کەمکردنەوەی گرژی هێنایە بەرهەم، زۆر پێویستو لەجێی خۆیدا بوو کەدەست بەپرۆسەکە بکرێو کەرەستەو ئامرازەکانی سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر بکرێ.

3-پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە لەناوخۆی یەکێتیو دامەزراوەکانی حکومەتو پێشمەرگایەتیو رێکخراوە دیموکراسییەکانو ئینجا لەناو کۆمەڵی کوردەوارییدا پرۆسەیەکی دژوارو درێژخایەنو شێنییەو هەروەها بۆ چاکترکردنە.

أ- دژوارە چونکە ئەنجامدانی گۆڕان لەناوخۆدا، شەڕکردن لەگەڵ خوددا، گەلێک زحمەتترە لەشەڕکردن لەگەڵ بەرامبەردا. چونکە لەشەڕی بەرامبەر هەموو دزێویو چەوتیو خراپییەکان دەدەیتە پاڵ ئەوی تر. لێ لەشەڕی خوددا هەرخۆت بەرپرسی لەکێماسیو چەوتییەکانو هەرخۆشت دەبێ چارەسەری بکەیت. مرۆڤ پێویستی بەوزەیەکی زۆری گۆڕانو ئیرادەیەکی پتەوی خۆپەرەپێدان هەیە تابتوانێ گۆڕان لەخۆیدا ئەنجامبدات.

ب- درێژخایەنە چونکە گۆڕانەکە ئامانجێکی شۆڕشگێرانەی گەورەی هەیە، بەڵام سەبارەت بەوەی لەناوخۆیە ریفۆرمخوازانەشە. ناوەکەی بەخۆوەیەتی، لەسەرخۆو شێنەییەو ئاکامەکانی، بۆئەوانەی پەلەیانە، بەزوویی دەرناکەوێت. بەڵکو دەسکەوت لەسەر دەسکەوت کەڵەکە دەبێو دواجار ئاکامێکی گەورەو سەنگین بەرهەم دەهێنێ.

پ-بۆ چاکترکردنە: بەمانا خەتێکی راستو چەپ بەسەرئەوەی لەمەوپێش کراوە ناهێنێ. بەڵکو وایدەبینێ ئەوەی کراوە چاکەو لەمەودوا دەبێ هی (چاکتر) بکەین.

4-ناکرێ پرۆسەی گەشەپێدان دوابخرێ بەبیانووی ئەوەی ئەوی بەرامبەر گۆڕان ناکات یان هەڕەشەی دەرەکیمان لەپێشەو لەوانەیە پرۆسەی گۆڕان زیانمان لێبداتو ئاکامەکانیمان پێ کۆنترۆڵ نەکرێ.

5-بەم گیانە بەرزەو ئیرادە جوانەی گۆڕانەوە لەبەرزترین پلەی دەسەڵاتدارێتییەوە بەرنامەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە دەستی پێکرد تائەو رۆژەی گەیشتۆتە دۆخی نموونەسازیی.

(3)

**خواستی گەشەپێدان ئیرادەیەکی دەستەجەمعییە**

ڕاستە پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە لەلایەن هەرەمی دەسەڵاتی یەکێتیی، هەڤاڵ مام جەلالەوە خرایە بەردەم دامەزراوەکانو رای گشتییەوەو ناونیشانە سەرەکییەکانی وێستگە جیاجیاکانی ئەو پرۆسەیەش هەر لەو دەسەڵاتەوە داڕێژرا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەئەم پرۆسەیە خواستێکی میللی لەپشتەوە نییەو راستییەکی وا کێماسی نییە بۆ پرۆسەکە، چونکە:

1-پرۆسـەکە لەشـێوەی کودەتـایەکی سیاسـیی تەرح نەکـراوە. بەڵکـو لەشـێوەی تیژێکـی سیاسـیی‌و فیکـری خـرایە بەربـاس‌و لێکـۆڵینەوەو بـۆ رای گـشتی، بـۆ دامەزراوەکـانی حـزب‌و حکومەت‌و پێشمەرگە دابەزێنراوەتە خوارەوە تاقسەی لەسەربکەن.

ئەوەی خراوەتە روو هێڵی گشتی پرۆسەی گۆڕان‌و چاکسازییە کەوردەکاری‌و رێوشـوێنی جێبەجێکردنی خراوەتە بەردەم دامەزراوەکان، شێوەی خستنەڕوو لەڕاگەیاندن‌و میـدیاکان‌و ناوەندە گشتیی‌و ئاشکراکانی حزب‌و حکومەت‌و کۆمەڵ خۆی لەخۆیدا دەری دەخات کەهەم پرۆسەکە ئامانجێکی رەوای هەیە چونکە خۆی ناشارێتەوەو شەرمی نییە وردەکارییەکـانی بـۆ رای گـشتی بخـاتەڕووو هـــــەمیش شـێوازی خـستنەڕووەکـــەی میللـی‌و دیموکـــــراتیکەو رەوایی ئـــامانجی نەکـــردۆتە بیانوو بۆ گرتنەبەری شێوازی کودەتاییانە لەجێبەجێکردندا.

گەواهی ئەمەش ئەوەیە:

2-پرۆسەکە لەبەهاری 1999-وە دەستی پێکـردووە تاگەیشتۆتە بەرنـامەی نموونەسـازیی هەروا بەردەوامە. پرۆسەیەک نزیکەی سێ ساڵ بخایەنێ‌و هەروا گەرموگـوڕبێ، پرۆسـەیەک هێـشتا سـەرەڕای ئەوەی بەدەسـت هـاتووە، چـاوی لەدەسکەوتیتربێ.مانـای وایە پرۆسـەیەکە رۆچـۆتە نـاو کـۆمەڵ‌و دامەزراوەکـانییەوە، مانـای وایە زەمیـنەی کـۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگـی‌و سیاسیی لەبارو سازە، چونکە ئەگەر وانەبێ، وێـرای هەمـوو برِیـارو راسپاردەیەک، پرۆسـەکە ئاوا بەردەوام نابێ‌و لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر پەرەناسێنێ.

3-پرۆسـەی وەرگرتنـی برِیـاری سیاسیی لەو کـۆمەڵانەی مەیلـی دیموکراسـیی‌و خواسـتی پەرەپێدانی دیموکراسییان هەیە، لەو کۆمەڵانەی چاویـان لەگۆڕانکارییە، پرۆسـەیەکی ئاڵۆزو تێکچـرژاوە. بەو شـێوەیە نیـیە کەلەبـاری تیـوریی‌و سـکێچی نێوکتێبـانەوە دیـاری دەکـرێ. پرۆسـەی وەرگرتنـی برِیـاری سیاسـیی بەتـایبەتی بـۆ گـۆڕان لەکـۆمەڵێکی وادا کەخەسڵەتی کۆمەڵی دونیای سێی هەیەو کوردستانیش یەکێکە لەوان وڵاتـان، پرۆسـەیەک نیـیە کەتەنها ناوەندەکانی گوشار لەخوارەوە بۆسـەرەوە بەرزیبکەنەوەو گوایە سـەرەوەش لەباوەشـی بگـرێ‌و پەسـەندی بکـات، بەڵکـو پرۆسـەی وەرگرتنـی برِیـار، بەتـایبەتی برِیـاری گـۆڕان خـوڵقێن، لەئەنجامی پێگەیینی هەلومەرجی گۆڕانکاری‌و مەیلی گشتی بۆ ئەنجامـدانی ئەو گۆڕانکـارییە دێتەبـوون. لەحـاڵێکی وادا لەم کـۆمەڵانەدا دەسـەڵاتی سیاسـیی دەتـوانێ ئەو مەیـلە گـشتییە ئیستقرابکاو تەبەنی بکات.

4-تەبەنی کردنی ئەو برِیارە سـەرەتایەکە کەدەسـەڵات بەوسـەنگ‌و هەیبەتەی هەیەتی لەکـۆمەڵ‌و هەروەهـا بەومەیـلە گـشتییەی بـۆ گـۆڕان هەیە برِیـار لەگـۆڕانەکە بـدات. بەڵام دواجار ئەگەر ئیرادەیەکی گشتی ئامادەنەبێ ئەو گۆڕانە بکات، ئیرادەیەکی دەسـتەجەمعی قـازانجی خـۆی لەگـۆڕان‌و پێویـستی گـۆڕان نەبینێـتەوە، ئەوا برِیـارەکە هەروا لەچوارچێـوەی ویستی هەرەمی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوەو شۆڕنابێتە خوارەوە.

بەم شێوەیە لەکوردستان کەمەیلێکی بەهێزی گۆڕان هەیە ئەو خاڵە دەبێتە خاڵی بەهێزی پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە. چونکە مادامەکی ویستی چاکسازی هی کۆمەڵانی خەڵکەو دەسەڵاتیش بەشێوازی دیموکراتیک بۆ خەڵکی دادەبەزێنێتە خوارەوە تاکاری لەسەربکەن‌و ڕێوشوێنی سەرخستنی دابنێن، کەوابێ کێماسییەکە دەبێتە خاڵی بەهێزو هەرەمی دەسەڵاتیش جارێکیتر ئاوێتەی جەماوەرو ویستەکانی دەبێتەوە.

لەسەر ئەو بنچینەیە پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە وردەوردە گەشەی کرد تا:

1-گۆڕانکاری‌و چاکترکردن‌و گەشەپێدانی لەحزب بەرەو کۆنگرەی دووەم‌و سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە برد.

2-گەشەپێدانی لەحکومەت بەرەو قۆناغی نوێ‌و بەرنامەیەکی نوێتربرد.

3-گۆڕانکاری لەپێشمەرگایەتی، لەخەباتی دیموکراتی ڕێکخراوەکان‌و لەگۆڕانی دیموکراتی بەرەو کۆنفرانس‌و کۆنگرەی چەندین ڕێکخراو برد.

4-گۆڕانکاری لەکۆمەڵ بەرەو ئاراستەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وەک پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسیی‌و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی خەڵک، برد.

5-گۆڕانکاری‌و گەشەپێدانی لەناوکۆمەڵدا بەرەو پێشخستنی زەمینەی ئازادی ڕۆژنامەوانی‌و دەرکەوتنی سەرەتاکانی ڕەخنەگرتن‌و ئازادی نووسین لەمیدیاو ناوەندەکانیتردا، برد.

6-گۆڕانکاری‌و گەشەپێدان لەکۆمەڵدا بووە هۆی گەشانەوەو دەرکەوتنی دوو بزوتنەوەی گەورەی خاوەن وزەی گۆڕانکاری کەئەویش بزوتنەوەی ژنان‌و بزوتنەوەی لاوان بوو. لەوڵاتانی دونیا درەوشانەوەی ئەم دوو بزوتنەوەیە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی جێی سەرنجی پێشکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە، چونکە هۆردوک بزوتنەوە وزەی یەدەکی بەردەوامن بۆ بزوتنەوەی گۆڕانکاری.

لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو کەئەم ڕێڕەوە لەگەشەپێدانی هەمەلایەنە لەڕێگادا بەرەو نموونەسازیی هەرگیز لەسەر حیسابی پەکخستنی خەیاراتە سیاسییەکانیترنەبوو. بەپێچەوانەوە، لەمیانی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئاشتی‌و پرسی هەڵوێست لەبەغدا پرۆسەی چاکسازی‌و گەشەپێدان، بەشێنەیی بواریان پێدایین کە:

1-هەر وەختێک دەروویەک لەپرۆسەی ئاشتی بکرێتەوە گەرموگورتر لەجاران بەرەو پیرییەوە بچین‌و پشوو درێژتربین لەپێشهاتەکانی دا. ئەگەرچیش هێشتا ئاشتییەکە نەگەیشتۆتە پلەی ئاشتبوونەوەی یەکجارەکی‌و یەکخستنەوەی دەسەڵات‌و هەرێمی کەرتکراو، بەڵام خۆشبەختانە هەماهەنگی‌و هاوکاری لەهەندێک بواری پێویست، بەتایبەتی لەئاستی دەرەوەدا، سەلماندی کەپرۆسەی گەشەپێدان‌و چاکسازی لەهەربەشێکی هەرێمدا

مانای جێگیرکردنی کەرت بوونەکەو مانای درێژەکێشانی خاڵی پشکنینی پیرەر نییە. هەر لەو ڕەوتەی ئەو هەموو گۆڕانو گەشەکردنەی خولقاند دەبینین:

2- لەبواری هەڵوێست بەرامبەر بەپرسە دەرەکییەکانی وەکو پەیوەندی لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانو ڕۆژئاوادا هاوهەڵوێستی پتەوتر کرا.

3- لەبواری هەڵوێست لەحکومەتی ناوەندی لەپرسی دانوستانەتدا هاوهەڵوێستییەکی روونو ئاشکرا گرێدران.

4- لەبواری هەڵوێست لەحکومەتی ناوەندیی لەپرسی بەعەرەبکردنو ڕاگوێزان، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، گەورەترین هەڵمەتی دیبلۆماسییو سیاسییو میدیایی بەرپاکران کەلەچاو ساڵانی رابردوو گەشەکردنێکی چۆنایەتی ئەدائی سیاسییمان بوو.

بەواتایەکیتر هیچ بوارێکی تێکۆشان لەسەر بوارێکیتر پەکنەخراو تەجمید نەکرا.

لەسەر بنچینەی گەشەکردنی پرۆسەکەو چوونە پێشەوەی بەرنامەی چاککردنو گۆڕانکاری، لەهەلومەرجێکدا کەپرۆسەی ئاشتی سەرەڕای تەگەرەکانی سەر ڕێگای، هەروا بەردەوامە، لەدۆخێکدا کەهاوهەڵوێستی یەکێتییو پارتی لەپرسە نیشتمانییو نەتەوەییەکاندا هەیە، پرۆسەی چاکسازییەکە دەگاتە قۆناغی نموونەسازی کەوەکو گوتمان پەرەسەندنێکی چۆنایەتی بەرنامەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەیە کەلەبەهاری 1991-دا هەڤاڵ مام جەلال خستییەڕوو. ئەمەش بەو مانایەیە کەپێشبڕکێی هێمنو شێنەیی نموونەسازیی، کەتەوەرەکەی کوردستانی نوێ ناوی (شەڕ)ی نموونەیی لێ ناوە، پێشبڕکێیەکی جوانو ڕەوایە.

واتا (شەڕ)ی تەفروتوناکردن نییە کەرقو کین بەرهەم بهێنێو لەسەر بنچینەی نەفیکردنی بەرامبەر گەشەبکات، بەڵکو پێشبڕکێیەکە لەمنداڵدانی هێمنیو ڕەوشی ئاشتی، لەمنداڵدانی پرۆسەی گەشەپێدانو، لەناوچەگەری ڕەوشی هاوهەڵوێستی کورد لەبەرامبەر مەترسییە دەرەکییەکان لەدایک بووە.

بۆیە ئەم پێشبڕکێیە پێشبڕکێیەکی ئاشتیخوازانەیە کەلەئاشتی لەدایک بووە، لەئاشتیدا گەشەدەکاو ڕووی لەکەڵەکەکردنی دەسکەوتە بەرەو ئاشتییەکی یەکجارەکی.

لەبەشی چوارەم، کەدوابەشی ئەم نووسینەیە، لەخەسڵەتی پێشبڕکێکەو ئاستی پێگەیشتنی هەلومەرجی ستراتیژی نموونەسازیی دەدوێین.

(4)

**خەسڵەتی بەرنامەی نموونەسازیی**

گوتمان کەبەرنامەی نموونە لەمنداڵدانی ئاشتیو کوڕی شەرعی پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەیە. هەر لەبەر ئەم پێشینەیەش ئاکارو ڕەوتی چوونەپێشەوەی لەچوارچێوەی

پێــشبڕکێیەکی دۆســتانەی وەرزشــیدایە. لەگەڵ ئەوەشــدا لێــرە ئامــاژە بەخەســڵەتە هەرە دیارەکانی بەرنامەی نموونەسازیی دەدەین.

یەکەم: نموونەسازیی باوەڕی بەفرەییو بەراورد هەیە:

لەسەرێکیترەوە بەرنامەی نموونەسازیی بەرەوشی باوەڕبوون بەفرەییو سەلماندنی ئەوانیتر دەورەدراوە. پێشبڕکێی نموونە بۆ ئەوەی سەرکەوێ دەبێ:

ا - ئەوانیتــر بــسەلمێنێو بەگیــانی نەفــی نەکردنــی نموونەکــانیترەوە مــامەڵە بکــات. بەواتایەکیتر ئارەزووی هاوبەشیکردنی ئەوانیتری هەبێ لەپێشبڕکێیەکەدا.

ب - لەپاڵ ئەم ئیلتیزامە مۆرالییە هەرخۆی پێشبڕکێکە پێویستی بەنموونەیتر هەیە بۆ ئەوەی نموونەی چاکتر لەناویاندا بدرەوشێتەوە. نموونە با چەند باش وچاک وپوخت بێت ئەگەر لەپاڵیدا نموونەیتر نەبن کەئەو خۆی لەگەڵیاندا بەراورد بکاو بزانێ لەکوێ کێرڤی سەرکەوتنی لەسەرەوەیەو لەکوێ کورتی هێناوە؟، هەرگیز نابێتە نموونەی چاولێکردن.

ج — بەم شـێوەیە دەبینـین حـاڵەتی بەراوردکـاری لەنێـوان چەنـد نموونەیەکـدا خـۆی لەخۆیـدا گەوهەری دیموکراسیو ئاشتیخوازانەی بەرنـامەی نموونەسـازیی دەردەخـات. ئەمە دروسـت ئەو دۆخە تەندروسـتەیە کەمـرۆڤ وگـروپ وهێـزە سیاسـییەکان دان بەیەکتریـدا دەنێن لەسەر بنچینەی (ئارەزووی) قبوڵکردنی یەکتری و (پێویستی) قبوڵکردنی یەکتری.

دووەم: بێ سنووری و سنووردارێتی نموونەسازیی

بەرنـامەی نموونەسـازیی وەک هەر دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتیتر بـاری ئاسـۆییو سـتوونی هەیە. بەواتایەکیتر:

دەرهاویشتەی هەلومەرجێکەو لەپێشکەوتنی خۆیدا بەرەو هەلومەرجێکیتر دەڕوا. کەئەمە بارە ستوونییەکەیەتی.

دەرهاویـشتەی گەشـەکردنی ڕەوتی چاکسازییو گەشـەپێدانی هەمەلایەنەیە. ئینجا ڕووی لەئاسـتێکی ئامـانج دیـاریکراوی نمـوونەیەکی گەشـەکردووە کە ئیتـر لەو ئاسـتەدا دەبـێ ڕێوشــوێنیتر بگــرێتەبەر بــۆ ئەوەی قۆنــاغێکیتری گەشــەکردن بکــاتە ئامــانج. بــۆ ئەوەی لەنمـوونەیەکەوە بیگـوازێتەوە بـۆ نمـوونەیەکیتر کەهەلـومەرجی نـوێ دەیخـوازێ، کەبتـوانێ وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ئەو هەلومەرجە تازەیە بێت.

ئەم بارە ستوونییە دیوی سنووردارێتی نموونەسازیی دەردەخـات کەبە هـیچ شێوەیەک لەگەڵ سـتراتیژەکەدا، سـتراتیژی نموونەسـازیی، نـاکۆک وپـێچەوانە نـیـە. بەڵکـو مەسـەلەکە لەشـێوەی سـتراتیژێکی دوور مەودادایەو بەسـەر چەنـد قۆنـاغێکی نمـوونەیی سـنووردارردا دابەشــکراوە. ئەم حــاڵەتەش هەم دەرفەت دەدات دیــدێکی ســتراتیژییمان هەبــێ بــۆ نموونەسازییەکەو هەمیش وادەکات بەپێی قۆناغەکان نموونەکان ئاراستە بکەین وڕێوشوێنی ڕەچاوکردنی فاکتۆرە تازەکانیش دابنێین.

1-وا دەبینین سنووردارێتی نموونەسازیی و قۆناغ بەندیکردنی ستراتیژی نموونە وەک پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێدان وایە کە ساڵانە خورد دەکرێتەوە. دواجار ئاماژەدان بەسنووردارێتی نموونەسازیی بۆ ئەوەیە کەبڵێین نموونەی چاولێکراو ئەزموونێکی ئینسانیی لەگۆشت وخوێن دروستکراوی گەلی کوردە لەبەشێکی نیشتمانەکەیداو نموونەیەکی بەهەشتی خەیاڵاوی نییە کەبێ کەموکوڕی بێت.

2- هەروەها بەرنامەی نموونەسازیی لەباری ئاسۆییەوە هەموو بوارێکی ژیانی کوردەواری دەگرێتەوە: دەسەڵاتەکەی، دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی، ناوەندە دیموکراسییەکانی، ناوەندەکانی گوشارو ڕەوتی ڕۆژنامەوانی ئازاد، پەرەپێدانی چەمکی هاووڵاتی بوون وکۆمەڵی مەدەنی، چوون یەکی لەبەرامبەر یاساو عەدالەتدا، نەریت وئاڵوگۆڕە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکەی ..هتد. واتا ئەم نموونەیە لەباری ئەو بابەتانەی دەیگرێتەوە (ئاسۆیەکی) فراوانی (بێ سنووری) لەبەردەمدایە. شتێکە لەشێوەی مۆدیلێکی کوردییانە بۆ ژیانی کۆمەڵی کوردەواری. جا ئەگەر چی ڕەنگە دەستەواژەی مۆدیل لەدەستەواژەی " مۆدیلی ژیانی ئەمریکایی "یەوە نزیک بێ‌و ئەمەش بۆ کوردستانی ئەمڕۆ لەگەڵ "ئەمریکا"ی خەواجەدا بەراورد قبوڵ ناکات، بەڵام وشەکە لەئاستی پلەی گەشەکردنی بەشی خۆمان وبۆ نموونەی کۆمەڵی کوردەواری لەجێی خۆیدایەتی. چونکە:

ا – قەتیس کردنی نموونەسازییەکە لەواری پێشبڕکێی ئابووریدا کوشتنی پەیامەکەو مەغزاکانێتی.

ب – پێش هەموو شتێک مۆدیلی دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا مۆدیلێکی لۆکاڵی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە خۆیەتیو وردەکارییەکانی، کێشەو گرفتەکان وسەرکەوتنەکانیشی تایبەتی کۆمەڵگەن. ڕاستە دیموکراسیی هەر ئەو ئالیەتانەی هەیە کە ماتماتیکی پرۆسەی ئازادیی کۆمەڵن، هەر کۆمەڵێک، بەڵام دواجار دیموکراسیی زیاتر لەهەر چەمک ودەرکەوتێکی سیاسیتر، ئەزموونێکی ناسیونالیستی میللەتێکە لەزەمین وزەمانێکی دیاریکراودا.

ج – لەم مۆدیلی نموونەسازییەدا کە وەکو گەشەپێدانی هەمەلایەنە هەموو لایەنێکی ژیانی کوردەواری دەگرێتەوە. پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان وگەشەپێدانی ئابووری دینگەی پتەوی گەشەپێدانی ئەزموونی دیموکراسیین. بەو پێیەی دیموکراسیی هەرشە لێنەکراو ئەو دیموکراسییەیە کە لەسەر بنکەیەکی پتەوی ئابووریی دانیشتووە.

سێیەم: ئالیەت وڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بەرنامەی نموونەسازیی.

بەرنامەی نموونەسازیی ئەزموونی سێ ساڵەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی لەپشتە، واتە ئەزموونێکی چاکی دۆزینەوەی ڕێوشوێنەکانی چاکسازیی و دیاریکردنی ئالیەتی گەیشتن بەنموونەی لەپشتە.

بۆ نموونە:

ا -لەبـواری حزبیـدا بڕیارەکـانی کـۆنگرەی دووەم وریێنماییەکـانی هەڤـاڵ مـام جەلال ڕێوشوێنی بەرنامەی نموونەسازییان پێیە لەبواری حزبی و بوارەکانی تردا.

ب - بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دەربارەی تەرشیقی ئیداری، ڕێوشوێنی چاکسازی و دروستکردنی نموونەیان دیاری کردووە لەبواری حکومیدا.

ج - بۆ ئەو مەسەلانەی بەپێی ڕەوشەکە دێتەپێش بڕیارو ڕاسپاردەی تـایبەت دەردەچـن کە ڕێوشـوێنی نموونەسـازییەکە دیـاری دەکەن و لەجـوغزی پەیـامێکی فیکرییـدا قەتیـسی ناکەن. بۆ نموونە:

د - بڕیاری سەرۆکی هەرێم دەربارەی نەهێشتنی واسیتەو قەدەغەکردنی.

ە - بڕیاری سەرۆکی هەرێم دەربارەی قەدەغەکردنی بەشداریکردنی بەرپرسانی یەکێتیی لەو چالاکییە بازرگانیانەی بۆنی ئەوەیان لێ دێت کەگوشاری بەرپرسیاران وموزاحەمەیان لەگەڵ هاوولاتیان دێنێتە کایەوە.

ئەم دوو بڕیـارەی دوایـی بـنکەی دیموکراسـیی لەولاتەکەمـان پەرەپێـدەداو لەبـواری دیموکراسیی سیاسییەوە دەیگوازێتەوە بۆ بواری دیموکراسیی کۆمەڵایەتیش. دوایـن بڕیاریـان بەتـایبەتی ئامـاژەیەکی ڕوون وئاشـکران بـۆ ئەوەی کەئیتـر بەرنـامەی نموونەسـازیی لەهـێڵە گشتییەکەوە دەچێتە ناو وردەکاری. ئەوەتا سـەرۆکی هەرێـم خـۆی ڕاسـتەوخۆ ئەو ڕێوشـوێنە دیـاری دەکـات کەدەسـەڵات لەمـوزاحەمەو کێ بڕکێ لەگەڵ هاوولاتیـان دوور دەخـاتەوەو بـاجی بەرپرسیارێتی دیـاری دەکـات. ئەمەش لەدوا ئاکامـدا برەوپێـدانی چەمکـی سـەروەری مرۆڤ وسەروەری هاوولاتی بوونە بەسەر سەروەری دەسەلاتەوە. لەبنچینەدا دەبێ دەسەڵات لەپێـشبڕکێی نێـوان گـروپ ودەسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـێ لایەن بـێو تەنهـا لەسـەر مـافی گشتی بێتە نێوانەوە.

دوا وتە:

دواجار ئەزموونی نموونەسازیی لەم ئاستەی ئێستادا ئەزمـوونێکی شایستەو جێـی شانازی یەکێتییە بەهەمـوو کەموکوڕییەکانی ئەزمـوونی کارکردنەوە. چـونکە وەک هەر ئەزمـوونێکی ئینـــسانیتر جـــوانییەکەی لەوەدایە کەلەســـەر زەمینـــی واقیـــع تاقیـــدەکرێتەوە. ئەوەی لەرۆژنـامەوانیی کوردییـو ڕوونـاکبیری کـورد داوادەکـرێ چـاودێریکردنی پەرەسـەندنی پرۆسـەکەیە لەهەر قۆنـاغێکی نوێیـدا. ئەرکـی گفتوگـۆی شارسـتانیی لەم بـوارەدا ئەوەیە کێماسییو کەموکوڕییەکان دەست نیشان بکات ورێگەی چارەسـەری بـۆ بـدۆزێتەوە. چـونکە هـیچ ئەزمـوونێکی ئینسانی بێ کەموکـوڕی نابێـت. بگـرە کەموکـوڕی لەهەر پرۆسـەیەکی سیاسیی — کۆمەڵایەتیدا وەکو کورتهێنانی بودجەی ساڵانەوایە دەبێتە پاڵنەری پەرەپێدان نەک باعیسی ساردبوونەوەو کۆڵدان.

*ئەم چوار ئەڵقەیە 2002 لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوکراونەتەوە، دەستەواژەی سەرۆکی هەرێم مەبەست لێی سەرۆکی هەرێم - ئیدارەی سلێمانییە کە ئەوکاتە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی پەرلەمان سەرۆکی هەرێم دیاریکرا بەپێی دەرەنجامەکانی دەنگدانی خەڵکی کوردستان بۆ ناونیشانی (رابەر) لە هەڵبژادنەکانی ساڵی 1992دا.

# یادی یەکێتی، دیدی یەکێتی*

ئەمڕۆ (1999/6/1) کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەڤاڵان و تێکۆشەرانی کوردایەتی لەهەر کوێیەک بن، جەژنی هەردوو یادی (24)ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەی خۆیان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (23)ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ دەگێڕن.

جەژنی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جەژنی خۆڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتییە لەپێناو جۆشدانەوەی خەبات و زیندوو راگرتنی گیانی موقاوەمەتدا، جەژنی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێیش پیرۆز راگرتنی ورەی بەرزی ئەو تێکۆشەرانەی یەکێتییە کە لەڕۆژگارەکانی هەرەس و داڕووخاندا هەرەسیان بەهەرەس هێناو بەگژ واقیعی داسەپێنراوی دوژمندا چوونەوەو ژێردەستی و تەعریب و راگواستنیان رەتکردەوە.

لەدایکبوونی یەکێتیی و دەستپێکردنەوەی شۆرش لەو هەلومەرجەی کەحکومەتی عیراق بەهۆی رێککەوتننامەی جەزائیرو تۆڕی پەیوەندییە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکانی خۆیەوە لەوپەڕی دەسەڵات و توانای سەربازیی و سیاسیدابوو، لەو هەلومەرجەی کە کە لەسەوداو مامەڵەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کەس ئامادەنەبوو گوێ لەدەنگ و داخوازیی میللەتێکی بێکەس و شۆڕشێکی هەرەسپێکراو بگرێت، خۆی لەخۆیدا مەغزاو دەلالەتی شۆڕشگێڕی و گەورە هەڵدەگرێت سەبارەت بەوەی کەهێزە شۆڕشگێڕە راستەقینەکان و تێکۆشەرانی راستەقینەی مەیدانی گیانبازی لەتەنگژەو لێقەومانە گەورەکاندا چاکتر لێوەشاوەیی و تواناییان دەردەکەوێ و باشتر لەکۆڕی خەباتدا، دەیسەلمێنن هێزی فریادڕەس و کوڕی تەنگانەو رۆڵەی میلەتەکەی خۆیانن، ئەو رۆژگارە یەکێتی تێدا هاتە بوون و یەکێتی شۆڕشی تێدا هەڵگیرساندەوە، رۆژگاری تاقیکردنەوە دژوارو گەورەکان بوو، هیممەت و لەخۆڕادیتنێکی گەورەی دەویست خۆسازدان و خۆڕێکخستنێکی وردی دەویست تا(هەڵسانەوە)ی باری نالەباری کوردەواری پێ جێبەجێ بکرێ و هەرەس بەهەرەس بهێنرێت، بۆیە لەرێڕەوی بزافی رزگاریخوازی گەلەکەماندا یەکێتی و شۆڕشی نوێ دوانەی وێستگەیەکی پرشنگدارو جێی شانازین و لەرێی بەدەستهێنانی ئەو شانازییەشدا یەکێتی هێندە قوربانی نواندو ئەوەندە شەهیدی بەدایکی نیشتمان بەخشی کەئیتر لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەحزبی شەهیدان ناسراو بگرە لەکۆڕی شەهادەتیشدا نەریتی شەهیدبوونی سەرکردەو فەرماندە نەبەزو دلێرەکانی کوردایەتی داهێنا، بەڵام سەروەری و شانازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها لەبواری دەستپێکردنی شۆڕشی نوێدا نەبوو،

بەڵکو یەکێتی بەشێوەی پێکهاتەی نوێی لەهەموو شتێکدا نوێبوو، نوێبوو لەشێوەی هەڵگیرساندنی شۆڕشە نوێیەکەی، نوێبوو لەبەرنامەو دروشم و ڕێبازو سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، نوێبوو لەنەریتی بەڕێوەبردنی دەستەجەنمعی شۆڕش و دامەزراوەکانی و ەدابی دابینکردنی دیموکراسی و پەیوەندی بەستن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوانەی سەرچاوەی هێزی شۆڕش و پشتیوانی یەکەمی بوون بۆیە لەبەر ئەو خەسڵەت و داهێنانە تازانەی یەکێتی هێنایە کۆڕی خەباتی کوردایەتی و بزافی کوردەوارییەوە، خەڵکی کوردستان لەدەوری ئالا شەکاوەکەی کۆبوونەوەو متمانەو باوەڕی خۆیان پێبەخشی تاداخوازییە نەتەوەیی، نیشتمانی و تەنانەت کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکانیان بۆ بێنێتەدی بەو ئیحتبارەی یەکێتی ڕێکخراوی جەماوەری کوردستان و لەناویشیاندا ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی بیروبازووە.

یەکێتیش لەپێناو وەڵامدانەوەی ئیجابی ئەو هەموو متمانەیەی کۆمەڵانی خەڵک و ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی لەڕێرەوی تێکۆشانیدا لێیکرا، هەرگیز درێغی نەکردو لەڕێی بەدیهێنانی خواستەکانی گەلدا بەرنامەی ڕێکوپێکی بۆ راپەڕین داناو قورسایی چالاکی و وزەو توانا خۆی خستە خزمەت راپەڕینەوە، ئەوەبوو لەئەنجامی سەرکەوتنی راپەڕیندا ئاواتی شەهیدان و خەونی لەمێژینەی گەلەکەمان لەپەرلەمانێکی هەڵبژێردراوو حکومەتێکی خۆماڵآیدا هاتەدی.

بەمەش یەکێتی سەرباری سەروەرییەکانی دیکەی، سەروەری ئەوەشی بۆخۆی تۆمارکرد کەیەکەم حزب و ڕێکخراوە لەمێژووی گەلەکەماندا دەستکەوتی بەرجەستەکراوی بەدەستهێنابێت و لەبەری رەنجی خەباتی خۆی و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بخوات.

بەم هەموو سەروەرییە نیشتمانی و نەتەوەییەوە یەکێیی نیشتمانیی کوردستان پێدەنێتە نێو ساڵێکی تازەی تێکۆشان و پێشوازی لەساڵێکی تری شۆڕشە هەمیشە نوێ و بەردەوامەکەی خۆی دەکات، بەتایبەتی یادی ئەمساڵ لەڕەوشێکدا پیرۆزدەکرێت کەبەرنامەی گەشەکردن، پێشخستن و پێشکەوتن لەهەموو بوارەکانی خەباتدا دەستپێکردووەو هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی ئۆرگانەکانی ڕێکخستنیش سەرەتایەکی چۆنایەتی و ئەو گەشەکردنەو گەواهییەکی راستگۆیانەی دەستپێکردنی بەهاری بوژاندنەوەیب بیروباوەڕەکانی یەکێتیین.

دیاریشە سەرخستنی بەرنامەیەکی وا چۆنایەتی کەئامانجی گەشەکردن و چاوی لەپێشکەوتن بێت، تەنها بەیەکێتی ریزەکانی یەکێتی دێتەدی بەو جۆرەی سەروەری و دەستکەوتەکانی تۆمارکراون و بەدەست هاتوون بپارێزرێن، هەروەکو هەڤاڵ مام جەلال دەڵێت (پاراستنی یەکێتیی ناو ی.ن.ک ئەرکێکی پیرۆزەو دەبێت وەک بیلبیلەی چاومان

بیپـارێزین)، چـونکە پاراسـتنی یەکێتـی نـاو ی.ن.ک مانـای سەرخـستنی بەرنـامەی نـوێی گەشـــەکردن و پێـــشکەوتنی یەکێتیـــیە، مانـــای هەمیـــشە بەهـــاری وەرزی بـــوژانەوەی بیروباوەڕەکانمان و مانای نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێنە بـۆ ئەو شـەهیدانەی خـوێنی خۆیـان بەخشی تا یەکێتی هەمیشە سەوزو شۆڕشی نوێش هەمیشە لەنوێبوونەوەدا بێت.

لەیادی دامەزراندنی یەکێتی و هەڵایسانی شۆڕشدا، سڵاو لەو یەکێتییەی چرای ئومێدبوو لەشەوەزەنگی هەرەسدا، سڵاو لەو شۆڕشەی لەیادی دامەزرانـدنی ڕێبەرەکەیـدا چەخمـاخەی داو وا لەبیست و سێ ساڵەی یادەکەشیدا هەروا درێژەی هەیە.

سڵاو لەو شەهیدانەی هەرگیز ڕەنجیان بەباو خوێنیان بەفیڕ نەچوو.

*کوردستانی نوێ ژمارە (1872) لە ڕۆژی (1999/6/1).

# لەبەر رۆشنایی وتەکەی هەڤاڵ مام جەلال
# لە(1999/6/1)دا*

(1)

**دەسکەوت و سەروەرییەکان و... پەند لێوەرگرتنیان**

لەمێـژووی حـزبە گەورەو وەرچەرخێنەرەکانـدا یـادو بۆنەکـانی دامەزرانـدن و هەڵسانەوە هەروا ئاهەنگی شادمانی و وەبیرهێنانەوەی شانازییەکانی رابردوو نییە، هەروا بۆ رێزگرتنی نەبەردییەکان و سەرکەوتنەکانی ماوەی نێوان ساڵانی دامەزراندن و دەستپێکردن و ساڵانی کامڵ بـوون و گەیـشتن بەئامـانج و دەسـکەوتەکان نیـیە. یـادکردنەوەو بـۆنەی لەدایکبـوون لەلای ئەو رێکخـــراوو بـــزووتنەوانەی لەهەلـــومەرجێکی دژوارو لەئەوپەڕی پێویـــستی میللەتەکەیاندا هاتنە بوون تەنها بـۆ بەرزراگرتنی ناوی شـەهیدە سـەربەرزەکان و رێزلێنان لەو تێکۆشەرانەی خەباتی بێوچانیان کردووە نییە. سەرەڕای مانا پڕ وەفادارییەکانی رێزلێنان و بەرزراگرتنی یادی شـەهیدان و ستایشکردنی رۆڵی تێکۆشـەران لەرێـڕەوی خەبـاتەکەدا. بەڵکـو لای ئەو حـزبە گەورانەی بـزووتنەوەی مـیللەتەکەی خۆیانیـان رێبەرایەتـی کـردووەو شۆڕشیان بۆ هەڵگیرساندووە یادی دامەزراندن و وەبیرهێنانەوەی دەستکەوت و شانازییەکان بۆ جۆشدانەوەی خەبات و پەندو ئەزموون وەرگرتنە لەسەرکەوتن و نوچدانەکان لەنەبەردی رووداوەکان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبی گەورەی وەرچەرخانە گەورەکانە رێبەری رێڕەوێکــی دوورودرێــژی خەبــاتی کــوردایەتییە لەشۆڕشــی نوێــدا. بــۆیە یــادو بــۆنە نیشتمانییەکانیـشی دەرفەتـی هەڵوەسـتەکردنن لەئاسـت ئەوەی بەدەسـتهاتووەو ئەوەی مـاوە لەئەرک و ئامانجەکانی کوردایەتی و بۆنەی وەبیرهێنانەوەی سەروەرییەکانی خەباتی شاخ و بەسەرکردنەوەی دەستکەوتەکانی خەباتی شاریشی بۆنەی جۆشدانەوەی گیانی تێکۆشان و دیاریکردنی ئەرکەکانی قۆناغی داهاتووی تێکۆشانی یەکێتیی و درێژەپێدانی رێبازی نوێی شۆڕشی نوێن.

هەڤاڵ مـام جەلال لەوتـارەکەی یـادی دامەزرانـدنی یەکێتیـی نیـشتمانیی کوردسـتان و بیرەوەریی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا بەشێکی کورت و پوختی سـەرکەوتن و دەسکەوتەکانی (24) سـاڵەی تەمەنـی یەکێتیـی و (23) سـاڵەی دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـی وەبیرهێنـایەوەو بەســەرکردەوە تــا ئەو ســەروەریی و ســەرکەوتن و دەســتکەوتانەی لەتۆمــاری مێــژووی

کوردایەتیدا نووسراون و هاندەرو جۆشدەری تێکۆشەرانی دێرین و تێکۆشەرانی نوێی یەکێتی بـن لەخەبـاتی داهـاتوودا. بەتـایبەتی چـونکە یەکێتـی جــەژنی ئەمـساڵی لەهەلومەرجێکـدا کردەوە کـــە (وێڕای چاونەپۆشین لەکەموکورتی و هەڵەو لادانەکان):

*لەڕووی رێکخـــستنەوە هەڵبـــژاردن ســـەرکەوتووانە ئەنجامـــدراو رێکخـــستنەکان جۆشدراونەتەوەو گەشەیان کردووەو هەروا لەپێشکەوتندان.

*هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای بژارو خۆڕێکخستنەوەو خولی جۆراو جـۆری مەشق لەڕووی چۆنایەتییەوە هەنگاوی باشی ناوە.

*رێکخـراوە دیموکراتییەکـان گەشـەیان کـردووەو پەرەیـان سـەندووەو مەکتەبەکـانیش بەگشتی ژیرانە پەرەو گەشەیان بەکاری خۆیانداوە.

*حکومەتەکەشـمان هەنگـاوی باشـی هەڵهێنـاوە لەکـۆڕی خزمەتکردنـی خەڵـک و بـاش جێبەجێکرانی پڕۆژەکان بەتایبەتی پڕۆژەو دەسکەوتی مێژووی هەڵێنجـان و پـالاوتنی نەوتـی کوردستان.

*لەڕووی هۆشیاری و رووناکبیریشەوە شانازی گەورە تۆمارکراون.

*لەڕووی ئـاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەشـمانەوە زۆربەی دێهاتەکانمـان ئـاوەدانکراونەتەوەو لایەنێکی گرنگی ئابووریشمان بوژاندۆتەوە.

ئالەو هەلومەرجە گـــەشەکـــردووەی هەمـوو ئۆرگـــانەکانی خـــۆیدا یـــەکێتی بەشێکی سەروەرییەکـــانی بەسەر دەکاتەوە بەتایبەتی سەروەرییەکانی:

*بوژاندنەوەی شۆڕش و جۆشـدانەوەی خەبـاتی جەمـاهیری پشت بەخۆبەستووی هاوکار لەگەڵ هێـزە پێـشکەوتنخوازەکانی کوردسـتان و عیـراق لەڕەوشـی ئەو نائومێـدییەی دوای هەرەس باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو.

*بەشـداریکردن لەسـەروەری و خەبـاتی کوردسـتانیی و هەروا لەسـەروەری خەبـاتی عیراقیشدا.

*پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کەیەکێتی دەوری کاریگەرو سازندەی تێدا گێڕا.

*سـازدان و جوڵانـدن و راپەڕانـدن و رێبەری کردنـی راپەڕینـی پیـرۆزی 1991 کەبـووە هۆی رزگارکردنی شارەکانی کوردستان بەشاری کەرکوکیشەوە.

*هەڵبژاردنی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانی و پێکەوەنانی حکومەتی هەرێمـی کوردستان کەیەکێتـی رۆڵـی گەورەی لەو دەسـتکەوتەدا گێـڕاو بـووە یەکەمـین حزبـی بـزووتنەوەی کوردایەتی کە بەری رەنج و خەباتی خۆی بخوات.

هەڵـبەتە باسـکردنەوەی ئەم دەسـتکەوتانە بـۆ ئەوەشـە کەدەرس و پەنـدی پێویـستی لـێ هەڵێنجێنرێـت و لەبەیـدهێنانی ئەرکەکـانی داهـاتوودا کەڵکـی لێوەربگیرێـت. هەروەکـو مـام جەلال-یش لەوتارەکەیدا ئاماژەی پێکرد:

(ئیمڕۆش کەیادی ئەو سەروەرییە گرنگانەی ی.ن.ک دەکەینەوە هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو هەمـوو فیـدراکاری و خـۆ بەکوشـت و خـۆبەختکردنی دەیـان سـەرکردەو سـەدان کـادرو هەزاران ئەنــدامی ی.ن.ک نیــیە. بەڵکــو دەرس و پەنــد لێهەڵێنجانیــشیانە، بــۆ هانــدانی هەمووهـان بەئەنـدامانی سـەرکردایەتی و مەکتەبەکـان و مەڵبەنـدەکان و فەرمانـدەکان و وەزیرەکان و لێپرسراوانی میریشەوە) بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی داهاتوو کە لەوتارەکەدا کە لە (9) خاڵی سەرەکیدا دیاریکراون.

(2)

**بژارکردنو کەشەپێدان لە پێناو نەهێشتنی کەمو کوڕییەکاندا**

ســـەروەرییە دێرینەکـــانی یەکێتـــیو دەســـکەوتەکانی بەدەســـەتی هێنـــاونو ئەو هەڵومەرجە لەبارەی ئەمساڵ یادی دامدامەزراندنو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی تێدا دەکـاتەوە بـۆ ئەوە نیـیە کە چـاو لە کەمو کوڕییەکـانو هەڵەو لادانو ناتەواوییەکـان پێۆشرێت، بەڵکو ئەو هەمـوو حاڵەتە ئیجابییـانە دەبێ پەرۆشی بـۆ چارەسـەرکردنیان زیاتر بکـات، دەبێ هانـدەری چاوخـشاندنەوە بێـت بە خۆمـانو بەدامو دەزگـا حزبیو حکـــومیو پێـــشمەرگـــایەتییەکاندا. لە پێنـــاوی چارەســـەرکردنو لەبـــنەڕەتەوە هەڵکەندنی ئەو کـــــەمو کـــوڕیو هەڵەو لادانەی لەوتارەکەی (6/1)دا باسیان لێوە کرا:

*کـــەمو کـوریو ناکۆکیو نـاتەبـاییو دەســتـــەگەرییو هەڵـــەو لادانو لە خـــۆبایی بـــوونو خـــۆلێگۆڕانو فـــەرامۆشکردنی سەرەتـاکـــانی ڕێکخستن.

*کەمو کوڕیو ڕەفاهویستیو ئیمتیازاتو هەڵپەهەڵپ بۆ مەنسەبو گەورەیی هەوڵی خۆ دەوڵەمەند کردنو مشەخۆری لەسەر حسابی ی.ن.ک کە ئەوانە هەموویان دەبنە مایەی دروستبوونی چینێکی نوێی مشەخۆرو مونتەفیع لە نێو کوردەوارییدا.

*کەمو کـوڕی (خەبـاتی) بیروکراتـیو مەکتەبـی دوور لە خەڵـکو دوور لەسـەرچاوەی ڕاستەقینەی وزەی تێکۆشان پشتیوانی یەکێتیو شۆڕشە بەردەوامەکەی.

*لادانو ناتەواوی لەمەسەلەی مەحسوبیەتو پێشخستنی خزمو کەسوکار لەوەزیفەو کارو مەنسەبەکاندا.

بێگومـان ئەرکی چاوخـشاندنەوە بەکـــــەمو کوڕییەکـان ئەرکێکی هەمەلایەنەی هەمـوو دەزگاو ئۆرگانەکـــانە، ئەرکی هەڤاڵانی یەکێتییە لەسەردوەڕا بۆ خـــوارەوە، جێبەجێکردنی ئەو ئەرکـــــەش وەک ئەرکەکـــــانی لەمـــــەوبەر هـــاتنەپێشو جێبەجێکـــران، هیممەتێکـی پێـشمەرگـانەو خەبـاتێکی بێوچــــانی هـــــەڤاڵانی دەوێـت بەوجـۆرەی کە پێویستە:

*هەموومـان بەگیـانێکی نوێـوە، گیـانی برایەتـیو هەڤـاڵایەتیو بەلاوەنـانی بیـروڕاو بۆچوونی ناڕاست، گیانی بوژاندنەوەی سەرەتاکانی فیکریو تەنزیمی ی.ن.ک کار بۆ نەهێـشتنی ناکـــــۆکیو ناتەبـاییو مەیلـی فەرامۆشـکردنی سـەرەتاکانی ڕێکخـستن بکەین.

*هەموو هەڤاڵانی یەکێتی بەگشتیو لێپرسراوانی حزبیو حکومیو پێشمەرگایەتیو ڕێکخـستن بەتـایبەتی نمـوونەبن لە دڵـسۆزیو دەسـتو دەمو داوێـن پاکیـدا. بەهەمـان پەرۆشـیو ڕەوشـتو خـووی سـەردەمی شۆڕشـەوە خەبـات بـکەن، وەک جـاری جـارانی پێـشمەرگایەتی سـادەو پـاکو خەڵکـی بـن، هەمـوو لایەکمـان هەوڵـی خۆگونجانـدنو خۆژیانـدن وەک خەلکـی خۆمـان بـدەین مـاوە نەدەیـن بۆشـایی لە گـوزەرانو مـووچەدا دروسـت بێـت بەڵکـو فەرقو جیـاوازی زۆر لە نێـوان هەڤـاڵانی بەرپـرسو کـادیرانی خـوارەوەدا نەمێنێـتو کەم ببێتەوە، بەوجـۆرەی چینـی مـشەخۆری نوێ لەسـەر حسابی ی.ن.کو کوردەواری دروست نەبێت.

*هەموومـان لەسـەرەوەڕا تـا خـوارەوە ملی خەبـاتی جەمـاهیری بگـرینەوەبەر. بچینـەوە نـاو کۆمەڵانی خەڵک، ڕاستییەکانیان بـۆ ڕوونبکەیـنەوە، گـوێ لەگلەیـیو ڕازو نیازەکانیـان بگـرین. لەداخوازیو پێویستیەکانیان بکۆڵینەوەو پێچینەوە. بەوەش پەیوەنـدی خۆمـان لەگەڵ خەڵکـی خۆمان کە پشتیوانی شۆڕشەکەمان بوون، توندو ترندو تۆڵ دەکەینەوە.

بەم شــێوەیەش لەگەڵ گــرتنەبەری مەیــدانی خەبــاتی جەمــاهیریی، نەک لەدەســت بیروکراتیەوت تەمبەڵی مەکتەبی دەربازمان دەبێت، بەڵکو مەیدانی خەباتی جەماهیریی نێـو خەڵـک بەو بەرینـیو فراوانی خـۆیەوە دەرفەت بـۆ خـستنەگەڕی هەمـوو هەڤـاڵانی تێکۆشـەو دەداو هیچ هەڤاڵێکمان لێ زیاد نابێت.

*هەمـوو پێشخـستنو پێـشکەوتنێک لەوەزیـفەو کـارو مەنـسەبەکاندا بەپێـی سـەرەتاکانی ڕێکخستنو تێکۆشانی تەنزیمیی یەکێتیو بە پێی ماندووبوونو ڕاستو ڕەوایی بێت، بەمەش مەحسوبیەتو خزم خزمەێنە بەرەو نەمانو لەناوچوون دەچێت.

هەموو ئەو ئەرکو ئامانجانەش بەوە دێنەدی کە سیاسەتی بژارکردنو گەشـەپێدان، سـزادانو خەڵاتکـردن، سەرزەنـشتو ڕێزلێنـان زیـاتر بچەسـپێنو بەردەوامـبن. ئەو سیاسـەتەش تـابکرێ بەگفتوگـۆو پـێسـەلماندنی برایـانەو هەوڵـی ڕاسـتکردنەوە دەبێـت، هەروەک هەڤـاڵ مـام جەلال لەوتـارەکەی خۆیـدا ئامـاژەی بـۆ کـرد کە: (گەشـەپێدان پێویـستەو ڕاسـتکردنەوەی هەڤاڵانو هێنـانەوە سـەر ڕێبـازی ی.ن.ک پێویـستە، تـابکرێ ئەوەش بەشـێوەی برایـانەو پـێسـەلماندنو ڕاسـتکردنەوە بێـت، بەڵام ئەوانەی لاسـاری دەکەنو درێژە دەدەن بەمشەخۆریو خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر حسابی ی.ن.ک دەبێ بژار بکرێن).

(3)

**وەفاداریی بۆ شەهیدان و خزمەت بۆ کەسوکاریان**

یەکێکی تر لەو ئەرکانەی کەپێویستە بۆ قۆناغی داهاتوو خۆمانی بۆ سازبدەین، پێداویستییەکانی سەرخستنی بۆ دابین بکەین، ئەرکی بایەخدانی تایبەتی ترە بەکەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. کەسوکاری ئەو شەهیدانەی هەموولایەنەکان کەلەشۆڕشی کوردستاندا گیانی خۆیان لەپێناوی سەرفرازی گەل و نیشتماندا بەختکرد. ئەرکی بایەخدانی زیاتر کەسوکاری شەهیدان بەشێکی گرنگی خواستی پێداچوونەوەو نەهێشتنی کەموکوڕییەکانە کەیەکێتی بەنیازی جێبەجێکردنێتی، هەروەها ئەو ئەرکە دووراییەکی ئەخلاقی و وەفاداری شۆڕشگێڕانەشی هەیە.

لەڕێرەوی تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا تێکۆشەرێکی زۆر فیداکاری دەنوێنن و زەحمەتی و ماندووبوونی دەچێژن، هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیش لەدونیادا بێ فیداکاری و ماندووبوونی تێکۆشەرانی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. تێکۆشەرانی خەباتی نیشتمانیش چاک ئەو راستییە دەزانن بێ ئەو فیداکاری و قارەمانێتییە هەرگیز نیشتمان رزگارو گەلیش سەرفراز نابێت. بەڵام هیچ قوربانی و قارەمانێتییەک، هیچ جەسارەت و لەخۆبوردنێک ناگاتە قوربانی و قارەمانێتی شەهیدبوون، ناگاتە جەسارەت و لەخۆبوردوویی شەهیدێک کەبڕیاردەدات لەمەرگ خۆیدا ژیانی سەرفرازی و رزگاری بۆ گەلەکەی بەدی بێنێت. لەبەر ئەوە شەهیدان لەهەموو شۆڕش و تێکۆشانەکاندا بەشۆڕشی کوردستان و تێکۆشانی کوردایەتیشەوە ئیعتبارو حورمەتێکی ئێجگار زۆریان هەیە لای میللەت کەبەقوربانییەکانی وان رزگاری و ئازادی بەدەست دێنێت و لای بزووتنەوەکەش کەبەرەنج و قوربانیدانی شەهیدان دەکەوێتە سەرپێی خۆی و سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان گیانی خۆیانیان بەکوردستان بەخشی تاگەلی کورد ئازادی و مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت. ئەوان دەستیان لەژیانی خۆیان و کەسوکاری خۆشیان هەڵگرت و بەشی زۆریشیان خێزان و ماڵ و منداڵی خۆیانیان بێ سەرپەرشتیارو خانەوادە بەجێهێشت تاببنە تێکۆشەرو پێشمەرگەی رێبازی کوردایەتی و بگرە تا لەو رێگایەشدا شەهید بن، شەهیدان لەشەوقی ئەو گیانبازییدا کەسوکارو خێزانیان بەئەمانەت لای کوردو تێکۆشەرانی رێبازی کوردایەتی بەجێهێشت. شەهیدان لەشەهید بووندا چاویان لەوەفاداری هەڤاڵان هاوسەنگەرانی خۆیان بوو کەلەدوای رزگاری نیشتمان ئەمانەتە جوان و یادگارە جوانەکانیان فەرامۆش نەکرێن و لەسەرگەردانی و نەداری و بێ سەرپەرشتیاری رۆژگاری پێش سەرکەوتنی خەباتی رزگاری و دیموکراسی گەلەکەمان رزگاریان بێت و

لەسایەی دەسکەوتەکانی خەبات و تێکۆشاندا بحەسێنەوەو ژیان و گوزەرانێکی سەربەرزانە بەسەربەرن.

شەهیدە قارەمانەکانی کوردایەتی هەقی خۆیان بوو خەونیان بەو کوردستانە ئاوەدانەوە دەبینی کەلەسایەیدا کەسوکارو ژن و منداڵی لێ لەجێماویان سەربەرزو خۆشگوزەران بن. کەسوکاری شەهیدانیش هەقی خۆیانە لەکوردستانی ئازادو لەسایەی دەستکەوتەکانی خەباتدا کەشەهیدەکانیان رەنج و فیداکاری زۆریان بۆ داوەو خوێنیان بۆ بەختکردووە، ژیانێکی سەربەرزوو خۆشگوزەرانیان بۆ دابینبکرێت و لەوە زیاتریان بۆ بکرێت کەکراوە. چونکە بەوە رۆحی پاکی شەهیدان ئاسوودە دەبێت و کاروانی خەباتی رزگاری و دیموکراتی گەلەکەشمان کەهێشتا تەواوی خواستەکانی و تەواوی ئەرکەکانی قۆناغی رزگاری بەدی نەهاتووە، هەرگیز بێ رێبوارانی تێکۆشەرو گیانباز نابێت.

لەبەرئەو ئیعتبارو هۆکارانەی سەرەوە جێگای خۆیەتی کەئەرکی خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان باشتر جێبەجێ بکەین و ئەوەی لەم بوارەدا کراوە لەپەرشوبڵاوی دەربازی بکەین و بەپێی بەرنامەیەکی رێکوپێک چاوی پێدا بخشێنێتەوە ئەو دەزگایەی بۆ شەهیدان پێکهێنراوە بودجەی پێویستی بۆ دابینبکەین و وای لێ بکەین کەنەک هەر موچە، بەڵکو زەویوزارو خانوبەرەش بۆ ماڵە شەهیدەکان، هەموو ماڵە شەهیدەکان، دابین بکات و هاوکاری و پشتیوانی کوڕو منداڵەکانیشیان بێت لەوەرگیران لەخوێندنگاو پەیمانگەو زانکۆدا. پێویستە یارمەتی ئەو دەزگا تازەیە پێش هەموو دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

*ئەرکی ئەخلاقی و وەفاداری بۆ شەهیدان و سیاسەتی داهاتووی چاوخشاندنەوە بەخۆمان و دامودەزگا حزبی و حکومی و پێشمەرگایەتییەکاندا وا دەخوازێ کەچاکتر بەپیر داخوازی گرفت و کێشەکانی کەسوکاری شەهیدانەوە بچین و لەجیاتی دابەشکردنی زەویوزار بەپێی مەحسوبیەت و خزم خزمێنە ئەو نموونە جوانانە برەو پێ بدەین کە لەدابەشکردنی زەویوزاردا لەپێشەوە شەهیدان و پێشمەرگەی پەککەوتەو نەدارو کەسوکاری شەهیدو لێقەوماو رەچاو دەکات.

دەبا هەموومان دڵسۆزو وەفاداربین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردایەتی و لەکوردستانەکەی خۆماندا وێڕای بەرزراگرتنی یادو بیرەوەریان، کەسوکارو یادگارە شیرینە بەجێماوەکانیان وەک بیلبیلەی چاومان بپارێزین، خزمەتیان بکەین، بەشێکی ئەرکی سەرشانمان بەرامبەریان بەرێکوپێکی جێبەجێبکەین و لینەگەڕێن لەوڵاتی بەخوێنی شەهیدان ئازادکراودا ئەوانە لەدەستکەوتەکانی ئاوەدانی بێبەش و بێنەوابن.

*بەسێ ئەڵقە لە ژمارەکانی (1875، 1876، 1877) لە رۆژانی (6-7-6/8) ساڵی 1999 لە کوردستانی نوێ وەکو سەروتار بڵاوبوونەتەوە.

# بەشی دوازدەیەم

## کورد لەتورکیا، ڕەخنەو ستایش

# چیللەر، گەڕان بەدوای کشانەوەیەکی بەئیعتباردا![*]

*باشترین هەنگاو کە تیژکردنەوەی بیر و خۆماندوکردنی نەوێت ئەوەیە کە مرۆڤ کورت هێنانی خۆی بەئەستۆی خەڵکانی تر بسپێرێت، دروست ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە چیللەر هانم لەماوەی ڕابوردووی حوکمڕانی خۆیدا پەیڕەوی لێکردووە و پێشدەچێ تا نەیارانی گرەوی لێ دەبەنەوە لەسەری بەردەوام بێ! خۆی وڵاتەکە لەبنەڕەتدا نوقمی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابوورییە، بۆ ئەوەی قوڕەکە خەستتر بێت (هەر وەکو ڕۆژنامەیەکی ئەمریکایی ئاماژەی بۆ کردبوو) چیللەر بەبستیش لە ئارەزووی دامەزراوی سەربازی لای نەدا، هەناردنە دەرەوەی کێشەکان بۆ دەرەوەی سنوور و گەڕان بەدوای بیانوویەک کە قەیرانەکانی پێ پەردەپۆش بکرێت، نەریتێکی دێرینی سیاسەتە لە ڕۆژهەڵاتدا. لە نموونەی تورکیاشدا "ڕاوانی گەریلاکان" جوانترین ئەو هەنگاوانەیە کە سەر سەلامەتییان بۆ چیللەر دابیندەکرد، بەڵام خۆ مەرجیش نییە باشترین ڕێگا بۆ ڕازیکردنی دڵی ژەنەڕاڵەکان، باشترین دەستکەوتی سیاسیشی بەدواوە بێ!

*سروشتی سوپا وایە کە هەنگاوەکانی قاچی وەپێش چوونە پێشەوەی سەری کەوتوون. هەر بۆیەش بەرایی هاتنە ژوورەوەی سوپای تورکیا هاوشانی هەڵکشانی کێرڤی هەڵمەتە سەربازییەکە بوو. پێویستیش بەبیلۆگرافیای وێستگە جیاجیاکانی هەڵوێستی بەرپرسانی حکومەت و سوپا ناکات تاوەکو بە وردی سەرنجی داکشانی حەماسەتی ئەنقەرە بدەین. ئەوەندە هەیە کە لەنێوان ئاخاوتنی دیمیریل لەسەر ئەوەی کە (پتر لە ساڵێک دەمێنینەوە) و ئاماژە بۆ کردنی سەرچاوە نزیکەکانی چیللەر بەوەی کە (دەخوازین ئەو هاوسەنگییە بگێڕینەوە کە تاڵەبانی لاسەنگی کردبوو)، قسە لەسەر لێدوانە ناکۆکەکانی ئەنقەرە دەکرا کە هەندێکیان بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و هەندێکیشیان لە بێ سەروبەری خودی پرۆسە سەربازییەکە و هەوڵە دیپلۆماسییە هاوشانەکانی سەرچاوەی گرتبوو. لەو دەمانەشدا و لە گەرمەی گومانی میدیای جیهانی لەوەی کە کردەوەکە هیچ ئامانجێکی پێکابێ، سەرچاوەیەکی سەربازی وتی: "قۆناغی یەکەمی پرۆسەکە کۆتاییهات و ئیش بۆ قۆناغی داهاتوو دەکرێ!". لێدوانی ئەو سەرچاوە سەربازییە سەرەتای یەک بەیەک هاتنە خوارەوەی هەڵوێستەکانی ئەنقەرە بوون:

نووسینگەی تەنسیق کە باسی لێوە دەکەین بۆ پێکەوەنانی هێزێکی هاوبەشی تورکیا و هاوپەیمانانە تاوەکو بەپشتێنەیەکی ئەمنی ناوچەکە "بپارێزێ".

دەمانەوێ هێزێکی نێودەوڵەتی لە باکووری عیراق جێگیربێ تاوەکو هێزێکی بچووکی ئێمەش لەچوارچێوەیدا بمێنێتەوە.

-دەخوازین لەگەڵ ڕێبەرە کوردەکانی باکووری عیراق ڕێککەوتنی ساڵی 1992 ببوژێنینەوە و هێزەکانمان هاوشانی ئەوان ناوچەی تەناهی بپارێزن، بەڵام لەئاستی عەمەلیشدا (وێڕای کشانەوەی بڕێکی کەمی هێزە سەربازییەکە)، ئەمەی دواییش هیچی لێ نەکەوتەوە.

*ئێستا لە ژێر چەندین گوشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا ئەنقەرە کار بۆ ڕاستکردنەوەی هەنگاوە بێ سەروبەرەکانی سوپا دەکات، لەلایەک ئومێدێک بە هەوڵە دیپلۆماسییەکەی ئینونۆ دەکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە چیللەر چاوەڕێی ئەوە دەکات، هاتنی وەفدە ئەمریکاییەکە و سەردانەکەی خۆی بۆ ئەمریکا، جگە لەوەی بەدگومانییەکانی کلنتۆن بڕەوێنێتەوە، هەروەها تەرحێکی وای لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێ کە کشانەوەیەکی ئەدەبیانەی سوپای بەدواوەبێ و تنۆکی ئارەقەی ئەنقەرەش بپارێزێ. لەم نێوانەشدا تا ساغبوونەوەی پێشنیاری واشنتۆن بۆ چۆنیەتی کشانەوەکە، پێدەچێ ئەوەی ئەنقەرە بۆ دۆخی دوای کشانەوە بەدەستی هێنابێ هەر ئەو تەنسیقەی نێوان خۆی و نەیارەکانی یەکێتی بێ، بەڵام ئایا ڕێککەوتن لەگەڵ هێزێکی وا کە هەمیشە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئیقلیمییەکاندا ساز و ئامادەیە پێویستی بەو هەموو لەشکرکێشییە دەکرد؟

*گۆشەی بەتنیشت سیاسەتەوە، کوردستانی نوێ – ساڵی 1995

# چیللەر، گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا!*

نازم حیکمەت لە شیعرێکیدا خۆزگە دەخوازێ کە بۆ یەک ڕۆژ جڵەوی دنیا بدرێتە دەستی منداڵان و ئەوان فەرمانڕەوایی بکەن. ئاخۆ لە خۆزگەیەکی وادا کە منداڵان ستێری ئاسمان و ئاو و سەوزایی زەمینیان بەدەست بێت چ ئاشتی و خۆشییەک بڵاودەبێتەوە؟! هەمزاتۆفیش لە شیعرێکی تردا خووی ژنێکی چیایی دەگێڕێتەوە کە چۆن لەنێوان شەڕی دوو دەستە جوامێردا سەرپۆشی نارەزایی فڕێدەدا و ئیدی... ئەسپەکان لە حیلە دەکەون و خەنجەرەکانیش دەچنەوە کالانی خۆیان. وەختێکیش لە زەمەنی تەنگژەی ئابووری قووڵ و گرفتی سیاسیدا چیللەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لە تورکیا گرتە دەست. خەیاڵی شاعیرانەی گەلێ کەس وتی: تەواو ئیتر زەمەنی ژەنەڕاڵەکان بەسەرچوو و حوکمی مەدەنی لە جوانترین شێوەیدا درەوشایەوە. هەرواش ژنانی تورکیا ستایشی سونبولێکیان کرد کە لە وڵاتەکەیاندا دەرکەوت و زیاتر لەوەش ژنانی کورد ئۆخژەنی خۆشی و چاوی ئومێدیان بڕییە هەنگاوە سیاسییەکانی چیللەر. ئەوانەی یەکەم ئەو سونبوڵەیان بە بەرەکەتی ژانی ڕێڕەوی ژنانی تورکیا خوێندەوە لەدوای قۆناغی (ژنانی حەرەمسەرای عوسمانی) و هەڵکەوتنی (خالیدە زیا)ی ئەدیب و ڕوناکبیرەوە و ئەوانەی دووەمیشیان ئۆخژەنی برانەوەی شەڕیان هەڵدەکێشا لەسەر دەستی ئەو خانمەی کە هاووڵاتییەکی کوردی دیاربەکر بۆی نووسیبوو؛ 'دەخوازم ببیە دایکی کورد و تورکی ئەم وڵاتە'! بەڵام ئەفسووس شکستی تا ئێستای چیللەر وای لێکەوتەوە کە سەبری ژنانی تورکیا بێ سەمەر بێ و ئەو هاووڵاتییەی دیاربەکریش (باوەژنێکی) بەنسیب بێ.

*لە ڕاستیدا بۆ چاودێرێکی ڕاگوزەر ڕەنگە تەماشاکردنی سیاسەتمەدارێکی نەشمیل دڵڕفێنتر بێ لە دیتنی سیاسەتمەدارێکی وەکو بڵند ئەجەوێدی دۆستی (سەدام)، بەتایبەتی کە هەردووکیان هیچیان بۆ کورد نەکردبێ، بەڵام تەنگژەیەک کە حکومەتی ئیئتیلافی پێش هەڵبژاردن و حکومەتی پێک نەهاتووی دوای هەڵبژاردنیش تووشی هاتوون نیشانیدا کە تەسریحەی ڕێکوپێک و ئەدگاری جوان مەرج نین بۆ ئەوەی ژنێک بتوانێ بەجوانی گرفتە سیاسییەکانی وڵات چارەسەربکات. هەروەها ئەوە کە ئەو ئەکادیمیستێکی بواری ئابوورییە دادی نەدا لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری. ئەو ئومێدەش دروست دەرنەچوو کە چیللەریان بەخاڵی وەرچەرخان لە زەمەنی ژەنەڕاڵەکان دەزانی، چونکە سەرەک وەزیران لەماوەی حوکمڕانی خۆیدا لەباری سیاسییەوە ڕێگا ئاسانە تورکیاییەکەی سیاسەتی گرتەبەر

که ئەویش خۆی لەسەر لەقاندن بۆ دەسەڵاتی سەربازی دەنواند. هەڵبەتە ئەم ڕێگا ئاسانە هەمیشەی سەرئێشەی کەمتری بەدواوە بووە و مرۆڤ دەتوانێ لەماوەی حوکمڕانی کابینەکەی خۆیدا لە خۆشییەکانی بەهرەمەندبێ، بەڵام سەرەنجام لە ئەزمونەکەی چیللەردا کێشەکانی بەهەڵواسراوی هێشتەوە و بۆ دەرفەتێکی دیکەی تەقینەوە هەڵیگرتوون. وەختێکیش ئەو سیاسەتە شکستی خوارد ئەوا خانمی تورکیا وێڵی گەڕان بوو بەدوای بیانوویەک کە ئیعتیبار بۆ ڕێگا ئاسانەکە بهێڵێتەوە و ئەو بیانووەش هەڵمەتە سەربازییەکانی ساڵی پار بوو بۆ قەلاچۆکردنی (تیرۆریزم!)ێک کە لێنەگەڕا بەرنامەکەی سەرەک وەزیران سەربگرێ! لەدوا ئاکامیشدا لەبریتی فڕێدانی سەرپۆشێک کە ئاشتی و ئاوەدانی بەدواوە بێ و (وڵات بکاتە شامی شەریف). چیللەر.. لەو ماوەیەدا:

-تەنگژەی ئابووری پێ چارەسەر نەکراو ڕێژەی هەڵاوسانیش لەجاران زیاتربوو.

-ڕەوشی مافی مرۆڤی چاک نەکرد و کێشەی کوردی بەڕێگەچارە کلاسیکییەکە وەڵامدایەوە و لەبریتی پەیڕەویکردنی کولتووری ئۆزالیش، کوردی عیراقی لەخۆی زویرکرد.

-حکومەتی ئیئتیلافی پی ڕانەگیرا و هەڵبژاردنەکانی شارەوانیش بەدڵی ئەو تەواو نەبوو. تاقە دەستکەوتێکی سیاسی کە وەچنگی هێنابێ ڕێککەوتنی گومرگییە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا کە مەسعود یەڵماز لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا نەک بەدەستکەوتی چیللەر، بەڵکو بە کۆششی (20) ساڵی حکومەتەکانی تورکیای خوێندەوە.

ئێستا لەپاش شکستی دووەمی هەڵبژاردن -کە هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان بوو- چیللەر هانم لەنێوان بەرداشی ڕەفاه و یەڵمازدا گیری خواردووە و پتر لەوەی ژنێکی قەشەنگ و دڵڕفێن چاوەڕوان دەکرا پێ لەسەر مانەوەی فەرمانڕەوایی خۆی دادەگرێ و لەم پێناوەشدا جارێک وەکو هاتنەپێشەوەی ئیجابی پەرلەمان بەحزبی (نیشتمانی دایک) دەبەخشێ و جاریکیش بەتوڕەبوونەوە یەڵماز سەرزەنشت دەکا کە گوایە ئیدی دەستپێشخەری تر نانوێنێ و هەرگیزیش دەرفەتی هەڵوەستەیەک نابینێتەوە کە داخوا سیاسەتێک پێشتر خۆی لە حکومەتێکی شێنەییدا تاقیکردبێتەوە چۆن لە حکومەتێکی (دوو ساڵ بۆ من و دوو ساڵ بۆ تۆ)دا چانسی سەرکەوتنی بۆ دەلوێ؟!

*گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە- کوردستانی نوێ – ساڵی 1995

# ڕێگا چارەی ئۆزالیانە*

کێشەی کورد لە کوردستانی عیراق و لە کوردستانی تورکیا بە دوو تەوەرەی جیاواز بەرەو پێشەوە دەچێ. ئەوە بۆخۆی ئاستێکی پێشکەوتووتری ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ (کێشەی کورد، یەک کێشە و لەهەمان کاتیشدا چەندین کێشەیە).

لەسەرنجێکی گشتیدا نوێنەرایەتی کێشەی کورد لە کوردستانی عیراقدا گرەو لەسەر تەبا بوون لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی دەکا و لە کوردستانی تورکیاشدا گرەو لەسەر لەمپەر دروستکردن لەهەمبەر هەمان ئەو سیستمە دەکات، بەو مانایەی کە سیستمی نوێی جیهانی لەئاستی جیاجیای ئیقلیمیدا کار بۆ پیادەکردنی پرەنسیپەکانی خۆی دەکا و لەناوچەکەی ئێمەشدا تورکیا تۆخمێکی هەڵسوڕاوی سیاسەتی نوێی ئیقلیمییە و هەر دژایەتی کردنێکی ئەو وڵاتەش دژایەتی کردنێکی ناڕاستەوخۆی سیاسەتی ئیقلیمی سیستمی نوێی جیهانییە. جار جاریش هەڵشاخان لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە (ئەو دوو تەوەرە) ڕوو دەدات.

(1)

ئەگەر زێتر بچینە ناو وردەکارییەکانی بزاڤی کورد لە کوردستانی عیراقەوە دەزانین کە سیاسەتی تەبابوون و خۆگونجاندن لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانیدا پەرلەمان و حکومەتێکی ناوخۆیی لێ کەوتۆتەوە کە، ئەگەر شەڕی خۆبەخۆی کوردان نەبوایە، ئێستا بەلانی کەم وەکو ئەمری واقیع (دیفاکتۆ) لەنێوەندە جیاجیاکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و پێشبینی واوەتر چوونیشی لێدەکرا، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەگەر هەر دوولایەنی سەرەکی لە کوردستاندا (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەو دوو لایەنە بزانین کە کاری هەڵسوڕانی بزاڤی کوردستانی عیراقیان لە ئەسۆت گرتووە، ئەوا دەتوانین تێبینی ئەوەش بکەین کە سیاسەتی تەبابوون لەگەڵ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، تا سەروەختی قەومانی شەڕی ناوخۆی کوردستان لەمایسی 1994دا، بەهۆی پێکەوە کارکردنی سەرکردایەتی هەردوو لایەن، پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینێ.

(2)

بەپـێچەوانەی ئەوەش کێـشەی کـورد لە تورکیـا لەمپەرێکـی زۆری لەبەردەم هاوکێـشە نێودەوڵەتییەکەیانــدا خوڵقانــدووە بەوەی کە ئەزیەت و ئــازاری (تورکیــا)یەک دەدات کە دەخوازرێ ڕۆڵێکی کایگەرتر لە تەرجەمەی ئیقلیمی سیستمی نوێی جیهانیدا بگێڕێ.

لەڕاستیدا ئەوە ئەنقەرەیە کە لەبریتی ئەوەی بە چارەسـەرێکی سیاسیانە کێشەی کورد بکاتە پردی پەڕینەوە بۆ ئەوروپایی بوون، بە وەڵامـی عەسکەرتاری کردویەتـی بە کۆسپێکی هەرە سـەخت لەبەردەم ئەو خواسـتەدا. ڕۆژئـاوا ئەگەرچـی ئەو هەقەی بە تورکیـا داوە کە دژایەتی (تیرۆریزم) بکا و سنووری وڵاتی خـۆی لە هەر هەڕەشـەیەکی گەریلاکان بپـارێزێ، بەڵام هەمیشەش سەرزەنشتی تورکیای کـردووە کە پـارتی کرێکارانی کوردستان ئاکامێکی سروشتی تائێستا چارەسەرنەکردنی سیاسیانەی کێشەی کوردە. ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا، هـانی ئەنـقەرە دەدەن کە تۆمـاری خـۆی لەبـواری مـافی مـرۆڤ چاکبکـاتەوە و کەشـێکی دیموکراســی لە وڵاتــدا بخــوڵقێنێ. ئەوەشــی بێــتە ســەر کە ڕۆژئــاوا جــگە لە بــنکەی (ئەنجەرلیـک)ی عەسکەری، پێـی باشـە کە ئەنقەرە هاوکـاری کوردەکـانی عێـراق بکـات کە دڵسۆزانە دەیانەوێ لەگەڵ هەلومەرجە نێودەوڵەتییە تازەکەدا بگونجێن و هەروەهـا پاراسـتنی ئەو کوردانەش بە ئەرکێکی هاوبەشی هاوپەیمانان و تورکیا دەزانێ.

هاوکاتیش لەگەڵ هەر تەئکیدکردنەوەیەک بۆ چارەسـەری سیاسیانەی کێشەی کوردی تورکیا، تەئکید لەسەر پاراستی کوردی عیراقیش کراوەتەوە.

لەسەردانی ئەم دواییەی وەفدەکەی تالبۆت، جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوەی ئەمریکـا، دیـسانەوە تەئکیـد لەسـەر هەردوو مەسـەلەکە کـرایەوە. ئەگەر دەستەواژەیەکی دیکەش بـۆ ئەم پەیـامە جـووت جەمـسەرییەی ئەمریکـا (پاراسـتنی کوردەکـانی عیـراق و چارەسـەری سیاسیانەی کێشەی کوردی تورکیا) بدۆزینەوە، ئەوا دەشێ بڵێن کە (ڕێگەچارەی ئۆزالییـانە) لەئاینـدەدا ئەوەی بەدواوە دەبـێ کە هاریکـارییەکی ئیجابیـانەتر و پەیوەنـدییەکی هاوسـەنگی نێـوان ئەنـقەرە و هەرێمـی کوردسـتان لە لایەک و (غەزە- ئەریحـا)یەکـی شـێوە تورکیـایی لەلایەکـی تـرەوە، بێـتە بـوون، بەڵام چـۆنە کە ئێستا زەمیـنەی زینـدووکردنەوەی پەیـڕەوی تورکۆت ئۆزال برەوی پەیداکردەوە و کێن دەخوازن دوای ئەوە پرۆژەیـە بکـەون کە مەرگی ئۆزال نەیهێشت بە تەواوەتی بخەملێنێ، چ جای ئەوەی لە پکراکتیکدا بچەسپێ؟

(3)

لەماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا، چیللەر هەوڵیدا کە بەپێی ئامۆژگارییەکانی سوپا ڕەفتار بکا و لە بەهاری ئەمساڵدا گەریلاکان تەفروتونا بکات. هاوکات لەگەڵ ڕیتمی زاڵی ئاخاوتنی

عەسـکەرتاری لەلێـدوانەکانی حکومەتـدا جاربەجارێـک گیـانی دەستپێـشخەرانەی ئـۆزال و پێویـستی چارەسـەری سیاسـیانەی کێـشەکان نـووزەی دەهـات، بەڵام ئەو نـووزەیە بەوە کپکرایەوە کە تەنانەت نوێنەرە شەرعییەکانی کورد لە پەرلەماندا دادگایی کران و ئەمـەش خاڵێکی سەلبی دژ بە بەرژەوەندییەکانی تورکیای تۆمار کرد.

سـەرەنجام تێکچـوونی تەرازووی هێـز لەشـەڕی نـاوخۆی کوردسـتانی عراقـدا و گوشـارە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان پاڵیـان بەچـیللەرەوە نـا کە بە بیـانوی ڕاونـانی گەریلاکـانەوە سوپاکەی بنێرێتە کوردستانی عیراق.

لەوەختێکدا کە چیللەر بەڕێگەی پێچەوانەی خواستی ناوەنـدە دیموکراتییەکانی تورکیا و دۆستە پەرۆشـەکانی هەڵسوکەوتی کـرد، خـودی کـردەوە سـەربازییەکە وا هـاتە بەرچـاو کە دەرفەتێک بۆ حکومەتەکەی چیللەر دروستدەکات. هەشبوون کە دەیانگوت سوپای تورکیا پـێش ئامادەسـازییەکی تەواو بـۆ سـنووربەزاندنەکە، هانـدرا، بەڵام ڕێگەچـارەی سـەربازی جارێکی دیکەش کێماسی خـۆی سەلماندەوە و داشی نەیارانی چیللەری سوار کرد.

شکستی سـوپای تورکیـا و ئەو سەرزەنـشتە زۆرەی تووشـی هـات کۆمەڵێـک ڕاسـتی بـۆ چیللەر ئاشکراکرد.

* ڕێگـا چـارەی سـەربازی بەدڵـی دامەزراوەی سـوپایە و هەڵـشاخانی نێـوان (چـیللەر — عەسـکەری)ی بەدواوە نـابێ، بەڵام هەڵـبەتە چارەسـەرێکی سیاسـی واشـی پـێ نیـیە کە حکومەتی ئیئتیلافی لە لەرزین بپارێزێ.

* ئەنقەرە بێ هاوکاری کوردەکانی عیراق ناتوانێ سنووری نێودەوڵەتی خۆی بپارێزێ.

* ئەو هاوکـارییە تەندروسـت و پـڕ عـافیەت نـابێ ئەگەر هاوسـەنگ نەبـێ و ئەو هاوسەنگییەش بەوە دەبێ کە ئەنقەرە حیساب بۆ هێزە ڕاستەقینەکانی گۆڕەپانی کوردستانی عیراق بکات. ڕاستە کە هێزێک... بۆ ناوەندە ئەقلیمییەکان خۆش مەشرەبترە و زووتر دەچێتە دڵەوە، بەڵام خۆ هەمیشە مامەڵەی سیاسی دروست ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ هێزی واقیعی بەرامبەری بئاخفێ کە ئەو هێزەش، بە نیسبەت بەرژەوەندی تورکیا لە کوردستانی عیراقدا یەکێتییە.

خـاڵی وێـک گەیـشتن لەنێـوان ئەنـقەرە-یەکێتـی هەیە و مەرجـیش نیـیە هەمـوو خواسـتەکانیان چـوونیەک بـێ. لەم بـارەیەوە ئەو ئامـاژە بـۆکردنەی حـیکمەت چەتـین-ی جێگـری سـەرۆک وەزیـران و هەڵگـری دروشـمی (چارەسـەرێک بەپێـی پێوەرەکانی ئـۆزال)، دروسـت لەجـێگەی خـۆیەتی کەیەکێتـی (قـورچی نیـیە و هەقە چـیللەر بیـر لە دۆسـتایەتی تاڵەبـانی بکـاتەوە) ئاکامێکیش کە بەم زووانە چـیللەر دەرکی پێدەکات ئەوەیە کەیاریکردن بەکارتی ... دژ بەیەکێتی ئەگەر بۆماوەیەکیش یەکێتی تەنگەتاو بکات، بەڵام سەرەنجام هیچ دەستکەوتێکیش بۆ ئەنقەرە دابین ناکات. لە بنەڕەتدا ئەنقەرە دەتـوانێ پەیـڕەوی لەسیاسـەتی ئێستای تاران بکات کە واقیع بینانە تەرازووی هێزی لە کوردستاندا ڕەچاو کردووە.

(4)

حەقیقەتی کوردیی لەڕوانگەی ئۆزالەوە بەوە کاملتر دەبێت کە ئیش بۆ چارەسەرێکی سیاسیانەی کێشەی کوردی تورکیا بکرێت. چانسی پەیڕەوانی سیاسەتی شێنەیی چارەسەرکردنی کێشەکە لەوەدایە کە شکستی سوپای تورکیا لەسنوور بەزاندنەکەی خۆیدا زووتر ئەو قەناعەتە گەڵاڵە دەکا کە موزاعەفاتی چارەسەری عەسکەری زۆرترە لەو شتانەی ئەنقەرە بەچارەسەرکردنی کێشەکە لەدەستی دەدات، بەهەرحاڵ چیللەر ئەگەر چانسی مانەوەشی لەسەر کورسی حوکم هەبێ، ناتوانێ ئەو دەرکەوتنە تازانە فەرامۆش بکات و لەو ڕووەشەوە بەناچاری لەکاتی سەردانی وەفدەکەی ئەمریکا بەڵێنی دەسکاری کردنێکی هاوچەرخانەی دەستووری تورکیایدا بە جۆرێک کە هاوسەنگی نێوان ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئەمنی قەومی تورکیا لەبەرچاو بگرێ.

ئەگەر وردتر بڕوانینە هاوکێشەی ناوخۆیی تورکیا، دەشێ بەمشێوەیە پێشبینی زەمینەی دانوستاندنێکی کورد- ئەنقەرە بکرێت کە ماوەیەکە دەنگۆی ئەو جۆرە دانوستاندنە بەرزتر دەبێتەوە، ئەگەرچی مەرج نییە کە ئەم دانوستاندنەی (کورد- ئەنقەرە) فۆتۆکۆپییەکی دیکی دانیشتەکانی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان بێ و مەرجیش نییە کە (غەزە — ئەریحا) کەی کوردی تورکیا لەوەی فەلەستینیەکان بچێ، بەڵام هەڵبەتە دانوستاندنی نێوان لایەنە تاسەر ئێسقان ناکۆکەکان دەرەنجامێکی چاکی سیاسەتی سەردەمە و تائێستاش، وێڕای کەم و کورتییەکانی، مۆدێلی (غەزە- ئەریحا) باشترین دەسکەوتەکانی پێکەوە دانیشتنی دوو لایەنی ناکۆکە، پێدەچێ ئەگەر ئەنقەرە جورئەت بکا و بیەوێ لەگەڵ کوردەکانی خۆشی قسە بکات ئەوا:

*سەرەتا لەگەڵ هەندێک لە کەسایەتی و ناوەندە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ناو تورکیا، چ کورد و چ تورک، زەمینەی حیوار لەسەر "ڕاستییە کوردییەکە" دەرخسێ.

* ئینجا دەکرێ ئەنقەرە ڕای گشتی لەناوخۆی تورکیا بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادە و سازبکا و کەشی گفتوگۆیەک لەگەڵ کوردەکانی ناو تورکیا و هەندێک ڕیفۆرمی سیاسی، بەهاندانی دۆستانی لەڕۆژئاوا، ئەنجام بدات. پاشانیش لەگەڵ ئەو دەستە و گروپە کوردییانە دابنیشێ کە لەکەشی دیموکراتی و ڕیفۆرمە سیاسییەکان لەدایک دەبن یان سەرلەنوێ دەبوژێنەوە (کوردەکان پەکیان ناکەوێ و دەتوانن DEPێکی تر دروست بکەن!)، سەرەنجام لەم ماوەیەدا لەوانەیە گفتوگۆکان تەگەرەی تێبکەوێ، بەڵام سایکۆلۆجیەتی ئەنقەرە لەگەڵ ئاخاوتن ڕادێ و لاکردنەوە لە (PKK)یەک، کەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەویش گۆڕانێک لەخۆیدا ئەنجام بدات، دەبێتە شتێکی ئاسایی. ڕاستە بۆ حکومەتی ئەنقەرە (PKK) شتێکی بڤەیە، بەڵام باشترین دەرمانیش بۆ هەر مەترسییەک ڕووبەڕووبوونەوەیەتی، بەڵام

ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی بەکـاوەخۆ، لەو مـاوەیەدا ئەنـقەرە دەتـوانێ دەسـت لە تونـدوتیژی دەوڵەت هەڵبگرێ. هەروەکو چۆن "ڕاف" بەندی فرێدانی جوولەکەی بۆ نێو دەریا فڕێدا، ئەوەهـا (PKK) ش واز لە بیـرۆکەی دەوڵەتـی کـوردی بێنـێ و هەردوولا، وێـڕای هەمـوو کۆسـپەکانیش، پـێش ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕاسـتەوخۆ، هـانی هەوڵە ئاشـتیخوازەکانی کەنـاڵی دیکەی پەیوەنـدی بـدەن. ئەنقەرە ئەگەر مۆدێلی دانیـشتنە نهێنییەکانی ئۆسلۆش پەسەند نەکـات دەتـوانێ ڕوایـژ بە بەریتانییەکـان بکـات تـاوەکو بزانـێ ئەوان چـۆن لەگەڵ "ترۆریستەکانی" خۆیان دادەنیشتن؟! لەم میانەشدا ئەوەندی لەمڕۆدا مامەڵە کردنی ئۆزالیانە لەگەڵ کوردەکـانی عیراقـدا دەسکەوتی باشـی بـۆ هەردوولا دەبـێ و زەمیـنەی چارەسـەری سیاسیانەی کێشەی کوردی تورکیای بەدواوە دەبێ، هەرواش بەدانوستاندنی ئەنقەرە لەگەڵ کـوردی وڵاتەکەی خـۆی و لە ئایندەشـدا دەوڵەمەنـدبوونی کولتـووری ئـۆزال، لەبـارەی هاونیـشتمانی بـوونی تـورک و کـورد لەیەک وڵاتـدا، ئەوەنـدەی تـر ئەزمـوونی دیمـوکراتی کوردسـتانی عیـراق تـۆکمە دەبێـت وئیمکـانی گەشـەکردنێکی زۆرتـری بـۆ فەراهەم دەبێـت، نەک تەنها لەبەرئەوەی هەر پێشکەوتنێک بۆ کورد بەدی بێت دەسکەوتێکی چاکە لەڕێگای خواسـتە نەتەوەییەکانـدا، بەڵکـو لەبەرئەوەش کە ئەو وەخـتە ئەنـقەرە پێویـستی بەهێزێکـی ناوخۆیی نابێت تاوەکو دۆخی کوردستانی عیراقی بۆ بشڵەژێنێ لەکاتێکدا ئەو خـۆی باوەشـی بۆ کوردەکانی لەمەڕ خۆی کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی تائێستا لەم بارەیەوە کراوە هەر سازدانی کەشـێکە کە ئەنـقەرەی پـێ هـان بـدرێ تـاوەکو ڕێگـایەکی دیـکە بگـرێتە بەر و تێکـڕای مەسەلەکەش لەسەر ئیرادە و گیانی دەستپێشخەری تانسۆ چیللەر ڕاوەستاوە!

*کوردستانی نوێ – 1995/4/19

# بەڕاشکاوی لەگەڵ (PKK) دا*

* لەژمـارەی (1411)ی ڕۆژی 1997/5/12ی کوردسـتانی نوێـدا بەڕێـز شـازاد ئەنـوەر چەنـد سـەرەقەڵەمێکی بـۆ بەهێمنـانە دوانـدنی (PKK) بڵاوکـردۆتەوە. ئەز بـۆ پـشتگیری ئەو سـەبارەت بە حیـوارکردن لەگەڵ (PKK) دا لێـرە و لەچەنـد دەرفەتێکـی تـردا هێمنـانە و ڕاشـکاوانە بۆچـوون و سیاسـەتەکانی ئەو حـزبە هەڵدەسـەنگێنم، لەو پێـوەدانگەوەی کە پیـادەکردنی کـاری ڕەخنەیـی دەرهەق بە بزاڤـی ڕزگاریخوازیمـان لەهەر پـارچەیەکی کوردسـتان بەجیـا و پەیوەنـدی پـێکەوە گونجـان و... پێکـادانی سیاسـەتەکانی هێـز وحـزبە سیاسـییەکانی ئەو پارچـانە لەنێـو خـۆ و لەواری پراکتیکـدا، ڕێگـا بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ئەو سیاسەتانەو لێک گەیشتنێکی ئیجابیانە تر تەخەت دەکا. دیارە لەڕەوشی جـوگرافی نالەباری کوردستان و ئاڵۆزی دۆزی کورددا "کچی مەلاش بێ عەیب نابێ!".

* "کێشەی کورد یەک کێشە و لەهەمان کاتیشدا چەند کێشەیەکە".. ئەز لە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دێرینەی بزووتنەوەی کوردایەتیم بەو پێیەی کێشەی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بێت بۆیەک ئامانجی نەتەوەیی تێدەکۆشێ و لەهەمانکاتیشدا لەهەر پارچەیەکدا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە پەیوەندە بە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری و بزاڤی کـوردایەتی لەهەریەک لەو وڵاتـانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە و هەروا هێـز و لاوازی ناوەندی وڵاتی کوردستان پێوە لێکنراوە..

ئەم بۆچـوونەش بەو مانـایە نیـیە کە ئیـدی ڕێـز لەسـتراتیژی حـزبە ئامـانج سەرتاسەرییەکانی وەکو (PKK) نەگرین، بەڵکو بەو مانایەدێ کە مادامەکی ئەو ئاڵۆزکاوییە لە مەسـەلەکەدا هەیە و کـورد بـۆی نـالوێ کێـشەکەی سەرتاسـەری بنـوێنێ، ئەوا پێویستە حزبەکانی کوردستان پەیمانێکی جەنتڵمانی لەنێوان خۆیاندا دەستەبەر بکەن بەو جۆرەی ئەگەر لەبەر دۆخـی ئیقلیمـی نەشتوانن هاوکارێکی ئیجابی یەکتری بن هیچ نەبێ لەمپەر بـۆیەکتری دروسـت نەکەن و "اضـعف الایمـان"ی هەڤبەنـدی نەتەوەیـی پەیـڕەوبکەن کە ئەفسوس تائێستا لە کوردایەتیدا لەنێوان کەوتنە ژێر گوشاری دوژمنانی کورد بۆ لێدانی بـزووتنەوەی کـورد لەپـارچەیەکی تـر لەلایەک و تونـدڕۆیی لەتێـزە نەتەوەییەکـانی دوور لەپراکتیک لەلایەکی ترەوە، ئەو "اضعف الایمان"ە فەرامۆش کراوە و (PKK) ش نەک هەر بە بانگێـشە زۆر و زەوەنـدەکانی چارەسـەری بـۆ نەدۆزیـوەتەوە، بەڵکـو بـۆ خۆشـی بـووە بەفـاکتەرێکی شـەمزانـدن و بە ئەنـدازەی چەپـگەری تێـزە نەتەوەییـیە سەرتاسـەرییەکانی

ئاڵۆزی بۆ کێشەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستاندا دروست کردووە. لەڕاستیدا ئەوە خۆ خەڵەتاندنە کە ئێمە بەبیانووی ئەوەی کوردستان هەر کوردستانە ڕەوشە تایبەتییەکە ڕەچاونەکەین و لەژێر خیتابێکی نەتەوەیی سەرتاسەریدا بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی خۆمان بشارینەوە.

* لەم گۆشەیەدا من تەنها لەوە دەپرسم ئایا (PKK) توانیویەتی ئەو 'اضعف الایمان'ە ڕەچاوبکات کاتێک هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرکەوتەکانی بزاڤی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا دەکات؟ سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان دەڵێ نەخێر، بە پێچەوانەوە ئەوەتا لەگەرمەی خیتابێکی نەتەوەیی سەرتاسەریدا (PKK) دەڵێ کوردی سوریا میوانی سوریان لەکاتێکدا دیمەشقیش بەڕەسمی ئەو لێدوانەی نەداوە. هەروەها لەگەرمەی داگیرکردنەوەی پایتەختی ئەزموونێکی نەتەوەیی کورددا بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان' حیواری 'کوردی – بەعسی) مان وەبیردێنێتەوە، وەک بڵێی بزاڤی کورد لەکوردستانی عیراقدا ئەو حیوارەی تاقی نەکردبێتەوە. ئایا ئەمە کوردستانی بوونی سەرتاسەرییە، یان کەوتنە ژێر گوشاری ڕووداوەکانە کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ دۆخی ئاڵۆزی دۆزی کورد هەر هێندە لەهێزە سیاسییەکانی بەشەکانی کوردستان دەخوازێ کە دژایەتی یەکتری نەکەن و زیان بەیەکتری نەگەیەنن. لەکاتێکدا ناتوانن دوو قسەی خێر بۆیەکتری بکەن و هەنگاوی هەماهەنگی فیعلی لەسەر ئاستی ستراتیژی نەتەوەییدا بنوێنن؟

*وابڕیاربوو ئەم وتارە لە ڕۆژی 1997/5/15دا، لە کوردستانی نوێ بڵاوبێتەوە، بەڵام دواتر بڵاوکردنەوەیەم دواخست. تاکاتی بەسەرچوو.

# بەڕاست، ئۆجەلان لەکێهان کوردستانە؟*

ڤلادیمێر ڕەحمانین وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەدەوروبەری مۆسکۆ بێت، گوتی: "ئۆجەلان خۆی ئاشکرای کردووە کە لە کوردستانەو دەبێ بەوردی تەماشای ئەم لێکدانەوە بکرێ".

باشە ئەگەر بەقسەی ڕەحمانین بکەین و بەوردی لەو قسەیە وردبینەوە دەبێ چ دەرس و دەرکەوتێک لەبزربوونی جێگەی ئۆجەلان بکەوێتەوە!؟

جارێ دەبێ سەرۆکی (PKK) لەکوێ بێت؟

لەکێهان "کوردستان"؟ لەکاتێکدا پتر لە کوردستانێک هەیە و پتر لەناوچەیەکی کوردنشین لەو وڵاتانە هەیە. کە پێشبینی دەکرێ ئۆجەلان لێی گیرسابێتەوە؟

داخۆ لەکوردستانی عێراق، لەوێشدا لە کوردستانی بن دەسەڵاتی کوردەکان یان کوردستانی بن دەسەڵاتی بەغدا بێت؟ داخۆ لە کوردستانی ئێران،یان تورکیا، یان سوریا، یان کوردستانۆکەکەی لای ئەرمینیا و ئازەربایجان کە کۆماری کوردستانی سوریان پێدەگوت و ستالین لەتوپەتی کرد؟ دەبێ لە کوردستانی سویدی کن کوردەکانی ئەوروپا، یان کوردستانی چین بێت کە ڕەحمەتی بەشیر موشیر پێی سەیربوو لەو چەندان و چەندین ملیۆنە خەڵکەی وڵاتی پڕ حەشاماتی چین چەند ملیۆنێک کوردی پەرتەوازەی وڵاتانی تێدا نەبێت؟

دەبێ لەکوێ بێت؟ ئەنقەرە دەپرسێ لەکوێیە و بەغدا حاشای لێدەکا و ڕوسیا دەڵێ نازانم و ئیتر پاشاگەردانییەکە نەبێتەوە. ئەو کوردسانە وادابەشکراوە کە هەموو توانا سیاسی و ئیستخباراتی و سەربازییەکانی تورکیا "هاوڵاتییەک"ی خۆی تێدا، پێ نادۆزرێتەوە! تومەز تورکیا کە لەگەڵ داگیرکەرانی تردا ڕۆڵی گەورەی لە لەتوپەتکردنی وڵاتی کورداندا هەبوو، بەو فرە کوردستانە، نە تەنها سەری لەئێمە، بەڵکو سەری لەخۆشی تێکداوە. عەڕابی ڕەتکردنەوەی هەموو مافێکی کوردان کوردستانی وا لەتوپەت و درزتێخستووە کەتێیدا شوێنی نەیارانی خۆشی بۆ دیاری نەکرێت!

لەوانەیە سبەی، دووسبەی، ئۆجلان بدۆزرێتەوە یان خۆی لە شوێنێکەوە، بڵێ (ئەوە من و وا ماوم)، بەڵام بۆچی دەوڵەتێک بەو هەموو سەنگ و ڕەنگ و دەنگەوە، بەو هەموو جبەخانە و جەبەرووتەوە ڕاوی بەحیساب"هاوڵاتییەک"ی خۆی بنێ و لەگەڵیدا بیگەیێنێتە ئاستی مریشکە ڕەشە بەمانای هەولێریەکەی و لەوەش زیاتر تەشەبوس بە وڵاتانی دراوسێی بکات

تا ئەو "یاخی بووە!" "تیرۆریستەی!!" تەسلیم بکەنەوە؟ بۆچی ئەنقەرە ئاورێک، بابەتوورەییش بێت، لەدواوە ناداتەوە تا لەو ڕەوشە بڕوانێ کە ئۆجەلان-یان دروستکردووە و هەمیشەش ئۆجەلانی تر بەرهەم دێننەوە، مەگەر خوا هەقی حزبەکەی بستێنێ و دوعای کوردان قبوڵ بکات؟ بۆچی بەتوورەیی ئاورێک لەدواوە ناداتەوە تابزانێ، شەڕێکی چواردە ساڵە، چل هەزار تورکی تێدا کوژرا و (130) ملیۆن دۆلاری لەباری نالەباری ئابووری تورکیا خوارد و هەزاران گوندی کوردانی ڕوخاند وسەدانی لێ کوشتن؟

ئەمە پرسیاری ئەنقەرە نییە، چونکە ڕاونانی "هاولاتییەکی هەڵگەڕاوە!" لەنێو چەندین کوردستانی جیاجیادا! ئاسانترە لەهەڵگێڕانەوەی قەناعەتەکەی تائێستا لەسەر کوری تورکیا و کوردستانی تورکیا لەناو دامەزراوەی حوکمڕاندا هەن.

ئەمە خەمی جەنەڕاڵەکانی ئەنقەرە نییە، چونکە حکومەتەکەی ژێر چەپۆکیان لەساڵی تازەدا چەندان ملیۆن دۆلاری بۆ بودجەی سەربازی بەزیادەوە دابینکردووە، قابیلە ئەو پارە زۆرە ڕاونانی ئۆجەلانی پێ دابین نەبێت، بەڵام خۆ گرفتەکە ئەو خەرجیە زۆرە نییە، گرفتەکە ئەوەیە ئۆجەلان لە کوێیە

لەکام کوردستانە؟ بەڕاست خوێنەری بەڕێز تۆ نازانی ئۆجەلان لەکوێیە؟ لەکێهان کوردستانە!؟

*لەڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ساڵی 1998دا بڵاوبۆتەوە.

# ئاخر بۆ دەیسڕێتەوە؟![*]

*مەسعودیەڵمازی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەو سەری هاتەوە کە وتی: "وڵاتەکەی ئامادەیە سوریا لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە ئەگەر لەسەر پشتگیریکردنی (PKK) بەردەوام بوو".یەڵماز دڵی بەوەش ئاوی نەخواردەوە کە ئامادەباشی وڵاتەکەی ڕابگەیەنێ، بەڵکو بەڵێنێکی شەخسیشی خستە سەر کاتێک ڕایگەیاند؛ "پابەندی ئەوە دەبێت، چاوی هەر کەسێک دەربێنێ کە چاوی لەخاکی تورکیا بێت". بەمجۆرە ئەگەر تورکیا نەشتوانێ گەلەکۆمەکی بکات، یەڵماز ئیلتیزامە شەخسییەکەی خۆی لەگەردن دەمێنێ. ئەوەی وڵاتەکەی لەلایەک و سوێندی سەرۆک وەزیران لەلایەکی ترەوە. باشە باشبەکان یەڵماز بۆچی سوریا لەسەر نەخشەی جیهان دەسڕێتەوە؟

*دەزانم وەڵامەکە ئەوەیە کە تەنگژەیەک لەنێوان دوو وڵاتدا هەیە و هەریەکە و دەیەوێ تا شەڕ، یان ئاشتبوونەوە، قسەی خۆی بکات، بەڵام مەبەست لە پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەنقەرە بەو لەهجە توندەوە لە هەفتەی دووەمی قەیرانەکە ئەو قسەیە بکات، ئەی هەفتەی داهاتوو چی دەڵێت؟

پێش ئەو پرسیارە با سەرنج لە زمانی هەڕەشەکەی یەڵماز بدەین کە زمانێکە بۆ ئەوڕۆی سیاسەت دەست نادات. دروستە کە بەشێکی گوشاری سیاسی لە ڕێگای نمایشی سیاسی و سەربازییەوە دەبێت، وەک ئەوەی وڵاتێک بێت لە هەڕەشەیەکی سەربازیدا مانۆڕێکی سەربازی ئەنجام بدات یان لە هەڕەشەیەکی سیاسیدا مانۆڕێکی سیاسی بەڕێوەبەرێ و لە ڕێی فرێدانی لێدوانێکەوە قسەیەکی هەڕەشە ئامێزبکات، بەڵێ مانۆڕی وشە و مانۆڕی گوللە هەر هەبوون و هەردەشبن، بەڵام کە مانۆڕی گوللە موختالکوژ نەبێ ئەی بۆ شەڕی ڕاستەقینە چ جۆرە تەقەیەک دەکرێت؟ ئەگەر مانۆڕی وشە هەڕەشەیەکی پێچەوانەی عورفی پەیوەندی نێودەوڵەتان بێت، ئەی چ بۆ بەیاننامە سەربازییەکانی سەردەمی شەڕی چاوەڕوانکراو دەمێنێتەوە؟

*تورکیا لەوسەری دێتەوە، لە دوایین لێدوان کە دەبێ بدرێت دەستپێدەکات. بەمەش جارێکی تر لە لەهجەی قسەکردنیشدا لەیانەی ڕۆژئاوایی بوون دووردەکەوێتەوە و لەودیو پەنجەرەوە گەف لە دراوسێکانی خۆی دەکا، ئەو نەتەنها چاویان لێ سووردەکاتەوە، بەڵکو چاویشیان دەردێنێ، ئاخر بەڵێنی زلهێزی ڕۆژهەڵاتی (ڕاستتر زلهێزی عوسمانلی) جیاوازە لە هی زلهێزی ڕۆژئاوایی. زلهێزی ڕۆژهەڵاتی چاوی نەیاران دەفلیقێنێتەوە و ئەوی ڕۆژئاوایش

(وەک قسەکانی خاتوو ئۆلبرایت لە کۆبوونەوەی ئاسیان لە چەند مانگی ڕابوردوودا) بە ئەدەبەوە قسەکانی دەبێژێ، لەوێدا ئۆلبرایت دوای ئەوەی وڵاتەکەی هەژموونی خۆی لەنێو خێزانی "ژاپۆنی، کۆری، ئەندەنووسی و چینی"ی ئاسیادا جێگیرکرد، بە ڕێزەوە لە ئەندامانی خێزانەکە دواو بە لوتفیشەوە ڕۆڵی وانی لە سەقامگیرکردنی سیاسییانەی ئاسیا و دونیا نرخاند. لێرەش ساین یەڵماز وڵاتان دەسرێتەوە و سوپاکەشی سنووران دەبەزێنێ.

*هەنووکە چاودێران دەبێ چاوەڕێی چ لێدوانێکی تر لەیەڵماز بکەن؟ داخۆ سبەی دەبێ هەڕەشەی چی تر لە سوریا بکات لەکاتێکدا دوێنێ هیچی تێدا نەهێشتەوە؟ باشە نەدەکرا بیگوتبا نیوەی سوریا لەسەر نەخشەی جیهان دەسڕمەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ نیوەکەی تر مفاوەزەی لەگەڵدا بکەن و مەرجەکانی قبوڵبکەن؟ نەدەکرا بڵێ نیوەی سوریا دەسووتێنم وەک ئەوەی "ڕۆژهەڵاتییەکی" تر وتبووی نیوەی ئیسرائیل دەسووتێنم؟یەڵماز وەڵامی نییە، چونکە ئەو ئیلتزامی کردووە کە چاوی تەماعکاران دەربێنێ و وڵاتەکەیان لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، ئێ دوای ئەوەی سڕییەوە چی لێ دەکەیت؟!

*بەڕاست ئەوە گرفتە کە وڵاتێکی سڕاوە لەسەر نەخشەی جیهان بۆ کوێ بەریت. بیخەیتە سەر ئەسکەندەرون؟ بە دیاری بیدەیتە وڵاتێکی عەرەبی تر؟یەڵماز وەڵامی نییە، چونکە بەشی لێدوانی ئەمڕۆی نەماوەتەوە. کێ دەڵێ وەڵامی نییە؟ لەوانەیە جارێکی تر سوریا دروستبکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بیسڕێتەوە!

ئەویش دەبێت و هەموو شتێک لە سیاسەتدا شیاوە: "هەموو بەهارێک (PKK) لەناو دەبەین و هەموو پاییزێک سوریا دەسڕینەوە، زستان تێکی دەدەینۆ و هاوین دروستی دەکەینۆ!".

*کوردستانی نوێ — ساڵی 1998 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

# ئورفەلیچێتی

ئەگەر کەسێک تەماشای ئەدەبیاتی PKKو نووسراوەکانیان بکات چ پێش گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانو چ دوای گرتنی. پێی وایە ئەوانە پرۆژەیەکی نەتەوەییان پێیە بۆ یەکگرتنەوەی هەرچوار پارچەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ یاخود دوای گرتنی ئۆجەلان بەرنامەیان ئەوەیە کەدیموکراسیی پەرەپێبدەن لەتورکیاو لەچوارچێوەی ئەو دیموکراسییەدا گوایە (کورد مەسەلەسی) چارەسەربکەن. بەڵام لەراستیدا مێژووی PKK و قۆناغە جیاجیاکانی ئەو حزبە پێیدا تێپەڕیوە ئەوەمان بۆ ساغ دەکەنەوە کەحزبەکەی ئۆجەلان هیچیتر نییە جگەلەوەی حزبێکە بۆ بنەماڵەی ئۆجەلان کەخۆی لەژێر چەتری مەسەلەی نەتەوەییو کوردستانییەتێکی تەزویردا شاردۆتەوە. سەرکردایەتی ئۆجەلان هەمیشە روانینی واقیعی بزووتنەوەی کوردایەتی لەپارچەکانیتر بە (هەرێمچێتی) ناوزەد دەکرد کەچی بۆ خۆشی لەهەیکەلی دەسەڵاتو لەواقیعی دەستڕۆیشتوویی لەناو حزبەکەی خۆیدا بەپێی هاوکێشەی (ئۆجەلان-بنەماڵەی ئۆجەلان-قەزای خالفاتی- شاری ئورفە) دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە.

ئەوەتا لەپاش گرتنەکەی هەموو دەسەڵاتێکی بەعوسمانی برای داوە کەحزبەکەی بۆ بەڕێوەببات. لەناو ئەو بەڕێوەبردنەشدا عوسمان بۆ ئەوەی باشتر ئامانجەکانی بنەماڵە بپێکێو هەڕەشەی هەر هەڵگەڕانەوەیەکی ناڕازییانی ناو PKK دووربخاتەوە، کەسانێکی لەدەوروبەری دەسەڵاتەکەی کۆکردۆتەوە کەتەنها یەک خەسڵەتیان هەیە ئەویش خزمایەتی و هاوشارییە لەگەڵ بنەماڵەی ئۆجەلاندا لەوانەش:

-حەمزە بیندال کەبەرپرسی دارایی گشتی PKK یە، خەڵکی قەزای خالفاتییە کەشارۆچکەکەی ئۆجەلانە.

-فورات، خوشکەزای ئۆجەلانەو خەڵکی هەمان شارۆچکەیە.

-عصمت کەبەرپرسێکی باشووریانە، کوڕی خوشکی ئۆجەلانە.

-فوراتی باوک (باوکی فوراتی خوشکەزای ئۆجەلانە)، ئەویش هەر بەرپرسە.

ئەم خزمانەی ئۆجەلان لەگەڵ چەند کەسێکیتری خەڵکی شاری ئورفە کەشارەکەی خۆیەتی ئەگەرچی هەندێکیان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی و بگرە ئەندامی لیژنەی مەرکەزیش نین، بەڵام دەسەڵاتیان لەناو PKKدا هەیەو قسەیان حیسابی بۆ دەکرێ:

-کانی یەڵماز، ئەبوبەکر، سنانەسوور، سەعدون، ئیبراهیمە سوور (بەرپرسی گشتی لۆجستیک)، چەتین (بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناڤین لەناویاندا).

تەنانەت ئۆجەلان لەزیندانی ئیمراليیەوە رایسپاردووە کەمحەمەد ئۆجەلانی برای (ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هادەپ) دەسەڵاتی زیاتری پێبدرێو ئامادەبکرێ تابیێتە (سەرۆکی) هادەپ!

دوای ئەم هەرەمەش کەحزبەکەی بەمەحکەمی خستۆتە دەستی بنەماڵەوە هێشتا ئەندامانی PKK کەکوردی ئێرانو عیراقو سوریان سیاسەتی جیاکارییان لەدژ پەیرەودەکرێو بنەماڵە لێیان دڵنیانین. رەنگە هەر لەبەرئەوەش بێ ئەوان کوردی ئێرانو سوریاو عیراق لەشەڕی کوردستانی عیراقدا بەکوشت دەدەنو لەتەرمەکانیان ناپێچنەوە. بۆ ئەوان بنەماڵەو ئۆرفەلییەکان سەلامەت بن، کوردستان سەلامەتە!

ئەمەیە (کوردایەتییەکەی) بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی ناو PKK.

## لاوانی کورد فریو دەدەنو لەلاشەکانیشیان ناپرسنەوە!

شەڕی داسەپاوی PKK کەلەسەر داخوازی خائینی گەورەی نەتەوەییو بەسەرپەرشتی راستەوخۆی نوێنەری بنەماڵەی ئۆجەلان، (عوسمان ئۆجەلان) بەڕێوەدەچێ، نەک تەنها زیانی تەشقەڵەو شەڕفرۆشتنی پێیە بۆ گەلی کورد لەکوردستانی عیراقو بۆ حکومەتی هەرێمــی کوردســتان، بەڵکــو هەروا زیــانوزەرەر لەکچــانو کــوڕانی لاوی کــورد دەدا کەسەرکردایەتی PKK بەناوی کوردستانێتیو خەباتی نەتەوایەتییەوە فریویداونو هێناونیو لەوشوێنەی کەجێی خەباتی ئەوان نییەو بەشێکی کوردستانیی رزگارکراو پێک دێنێ، بەکوشتیان دەداو لەپێناو ئارەزووەنابەجێیەکانی توتییە بەزیوەکەی ئیمرالییدا گوڵی ژیانیان هەڵدەوەرێنێ.

ئەمەی سەرکردایەتی PKK بەکوڕانو کچانی کوردی پارچە جیاجیاکانی دەکەن خیــانەتێکی گەورەیە لەدواڕۆژی گەلــی کــورد کەئەو لاوانە ئومێــدی ئاینــدەین، ئەم خیانەتەیان دەچێتە پاڵ خیانەتەکەی ئۆجەلان کەبەرامبەر مێژووی کورد کردی کاتێــک هەمــوو شــۆڕشو راپەڕینەکــانی پێــشووی بەعەشــیرەتگەریو دەســتکردی ئیمپریــالیزم لەقەڵەمــدا، هەروەک دەچێــتە پــاڵ خیــانەتی شــەڕ فرۆشــتنیان بەم دەسکەوتەی ئێستا لەکوردستانیی ئازادکراودا بەدەست هاتووە. بەمجۆرە ئۆجەلانییەکان خیانەت لەڕابردووو ئێستاو دواڕۆژی گەلی کورد دەکەن.

سەرکردایەتی ئۆجەلانییەکان بۆ ئەوەی لاوانی فریودراوی ریزەکانی PKK لەم رەوشی داڕوخانی سەرکردەکەیان ئاگادارنەبنو لەخەوی غەفڵەت بێدارنەبنەوە، بۆ ئەوەی نەزانن ئۆجەلانییەکان یەکێکیان بەزیوەو ئەویتریان سەرمەستی تلیاک فرۆشییە کچانو کوڕانی PKK بۆ شەڕێکی بێئاکامو فەوتێنەر پاڵپێوەدەنێنو بەرەو تونی مەرگیان دەنێرن. ئەوان بەوێنەی حزبە دیکتاتۆرەکان بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەکانی ناوخۆی حزبەکەیان شەڕێکیان لەدەرەوە سازاندووە، لاوانی فریودراو لەشاخوداخەکانی کوردستاندا بەکوشت دەدەنو تەرمەکانیان لەدۆڵاوشیوەکاندا بەجێدێڵن. تەنانەت بایی ئەوەندەش حورمەت لەلاشەکانیان نانێن کەلەگەڵ خۆیاندا بیانبەنەوە. بەڵکو لەسەر جادەکانی قەبری عوسمان لەنزیک سونێو لەکــورتەک دەیــان لاشــەی کوژراویــان هەروا بەجێهێــشتووەو هێــزی پێــشمەرگەش بەحورمەتەوە تەرمەکانیان ناشتووە.

ئەرێ گەلۆ ئۆجەلانییەکان بۆ لەتەرمی ئەو هەموو لاوە کوژراوە ناپرسنەوە کەخۆیان بەکوشتیان داون‌و دەرخواردی شەڕێکی خیانەتکارانەیان کردوون؟ کێ بەکەسوکاری دوورەدەستی ئەو چەکدارە فریودراوانە رادەگەیەنێ کەبێن بەرۆکی ئەو سەرکردایەتییە بگرن‌و پێیان بڵێن ئەرێ ئێوە کەژمارەیەک هەرزەکارو لاوی کوردی پارچە جیاجیاکانتان فریوداوەو لەباوەشی میهرەبانی دایک‌وباوکیان دوورتان خستونەتەوە، بۆ تا زیندوون شەڕیان پێدەکەن؟ کەدەشکوژرێن لاشەکانیان بەجێدێڵن‌و نایبەنەوە لای کەسوکاریان تا لەکوژراندا گۆڕ غەریب نەبن، وەک لەژیاندا غەریبە شارتان کردن؟

ئایا ئەوانە خوێنی کوڕوکچی کورد بەئاو دەزانن وابێ باکانە خوێنیان دەڕێژن‌و لاشەکانیان لەچیاو دۆڵەکانی ئەو شوێنەی مەڵبەندی خەباتی ئەوان نییە بەجێدێڵن؟

لەنێوان بازرگانیی تلیاک‌و بازرگانی خوێندا، ئۆجەلانییەکان تەرمی لاوانی کورد کەبەکوشتیان داون، دەرخواردی بێ حورمەتی دەکەن. تا لەژیاندان خوێنیان دەمژن‌و ئینجا لەشەڕی ناهەقیدا خوێنیان دەڕێژن.

# سیاسەتی دواکەوتوو لەبەرگی گوتارێکی نەتەوەییدا*

(1)

**دەردەکورد لەبزووتنەوەی کوردایەتییدا**

دەردەکورد ئەو دەستەواژە بەناوبانگەی مامۆستا مەحمود زامدار بۆ نەگبەتیو بەڵاکانی بەسەرکورددا دێن بەکاری هێنا، دەستەواژەیەکی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بوو بۆ گوزارشتکردن لەفەرهەنگی یەکتری نەخوێندنەوەی کوردو کورد کەماشەڵڵا فەرهەنگێکی رەگ ئاژۆیەو نیشانی دەدا کەئێمە لەنەگبەتیو بەڵادا چەند دێرینین. ئەمما ئەو (دەردە کوردە) وائەمڕۆ کەهیچ نەبێ لەسەرەتای سەدەی بیستویەکداین‌و ناشڵێم هەزارەی سێیەم، بەجۆرێکیتر سەریهەڵداوەتەوە. سەرهەڵدانەوەی ئەمجارەی حەیفێ هێ زەمەنی بێداری نەتەوەییو گەشانەوەی کوردایەتییە. بەڵام خەریکە ئەم (دەردەکوردە) دەبێ بەسەرەتانێکی ئەوتۆ کەچارەسەرکردنی پێویستی بەنەشتەرگەری پساندنە نەک دەرزی سڕکردن. دەردەکوردی ئەمڕۆ وا لە PKKدا بەرجەستە بووە.

دەمێک بوو دەمویست لەسەر هەندێک لایەنی سیاسەت‌و رێبازی کاری PKK لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا بنووسم، تەنانەت پێش ئەم تەشقەڵەیەی بەیەکێتیو ئەو گرژییەی چەند مانگێکە ناویەتییەوە، بگرە پێش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان‌و وەرگۆڕان لەستراتیژی PKK دا، دروست لەسەرەتای ساڵی 1997 ویستم بەڕاگوزەریش بێ قسەوڕای خۆم لەسەر مامەڵەی PKK لەگەڵ رەوشی کوردستان بەتایبەتی ئی هەرێمی کوردستانی رزگارکراو دەرببڕم. ئەو وەختە هەڵوێستی PKK لەهەمبەر کارەساتی 31-ی ئاب‌و لێدوانە نابەجێیەکی ئۆجەلان بۆ (الوسط) گوایە تەفەهومی هەماهەنگی پارتیو بەغدا دەکا زۆر بێتاقەتی کردین. بەتایبەت کەلەو سەردەمەو لەگەرمەی زامی نەتەوەیی داگیرکردنی پایتەختدا هەموو شتێکمان بەپێوانەی 31ی ئاب دەپێوی. چەند سەرنجێکم لەبارەی هەڵوێستی PKK لەوبارەیەوە نووسی بەو ئاراستەی کەئەگەر هێزێکی کوردستانیی لەبەشێکی کوردستان لەبەر رەوشی ئیقلیمی خۆی نەتوانێ دووقسەی خێر بۆ هێزێکی دیکەی بەشێکی تری کوردستان بکات، با هیچ نەبێ قسەی خراپیش نەڵێ‌و (ذلک اضعف الایمان). بەڵام لێقەومانەکەی PKK لە14ی نیسانی 1997و دوابەدوای ئەوەش تەنگژەی دەرپەڕاندن‌و ئینجا دەستگیرکردنی ئۆجەلان، ئەوانە لەباری لێقەومانی نەتەوەییەوە رێگربوون لەوەی ئەو سەرنجانە دەرببڕم. هەرچەندە بۆ خۆم بۆچوونم وایە کوردایەتی وەک هەر دیاردەو

دەرکەوتێکی سیاسییو کۆمەڵایەتی بەگرتنەبەری سیاسەتو روانینی رەخنەگرانە دەتوانێ کاری راست بێو لەبەڵای ناگەهان بەدووربێ.

بەداخەوە هەندێک جار سۆزی نەتەوەیی یان خاتروخۆتر دەبنە پەرژینی بواردنی هەندێک کەسو لایەن لەرەخنەو تاوتوێکردنی هەڵوێستەکانیان، ئەمەش وا لەو کەسو لایەنانە دەکات عەرەب گوتەنی (یتمادون فی غیهم)و بەئارەزووی خۆیان، بەراستو بەچەپدا یاری بەئاگرو بەچارەنووسی کوردوکوردایەتی بکەن وەک بڵێی کوردستان باخچەی پشتەوەی ماڵی باوکی وان بێت. بگرە کەسو لایەنەکانی تریش قەرزاربار بکەنو هێشتا ئەوانی بواردراو لەرەخنەو سەرزەنشت بێنو رەخنەو سەرزەنشتی ناراستو نارەوای ئەو کەسو لایەنانە بکەن کەجگە لەوەی دەستکەوتیان بۆ کورد بەدەست هێناوە، لەخۆبردووانە پشوودرێژی بەرامبەر بەناهەقیو کەڵەگایی ئەوان دەنوێنن.

لەوانەیە هەبن واتێبگەن کەچاوپۆشین لە (دەردەکورد)ەکانی PKKو هاوشێوەکانی دەیانخوڵقێنێ دەبنەمایەی یەکریزی کوردایەتیو رێگرتن لەپیلانی ناحەزان. بەڵام لەراستیدا هەر ئەو چاوپۆشینە وایکردووە کەئەوانە بوغرابنو خۆیان بەراستو رەوان بزانن‌و پێیان وابێ هەموو شتێکیان بۆ دەچێتەسەر. ئیتر دەبێ ئەو روانینە تەڵخە روونبکەینەوە کەپێیوایە رەخنەگرتن لەکەسولایەنەکانی نێوبزوتنەوەی کوردایەتی دەبێتە مایەی رووتبوونەوەیان تائەو ئەندازەی گورگ بیانخوا. بەپێچەوانەوە رەخنەگرتنو راستنەکردنەوەی لادانەکانی هێزێکی وەکی PKK کەلەبەشی زۆری بەها نەتەوەییو شۆرشگێرییەکان رووتبۆتەوە وادەکات کەئەوانی رووتەوەبووی بەردەم سەرماوسۆڵەی تێکچرژانی بارودۆخەکە خۆیان بەگورگ بزانن‌و ملی خۆیانو ئینجا بەشێکی کوردایەتی لەباکوورو لەهەرێمی ئازادکراویشدا بەقەڵبەیەکدا بدەن. هەر بەفعلیش کەڵەگایی PKK روویدا، ئەمما رووداونەکەی لەهەلومەرجێکی وا دژواری بزووتنەوەکەیاندا بوو کەبەرپێگرتنی داڕوخانو تاشە بەردو کەوتنەخوارەوەی ئاسان نییەو لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێک زەرەرو زیان بەخەڵکیترو لایەنیتریش دەگەیەنێ.

بەدرەنگیشەوەبێ گفتوگۆو سەرنجدان لە (دەردەکورد)ی PKK لەناو بزوتنەوەی کوردایەتییدا، وادەکات زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە.

بالەم کۆمەڵە سەرنجەدا شووشەو تاشەبەردو زیخو چەوی لەکەوتنەخوارەوەی PKK وە پەرژو بڵاوبوون، کۆبکەینەوەو وابکەین زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە

سیاسەتی ژیرو کارامە ئەو سیاسەتەیە کە پەندو ئەزموون لەواقیعی خۆیو لەواقیعی دەوروبەرو لەتەجرەبەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانەوە وەردەگرێ.

بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی بزووتنەوەی گەلان، مادامەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیین، لەهێڵە گشتییەکاندا لەیەک دەچن. بەڵێ لەتایبەتمەندیتیو لەوردەکارییدا جیاوازی هەر

هەیەو دەبێ هەبێ، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کە بەدەست ڕێبەراتییەکی کارامەو لێوەشاوەوە بێت دەتوانێ لەئەدەبیاتی سیاسیی گەلانی ترو بەو پێیەش لەئەزموونی نێو واقیعی شۆڕشگێڕی ئەوان کەڵکو پەند وەربگرێو بتوانێ بیانخاتە خزمەت تاقیکردنەوەکانی خۆیەوەو ڕێگای سەرکەوتن کورت بکاتەوە. بەڵام چی لەگەڵ بزووتنەوەیەک دەڵێی کە نەک کەڵکی لەئەزموونی گەلان، بەڵکو لەهی گەلەکەی خۆی لەبەش‌و پارچەکانی تریش وەرنەگرتووەو وەکو ئەوان واقیعیانە بیرناکاتەوەو وەکو ئەوان تەنانەت کەڵک لەئەزموونی چەند پات بۆوەی خۆشی وەرناگرێ؟

بەداخەوە PKK لەئەدەبیات‌و ڕاگەیاندنی خۆیدا خۆی وا نیشان دەدا کە زۆر نزیک‌و زۆر تێکەڵی سیاسەتەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین‌و ڕەوشی سیاسیی دونیای عەرەبە، کەچی هیچ کەڵکێکی لەئەزموونی بزووتنەوەی فەلەستین‌و پرسی یەکێتیی عەرەب لەبزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیدا وەرنەگرتووە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیش لەهەردوو ماوەی نێوان هەڵکشان‌و داکشانی چانسی خۆیدا گیرۆدەی واقیعی سیاسیی هەرێمە بەدەوڵەت بووەکان لەلایەک‌و خواستی یەکگرتنەوەی خاکی عەرەب لەلایەکی ترەوە، بوو.

زۆرجار مەیلی ناسیونالیستی بەسەر واقیعی سیاسیی‌و ئاڵۆزییەکانی دونیا عەرەبدا زاڵدەبوو. بگرە بەهۆی پرۆژەی یەکگرتنەوەی عەرەب‌و پرسی رزگارکردنی فەلەستین بەو جۆرەی لەئەدەبیاتی ناسیونالیستی عەرەبدا هاتووە ماوەیەکی زۆر مەسەلەی دیموکراسیی‌و ئازادییە فەردییەکانی ئینسانی عەرەب لەناو وڵاتانی عەرەبییدا پێشێلدەکرا. زۆرجار بەهۆی ئەم خیتابە ناسیونالیستییەوە پرسی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە وڵاتانی عەرەبدا پشتگوێ دەخراو بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی حیسابیان بۆ نەدەکرد. هەمان ئەو شتەی کە PKK نە لەناو خۆی‌و نە لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەباکوورو نە لەناو سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتییدا ڕەچاوی ناکات.

بەڵێ PKK لەناو هەیکەلی خۆیدا موسادەرەی ئیرادەی تاکەکەس‌و هەموو ئازادییەکانی فەردی کوردی کردووە بەبیانووی مەسەلەی نەتەوەییەوە.

دەشیەوێ هەمان ئەو واقیعەی خۆی بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی لەباشووری رزگارکراویشدا بسەپێنێ پاش ئەوەی بەپاکتاوکردنی هێزە سیاسییەکانی تر لەباکووری کوردستاندا ئەمەی بۆ چووە سەرو وایکرد کە بزووتنەوەی کورد لەباکوور پاوانی سیاسەتەکانی خۆی بێت کە سیاسەتێکی تۆتالیتاری، توندو تیژەو سیاسەتێکە وا لەپرسی نەتەوەیی تێگەیشتووە کە ئازادییەکانی تاکەکەس جێی تێیدا نابێتەوەو هەموو ئەندامێکی کۆمەڵی کوردی دیلی دەستی دیلەکەی ئیمرالیی دەکات.

PKK تێگەیشتنێکی چەوتی لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد هەیەو دەشیەوێ ئەو تێگەیشتنە چەوتەی خۆشی رەواج پێبدا. بەگوێرەی سیاسەتەکانی سەرکردایەتی PKK کوردایەتی جێی ئاوەدانکردنەوەی گوندو خەستەخانەو قوتابخانەو کردنەوەی رێگاوبان‌و راکێشانی کارەبای تێدا نابێتەوەه. واتا لێرەدا کارکردن بۆ کوردایەتی لەکارکردن بۆ گەشەپێدانی کوردەواری جیادەبێتەوە. جا ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەهەندێک جاردا ناچار دەبێ کاری توندوتیژی ئەنجام بدا، داخۆ PKK چ پاساوێکی هەیە بۆ کاری توندوتیژ لەکوردستانی ئازاددا؟ چ پاساوێکی هەیە بۆ تێکدانی گوندو تەقاندنەوەی پردەکان‌و چاندنی مین لەرێگای هاتوچۆی خەڵک‌و رێگرتن لەجووتیاران کە لەسەر زەوی‌و ماڵاو حاڵی خۆیان زێدی خۆیان ئاوەدانبکەنەوە. لەراستیدا شەڕی داسەپاوی PKK بەسەر ی.ن.ک و حکومەتی هەرێمدا لەرەهەندێکیدا شەڕی نێوان دوو تێگەیشتنە لەپرسی نەتەوەیی، تێگەیشتنێک پرسی نەتەوەیی لای وی هاوشانی گەشەپێدانی کوردەواری‌و ئاوەدانکردنەوەیەتی‌و تێگەیشتنێکی تریشیان تێگەیشتنێکە کە پرسی نەتەوەیی هاوتا دەکات بەماناکانی توندوتیژی‌و کوشتنی گیانی ئاواکردنەوەو بنیاتنان‌و ئاودیوکردنی ئارەزووی دیموکراسی‌و ئازادییەکانی ئینسان.

بەم جۆرە PKK هەمان هەڵەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەدونیای عەرەبدا دووپاتدەکاتەوە کە:

-واقیعی سیاسیی ناوچەکەو مەسەلەی دابەشبوونی نەتەوەیی‌و دەرکەوتەکانی رەچاوناکات.

-دیموکراسی‌و ئازادییەکانی ئنیسان پێشێلدەکات.

-لەخیتابی سیاسیی‌و بەرنامەی کاری خۆیدا پرسی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی کۆمەڵا، فەرامۆش دەکات.

لەوەش زیاتر ئەو ئاژاوەو گێژاوەی تەواجدی PKK لەباشووری ئازادکراودا دەینێتەوە هەمان ئەو ئاژاوەو گێژاوەیە کە بوونی هەندێک لەگروپ‌و هێزەکانی بزووتنەوەی فەلەستین لەئوردن‌و لە لوبنان، لەسەردەمی خۆیدا، ناویانەوە. رەوشی دەستێوەردانی گروپەکانی فەلەستین لەکاروباری ئوردن تا ئەو رادەی هێندەی چاویان لەلابردنی حوکمی پادشایی هاشمی بێت، هێندە چاویان لەرزگارکردنی فەلەستین نەبێت، هەمان ئەو رەوشەیە کە سەرکردایەتی PKK چەند ساڵێکە لەباشووری رزگارکراو دەیکات. PKK هێندەی چاوی لەحوکمڕانیکردنیا باشوورە هێندە چاوی لەرزگارکردنی باکوور (کوردستانی تورکیا) نییە!

کاتی خۆی هێندێک لە گروپەکانی فەلەستین رەوشی لوبنانیان لەخۆیان‌و لە لوبنانییەکان وا تێکدا کە ئیسرائیل هەتا بەیروت هات‌و عەرەفات‌و بزووتنەوەکەشی ئاوارەی تونس بوون. رەوشی ئوردن شەڕەکانی ئەیلولی ساڵی حەفتای لێکەوتەوە کە مایەی حوزن‌و ماتەم بوو بۆ عەرەب چ لەئوردن‌و چ لەناو فەلەستینییەکان‌و چ بۆ تێکڕای نەتەوەی عەرەب. رەوشی

لوبنـانیش وا تێکچـوو کە ئێـستا وەکو"پرسـی باڵکان"و چەمکی "بەباڵکان بـوون" دەبینـی هەر وڵاتێـک شـەڕو ئـاژاوەی تێـدابێ‌و دەسـتی دەرەوەشـی لەپـشتەوە بـێ ئەوا پێـی دەگـوترێ "بە لوبنانیکردن".

ئایا PKK چاوی لەوەیە تراژیـدیای خێوەتگاکانی فەلەستین لەئوردنو لە لوبنان دووبارە ببێـتەوە؟ چـاوی لەوەیە بەنـاوی پرسـی نەتەوەیـی‌و کوردسـتانی یەکپـارچەوە ڕەوشـی باشـوور تێکبدا وەکو چۆن بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەب‌و گروپەکانی فەلەستین ڕەوشی ئـوردنو لوبنانیان تێکداو سەرەنجام چارەسەری کێشەی فەلەستینیشیان دواخست؟

بەداخەوە کە دەردی پەنـد وەرنەگرتنـی دەردی سـەرباری دەردانـی PKKیە ئەگینـا دەبـوایە PKKو سـەرکردایەتییەکەی لەخـۆیـان بپرسـن (ئەی پرسـی نەتەوەیـی چەنـد تاوانت بەناوەوە کراوە؟) ساڵێکی زۆرە سـەرکردایەتی PKK مـوزایەدەی کوردسـتانێتی بەسـەر هێزەکـانی باشـوورەوە دەکـات کەچـی ئەوەتـا خـۆیـان لە کـۆنگرەی حەوتەمیانـدا دەڵێن: "دەتوانین سوریا، ئێران، عیراق ئیقناع بکەین.. خەتی نوێمان لەرووی سـتراتیژەوە لەخـزمەت ئەوانـدایە. یەکێتیـی ئەوان پـارچە ناکـات..و لەمەودای دووردا لەقـازانجی ئەواندایە".

ئەمە هەمـان ئەو مـوزایەدەیەیە کە هەنـدێک لەگروپەکـانی فەلەسـتین بەسـەر ئـوردنو لوبنانەوە کردیان کەچی دواتر خۆیان لەپشت ئەو دوو وڵاتەو لەپشت عەرەبەوە بەکەمتـرین شت لەئیسرائیلیەکان، ڕازی بوون..

دوا قسە بـاهی ئەنـیس ئەلنەقاش شۆڕشگێڕی لوبنانی‌و خەبـاتکردووی نـاو بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین بێت کە بەم دواییە لە دیـدارێکی ئەلجەزیـرەدا دانی بەوە دانـا کە: "بەداخەوە زۆر کـردەوەی سـەربازیی‌و شۆڕشـگێڕی بەنـاوی خزمەتکـردن بە بـزووتنەوەی فەلەستینیەوە کراو کەچی بـۆ حیسابی دەوڵەتانی تـر تەواو دەبوونو هـیچ خێرێکی کێشەی فەلەستینی تێدا نەبوو".

ئەو ڕۆژەش دەبینین کە کادرە هەڵاتووەکانی PKK ئەوەمان بـۆ ڕوونـدەکەنەوە کـام شـت لەقازانجی دەوڵەتان بوو. ئەو ڕۆژەش دەردەکەوێ کە بگوترێ (ئەی مەسەلەی کوردستانێتی چەند تاوانت بەناوەوە ئەنجام دەدرێ؟)

(2)

### دەردی ناوچەگەرێتی لەنموونەی PKKدا

لەپـشت هەمـوو گوتـارێکی گـشتگیر، تۆتالیتـارەوە سیاسـەتێکی دواکەوتـووی دەسـتەیەکی بچووک یان گروپێکی بەژمارە کەم هەیە، ڕەنگە ئەمە لەسەرەتاوە سەیر بێتە بەرچاو. بەڵام پتر لەنمـوونەو دەرکەوتێـک نیشانی دەدەن کە بەڵێ ئەمە وایە. بەعس لەعیراقدا هەڵگری

پەیامێکی عروبەیی شمولییە کەداوای یەکگرتنو یەکخستنەوەی بەپەلەو هەر ئێستای هەمــوو عەرەب دەکــا، بەڵام لەپــشت ئەو خیتــابە نەتەوەیــیەوە کە هەمــوو مەرجە سیاسییەکان، ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو هەمەڕەنگی کۆمەڵگە لەبەرچاوناگرێ، سیاسـەتێکی هەرێمچێتی تایبەت بەعیراق، لەناو عیراقیشدا سیاسـەتێکی تایفەگەرییو لەناو تایفەشدا سیاسەتێکی هۆزگەرییو لەناو ئەوەشدا سیاسـەتێکی تایبەت بەدەستەی بنەماڵەی حـوکمڕانو واوەتـریش پەیـڕەوی دەکـرێ. ئەم خیتـابە نەتەوەیـیەی زایەڵەی دەنگی دونیای کاس کردووە دەرەقەتی دوژمنە گەورەکانی عەرەب نەهات بۆیە بۆ قەرەبـووکردنەوەی شکـستییەکانی خـۆی بەربـووە گیـانی کـوردو ئەتنیـکو کەمیــنە مەزهەبییەکانی عیراق. هەروا ئەم گوتارە تۆتالیتارە بۆ ئەوەی ئەسڵی خۆی بشارێتەوە کە گوتـاری گـروپێکە، گوتـاری نـاوچەیەکو گوتـاری هەرێمـێکە پەنـای بـۆ گوتـاری نەتەوەیــی گــشتگیر بــرد چــونکە ئــاڵۆزی لێکــدانەوەی نــاوێ، چــونکە شــیکردنەوەو ماندووبوونی فیکرییو کۆششی سیاسی ناوێ.

لەپشت گوتاری نەتەوەیی PKKەوە سیاسـەتێکی هەرێمچێتی، ناوچەگەرێتیو خیتـابێکی بنەمــاڵەییو ئینجــا تــاکە کەس هەیە. لەپــشت گــوتەی قەبەو وشــەی پڕقــدراوی PKKەوە سیاســەتێکی دواکەوتــووی فەرهەنگێکــی دواکەوتــوو هەیە. هەمــوو ئەمــانەش دواکەوتنــی کەلتـوری سیاسـییان لـێ کەوتەوە بەئەنـدازەیەک کە PKKهەر لەسـەرەتاوە گیـرۆدەی ئەو کەلتـورە بـوو، بەئەنـدازەیەک کە سـەرەڕای گوتـارە نەتەوەیـیەکە، سـەرەڕای بەکارهێنـانی تازەترین شێوازی پەیوەندی گرتنو کەڵک وەرگرتن لەو ڕێوشوێنانەی دامەزراوەکانی تورکیا لەئیــدارەدانی وڵاتو کۆمەڵــدا پەیڕەویــان لــێ دەکــرد، بەڵام ئاســەواری ئەو دواکەوتــوییە لەرەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیی سەرکردایەتی PKKبەتایبەتی ئۆجەلان، بەئاشکرا هەستی پێدەکرێ.

گوتــاری نەتەوەیــی PKK گوتــارێکی ســادەو ســاکارو بــێ تەکلــیفە. لەئاســتی تیۆرییــدا تەمبەڵییەکــی فیکــری حەشــارداوەو پرســە ئاڵۆزەکــانی بــزووتنەوەی کــوردایەتی ســەتحی کردۆتەوە چونکە هەر هێندە دەڵێ چوارپارچە نیەو یەک کوردستانی سەربەخۆو گەورەیە. ئیتر لەحاڵی وادا هیچ پێویست بەشیکردنەوەو خوردکردنەوەی ڕەهەندە جیاجیاکانی پرسی کورد ناکات. بۆ نموونە داخۆ پەیوەندی نێوان پرسی کورد لەکوردستانی عیراقو پرسی عیراق چییە؟

پەیوەندی نێوان پرسی کورد لەتورکیاو پرسی کورد لەعیراق چۆنە؟..هتد ئەدەبیاتی PKKوەڵامی ئەم پرسە ئاڵۆزانە ناداتەوە چونکە ئەمە ژێری سیاسیو خۆماندووکردنی دەوێ کە ئەوە لەعـۆدەی فەرهەنگی دواکەوتوو، لەعـۆدەی حزبێـک لەشـێوەی پێکهـاتەی PKKدا نییە.

بەڵام بێ تەکلیفی گوتاری نەتەوەیی تەنها هۆ نییە کەوای لەPKKکرد تەبەنی بکات. بەڵکو وەکو گوتمان لەپشت ئەو گوتارە نەتەوەییەوە سیاسەتێکی دواکەوتوویی هەرێمچێتی، بنەماڵەچێتیو سەرۆکچێتی هەیە.

سەرکردایەتی PKK لەکاری خۆی لەکوردستانی تورکیا بترازێ هیچ شوێنێکیتر بەکوردستان نازانێو تێکۆشانی هیچ هێزێکیتر ناخوێنێتەوە. ئەو لەباشترین حاڵدا کوردستانەکانیتر بەلوبنانێک یان چەند لوبنانێک بۆ یەکلاییکردنەوەو پاکسازیکردنی ململانێ زۆرو زەوەندەکانی خۆی دەزانێ. جا بەبیرکردنەوەی خۆیان لەساڵی 1991-ەوە هەرێمی کوردستانی عیراق شوێنێکی لەبارە بۆ ئەوەی قورسایی تەسفیەکردنی ململانێکانی خۆیانی بۆ بگوازنەوە چونکە:

-حکومەتی ناوەندییو سوپاکەی لێ نییە.

-حکومەتی ناوەندیی بەهۆی نەبوونییەوە لەناوچەکە ناپەرژێتە سەر هاریکاری سنووری لەگەڵ دەوڵەتاندا.

-PKK خۆی ئیعتراف بەهێزە کوردییەکانی باشوورو ئیدارەکەیان ناکات!

ئەمەش لەدوا ئاکامدا هەمان تێڕوانینی وڵاتانی ئیقلیمییە کە پێیان وایە (باکووری عیراق) لەفەراغێکی ئیدارییدا دەژی.

لەراستیدا لەپاڵ ئەم روانینە هەرێمچێتییەوە PKK قینێکی زۆری بەرامبەر بە باشوور (هەرێمی کوردستانی عیراق)و هێزە سەرکەوتووەکانی باشوور لەراپەڕینی 1991دا هەیە. چونکە ئەوخۆی نەسەرکەوتنی وای بەدەست هێناوەو نەوەکو ئەم هێزانەش کوردستانی خۆی، رزگارکردووە. بۆیە گەورەترین تاوانێک کە PKK لەپاڵ گوتاری نەتەوەییەوە دەیکات نانەوەی فیتنەو ئاشووبە لەنێوان کورد لەباشوورو کورد لەباکوردا. ئەگەر ئەوەمان وەبیربێتەوە کە بەحوکمی هەندێک رەوشی ئیقلیمیو بەهۆی دروشمە قەبەو پڕدراوە نەتەوەییەکانی سەرکردایەتی PKK-ەوە بەشێکی هێزەکانیان لەکوردی سوریاو کوردی ئێران (رۆژهەڵات) پێک هاتوون کەئەمەش بەمانای فراوان بوونی بازنەی ئاشووبو فیتنەکەی PKKدێت بەو جۆرەی کوردی باشوورو باکوورو رۆژهەڵاتو باشووری بچووک بکات بەدوژمنی یەکتری. لەحاڵی وادا بێگومان گرژی سیاسییو سەربازی ئێستا کۆتایی دێت بەڵام لەباری یادەوەریی نەتەوەییەوە زامێکی تری قوڵا هەستو نەستی برینداربوومان بریندار دەکاتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەفیتنەی PKK لەنێوان کوردی باشوورو باکووردا لەئاستی نەتەوەییدا بەمانای فیتنەیی نێوان دوو شێوە زاری قسەکردنو دوو ئەلفابێی نووسینو دەربڕینیش دێت. واتا زامێکی قووڵا بەئەندازەی زامی قووڵی نێوان دوو نەتەوەی لەململانێدابوو. ئەوەی وا دەکات زامەکە خەستتربێت سیاسەتی چەواشەکاریی

(میـدیا TV) زمانحـاڵی PKKیە کە پەیوەنـدیی نێـوان کـوردی باشـوور لەنـاوەوەی وڵاتو کوردی باکوور لەدەرەوەو هەندەران دەشێوێنیو گوماناوی دەکات.

هەمـــوو ئەمـــانەش لەوەختێکـــدایە کە ســـەرکردایەتی PKK هەنـــوکە بـــۆتە حزبـــی بنەماڵەیەکیش کە پێکهاتووە لەعەبدوڵڵاو عوسمانی برایو تێکۆشانەکەش بۆ دەربازکردنی سەری ئۆجەلانە. بەمجۆرە گوتاری رزگاری نەتەوەیی دەبێتە گوتاری رزگارکردنی سەری (سەرۆکی نەتەوەیی)و هیچیتر.

دیسانەوە دەیڵێین لەپشت هەموو گوتارێکی گشتگیر سیاسەتی دواکەوتووی دەستەیەکی بچووک خۆی حەشارداوە.

لەپـشت گوتـاری نەتەوەیـی PKKەوە گوتـاری هەرێمچێتـی، بنەمـاڵەچێتیو سـەرۆکچێتی هەیە.

لەحاڵی وادا (سەرۆک)هەر خۆی نەتەوەیە. لەحاڵی وادا (اذا قال اوجلان قال الکرد)!

(3)

## دەردی (سەرۆکایەتی) لەکۆنگرەی حەوتەمی شەڕانگێزاندا

لەچوارچێـــوەی باســـکردنی هەرێمچێتـــیو شـــارچێتی (ئـــۆرفەلیچێتی)و بنەمـــاڵەچێتیو سەرۆکچێتی لەدوو توێی گوتاری نەتەوەییPkkدا، ئەڵقەی پێشوومان لەوەدا کۆتایی پێهێنا کە سـەرەنجام سـتراتیژی PKK لەوەدا کـورت دەکـرێتەوە (اذا قـال اوجـلان قـال الکـرد). بەواتایەکیتر کاری PKK بۆ دەربازکردنی پرسی کورد لەو تەنگژەیەی تێیکەوتووە ئەوە نییە کە سـتراتیژێکی نـوێ دابرێـژرێ کەدووربـێ لەدەرکەوتە سـەلبییەکانی گرتنـی ئـۆجەلانو خۆبەدەســـتەوەدانی، بەڵکـــو پەیڕەویکردنـــی هەمـــوو ئەو پەیـــامو گوتـــانەیە کەئـــۆجەلان لەئیمـرالییەوە دەینێـرێ. چـونکە گوتەکانی (ئۆجەلان) گـوتەی (کوردن)و حزبـی نەتەوەیـش پەیڕەوی گوتەکانی کورد دەکات!

هەر لەرەوشـێکی وادایە کەدەربـازکردنی سـەری (سـەرۆکی نەتەوەیـی)لای PKKشـوێنی دەربـازکردنی جەسـتەی نەتەوەیـی گرتـۆتەوە. بەم شـێوەیە گوتـاری نەتەوەیـی لەسـتراتیژی کۆنیانـدا گوتـاری دابینکردنـی خواسـتو گرێـی (سـەرۆکایەتی)بـوو لەدڵـی ئۆجەلانـدا. هەمـوو ئەدەبیاتی PKKش سەرەنجام ئاوەژووانە لەپرسی کوردی دەڕوانی.

ئۆجەلانێـک هەیە کە ئـارەزووی لێـیە ببێـتە (سـەرۆکی نەتەوەیـی)، کەواتە نەتەوەیەک پێویستە بۆ دابینکردنی خواستی (سەرۆکایەتی). لەحاڵی وادا ستراتیژی PKK ئیـدی دەبێتە رزگارکردنی (نەتەوەی کوردی تا سەرۆکی نەتەوەیی) بتوانێ سەرۆکایەتیان بکات.

بەڵام لەسـتراتیژی تـازەدا کە سـەرۆکی نەتەوەیـی دیـلو یەخـسیری ئیمـرالییە بـۆ ئەوەی بتوانێ سەرۆکایەتی بکا دەبێ نەتەوەیەکی بۆ دیلبکرێ. بۆیە ستراتیژی نوێی PKK هیچ نییە

جگە لەهەنگاونان بۆ زیاتر دیلکردنی نەتەوەی دیلکراوی کورد یان دیلکردنەوەی ئەو بەشە لەنەتەوەی کورد کە لەهەرێمی ئازادکراوی خۆیدا بەندی دیلێتی پچڕاندووە. ڕەنگە ئەمەش لایەنێکی ئەو شەڕە نەخوازراوەی PKK-مان بۆ تەفسیربکات کە ئەمڕۆ بەحکومەتی هەرێمو گەلی ئازادکراوی باشووری دەفرۆشێ. ئەم شەڕە بەم تەفسیرە، لەپاڵ ڕەهەندەکانی تری، شەڕێکە لەپێناو بەدیلکردنەوەی گەلی کوردی ڕزگاربوو لەهەرێمی کوردستاندا.

گرێـی سـەرۆکایەتی لەشـوێنی تـریشو لەپرسـی تریـشدا حـزوری هەیە. بەتـایبەتی لەگفتوگۆکانی کۆنگرەی حەوتەمی PKKدا، ئەو کۆنگرەیەی تێیدا عوسمان ئۆجەلانی برای عەبـدوڵڵا ئـۆجەلان لەپێنـاوی (سـەرۆکدا) ویـستی سـتراتیژی شەڕفرۆشـتن بە (ی.ن.ک)و حکومەتی هەرێم بەسەر کادیرانی PKKدا بسەپێنێ.

شـتێک کە لەنـاو PKKو هەمـوو هێزێکـی تۆتالیتـاردا تێبینـی دەکـرێ ئـاوەژووبوونەوەی هەیکەلی کارو ئامانجەکانە. لای حزبی ئاسایی خەڵکو خوای ئەم دنیایە حـزب تێکۆشـەری بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانو سەرۆکی حزبیش سەردەستەی حزبەکەیە بـۆ بەدیهێنـانی ئەو ئامانجـانە. بەڵام PKKو هێـزە تۆتالیتارەکـان بەپـێچەوانەوەیە (سـەرۆک-حـزب-ئامـانجە سیاسییەکان) بەپێی بایەخپێدان دێن. بەواتایەکی تـر لەحاڵی لێقەومانـدا ئامانجەکان دەبـنە قوربـانی حـزبو لەلێقەومـانێکی تریـشدا حـزب فیـدای سـەرۆک بێـت. ئەگەر ئەوەشـمان لەبیربێت کە گوتاریPKKخـۆی وەک گوتـارێکی نەتەوەیـی دەناسـێنێ ئەوا هاوکێشەکە وای لێ دێت:

سـەرۆکی نەتەوەیـی (ئـۆجەلان) حزبـی نەتەوەیـی (PKK) ئامـانجی نەتەوەیـی (نەتەوەی کورد) ئەمانە بەپێی بایەخپێدان دێن. سـەرۆکی نەتەوەیی تووشی تەنگژە هـاتووە کەواتـا بـا PKKی بەقوربـان بـێو لەقسەی سـەرۆک دەرنەچـینو سـتراتیژی نوێمـان ئاشـبەتاڵپێکردنی شۆڕشی PKK بێت بەناوی ستراتیژی ئاشتییەوە. دوای ئەوە (PKK)ش تووشی تەنگژە دێت کەواتا باهەموو نەتەوەی کوردی بەقوربـان بکەیـنو حکومـەتی کوردسـتانی باشووریش لەنـاو ببەین. ئەمە ئەو ستراتیژە نوێیە یە کە گفتوگۆکانی کـۆنگرەی حەوتەم ئاوەها گوزارشـتی لـێ دەکا:

یەکەم: پرسـی کـورد نـابێ بـێ PKK چارەسـەر بکـرێ. واتـا ئەگەر چارەسەریـشی بـۆ بدۆزرێتەوە ئەوا PKK تێکی دەدا چونکە گرنگ مانەوەی سەرۆکو PKKیە! ئەوەتا لەلاپەڕە (28)ی گفتوگۆکـانی کـۆنگرەی حەوت کە بەشـێکیان تـایبەت بـوون بەشـەڕ لەدژی یەکێتـی دەگوترێ:

(تورکیـا چارەسـەرکردنێکی ئەوتـۆی بـۆ کێـشەی کـورد قبـوڵە کەبـێ سـەرۆکایەتی (واتـا ئۆجەلان)و بێ PKK بێت. ئەمریکاو ئەوروپاش لەپشت ئەم هەڵوێستەوەن. واتا ئەوان دەڵێن بەڵێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڵام بەبێ سـەرۆکایەتیو بەبێ PKK). کەوابـێ هەر

بەگــوێرەی قــسەکانی PKK، تورکیــاو ئەمریکــاو ئەوروپــاش دەیــانەوێ کێــشەی کــورد چارەسەربکەن کەئەمە دەبێ مایەی دڵخۆشی هەموو هێزێکی نەتەوەیی بێت. بەڵام PKK هەست بەوە دەکا چارەسەرییەکان بێ ئەو جێبەجێ دەبن کەئەمەشی پێ قووت نادرێ بۆیە لەسەر دوو ئاست مامەڵەی لەگەڵدا دەکات:

-لەسەرێک دژی ئەم چارەسەرەییە دەوەستێ کە بەرێوەیە.

لەسەرێکی تریشەوە بەگۆڕینی ستراتیژی خۆی، بەسازش‌و تەنازولی زۆر دەیەوێ ببێتە بەشێک لەوچارەسەرییە بەتایبەتی ئەگەر چارەسەرییەکە تەوفیقی بێ‌و کەمترین داخوازی کورد جێبەجێ بکات.

دووەم: شەڕ لەدژی باشوور لەپێناوی سەرۆکایەتیدایە.

بەپێی لێکدانەوەی سەرۆکایەتیPKKو هەڵسەنگاندنی نوێنەری بنەماڵەی ئۆجەلان‌و (عوسمان ئۆجەلان) مەسەلەی پەسەندکردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال‌و لەپێناو ئیدارەدانی رەوشی ئیدارە لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا مانای وایە مــام جەلال خــۆی وەکــو (ســەرۆکی نەتەوەیــی) ئیعلانکــردووە. ئەمەش لەو موداخەلەیەی فەرهاد (عوسمان ئــۆجەلان)دا دەردەکەوێ کە لەکۆنگرەی حەوتەمدا کردوویەتی:

(لەسەر بنەمای سرینەوەی سەرۆکایەتیمان (مەبەستی سەرۆکایەتی ئۆجەلانە) جەلال تاڵەبانی خۆی وەکو سەرۆکی نەتەوەیی ئیعلان کرد. پێویستە ئەوەندە سادە سەیری ئەم مەسەلەیە نەکەین.. ئەوەی سەرۆکی نەتەوەیی داهێنا ئێستا لەزینداندایە.. سەرۆکایەتی نەتەوەییمان یەکەم جار سەرۆکی نەتەوەیی داهێناوەو تەنیا خۆی نوێنەرایەتی کردووە. بەموئامەرەی نێو دەوڵەتی دەیانویست سەرۆکایەتیمان بێ تەئسیر بکەن‌و لەمەرکەزی ســەرۆکایەتی نەتەوەیــی دایگــرن. بــۆیە کــاتێ گرتیــان‌و لەزینــدانیان ئــاخنی، ئەو دەڵــێ سەرۆکایەتی خۆم ئیعلان دەکەم. دامەزرێنەرو نوێنەرو بەرێوەبەری سەرۆکایەتی نەتەوەیی سەرۆک ئاپۆیە. بۆیە ئەوەی بێت‌و لەسەر حسابی سڕینەوەی خۆی بەسەرۆک ئیعلان بکات بەکارێکی سادەی نازانین‌و بەئاسانی وەری ناگرین).

ئەم گوتــانەی پــارێزەری بەرژەوەنــدییەکانی خــانەوادەی ئــۆجەلان دەکــرێ بەم شــێوەیە تەفسیر بکرێ.

-ئەوان هێنــدە لەپــرس‌و هەڵکەوتنــی ســەرکردایەتی لەنــاو کــوردا دەترســن کەئامــادەن شەڕیشی لەسەر بکەن‌و شتی وا بە (ئاسانی وەرنەگرن).

-ئەوان خۆیان بەخاوەنی هەرێمی کوردستانیش دەزانن تا ئەو ئەندازەیەی پێیان قبوڵا نەبێ خەڵکەکەی حکومەتی هەرێم‌و سەرۆکی هەرێمی خۆیانیان هەبێ کەلەسەر بنەمای زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی رابەر لەم دەڤەرەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بۆتە سەرۆکی هەرێم.

-ئەوان کە بەهۆی سەرگەرمییان بەپرسی سەرۆکی نەتەوەییەوە پۆستی (سەرۆکی هەرێم)یان لێ ببێتە پیلانێک بۆ سڕینەوەی سەرۆکایەتیو ئاوەها بەهەڵەو چەوتی لەمەسەلەکان تێبگەن ئەبێ چۆن لەمەسەلەکانی تر گەیشتبن؟!

مەعلومە وا لێیتێگەیشتوون بۆیە وای پێیگەیشتوون:

-پێیان وایە چەمکی سەرۆکی نەتەوەیی زانستی ئەتۆمییەو ئاپۆی ئەوان دایمەزراندووەو نوێنەرو بەڕێوەبەری بووە (پف!!).

بەموئامەرەی نێودەوڵەتی (ویستیان سەرۆکایەتی بێ تەئسیربکەنو لەمەرکەزی سەرۆکایەتی نەتەوەیی دایگرن).

-بۆیە ئەوان ئەمە (بەکارێکی سادەی نازانینو بەسادەیی وەری ناگرین).

لەسەر ئەم بنچینەیە ئەم شەڕەیان بەهەرێمی کوردستان فرۆشت.

بەڵام دواجار سەرۆکی نەتەوەیی بەبڕیار نییە، بەتێکۆشانو...خۆراگرییە. دواجار ئەم گوتانەی PKK لەسەر سەرۆکو سەرۆکایەتیو ئاپۆیایەتی چ پەیوەندییەکیان بەپرسی کوردو گوتاری نەتەوەییەوە هەیە؟

(4)

**دەردی پەند وەرنەگرتن لەلای سەرکردایەتی** PKK

سیاسەتی ژیرو کارامە ئەو سیاسەتەیە کە پەندو ئەزموون لەواقیعی خۆیو لەواقیعی دەوروبەرو لەتەجرەبەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانەوە وەردەگرێ.

بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی بزووتنەوەی گەلان، مادامەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیین، لەهێڵە گشتییەکاندا لەیەک دەچن. بەڵێ لەتایبەتمەندێتیو لەوردەکارییدا جیاوازی هەر هەیەو دەبێ هەبێ، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کە بەدەست ڕێبەراتییەکی کارامەو لێوەشاوەوە بێت دەتوانێ لەئەدەبیاتی سیاسیی گەلانی ترو بەو پێیەش لەئەزموونی نێو واقیعی شۆڕشگێڕی ئەوان کەڵکو پەند وەربگرێو بتوانێ بیانخاتە خزمەت تاقیکردنەوەکانی خۆیەوەو ڕێگای سەرکەوتن کورت بکاتەوە. بەڵام چی لەگەڵ بزووتنەوەیەک دەڵێی کە نەک کەڵکی لەئەزموونی گەلان، بەڵکو لەهی گەلەکەی خۆی لەبەشو پارچەکانی تریش وەرنەگرتووەو وەکو ئەوان واقیعیانە بیرناکاتەوەو وەکو ئەوان تەنانەت کەڵک لەئەزموونی چەند پات بۆوەی خۆشی وەرناگرێ؟

بەداخەوە PKK لەئەدەبیاتو ڕاگەیاندنی خۆیدا خۆی وا نیشان دەدا کە زۆر نزیکو زۆر تێکەڵی سیاسەتەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینو ڕەوشی سیاسیی دونیای عەرەبە، کەچی هیچ کەڵکێکی لەئەزموونی بزووتنەوەی فەلەستینو پرسی یەکێتیی عەرەب لەبزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیدا وەرنەگرتووە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیش لەهەردوو ماوەی نێوان هەڵکشان‌و داکشانی چانسی خۆیـدا گیـرۆدەی واقیعـی سیاسـیی هەرێـمە بەدەوڵەت بووەکـان لەلایەک‌و خواسـتی یەکگرتنەوەی خاکی عەرەب لەلایەکی ترەوە، بوو.

زۆرجار مەیلی ناسیونالیستی بەسەر واقیعی سیاسیی‌و ئاڵۆزییەکانی دونیا عەرەبدا زاڵدەبوو. بگرە بەهۆی پرۆژەی یەکگرتنەوەی عەرەب‌و پرسی رزگارکردنی فەلەستین بەو جـۆرەی لەئەدەبیـاتی ناسیونالیـستی عەرەبـدا هـاتووە مـاوەیەکی زۆر مەسـەلەی دیموکراسـیی‌و ئـازادییە فەردییەکـانی ئینـسانی عەرەب لەنـاو وڵاتـانی عەرەبییـدا پێـشێلدەکرا. زۆرجـار بەهـۆی ئەم خیتـابە ناسیونالیـستییەوە پرسـی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە وڵاتانی عەرەبدا پشتگوێ دەخراو بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی حیسابیان بۆ نەدەکرد. هەمان ئەو شتەی کە PKK نە لەناو خۆی‌و نە لەناو بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی لەبـاکوورو نە لەنـاو سـەرجەم بـزووتنەوەی کوردایەتییـدا رەچاوی ناکات.

بەڵێ PKK لەناو هەیکەلی خۆیدا موسادەرەی ئیرادەی تـاکەکەس‌و هەمـوو ئازادییەکانی فەردی کوردی کردووە بەبیانووی مەسەلەی نەتەوەییەوە.

دەشـیەوێ هەمـان ئەو واقـیعەی خـۆی بەسـەر بـزووتنەوەی کـوردایەتی لەباشـووری رزگارکراویـشدا بـسەپێنێ پـاش ئەوەی بەپاکتـاوکردنی هێـزە سیاسـییەکانی تـر لەبـاکووری کوردسـتاندا ئەمەی بـۆ چـووە سـەرو وایکـرد کە بـزووتنەوەی کـورد لەبـاکوور پـاوانی سیاسـەتەکانی خـۆی بێـت کە سیاسـەتێکی تۆتالیتـاری، تونـدو تیـژەو سیاسـەتێکە وا لەپرسی نەتەوەیـی تێگەیـشتووە کە ئازادییەکانی تـاکەکەس جێـی تێیـدا نـابێتەوەو هەمـوو ئەنـدامێکی کۆمەڵی کوردی دیلی دەستی دیلەکەی ئیمرالیی دەکات.

PKK تێگەیشتنێکی چەوتی لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد هەیەو دەشیەوێ ئەو تێگەیـشتنە چەوتەی خۆشـی رەواج پـێبـدا. بەگـوێرەی سیاسـەتەکانی سـەرکردایەتی PKK کـوردایەتی جێـی ئـاوەدانکردنەوەی گونـدو خەسـتەخانەو قوتابخـانەو کـردنەوەی رێگـاوبـان‌و راکێـشانی کارەبـای تێـدا نـابێتەوە. واتـا لێـرەدا کـارکردن بـۆ کـوردایەتی لەکـارکردن بـۆ گەشەپێدانی کوردەواری جیادەبێتەوە. جا ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەهەندێک جاردا ناچار دەبێ کاری توندوتیژی ئەنجام بدا، داخۆ PKK چ پاساوێکی هەیە بۆ کاری تونـدوتیـژ لەکوردستانی ئازاددا؟ چ پاساوێکی هەیە بۆ تێکدانی گوندو تەقاندنەوەی پردەکان‌و چاندنی مین لەرێگای هاتوچۆی خەڵک‌و رێگرتن لەجووتیاران کە لەسـەر زەوی‌و ماڵاو حاڵی خۆیـان زێدی خۆیان ئاوەدانبکەنەوە. لەراستیدا شەڕی داسەپاوی PKK بەسەر ی.ن.ک و حکومەتی هەرێمدا لەرەهەندێکیدا شەڕی نێوان دوو تێگەیشتنە لەپرسی نەتەوەیی، تێگەیشتنێک پرسی نەتەوەیـی لای وی هاوشـانی گەشـەپێدانی کوردەواری‌و ئـاوەدانکردنەوەیەتی‌و تێگەیـشتنێکی

تریشیان تێگەیشتنێکە کە پرسی نەتەوەیی هاوتا دەکات بەماناکانی توندوتیژیو کوشتنی گیانی ئاواکردنەوەو بنیاتنانو ئاودیوکردنی ئارەزووی دیموکراسیو ئازادییەکانی ئینسان.

بەم جۆرە PKK هەمان هەڵەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەدونیای عەرەبدا دووپاتدەکاتەوە کە:

-واقیعی سیاسیی ناوچەکەو مەسەلەی دابەشبوونی نەتەوەییو دەرکەوتەکانی رەچاوناکات.

-دیموکراسیو ئازادییەکانی ئنیسان پێشێلدەکات.

-لەخیتابی سیاسییو بەرنامەی کاری خۆیدا پرسی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی کۆمەڵا، فەرامۆش دەکات.

لەوەش زیاتر ئەو ئاژاوەو گێژاوەی تەواجدی PKK لەباشووری ئازادکراودا دەینێتەوە هەمان ئەو ئاژاوەو گێژاوەیە کە بوونی هەندێک لەگروپو هێزەکانی بزووتنەوەی فەلەستین لەئوردنو لە لوبنان، لەسەردەمی خۆیدا، ناویانەوە. رەوشی دەستێوەردانی گروپەکانی فەلەستین لەکاروباری ئوردن تا ئەو رادەی هێندەی چاویان لەلابردنی حوکمی پادشایی هاشمی بێت، هێندە چاویان لەرزگارکردنی فەلەستین نەبێت، هەمان ئەو رەوشەیە کە سەرکردایەتی PKK چەند ساڵێکە لەباشووری رزگارکراو دەیکات. PKK هێندەی چاوی لەحوکمڕانیکردنیا باشووره هێنده چاوی لەرزگارکردنی باکوور (کوردستانی تورکیا) نییە!

کاتی خۆی هێندێک لە گروپەکانی فەلەستین رەوشی لوبنانیان لەخۆیانو لە لوبنانییەکان وا تێکدا کە ئیسرائیل هەتا بەیروت هاتو عەرەفاتو بزووتنەوەکەشی ئاوارەی تونس بوون. رەوشی ئوردن شەڕەکانی ئەیلولی ساڵی حەفتای لێکەوتەوە کە مایەی حوزنو ماتەم بوو بۆ عەرەب چ لەئوردنو چ لەناو فەلەستینییەکانو چ بۆ تێکڕای نەتەوەی عەرەب. رەوشی لوبنانیش وا تێکچوو کە ئێستا وەکو"پرسی باڵکان"و چەمکی "بەباڵکان بوون" دەبینی هەر وڵاتێک شەڕو ئاژاوەی تێدابێو دەستی دەرەوەشی لەپشتەوە بێ ئەوا پێی دەگوترێ "بە لوبنانیکردن".

ئایا PKK چاوی لەوەیە تراژیدیای خێوەتگاکانی فەلەستین لەئوردنو لە لوبنان دووبارە ببێتەوە؟ چاوی لەوەیە بەناوی پرسی نەتەوەییو کوردستانی یەکپارچەوە رەوشی باشوور تێکبدا وەکو چۆن بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبو گروپەکانی فەلەستین رەوشی ئوردنو لوبنانیان تێکداو سەرەنجام چارەسەری کێشەی فەلەستینیشیان دواخست؟

بەداخەوە کە دەردی پەند وەرنەگرتنی دەردی سەرباری دەردانی PKKیە ئەگینا دەبوایە PKKو سەرکردایەتییەکەی لەخۆیان بپرسن (ئەی پرسی نەتەوەیی چەند تاوانت بەناوەوە کراوە؟) ساڵێکی زۆرە سەرکردایەتی PKK موزایەدەی کوردستانێتی بەسەر هێزەکانی باشوورەوە دەکات کەچی ئەوەتا خۆیان لە کۆنگرەی حەوتەمیاندا دەڵێن: "دەتوانین سوریا،

ئێـران، عیـراق ئیقنـاع بکەیـن.. خەتـی نوێمـان لەرووی سـتراتیژەوە لەخـزمەت ئەوانـدایە. یەکێتیی ئەوان پارچە ناکات..و لەمەودای دووردا لەقازانجی ئەواندایە".

ئەمە هەمـان ئەو مـوزایەدەیەیە کە هەنـدێک لەگروپەکـانی فەلەسـتین بەسـەر ئـوردن‌و لوبنانەوە کردیان کەچی دواتر خۆیان لەپشت ئەو دوو وڵاتەو لەپشت عەرەبەوە بەکەمترین شت لەئیسرائیلیەکان، رازی بوون..

دوا قسە باهی ئەنیس ئەلنەقاش شۆڕشگێڕی لوبنانی‌و خەباتکردووی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بێت کە بەم دواییە لە دیدارێکی ئەلجەزیرەدا دانی بەوە دانا کە: "بەداخەوە زۆر کـردەوەی سـەربازیی‌و شۆڕشـگێڕی بەنـاوی خزمەتکـردن بە بـزووتنەوەی فەلەستینیەوە کراو کەچی بۆ حیسابی دەوڵەتانی تر تەواو دەبوون‌و هیچ خێرێکی کێشەی فەلەستینی تێدا نەبوو".

ئەو رۆژەش دەبینین کە کادرە هەڵاتووەکانی PKK ئەوەمان بۆ روونـدەکەنەوە کام شت لەقازانجی دەوڵەتان بوو. ئەو رۆژەش دەردەکەوێ کە بگوترێ (ئەی مەسەلەی کوردستانێتی چەند تاوانت بەناوەوە ئەنجام دەدرێ؟).

*ئەم وتارە بەچوار ئەڵقە لەبەرواری (17-19-21-24/12/2000) لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

# هیچ پەندێکی لەرابردوو و رووداوەکانی*
# دوا دەیەی سەدەی رابردوو وەرنەگرتووە

بەمشێوەیە دەبێ گوزارشت لەدوا بەیاننامەی PKK بکرێت کە رۆژی 2000/1/4، واتا 3 رۆژ دوای ساڵو سەدەو هەزارەی تازە، دەریکردووە. بەیاننامەکەی کۆمیتەی ناوەندی PKK لە ژێــر ســەردێڕی "بــۆ گەلەکەمــان لە باشــووری کوردســتانو هێــزە نیــشتمانیو دیموکراتیخوازەکــان" وەک هەمــوو لێــدوانو گوتــارە سیاســییەکانی لەمەوپێــشی ســەرکردایەتییەکەی ئەو حــزبە پــڕە لەهەڵەی سیاسـی، هەڵـسەنگاندنی چەوتو ناڕاسـت. بەمانـایەکی تـر پـڕە لەو چەوتیـانەی حزبەکەیـان بەو دەردەبـرد کە هەمـووان دەیـزانن و سەرۆکەکەشیان بەو چارەنووسە برد کە هەمووان ئەفسوسی بۆ دەخۆن، چونکە هیچ نەبێ ئەوانە کوردن!.

بەیاننامەکەی PKK گوایە بۆ پێشوازی لەسەدەیەکی تازە دەرهاتووە بەڵام ڕێبازو تێفکـرینە سیاسـییەکەی دووپـاتکردنەوەی هەمـان نـاژیری کەلەمـاوەی سەدسـاڵی خەبـاتی کوردایەتیـدا نەتەوەی کـوردی تووشـی دەردی سـەری، سـەرگەردانی و شکـستو راپێچکردنـی ڕێبەرەکـانی بـۆ پایتەختەکـانی هەقـی کوردیـان خـواردووە، کردووە.

بەشێوەیەکی تر بەیاننامەکە (دەردە کورد)ی خۆبەزلزانینو کەس بەهیچ دانان، دەردی چەواشەکاری تووش هاتووە. بـۆ ئەوەی قسەکانمان رەوایـی خـۆی هەبێ بەکورتیش بێت ئاماژە بەچەنـد خـاڵێکی بەیانەکەیـان دەکەیـنو لەهەمـان کاتیـشدا هەڵوەسـتەی لە ئاسـتدا دەکەین. ئەو خاڵانەش ئەوانەن کە رای PKK بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەبڕن.

یەکەم: PKK ستراتیژێکی نوێی هەیە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیاو هەموو ناوچەکە کە ئەویش ئاشتییە.

دووەم: هــــەڕەشەی شەڕخوازان رووبەڕووی ئەم ستراتیژییە نوێیەی PKK بوونەتەوە.

سێیەم: یەکێتی (هێشتا) نەچۆتە شەڕەوە لە دژی PKK. واتا دەشێ بچێتە ئەو شەڕەوە.

چـوارەم: یەکێتـی دوای گرتنـی ئـۆجەلان، هەڵوێـستی وەرنەگـرت بەرامـبەر ئەوانەی دەیانەوێ، ئەم ستراتیژە نوێیەی PKK هەڵبوەشێننەوە، ئەمەش مانای وایە پارتی هەوڵ ئەدا

یەکێتی بکا بەگژ PKKدا! یەکێتیش لەبەر (مەرامی ڕۆژانە) نەبووە خاوەن هەڵوێستێک، بەڵکو دەیەوێ درەختی ژێرخۆی ببڕێتەوە.

پێنجەم: پێویستە هەموو هێزەکانی کوردستان بەو هەستیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن کە هێزی PKK هێزی سەرجەم گەلی کوردستانە، دژایەتیکردنی PKK واتای هێرشکردنە بۆ سەر گەلی کورد، بوونو بەهێزبوونی PKK واتای یارمەتی هەرە بنەڕەتی بۆ هەموو هێزە نیشتمانیو دیموکراتیخوازەکان دێت. ئۆجەلانو PKK زامنی ئازادی گەلەکەمانن..هتد.

ئەگەر قسە لەسەر ستراتیژی نوێی ئاشتییە، ئەوە هیچ نیشتمانپەروەرێک لۆمەی PKK ناکات کە ستراتیژێکی وا راستو دروست بگرێتەبەر، ئەگەرچی ئەگەر لەشێوازو کاتی ئاشتییەکە بپێچینەوە تێبینی ئەوەمان هەیە کە جارانو ئەوکاتەی ئۆجەلان ئازادو حزبەکەی کارتی سیاسی زۆرتری لەبەردەست بوو، چانسی ئاشتی لەبارتر بوو، هەروەک دەکرێ خیتابی سیاسی ئۆجەلانو حزبەکەی بەو ئاراستەیە بێت کە بەشێنەییو هەنگاو بەهەنگاو تێزو پێشنیازی نوێی ئاشتی بخرێتەڕوو، چونکە هەڵەکانی کە لەهەڵپەی (ئاشتی) دەکەوێتەوە هیچی کەمتر نابێت لەهەڵەکانی هەڵپەی شەڕو توندکردنی ململانێ. لەراستیشدا ئەوە بەتەنها رای ئێمە نییە، بەڵکو ئەوە تێبینی چاودێرانی سیاسی کوردو دەرەوەشە، کە بوونی ئۆجەلان لەزیندانو ئەو پەلە پەلەکردنە لەکۆتایی هاتنی شەڕی چەکدار بەجۆرێک لەپاشەکشەی نابەجێو ملکەچ بوون دەخوێندرێتەوە. هەر ئەم ستراتیژە ئاشتییەی بۆنی شتی خوار ئاشتیشی لێدێت وا دەکات هەموو کوردێکی دڵسۆز خەمی لێ بخوات نەبادا ئەوە ستراتیژی رزگارکردنی کورد نەبێت بەڵکو ستراتیژی رزگارکردنی تاکەکەسێک بێت لەهەلومەرجێکی نادیاری ئەوتۆ کەپێشبینی ناکرێت رزگاری ببێت.

ئێمە تێناگەین بۆ دەبێ یەکێتی دژایەتی ستراتیژێکی ئاشتیخوازانە بکات کە گوایە بۆئەوەیە تورکو PKK ئاشت بکاتەوە؟ ئایا ئەگەر پرسی PKK، بەئاشتی تەواو بێت چ زیانێک لە یەکێتی دەدا؟ یان بەپێچەوانەوە ئاشتی PKKو تورکیا بەمانای کۆتایی هاتنی ئەو گرژییە دێت کە لەنێوان یەکێتیو ئەنقەرەدا، بەهۆی PKK-ەوە دروست بووبوو؟

ئەی ئەوە یەکێتی نەبوو لەزەمانی خوالێخۆشبوو ئۆزال-دا هەوڵیدا PKK ئەوە بکات کەئیمرۆ دەیکات، ئەی ئەوە ی.ن.ک نەبوو هەمیشە داوای ئاشتیو خەباتی سیاسی لەPKK دەکرد؟!.

یەکێتی لە روانگەی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی خۆیەوە زۆری لەسەر PKK چەشتو گێچەڵێکی زۆری پێکرا، ئێستا بۆ دەبێ لەترسی نەمانی ئەو گێچەڵەی کەزیانێکی زۆری لێداو شەڕێکی زۆری تووش کرد، بداتە پاڵ دوژمنانی PKKو شەڕی ستراتیژێکی ئاشتیخوازانە بکات، کە ئەگەر سەرکەوێ هەم کورد لە کوردستانی عیراقو هەم یەکێتی خۆشی گرفتەکانیان چارەسەر دەبێتو چیتر ئەنقەرە لەسەر وان یەخەمان پێ ناگرێت.

کەس نازانێت PKK بەکام پێوەرو لەسەر بنەمای چ زانیارییەک ئەو هەموو درۆو بوختانانە لەدژی یەکێتی دەکاتو تەخمینی سیاسەتی داهاتووی ئەو حزبەش دەکات کە گوایە دەکەوێتە داوی پارتیو بۆ (مەرامی رۆژانە) داری ژێرخۆی دەبڕێتەوە؟

هیچ پێوەرێک بۆ ئەوە نییە جگە لە پێوەری سپڵەیی سیاسیو پێوەری خۆبەزلزانین. پێوەری سپڵەیی ئەوەیە تۆمەت بخەیتە پاڵ ئەوانەی کە لەسەر تۆو سیاسەتەکانی تۆ تووشی دەردی سەری هاتن. خۆ بەزلزانیش ئەوەیە کە پێت وابێت هێندە زلو گەورەی هێزە نیشتمانییەکانی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ ئیشوکاری نییە جگە لەوەی پیلان لەدژی ستراتیژە بێسەروبەرەکەی تۆ بگێڕێت، وەک بڵێی ئەو ستراتیژە هێندە نایابە کە خەڵک یەکێتی لەسەر دنەبداتو داوای لێ بکات لەدژی رابێت.

یاخود مەسەلەکە تاکڕەویو لەخۆباییبوونە کە هەر ئەمەش ئەسڵی مەقسەدیانە؟

(دەردە کورد)ی دێرین خۆبەزلزانینو کاغەزی کەس نەخوێندنەوەیە، ئەگینا یانی چی کە حزبێک لەوپەڕی لاوازی خۆیدا لەجیاتی ئەوەی داوای کۆمەکو هاوکاری لەهێزو لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپان بکات بچێت قاوەیان بۆ بگرێتەوەو پێشبینی ئەوەیان بۆ بکات شەڕی ئەو بکەنو (داری ژێر خۆیان ببڕنەوە)؟ (PKK) لەروانگەی سیاسیەتی چەوتی خۆیەوە لەسیاسەتی لایەنەکانی تر دەڕوانێ، بۆیە پێی وایە یەکێتی-یش وەکو ئەوان ناژیرانەو ناهۆشیارنە (داری ژێرخۆی دەبڕێتەوە).

ئایا ئەمە سپڵەیی سیاسیو خۆبەزلزانین نییە کە (PKK) هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی یەکێتی لەبەرچاو نەگرێو تەنها چاوی لەوە بێت کوردو یەکێتی لە هەموو هەنگاوێکی راستو چەوت، توندڕۆو شلڕۆدا دوایان بکەونو ئەشهەدو مابیلایان بۆ بکەن؟

ئەی خۆ بەزلزانین یانی چی جگە لەوەی کە سیاسەتو هەوڵەکانی هێزەکانی کوردایەتی پشتگوێ بخەیتو داوایان لێ بکەیت تەنهاو تەنها چاوەڕێی بڕیارە ملکەچ بووەکانی ئیمرالی بکەن؟

بۆ دەبێ سیاسەتی تێکۆشەرانی کوردایەتی لەسەردەمی هەڕەشەی ئۆجەلان لە تورکیا ئەوە بێت کە سەر بۆ هەڕەشەکانی بلەقێنو لەسەردەمی پشی پشی بۆ تورکیا، لەپێناو رەهابوونی تاکە کەسیدا، ئەوە بێت کە چەپڵە بۆ هەموو ئاشتییەک لێ بدەن، با (ئاشتی ئیستسلام)یش بێت؟

بۆ دەبێ PKK وا لەمەسەلەکان تێبگات کەپشتگیریی پرسی کورد لەتورکیا مانای رەدوکەوتنی سیاسی بێت بۆ حزبەکەی ئەو؟.

نە شەڕتان شەڕەو نە ئاشتیشتان ئاشتی

بەم عەقڵەو بەو بەیاننامەشـەوە بچـنە نێـو هەزارەیەکـی تـازەوە ئاکـامەکەی لەوە باشـتر نابێت کە رەوشـی PKK-ی داهێزرانـدووە، سـەرەنجام دەبێ کوردەکان لەهەر کوێیەک بـن لەگەڵ یەکتردا سپڵەیی نەنوێنن‌و خۆیان لە کوردەکانی تر بەگەورەتر نەزانن.

بەداخەوە تـۆمەت هیچـی لـێ شـین نابێـت‌و بـاری گـلاو راسـت ناکـاتەوە، بـاری گـلاو بەسیاسەتی راست‌و دروست‌و بەخوێندنەوەی ئەوانی ترو هاوکێشەکانی تر راست دەکرێتەوە پـێش هەمـوو شـتێکیش دەبێـت بـزووتنەوەی رەوای کـوردایەتی لەهەڵەو چەوتییەکـانی حزبەکان جیابکرێتەوە.

*کوردستانی نوێ – رۆژی 28ی کانوونی دووەم لە ساڵی 2000دا.

# کەمێژوو دەنووسرێ!*

ئەم رۆژانەش تێـپەڕدەبن، ئەم رەوشـە ناخۆشـەی پیلانـی دوژمنـانی کـوردی لەپـشتە هەردەبڕێتەوە. ئەم تەشقەڵەیەی سەرلێشێواوان بەکوردی کوردستانی رزگارکراوی دەکەن، دوایی دێت، بەڵام ئەوەی تاهەتایە دەمێنێتەوە کوردو کوردستانەکەیەتی. ئەوەی لەدواییدا گـرەوەکە دەبـاتەوە ئەو فەرمـانبەرو کارمەنـدو جوتیـارو خەڵـکە لەخۆبـووردووەیە کەهەروا لەسـەر ئـاوەدانکردنەوەی نیـشتمانێکی ئـابلۆقەدراو بەردەوامـن‌و وا نـزیکەی 9 سـاڵی دوای راپەڕیـنە مێژووییەکەیـانەو بەخۆڕاگریـو سـەبری ئەیـوب‌و سـەبری ئینقلابییـەوە، بەرەنگـاری یەک لەدوای یەکی پیلانی سەرلێشێواوەکان دەبنەوە.

ئەم رۆژانەش تێـپەڕدەبن، وەلـێ ئەوەی دەمێنێـتەوە دیرۆکـی خەڵکـی خـۆڕاگری ئەم هەرێـمە ئـازادکراوەیە کەپێویـستی بەکـۆمەک‌و یـارمەتی هەمـوولایەکە، کەچـی لەجیـاتی کـۆمەک‌و پـشتیوانی بەئـارەزووی نادروسـت‌و داخـوازی نـاواقیعی بـارقورس دەکـرێ. ئەم رۆژانەش تێپەڕدەبن، بەڵام ئەوەی لەتۆماری سـەروەرییەکاندا دەنووسـرێ ئەوەیە کەخەڵکی ئەم هەرێمە تەنها خۆیان، بەحزب‌و بزاڤی کوردستانیانەی خۆیان شانیان دایەبەر ئەرکی پاراستنی رزگاری هەرێمەکەیان‌و هەروا بوژاندنەوەی دوای هەڵەبجەو ئەنفال‌و جینۆساید، ئەوەی لەدێـڕی کتێبەکـانی مێـژوودا دەنووسـرێ ئەوەیە کەلەم هەرێـمەدا زۆرکەس‌و لایەن هاتن‌وچوون‌و گوتیان ئێمە لەئێوە زیاترمان پێیەو هیچمان لێ‌نەدین.

ئەم رەوشـە ناخۆشـەی پیلانـی دوژمنـانی کـوردی لەپـشتە هەر دەبـڕێتەوە، وەلـێ ئەوەی دەمێنێتەوە سەربەرزیی ئەوەیە کەخەڵکی ئەم دەڤەرە پەنجەو دەست‌و قاچی خۆیانیان کـردە قوربانیی پاککردنەوەی نیشتمان لەمین‌و لەتەقینەوە. کەچی لەناودا حزبی کوردیی وا هەبوون بەیانناموو قسەی زلی کوردستانیانەیان دەرخوارد دەدایـن‌و ئامادەبوون سـەدان هەزار دۆلار بـدەنە دەزگـای پروپاگەنـدەی وەک (میـدیاTV)و کەچـی ئامـادەنەبوون دینـارێکی تەزویـر لەمنـداڵێکی ئـاوارەی کەرکـوک خەرج بـکەن. ئامـادەبوون سـەدان منـداڵی کـورد بـدزن‌و رەوانەی ئۆردوگـا سـەربازییەکانیان بـکەن، کەچـی ئامادەنەبوون یەک لیتـر نەوت بـۆ شـەوە ساردوسڕەکانی سەرەتای دوای راپەڕین پەیدا بکەن.

ئەم تەشـقەڵەیەش دوایـی دێـت، بەڵام ئەوەی دەمێنێـتەوە سـەروەری ئەو ی.ن.ک-ەیە کەخوێنی بۆ کوردستانییبوون داو قوربـانیی لەپێنـاودا پێشکەشکرد. کەچـی لەناومانـدا حزبـی واهەبوو لەسەر ورگی هەرێمەکەمان دەژیاو پیلانی لێدەگێڕا. ئەم شـەڕەش تەواودەبێ، بەڵام

ئەوەی دەنووسرێتەوە ڕیزەی خوێندنگەی دروستکراو، نەخۆشخانەی ئاواکراو، کارگەری بەگەڕخراو، کارەبای تازەی بۆ گوند ڕاکێشراوە، نەک ژمارەی بەیاننامەی دەرکراو، ژمارەی چاپی کتێبی (سەرۆک پەرستی)و ژمارەی تەقێنراوی TNT.

ئەم ڕۆژە ناخۆشانەش دەبڕێنەوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە هەڵوێستی ئەو مامۆستا سەربەرزانەیە کەسەریان بۆ مووچە نەوی نەکردو لێنەگەڕان نەخوێندەواری باڵی ڕەشی بەسەر کوردستانی رزگارکراودا بکێشێ.

کەچی لەولاشەوە حزبی کوردیی واهەبوون (پاک)یان بۆ دورستدەکردین و پەرلەمان و حکومەتەکەمانیان بەدەستکردی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا!

سبەی مێژوو دەینووسێتەوە کە لەمێژوودا دیتراوە گەلان نیشتمانەکانیان رزگاردەکەن و بۆ دواجار لەسایەی ئاوەدانییدا دەحەسێنەوە. بەڵام نەدیتراوە کەمیللەتێک دەساڵ لەسایەی ئازادیدا تەحەمولی برا سەرلێشێواوەکانی بکاو ئەوانیش لەسەریەک خەنجەری غەدری لەپشتڕاکەن.

سبەی لەمێژوودا دەنووسرێ کەکوردستانییبوون تەنها بڵاوکردنەوەی کتێبۆک و کاسێتەکانی (سەرۆک)!و بوختانەکانی (میدیا TV) نییە. مێژوو دەنووسێ ئێوە چیتان بۆ خەڵکی ئەم دەڤەرە لێقەوماوە کردووەو لەکام لێقەومان و کۆڕەوو ئەنفال و هەڵەبجەیدا کۆمەککارو هاودەردبوون؟

سبەی مێژوو ئەوە دەنووسێتەوە نەک بوختان و درۆکانی عوسمان ئۆجەلان!

*کوردستانی نوێ – ژمارە (2322) لەڕۆژانی 2000/12/6دا.

# سەربەخۆیی کوردستان یان مینرێژکردنی؟*

گەلی کورد بۆ ئەوە دەستی دایە خەبات کە لەسایەی کوردستانێکی رزگاردا بەهێمنیو ئاسایش بژی. بۆ ئەوە قوربانیو شەهیدیدا تا لەسایەی وڵاتە ئازادەکەی خۆیدا بەئاوەدانیو خۆشگوزەرانی بژی. بەم مانایە بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆ پێشخستنو گەشەپێدانی کوردەواری هاتۆتەبوونو رەوایی خۆی وەرگرتووە.

خەباتی کوردایەتی لەکوردستانی عیراقدا کوردەوارییەکی ئازادی لێکەوتەوە کەچاوی لێیە لەسایەی حکومەتی خۆماڵییدا هەروا گەشەبکاو ئاوەدانیی زیاترو زیاتر بڵاوبێتەوەو بوژاندنەوە دوورترین گوندی دوورەدەست بەسەربکاتەوە. کەچی سەرکردایەتی PKK بەناوی خەباتی کوردایەتییەوە ژیان لەگەلی کورد تاڵ دەکاو ئاوەدانیی کوردەواری تێکدەدا.

کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK بەپێچەوانەی ئەوەی لەبزووتنەوەیەکی کوردایەتی چاوەڕێ دەکرێ جووتیارو گوندنشینان دەربەدەر دەکەنو لەزەویوزاری خۆیانیان دوور دەکەنەوە. ئەوانە بەناوی خەباتی چوارپارچەوە هەرەشە لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی ئازادکراو دەکەنو مین لەسەر رێی هاتوچۆی هاووڵاتیان دادەنێن. ئەوانە بەناوی تێکۆشانی نەتەوەییەوە سەرەڕێکانی سەرسنوور مینرێژ دەکەنو دەخوازن هاووڵاتیانی بێگوناەو سڤیلا بکەنە قوربانیی سەرلێشێواوی خۆیان.

ئەمە چ جۆرە کوردایەتییەکە کەتەشقەڵە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دروست دەکاو مین لەرێگای گەشەکردنی کوردەواری دادەنێت؟ ئەمە (کوردایەتییەکی) تەزویرو (خەباتێکی) بەزیوە.

ئەمە بزووتنەوەی (کوردستانێتی) ئاخر زەمانی ئۆجەلانییەکانە کەگوندنشینانی سەر سنووری بەشێکی کوردستان دەربەدەر دەکاو شوێنی راستەقینەی خەباتی خۆی لەبەشێکیتری کوردستان بەجێهێشتووە. ئەمە بزووتنەوەیەکی دژی ئاوەدانیو ئاوەدانکردنەوەیە. چونکە ئاوەدانی تێکدەداو ئاوایی خەڵکی داگیرکردووە. ئەمە خەباتو تێکۆشان نییە، ئەمە چەتەییو رێگرییە.. ئەمە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان نییە وەک جاران عەولا ئۆجەلانی خائینی گەورەی نەتەوەیی ئیدعای دەکرد، بەڵکو ئەمە مینرێژکردنی گوندو سەرەڕێی کوردستانی رزگارو تێکدانی ژیانو گوزەرانی ئاواییەکانە.

کوردایەتی ناونیشانی ئازادیو ئاوەدانییە، نەک دیلێتیو تێکدان.

*کوردستانی نوێ – ژ:2327 لە رۆژی 2000/12/12

# لە باکوور هیچ شتێک ئارام نییە

ئەمڕۆ کوردستانی باکوور دەبێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی سیاسیی سەخت لە نێوان دوو ئاراستە، بەڵام بە وردەکاری جیاوازەوە، ئاراستەیەکی تورکیایی، ئاراستەیەکی کوردستانیی. هەردوو ئاراستەش لەناو ئەو فەزا دیموکراسییەی تائێستا لەو وڵاتە خەملیوەوە ململانێ دەکەن، شەڕ لەسەر دەنگی دەنگدەرانی کورد زمانە و دەخوازن متمانەیان بەدەست بهێنن.

کورد و ئیسلامییەکانی تورکیا تا ساتەوەختی هاتنە سەر کاری پارتی داد و گەشەپێدان، هەردوو بندەستی دیموکراسیيە "ناتەواوەکەی" تورکیا بوون، دیموکراسییەک خۆشی بە کورد و زەوقیشی بەو ئیسلامییانە نەدەهات کە پەیژەی دیموکراسی بۆ پێشێلی عەلمانی بەکاردێنن.

دیموکراسییەکەی تورکیا تا هاتنە مەیدانی داد و گەشەپێدان، دراوێکی دوو دیو بوو: عەلمانییەکی سەربازی و کەمالیزمێکی کورد ڕەتکەرەوە.

داد و گەشەپێدان لەسەر داروپەردووی تەلارێکی سیاسیی گەندەڵ کە نە حوکمڕانی چاک و پاکی پێدابین دەکرا و نە ڕاستی کوردیشی دەخستە سەر ڕاستەڕێ، دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەو ڕۆژەوە بندەستیی ئیسلامییەکان کۆتایی پێهات، لێ هێشتا بندەستیی کورد چیرۆکێکی خەمبارە.

داد و گەشەپێدان دەڵێ وا وردە وردە کۆت و زنجیری بندەستیی کوردیش دەکەمەوە.

دەتەپە "پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات" ئێژێ داد و گەشەپێدان یان بە نـاوی لابردنـی کەلەپچەی دەستی کورد ئەڵقەی زیاتـری لێ دەبەستێ یـان هێندە پرۆسەکەی خـاوە دەستی کـورد داڕزا و قـفڵی زنجیری ژەنگی گرت و هێشتا داد و گەشەپێدان کلیلی ژەنگاوی لە گیرفان دەرنەهێناوە.

ئەمە جەوهەری ململانێ دیموکراسییەکەی ئەمڕۆیە کە بە ناونیشانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان خۆی نمایش دەکات.

"داد و گەشەپێدان" بە خاو و خلیچکیش بێت هەنگاو بۆ لای کورد دەنێت، بۆ ئەمەش دڵ و دەنگی کوردی گەرەکە. گوایە (DTP) ڕێی دیاریکەری لێگرتووە و pkk ش ڕێی چارەسەری پرسی کوردی پێنادات.

پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش کوردانە دەڵێ ئەگەر من پەرژینێکی بەهێزی کورد نەبم کەس نییە پاڵ بە (AKP)وە بنێت شت بۆ کورد بکات، بۆیە ئەمیش کوردە و خۆی بە هەقدارتر دەزانێت کە دەنگی کوردەکەی لەگەڵ بێت.

ئەم شەڕە هەروا شەڕێکی ئاسایی نێوان کوردستانییەکی ڕەتکەرەوەی چوارچێوەی تورکیا و تورکیاییەکی ڕەتکەرەوەی ڕاستی کورد نییە، کوردستانێتییەکەی ئەحمەد تورک بۆ ماف و یەکسانی و برایەتییە لە چوارچێوەی تورکیا، تورکیاییەکەی عەبدوڵڵا گویل و ڕەجەب تەیب ئۆردوگانیش کەمالیزمی بنکۆڵ کردووە و دەخوازێ جێگاکەی بە کورد پڕبکاتەوە، لەبەرئەوە ململانێکە دوو سەنگەری دژە بە یەک و لە هەمانکاتدا نزیک بە یەکیشە، بۆیە گۆڕەپانی کوردستان گەرمە و هەردوولا شەڕی لەسەر دەکەن. ئەگەر (akt) وەک شەپۆلێکی نا نەتەوەیی– ئیسلامگەرا زیاتر لە پرسی کورد نزیک بێتەوە دوور نییە، پێشتریش نووسیومە، ململانێکەی لەگەڵ (dtp)ە وەکو شەپۆلێکی نەتەوەیی دیموکراتیخوازی کورد، شقڵ و شێوەی ململانێی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عیراق لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووی عیراق لەخۆ بگرێت کە هەردووکیان شەڕی سیاسییان بوو لەسەر کەمەندکێشکردنی دڵ و دەروونی کوردستانییانی عیراق. ئەو ململانێیە سیاسییەی جارانی کوردستانی باشوور ڕێگر نەبوو لەوەی هەندێکجار کوردایەتی و شەپۆلی چەپی عیراقی هاوپەیمانیش بن، بەتایبەتی لە بەردەم تەیاری عروبی ئەو سەردەمەدا.

جا پرسیار لێرە ئەوەیە ململانێی نێوان (akp) و (dtp) دەرفەت بۆ جۆرێک لە هاوپەیمانێتی دەکاتەوە، هیچ نەبێ لە بەرامبەر ئەو هێزە کەمالیستانەی وەکو عروبە هیچیان پێ نییە نە بۆ موسڵمانە میانڕەوەکان و نە بۆ کوردە بێبەشکراوەکان. یاخوا سەد عەلمانیی کەمالیزم ببێتە قوربانیی یەک میانڕەوی ئیسلامیی ئەگەر لا لە بێبەشی کورد بکاتەوە!

وردەکارییەکی تریش لە ململانێکانی هەڵبژاردنی ئەمڕۆی تورکیادا هەیە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی هاوکارمان مامەند ڕۆژە کە لە گۆڤاری هەفتانە، لە ژمارە (39)دا بڵاوبۆتەوە، داد و گەشەپێدان لە شارەوانییەکاندا خزمەتی باشتری کردووە تا خزمەتەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات. یانی "هەڤاڵ" ئەحمەد تورک لەم ململانێیەدا بەلای کوردایەتییدا دەیشکێنێتەوە و خوازیاری دەنگدەری کوردستانە و "برامان" ئۆردوگانیش زیاتر بەلای خزمەتگوزارییدا بایەدا و ئومێدی بە هاوڵاتیانی کوردستانە دەنگی بۆ بدەن.

ڕاستییەکەی کوردایەتی بە خزمەتگوزارییەوە خۆشە و خزمەتگوزاری دەوڵەتیش بێ داننان بە ناسنامەی کوردایەتی گرفتدارە، یانی جێی خۆی دەگرێ، بەڵام جێیەکی لەق!

کەواتا با چاوەڕێی بە دیهاتنی ئەو دروشمە بین: دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە و دەنگی کوردایەتیش بە ورگی تێرەوە دلێرە!

# دەتەپە و تورکیا

هەمیشە خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان دوو ناکۆکدا.

ئەمە ئامۆژگاری نییە بۆ پارتەکەی بەڕێز ئەحمەد تورک، پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات، کە میوانی باشوورن، ئامۆژگاری لە ڕۆژنامەنووس ناوەشێتەوە، لە باشترین حاڵدا شرۆڤەکردن یان پێشنیازی لە دەست دێت.

پێموایە دەتەپە و "داد و گەشەپێدان" پێویستییان بە جۆرێک لێکگەیشتنە، بەتایبەتی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا

دەگێڕنەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان گوتویەتی: لە بواری وەرزشدا من هانی تیپی فوتبۆڵی گەلەتە سەرای دەدەم و خانم تانسوو چیلەر، سەرۆک وەزیران لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەویش هانی هەمان تیپ دەدات، یانی لە نێوان ئۆجەلان و چیلەریشدا هەر خاڵی هاوبەش هەبووە، جا ئەگەر ئەو دەمی زەمینەی ئاشتی لەباربوایە لەوانە بوو یاریگایەکی "گەلەتە سەرای" شوێنی پێکگەیشتنی دوو ناکۆک بوایە.

ئێستا پێناچێ دەتەپە و ئەک پارتسی کاتیان بە دەستەوە مابێت بۆ هاندانی "گەلەتە سەرای"، بەتایبەتی لەسەرقاڵی بە تەگبیرەکانی هەڵبژاردنی داهاتووەوە. هەموویان خولیای هاندانی دەنگدەرانن کە دەنگ بۆ تیپەکەی خۆیان بدەن.

زەمەنەکە گۆڕاوە، بەڵام ڕۆحی وەرزشی هەر وەکو خۆیەتی، ئەمڕۆ تورکیا زیاتر لە جاران، پێویستی بە گێمێکی یاریکردن هەیە جا با گۆڕەپانەکە یاریگایەکی دیاربەکریش بێت، ئەو شوێنەی هەردوولا شەڕی هەڵبژاردنی لەسەر دەکەن.

سەیرکەن:

"دەتەپە" حزبی سیاسیی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردە لە تورکیا، "ئەک پارتسی"یش حزبی سەرتاسەری میانڕەوییە لەو وڵاتەدا. هەردوولا بنکەی جەماوەرییان لە کوردستانی تورکیا هەیە، شقلی ململانێی نێوانیان لە ململانێی نێوان کوردایەتی و تەیاری چەپی سەرتاسەری عیراق دەچێت لە پەنجاکانی کوردستانی عیراقدا: شەڕیانە لەسەر ناوچەکانی نفوز و پێویستیشیان بە یەکترییە لە بەرەنگاری نەیارە سیاسییەکانیاندا.

با لەبەرچاومان بێت کوردایەتی و چەپایەتی سەرتاسەری، کە گۆڕەپانی باشووریان هەڵدەسوڕاند، قازانجیان لەوەدابوو پێکەوە لە هەمبەر نەیارەکانیان، ناسیونالستی توندڕەوی عەرەبی، بووەستنەوە.

نابێ "دەتەپە" و "ئەک پارتسی" فشەیان بە بنکەی جەماوەریی یەکتری بێت کە تێکەڵەیەکە لە ناوچەی نفوزی کوردایەتی و موسڵمانێتییەکی میانڕەو.
لەجێی ئەوەی لە وزەی یەکتری بخۆن دەبێ خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە.
"داد" دەیەوێ کێشەی کورد چارە بکا، بۆ ئەمە پێویستی بە نوێنەرایەتییەکی کوردە قسەی لەگەڵدا بکات.
"دەتەپە"ش داوای چارەسەر دەکات، بۆ ئەمە میانڕەوی داد باشترە لە بان تورکەکان.
ئەگەر ئۆردوگان لە هەڵبژاردن ئەحمەد تورک بشکێنێ لەگەڵ کێ گفتوگۆ دەکا و ئەگەریش ئەحمەد تورک ئۆردوگان لە دیاربەکر بکاتە دەرەوە سەرەنجام لە ئەنقەرە کێ لەگەڵی دادەنیشێت؟
مەسەلەکە مەکەنە کوردە ناموسە، بەشی یەکتری تێدا بهێڵنەوە کە دوای ململانێی هەڵبژاردن قۆناغی ئاشتی تێت.

# سەتەلایتی کوردی لە تورکیا

پرسیاری فەرهەنگی گرنگ لە بەردەم ڕووناکبیرانی کوردی تورکیادا ئەمەیە کە چۆن کەڵک لە کەناڵی دەوڵەتی (TRT 6) وەربگرن و بیکەنە کەناڵێک بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی کوردی؟ چۆن وای لێبکەن بە قازانجی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری و گەشەپێدانی ناسنامەی کوردبوون لە باکوور بیخەنە گەڕ؟

ڕەتکردنەوەی سیاسیی بۆ ئەو کەناڵە ئاسانە، تۆمەتبارکردنی کەناڵەکە بەوەی سیاسەتی دەوڵەتی تورک لە دژی کورد جێبەجێ دەکات تۆمەتێکی حازر بەدەستە و بۆ هەموو کاتێک دەست دەدات. هەرکەس بیەوێت دەتوانێت بایکۆتی ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی تورک بکات بە ناونیشانی ئەوەی بۆ "سیاسەتی تورکە"، بەڵام ئایا هیچ دەوڵەتێک، ڕەوتێکی سیاسیی و هیچ کارەکتەرێک هەنگاوێک دەنێت بێ ئەوەی مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە بێت؟!

بێگومان ئەم سیاسەتەی حکومەتی ئۆردوگان بۆ تورکیایە، بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ ئەمە سیاسەتێکی نوێ نییە کە سیاسەتی نزیکبوونەوەیە لە چارەسەری مەسەلەی کورد. مەگەر ئەوەش ئامانجی کوردایەتی نییە کە تورکیا بێتە سەرباری نزیکبوونەوە، با لە هەنگاوێکی وەک کردنەوەی سەتەلایتیش بێت.

(TRT 6) بەردی بناغەی دانپیانانی تورکیایە بە نەتەوەی کورد و یەکەم ناساندنی ڕەسمییە. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی دەستەبژێری سیاسیی و ڕووناکبیری کورد لە تورکیا چۆن مامەڵەیەکی بونیاتنەرانە لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییەدا دەکات؟ بە بایکۆت یان بە نزیککەوتنەوە لە پێناو کارتێکردن و بردنی بە ئاراستەیەکی خێر و چاکدا؟

ڕەنگە نەیارەکانی ئەم هەنگاوە نموونە بە تەلەفزیۆنی کوردی عیراق بهێننەوە کە "تەلەفزیۆنی کەرکوک" بوو، بەڵام کێ دەڵێ ئەو تەلەفزیۆنەی بۆ پڕوپاگەندەی دەوڵەتی تەرخانکرابوو لەکاتی خۆیدا نەبووە مایەی گەشەپێدانی فەرهەنگ و هونەری کوردی؟

بەتایبەتی ئەو کاتانەی بەڕێوەبردنی بواری ڕۆشنبیری لە دەوڵەتێکی "ئیشتراکی"! وەکو عیراق تێچوویەکی زۆری دەویست و میدیا لە دەست دەوڵەت بوو نەک کەرتی تایبەت.

ئەگەر تەلەفزیۆنێکی کوردی لە سایەی دەوڵەتێکی تۆتالیتاریدا خێری بۆ کورد دابێتەوە بۆچی سەتەلایتێکی کوردی لە سایەی دەوڵەتێکی دیموکراسی وەکو تورکیادا خێر ناداتەوە؟

هەموو دەزانین دیموکراسیی تورکیا لەچاو ناوچەکەی خۆی هەنگاوی باشی بڕیوە و کەموکوڕییە هەرە گەورەکەی ئەوەیە جێی کوردی تێدا نەبۆتەوە، جا ئێستا کە دەوڵەت

دەیـەوێ هـەنگـاو بـۆ جێکردنـەوەی کـورد هـەڵبگرێـت کـاتی خۆیـەتـی کـورد بـێ دوودڵـی بیقۆزێتەوە.

کورد تەلەفزیۆنی زۆرە، ڕاستە، بەڵام تەلەفزیۆنێکی دەوڵەتی مانای دانپیانانـە بـە کـەلتـوور و زمانی نەتەوەیی کورد، یانی دانپیانانە بە نەتەوەی کورد.

شتێک کە چەندین دەیەیـە تورکیـا نکـۆڵی لێـدەکـا و ئێـستا عـەبـدوڵڵا گویـل و ئۆردوگـان ئازایانە ئاشکرای دەکەن.

# سەکۆی کورد و تورک

گفتوگۆی نێوان کوردستان و تورکیا لە هەولێر هەنگاوێکی باشبوو، هی نێوان کورد و تورک بوو، بەڵام دەشێ ئەم وشە فارسییە، بە ڕەسەن عەرەبییە، گوزارشتی لێبکات: (جالب) بوو.

ئەم دەستپێشخەرییە سێ قۆڵییەی ئەبانت پلاتفۆرم، دەزگای موکریانی و زانکۆی سەلاحەددین دەرفەتێکی نوێی بە ڕووناکبیراندا لەگەڵ ڕوانینەکانی یەکتریدا، بە زەحمەتیشەوەبێت، رابێن.

دوو ڕۆژ لە دانیشتن دەستوپەنجە نەرمکردن بوو لەگەڵ دەستەواژە و و زاراوە جیاجیاکاندا: کوردستان و باکووری عیراق، (کێشەی کورد یان هاوڵاتیبوون لە تورکیا)، ئیسلامەتی هەردوو نەتەوە، ناسیۆنالیزم و کەرکوک و دیاربەکر و ئەستەمبوڵ لەو دەستەواژانە بوون کە لە نێوان مێزەکانی گفتوگۆ و مایکرۆفۆنەکاندا لە هاتوچۆدا بوون.

نەفەسی یەکەم: خۆلادان بوو لە دەستەواژە جێی ناکۆکەکان. ئەمە تەقەلایەکی دیپلۆماسی بوو بۆ هێشتنەوەی پردی گفتوگۆکە، چونکە سێبەری نارەسمی سیاسەت لە گفتوگۆی ڕووناکبیریشدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام نەفەسی دووەم بە زوویی خۆگونجاندن بوو لەگەڵ جیاوازییەکان: "چۆن بیر دەکەیتەوە وابڵێ، بەڵام بە ڕیتمێک کە میانەی نێوان لەم سمینارە و میانەی نێوان بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانیش لە بیرمەکە"، ئیتر ئەم نەفەسە توانی گفتوگۆکان هەم گەرم، هەم دەوڵەمەند و هەم هەندێکجار توندیش بکات بێ ئەوەی عەرەب گوتەنی (الاختلاف يفسد للود قضية).

لە باسی عەرەب و فارسدا ئەو باسەش دێتەپێش بۆ دەورانێکی گفتوگۆی فارس و کورد و عەرەب و کوردیش دەست پێنەکەین؟ لەگەڵ فارسیش پەیوەندییەکانمان بە قۆناغی هەڵکشان و داکشاندا تێپەڕیوە و فەزای حیوار ڕێگا بۆ لێکگەیشتنی باشتر دەکاتەوە، حەیفێ بۆ ئێران کە پێش تورکیا دۆستایەتی کردووە، لەم کاروانە بەڕێکەوتووە دوابکەوێت.

ئەمما عەرەب ئەوا باسیان جیاوازە. ئێمە لە عیراق لەگەڵیان دەژین کەچی بۆ هەر کێشەیەک دێتەپێش مەگەر ئەمریکا ناوبژیوان بێت دەنا بەو هەموو مێژووە پڕ ئازارەوە ئامادەنین کەمترین کێشە چارەسەر بکەن، ئێمە لە دەرەوەی دانوستاندنی ڕەسمی و (مفە حەیاتەکە)ش خولێکی درێژی گفتوگۆی ڕووناکبیریمان گەرەکە لەگەڵ ڕووناکبیرەکانی

عەرەبی عیراق و عەرەبی ئەمسەر و ئەوسەری ناوچەکە، هی عەرەبی عیراق پێویستترە، چونکە لەباری قانونی و سیاسییەوە تائێستا وا لەگەڵ ئەواندا دەگوزەرێنین.

دێمەوە سەر کورد و تورک.

ڕاستە نەخشە هەرێمی کوردستان و تورکیای لێکجیاکردووە، بەڵام قووڵایی مێژوو، بە گرفت و چاکەکانی، کەلتوور، بە لێکچوون و جیاوازییەکانی، کاریگەرییەکانی ئەمڕۆ، بە ئیجابی و سەلبییەکانییەوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا فیعلێکی هاوشێوەی هاوبەشێتی لە نەخشە و یەک قەوارەییدا هەبووە.

بۆیە ئەم سمینارە لەسەر زەمینێکی پێویست لە دایکبوو.

# ڕێگای ئەردۆگان بۆ پرسی کوردان

ئەگەر لەنیوەی ڕێدا هیلاکی و کۆششەکە نەپچڕێت مەسەلەی کوردی تورکیا باش چۆتە پێشەوە، هەموو توخمەکانی پێشکەوتنی ئامادەیە. حکومەتی دادو گەشەپێدان لەئەندازەی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی تورکیادا، خەریکە لەحزبی وەفدی میسری دەچێت، لەفەزای سیاسی میسری سەردەمی پادشاییدا. وەک خۆیان وەسفی دەکەن، وەفد حزبێکی میسری نەبوو، حزبی نەتەوەی میسر بوو وەک ئاماژەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەی میسرییەکان لەهەر دەرفەتێکی هەڵبژاردندا. سەردەی بیست و یەکەمین سەدەی حزبی دادو گەشەپێدانە، یانی بەحزبی دادو گەشەپێدانەوە دەستی پێکرد، حزبێک توانی تێکەڵەیەک لەنێوان ڕێڕەوی تورکیای مۆدێرن و ڕۆحی ئیسلامی، یان عوسمانێتی دروست بکات، یان هەردوو سەرەتاو کۆتایی سەدەی بیستەمی وڵاتەکەی پێکەوە گرێبدات. سەرکەوتنی ئەم حزبە لە دوو دەورەی پەرلەمانیدا دەرفەتی پێدا بەجورئەتەوە خاوەنداریێتی لەکێشە هەستیارەکانی تورکیا بکات، لەوانەش کێشەی کورد.

**دەستپێکێ خراپ**

دەورانی یەکەمی هەوڵی دادو گەشەپێدان بۆ گۆڕان لەتورکیا بەبابەتێکی خراپەوە دەستی پێکرد، دەستکاری دەستوور بەجۆرێک حیجاب و ڕوپۆشی خانمان ئیقرار بکات، لەم جەنگەدا حزبی ئەردۆگان شکستی خواردو بەرەنگاری لەگەڵ عەلمانییەکان کەوتەڕوو، ئەمە جەنگێکی دۆڕاو بوو کە تێیدا نە ئەوروپاو ئەمریکا جۆشیان بۆ پشتیوانی نەبوو، نەحزبە عەلمانییەکانیش. چاککردنی دۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵک لەلایەک و چاککردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەرو دراوسێکانی، یان ئەوی ڕاوێژکاری جاران و وەزیری ئێستای دەرەوە، ئەحمەد داود ئۆغلو، ناوی دەنێت (هێنانە سەر ساجی عەلی کێشەکان) هەموو ئەمانە کێرڤی حزبەکەیان بەرزکردەوە، بەڵام هیچیان دادی چارەسەری گرفتی ڕاستەقینەی نەدان: کێشەی کورد. ئەگەرچی بۆ حزبی دادو گەشەپێدان بوونە پەرژینی دەستڕەهایی لەهەنگاونان و سیاسەتکردندا. لە تورکیاش، وەک ئەورووپا، دەوری دووەمی حوکمڕانی هەمان حزب و هەمان سەرکردایەتی، دەرفەتی سیاسەتی بەهێزتر کردو دەستی ئەردۆگانی واڵاکرد لەگەڕان بەدوای چارەسەردا، سوپای نارده شەڕی PKK تا ئۆپۆزسیۆنە عەلمانییەکانی وڵات موزایەدەی بەسەرەوە نەکەن، ئینجا وتی: فەرموون! نەمووت

مەسـەلەکە بەتـۆپ و تەیارە چارەسـەر ناکرێت؟ بەمە سوپای رازیکـردو ڕێگای تەگبیـری سیاسی کردەوە، بەڵام وێنەکە هەمووی سافوبێگەرد نەبوو.

### دۆڕان ڕێگای بردنەوەی کردەوە

خـۆدزینەوە لەدیـداری نـوێنەرایەتی کـورد خەوشـی گەورەی هەنگـاوە جەریئەکـانی دادو گەشەپێدان بوو، بـۆیە لەچارەکی یەکەمی ڕێگادا دەستپێشخەریی ئەردۆگـان پەکی کەوت. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کەعادەتەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئیدارەو خزمەتگوزارییە، کەفالەتی ئەم مەسـەلەی کـرد. سـەرکەوتنەکانی دادو گەشـەپێدان پێویـستی بەدۆڕانێـک هەبـوو، تـا بەردەوامـی بەخـۆی بـدات، نوێنەرەکـانی کـورد لەحزبـی دەتەپە شـەڕە شـەڕە دیموکراسـییەکەی شارەوانییەکانیان کردە بۆنەی شـەڕی ناسنامەو سـەرکەوتن. ئەوانیش چمکی دەرگایەکیان کـردەوەو بەبـردنەوە لەدادو گەشـەپێدان بیانوویـان دایە دەسـت ئەردۆگـان تابڵێـت، بڵـێ بەعەلمانییەکـان و بەسـوپاش، (تەماشـا ئەمـانە لێمانیـان بـردەوە، چـونکە نـوێنەرایەتی کـورد دەکەن، دەبـا دانیـشین لەگەڵیـان). ئێستا کوردەکـان و مـسوڵمانەکانی دادو گەشـەپێدان کە لەوەتەی تورکیـای نـوێ سیاسـەت دەکـات بندەسـتن (وەک کـوردو شـیعەی عیـراق کە لەوەتەی عیراقـی نـوێ دەسـتبەکار بـوو بندەسـت بـوون) کەوتـوونەتە گفتوگـۆ و ئەوەی بە درەنگەوە لەم پەرەسەندنە تێدەگات قەومی و عەلمانییەکانە، ئەم درەنگ هاتنە سـەر خەتـی عەلمانییەکــان و ئەگەری هەر دوو دڵییەکــی کــورد لەنیەتەکــانی دادو گەشــەپێداندا، لەتوانایـدایە ئەردۆگانیش دوودڵ بکات و بەشێنەیی بەگ دابنێت. لەساڵانی نەوەدەکانەوە حـزبە تورکییەکـان جاڕنـامەی مافەکـانی کـورد بـڵاودەکەنەوەو لەناکـاو دەرکەوتێـک دێـتە پێشەوە، پرسەکە دوادەخات. هیچ جاڕنامەیەک وەک ئەمـی ئەردۆگان جددی نییە ئەگەر توخمێکی لە هێکرا تێکی نەدات. لە تورکیا دەستەواژەی (بکەری نادیار) هەیە، کە شتێکە لەبابەت (لیژنەی لێکۆڵینەوە) لەوڵاتانی دونیای سێدا، (بکەری نادیار) ئەو میوانی ناوەختـانەن تیرۆری سیاسی دەکەن و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، ئەمە زۆر تورکیای هەراسان کردووە، ئەوەی زیاتر ڕێگرە لە بەردەم خێـرو خۆشی یەکجارەکی میللەتـی تورکیا بەهەمـوو نەتەوەو نەوەکانییەوە بکەری نادیاری پڕۆژە ستراتیژییەکانی چارەسەرییە لەمەسەلەی کوردو لەهی دیکەشدا، ئەمە وەک بەڵای ناگەهان وایە، ریسەکە دەکاتەوە بەخـوری، ریسی ئـۆزاڵی وا لێکـرد. ئومێـد ئەوەیە هەلـومەرجی زۆر گـۆڕاوی تورکیـاو ئەو بـنکە جەمـاوەرییەی دادو گەشەپێدانی کردووەتە (حزبی وەفد)ی تورکیاو دەتەپەی کـردووەتە حزبـی ناسـنامەی کـورد، ببێــتە پەرژینــی تەواوکەری ڕێگــاکە. بەربەسـتی چارەسـەری کێـشەی کـورد ئەوەنـدەی بەربەستێکی سایکۆلۆژی سیاسییە، لەوەناچێت بەربەستێکی قـانونی بێت، چـونکە ئەگەر ئەو بەربەستە سایکۆلۆژییە هەڵبگیرێت دەستکاری قانوون و دەستووریش ئاسان دەبێت.

# ڕەگەزنامە*

لێسەندنەوەی ماف بە هەموو جۆرەکانییەوە ناخۆشە، بەڵام لێسەندنەوەی ناو و ناسنامە لوتکەی بێ مافی و بێدادییە، لە کورد بپرسن تامی ئەم بێ مافییەی لە دەمدا تاڵ و تفتە، کوردستان ناسنامەی وڵاتەکەیەتی کەچی ناوی جانەوەری لێ بنێن حەز ناکەن ناوی کوردستان بێنن. هەروا کچێک کە ناوی نەورۆزە بۆ دەبێت لەسەر سنوورەکان ئەزێت بدرێت کێ کڵپەی نەورۆزی پێ کز دەکرێت؟

ناسنامە سەندنەوەش شتێکە لەم بابەتە، دایک و باوکت و باپیرانت لەسەر خاکێک پەروەردەبوون، ڕژێمێکی سیاسیی دێت ناسنامەکەت لێوەردەگرێتەوە. تەمەنی هەر ڕژێمێک با کابینەی ڕۆژێک بێت یان بە عومری ئیمپراتۆرییەکان درێژ بێت هەر لە تەمەنی ئەو نیشتمان و خاکەی حوکمی دەکات کورتترە.

تورکیا پێش (46) ساڵ ڕەگەزنامەی تورکیایی لە شاعیری تورک نازیم حیکمەت سەندەوە. بەمە ویستی ئەم شاعیرە گەورەیە لە بەختەوەری مەحروم بکات، بەو ئیعتبارەی کەمالیزم دەڵێ "بەختەوەرە ئەو کەسەی دەڵێ تورکم".

هەفتەی ڕابردوو شتێکم لە بارەی "ژیان جوانە"وە نووسی کە فیلمێکی خەمناکە ئاماژەم بە بەختەوەری و گەشبینی نازیم حیکمەت کردبوو، لە بیرم چوو بنووسم ئەم شاعیرە پایەبەرزە خۆشی ڕۆمانێکی هەیە بە ناوێکی هاوشێوە "هاوڕێم ژیان جوانە".

نازم لە پۆلی (هاوڕێیان) بوو، دەگوترێ کەمال ئەتاتورک کە گوێی لە نەواری شیعری گرتووە بە خەفەتەوە وتویەتی: خۆزگە کۆمۆنیست نەبوایە.

بەمجۆرە شاعیرێک هەیە بێ ناسنامەی تورکبوون بەختەوەر بووە و ژیانی لاجوانە سەرکردەیەکیش هەبووە کە باوکی تورکەکانە لێ خەفەت بۆ کۆمۆنیستێکی بێ ناسنامە دەخوات.

بریا کەس کۆمۆنیست و کەسیش کەمالیست نەدەبوون، دەبوو چەند دەیە لە عومری مرۆڤایەتی لە فەوتان ڕزگاربوایە؟ بەو هۆیە کە مرۆڤ هەر ناو و ناسنامەی خوداکردەی لە باخەڵدا دەبوو دوور لە تەداروکاتی دەوڵەتی مۆدێرن و دەزگا و دایرەکانی نفوس!

بەڵام خۆ عیراق نە کۆمۆنیستی و نە کەمالیستیی بوو کە لە سەردەمی پادشاییدا د.جەعفەر محەمەد کەریم و حەمزە عەبدوڵڵا و دواتریش جەواهیری و بەیاتی لە ناسنامەی

عیراقی بوون بێبەشکران. هەریەک لەمانە ناسنامەیەکن بۆ هەر وڵاتێک بیەوێت پایەبڵندتربێت.

پاش (46) ساڵ نازیم حیکمەت دەبێتەوە پاشای وڵاتی خۆی و بۆ دواجار ناسنامەی سۆڤێتی دەخاتە لاوە کە دەوڵەتەکە خۆی لە مەیداندا نەما، ئەوی ئیعتباری بۆ نازیم گێڕایەوە حکومەتێکی میانڕەوە کە نە کۆمۆنیستە و نە کەمالیست. نە داعییە و نە مودەعی، جا ئەم دەوڵەتە وەکو ناسنامە دەداتەوە، با ناوی خەڵکیش بداتەوە و خەڵک و خاک بە ناوی خۆیانەوە، بۆ نموونە کوردستان، بناسێنێت.

# چارەی بکەن و ببڕێتەوە*

سبەینان هێشتا جانتاکەم نەکردۆتەوە، چەند فایلێک دەربهێنم و لەگەڵ هاوپیشەکانم کاری لەسەر بکەم، ڕێک راپۆرتە هەواڵێک یان ڕیپۆرتاژێکم لەبەردەم دادەنرێت، کرانەوەی تورکیا بەڕووی کورد، گویل وتی: خۆمان چارەسەری دەکەین، ئۆردوگان وتی: شڤان پەروەرو ئەحمەدی خانی چیتر ئەندامی PKK نین، وەک فزولّی شاعیر هەست و سۆزم دەجوولّێنن. ئێواران هێشتا لەگەڵ ستافی ئێوارە تازە قۆڵمان هەڵماڵیوە بۆ کارو کۆشش. لەپڕ چەند هەواڵ و راپۆرتم لەبەردەم دادەنرێت: گویل وتی: کێشەی کورد راستییەکە، ئۆجەلان نەخشەی ڕێگای هەیە، دەنیز بایکال بیروڕای خۆی لەسەر کورد دەڵێ و ئەحمەد دەنیزیش قسەی هەیە. کاک فریاد رواندزی گوتی: لەمیدیای تورکیادا بابەتگەلێکی زۆر زۆر لەسەر مەسەلەی کورد دەنووسرێت، لەوەسفەکەی واتێگەیشتم کە هێندە زۆر دەنووسرێت بەشی مەسەلەی کورد لەپارچەکانی تریش دەکات، بەمجۆرە لەهەمەوو لاوە مەسەلەی کوردی تورکیا گەمارۆی باسوخواسەکانی داوە. بۆیە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەست بەکاربکرێت، ئێمە خۆمان رۆژنامەنووسین، دەزانین شتێک زۆری لەسەر نووسراو وترا یان (أشبعة بحثاً و تحليلا) لەدەست دەردەچێت، بابەتێک لەدەست رۆژنامەنووسان دەستی دەستی پێکرا دۆسییەکەی چرچ دەبێ و حەرفەکانی کاڵدەبنەوە، هەر دوێنێش هەواڵەکان وتیان ساین ئابێ ئۆردوگان و برایەمەیە قەدرگران ئەحمەد تورک بەسەرۆکی پارتەکانیان هەڵبژێردرانەوە، یانی مردوو لەمە باشتر ناشۆردرێتەوە، خوا لەژیان و ئاوەدانی و ئازادی زیاترمان نزیک بخاتەوە. لەنیوەی یەکەمی نەوەدەکانەوە لەکوردستانی نوێ کاردەکەم، لەوکاتەوە دەبیستم و نووسراوی وەرگێڕدراو دەخوێنمەوە کە فڵان سیاسەتکارو فیسارە رۆژنامەو بەڕێز ناوبراو بەکوردی و بەتورکی وتیان دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. تەنانەت خانم هۆلیا ئەفشاری ئامۆژاشم کە هەشتاکان لەکەرکوک پێیان دەوت کچەکەی ماڤی ماقی، ئەویش نوتقی خۆیدا. بۆیە ئیتر کاتی گفتوگۆی جددییە، هی ئەوەیە ستوونووسەکان، پەیامنێرو رۆژنامەنووسەکان بکرێنە دەرەوەی قاعەکەوەو دانوستاندنێکی جدی دەست پێبکات، هەرکەسەو جانتای خۆی لەسەر مێز دابنێت و دوسێکانی بکاتەوەو (کورد مەسەلەسی) چارەسەر بکەن. زۆر باشە با ئێمەی رۆژنامەنووسان بچینەوە سەرکاری خۆمان، ئەم راپۆرتە چییە سەناریا خان؟ ئەم هەواڵە باسی چیدەکات کاک پۆلا؟ دیسانەوە ئینی تاس، ئینی حەمام: کاتی چارەی مەسەلەی کورد هاتووە.

*کوردستانی نوێ – ساڵی 2009

# ئەنقەرە و هەولێر، کەرکوکیش لەولا ترەوە

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پەیوەندییەکی تازە سەرهەڵداوە. دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991 ئەگەر قسەش لەسەر ئەوە بێت دەوڵەتان پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان دەبەستن، بۆ نزیک خستنەوەی بیرۆکەکە دەڵێین ئەم پرەنسیپە ڕێگر نەبووە لەوەی ئێران لە چەندین سەردەمی پادشایی و کۆماری ئیسلامیدا پەیوەندی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، چ لە چوارچێوەی یەک ئامانجی و چ لە چوارچێوەی دیفاکتۆشدا.ئێرانیش وەکو تورکیا کوردی هەیە کەچی ئەمە نەبۆتە بەربەست لە نزیکایەتی سەر زمینی واقیع.

لە ساڵی 1991ەوە تورکیا لەگەڵ واقیعی هەرێمێکدا ڕووبەڕوو بۆوە کە لە ڕژێمە نێوەندییەکەی دابڕاوە و دەوڵەتە گەورەکان لە هەرەشەی ئەو ڕژێمە دەیپارێزن، لە سەردەمی تورکۆت ئۆزالەوە کورد ئەو پەیوەندییەی دامەزراند، دوای مردنی ئۆزال پەیوەندییەکە پاشەکشێی کرد، بەڵام هەر ما، ماوەیەک قسەی تورکەکان لە سەر "فەراغی ئەمنی باکووری عیراق" بوو. دوای ئەوە بە ئاستی جیاجیا نێوانیان لەگەڵ دوو هێزی سەرەکی کوردستان پەرەپێدا، فاکتەری کورد لە تورکیا باعیسی دوو دڵی تورکیا بوو، لەو لاشەوە Pkk لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەت پەرەی بە چالاکی دەدا و ئەمەش فاکتێک بوو نە بە تورکیا و نە بە هەرێم ماڵی نەکرا.

پاشەکشێ و هاتنە پێشەوە خەسڵەتی پەیوەندییەکانی هەولێر — ئەنقەرە بوو. ئەمانە هیچیان ڕێگر نەبوو لەوەی تورکیا کوردی عیراق بە هاوکاری Pkk تۆمەتبار بکات.

لە هەمانکاتدا بۆ چاودێری دۆخی کوردستان تا لەوە زیاتر گەشە نەکات، تورکیا پێویستی بە مانەوەی پەیوەندی هەبوو، کوردیش بە هەموو ئازارەکانییەوە ئەم پەیوەندییەی درێژەپێدا.

دوای ڕووخانی سەددام فاکتەری نوێ هاتنە نێوانەوە، ڕۆڵی کورد لە بەغدا، بە ڕەسمیکردنی ئیدارەی کوردستان و ئینجا داوای کەرکوک لەلایەن کوردەوە:

-تورکیا ئیدارەی هەرێمی پێ قبوڵە بەم جوگرافیا ئیدارییەی ئێستاوە. هەندێکجار حەزی لێیە وەک ناوچەی نفوزی خۆی بیناسێنێ و سەرمایەگوزاری تێدابکات. هەندێک جاریش وەبیری دێتەوە ئەم هەرێمە کوردن و "کوردیش نە لە تورکیا و نە لە عیراق و نە لە ئەفەریقیا بوونیان نییە".

-تورکیا دەیەوێ بە هەڕەشە و بە نزیکایەتی، ڕۆڵی کورد لە کەرکوک ئیحتوا بکات. بۆ ئەمە عەرەب و ئیقلیم لە بەغدا و پایتەختە عەرەبییەکان دەخاتەگەڕ و لە کەرکوکیش دنەی تورکمانەکانی بەرەی تورکمانی دەدات.

سەردەمی گوڵ و ئۆردوگان ئەم هەموو دۆسێیانەی یەکلایی نەکردۆتەوە، بەڵام تورکیا بە شێنەیی دەجولێ و کوردەکانیش بەردی سەخت دەکۆڵن تا مەنزومەی فیکری و سیاسیی تورکیا دەگۆڕێت.

دوو لەو دۆسێیانە بۆ تورکیا بوونەتە شتی ئاسایی و جارێ زۆری ماوە لەوی کەرکوک پێشکەوتن بقەومێت.

لەم نێوەندەشدا:

فاکتەری کوردی تورکیا لە باریدایە هەموو شتێک تێکبدا ئەگەر تورک دان بە ناسنامە و مافی کرمانجەکاندا نەنێن و لە باریشیدایە ببێتە وێستگەیەکی ئیجابی ئەگەر ئەم ریتمە لە نزیکبوونەوە لە پرسی کوردی خۆولاتیان درێژە بکێش.

# سیاسەتێكی تازە

ئەو پێشنیازەی بەڕێز موراد قەرەیەڵان بەرپرسی پارتی كرێكارانی كوردستان بە وەرگۆڕانێكی گەورە دەزانم كە داوا دەكات گەریلاكانی چیا بەشێنەیی لە چوارچێوەی دامەزراوە سەربازییەكانی توركیادا شوێنێكی قانونی وەربگرن.

ئەو فەرماندە و سەركردەیەی PKK لە لێدوانێكدا بۆ فورات نیوز كە ڕۆژنامەی (ڕۆژی وڵات) لە ژمارە (208) لە ڕۆژی (2008/12/28) بڵاویكردۆتەوە پێشمەرج بۆ ئەم پێشنیازە دادەنێت كە دەڵێ: "بەر لە هەمـوو شتێك پێویستە كولتووری گەلی كورد، ناسنامە و مافەكانی لە دەستووری بنەڕەتیدا دەستەبەر بكرێن. ئەگەر ئەو هەنگاوانە نران ئەوا دەكرێ چەكدانانیش تاووتوێ بكرێت، بۆیە (چەوتە) كە یەكسەر داوای چەكدانان بكرێ، ئەوە بابەتێكە كە دەبێ گفتوگۆی لەسەر بكرێت. نەك گەریلاكان چەك دابنێن، بەڵكو لە چوارچێوەی هێزە سەربازییەكاندا ببن بە خاوەن قەوارەیەكی یاسایی".

ئەم داوایە داوایەكی ژیرانە و ڕێكوپێكە، ئاماژەیە بەوەی PKK ئامادەیە دەستبەرداری خەباتی چەكداریش بێت لەپێناو نزیكبوونەوە لە چارەسەری مەسەلەی كورد. ڕاستە زۆری ماوە توركیا pkk وەكو شەریكی چارەسەر وەربگرێت، بەڵام پێشنیازەكە دەستپێشخەرییەكە بۆ ئەو مەبەستە.

تێكەڵكردنی گەریلا لەگەڵ هێزی سوپایی توركیا لەمڕۆدا وەكو كۆمیدیایەك دێتە بەرچاو بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی زیاتر لە سی ساڵ شەڕی گەریلا و سوپای تورك بكەین كە تا ساتەوەختی لێدوانەكەی قەرەیەڵانیش درێژەی هەیە، بەڵام بۆ ئایندە ئەم باسە زۆر ئاسایی دەبێت وەختێك ئاشتی و چارەسەری پرسی كورد دەبێتە واقیعێكی بەرجەستە و ئەم چارەسەرەش بتوانێت لەگەڵ خۆیدا گۆڕان لە پێكهاتەی دامەزراوەكانی توركیا بەدیبێنێت

ئەمە ڕێك نموونەی پێشمەرگە و سوپای عیراقە لە ئەزموونی بزوتنەوەی كوردایەتی لە باشووری كوردستاندا. بەم نموونەیە و زۆر نموونەی تر كەڵك وەرگرتنی بەشەكانی كوردستان لە خەبات و تێكۆشانی یەكتری ڕاستی خۆی دووپات دەكاتەوە.

نموونەكە نموونەیەكی كوردستانیی بەرچاوە زیاتر لە نموونەی خەیاڵپڵاوی جاران، گوایە یەك بزوتنەوەی سەرتاسەریی كوردستانیمان هەبێت كە زیاتر لە ئارەزوویەكی ڕۆمانسی دەچوو تا ویستێكی شۆڕشگێڕی.

لە مۆدێلی باشووردا سوپای پێشمەرگە خەبات دەکات ببێتە بەشێک لە مەنزومەی دیفاعی عیراق تا هەم ئەرکی خۆی بەرامبەر عیراقی دیموکرات، فیدراڵ و یەکێتی ئارەزوومەندانە جێبەجێ بکات و هەمیش تاسەر پارێزەری کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکەکەی بێت.

ڕاستە ئەم مۆدێلە تووشی گرفتی لە بابەت پێکهەڵپژانی خانەقینیش دەبێت، بەڵام ئەو گرفتانە باجی تێکەڵبوونی دوو ئاڕاستەی ناکۆکن و سەرەنجام لە چارەسەرێکی مامناوەندیدا دەگیرسێنەوە.

درەنگ ئاسەواری ئەم مۆدێلەی باشوور دەرکەوت، بەڵام ڕاستەڕێی خۆی گرتووە. جێی خۆشحاڵییە هێزی "کوردستانەکان" سیاسەتێکی کوردستانیی ڕەچاو دەکەن و کەڵک لە ئەزموونی یەکتری دەبینن.

# سەرەتایەکی نوێ؟*

ڕووداوی جێ بایەخی هەفتەی ڕابردوو ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەنقەرە و بەغدا بوو، هیچ نەبێ بۆ ئەو هەفتەیە تیشکی میدیاکانی لە باسوخواسی ڕێککەوتنی نێوان عیـراق و ئەمەریکا سەندەوە. ئەم پەرەسـەندنە لە پەیوەنـدییەکان بە سـەردانی مـام جەلال سـەرکۆمار بـۆ تورکیـا لە بەهـاری ڕابـردوو دەسـتیپێکرد و بە سـەردانی ئۆردوگـان سـەرۆک وەزیرانـی تورکیا لە گەرمای تەمموز بۆ عیـراق کەوانەی تەگبیـری خـۆی تەواوکرد.کوردستانیش لەم پەرەسەندنە دوورنابێت.

پەیوەندییەکانی تورکیا و عیراق پەیوەندییەکی دوور و درێژ و کۆنن بە چاوپۆشین لەوەی جۆری حکومڕانی لە بەغدا چۆن بووە. سێ ویلایەتی پێکهێنەری قەوارەی وڵاتی نوێ پێشتر سـەر بە بـابی عـالی بـوون، تەگبیرەکـانی دوای جەنگـی یەکەمـی جیهـانی، عیراقـی کـردە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ و قەوارەی تورکیـای، لە چـاو جوگرافیـای دەوڵەتـی عوسـمانی، زۆر بچووک کردەوە.

**تورکیا لە دۆسێی عیراقدا**

هەردوو دەوڵەتـیش بـوونە "خـاوەنی " کێـشەی کـورد. گـۆڕینی ڕژێمەکـان لە عیـراق و "کودەتا و بژارەی دیموکراسیی" لە تورکیا ئەم خولیا هاوبەشـەی نەگـۆڕی. تـا نەوەدەکان کە دۆسـێی کـورد لە عیراقـدا قەبـارەکەی گەورە بـوو، بـۆیە تورکیـا ناچـار لەگەڵ ئەم دۆسـێیە کەوتە "مامەڵە و گوشارە"وە بۆ ئەوەی دۆسێیەکە تێکەڵ بە دۆسێی کوردەکانی خـۆی نەبێ. کورد بە کوردی و عیراق بە عەرەبی و تورکیا بە تورکی سیاسەتیان دەکرد، بەڵام ئابووریی و بازرگانی وەک مۆسیقا زمانێکی جیهانییە و بووە وەرگێڕی نێوان هەرسێ زمان.

ریتمـی سیاسـەت پێکـدادانی بە دواوە بـوو: تورکیـا لە دژی pkk لەسـەر سـنووری کوردستان، عیراق لە دژی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و کوردیش بۆ جێگیرکردنی قەوارەی فیـدراڵی، بەڵام ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی گـوێی بە ژیـنگەی نـاجۆری سیاسـیی نەدەدا و هەمیشە نەخشەی کەمەندکێشی هاوکاریی بوو.

تورکیا لە ئۆزالەوە بۆ ئۆردوگان گۆڕانی دراماتیکی و پاشەکشێی تراژیدی لەو گۆڕانەی بەخۆیەوە بینی، ئەوەی تەشی سیاسەت دەیریسا عەسکەر شیدەکردەوە، کەرکوک و pkk و فیدراڵی دەسکەلای دەستی عەسکەرە بۆ گوشار لەسەر ئۆردوگان – گول و بۆ بە لاڕێدا

بردنی ڕای گشتی تورکیا کە سەرەڕای خەمی بژێوی گوزەران یادەوەری ناسیۆنالیستی وەک دانـی گـورگە بۆرەکـان تیـژە و لـورە لـوری ئەم گورگـانەش کوردەکـانی هەردوو دیـوی کوردسـتانی وەئاگا هێنـاوەتەوە. لە نێو ئەم مینە چێنـراوەدا تاڵەبانی دەستپێشخەری کـرد و بەڕێی قەدبڕی نەخشەی چێنراوی هاوبەشی خۆی و ئۆزالدا ڕێیەکی ئاوەدانی پەیوەندیی بۆ ئۆردوگـان کـردەوە. ئەم ڕێـیە لە ئەنـقەرەوە بـۆ بەغـدایە، بەڵام هەردەبـێ دوور و نزیـک بە هەولێردا گوزەر بکات. لەم کەینوبەینە تازەیەشدا ئابووریی و بازرگانی هەر ئامادەیە، جا بـۆ نـا مـادام شـەڕەکان هەر بـۆ پـایەداری ئـابوورییە و سـەرەنجام دراوی بە کەڵـک (قـازانجی ئابووریی) دراوی بێ کەڵک (بۆمب و خومبارەی سوپا) لە کایەکە دەردەکات؟

**سێگۆشەی هاوکاریی**

سەردانی ئۆدوگان لە ژینگەیەکی نوێدا بوو بۆ هەردوو وڵات، دوا بەدوای ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیـا کە هەم کـوڵی دڵـی ئەوانی دامرکانـدەوە و هەمـیش بـێ ناکامی چارەسـەری سەربازی دەرخست، ئیتر دەرفەت لە بەردەم سیاسەتدا کرایەوە کە بێتەوە سەر شانۆ.

تاڵەبانی بەستەڵەکەکەی شکان و سەردانی ئەنقەرەی کرد.

لەوێ دوو تێزی هاندەری خستە ڕوو:

-تێزێک بۆ تورکیا کە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی هەمەلایەن لەگەڵ عیراق ئیمزا بکات

- تێزێـک بـۆ کـورد کە ئەنـقەرە لەگەڵ هەرێمـی کوردسـتان پەیوەنـدی ببەسـتێت، سەرکردایەتی هــەرێم بدوێنێت و بگـەنە لێگەیشتنی هاوبەش.

ئەم دوو تێزەشی بەوەوە گرێدا: مەسافەیەک لەنێوان کوردستانی باشوور و pkk دابنێت و لە هەمان کاتیشدا ئامۆژگارییەکی دۆستانەی ناڕاستەوخۆ بـۆ پارتی داد و گەشەپێدان کە لەسەر ریفۆرمە سیاسییەکانی بۆ لە باوەشگرتنی پرسی کوردی تورکیا بەردەوام بێت.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم ڕایگەیاند کە ئەم سـەردانەی سـەرۆک کۆمـار تاڵەبـانی ئاکامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا ئەم نەخشەی ڕێگایە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ڕاوێژکاری تـایبەتی سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا چـاوی بە سـەرۆکی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان کەوت لە بەغدا. تورکیا چەند مەسجێکی نـارد کە دەیەوێت پەیوەنـدیی لەگەڵ هەرێـم ببەستێتەوە. ئەم مسجانە وا هاندەر بوون کە چاوەڕێ دەکرا سەرۆکی حکومەتی هەرێـم لە سەردانی بەغدادا ئۆردوگـان ببینـێ کە ئەجێنـدای سـەردانەکەی بـۆ عیـراق هاوکـات بـوو. تەنـانەت میـدیای تورکیـا لە زاری گــــەورە ڕۆژنامەنووسـێکی وەکـو مـحەمەد عــەلی بیــراندەوە پرسیاریکرد: چ دەبێ ئەگەر ئۆردوگـــان لە سـەردانی ئەمجارەیـدا لە هەولێر لابدات؟

هـیچ لەم پێـشبینیانە ڕوویـان نەدا. ڕێککەوتنێـک ئیمـزا کـرا کە پەیوەنـدیی ئـابووریی و سیاسیی هەردوولا دەخاتە قۆناغێکی ترەوە.

سێبەری کوردستان لەم ڕێککەوتنە دوور نەبوو:

- "تەئکیدکردنەوە لەسەر پابەندێتی وڵاتانی دراوسێ و کۆبوونەوەی فراوانی وڵاتانی دراوسێ لە پشتگیری کۆششی حکومەتی عیراق بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی میللەتی عیـراق لە پێنـاو عیراقێکـی ئـازاد، سـەربەخۆ یەکگرتـوو، فیـدڕاڵی، دیمـوکرات و گەشەکردوودا.

- ڕێزگـرتن لە فرەیـی کەلتـوری، ئـاینی و نەتەوەیـی عیـراق لەگەڵ تەئکیـدکردنەوەی ڕێزگرتن لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و ڕێزگرتن لە ناسنامەی عیراقێتی لە پێناو ئایندەی عیراقدا .. (دەقی ڕێککەوتنەکە)"

لە مەلەفی ئەمنیشدا کوردستان کارەکتەرێکی ئامادە دەبێت، چونکە عیـراق و تورکیـا نـاتوانن هـیچ کـام لەو بەنـدانەی ڕێککەوتنیـان جێبەجێـبکەن بـێ پێـدانی ڕۆڵێکـی دیـار بە هەرێمی کوردستان. شتێک کە بەغدا و ئەنقەرە نایـانەوێ حاشای لێبکەن. دەمێنێتەوە لەم نزیکـانە هەرسـێ لا: بەغـدا، ئەنـقەرە و هەولێـر، چـۆن دۆخە هەسـتیارەکە تێـدەپەڕێنن و سێگۆشەیەکی کارای هاوکاریی و بەرژەوەندیی هاوبەش پێکدێنن؟

**دۆسێ دەوڵەمەندەکەی ئابووریی**

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆی و مالیکیدا، ئۆردوگان وەکو دەسکەوتێک کە دەتوانێت لە ناوخۆی تورکیا لە دژی خوازیارانی داخستنی حـزبەکەی بەکاری بێنێـت، باسـی قەبـارەی ئاڵوگۆڕی ئابووریی و بازرگانی کـرد (پـشت بە خـوا کۆتـایی ساڵ قەبارەی ئاڵـشتی بازرگـانی نێوان هەردوو وڵات دەگاتە 5 ملیار دۆلار، جا لەگەڵ ڕەچاوکردنی قەبارەی سەرمایەگوزاری تورکیا عیراق ئەم ژمارەیە دەگاتە 15 ملیـار دۆلار). ئامانجیـشمان ئەوەیە بـۆ سـێ سـاڵی تـر بیگەیەنیـنە 25 ملیـار دۆلار. بێگومـان ئەم قەبـارەیە بەشـی زۆری هـی سـەرمایەگوزاریی تورکیـایە لە کوردسـتاندا. شـارەزایانی ئـابووریی عیـراقیش زۆر لەسـەر ئەم قەبـارەیەی لە کوردستاندا هەیە هەڵوەستەیان کرد.

**کەرکوک ... دۆسێیەکی هێشتا ئاڵۆزە**

ئۆردوگان بە دەنگێکی کزەوە باسی کەرکوکی کرد وەک بڵێی دەفعلبەلا بـۆ ناسیونالیـستی تورک بێت، بەڵام ئەم کزییە لە لێدوان مانـای ئەوە نییـە لە خەیاڵـدانی تورکیـادا کاڵبۆتەوە. هێـشتا ئەم دۆسـێیە ئـاڵۆزە، تـاقە دەریـچە ئەوەیە عیـراق خـۆی بـایی ئەوەنـدە بە هێزبێـت بتوانێت چارەی بکات و تورکیاش جارێکی تـر لە پەنجەرەی ئـابوورییەوە، بە جیـاکردنەوەی

ڕێڕەوی چارەسەری سیاسیی کەرکوک لە ڕێڕەوی دانوستانەکانی نەوت لەنێوان بەغدا و هەولێردا، ئارام و دڵنیابێت. ئەمەشیان هەڵکوڵینێکی پشوو درێژانەی دەوێت.

*هەفتانە -ساڵی 2008

# ئەو زمانە شیرینەی ئێمە پەڕەی دەکرێتەوە

هەواڵی ئەوەی حکومەتی تورکیا بڕیاری داوە ناوی زیاتر لە هەزار گوندی کوردستانی باکووری تورکیا بگەڕێنێتەوە سەر نازناوە ئەسڵییەکەی خۆیان، لەناخەوە هەژاندمی. دەزانم نابێت شرۆڤەکاری سیاسیی وشەی ناخ و هەژان بەکاربهێنێ، بەڵام ئەمە راستییەکە دەبێت بیڵێم: هەواڵی وا ناخ هەژێنە، گەڕانەوەی ناوی شیرینی کوردی بۆ گوندەکان بەشێکە لەبووژاندنەوەی ئەو ئاوایی و ئاوەدانییانەی شانۆی شەڕو ئاشووب و بەسووتماککردنی خاک بوون. ئێستا ئەم دێیانە دەچنەوە سەر کانیاوی روونی فەرهەنگی کوردی و ناوگەلێک وەردەگرنەوە کە دەمی دەوڵەتی عوسمانیش هەر هەبوون، یان ئەو دەمەی د.نورەدین زازای تێکۆشەری رێی کوردایەتی لەکتێبی (ژیانی کوردانەم)دا وا وەسفی دەکات: ئەوکاتە قەدەغەنەبوو کە کوردبیت. لە قەرەهەنجیرەوە بۆ دەرسیم هەواڵی گەڕانەوەی ناوی گوندو ئاواییەکانی کوردستانی باکوور بۆ باوەشی فەرهەنگی کوردەواری ناخ هەژێنیش بوو، چونکە لە ڕادیۆوە گوێم لێبوو، لەوکاتەدا لەئۆفیسەکەی خۆم نەبووم، بۆیە دەرفەت نەبوو وردەکاری تر وەدەست بێنم، لە ناو ماشێندا بووم و گەیشتبوومە قەرەهەنجیر کە ڕادیۆ ئەی هەواڵەی درکاند. لەشۆڕجەی کەرکوکەوە بۆ قەرەهەنجیر، یانی لە(حەی ئەلقودسەوە) بۆ (ناحیەتولڕەبیع) ئەم هەواڵەی مانادار کرد، ئەو تەعریبەی جاران یارمەتیدام لەهەڵوەشاندنەوەی ئەو تەتریکەی جاران تێبگەم. رەنگە هەبن بڵێن جا ناو چییە؟ گوند ناوی یەشار بێت یان گولیزەر چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟ شار ناوی دەرسیم بێت، یان تونجەلەی، کەرکوک بێت یان تەئمیم، چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟ راستییەکەی بەری هەر تشتێک ناو گوزارشت لە ئیرادە دەکات پێش ئەوەی گوزارشت لەناوەڕۆکێک بکات، مرۆڤ حەزی لێیە ئیرادەی خۆی لەناولێناندا بەکار بێنێت، وەک جۆرێک لەخاوەنداریتی، مام جەلال ناوی هەموو کەرکوکی نا قودسی کوردستان، بەڵام چونکە ئەم ناولێنانە ئیرادەی هەڵبژاردنی ناوی لەپشتەوە بوو، هەموومان لەدڵەوە قبوڵمانکرد، بەعسی داگیرکەر ناوی شۆڕیجەی نابوو (حی القدس)، بەڵام چونکە ئەمە ئیرادەی بەعس بوو لەناولێنان و لەزەوتکردنی خاوەنداریتیدا هەمووان قینمان لێی بوو. ئەم شاری قودسە بۆ خاوەنداریتی لەکوردستان بوو ، ئەو گەڕەکی قودسە بۆ تەعریب و داگیرکاری بوو. (قەرەهەنجیر) کەلەم گەرمای هاوینەدا ناوە کوردستانییەکەی خۆی بۆ گەڕاوەتەوەو نەفرەتی لە(رەبیع)ی بەعس کردووە، لەبنچینەدا ناوە کوردییەکەشی ناولێنانێکی هاوبەشی کوردی -تورکییە- قەرە یانی

رەش، یـانی رەشــە هەنجیـر! ئەمجـا چـونکە ئەم قەرە تـورکییە بەزۆر نەسـپێنراوە چـوون قەرەداغەکەی لای سلێمانییە کە بەمۆسیقاو فۆنەتیکەوە کوردستانییەو لەتەرجەمەی ناودا دەستەخوشکی مۆنتینیگرۆیە (شاخی رەش). کەواتە ئێمە لەکوردستانی باشوور قەرەمان دەوێت و دەخوازین لەکوردستانی باکوور لاببرێت، لێرە تەعریب و لەوێ تەتریک و هەردووکیشیان مەحکوم بوون بەفەنابوون، بۆیە تەعریب داوەشاوو تەتریکیش لەسایەی حکومەتی دادو گەشەپێداندا بابەتێکی شەرمهێنەرە ژبەر هەندێ ساین ئۆردوگان دەیەوێت ئەم لەکەیە بەناوچەوانەی میللەتی سەربەرزی تورکەوە نەهێڵێت. تەعریب لەسەر جادە هەواڵ هەژاندمی: زیاتر لەهەزار گوند دەبنەوە سایەی سێبەری فەرهەنگی وشەی جوان و جاویدان، دەبێت ناوی گوندەکان چی بن و کرابن بەچی و ئێستا دەبنەوە بەچی؟ لەو کەرکوکەی بن سایەی تەعریب و راگوێزانەدا، ماڵ ئاوا بێت گوند هەبوون دەڵێی لەفەرهەنگی گیوی موکریانیدا بەدوای وشەی رەوان و سازگاردا گەڕاوی تا ناوی لێ بنێیت. هێند کوردی وکرمانجی بوون. تەعریب لەزەمانی یاسین هاشمییەوە تەشریفی هێناوە کەچی تا ئەنفالی 1988 دێ گەلێکی بەم ناوانە هەبوون: نەورۆز، سۆران، گۆڕان و جافان، مەحمود پەریزادو زەردەو .... هتد. ئەم ناوە تۆزێک لەملای لولەی کیمیاوییەکەی عەلی کیمیاوی رۆژیان دەکردەوە. بەچەند ماڵی داماوی بێ خزمەتگوزارییەوە سەریان لەو دەشت و دەرانەی جەباری و قادر کەرەم دەرهێنابوو، لەسەر جادەی قیر تەعریب و لەسەر خۆڵ و گردو تۆڵکە کوردستانێک رۆژانێکی نۆرماڵی بەسەر دەبرد، ئەم دەورانە رێک وەک ئەوە بوو حەسەن زیرەک لەگۆرانی (ئەی شیرینێ چەندە جوانێ)دا وەسفی کردبوو: (ئەم دەورانەم خۆشترە لەدەورانی دیموکرات). دەورانی خۆش دەوران دراو لەساڵی 1991دا لەبانە دانەیەکی (هەمبانە بۆرینە)م لەگەڵ کتێبێکی دکتۆر بلەچ شێرکۆ (کێشەی کورد) کڕی، ئەو دەمە کە کوژراوی دەستی تەعریب بووم، بەدوو شەو هەزاران هەزار وشەی کوردی ، بەشەرح و ماناوەم خوێندەوە. سەیری هەر ناوێکی غەریب و بەلەنگازم دەکرد، وا نووسرابوو: ئەمە یەک لەگوندە خۆشەکانی کوردستانی عیراق بوو، بەعس وێرانی کرد. (هەمبانە بۆرینە) فەرهەنگی وشەی کوردی-فارسی نەبوو، هەمبانە بۆرینە فەرهەنگی تۆماری تاوانەکانی بەعسی تەعریبکار بوو لەکوردستاندا. (کێشەی کورد)یش تۆماری نۆبەی یەکەمی گوند سووتاندن و گوند گۆڕین بوو لەباکووردا، . ئەوە بەشێکن لەناوی گوندەکان، یەک ماڵ، ئازاد، ملکان، سەرکانی...هتد.. هەموو ناوەکانم لەیاد نییە، بەڵام رێی تێدەچێت لەناو ئەم گوندگەلانەدا هەبن لە لیستەکەی بلەچ شێرکۆدا ناویان هاتووەو ئێستا تورکیای ئۆردوگان تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە، تۆڵەیەک لەگەڵ رەوتی مێژوودا یەک دەگرێتەوە خانی و فزولی ناوی گوند دەبێتەوە کوردی و ناخی ئێمە دەهەژێت، رێک وەک ئەو ناخ هەژاندنەی ساین ئۆردوگان تووشی دێت کەگوێی لەئەشعاری خانی دەبێت ، یان غەزەلەکانی فزولی

دەخـوێنێتەوە. خـانی لەنەسـلی شـاعیرانی ناسیۆنالیـستی کـوردو فـزولیش یەک لەشـاعیرانی ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتییە کە لە هەشتاکاندا کوردو تورکمان لەبن وشەو دێڕەکانی رەقابەی بەعسەوە شەڕیان لەسەر خاوەنداریێتی دەکرد: (فزوڵی تورکە، فزوڵی کوردە)! شـەڕەکە خـۆی لەبنچیـنەدا شـەڕبوو لەسـەر خاوەنـداریێتی کەلتـووری کەرکـوک و ئەو شـاعیرە بەئەسـڵ ئازەربێجـانییەی تێوەگلابـوو، بـۆیە گەلێـک دڵخۆشـبووم کەدەوران لەکەرکـوک گـۆڕا و بـووە دەورانـی عەبـدولڕەحمان مـستەفا زەنـگەنەی پارێزگـار. تورکمانەکـان بیریـان لەزانکـۆیەکی تورکی کردەوە بەناوی فزوڵی، رام وابوو ونووسیشم زمان و زانکۆ هی ئەوەنیین مرۆڤ لێیان بترسێت یان تەنها شرۆڤەی سیاسییان بۆ بکات، یاخوا فزوڵی بەخێر بێت بۆ کەرکـوک و بـا هەر لەو (ئەلـزاس و لـۆرین)ەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاستیـشدا ئـێمەش زانکـۆی ئەسـیری یـان هیجـری دەدە بکەیـنەوە. بـا مامۆسـتای تـورک لەتورکیـاوە بـێن بـۆ زانکـۆی فزوڵـی و هـی کـوردیش لەسـلێمانی و هەولێـرەوەبێن ، یـان بچـن بـۆ زانکـۆی ئەسـیری لە کەرکـوک ، بەقسەیان نەکردم، چونکە لەوەدەچێت کوردو تورکمان لەکەرکوک هەر ئاگایان لەهەواڵە خراپەکانی تورکیا بێت و هەواڵی هەژێنەری ئاشتبوونەوەی خانی و فزوڵییـان پـێ نەگات، بـۆیە دواجـار لەوردەکاری راپۆرتەکانـدا خوێنـدوومە د.خـدر مەعـسوم هەورامـی پرۆتۆکـۆڵی لەگەڵ زانکۆیەکی ماردین ئیمزاکردووە کەزمانی حاجی قادری کۆییان فێر بکات. هەواڵی خـۆش هەیە، هەواڵـی هەژێـنەر ئەو زمـانەی لەتورکیـا بـڕ درا هـاتۆتەوە گـۆ ـو سـەدەی بیستویەکەمین پێمانـدەڵێت مۆدێرنێتە ئەوە نییە بەیاسا نەتەوەیەک بکەیتە شاخاوی، یان بەبڕیارو راسپاردەی وەک ئەوەی ساتیع ئەلحەسری زمانێک بخەیتە ژێر... لێوەوە. سـەدەی بیستویەکەمین بۆ گوندی کوردییە، بۆ زمانی کوردیی و بۆ نەتەوەی کوردییە. گوندەکان کـوردین، لەکوردسـتانی بـاکوور بە تـورککراون و هەر لەوێـش نـاوی خۆیـان وەردەگـرنەوە ئەمەش ئەو ئـایەتەی قورئـانی عەرەبـی دەیگـرێتەوە کە دەفەرمێـت: (ونریـد أن نمـن علـي الذين استضعفوا في الارض ونجعلهم أئمة ونجعلهم الوارثين —صدق الله العظيم).